# مرۆڤ پەروەردە دەکرێ لە دایک نابێ

سەرۆ قادر

کتێبێک بۆ داکوبابان



MUKIRYANI
MUKIRYANI HOUSE FOR PRINTING AND PUBLISHING
خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

# مرۆڤ پەروەردە دەکرێ لەدایک نابێ

## منداڵ بەخێوکردن، ڕاهێنان و پەروەردەکردنی

کتێبێک بۆ پەروەردەکردنی نەوەیەکی پێگەیشتوو، تا بتوانێ
کۆمەڵگاییێکی پێشکەوتوو بنیات بنێت.

٢٠٢١

**خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە**

## مرۆڤ پەروەردە دەکرێ لەدایک نابێ

نووسەر : سەرۆ قادر

نەخشەی بەرگ : باسم الرسام

دیزاینی ناوەرۆک : کامران ئەحمەد

چاپخانە تاران

تیراژ : ٥٠٠ دانە

نرخ : ٥٠٠٠ دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان
ژمارە ی سپاردنی (٩٤٢)ی ساڵی ٢٠٢١ ی پێدراوە.

**زنجیرەی کتێب (١٠٦٦)**

خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
MUKIRYANI
MUKIRYANI HOUSE FOR PRINTING AND PUBLISHING

www.mukriyani.com
info@mukriyani.com
saro.qadir@gmail.com

بۆ کاکە سەراب پێشکەشی دەکەم، دوامندالّم کە شانازیی پێ دەکەم

# پێڕست


پێشەکی.................................................................. ٧

بەشی یەکەم ............................................................. ٩

ڕوانگای پەروەردەیی مانای چییە؟ ..................................... ٩

بەشی دووەم.............................................................. ٢٠

ژن و پیاو و منداڵبوون ................................................. ٢٠

بەشی سێیەم ............................................................. ٢٩

دایک و جەنین لە ٢٨٠ ڕۆژدا .......................................... ٢٩

بەشی چوارەم ............................................................ ٣٨

بە کردەوە چۆن پەروەردە دەست پێ دەکەین؟ ......................... ٣٨

بەشی پێنجەم............................................................. ٥٧

منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵی ............................................ ٥٧

بەشی شەشەم ............................................................ ٧٩

تەمەنی سێ تا پێنج ساڵی(منداڵی و دەرچوون لە کۆرپەیی)............. ٧٩

بەشی حەوتەم ............................................................ ١١٨

منداڵ لە تەمەنی پێنج تا حەوت ساڵیدا.................................. ١١٨

بەشی هەشتەم ............................................................ ١٣٧

منداڵ لە هەشت تا دە ساڵی ............................................ ١٣٧

بەشی نۆیەم .............................................................. ١٦١

منداڵی تەمەن دە تا دوازدە ساڵان....................................... ١٦١

بەشی دەیەم .............................................................. ١٩٠

مێرمنداڵ لە تەمەنی دوازدە تا چواردە ساڵی ........................... ١٩٠

بەشی یازدەیەم ........................................................... ٢١٠

مێرمنداڵ لە تەمەنی چواردە تا هەژدە ساڵی........................... ٢١٠

بەشی دوازدەیەم ......................................................... ٢٣٤

گەنج لە تەمەنی هەژدە تا بیستودوو ساڵی.............................. ٢٣٤

بەشی سێزدە یە........................................................... ٢٤٦

گەنج لە تەمەنی بیستودوو تا سی ساڵە ................................. ٢٤٦

بەشی چواردەیەم......................................................... ٢٨٩

ئامانجی ئەم کتێبە........................................................ ٢٨٩

نوایە ..................................................................... ٣٠٦

# پێشەکی

کتێبی مرۆڤ پەروەردە دەکرێ لەدایک نابێ، کە لەبەردەستتانە، ئەنجامی زیاتر لە شەش ساڵ کارکردنی منە بۆ تێگەیشتن ئەوجا ئامادەکردنی. من بە تایبەتی بۆ دایکان و باوکانی کوردستانم نووسیوە، ئەویش بەپێی ئەو ناسین و شارەزاییەی لە بەخێوکردنی منداڵ لە ناو میللەتەکەماندا هەمە. ئامانجی خۆمم لە کۆتاییی کتێبەکەدا نووسیوە، بەڵام بە پێویستی دەزانم بڵێم باسەکانی ئەم کتێبە هەمووی لەسەر لێکۆڵینەوەی زانستیی ئەو شارەزایانەی بواری پەروەردە و دەروونناسی و کۆمەڵناسی ئامادە کراوە کە من دەستیم بە نووسین و موحازەرەکانیان و ئەرشیڤی کلینیکی چارەسەریی نەخۆشەکانیان ڕاگەیشتووە. بۆیە ئەم باسانەی من دەستچینم کردوون بە هیچ شێوەیەک دەرەنجامی بیروڕای شەخسیی من نین، بەڵام خۆم لێیان تێگەیشتووم و باوەڕم بە دروستی و زانستێتییان هەیە.

ئەوەی من کردوومە دارشتنەوە و گێڕانەوەیانە، بە چەشنێکی ئەوتۆ لەگەڵ پێویستیی دایکان و باوکان بگونجێ تا کۆرپەکانیان باش بەخێو بکەن و مێرمنداڵەکانیان پشتیوانی و میهرەبانیی بەردەوام بکەن و، لە گەنجەکانیان تێبگەن و پشتیوانیی هەنگاونانیان بۆ ژیانی سەربەخۆ بن. هەڵبەت هەوڵم داوە گێڕانەوە و موعالەجەیەکی ڕۆشنبیرانەی بابەتەکان بکەم.

لەم نووسینەدا بە شێوەی سەرەکی پشتم بە کتێب وموحازەرە و موعالەجەکانی دکتۆر فەرهەنگی کۆلاکۆیی بەستووە. ئەگەر توانیبام بەرهەمێکی لەم چەشنە لە دکتۆر هۆلاکۆیی بەدەست بێنم، دەبوا هەوڵی وەرگێڕانی بدەم، بەڵام کە ئەوەم بۆ مەیسەر نەبوو، ملی ڕێگای دووەمم گرت کە ئەنجامەکەی ئەم کتێبەیە.

بۆ نووسینی ئەم کتێبە پشتم بە تێگەیشتنی خۆم بەستووە، بۆیە

نەدەکـرا هەموو سـەرچاوەکان دابنێم و نەمویسـت مۆرکـی کتێبێکی لێکۆڵینەوەیـی وەربگرێ، چونکە ئـەم بوارە ناکەوێتە ناو شـارەزاییی مـن، بەڵکـو ئـەوە حەزی مـن بـۆ تێگەیشـتن و زەروورەتـی بابەتی گەورەکردنـی منـداڵ بـوو بـۆ دایـکان و بـاوکان پاڵی نـام ئامادەی بکەم.

لە سەرەتای گەنجیمدا کتێبێکی لەم بابەتە زۆر سەرنجی ڕاکێشام و لەگەڵ کتێبە عەلاقەدارەکانم هەڵمگرتبوو بەو هیوایەی ڕۆژگارێک بیکەمە کوردی، بەڵام بەداخەوە لە گواستنەوەی بێ ژماری ماڵ و کتێبخانەکەم ونم کرد. ناوی کتێبی گۆری ئاوها بوو؛ چۆن دۆستایەتیی منداڵەکانی خۆمان بکەین. نووسەرەکەی فەرەنسایی بوو جا ناویشم لەبیر نەماوە. بەڵام ئێستا لەم کتێبەدا هەمان نیازم هێناوەتە دی و هیوادارم سەرنجی داک و بابی کوردستان بۆ خوێندنەوەی ڕابکێشم.

ناکرێ کۆتایی بەم پێشەکییە بێنم و لە نیهایەتیدا سوپاسی هەردوو گەنجی هاوکارم نەکەم کە لە ئامادەکردنیدا خۆیان ماندوو کرد و زەحمەتیان لەبەر کەم کردمەوە؛ کاک کامەران ئەحمەد بۆ دیزایینی ناوخۆ و ڕێکخستنی نوایە و هونەرکاریی دیکەی زۆر، هەروەها کاک هێما نیازی کە بێوچان تێکستەکانی بۆ دەنووسیمەوە. هەروەها سوپاسی کاک بەکر ئەحمەد دەکەم کە هەڵەچینی دەستنووسەکەی بۆکردم.

# بەشی یەکەم

## ڕوانگای پەروەردەیی مانای چییە؟

پێشــەکی پێویستە پێناسەیەکی وردی ڕوانگا بکەم. ڕوانگا بریتییە لەو بــاوەڕ و تەجرەبــە و ڕێکار و شــێوازانەی کە لە بوارێکــی دیاریکراودا بە مەبەســتی هێنانەدی ئامانجێکی تەعریفکراو ئەنجــام دەدرێت. ڕوانگا لــە کۆمەڵێــک ڕەگــەز و بــەش پێــک دێــت کــە لــە ناوخۆیانــدا دەبێت تەواوکــەری یەکتــری بــن و خزمەتــی هێنانەدی ئەو ئامانجــە بکەن کە لــە کۆتایــی دەبێ بێتە دی.هەروەها ڕەســمکردنی وێنەیــەک لە ئایندەی منــداڵ و دەستنیشــانکردنی نەخشــەڕێگایەک بە ســتراتیژی پێویســت بــۆ هەنگاونــان بەرەو ئــەو داهاتووە. بەمەش وەڵامی ســێ پرســیاری ســەرەکی دەدرێتــەوە: دەمانەوێ منداڵەکانمان چۆن پــەروەردە بکەین؟ دەبــێ چــی فێرببن؟ چــی تواناییەکیان تێدا درووســت ببێت.

ڕوانــگای پەروەردەیــی بریتییــە لەو زانیاری و زانســت و شــێواز و هەروەهــا ئــەو مێــژووە دوورودرێــژەی کە بــە درێژاییــی پەیدابوونی مــرۆڤ، ســەبارەت بــە پەروەردەکردنــی منــداڵ هەبــووە و پەرەیــان ســەندووە، تــا دەگاتــە ئــەم ڕۆژگارەی کە تێیــدا دەژین. پــەروەردەی منــداڵ لــە ناوخۆیــدا دەکرێتە ســێ بەش: بەشــی یەکــەم بەخێوکردنە، دووەم فێرکردنــە، ســێیەم پەروەردەکردنــە.

بەخێوکردن لە پرۆســەی پەیدابوونی جەنیــن هەر لە ڕۆژی یەکەمی

نــاو ســکی دایکــەوە دەســت پــێ دەکات تــا نۆ مانــگ تــەواو دەکات و کۆرپــە لەدایــک دەبێــت. ئەو پرۆســـەیە بــەردەوام دەبێ تــا جەنین دەبێتــە گەنج لە تەمەنی هەژدە ســاڵی. بەخێوکــردن بریتییە لە ئەرکی دایــک و بــاوک بــۆ ئاگالێبوونــی تەندرووســتیی منــداڵ، دابینکردنــی ئاســایش و خۆشکردنی زەمینەی گەشــەکردنی. هەروەها یارمەتیدانی گەشــەکردنی جەســتەیی و دەروونی و پێگەیشتنی فیزیکی یان جسمی منــداڵ دەگرێتەوە.

فێرکــردن بریتییــە لــە سیســتەمێکی دیاریکــراوی بــاوەڕ و توانایی کــە لــە دایک و باوکــەوە بۆ منــداڵ نەقــڵ دەکرێت، وەکــو: فێرکردنی زمــان، یارمەتیــدان بۆ ڕۆیشــتن، هەروەهــا فێرکردنی هەڵســوکەوتی گونجــاو لەگــەڵ ژیانــی مــرۆڤ و نەقڵکــردن و گواســتنەوەی وردە وردەی زانیــاری بەپێــی قۆناغەکانــی تەمــەن و توانایــی منــداڵ. بۆ ئــەوەی لــە دنیای دەوروبەری خۆی شــارەزا بێت و تێبگات وهەســت بــە ئاســایش بکات و بــاوەڕی بەخۆی بــێ و بتوانێ بێتە نــاو ژیانەوە.

پەروەردەکردن بریتییە لە فێرکردنی زانســتیانە لە ناو سیســتەمێکی دیاریکراوی ئامانجــدار کە کۆتاییەکەی بریتی دەبێت لە نەقڵکردنی ئەو ڕوانگایــە یــان پێگەیاندنــی منداڵ بــەو ڕوانگایەی کە ڕەســم دەکرێت و ئینســانی ئــەم وڵاتەی لەســەر پێدەگەیەنرێت. پــەروەردە بریتییە لە فێرکردن و بۆ نەقڵکردنی زانســت و زانیاری، ڕێوشوێن، هەڵسوکەوت هەروەهــا تواناییەکانــی دیکەی ژیان کە بۆ منداڵ پێویســتن.

پێویســتە ئامــاژە بەوە بکەم کــە مرۆڤیش وەکو تەواوی بەشــەکانی سرووشــت، بەشــێکە لەو کــە گۆی زەوی پێــک دێنێت. لــەو ڕووەوە مرۆڤ بەبێ سرووشــت ناتوانێ بژیێت، جا ملکەچی هەموو یاســاکانی نــاو سرووشــتە، لەوەشــیاندا ملکەچــی هەموو ئــەو یاســا بایلۆژییە زیندەوەرناســیانەیە کــەوا ئاژەڵــەکان پێــی دەژیــن و بەڕێــوە دەچن، یانــی ملکەچــی ئــەم یاســایانە دەبــن. لــەو ڕووەوە مرۆڤ بەشــێکە لــە ئاژەڵــەکان لــە ڕووی زیندەوەرناســییەوە. مرۆڤ ئەگەر بەشــێکە

لــە ئاژەڵــەکان، لە بەشــەکەی دیکەیــدا بوونەوەرێکی عاقڵــە لە دنیای ئاژەڵەکان جیا دەبێتەوە، دەتوانێت سرووشــت کەشــف بکات، ببیناســێ و ببزانــێ و بۆ ئاســانکردنی ژیــان بیخاتە خزمەتی خــۆی. لێرەدا ئەو توانــا عەقڵییــەی مــرۆڤ هەیەتی بە درێژاییی دووســەد ملیۆن ســاڵ مرۆڤی قســەکەری بیرکەرەوەی عاقڵی درووســت کردووە کە ئێســتا ســەروەریی هەموو گــۆی زەوییە. ئەم ســەروەرییە لــە پەیدابوون و گەشەســەندنی عەقڵــەوە دێــت کە ئەویــش بەرهەمی مێشــکی مرۆڤە. مێشــکی مــرۆڤ لــە ئەنجامــی پێگەیشــتنی بایۆلۆجیی ئەو نــەژادەوە دێــت کــە ســەرەنجام لقێکــە لــە گرووپــی مەیموونــەکان. یەکێک لەو لقانە کاملتر بووە و گەیشــتۆتە پلەی ئینســانی زانا. زانســتی مێژوو و شوێنەوارناســی و زیندەوەرناسی هەروەها ئاســتی باڵای پێشکەوتنی زانســتیی ئــەم زەمانــە ئــەم باســەی ڕوون کردۆتەوە و هــەر کەس بییەوێ دەتوانێ بچێ بە ئەندازەی پێویســتی خۆی کتێب و موحازەرە و فیلمــی دیکۆمێنتاریــی ئامادەکراو بەدەســت بێنێت.

مــرۆڤ جیاوازییەکەی لە ئاژەڵ لەوێرا دەســت پێدەکات کە ئاژەڵەکان ملکەچــی بارودۆخــی سرووشــتین و ناتوانــن بــە هیــچ شــێوەیەک دەســتکاری تێدا بکــەن، هەر ئاژەڵێک نەتوانێت لەگــەڵ بارودۆخی نوێی سرووشــت لــە ناوچەیەکدا بگونجێت، یان دەبێ کــۆچ بکات یان کۆتایی بــە وەچــەی بێت. بــە پێچەوانــەوە، مرۆڤ بە پەرەســەندنی مێشــک و گەشەســەندنی عەقڵ و پێشــکەوتنی زانســت، لە هەمــوو بارودۆخێکی سرووشــتدا دەژییێت و هەوڵ دەدات یاساکانی سرووشت کەشف بکات. ئــەو یاســایانە کۆنترۆڵ دەکات و بۆ ئاســانکردن و خۆشــگوزەرانی و خۆشــترژیانی خۆی بە کاری دێنێت. لێرەدا مرۆڤ پێچەوانەی یاساکانی سرووشــت ڕەفتار ناکات، بەڵکو یاســاکانی سرووشت کەشف دەکات و تێیاندەگات، یاســایەک بۆ کۆنترۆڵکردنی یاســایەکی دیکە بە کار دێنێت. بــۆ جێبەجێکردنــی یاســاکانی سرووشــت ئامــرازی ئەوتۆ درووســت دەکات کــە ژیــان بۆ مرۆڤ ئاســان بکات.

لەوەیانـدا لـە ئاژەڵاندا تەنیـا منداڵی مـرۆڤ بە جۆرێکـی تایبەتیتر پێویسـتی بـە بەخێوکـردن هەیە، هەمـوو ئـاژەڵ و هەروەها درەخت و گیـاکان تێکـڕای حەشـەرات کـە لـە سرووشـتدا هـەن، کاتێک کە لەدایـک دەبـن، یـان ئەوکاتـەی وەکو درەخـت یان گیا سـەوز دەبن، یەکسـەر ناسـنامەیان دیـارە، واتـا ماهیەتـی خۆیـان وەردەگـرن، ئەوجـا دەسـت بـە گەشەسـەندن دەکەن. لـە مرۆڤدا هاوکێشـەکە بە پێچەوانەیـە، مـرۆڤ جاری یەکـەم کە لەدایک دەبێت پێویسـتە بەخێو بکرێـت ئەگینـا ناتوانێ لە ژیـان بەردەوام بێت، دەبێت ئینسـانیەتی بۆ نەقـڵ بکرێـت و فێر بکرێـت و ڕابهێنـدرێ، ئینجا دەبێتە مـرۆڤ. لەو پرۆسـەیەدایە پـاش ماوەیەک ناسـنامەی خـۆی یـان ماهیەتی خۆی وەردەگرێـت. کەواتا مـرۆڤ بەخێو دەکرێت و لە نیهایەتدا درووسـت دەکرێـت. هیچ منداڵێکی ئینسـان وەکو ئینسـانی کامـڵ لەدایک نابێت. واتـا کاتێـک منـداڵ لەدایـک دەبـێ توانـای بەردەوامیی ژیانـی نییە، لـە دنیـا تێنـاگات، ناتوانێـت قسـە بـکات، ناتوانێـت بیر بکاتـەوە و، ئەگـەر فێـر نەکرێـت و پـەروەردە نەکرێـت، تەنانەت گەر لـە بواری بەخێوکردنەکـەدا تەندرووسـتی بپارێزرێت، ئەوا نـە زمان فێر دەبێت، نە عەقڵ لە مێشـکیدا گەشـە دەسـێنێت و نە ئەو تواناییانەشـی دەبێت کـەوا دەتوانێـت مرۆڤی پێ پێناسـە بکرێـت، واتا ئەو جـۆرە منداڵەی پـێ تەعریـف یـان پێناسـە بکرێت. لـەو بـوارەوە نموونـەی زیاد لە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا هەن.

ئـەو تایبەتمەندییەی وەچەنانەوە یـان منداڵبوونی مرۆڤ وایکردووە کـە لە هەندێـک بـواری بایلۆژیـدا، جیاوازییەکـی لەگـەڵ ئاژەڵەکاندا هەبێـت کـە ملکەچی یاسـاکانی سرووشـتن. بۆچی منداڵـی مرۆڤ بە کامڵـی لەدایک نابێت، واتـا ناتوانێت بڕوات، ناتوانێـت خۆی بپارێزێت و خـواردن پەیـدا بکات؛ هەروەها ناتوانێ قسـە بکات و لە سـەرەتادا تەنانـەت ناتوانێـت باش ببینێت و تەواو ببیسـتێت؟ لە ڕاسـتیدا ئەگەر مێـژووی پێگەیشـتنی مـرۆڤ بـۆ دوو ملیۆن سـاڵ بگەڕێتـەوە، ئەو دوو ملیۆن سـاڵە لـەو گۆڕانکارییـە جینەتیکییەی بەسـەریدا هاتووە،

گۆڕانکارییەکـی وردە وردە بووە، لە یـەک کات و بە یەک پاز نەبووە. لـە سـەرەتادا ئـەو نەژادانەی کە مرۆڤـی لێ وەپاش کەوتـووە وەکو هەمـوو مەیموونەکانـی دیکە لەسـەر چـوار چنگ دەڕۆیشـتن، بەڵام وردە وردە کاتێـک کـە ئـەو نەژادانـەی مرۆڤیان لێکەوتـەوە، هەوڵی قیتبوونـەوە لەسـەر دوو پێیـان دەدا، سـەرەنجام قیت ڕاوەسـتان و قیـت بـە ڕێگادا ڕۆیشـتن. وردە وردە ئەمـە توانای تایبەتـی پێدان لە کۆکردنـەوەی خواردەمەنیـی تایبەت بە خۆیان و هەوڵی خۆپاراسـتن و مـەدای دیتنیـان واتـا بـڕی بینینیـان جیاوازییەکـی زۆری تێکەوت لەگـەڵ ئاژەڵەکانـی دیکە. ئـەو ئاژەڵانەی بە چوار چنـگ دەڕۆن، تەنیا پێـش خۆیـان بـە کەمێک زیاتـرەوە دەبینـن، کەچی ئینسـان دەتوانێ تـا چـاوی بـڕ دەکات ببینێت. ئـەو گۆڕانـە بایۆلۆجییە بـووە مایەی گۆڕانکارییەکـی بنەڕەتـی لـە بینینـی ڕەنگـەکان و گۆڕانـکاری لـە مێشـکدا. وردە وردە مـرۆڤ بۆ مانەوەی خۆی دەنگەکانیشـی بە کار هێنـا، واتـا ئامێرەکانـی نـاو جەسـتەی خۆی هـەر لە لێـو و زمان و وەتەرەکانـی قـوڕگ و سـییەکانی بـە کار هێنا بۆ ئـەوەی دەنگەکانی پێویسـت پێکـەوە دەرببڕێت. دواجـار پیت و دەنگی مانـاداری بە کار هێنـا کە سـەرەنجام زمانـی لێ وەپاش کـەوت. زمان ئـەو ئامرازەیە کـە یارمەتیـی مـرۆڤ دەدات پەیـام بە یەکدی بـدەن و زانیـاری بۆ یەکـدی بگوازنـەوە. ئەو پرۆسـەیەی بەکارهێنانی دەنگ بـە درێژاییی ملیۆنـان سـاڵ، ئەو زمانانەی لێ پەیدابوو کە ئێسـتا لـە جیهاندا هەن. خـودی کـۆدی زمان لە نێو مێشـکی ئینسـاندا جێگـەی تایبەتی خۆی هەیـە، هەروەکـو بینیـن و بیسـتن و بۆنکـردن و هەسـتەکانی دیکە، ناوەنـدی تایبەتیـی خۆیان لە مێشـکی مرۆڤدا پـێ براوە.

بێینەوە سـەر باسـی منداڵ. ئەگەر مێیینەی مـرۆڤ کە دەبێتە دایک، منداڵـی بـە کامڵبوویی بۆ لەدایـک بووبا، دەبوایە وەکـو نەژادی پێش خـۆی بەردەوام لەسـەر چوار چنـگ بڕوات، ئـەوەش نەدەکرا و بۆی نەدەلـوا، وردە وردە بـە نێـر و مـێ نـەژادی مـرۆڤ قیـت بوونەوە و بـە پـێ دەڕۆیشـتن، دایکیـش هـەروا. ئێمـە نازانین لـە قۆناغێکی

دوورودرێــژی زیندەوەرناســی یــان بایۆلۆژیــا کــە مــرۆڤ لەوێــدا پێگەیشــتووە، ئەم قۆناغە گوزەر یان ئینتقالییە چەند ســەدهەزار ساڵ دایکــەکان نیــوە چوار چنگ و پــێ بە ڕێگادا ڕۆیشــتوون و، منداڵەکان چــۆن لــە کاملەوە بــوون بە منداڵی کۆرپــەی ناکامڵ. لێرەدا پێویســتە باشــتر باســەکەم شــەرح بدەم: ئەگەر دایک یان مێیینــەی نەژادەکانی پێشــووی مــرۆڤ وەکو خۆی بمابایــەوە، واتا تەحەممولــی کردبا تا منداڵەکــەی ناو ســکی کامــڵ دەبێت وەکو هەمــوو ئاژەڵەکانــی دیکە، منــداڵ لە ســکی دایکیــدا ئەوەندە گــەورە دەبوو دایک توانــای بەپێوە وەســتانی نەدەمــا و دەکــەوت. ئــەو هەوڵــەی بەپێــوە وەســتان ئەو گۆڕانکارییــە جێنەتیکییــەی لــە نەژادی بەشــەردا درووســت کرد کە منداڵەکــە زووتــر لــە وەختــی خۆی بێتــە دنیــاوە. ئەوەیــە کاتێک کە منــداڵ لەدایــک دەبێــت کامــڵ نییە، ئەگــەر خێــرا ئــاگاداری و بەخێو نەکرێــت و بارودۆخــی بــۆ ئامــادە نەکرێــت، ناتوانێ بژییێــت. کەواتا منداڵــی ئینســان بــە ناکامڵــی لەدایــک دەبێــت، توانــای ژیانــی تێدایە هەروەهــا لە کۆد یان نەخشــەی جێنەتیکی وجودی منداڵدا، نەخشــەی کامڵبوونەکــە هەیــە کە لە دەرەوەی ســکی دایک دەبێ تــەواوی بکات، بۆیــە دەبێ ئاگاداری بکرێت و ســەلامەتی بپارێزرێــت و خواردنی بۆ دابیــن بکرێت. هەروەهــا یارمەتییەکانی دیکەی وەکو نەوازشــکردن و یــاری لەگەڵکــردن و وروژاندنــی جەســتەیی ئەو منداڵە پێویســتە کە دوایــی بە درێژی باســی دەکەم، بــۆ ئەوەی لە ڕووی گەشەســەندنی مێشــک و جەســتەوە ئــەو منداڵە بــە ڕێــڕەوی خۆیدا بە شــێوەیەکی ئاســایی بڕوات و هەســتەکانی گەشــە بکەن و ببوژێنەوە، ســەرەنجام بگاتــە ئــەو ناســنامە حەقیقییــەی کــە هەیەتــی ئەویــش ئینســانێکە دەتوانێ قســە بکات، ببیســتێ و بە ڕێگادا بڕوات و، تا ئاســتێکی زۆر ســەرەتایی بتوانــێ خۆی بپارێزێــت. ئەم تواناییانە لە تەمەنی هەشــت ســاڵیدایە کــە منــداڵ لــە ڕووی جەســتەیی و مێشــکەوە، هەروەها لە ڕووی قســەکردن و بیســتن و بۆنکــردن و بینینــەوە، گەشــەی خۆی تــەواو دەکات و کامــڵ دەبێــت. هەربۆیەش دەڵێن لە هەشــت ســاڵیدا

کەسایەتی و تیپی شەخسییەتی مرۆڤ درووست دەبێت. لەبەر ئەو هۆکارانەیە منداڵی ئینسان پێویستی بە ئاگالێبوون هەیە، ئاگالێبوون واتا بەخێوکردن، لە ڕۆژی یەکەمەوە کە لەدایک دەبێت، پێویستە ئاسایشی بۆ دابین بکرێت کە ئەوە یەکێکە لە خواستە بنچینەییەکانی ئینسان، ئاسایش بە مانای ئەوەیە منداڵ پێش ئەوەی لە سکی دایکیدا لە ژینگەیەکی تا بڵێی ڕاحەت و خۆش، کاتێک کە لەدایک دەبێ، دێتە دنیایەکی ناخۆشی سەخت و پڕ لە کێشە. کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت، توانای گونجانی لەگەڵ ئەو دۆخە و ژینگە ناخۆشە نوێیە نییە کە لە هەموو ڕوویەکەوە هەڕەشەی نەمانی لێ دەکەن. منداڵ ئەگەر نەپارێزرێت و شیری دایک و خواردنی پێویستی بۆ ئامادە نەکرێت، شوێنی خەوی باشی بۆ دابین نەکرێ، لە کاتی لە خەوهەستاندا ئاگاداری نەکرێت، وەختێکی پێویست ناز و نەوازش نەکرێت و یاریی لەگەڵ نەکرێت، ئەگەر دەنگ نەبیسێت و بەرچاوی نەکرێتەوە، کەڕ و کوێر دەردەچێت، ئینسانی کەڕ و کوێر توانای دانووستانی لەگەڵ سرووشتی دەوروبەری خۆی نابێ و ناتوانێ بژیێت. هەڵبەتە هەستەکانی دیکەشی تووشی کێشە دەبن وەک بۆنکردن و تامکردن و هتد. بۆیە لە هەموو ڕوویێکەوە مرۆڤ بۆ ئەوەی پێبگات پێویستی بە مەشق هەیە، ئەو مەشقانە دایک و باوک و دوایی دەوروبەر و سەرەنجام لە کۆمەڵگای دەوروبەر و دۆستەکانی و دوایی داخیلی قوتابخانە دەکرێت، کە دامودەزگای سیستەمی پەروەردەیی ڕەسمیی وڵاتە و پەروەردەی پێویست لەو هەموو دەزگا جیاوازانە بەدەست دێنێ. بەو شێوەیە کە منداڵ بەم قۆناغە جیاواز و سەختانەدا لە کاروانی لەدایکبوونیدا تێدەپەڕێت، دەبێ زانیارییە پێویستەکانی بۆ کۆ بکرێنەوە، ڕێوشوێنەکانی ئاگالێبوونی فێر بکرێت و، شێوازی یارمەتیدانی کۆرپە بۆ ئەوەی ببێت بە ئینسانێکی کامڵ، دیاری بکرێن. بەم سیستەمە یەکدی تەواوکەرە دەگوترێت ڕوانگا.

لــە بــواری پێگەیاندنــی منــداڵ ڕوانــگای لێکــدی جیــاواز زۆرن، جــاری وایــە بــە فەلســەفەی بەخێوکــردن و پەروەردەکــردن نــاو دەبرێــن، کــە لە کۆنــدا هەر فەلســەفەی پــێ دەگوترا. من لــە زەمانی پێشــکەوتنی زانســتدا پێموایــە ڕوانــگا ڕاســتترە، چونکە ســەردەمی فەلســەفە و ڕوانــگای دینی و خورافــە نەماوە. مێــژووی بەخێوکردن و پەروەردەکــردن مێژوویێکــی دوورودرێژە و بــە درێژاییی مێژووی مــرۆڤ، کاتێــک کە بــۆ دواوە دەڕوانین، بە یارمەتیی ئــەو زانیارییەی کە ســنگا و سنگ لە چیرۆکەکان و پەروەردەکردن و زاکیرەی مرۆڤدا ماونەتــەوە، ئەوجا بــە هاوکاریی شوێنەوارناســی و هەمــوو لقەکانی مرۆڤناســی و زانســتەکانی دیکە کــە یارمەتیی کەشــفکردنی مێژووی پێگەیشــتنی مــرۆڤ دەدەن، لە قۆناغی ســێهەزار ســاڵ لەمەوبەرەوە جۆرێــک لە تۆمارکردنــی ڕەفتار و باوەڕەکانی مرۆڤ لە بەر دەســتە کــە پتــر لــە دەقەکانــی دینــی و باوەڕەکانــی خورافیدایە. لــە هەموو ئەوانــەدا دەتوانیــن تێبگەیــن کــە کاری پەروەردەکردنی منــداڵ چەند قۆناغــی بڕیــوە. ئــەوەی کــە بە مێشــکدا دێــت، قۆناغی هــەرە دوور دەگەڕێتــەوە بــۆ فەرهەنگــی میزۆپۆتامیا کــە لە لێوارەکانــی هەردوو ڕووبــاری دیجلــە و فورات، خێــڵ و پێکهاتەی لێک جیــاواز دەژیان و کۆمەڵێــک شارســتانیەتیی ناوداریان لە مێژوودا درووســت کردوون، لــەو مێــژووەی کولتــووری بەشــەریدا، باوەڕەکانی دینی مەســیح و یەهــوودی و ئیســلام درووســت بوون.

لــە شارســتانیەتی میزۆپۆتامیــادا ڕوانــگای تایبەتــی خۆیــان بــۆ پەروەردەکردنــی منــداڵ هەبــووە. لــەو مێــژووەدا منــداڵ بــە ملکــی دایــک و بــاوک حســێب دەکــرا، دەیانتوانــی منداڵی خۆیان بفرۆشــن یــان بیکەنــە قوربانی هەروا ئــازاری بدەن، دەیانتوانی بیدەنە دەســتی خەڵکــی دیکــە و بەکرێی بــدەن. هەروەها دەشــیانتوانی منداڵی خۆیان وەکــو کۆیلــە بفرۆشــن. هەمــوو ئەوانــە لــە مێــژوودا ڕوویانــداوە. ئەگــەر لــە فەرهەنگــی میزۆپۆتامیا تێپەڕیــن، دووەمین شارســتانیەت کــە بایەخــی بــە پەروەردەکردنــی منــداڵ داوە یۆنانی کۆنــە. یۆنانی

کــۆن کە ســەرچاوەی مێژووی فەلســەفە و بەشــێکی زۆری زانســتە کۆمەڵایەتییەکانــە و فەلســەفەیەکە لە دەرەوەی دینــدا تەدوین کرابێت، ڕوانــگای خۆیان هەبــووە بۆ پەروەردەکردنی منداڵ. کــە لە قوتابخانە فەلســەفەییەکانی ئەو جوغزە فەرهەنگییەدا تەعریف کراون. ســێیەمین ڕوانــگای پــەروەردەی منــداڵ لــە ڕۆمــای کۆنــدا بــووە. چوارەمیــن ڕوانــگا ســەر بە باوەڕی خێڵــە ئارياييەکان بووە بــۆ پەروەردەکردنی منــداڵ و جــۆری مامەڵەکــردن. ئــەوان جۆرێکــی تایبەتییــان لە ماف بــۆ منداڵ دانــاوە. هەروەها پێنجەمیــن ڕوانگا بــۆ بەخێوکردنی منداڵ ڕوانــگای عەرەبــی کۆنــی بەدەوییــە کە بــووە ســەرچاوەی ڕوانگای دینی ئیســلام. لە ئەفســانە و خورافەکانی خێڵەکانــی عەرەبی بەدوودا منــداڵ دەفرۆشــرا، دایک و بــاوک خاوەنی منداڵ بــوون و دەیانتوانی منداڵــی خۆیــان بکــوژن و تەنانــەت بووبوو بە ڕەســم کــە کچەکانی خۆیــان زیندەبەچاڵ دەکرد. کچان کە لەدایک دەبوون، دەیانکوشــتن و دەیانخســتنە ژێر گڵەوە. هەر ئەو ئەفســانەیەی ئیســماعیل و ئیبراهیم و مەســەلەی قوربانیکردنی کوڕ، نموونەیەکــە لە خاوەندارێەتیی باوک بۆ منــداڵ. شەشــەمین قۆناغــی مێــژووی ڕوانــگای پەروەردەکردنی منداڵ بۆ ســەدەکانی ناوەڕاســتی ئەورووپا دەگەڕێتــەوە، هەروەها بۆ شارســتانیەتی ڕۆژهەڵاتــی ناوەڕاســت کــە چەندین ئیمپڕاتــۆری تێدا بوون و پێشــکەوتنێکی زۆر لــە تەعریفکردنی ڕوانــگای پەروەردەییی منــداڵ هەبووە. حەوتەمین قۆناغ ڕێنســانس و ژیانــەوەی ئەورووپایە، ئەوکاتەیە کەوا ئەورووپا بە پێشــکەوتنی زانست و تێکنۆلۆژیا قۆناغی ســەدەکانی ناوەڕاســت کە فەرمانڕانیــی قووڵی دینی بــوو تێیانپەڕاند و، قۆناغێــک دەســتی پێکــرد کە مەعریفەی ئینســان لە گەشەســەندن و پەرەســەندندا بــوو و، ڕوانــگای نــوێ بــۆ پەروەردەکردنــی منداڵ دەســتی پێ کرد. دوای پەیدابوونی پیشەســازیی چاپ و بڵاوکردنەوە و زیادبوونــی کتێــب، قۆناغــی نوێــی پەرەســەندنی زانســت دەســتی پــێ کــرد. لــەو قۆناغەدا کــە پێــی دەگوتــرێ مۆدێرن، زانســت پێش کــەوت و تێکنۆلۆژیــا پەرەی ســەند، مرۆڤ ئیعتیمادی خســتە ســەر

کەشــفکردن و زانینــە نوێیەکانــی خۆی بــۆ پەروەردەکردنــی منداڵ. لەو قۆناغەدا کەســانی وەک ژان ژاک ڕۆســۆ دەســتیان بە نووسینی کتێبــی تایبەتــی کــرد لەســەر پــەروەردەی منــداڵ کــە لــە مێژووی پــەروەردەدا بە یەکێــک لە نموونــەکان دادەنرێت. هەڵبەتــە لە یۆنانی کۆندا فەلســەفەی ئەفلاتوون نموونەیەکی ڕوونــە بۆ پەروەردەکردنی منــداڵ، من لێرەدا نامەوێ ئاماژە بە کتێبەکان و. نووســەرەکان بکەم، بەڵکــو پتــر نیازم ئەوەیە مانــای پەروەردە نەقڵ بکەم. لە هەشــتەمین قۆناغــی مێژووی پەروەردەدا مۆدێرنە (قۆناغــی نوێ) دێت کە لەگەڵ پەیدابوونی ســەنعەتی چاپ و پەرەســەندن و گەشەســەندنی زانست و تێکنۆلۆژیــادا دەســت پــێ دەکات. کتێــب زۆر دەبێــت، ناوەندەکانی فێرکــردن و زانســت پەرە دەســتێنن و کتێبخانەی گەورە درووســت دەبــن و کتێب دەگاتە دەســتی هەموو ئەوانەی پێویســتیان پێیەتی، تا دەگاتــە ڕۆژگاری ئێمــە کە قۆناغــی زۆر پێشــکەوتووی تێکنۆلۆژیای گەیاندنــە. لــەم ڕۆژگارەدا مێــژوو تەنیا بۆ تێگەیشــتن لــە گرینگیەتی پەروەردە دەخوێندرێتەوە و دیراســە دەکرێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆ پشــت بە دۆزینەوەکانی زانســتی و تەکنیکی دەبەســترێت، پشت بە زانیارییە جیاجیاکانی مرۆڤ دەبەســترێ بە تایبەتی زانســتەکانی مرۆڤناســی، جــا ئەمانە چ لە زانســتەکانی فســیۆلۆژی بێت یان ئەوەی جەســتەی مــرۆڤ بەردەوام کەشــف و دیراســە دەکات، هەروەها زانســتەکانی توێژینەوە لە مێشــکی مرۆڤ و دەروونناســی بە لقە جیاجیاکانییەوە، هەموویــان لەســەر بنەمای زانســت بــە میتــۆدی تایبەتــی خۆیان و بــە تاقیکردنەوە لەســەر ئینســان و ئــاژەڵ دەگەنە نەتیجــەی نوێ بۆ بەخێوکــردن و پەروەردەکردنــی منــداڵ. جــۆری فێرکردنــی منداڵ و گەشــەکردنی تواناکانــی، ئەو کاتــەی منداڵ توانایــی پەروەردەبوون وەردەگرێــت، واتا مێشــکی دەگاتە قۆناغێک کــە دەتوانێ بخوێنێت، بە شــێوەیەکی ســەرەتایی دیاری دەکرێت. لەوەدا تێکنۆلۆژیا و زانیاری و زانســتێکی زۆر بــە شــێوازی ئاســان و گونجــاو لەگــەڵ توانایی منــداڵ بە کار دەهێنرێ. ئــەو ڕێگایانە هەمووی بــۆ ئەوەیە بەخێرایی

منـدالّ بتوانێـت تواناییەکانـی ژیـان و بەردەوامی لەسـەری گەشـە بـکات و وەریبگرێت.

ئەمـە سـەرەتای ئەو کتێبەیە کە دەسـتم پـێ کـردووە و هیوادارم ئەم پێناسـەیە بـۆ ڕوانـگای پەروەردەیی دەروازەیەکی بـاش بێت بۆ چوونـە نـاو بەشـەکانی دیکە، کە هـەر لە پێـش پەیدابوونـی جەنین لـە بڕیاری ژن و مێردەوە دەسـت پێـدەکات تا تەمەنی ٣٠ سـاڵی کە گەنجێکـی کامڵی خوێندەواری پێگەیشـتووە و، ڕۆڵی کاریگەری خۆی لـە ژیانی کۆمەڵایەتیـدا دەبینێت.

# بەشی دووەم

## ژن و پیاو و منداڵبوون

### بەردەوامیی ژیان

لە بەشی یەکەمدا باسی ڕوانگای بەخێوکردن و فێرکردن و پەروەردەکردنی منداڵم کرد. هەروەها بەنێو مێژوودا بەرەو دواوە گەڕامەوە و قۆناغە جیاجیاکانی کاروانی پێگەیشتنی مرۆڤایەتیم بەسەر کردنەوە کە هەریەکەیان پێناسەی تایبەتی یان ڕوانگای تایبەتی خۆی بۆ بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵ هەبوو، تا دەگاتە ئەم ڕۆژگارەی ئێستا کە سەردەمی پێشکەوتنی زانستی و تێکنۆلۆژیا و واقیعبینیی مرۆڤە. ڕوانگای لەبار و بەجێ، ڕوانگای زانست و واقیعبینییە کە لەسەر بنەمای عەقڵ لەم زەمانەدا پەیڕەو دەکرێت. ئێستا لەم سۆنگەیەوە دێمە سەر خودی منداڵ.

منداڵ بەرهەمی پێوەندیی نێوان ژن و پیاوێکە. ژن و پیاوێک کە لەوانەیە لەسەر بنەمای عەشق یان خۆشەویستییەکی سادە، یان بەرژەوەندیی ئابووری، پێوەندی و خزمایەتی و خوێن، یان لەوانەیە بەشێوەیەکی ناچاری و تۆبزی ناچار بکرێن پێکەوە بژین.

لـە هەمـوو حاڵەتێکـدا، وەچەی نـوێ دەنرێتـەوە و منداڵ دێتـە دنیا. منـداڵ ئامرازی سـەرەکیی بەردەوامیی وەچەی مرۆڤـە، واتا ئامراز و وەسـیلەی سەرەکییە بۆ گواسـتنەوەی نەسل. بەردەوامبوونی وەچەی مـرۆڤ و زیادبوون و پێشکەوتنیشـی هـەر بۆ ئـەوە دەگەڕێتەوە.

بۆ مەبەسـتی منداڵ، دوو ئینسـان، ژن و پیاوێک ناچار دەبن خێزان پێکبێنـن. خێزان ئـەو کانوون یان ناوەنـدە کۆمەڵایەتییە بچووکەیە کە ژن و پیاوێـک بڕیـاری ژیانی هاوبەشـی تێدا دەدەن تـا منداڵ بنێنەوە و تواناییەکانـی خۆیـان بخەنە سـەر یەکـدی بۆ ئـەوەی منداڵەکانیان بپارێـزن، بەخێویان بکەن و پەروەردەیـان بکەن و بیانخەنە نێو ژیانی کۆمەڵایەتییـەوە. ئەگەر خێـزان نەبوایە لە مێژوودا، بەهیچ شـێوەیەک منـداڵ نەیدەتوانـی بـەردەوام بێـت. هەروەهـا یەکێک بەتەنیـا چ ژن بێـت یان پیاو توانـای بەخێوکردنی ئاسـاییی منداڵێکـی نابێت. کەواتا ئامانجـی خێـزان نانـەوەی وەچەیە بـۆ گواسـتنەوەی نـەوە. خێزان ئەگـەر لەسـەر بنەمای عەشـق(ئەڤین) درووسـت ببێـت، بریتی دەبێ لـە هەڵبـژاردەی ئازادانەی نێوان دوو کەس کە بەوپەڕی سەربەسـتی و لەسـەر بنەمـای خواسـتی ڕاسـتەقینەی دەروونیی خۆیـان یەکدی هەڵدەبژێـرن. ئەو هەڵبژاردنە لەسـەر بنەمای یەکدی ناسـین و یەکدی پەسـەندکردنە. ئەو ناسـین و پەسـەندکردنە، پێویسـتی بە ماوەیەکی زەمانیـی دیاریکـراو هەیـە تا ئەو دوو کەسـە هۆگری یەکـدی دەبن. هۆگری ئەنجامی پڕۆسێسـی ناو مێشـکی مرۆڤە کە دوو کەس تەواو یەکـدی هەڵدەبژێرن و بە یەکدی شـادن، یەکدییان پێویسـتە تا دەگاتە قۆناغێـک کـە بەبـێ یەکـدی هەڵناکـەن و لە پێنـاوی یەکـدی پەنا بۆ هەمـوو وەسـیلەیەک دەبـەن تاکو بە یەکـدی بگەن و پێکـەوە بژیەن. ئـەم جـۆرە هەڵبژاردنـە ئازادانـە و پـڕ لـە ناسـین و عەقڵییانـە پێی دەگوترێ «عەشـق» کە بە بەرزترین و باڵاتریـن قۆناغی بیرکردنەوە و خواسـت و ناسـین و بڕیاردانی دوو ئینسـان دادەندرێت.

لـە عەشـقدایە کـە دوو کەسـێتیی ئـازاد بەوپـەڕی سەربەسـتی

پێویستیان بە یەکدییە. ئەوانە ئەسیری یەکدیی نین، پێویستیان بە. یەکدییە. ئەو پێویستییە بە هیچ نرخێکی ماڵی و بوارەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی سەنگوسوو ناکرێت. هەربۆیە لە مێژوودا زۆر ڕوویداوە، پاشا و ئیمپراتۆری گەورە و کەسانی خاوەن دەسەڵات و سەرمایە لە پێناوی کەسێکی دی، هەموو دەستکەوتەکان و ئیمتیازەکانی ژیانیان بە جێ هێشتووە و ئەو کەسەی موقابیلی خۆیان هەڵبژاردووە. ئەوە پێیدەگوترێ بڕیاری عەشق. عەشق ئەوپەڕی ئارامی و داسەکنان و هێز و سەقامگیریی دەروونی و خۆدۆزینەوە بە مرۆڤ دەدات. لەو حاڵەتەدایە کە مرۆڤ ئینسانێکی ئاسایی و بەهێزی خاوەن ڕوانگای ڕوونی خۆیەتی بۆ بەردەوامی ژیان. لە ڕووی زانستییەوە ئەو حاڵەتی عەشقە تەنیا خولیایەک و حەزێکی گوزەرا نییە، بەڵکو پرۆسێسێکی ماددیی ناو مێشکی ئینسانە. ڕژان و ڕەوانی ژمارەیەک هۆرمۆنی لێ دەکەوێتەوە. لەم زەمانەدا بە سیتی سکان یان بە ئامرازەکانی دیکەی چاودێریکردن و پشکنینی مێشکی مرۆڤ، کەسێک دەستنیشان دەکرێت کە ئایا عاشقە و پلەی عاشقبوونی چەندە.

کەوایە عەشق وەک واقیع هەیە و دەبێتە پرۆسەیەکی حەقیقی و ڕاستەقینە. پرۆسەیەکی پێویستە چونکە لە مێشکی ئینساندا لە کاردایە، ئەنجامی ئامادەیی دوو کەسە، ژن و پیاوێک بۆ وەچەنانەوە و گواستنەوەی نەوە. هەموو شێوازەکانی ئەڤینداری و عەشق و خۆشەویستیی باڵا، تەنیا و تەنیا خۆشکردنی زەمینەیە بۆ گواستنەوەی نەوە. ئەوەش لە ڕووی زانستییەوە لە ڕێگای پێوەندیی سپێرم و هێلکەی دوو ئینسانە کە سەرەنجام جەنین و پرۆسەی ژیان دەست پێ دەکات و منداڵی لێ دەکەوێتەوە. هەروەکو چۆن ڕەنگ و بۆنی جیاجیای گوڵ و گوڵزار و تامی میوەی درەختان و شکڵ و ڕەنگیان، هەروەها ئاواز و دەنگ و نەوای بولبول و پەپوولە و جۆرەکانی دیکەی حەشەڕات تا دەگاتە دەنگی جیاجیای ئاژەڵان بۆ یەکدی، هەموویان زەمینەی خۆشکردنن بۆ جووتبوون و گواستنەوەی نەوەکان.

عەشـق لـە مرۆڤـدا ئەو زەمینـە خۆشـکردنەیە کە لـە بونەوەرێکی عاقڵـی بە ئـاگای زانادا، کە ئازادیشـە، دیاردەی عەشـقە ڕوو دەدات. بۆیـە عەشـق بەرهەمی عەقڵێکی ئـازادە. هیچ کاتێک لە هیچ شـوێنێک عەشـق بـە تۆبـزی یـان بـە هێز یـان بـە فێـڵ و ڕێگایەکـی دیکەی چاوبەسـتەکی ڕوو نـادات. هەربۆیـەش ئـەو منداڵانەی لـە ئەنجامی عەشـقی نێـوان دوو کـەس لـە خێزانێکـدا لەدایـک دەبن، چانسـێکی زۆریان هەیە کە باشـترین زەمینـەی پەروەردەکردن و بەخێوکردن و فێرکردنیـان هەبێت. هەڵبەت بەبێ عەشـقیش خێزان دروسـت دەبێ و پێوەندیی سێکسـی لە نێوان ژن و پیاوێـک ڕوو دەدات، کە لەوانەیە وەکـو باسـم کـرد لەسـەر بنەمـای بەرژەوەنـدی یـان خزمایەتی و خوێـن یان بـە تۆبزی بێت. ئـەو خێزانەی کە لەسـەر ئەو شـێوانەی دوایی دروسـت دەبن، بەشـی هەرە زۆریان خێزانـی گەرم و تۆکمە و پـڕ لـە خۆشەویسـتی نابـن، بۆیـە کاتێک کـە منداڵیـش دەنێنەوە، ژینگەیەکـی لەباریـان بۆ دروسـت نابێت کـە تێیدا بەخێـو بکرێن و فێـر بکرێـن و پـەروەردە بکرێـن. لەو خێزانانەدایە کێشـەی سـەخت بـۆ منـداڵ دروسـت دەبێت، نەخۆشـییەکانی جیاجیای جەسـتەیی و دەروونی تووشـی منداڵ دەبن و چەقین و خواروخێچی لە پڕۆسـەی دروسـتبوونی کەسـایەتیی ئـەو منداڵـەدا دەسـت پـێ دەکات کـە هەمیشـە لە تەمەنـی گەورەییـدا دەردەکەوێت.

کاتێـک ژن و پیاوێک بەیەکەوە لـە خێزانێکدا دەژیێن و بڕیار دەدەن منداڵیان ببێت، پێشـەکی دەبـێ خۆیان ئامادە بکەن. جـا لێرەدا ڕووی قسـەی من لەم ڕۆژگارەیـە. ژن و پیاوێکی ئەم زەمانـە (کە تەقریبەن کـەم ژن و پیـاو هەنە خوێنـدەوار نەبـن) دوای ئامادەییـی دەروونی خۆیـان، کـردەوەی خۆسـازکردن بـۆ منداڵ بـەم جۆرەیە: یـەک، لە ڕووی دەروونییـەوە زۆر سـەقامگیر و بـێ گرفـت بـن. واتـا هیـچ کێشـەیەکی ئایندەیـی بۆ پێکەوەبوون و مانەوە لـە نێوان ژن و پیاودا نەبێـت. هەردووک بەیەکـەوە ئامادەییی دەروونییـان هەبێت بۆئەوەی منداڵیـان ببێـت. دووەم، لە ڕووی ئابوورییەوە تاوتـووی تواناییەکانی

خۆیـان بکـەن تـا بتوانـن بەیەکـەوە پێداویسـتییەکانی بەخێوکردنی منداڵ دەسـتەبەر بکەن. بۆ ئەو مەبەسـتەش دەبێت زانیاریی پێویسـت دەربـارەی بەخێوکردنـی منداڵ بەدەسـت بهێنن و چـۆن هەوڵ بدەن منداڵێـک کـە بەرهەمـی خۆشەویسـتیی ئەوانـە، بـە لەشسـاغی، بـە مێشـکێکی سـاغ و سـەلیم، ڕەفتـار و دەروونێکی بەهێـزەوە هەنگاو هەنـگاو قۆناغەکانـی ژیانـی دەسـت پـێ بـکات و ببێتـە ئینسـانێکی دروسـت و سـاغ، ئینسـانێک کە بـە شـێوەی تایبەتی خـۆی، کۆپیی هیـچ کەس نەبێت و لاسـاییی هیچ کـەس نەکاتەوە، تەنانەت لاسـایی و کۆپیـی دایک و باوکیشـی نەبێت. بۆ ئەم مەبەسـتە ئەگەر هەنگاوی یەکـەم کە ئامادەییـی دەروونی و ماڵی و زانیاری دەسـتەبەر بوو، لە بەینی سـاڵێک تا شـەش مانگ پێشـی بڕیاردانی منداڵبوون، پێویسـتە ژن و پیـاو بچنـە لای دکتـۆری تایبەتـی، خۆیـان بپشـکنن تـا هیـچ نەخۆشـییەکیان نەمێنێـت. لە هەمان کاتدا زانیاریی پێویسـت لە دکتۆر و پسـپۆڕی تایبەتـی وەربگرن، چێکێکی تەواوی تەندروسـتیی خۆیان بکـەن و دڵنیا بن هەموو بوارەکانی تەندرووسـتییان سـاغ بێت و هیچ کەموکوڕییـەک لە ڤیتامینەکانیاندا نەبێت. هەروەها هیچ نەخۆشـییەکی ڤایرۆسـی و باکتـری یان شـێوەکانی دیکـەی نەخۆشـییان نەبێت، بە هیچ شـێوەیەک نابێ نە دایک و نە باوک، هیچ نەخۆشـییەکیان هەبێت، چونکـە لەم وڵاتـەی ئێمە، لـەم کۆمەڵگایەی ئێمە، وا بـڵاو بۆتەوە کە هەندێ نەخۆشـی هەن، دەکرێ نەخۆشـییەکە هەبێ و منداڵ ببێت. بۆ نموونـە، فێر بوونە دەڵێن ژن یان پیاو، هەرکامێکیان نەخۆشـیی وەک شـێرپەنجە یان سـیل یان جۆرەکانـی دیکەی نەخۆشـییان هەبێت، بۆ منداڵ نەقـڵ نابێت.

لە ڕووی تاقیکردنەوەی پزیشکییەوە، لەوانەیە ڕاست بێت و هەندێک لـەو نەخۆشـییانە نەقـڵ نابن، بـەڵام کاریگەریـی نەرێنـی و خراپیی خۆیـان لـە ڕووی ئامادەییـی باوک یـان دایکەوە بۆ دروووسـتکردنی جەنین نیشـان دەدات. هەموو ئەو نەخۆشـییانەی کە سەرچاوەکانیان دیـار نییـە وەکـو کەموکوڕیـی جەسـتەیی لـە زگماکدا، ئـەوەی پێی

دەگوترێت (نقص عضو) و هەموو بیرکۆڵی و توانایی کەمیی هۆش و شێوەکانی دیکەی نەخۆشیی ئۆتیزم و ژمارەیەکی دیکەی نەخۆشیی دەروونی، لە نەساغیی یەکێک لە دایک یان باوکەوە بۆ جەنین دەگوازرێتەوە. باوەڕێکی دیکە هەیە گوایە دایک دەبێ ساغ بێ، چونکە باوک هەمیشە ساغە. کەچی وا نییە، چەندە دایکێکی ساغ پێویستە بۆ ئەوەی هێلکەیەکی ساغ بنێتەوە، باوکێکی ساغیش پێویستە بۆ ئەوەی بە ملیۆنان سپێرم ئامادە بکات و هیچ نەقسیان تێدا نەبێت، بۆ ئەوەی جەنین بێ گرفت درووست ببێت.

پاش ئەوەی ژن و پیاوەکە ئامادەییی تەواو وەردەگرن و لە دکتۆر و پسپۆڕی تایبەتی پرسیار پێویست دەکرێت، هەندێک بەهێزکەری جەستەییش وەردەگیرێت و پێش درووستبوونی جەنینەکە بە چەند مانگ، پیاو و ژن یان پیاو بە تەنیا بیانخوات. بەپێی ڕێنماییی پزیشک ئەوا جەنینێکی ساغ لە هەموو ڕوویەکەوە درووست دەبێت. ئەو ئامادەکارییانە هەموویان زۆر پێویستن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا منداڵێکی ساغ بە مێشکێکی سەلیم، بە جەستەیەکی تەواو، بێتە دنیاوە. ئەو ژن و پیاوە جیا لەو ئامادەییەی وەریدەگرن، دەبێ بەرپرسیاریەتیی گەورەکردنی منداڵ هەر لە لەدایکبوونی تا تەمەنی ٢٢ ساڵی قبووڵ بکەن. بۆ ئەو مەبەستەش دەبێ ئامادەییان تێدا بێت وەڵامی خواستەکانی یەکتری و منداڵەکەیش بدەنەوە. دەبێ دایک و باوک بەیەکەوە هاوکاری بکەن و ڕێگا بۆ یەکتر خۆش بکەن، تا هەریەک لەو دووانە ئەرک و بەرپرسیاریەتیی خۆی هەڵبگرێ. پێویستە ئاماژەی پێ بدەم ئەرک بریتییە لەو قەید و بەندانەی مەعقوون و ئینسان بەسەر خۆیدا دەیانسەپێنێت و ئەنجامیان دەدات. کەوایە ئەرک یان وەزیفە بنەمایەکی سەپاوە، واتا هەندێک بنەما هەن ئینسان بەسەر خۆیدا دەیسەپێنێت. ژن و پیاو هەردووکیان دەبێ ئەو ئەرکانەی کە لە زەمان یان ڕۆژگاری بەخێوکردنی منداڵەکەیان یان منداڵەکانیان هەیانە، دەستنیشانی بکەن و بە ئاگاییەوە بەسەر خۆیانیدا بیانسەپێنن. پێویستە هەردووکیان

بەرپرســیارەتی قبووڵ بکەن. بەرپرســیارەتی بریتییە لە هەڵگرتنی هەر ئاکامێــک کــە ڕوو بدات، بەوپەڕی ئازادییەوە شــانی بدەنە بەر. کەواتا بەرپرســیارەتی کارێکی دەروونییە لە ناخی ئینســاندایە. هەڵبەتە ئەرک و بەرپرســیاریەتی بە درێژاییی گەورەکــردن و پەروەردەکردنی منداڵ لــە کات و ســات و ئــازادی و داهاتی هــەردوو کەســەکە وەردەگرێ و دەبــێ خۆیانــی بۆ تەرخــان بکەن، دەبــێ هەردوولا ئــەو حەقیقەتە بە خۆشــییەوە قبووڵ بکــەن. لەو بارودۆخەدایە کــە دەگوترێت منداڵ درووســتکردن مەســەلەیەکی ئەخلاقــی و حەتمــی نییــە، دوو کــەس دەبــێ درووســتی بکەن، بەڵکو دەبــێ ئاگایی و ئاســتێکی دیاریکراوی هۆشــیارییان هەبێــت، خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، تواناییان هەبێت، ســاغ بــن، لە هەمان کاتــدا ئەرک و بەرپرســیارەتی قبــووڵ بکەن.

نابــێ منــداڵ هیــچ کاتێــک بــۆ پێکەوەگرێدانــی ژن و مێردێــک کــە ناتوانــن پێکــەوە بژیێن، بهێنرێتــە دنیاوە. منداڵ نابێ بــۆ هیچ نیازێکی دیکــەی ماڵــی یان دەســتەڵات لــە نێو خێزانــدا درووســت بکرێت یان بنرێتــەوە. پێویســتە لــە کۆتاییی ئــەم باســەدا ئاماژە بــەوە بکەم کە هەمــوو تەمەنێکــی ژن یان پیــاو بۆ منداڵبــوون گونجاو نییــە. منداڵی ســاغ بــۆ پیــاوان تا تەمەنــی پەنجا ســاڵیش دەتوانــن، واتا پیــاوان تا تەمەنی پەنجا ســاڵییە کە ســپێرمی ســاغ و تەندرووســتیی ســاغیان هەیــە و دەتوانــن جەنینی ســاغ لەگەڵ دایــک بنێنەوە. ژن لــە تەمەنی بیســتوپێنج تا سیوپێنج ســاڵی ئامادەترین باری جەستەیی و دەروونی بــۆ منداڵبوون هەیە. ئەگــەر تەمەنی ژن لە ٣٥ ســاڵ تێپەڕی، ئەگەری ئــەوەی کــە منداڵ ســاغ دەرنەچێــت یــان گرفتێکی دیکــەی دەروونی یــان جەســتەیی هەبێت، زۆر لــە گوینە واتــا ئەگــەری ڕوودانی هەیە.

لــە وەرزەکانــی ســاڵدا، دەستنیشــانکردنی ئەوکاتــەی منداڵــی تێدا لەدایــک دەبــێ زۆر گرینگــە، چونکــە وەرزەکانی ســاڵ هەموویان بۆ کۆرپــەی نــەوزاد گونجــاو نین. بۆیــە باشــترین کات بــۆ منداڵبوون، مانگــی پێنج و شــەش و حەوتە. ئەو مانگانەن کــەوا وەرزەکان لەبارن

و کۆرپـــە ئـــازار ناخوات، سرووشـــتیش یارمەتیی هەســـتانەوەی دایک لە گەڕانەوە بۆ تەندرووســـتی دەدات. ئـــەو جەنینەی کە وەک کۆرپەی نـــەوزاد دێتـــە دنیـــاوە، بە یەک ئەنـــدازە، ســـەدا پەنجا بە ســـەدا پەنجا ژینەکانـــی دایک و بـــاوک وەردەگرێ، واتا منداڵ بەرهەمی هاوبەشـــی نێـــوان دایـــک و باوکە. ئـــەو پووچباوەڕییـــە (خورافـــە)ی پێیوایە منداڵ بەرهەمـــی باوکـــە و لـــە ناو ســـکی دایکدا گـــەورە دەبێ، لـــەم زەمانەدا هیـــچ قیمەتێکـــی نییـــە. هەربۆیـــەش ئـــەو کۆرپەیـــەی لەدایـــک دەبێت، هەڵگـــری ســـیفەتی بۆماوەیی(ویراســـی) و ژینەکانی دایـــک و باوکە بە مێـــژووی خێزانیی جیـــاوازی هەردووکییانەوە.

هەروەهـــا پێویســـتە دایـــک و بـــاوک پێـــش منداڵبـــوون، مەســـەلەی کـــوڕ یـــان کچبـــوون ببڕێننـــەوە و منـــداڵ بە لایانـــەوە خواســـت بێت، چونکـــە هیـــچ جیاوازییـــەک لـــە ڕووی توانایـــی و دەوری کۆمەڵایەتی لـــەم زەمانـــەدا لە نێوان کـــچ و کوڕدا نییـــە. هەروەها کاتێـــک ژنێک لە منداڵبوونـــدا تەنیـــا کچ یان کـــوڕی دەبێت، دەبێ قبووڵـــی بکەن، چونکە هـــەر کچبـــوون و کوڕبوون لە لای ژنێکەوە هیچ نەقســـی ژنەکەی تێدا نییە. لێکۆڵینەوەی زانســـتی ســـەلماندوویەتی ئەم حاڵەتـــە دەگەڕێتەوە بـــۆ تایبەتمەندیـــی پیاوەکـــە. هەربۆیەشـــە پیـــاو ئەگـــەر لەو ژنـــە نا لە ژنێکـــی دیکـــەش لـــە منـــداڵ درووســـتکردن بـــەردەوام بێـــت، ئەگەری ئـــەوەی کـــە منداڵی کـــوڕ یان هـــەر کچ بێـــت، وەک خۆیەتـــی. هەڵبەت مـــن لێرەدا لەســـەر تیۆری ئەگـــەرەکان (تیۆری ئیحتمـــالات) ناڕۆم، کە پێوەندیی نێوان ســـپێرم و هێلکەی ژن لەســـەر بنەمای ئیحتمال(ئەگەر) و ســـودفە(ڕێکەوت) دەگیرسێتەوە. ئەو ســـودەفەیەش هەندێک جار لە یـــەک ڕەگـــەزی منداڵـــدا دووبـــارە دەبێتەوە، واتـــا هەر کـــچ دەبن یان هـــەر کـــوڕ دەبن، ئـــەوەش پێوەندی بـــە پیاوەکەوە هەیـــە. ڕێژەی کوڕ و کـــچ لە نـــاو مرۆڤـــدا لەســـەر بنەمـــای ژمـــارە گەورەکان(ماتماتیک) هەڵدەکـــەوێ، واتـــا هـــەر ١٠٤ کوڕ لـــە بەرامبـــەر ١٠٠ کچ دێنـــە دنیا، بـــەلام لـــە گەشـــەکردندا لـــە قۆناغـــی دوای لەدایکبوون کـــوڕان زیاتر دەکەونـــە بەر مردن، هەربۆیە لە کۆتاییدا بالانســـەکە تەقریبەن ڕاســـت

دەبێتــەوە. لەم زەمانەدا کە تەندرووســتیی منداڵان بە لە باشــیدا بەرز بووەتــەوە و کوڕان کەمتر دەمرن، باڵانســەکە لــە زۆر کۆمەڵگادا ١٠٠ کچ لــە بەرامبــەر ١٠٦ کوڕە.

# بەشی سێیەم

## دایک و جەنین لە ٢٨٠ ڕۆژدا

### ئەرکی گرانی ژن و داهێنانی بیۆێنە

هەروەکو لە بەشی پێشـوو باس کرا، دەبێ ئامادەییی تەندرووستیی دایـک تـەواو کرابێـت و هیـچ کێشـەیەکی نەبێـت. هاتنـی حاڵەتـی دووگیانـی، پێویسـتە ئەوکاتـە بێـت کە دایـک و بـاوک هەردووکیان ئاگایـان لـە بڕیارەکەی خۆیـان هەیـە و ئامادەکارییەکەی پێشـتر بۆ ئەو مەبەسـتە وەریانگرتبـوو، دەبێ بە شـێوەیەکی زۆر داهێنەرانە بە کاری بێنـن. بـە تایبەتی دەبـێ پیاو ڕەچـاوی دۆخی هاوسـەرەکەی بـکات، چونکـە پێـی ناوەتـە قۆناغێکـی نـوێ لـە بـاری دەروونی و تەندرووسـتی لـە ژیاندا.

لەو قۆناغەدا پێویسـتە هەموو ڕێوشـوێنەکان بـۆ ئارامی و ڕاحەتی و تەندرووسـتیی دایـک دەسـتەبەر بکرێـن. دەبـێ پیـاو بەرنامـەی کاری خـۆی بگۆڕێـت و زۆرترین هاوکاریی ماڵـەوە و دەرەوە بخاتە سـەر شـانی خۆی. ئەوە بـەو مانایە نییە کـە لە مانگەکانـی یەکەمدا، ژن واز لـە کارکـردن دێنێـت یـان نەتوانێـت کارەکانی ماڵـەوە بکات. بـەڵام دیـارە هـەر لـە مانگـی دووەمـەوە نیشـانەکانی قۆناغی نوێ

دەردەکــەون، گۆڕانێکی زۆر بەســەر باری دەروونی و تەندرووســتی و هەســتیارییەکانی بــۆن و حــەز و تــام و هەروەهــا ڕەنــگ و پلەی ڕووناکــی و حاجزەکانــی دیکــەدا دێــن کــە ژنــی دووگیــان لەگەڵیان ڕووبــەڕوو دەبێتەوە.

دکتــۆرەکان بەپێــی ئەزمــوون هەمیشــە پێشــنیاز دەکــەن، دەبــێ خواردنی ژنــی دووگیان وێڕای پشــوودان، خواردنێکی زۆر ڕێکوپێک و بەرنامەبۆداڕێــژراو بێــت، بە شــێوەیەکی ئەوتۆ کــە یارمەتیی خۆی و گەشــەکردنی جەنیــن بــدات. دەبێ لــەو ماوەیەدا ئافــرەت خواردنی ســەوزە و میــوە و ئــاو یەکجــار زۆر بکات، ئــەو خواردنانــەی کەوا ڤیتامینەکانــی تێــدا هــەن و بــۆ دابیــن دەکات، پێویســتە بــە بەرنامە بیانخــوات. هەروەها دەبــێ وریا بێت هەندێک لــەو ڤیتامینانەی دکتۆر پێشــنیازی کــردوون زیــاد و کەم نەبــن و ڕێک بخات. لــەو ماوەیەدا نابــێ بە هیچ شــێوەیەک دایک شــەکر و خوێی زیاد بخــوات هەروەها لــە هەمــوو خواردنــە کحولییــەکان و جگەرەکێشــان دوور کەوێتەوە. بــە هیچ شــێوەیەک نابێــت لە مادده هۆشــبەرەکان نزیــک بکەوێتەوە، ئــەو بۆنانەی کە زۆر ســەختن و بۆنــی کیمیاوین، وەکــو ڕەنگی پرچ و ڕەنگەکانــی دیکــە، پێویســتە بە گوێــری توانا لێــی دوور کەوێتەوە، چونکە ئەوانە هەموویان کاریگەریی خراپ دەخەنە ســەر گەشەکردنی جەنیــن لەناو ســکی دایکدا.

زۆر پێویستە پلەی گەرما و سەرمای دایک گونجاو بێت، چەندی بتوانێت ڕۆژانە خۆی بشوات، بەڵام نابێ ئاو زۆر گەرم بێت. خۆی لە نەخۆشییەکانی سەرمابوون و ئەنفلۆنزا و ددانئێشە و هەر نەخۆشییەک کە پێویستی بە چارەسەریی دکتۆر هەبێت بپارێزێت و تووش نەبێت. دایک پێویستە هەوڵ بدات بە هیچ شێوەیەک ئەو نەخۆشییانە نەگرێت کەوا تیشک و ئێم ئاڕ ئەی و یان بەکارهێنانی ماددەی سڕکردن بە تایبەتی بۆ ددان و هەروەها هەندێ برین کەوا پێویستی بە سڕکردن هەبێت. چونکە هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەریی

خراپیان لەسەر جەنین هەیە، جا ئەو کاریگەرییە لەوانەیە جەستەیی بێت کە بەداخەوە ژمارەیەک منداڵ لە زگماکەوە بە کەموکورتییەوە لەدایک دەبن، یان لەوانەیە کاریگەری لەسەر مێشکی جەنین بکات، کە پڕگەشەترین بەشی گەشەکردنی جەنینە لە سکی دایکدا. جاری یەکەم گەشە لە مێشکەوە دەست پێدەکات، چونکە نەخشەی گەشەسەندنی لەشی مرۆڤ هەمووی لە مێشکدایە. بۆیە ئەم ماددانەی ئاماژەم پێکردن بەپێی لێکۆڵینەوەکانی ناوەندە گەورەکانی زانستی، جەخت لەوە دەکرێتەوە ئەگەر کاریگەری لەسەر جەستەش نەبێت، کاریگەری لەسەر توانای مێشک دەبێت لە یەکێک لە بوارەکان، یان لە ڕووی باری دەروونییەوە زەبر لە منداڵی داهاتوو دەدات لە ڕووی نەخۆشییەکانی دەروونی، کە هەرە بەناووبانگیان نەخۆشیی شیزۆفرینیایە مرۆڤ لە تەمەنی گەورەییدا تووشی کارەساتی زۆر سامناک دەکات.

سەفەرکردن لەو قۆناغەدا دەبێ زۆر کەم بکرێتەوە بە تایبەتی بە فڕۆکە و ئۆتۆمبێل، لە خێرایی و تەکانی بەهێز دایک دەبێ خۆی بپارێزێت. وەک دیارە گۆڕانکاریی زۆر لە بارودۆخی دەروونیی ژن لە کاتی دووگیانیدا ڕوو دەدات، هەرچەندە لە سێ مانگەدا جەنین زۆر بچووکە، هەندێک جار بە کەمتر لە دەنکێک خورما پێوانە دەکرێت، لەم حاڵەشدا دایک هەستی پێدەکات و، گۆڕانکارییەکانی دیکەی هۆرمۆنی لە لەشی ژندا دەست پێ دەکات. پێویستە لەو ماوەیەدا ژنی دووگیان لە ئاژەڵ و پەلەوەر دوور بکەوێتەوە، چونکە جۆرەها هەستیاری و ڤایرۆس هەن کە لەو قۆناغەدا لە ئاژەڵانەوە بەخێرایی دەگوازرێنەوە. بە تایبەتی لە نێو دانیشتوانی کاسبکار و گوندیدا کە ژن تا مانگی نۆیەمیش بە کاری ئاژەڵدارییەوە خەریک دەبێ. ئەوەش هەڕەشەیەکی ترسناکی هەیە بۆ سەر تەندروستیی کۆرپە لە داهاتوودا. لەو ماوەیەدا وەرزشی تایبەتی هەیە دەبێ ژنی دووگیان بیکات، ئەو وەرزشانە دیارن، نابێ لە ڕاددەی تواناییی خۆی سەختتر بێت، دەنا زەبر بە جەنین دەگەیەنێت، بۆی هەیە تا ڕووداوی لەبارچوونیش بڕوات.

لــەو قۆناغــەدا هەندێــک گۆڕانکاریــی دیکە بەســەر جەســتەی ژندا دێــن، هەندێک کێشــی زیاد دەبێ، لەوانەیە پرچــی بوەرێت و قینچکەی لــێ دێــن و جۆرێــک لــە خەمۆکــی دایدەگرێــت. بۆیــە دەبــێ هەموو نیگەرانییەکانــی ژن و پیــاو لــەو قۆناغــەدا بڕەوێنرێنــەوە و جارێکی دیکــە باســی کوڕ دەبێت یــان کچ نەکــرێ، چونکە نیگەرانــی بۆ دایک درووســت دەکات و دەبێتــە هۆی گوشــاری دەروونی لەســەری، جا کار دەکاتــە ســەر ئەو کۆرپەیــەی کەوا لــە ڕێدایە.

لــە مانگــی ســێیەمدایە کــە هۆرمۆنی تسیتیســترۆن لە دایکدا زیاد دەبێــت، ئــەوە کار دەکاتــە ســەر جەنین، ئەگــەر جەنین کــچ بێت پێی گەشــە دەکات و بەهێزتــر دەبێــت، بــەڵام ئەگــەر جەنیــن کــوڕ بێــت کەمێــک زیــان بە توانســتی مێشــکی دەگەیەنێــت. هەربۆیە لە ســکی دایکــدا کچــان زیرەکتر و گەشــەیان زیاتــرە، بە جۆرێک کــە جەنینی کــچ دوو مانــگ پێــش جەنینــی کــوڕ لــە ســکی دایکیدا قامکــی خۆی دەمژێــت و کاتێک لەدایک دەبێت زووتر مەمک دەگرێت، هۆشــیارتر و چالاکترە. ئەم پرۆســەیە تا تەمەنی ٨ ســاڵی بــەردەوام دەبێ. هەڵبەت لە تەمەنی ٣ ســاڵی بۆ تەمەنی ٥ ســاڵی گۆڕانکاری بەسەر هۆشیاری و ڕاســتکردنەوەی هۆشــی کوڕدا دێت و لە تەمەنی ١٢ ســاڵیدا کوڕان ئاســتی هۆشــیاری و زیرەکیــی خۆیــان دەگەیەننــەوە ئاســتی کچان. بــەڵام لــە هەمــوو حاڵەتێکدا هەندێک جیــاوازی لە نێوان کــچ و کوڕدا لــە جەنینــەوە هەیە تــا دوای لەدایکبوونیان. بە گشــتی کچــان لە زۆر بــواردا لە کــوڕان زیرەکترن و توانــای لێکجیاکاری(تشــخیص) کچان لــە بەرانبەر کوڕاندا بــە ڕاددەیەک زیاترە کە کــچ دەتوانێ ٥٠٠ ڕەنگ لێکــدی جیا بکاتەوە، بــەڵام کوڕ دەتوانێ تەنیــا ١٠٠ ڕەنگ لێکدی جیا بکاتەوە.

کــچ هــەردوو لای ڕاســت و چەپــی مێشــکی بــە کار دێنێــت و هەماهەنگییــان پێــدەکات، بــەڵام کــوڕ تەنیا لای چەپ یان لای ڕاســت بــە کار دێنێــت. هەربۆیــە کــوڕان هەمیشــە یەکڕەهەندن (بعــد) بەڵام

کچـان فرەڕەهەندی بیردەکەنـەوە. ڕاددەی تام و چێژکردنیان چەندین بەرانبـەری کوڕانە، کە پێکەوە هەر بـەراورد ناکرێن. ئەم نابەرابەرییە لـە زیرەکـی و تواناییدا لە نێوان کـچ و کوڕدا بەردەوامـە، لە تەمەنی ٢٢ سـاڵیدا هاوسـەنگ دەبنـەوە. بـەڵام لـە تەمەنی ٨ سـاڵی بەدواوە توانسـتی کوڕان بۆ تێگەیشـتن لە ماتماتیک زیاتـر دەبێت. هەربۆیەش دەبینیـن هەسـت و خەیـاڵ لای کـچ زۆر بەهێزترە لە کـوڕان. کچان دوو سـاڵیش زووتـر لە کوڕان باڵـغ دەبن.

پێویسـتە ژن و پیـاو بزانـن جەنینـی بەڕێـوە لـە تەمەنـی سـێ مانگییـەوە لە سـکی دایکیـدا ڕووداوەکانـی فیزیکیی دەرەوەی سـکی دایک هەسـت پـێ دەکات، ئەگەر ڕووداوەکان قـورس بن، کار دەکەنە سـەر تەندرووسـتیی جەنین کـە منداڵـی ئایندەیە. هەر لـە جەنینەوە تواناییەکانی بۆنکردن و تام و چێژکردن لای منداڵ دروسـت دەبێت. ئەو گۆڕانکارییە فیزیکییانەی لە دەرەوە ڕوو دەدەن وەک بۆن و تامی ئـازاردەر یـان پێچەوانەکەی واتا هیی گونجـاو و خۆش، جەنین وەکو هەواڵ دەیداتە مێشـک و لە مێشکدا وردە وردە گەشە دەکات و جێگیر دەبێـت. جەنین لە مـاوەی نۆ مانگ و حەوت ڕۆژی ناو سـکی دایکیدا لـە نیوەخەودایە، ئەگەر تام و بۆنی پێدەگات وەکو هەواڵ لە مێشـکیدا جێگیـر دەبن، بەڵام جەنین لە سـکی دایکیدا نابینێت تـا لەدایک دەبێت. هەندێـک لـە دایـکان منداڵیان لە شـەش یان حەوت مانگـی دێننە دنیا، ئـەوەش پێوەندیـی بە بارودۆخـی دایکەوە هەیە. ئـەو حاڵەتە هۆکارە تەندرووسـتییەکانی دیـارە، ئەوکاتـەی پـەردەی ئاوی دایـک بدڕێت ئیـدی منـداڵ ناتوانێ ماوەیەکی زۆر لە سـکی دایکیـدا بمێنێتەوە. لەو حاڵەتـەدا ئەگەر منـداڵ لەدایک نەبێت یان بە نەشـتەرگەری نەهێنرێتە دنیـا، لەوانەیـە بمرێت. ئـەو منداڵانەی کـە زوو لە تەمەنی شـەش تا حـەوت مانگی لەدایک دەبن، نەخۆشـییەکانی دایک وا دەکات زوو بێن. دەبـێ بزانیـن هیـچ لەدایکبوونێکـی زوو لە شـەش و حـەوت مانگیدا ئاسـایی نییـە. هەربۆیە پێویسـتە دوو مانگەکەی مـاوە ئەگەر حەوت مانـگ بێـت یان ئەگەر شـەش مانگی بێت، دەبێ سـێ مانگەکەی دیکە

لەژێـر چاودێریـی پزیشـکی و ئاگالێبوونـدا نەوزاد گەشـە بـکات، تا دەگاتـە تواناییەکانی نـۆ مانگەییی هەر کۆرپەیەکی ئاسـایی. ئەوانەی کـە لە مانگی شەشـدا لەدایـک دەبن، ئەگەری ئەوە زەبری مێشـکییان بەرکەوتبێـت زۆرە، وەکـو ئۆتیزم و هەندێک نەخۆشـیی دەروونی کە لـە گەورەییدا لێیـان دەردەکەوێت. هەروەها ئـەو منداڵانەی بە حەوت مانگی لەدایک دەبن، ئەگەری ئەوە هەیە کێشـەی سـیەکانییان هەبێت، جۆرێـک لە کاریگەریـی نەرێنی بەسـەر باری دەروونییانـەوە دەبێت کـە لە گەورەییـدا دەردەکەوێـت و هەندێک جاریش تووشـی IDHD یـان IDD دەبـن کـە نەبوونـی تەمەرکـوزە لـە مێشـکدا، هەروەهـا جووڵـەی ناڕێک و خێرا لە جەسـتەدا دەکەن. هەردوو حاڵەتەکە لەژێر چاودێریـی پزیشـکیدا دەکرێـت پرۆسـەی گەشـەکردنیان بـەردەوام بێـت تـا دەگەنە بەرابـەری لەگەڵ نەوزادی نـۆ مانگی. لە نـۆ مانگیدا ئەگـەر منداڵ خـۆی لەدایک نەبێت، ئەوا بە نەشـتەرگەریی سـزاریان لە سـکی دایکدا دەردەهێنرێت. نەشـتەرگەری سـزاریان ڕاستە گیانی منداڵ ڕزگار دەکات، بەڵام کێشـەی تەندرووسـتی و زەبری مێشـکی بـۆ درووسـت دەکات. ئەوانەی بە سـزاریان لەدایک دەبـن، زۆربەی جـار کێشـەی سـییەکانیان لـە گەورەییدا هەیە، نەخۆشـیی هەناسـە یـان ڕەبویـان تـووش دەبێت. هەروەهـا ئەوانیش کێشـەی IDHD و IDDیـان بۆ درووسـت دەبێـت. زۆرجـار زەبری جیاجیا لە شـوێنی جیاجیای بە مێشـکی بەر جەنین کەوتووە کە توانسـتەکانی مێشـکیان لـە گەورەییـدا لـە بوارێکـی دیاریکراودا لێ کـەم دەکاتـەوە. وەک لە تەمەنـی دە سـاڵ بەولاوە، تەمەرکـوزی خوێندنی کـەم دەبێتەوە، یان هەندێـک جار لەگەڵ خوێندنـەوەدا بەینی نامێنێت، یـان ناتوانێت خەت بخوێنێتـەوە تا ماوەیەکـی زۆر، لەگەڵ چەندین تووشـی دیکە.

گرفتی نەشـتەرگەریی سزاریان(العملیة القیسـریة) ئەوەیە کە کۆرپە لەگـەڵ دایکـی سـڕ دەبێـت و بـە سـڕی دێتـە دنیـا، کـە دێتـە دنیا بێهۆشـە و خەوتـووە، ئەو خەوتنـە هەندێک جار تـا دوازدە کاتژمێر بـەردەوام دەبێـت. کەچـی منداڵ پێویسـتە بە ئاسـایی لەدایـک بێت.

ئەگەر بە ئاسایی لەدایک بێت، لە بارودۆخی ناو سکی دایکەوە دێتە ناو دنیایەکی دی. بارودۆخی ناو سکی دایک هێندە لەبار و ئاسانکارە هیچ گوشارێک لەسەر جەنین نییە، هیچ ناخۆش نییە، لە نیوەخەودایە، پلەی گەرمی لە نێوان ٣٦ کەمێک زیاتر و کەمتردایە. زۆرجار دەڵێن ئەو بەهەشتەی کە لە خەیاڵی ئینساندا هەیە، ئەوە زاکیرەی ناو مێشکی جەنینە کە لە نۆ مانگییەوە لە ناو سکی دایک دەستی پێدەکات. کاتێک دێتە دنیاوە تووشی پێچەوانە دەبێت، دنیایەکە سەخت، هەوا هەیە، دەنگ هەیە و گوشار هەیە، ڕاکێشان و ئازاردان هەیە. یەکەمین جار منداڵ لە سکی دایکیدا ئامادەیی مژین پەیدا دەکات و بە دوای مەمکی دایکیدا دەگەڕێت و یەکەمین ساتی شیرپێدانی دایک بە منداڵ نەوزاد، پێکهاتەی ئەو شیرە بە جۆرێکە زۆرترین ڤیتامین و خواردن بۆ منداڵ دابین دەکات و یارمەتییەکی بێسنووری دەدا لە گەشەکردن و گەشەسەندنی مێشک و تواناییەکانی دیکەیدا. دوازدە کاتژمێر نووستن بەهۆی سڕبوونەوە، وا دەکات منداڵ دوازدە سەعات بە درەنگەوە شیری دایک بخوات. ئەوماوەیە بەشێکی زۆر لە کۆنێکشنەکانی مێشک (واتا ئەو نوقتانەی هۆشیاری دروووست دەکەن) کە هۆشیار نەبوونەوە لە کار دەکەون و جارێکی دیکە بەخەبەر نایەنەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مێشکی کۆرپە کە تاوەکو سەعاتێک پێش هاتنە دنیاوە، مێشکی لە گەشەکردن بەردەوامە، بەخێرایی پەرە دەگرێ و نوقتەکانی پێوەندی(کۆنێکشنەکان) کە بە ملیارانن، لەگەڵ هەر دیاردەیەکی دەوروبەریدا، لە دایکەوە بیگرە تاکو شیر و گرتن و گەرما و سەرماوە، ئەمانە دەگەشێنەوە، هۆشیار دەبنەوە، ئەگەر ئازاریان پێبگات هەواڵەکە بە شێوەیەکی دیکە لە مێشکدا جێگیر دەکەن کە لەوانەیە بە شێوەیەکی خراپ دوایی لە تەمەنی منداڵەکەدا دەربکەوێت. هەڵبەت ئەگەر باش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و ئاسایشی بۆ دابین بکرێ، ئەوا ڕەوشی ئاسایی خۆی تەی دەکات و لە گەورەییدا ئینسانێکی ئاسایی دەردەچێت. هەربۆیە

پێویستە تا لە توانادایە ژنانی دووگیان بە نەشتەرگەری منداڵیان نەبێت، بەڵکو هەوڵ بدرێت بە ئاسایی منداڵیان ببێت، کۆرپەکەیان ساغتر و گەشەیەکی ئارامتری دەبێت لەوەی کەوا بێهۆش کرابێت و دواتر هێنرابێتە دنیاوە.

کاتێک منداڵ لەدایک دەبێت، گەر لە نەخۆشخانە یان ماڵەوە بێت، پێویستە دەوروبەر بەپێی زانیارییەکانی ئەم زەمانە وشیار و ئاگادار بن، بە هیچ شێوەیەک ئەو ڕێوشوێنی کۆن و تەقلیدی بە کار نەیەنن. ئەگەر لە کۆندا باب و باپیرانی ئێمە لەبەر نەخوێندەواری و ئاستی کەمیی زانایی و نەبوونی تێکنۆلۆژیای پێشکەوتوو، بەپێی ئەزموونی خۆیان منداڵیان گەورە دەکرد، ئێستا نابێ بە هەمان شێواز بێت. بۆ ئەوەی ئازار و کێشە تووشی کۆرپەکان نەبن کە لە کۆندا بە ئاسانی تووشیان دەبوون. نموونە: نابێ بە هیچ شێوەیەک بەر چاوی کۆرپە ببەسترێت، ئەوە لە کوردەواریدا زۆر باوە. چونکە یەکەم جار کۆرپەکە چاو هەڵدێنێ کۆنێکشنەکانی چاوی دەست بە گەشانەوە دەکەن و پڕۆسەی بینین دەست پێدەکات. بە ئەزموون سەلمێنراوە ئەگەر هەفتەیەک پەڕۆ لەسەر چاوی کۆرپە بێت بە شێوەیەک کە نەتوانێ هیچ ببینێت، دوایی پەڕۆیەکە هەڵگرن، ئیتر بە درێژاییی تەمەنی خۆی چاوی بە کار ناکەوێتەوە و ناتوانێت ببینێت. بۆ گوێ و بیستنیش هەروایە. پێچانی کۆرپە کە(وەک مەلۆتکە) گەلێک زیان بە جەستەی منداڵ دەگەیەنێت و ئازاری دەدات.

لە سکی دایکەوە کە بەهەشتێکی خەیاڵییە، کە لەدایک دەبێت و دەیپێچن، ئەو پێچانەوەیە پەلبەستکردنێکی زۆر بە ئازارە جیا لەوەی شێوانی لەشی تووش دەکات، لە هەمان کاتدا ئازارێکی زۆری پێدەگەیەنێ کە نەوزاد بە خراپ وەریدەگرێ و بە نەبوونی ئاسایش و ئەمانی ژیانی خۆی دەزانێت. ئەگەر بەراوردی بکەی ئینسانێکی گەورە بهێنی، بیپێچییەوە و ناچاری بکەی بنوێت، حاڵی باری دەروونی چۆن بێت! بێگومان کۆرپە کە هەستیارترە و تواناییەکانی

کەمترن و تێناگات، کاریگەرییەکی یەکجار خراپی بەسەر مێشکییەوە دەبێت، چونکە مێشک لەو ساتەوەی کە داخیلی دنیا دەبێت، دەست دەکات بە تۆمارکردنی دنیای نوێ، ئەو تۆمارە بە شێوەی هەواڵ بە مێشک دەگات و لەوێدا جێگیر دەبێت، کە ئایا خۆشە یان ناخۆشە، خۆشیان دەوێی یان نا، ئازارت هەیە یان خۆشیت هەیە. هەڵبەت ئەو پێچان و چاو پێچان و سەر پێچان و لانک و بلوێر و ئەوانە کە بەداخەوە ئێستایش لە زۆر خێزان بە کار دەهێنرێت، کارێکی زۆر خەتەرناکە و کاریگەرییەکی نەرێنی یەکجار ترسناک دەخاتە سەر کەسێتیی داهاتووی کۆرپە، جا کچ بێت یان کوڕ بێت

# بەشی چوارەم

## بە کردەوە چۆن پەروەردە دەست پێ دەکەین؟

### یەکسانی و وەک یەکدی

لە بەشی یەکەمدا باسی ڕوانگای زانستیم کرد بۆ پەروەردە، بەڵام بە باسێکی خێرا بەسەریدا تێپەڕیم. پتر مێژووی پەروەردەم لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا هێنایەوە بەرچاو. ڕوانگای زانستی بریتییە لەو ڕوانگایەی کە لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی لە بواری زانستەکانی مرۆیی، بە تایبەتی پزیشکی و پزیشکیی دەروونی، هەروەها لقەکانی دیکەی دەروونناسی کە تەواوکەری پزیشکیی دەروونین، پێگەیشتووە. بە تایبەتی لەم بیست ساڵەی دواییدا کە تێکنۆلۆژیا و زانست بە ڕاددەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەر پێشکەوتوونە و بوونەتە هاوکاری توێژەران و زانایانی ئەو بوارە. کەشفکردن و ئاوەڵاکردنی دەروونی مرۆڤ، ڕەفتارەکانی، هۆکاری ڕەفتارەکانی، لاساری و لادانەکانی، هۆکاری لاساری و لادانەکانی، پێشکەوتن و گەشانەوەکانی، سەرچاوەکانی ئەو پێشکەوتن و گەشانەوە، هەروەها زانایانی ئەو بوارە دەستیان گەیشتۆتە ئەناتۆمی یان شیکاریی ناوەوەی مێشکی مرۆڤ کە بۆ هەر ڕەفتارێک و باوەڕێک، بۆ هەر هەست و هەیەجانێکی مرۆڤ و حاڵەتەکانی دیکەی ئینسان، لە ناو مێشکیدا شوێنی تایبەتی

خـۆی هەیـە، کـە دۆزراوەتەوە و پێوەنـدی و ڕژانـی هۆڕمۆنەکان ئەو پرۆسـانە پێـک دەهێنن.

ڕوانـگای زانسـتی ڕوانگایەکـە پشـت بـەم هۆکارانـە نابەسـتێت کـە لـە نـاو کۆمەڵگاکەمانـدا بـاوە. وەک پشتبەسـتن بـە کولتوور و دابونەریتەکانـی نـاو کولتـوور، بـاوەڕە دێرینەکانـی نـاو کولتـوور، مێژووی درووسـتبوونی مرۆڤایەتی، مێـژووی مرۆڤ بۆ مامەڵەکردن لەگـەڵ منـداڵ و ژن و حاڵەتـی دووگیانی و ڕۆڵـی باوکایەتی بە هەند وەرناگیرێت. ئەوەی کەوا پشـتی پێدەبەسـتن، لێکۆڵینەوەی زانسـتیی ڕاسـتەوخۆیە. بۆیـە هـەر کەسـێک دەیەوێـت پەروەردەیەکی باشـی منداڵەکانـی بـکات، یـان لە کۆمەڵگادا بەشـدار بێت لـە بڵاوکردنەوەی ڕۆشـنبیریی پەروەردەیـی بـاش، یان ئەگەر مامۆسـتایە لـە بوارێکی دیکـەی کۆمەڵایەتیـدا سـەروکاری لەگـەڵ پەروەردەکردنـی منداڵـدا هەیـە، دەبـێ خـۆی لـە کاریگەریی مێژوویـی و کولتـووری و لە ناو کولتووریشـدا لـە کاریگەریـی دیـن و مەزهەبـەکان و دابونەریتـی عەشـیرەتی، خـۆی دوور ڕابگرێـت، لە جیـات ئەوانە هـەوڵ بدات لە ڕوانـگای زانسـتی تێبـگات. تێگەیشـتن لـە ڕوانگای زانسـتی کارێکی ئاسـانە. ئـەم زەمانە زانسـتەکان، ئەوەی کـە پێوەندی بـە پەروەردە و بـە دەروونـی مرۆڤـەوە هەیـە، ڕۆژ بـە ڕۆژ زیاتـر دەدۆزرێنەوە و دەنووسـرێنەوە و بـە شـێوەی جیاجیـای موحـازەرە و کـۆڕ و وانەگوتنـەوە دووبـارە دەکرێنـەوە بـۆ ئەوەی مـرۆڤ تێیـان بگات. گومانـی تێـدا نییە هەرکەسـێک لـە ڕوانگای زانسـتی بۆ پـەروەردە تێنـەگات، دەبـێ دڵنیـا بێت لە پرۆسـەی پـەروەردەدا تووشـی هەڵە دەبێـت. ئـەو هەڵەیـە بریتـی دەبێت لـە زەبر وەشـاندنێکی کوشـندە لـە منداڵەکـەی. زەبرەکانیـش ئەوەیە کەسـایەتیی منداڵ دەشـێوێنێ، ڕەفتارەکانـی خواروخێـچ دەکات، هەسـتەکانی دەشـڵەژێنێ. ئـەو هەسـتانەی کە منـداڵ لە کاتی خۆیـدا دەبێ بە ژینگەیەکـی خەملاودا تێپـەڕن تـا بـەو ئەنجامانـە بگات کـە دڵنیایـی دەداتـێ و دەتوانێ بە شـێوەیەکی ئاسـایی گەشـەی خۆی بـکات، هەمـوو ئەوانـە گرفتیان

تێدەکەوێت و لەبار دەچن و سەرەنجام کەسایەتیی منداڵەکەشی لەبار دەچێت. کەسایەتی کە لەبار چوو، لە تەمەنی گەورەییدا ژیانێکی سەخت و ناخۆش دەژییێت. ئەوسا ڕەفتارەکانی نائاسایی دەبن، تیپی کەسایەتی لەوانەیە بە جۆرێک هەڵکەوێت کە دەوروبەر تەحەممولی نەکەن و هەروەها خۆیشی ئازار بخوات. نەخۆشییەکانی دەروونی زۆرن، دەرگایان لەسەر دەکرێتەوە ئینجا هەر منداڵە و بەپێی بارودۆخی ژیانی و ئەو ڕێڕەوەی پێیدا دەڕوات دەست دەکات بە چەمانەوە. ئەو کەسانەی کە لە دەوروبەری منداڵەکەن و ئەو ڕەفتارانەی لەگەڵی دەکەن و ئەو گوفتارانەی پێی دەگوترێن، شوێنی ئاگالێبوون و بەخێوکردنی، دەشێت هەموو ئەوانە هەستی جیاجیا بە کۆرپە و منداڵ بدەن، کەسایەتی بە جۆرێک درووست بێت کە لەرزۆک و بە گومان و شێواو بێت و متمانە نەکات نە بە دنیا و نە بە دەوروبەر و نە بە خۆی.

نەوزاد کە لەدایک دەبێ بە حوکمی غەریزە و ئەو ئامادەییەی لە سکی دایکدا پەیدای کردووە، بە داوی خواردن و ئارامی و لە باوەشگرتندا دەگەڕێ. بۆیە دایک بۆ نەوزاد نەک زەروری بەڵکو حەیاتییە تا بتوانێ بەو ئاشناییەی لەگەڵ ئەودا هەیەتی، پێویستییەکانی بەردەوامیی خۆی دابین بکات. نەوزاد لەو قۆناغەدا هیچ جیاوازییەک لە نێوان خۆی و دایکیدا ناکات، بۆیە هەردووکیان بە یەکسان دەبینێ. کاتێک شیر دەخوات بە مەمکی دایکەوە دەنووسێت، ئەگەر ساتێک لێی دوور کەوێتەوە وا دەزانێ خۆی دەمرێ و ژیان بەردەوام نابێت، بۆیە زۆر بە گوڕ دەگرییێت. دایک دەبێ هەمیشە لە تەنیشت کۆرپەکەی ئامادە بێت، کەی لە خەو هەڵسا بیگاتێ و شیری بداتێ. ئەو نەوزادانەی دایکیان درەنگ پێیان ڕادەگەن هەست بە ئاسایش ناکەن و قودرەتی ژیانیان لەلا کەم دەبێتەوە. بۆیە چواردە مانگی یەکەمی ژیانی نەوزاد یەکسانییە لەگەڵ دایک و بەبێ ئەوە ناژیێ. لە تەمەنی چواردە مانگی بەسەرەوە لە تێگەیشتنی یەکسانی پاز دەدات بۆ چەسپەندەیی. لەو

تەمەنـدا بـۆ ئـەوەی دایکی لای خـۆی بهێڵێتەوە، توونـد بـە دایکییەوە دەنووسـێ و نایەوێ لێی دوور بکەوێتەوە. ئەگەر دایک منداڵ بە تەنیا بەجـێ بێڵێـت وەک دڕاندنی منـداڵ وایە، چۆن پارچەیـەک قوماش لە ناوەڕاسـتەوە دەدڕێـت منداڵیش لەگـەڵ دایکیدا ئاوهای بەسـەر دێت. تـرس و بێ ئاسایشـی و نەخـواردن لە منداڵدا زیـاد دەکات و بناغەی کەسـایەتییەکەی پـڕ لە نەخۆشـیی دەروونیی جۆراوجـۆر دەکات.

جـا ئەوانـە هەموویان لە یەک کەسـدا کـۆ نابنەوە، جـاری وا هەیە هەمـوو شـێواوییەکان ئەگـەر لـە منداڵێکـدا کـۆ ببنـەوە، لەوانەیە لە گەورەییـدا توانای بەردەوامیی ژیانی نەبێت. هەر ئەوەشـە ژمارەیەک کەس هەن هەرچیی بارودۆخی باشـیان بۆ دەڕەخسێنرێت و هاوکاری دەکرێـن، بـەڵام توانـای بەردەوامیی ژیانیـان نییە و سـەرەدەری لە خۆیـان ناکـەن. بەداخەوە ژمارەیەک لەوانە پەنا بۆ نەهێشـتنی خۆیان دەبـەن یـان زۆر بە ئاسـانی خێـزان تێـک دەدەن و پێوەندییەکانیان دەپچڕێنن. زۆر بە ئاسـانی ئازار بە خەڵـک و خۆیان دەگەیەنن. جا لە بەشـەکانی دادێت باسی تیپەکانی کەسـایەتیی مرۆڤیش دەکەم. ئەوانە هەمووی لە ڕوانگای زانسـتییەوە شـیی کراونەتەوە. سەرچاوەکانیان دیـاری کـراون، بۆیـە ئەگـەر دایک و بـاوک یان هەر کەسـێکی دیکە لە بواری پەروەردەدا کار دەکات، مامۆسـتایە(هەروەها مامۆسـتایانی زانکۆیـش) شـارەزاییەکی باشـیان لـە پـەروەردە هەبێـت، دەتوانـن یارمەتییەکی پەروەردەکردنی باشـی منـداڵ و دواتر مێرمنداڵ و گەنج بـدەن. چونکە ئێمە سـێ قۆناغمان لەپێشـە: قۆناغـی کۆرپەیی، دوای سـاڵونیوێک دەبێـت بە منـداڵ. لە دوو سـاڵییەوە بۆ حەوت سـاڵ، لە تەمەنـی حەوت سـاڵ بۆ دوازدە سـاڵ پێـی دەگوترێـت منداڵی کامڵ و سـەرەتای نەوجەوانـی دەسـت پـێ دەکات، ئـەوەی پێیدەگوترێـت هـەرزەکار و لـە تەمەنی دوازدە بۆ هەژدە سـاڵی، تەمەنی هەرزەکاریی نەوجەوانییە، کە زۆر هەسـتیارە و درووسـتبوونی کەسایەتیی کۆتاییی ئـەو منداڵەیـە. پاشـی ئەوە لە تەمەنی هەژدە سـاڵی بۆ سـەرەوەیە کە تەمەنـی گەنجایەتی دەسـت پێ دەکات.

ئـەو قۆناغانــە ڕەفتــار و زانیاریــی تایبەتــی خۆی دەوێــت، جۆری ئامادەکردنــی ژینگــە و دەوروبەر لەو قۆناغانەش لــە دایک و باوکەوە دەســت پــێ دەکات. ڕوانــگای واقیعبینانــەی لەســەر بنەمای زانســت مشــتومڕ هەڵناگــرێ، وەک هەموو زانســتەکانی دیکە دەبێ تەســلیمی بیــن. ئەمە بەو مانایە نییە پەروەردەکردنی منداڵ و هەڵســوکەوتکردن لەگەڵ دەروونی ئینســان بەو وشــکوبرنگییەی زانست بێت، وەک چۆن مامەڵــە لەگــەڵ نەخۆشــیی دڵ و گــەدەدا دەکرێت یان کاتێک دەســت و قاچ تووشــی برینداری و شــکان دەبێت، ڕاســتەوخۆ ئــاوا مامەڵەی لەگەڵــدا ناکرێــت. بەشــێکی ڕاســتەوخۆ ئاوا زانســتییە و بەشــەکەی دیکەشــی ڕەفتــار و گوفتــارە تایبەتمەندیــی ئینســان و گەشــەکردنی مێشــکە. مێشــک جیاوازی هەیــە لەگەڵ هەمــوو ئەندامەکانــی دیکەی جەســتەی مــرۆڤ، مێشــک لــە ملیــاران خانــە پێــک دێــت، زیاتــر لە ســێ ملیــار و نیــو کۆننێکشــن واتا خاڵــی پێوەنــدی هەن، کــە دەبێ هەموویــان کاری خۆیــان بکەن، ئەمانــە لە کاتی خۆیــدا و لە زەمەنی خۆیــدا، لــە شــوێنی خۆیــدا دەبــێ بجووڵێندرێــن و بهاروژێندرێــن، بگەشــێندرێنەوە، بــۆ ئەوەی منــداڵ لەگەڵ دنیای دەرەوەدا ئاشــنا بێ. کاتێــک لە ســکی دایکــی دەردەچێت لە بەهەشــتێکی خەیاڵییــەوە دێتە دنیایــەک کە ســەرما و گەرما و ســەختی و ناخۆشــی تێدایــە، کۆرپە یەکەمیــن هەســتی سرووشــتیی خــۆی بــە کار دەخــات ئەوەیــە ئایا ئــەو ئاسایشــەی نــاو ســکی دایکی لێــرە لــە دەرەوەش بــۆی دابین دەکرێت؟ هەســتەکانی بە کار دەخاتە گەڕ، وەک برســییەتی و ســەرما و ژان و خۆشــی، گەرمــی. هەروەهــا پێویســتییەکانی ژیانــی دەوێ وەک: دەوروبــەری ئارام، هاوارنەکردن بەســەریدا، ئەمە ڕاســتەوخۆ هەســتی پێدەکات. لە هەســتەوە ئینجا ئیحســاس و خەیاڵ وردە وردە درووســت دەبــن، دوای ئــەوەی بە هێواشــی هەیەجــان و هەڵچوونی منــداڵ دەســت پــێ دەکات، وەک پێکەنین یان گریــان، هاوارکردن یان گــڕوگاڵ، خۆدوورگرتــن یان تێکەڵبوون، زۆر شــتی تریــش کە لێرەدا ناکــرێ هەمــووی ئاماژەی پــێ بکرێت.

ئــەو تایبەتمەندییــەی گەشــەی خێــرا و دابەشــبوونی شــوێنەکانی مێشــکی مرۆڤ کە لە هەفتەی یەکەمەوە دەســت پێدەکات و لە تەمەنی هــەژدە ســاڵیدا کامــڵ دەبێــت. لــە ڕووی فســیۆلۆژیی جەســتەییەوە منــداڵ لــە تەمەنی هەشــت ســاڵیدا کامڵ دەبێــت، هەموو بەشــەکانی لەشــی درووســت دەبن. منداڵ لە هەشت ســاڵییەوە ئامادەیی تەواوی دەبــێ بــۆ خوێنــدن. بــۆ ناســینی تواناییەکانــی، ڕەفتارەکانــی وردە وردە دەردەکــەون کــە چۆنــن، کەموکوڕییەکانی دەردەکــەون. ئەگەر نەخۆشــیی دەروونی هەبێــت وردە وردە دەردەکــەوێ و، ئەگەر زۆر ســاغ بێــت یــان (کە منداڵــی لــەو بابەتــەش هەنــە) ئەویــش توانایییە تایبەتییەکانی خۆی نیشــان دەدات. بۆیە دەڵێن تا هەشــت ســاڵی زۆر زۆر گرینگــە منــداڵ بە شــێوەیەکی زانســتیانە پــەروەردە بکرێت.

مێشــکی ئینســان لــە ســێ ســاڵی یەکەمــدا ٪۸۰ی پڕ دەبێتــەوە. لە ســێ ســاڵی تا هەشــت ســاڵی کات یان زەمەن لای منداڵ زۆر خاوە، بە هێواشــی دەڕوات. بە شــێوەیەکی ئەوتۆ بەراورد کراوە کە بیســت ســاڵی یەکەمــی تەمەنی هەمــوو کەس لــە منداڵییەوە تــا گەنجایەتییە، لــە ڕووی زەمانییــەوە بەرابــەر بە شەســت ســاڵ ژیان. بۆیــە دەبێ هــەر ســەعاتێک و هەرکاتێــک و ڕەفتارێک بۆ منداڵ حیســابی تایبەتی بــۆ بکرێــت. ٪۸۰ی مێشــکی منــداڵ هەســت و هەیەجــان تــا تەمەنی هەشــت ســاڵی پــڕ دەبێتــەوە. ٪۲۰ی مێشــک لــە هەشــت ســاڵییەوە هەمــوو تەمــەن دەمێنێتــەوە. لــەو ٪۲۰ ە ٪۱٦ی تــا تەمەنــی هەشــت ســاڵی پــڕ دەبێتەوە، واتا ٪٤ بــۆ هەموو تەمەنی مــرۆڤ وەک زاکیرە دەمێنێت. بۆیە کەســایەتیی مرۆڤ تا تەمەنی هەشــت ساڵی درووست دەبێت. ئەوکاتە دەتوانرێ کۆمەڵگایەکی تێگەیشــتووی ســاغ و ســەلیم درووســت بکرێ کە لە یەک مانگەوە تا هەشــت ســاڵە، ئینســانی باش درووســت بکــرێ و بارودۆخی باش و تێگەیشــتنی زانســتیانە هەبێت بــۆ پەروەردەکــردن و فێرکردنی منداڵ.

ئینســانی ســاغ لــە ڕووی تەندرووســتی و دەروونییــەوە، شــاد

و ئومێدەوار و گەشبینە، ئەوە لە یەک مانگەوە تا هەشت ساڵە دروووست دەکرێت. بە پێچەوانەوە ئینسانی بێئومێدی بێئیرادەی ڕەشبینی نەگونجاو لە ڕووی ڕەفتار و باوەڕەوە شەل و کوێر، هەر لەو تەمەنەدا درووست دەکرێت. کەواتا منداڵ تا هەشت ساڵە درووست دەکرێت یان وێران دەکرێت. ڕێگای دیکە نییە. ئەو مێژووەی کە ئێمەی کورد و ڕۆژهەڵاتی لە پەروەردەکردنی منداڵدا هەمانە، مێژوویێکە لەسەر نەزانی دامەزراوە. لە کۆندا وایاندەزانی مێشکی منداڵ بەقەد مێشکی ئینسانی باڵغ و گەورە کامڵە، تەنیا عیناد دەکات یان وایاندەزانی کامڵ و تەواوە، تەنیا دەبێ پڕ بکرێتەوە، جا چۆن پڕی بکەیەوە ئاوها دێت. هەرکەسە لەسەر تەجرەبەی خۆی و ئەو بۆماوەییەی لە خێزانی خۆیەوە بۆی هاتووە، هەروەها ئەو باوەڕانەی لە ڕووی ئایینی و کولتوورییەوە بۆی دەهاتن بە کەیفی خۆی کەم و زیاد و تەرکیبی یەکتری دەکردن و ڕوانگایەکی شڕ و شەپرێوی سەقەت بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەلای باوک و دایک درووست دەبوو. هەربۆیەش لە مێژوودا هەتاکو پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، بیرکردنەوە لە ئینسانی ساغ زۆر زۆر زەحمەت بوو. هەتا ئەگەر منداڵ بە توانابییەکی ژێنەتیکی زۆر باش و سەلامەتیشەوە لەدایک بووبا، لە ڕووی پەروەردە و فێرکردنەوە ئەو زەمینەیە نەبوو کە بگەشێتەوە.

لە تێگەیشتنی واقیعبینانەی ئەم ڕۆژگارەدا، خاوەنداریێتی و مڵکایەتی بەسەر منداڵەوە کۆتایی دێت. باوک و دایک ئەرکی سەر شانیانە کە منداڵ باش بەخێو بکەن، باشی فێر بکەن، باشی پەروەردە بکەن. «باش» بە مانای زانستی، واتا پڕ لە بەدواداچوونی زانست و زانیاریی ڕۆژانە. ساڵانە زانیاریی نوێ دەکەوێتە سەر ئەم بوارە، بە ڕاهێنانی خۆیان لە ڕووی ڕەفتارییەوە دەتوانن ئارام و گونجاو لەگەڵ منداڵدا ڕەفتار بکەن. بیر لە تەمبێکردن و لێدانی منداڵ نەکرێتەوە، بە هیچ شێوەیەک منداڵ بە لێدان یان تەنبێکردن پەروەردە وەرناگرێت و شتێک فێر نابێت. بە پێچەوانەوە، منداڵ بە لێدان وێران دەبێت،

لە بەرانبەر ڕەفتاری خەشن و زبری دایک و باوک یان دەوروبەر، منداڵ وا تێدەگات کە ئەم دنیایە هیچ ئاسایشی تێدا نییە و کەس ئەوی خۆش ناوێ. وا لە مێشکی تۆمار دەبێت کە هەموو مرۆڤەکان خراپن و ژیان هیچ مانایەکی نییە جگە لە سەختی، ئەو سەختییانە هیچ مانایەکیان نییە کە لە پێناویدا سەختییەکە هەڵبیگری. بۆیە کە گەورە دەبێت ئەو مرۆڤانە بە شێوەی جیاجیا زیان بە خۆیان و بە کۆمەڵگا دەگەیەنن. دەبێ بزانن بە خشوونەتی گووتەنی بە دەنگی بەرز کە بەسەر منداڵدا هاوار دەکرێ، کە بێدەنگ دەبێت، واتا سیستەم و مێشک دەکوژێنێتەوە هیچ وەرناگرێت.

ئەگەر لە تەمەنی خۆی زیاتر ڕەفتار و زانیاری بەسەردا بسەپێنرێت دیسان دادەمێنێت، دامانی واتا قەپاتکردنی مێشک کە هیچ وەرناگرێت. کاتێک منداڵ ڕاهات لەسەر قەپاتکردن و داخستنی سیستەمی مێشکی خۆی، منداڵێک دەبێت هیچ متمانەی بە دەوروبەری نامێنێت، ئامادەیی تێگەیشتنی هیچ شتێکیشی نابێ. زانایانی بواری دەروونددروستی و پزیشکیی مێشک، نموونە بە ئاژەڵەکان دێننەوە: هیچ ئاژەڵێک نییە بە لێدان دەستەمۆ کرابێت. بەپێچەوانەوەیە، هەموو ئاژەڵەکان بە ڕەفتاری نەرم و بە پاداشت، واتا بە خواردن پێدان و نەوازشکردن دەستەمۆ دەبن و ئەو ڕەفتارانە دووبارە دەکەنەوە کە زۆر جار لە سێرک وماڵەوە کەسەکان لە ئاژەڵەکانی خۆیان دەوێت. هەمان سرووشتیش لە مرۆڤدا هەیە، چونکە مرۆڤ لە پێشەکیشدا بەشێکە لەم سرووشتە، بەشی هەرەزۆری لە ڕووی بایلۆژی و زیندەوەرناسییەوە ملکەچی یاساکانی سرووشتە. وەک هەموو ئاژەڵ و داورودرەختی ئەم دنیایەیە. تەنیا لە بەشی مێشک و بیرکردنەوە و ژیانی کۆمەڵایەتییە کە قۆناغی دووەمی ئینسان دەست پێ دەکات کە بریتییە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتمەندییەکی دیکە بە مرۆڤ دەدات کە جیاوازە لە بەشەکەی دیکەی سرووشت. هەر ئەوەشە ئاژەڵەکان و درەخت و گیاکان بە ناسنامەی کاملی خۆیان لەدایک دەبن. واتا کە بەچکەیان دەبێت یان تۆیان دەڕژێت و شین

دەبــن، پاش ماوەیەکــی دیاریکراو دەبێتە ئەو ئاژەڵــە یان ئەو درەختە یــان ئەو گیا و گوڵە کــە چاوەڕوان دەکرا، تەنیا ئــاودان و ئاگالێبوون و ســەرما و گەرمای گونجاوی دەوێت. هیچ پــەروەردە و فێرکردنیان ناوێــت. بــە پێچەوانــەوە، مرۆڤ لــەوە جیاوازە. مرۆڤ جــاری یەکەم لــە دایــک دەبێ، ئینســان نییــە، وەک وجــوود لەدایک دەبێــت، دوایی پــەروەردە وەردەگرێت. وەکو وجوود و وەکو جەســتەیەکی بەشــێک لــە سرووشــت لەدایــک دەبێت کە ئامادەیــی تێدایە بکرێت بە ئینســان و لــە پرۆســەی بەخێوکردن و فێرکــردن و پەروەردەکردنە کە دەبێتە مــرۆڤ. نموونــەی ناســنامەنەبوونی مــرۆڤ لەگــەڵ لەدایکبوونیدا لە مێــژووی مرۆڤایەتیــدا زۆرن. لــە لێکۆڵینــەوەی مێــژووی دەروونیدا زۆرن ئــەو منداڵانــەی کەوتوونەتە ناو جەنگەڵ و ئاژەڵ و دارســتان، یــان وەک تاقیکردنەوە نەیانهێشــووە لەگــەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا تێکەڵ بــن و گوێیان لە قســە ببێــت، بۆیــە نەبوونەتە مرۆڤ، نــە زمان باش فێربوونــە، نە ڕەفتاریــان لە ئاژەڵ زۆر جیــاواز بووە.

منــداڵ لــە تەمەنــی دوازدە ســاڵییەوە دەبێتــە خاوەنــی ناســنامەی ئینســانیی خۆی، ئەو ســیفەتانەی لێ دەردەکەون کە ئینســان هەیەتی. منــداڵ دەبــێ لە یەک مانگییەوە تا دەگاتە هەژدە ســاڵی، لە پرۆســەی پەروەردەدا هەمیشــە پشــتیوانی بکرێت. ئەرکی ئینســان بە گشــتی و ئــەو دەوروبــەرەی کە پــەروەردەی دەکەن وەک قوتابخانــە و دایانگا و باخچــەی ســاوایان و شــوێنەکانی یاری، ئــەو دائیرەیەش بچووکتر بکەینــەوە وەکــو مــاڵ و دایــک و بــاوک و ئەگــەر خوشــک و بــرای گەورەتــری هەبــن، ئەرکی ئــەوان ئەوەیە هەمیشــە پشــتیوانی منداڵ بــن، هەمیشــە ئارامــی بۆ درووســت بکەن، هەتــا ئەگەر هەڵــە بکات، هەڵــەی گــەورەش بکات، جاری یەکەم پشــتیوانی بکەن، بــەو مانایەی بیپارێــزن و کەشــێکی ئارامــی بۆ درووســت بکــەن، دواتــر یارمەتی بــدەن بــۆ ئــەوەی بزانێــت چ شــتێک زیانی پــێ دەگەیەنێــت و ئەگەر جارێکــی دیکە نەیکاتەوە خۆشــیی پێدەگەیەنێت. منداڵ پێویســتە وەک خــۆی ڕەفتــار بکات، پێویســت نــاکات هیــچ کەتەلۆگێک بــۆ ڕەفتار و

هەڵسوکەوت لای دایک و باوک هەبێت. منداڵ بە سرووشتی خۆی جووڵە دەکات، دەتوانێت وردە وردە فێری خواردن بێت، ئەگەر ئاسایشێکی باشی بۆ دابین بکرێ، هەمیشە یاریی لەگەڵ بکرێت، زۆر نازی بدرێتێ، دەست بە پشتەسەری دابهێنرێت، کە من ئەوە بە وشەی نازپێدان مانا دەکەم.

نازپێدان زۆر پێویستە، چونکە ئەوە هاوسەنگیی کیمیاوی و فیزیایی و دەروونی و هاوسەنگیی پرۆسەی ناو مێشکی منداڵیش درووست دەکات. بۆیە پێویستە جگە لە یاریی لەگەڵکردن، زۆر ناز بکرێت، دەست بەسەر و پشتیدا بهێنرێت، هەروا بە هەموو لەشیدا. دەبێ ئەو ڕەفتارە کاتی نەبێ و بەردەوام بێت، چونکە لەو ڕێیەوە ئەو سێ ملیار و نیو کۆنێکشنەی لە مێشکیدا هەن دەبوژێنەوە و شوێنی خۆیان دەگرن و دەست دەکەن بە ئەنجامدانی ئەرکەکانی خۆیان کە یارمەتیدانی جەستەی مرۆڤە بۆ ئەوەی سەلامەتی خۆی دابین بکات، باش لە دەوروبەر تێبگات و باش ڕەفتار بکات.

واز لە منداڵ بێنن با بگری، پێبکەنێت، خۆشحاڵ بێت، ناڕازی بێت. ئەوانەی لەماڵەوە منداڵیان هەیە، بڕیاریانداوە منداڵ گەورە بکەن، دەبێ پێشەکی خۆیان ئامادە بکەن، بە جۆرێک ماڵەکەیان ڕێک بخەن کە زیانی گیانی بە منداڵەکە نەگەیەنێ، بەڵام ئەم منداڵە بە کەیفی خۆی بەو ژوورانەی کە لێیەتی دەگەڕێ، تێکوپێکی دەدات، کەشفی دەکات، تێکەڵی دەکات، سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکات. دایک و باوک تەنیا دەبێ ئاگایان لێی بێت تا زیان بە خۆی نەگەیەنێت. هەڵبەت جاری وایە زیان بە ماڵ دەگەیەنێت، شت دەشکێت و شتەکانی ناو ماڵ تێک دەدات. هەر لەم قۆناغەدایە منداڵ نابێ ناچار بە جۆرێک لە یاری بکرێت کە حەزی لێ نییە، یان کەسوکار و دایک و باوک و ئەوانەی دەوروبەری بە کەیفی خۆیان هەڵسن یاریی پێ بکەن، هەڵیپەڕێنن و ماچی بکەن، ئەوانە هیچ پێویست نییە. منداڵ نە حەزی لە ماچکردنە، نە حەزی لە

هەڵپەڕاندنـــە. ئەو جـۆرە هەڵپەڕاندنەی لە ناو کۆمەڵــگای کوردەواریدا هەیــە منــداڵ دەتۆقێنێت. هیــچ منداڵێک نییــە کاتێک کــە هەڵیدەپەڕێنن پێبکەنێــت، هەندێــک جاریش کــە پێدەکەنێت ئەوە ترس و هیســتریایە، چونکــە پەیامــی زۆر هەڵە بە مێشــکی منداڵ دەدات، پەیامی مەترســی و خەتــەری پێــدەدات. ئــەم هەڵپەڕانــدن و ماچکــردن و جــاری وایە یاریکردنــە توونــدەی لەگــەڵ منداڵــدا دەکرێــت، گــەورەکان بۆخۆیان زیاتــر پێویســتیانە و ئــەو منداڵــە لێــی بێــزارە. ئــەوە بێمتمانەیــی و پەیامــی هەڵە لە مێشــک و کەســێتیی منداڵەکەدا درووســت دەکات کە لــە گەورەییدا لێــی دەردەکەوێت.

منــداڵ پێویســتە وەکو خــۆی یاریی بــکات و هاویــاری هەڵبژێرێت. نابــێ ناچــار بکرێــت لەگــەڵ هیچ کــەس یاری بــکات کە خــۆی حەز نــەکات. هەربۆیــە ئەگــەر دایــک و بــاوک ئــەو زانیاری و ئەو شــێوە پەروەردەیــە نەزانــن و خۆیــان ڕانەهێنن، وەک دایــک و باوکی نەزان و شکســتخواردوو، منداڵــی ســەقەت و شــێواو بــار دەهێنــن، کــە لە گەورەییــدا نــە منداڵەکــە تــام لــە ژیــان دەبینــێ، نــە دایــک و باوک دەحەســێنەوە. ئازاری زۆری دایک و باوکانــی کۆمەڵگای کوردەواری ئەوەیــە دەڵێــن: تا منــداڵ گەورە نەبێــت داخت ناداتێ. ئــەو داخە هیی پــەروەردەی هەڵــەی دایــک و باوکــە بــۆ منداڵــەکان. لــەوەوە دەڵێن منداڵ بە ســتوونی گەشــە دەکات. لەشــی گــەورە دەبێــت، دەگۆڕێت، ئەگــەر ســاغ و ســەلامەت بێ بەهێز دەبێــت. بەڵام بە ئاســۆیی (افقی) پــەروەردە دەکرێــت و ئامادە دەکرێــت. واتا مێشــکی خانەکانی خۆی پــڕ دەکات لــە زانیاری و تێگەیشــتن و جۆری ڕەفتار و لە پڕۆســەی بیرکردنــەوەی بــاش، هەڵبــەت ئەگــەر بــە باشــی پــەروەردە بکرێت. پێچەوانەکەشــی ئــازارە ئەگەر بــە هەڵە پــەروەردە کرابێت.

تایبەتمەندیی مێشــک لەوەدایە و لایەنێکی سەرنجڕاکێشــی چۆنیەتیی ئینســانیەتی مرۆڤە، ئەو تایبەتمەندییەی مێشــکە لە سرووشتی ئاژەڵان جیامــان دەکاتــەوە. لەوەیە منــداڵ وەک جەســتە لەدایک دەبــێ، بەڵام

ناســنامەی ئینســانیی خۆی لە پەروەردەدا وەردەگرێ. ئێمە پێچەوانەی ئاژەڵ و درەختەکانین کە هەر لەگەڵ لەدایکبوونیان ناســنامەی خۆیان، واتا وەســف و سرووشــتی حەیوانییان دەردەکەوێت. هەربۆیەشــە کە بەچکــەی ئینســان (کۆرپــە) زوو لەدایــک دەبــێ. چونکە دایک لەســەر دوو پــێ دەڕوات، ناتوانێ ماوەیەکی درێژتر لەســەر پێ بوەســتێ بۆیە بەشــێکی زۆری تەواوبوونی مێشــک و جەســتەی کۆرپە لە دەرەوەی ســکی دایکــدا کامڵبوونــی خۆی وەدەســت دێنــێ. ئەوە پێویســتی بەو زانیــاری و ئاگالێبــوون و ڕەفتارانەیــە کــە بــە ئەزموونــی زانســتی ســەلمێنراون بــۆ پێگەیاندنی منــداڵ. جا ئەوەیە منداڵ کە بە جەســتەی خــۆی ئــاگات لێــی ببــێ و گەشــە بــکات و بەهێــز دەبــێ و جووڵەی خــۆی دەگۆڕێت. دەبێ بە مێشــکی خۆیشــی پێبگات بۆیــە ژینگەیەکی باشــی دەوێ و نابــێ گوشــاری بــدرێ و ئــازاری بــۆ بێت. پێویســتە ئــازاد بکرێ، قســە و یاری لەگــەڵ بکرێت و میهرەبانــی بدرێتێ، خۆی یارییەکانــی هەڵبژێرێت، خــۆی برادەرەکانی و ئەو شــوێنەی دەیەوێت هەڵیبژێرێت، ئەو شــوێنەی دەیەوێت کەشــفی بکات. سرووشــتی منداڵ وەک سرووشتی سەگ و پشیلە وایە کە هەرچی کون و قوژبنی ماڵ و ژینگەی خۆی کەشــف دەکات، ئــەو یارییانەی هەیەتی لێکیان دەکاتەوە. زۆر دایــک و بــاوک وا دەزانن منداڵەکەیان حــەزی لە خراپکردنە، بەڵام بــە پێچەوانــەوە ئەوە حەزی لــە کەشــفکردنە، بۆیە دەبــێ لێی گەڕێن بۆخــۆی یارییەکانــی خۆی لەبەریــەک دەربێنێت، ئەگــەر توانی تێکیان بخاتــەوە ئەوە باشــە، ئەگــەر نەیتوانی دەکــرێ هــاوکاری بکرێت یان هــەر ئاوا بەجــێ بهێڵرێت. زۆر ئاســاییە منداڵ بن مێــز و مۆبڵ و پەنا و پەســیوی ماڵ خۆی لێ بشــارێتەوە و بچێتە بنیــان. ئەوانە هەمووی بــۆ ئــەو پێویســتن و نابێ بە هیــچ شــێوەیەک ڕێی لێ بگیرێــت، تەنیا دەبێــت ئاگاداری بــن زیانی جەســتەیی پێ نەگات.

لێــرەدا پێویســتە ئاماژە بە ســێ چەمــک بکەم. لە ئاژەڵانــدا غەریزە هەیــە، ئێســتا لــە دەرئەنجامــی لێکۆڵینــەوەی زانســتیی ناوەنــدە زانســتییەکانی زۆر پێشــکەوتوو گەیشــتوونەتە ئــەو دەرەنجامــەی

مــرۆڤ وەکــو ئــاژەڵ خاوەنی غەریــزە نییــە، بەڵکو خاوەنــی درایڤ یــان بگێــڕ یــان ســایقە. واتــا هەمان حــەزی هەیــە، بــەڵام گۆڕانێکی بەســـەردا هاتووە کە پێوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ عەقڵ بۆ درووســـت بــووە. ئــەم ســێ درایڤەی کــە ئینســان هەیەتی: ســێکس، ئاســایش، خۆسەلماندن.

غەریــزە بریتییە لە حەزێک کە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە، خزمەتی ئــەو گیانــدارە دەکات کە ئــەو غەریزەیــەی تێدایــە، ناخودئاگایە، واتا حەتمــەن دەیــکات، ڕێکخراوە، بە ڕێوشــوێنی تایبەتــی خۆیدا دەڕوات و دووبــارە دەبێتــەوە، ئامانجی هەیە. هەربۆیەش ســێکس لە ئاژەڵاندا هــەر کە کات هات بە شــێوە حەیوانییەکەی خــۆی دەکرێت، یان کاتێ تینووە، برســییە ئەو کات دەخوات، هەروەها شــێوەی خۆپاراســتن و تێکەڵبوونــی ئاژەڵان دیارە چۆنە. ئەو شــێوە ڕەفتار و وەدەســتهێنانە لە ئینســاندا گۆڕانی بەســەردا هاتووە. پێویســتیی ســێکس بە هەمان ئامانــج کــە لە ئاژەڵانــدا هەیە بــۆ ئینســانیش دێت، بەڵام لە مێشــکی مرۆڤــدا مامەڵەیەکــی دیکــەی لەگەڵــدا دەکرێــت. واتا پێویســـتە دابین بکرێــت، پەروەردە بکرێت و ڕێی لێ نەگیرێت، هەمووی ڕاســتە، بەڵام ئەمە ڕێوشــوێنی ئینســانی هەیــە. هەربۆیە دەبێ لە ئینســاندا زانیاری و فێرکــردن و پەروەردەکــردن لــە تەمەنــی یەک ســاڵەوە تــا هەژدە ســاڵی، بە شــێوەی ئەوتۆ بێت کە خزمەتی ئەو کەســە بکات و لاییقی مــرۆڤ بێــت. هیچ باوەڕێکی خورافی و کولتــووری و داب و نەریت و دینــی بۆ پەروەردەی سێکســی بە کەڵــک نایەت تەنیا زانســت نەبێ.

ئــەدی بۆچــی ســێکس لــە مرۆڤدا غەریــزە نییــە بەڵکــو درایڤە یان بگــەڕە؟ جیاوازییەکــە لەوەدایــە چونکــە ئینســـان دەتوانــێ حــەزی سێکســیی خــۆی بەرزەفــت بــکات و ڕێکــی بخــات. کەســانێکی زۆر هەنــە بــە درێژاییــی ژیانیــان خۆیــان لە ســێکس بێبەش دەکــەن. جا ئــەوە لــە ئایینەکانــدا هەیــە، هەروەهــا لــە کەسەکانیشــدا هەیــە، یان دوایــی دێینە ســەری کە بەشــی هــەرە زۆری مرۆڤــەکان ئەگەر باش

پــەروەردە بکرێــن، دابینکردنی مەیلی سێکســی خۆیان لــە تەمەنێکی دیاریکــراودا بە پــەروەردەی دیاریکراو و بەو شــێوازەی کە خزمەتی کەســایەتیی دەروونــی ئەو دەکات دابیــن دەکات و هاوبەشــی ژیانی خــۆی دەدۆزێتــەوە، ئەوەش بە قۆناغــی جیاجیــادا دەڕوات تا دەگاتە ئەڤین(عەشــق). ئەڤیــن گەورەتریــن قۆناغی پڕۆســەی ناو مێشــکە بۆ دابینکردنــی ســێکس لەلای ئینســان، ژن یــان پیاو بێت جیــاوازی نییە.

دووەمیــن درایڤی ئینســان حــەزی خۆپاراســتنە. خۆپاراســتن نەک حــەزە بەڵکو پێویســتییەکی ژیارییە لای ئینســان، ئەویش ئەگەر وەکو ســێکس دابین نەکرێت، مــرۆڤ متمانەی بە دنیا نامێنێت، هەســتەکانی دەشــێوێن، ئــەو پەیامانــەی کە لە مێشــکدا تۆمــار دەبــن، پێچەوانەی حەقیقەتــن و بۆیــە دەبینین نەخۆشــییەکانی دەروونی لــێ پەیدا دەبێ.

ســێیەمین حەز یان درایڤ سەلماندنی خۆکردنە، یان خۆدۆزینەوەیە لــە نــاو کۆمەڵگادا. مــرۆڤ پێویســتە کار بــکات و ڕاهاتبێــت، کارێک بــکات کــە لەگــەڵ توانــا و حەزەکانــی خۆیدا دێتــەوە، هەر بۆیەشــە ئینســان گــەر کار نــەکات، بــە هەبوونــی بەشــەکانی دیکــەی ژیانــی ناتوانێــت ســەقامگیر بێت و ئینســانی بــێ ئیش بەرەو نەمــان دەچێ. جیاوازیــی مــرۆڤ لــە ئــاژەڵ لەوەدایە کــە حەزەکانی(غەریــزەی) لە شــێوەی تایبەتین ناویان لێ ناوە درایڤ. ئەگەر وانەبوایە، ئینســانیش وەکــو ئاژەڵ دەبــوا بە هەموو شــێوەیەک نیازەکانی سێکســی خۆی دابیــن بکات. بۆ خۆپاراســتنیش وەکو حەیوان یــان پەلاماری دەدا یان ڕایدەکرد بۆ شــوێنێک. ئەوســا شــتێک بە ناوی وجوودی کۆمەڵایەتی درووســت نەدەبــوو کە پێویســتی بە ســەلماندن بێت.

هەربۆیــە ئــەو ســێ درایڤە لــە ئینســاندا کــە هاوتای غەریــزەن لە ئاژەڵــدا، کاتێــک باش لەســەری ڕابهێنرێت و ســەلامەت پارێزرابێت و پــەروەردە کرابێــت، لە کاتــی هێنانەدییاندا ئارامــی و باوەڕبەخۆبوون و ســەقامگیرییەکی زۆر دەبینــێ، کــە ئینســان خــۆی بەهێــز و هــەم بــە تێکەڵ و پەســند دەبینێتەوە، هــەم وا هەســت دەکات ئامانجەکانی

هاتوونەتــە دی و، گەشــانەوەیەکی زۆریــش لــە مێشــکیدا درووســت دەبێــت بۆ ئــەوەی تواناییەکانی دیکەی لە بــواری کار و بیرکردنەوەدا بگەشــێنەوە. بە پێچەوانــەی ئەوە، ئەگەر حەزەکانی مــرۆڤ ڕێیان لێ بگیرێــت ئەمــە ســەرکوتی و تەپەســەری (چەپاندن)ی لێ درووســت دەبێــت، کــە پێــی دەگوترێــت «کبــت». جــا تەپەســەریی جنســی لە هەرە مەترســیدارەکەیەتی، تەپەســەری لە خۆپاراستنیشــدا هەست بە ئەمنیــەت نــەکات و تەپەســەری وجــوودی و کۆمەڵایەتییــش ئەوەیە بــاوەڕی بەخــۆی نەبێــت هیــچ کارێــک بــکات، یــان بــە پێچەوانەوە بــاوەڕی بــە خەڵکی تــر نەبێت. ئەو کەســانەن کە بە شــێوەی جیاجیا لــە پێوەندیــی کارکردنندا ئازار بە دەوروبەریــان دەگەیەنن، جا ئەمە لە کاری ســادەی بەرهەمێنانەوە بگرە تا دەگاتە کاری فکری و سیاسەت.

هەربۆیــەش حەزەکانی ئینســان ئەگەر پــەروەردە و فێرکردنی باش نەکرێــت و بــە ڕێگای ئاســاییی خۆیاندا پشــتیوانی نەکرێت بۆ ئەوەی کــە بێنــە دی، مــرۆڤ دادەڕمێنێت. یان دەیشــێوێنێت، ئەگــەر بێنە دی دەیگەشــێنێتەوە بەهێزی دەکات بۆ ئەوەی پێش کەوێت. ئەو ئینسانەی کــە درایڤەکانــی تەپەســەر و کەبــت دەکرێت لە بــواری خۆیدا، جاری یەکــەم دادەڕمــێ، جــا هەندێک لــەو داڕمانانە تەســلیم دەبــن، وێران دەبــن، هەندێکی دیکە ئــازار بە خەڵک دەگەیەنــن و قەرەبووی خۆیان بــەوە دەکەنــەوە، هەندێکی تریش بــە پلیکانەدا ســەردەکەون و بەرەو بــاڵا دەڕۆن. ئەمــە لــەو جۆرانەیــە کــە لــە بوارێکــی دیکــەدا حەز و ئیســپاتی خۆیــان دێننــە دی. بــۆ نموونــە منداڵێک یان کەســێک کە لە بــواری جنســی و شــێوەکانی دیکەی ڕەفتــار و ماڵــەوە و دەوروبەر ئــازاری پــێ گەیانــدووە متمانەی بە خەڵــک کەم بووبێتــەوە، لەوانەیە باڵاڕۆیشــتنەکەی بەو ئاراســتەیە بێــت بییەوێت ئەو دنیــا خراپە، ئەو دنیــا بــە ئازارە پتر بناســێت و پتــر بیگۆڕێت، بۆ ئەوەی ئاســایش بۆ خــۆی و بۆ ئینســان دابین بــکات. بەشــی زۆری زانــاکان و ئەوانەی هەمــوو ژیانــی خۆیــان لــە کتێبخانــەکان و لێکۆڵینــەوەی زانســتیدا دەبەنە ســەر، لەوانــەن. هەڵبەت تیپی تریش هەن کــە دواتر ئاماژەیان

پێدەكـەم. بەوپێیە هێزی گەشـەكردن لە ئینسـاندا زۆر لاوازە و دەبێ زەمینـەی بۆ دابیـن بكرێت، یارمەتـی بدرێت ئینجا ئینسـان دەتوانێت گەشـە بـكات. ئەوە بـە پێچەوانـەی ئاژەڵـەكان، كە زەمینـە و هێزی گەشـەكردن لـە ئاژەڵـەكان و گیـاكان و درەختەكانـەوە یەكجار زۆر بەهێزە، هەر لێیانگەڕێی یەكسـەر دەبنە خۆیان. درەختی سـێو دەبێتە سـێو و سـێو دەدات، گامێش و مانگا لە بەچكەییەوە دەبنە ئەو ئاژەڵ و مانـگا و مـەڕەی سـەر بەوێندەرێیە. بـەڵام مرۆڤ ئەگـەر یارمەتی نەدرێت لە پرۆسـەی گەشەكردندا تووشـی شكان و پاشەكشە دەبێت، شـكان و پاشەكشـێیش ئاسـەواری زۆر تێكدەری لە ژیانی ئینسانەكە خۆیـدا هەیـە و لە داهاتـوودا لەكاركـردن و درووسـتكردنی خێزاندا هەروەهـا لـە ئازاردانـی كۆمەڵگایش، ئەوانـەی كە بە ئاسـانی خەڵك دەكـوژن، ئەوانەی خۆكوژین بەرهەمی ئەو شـكان و پاشەكشـەیە كە لە پرۆسـەی درووستكردنی ئینسـانەكاندا دەكرێت.

هەربۆیـە ئاژەڵـەكان و درەخت و گیـاكان بە ئاسـانی دەگەنە پلەی كامڵبوونی خۆیان، بەڵام ئینسـان لە پرۆسـەی پەروەردە و پێگەیشتنی ژیانـی خۆیـدا زۆر بـە زەحمەت كامـڵ دەبێت و بە زەحمـەت دەگاتە ئـەو پلەیـە لـە ئینسـانییەت كە لـە حەقیقەتدا لێـی دێـت، هەربۆیە لە سـەدا ڕێژەیەكـی كـەم لـە ئینسـانەكان دەگەنـە كەماڵ یـان كامڵیی خۆیـان. ئەمەش بێگومان ڕوانگا و شـێوازی پەروەردە دیاری دەكات. ئەگـەر ئێمە كولتوور و نەزانی و ڕێوڕەسـمیش تێكەڵ بكەین، شـێوان و وێرانبوونەكە زۆر قـووڵ دەبێتەوە.

زۆربەی ئینسـانەكان لە قۆناغێكی دیاریكراوی ژیانیاندا دەچەمێنەوە، دادەمێنـن و چـۆك دادەدەن. ئـەوە لـە ڕەفتـار و بیروباوەڕەكانیـان كـە ناگونجێ لەگـەڵ ژیـان و بەرژەوەندیی خۆیـان و دەوروبەریان، واقیعبینیانـە نابـن، سـەرەنجام زەبر لـە خۆیان و دەوروبـەر دەدەن. هەربۆیـە مێشـك كـە ئیشـی ئەوەیـە سیسـتەمەكەی زۆر وردە و پارێـزگاری لـە جسـم، پارێزگاری لـە كائینـی زینـدوو و ئۆرگانیزم

بـکات. هەموو پڕۆسـەکانی نێو مێشـک لـە جووڵەوە و لـە نیازەکان و درایڤەکانـەوە بگـرە تـا دەگاتـە ڕوانـگا و کار و ڕەفتـارەکان، ئەو مێشـکەش لـە پڕۆسـەی بەخێوکـردن و پـەروەردە و فێرکردنـدا بە ڕێگای ئاسـاییی خۆی دەبوژێتەوە. ئەگەر هەر نەقسـێکی تێ بکەوێت، هەر ئینسـانە لە شـوێنی دیاریکراودا کە نەقسـی هەبێت، هیی زەبرێک یـان ڕەفتارێکـی هەڵـەی پڕۆسـەی بەخێوکـردن و پەروەردەکردنـە، کـە لە مێشـکدا تۆمارە و ئەو ئینسـانە هـەروا ڕەفتـار دەکات، پێیوایە بـەوە ئاسـایش و ئەمنییەتی خۆی و سـەقامگیریی دابین دەکات. بۆیە دەبینـی هەندێک کەس لـە هەندێک قۆناغدا چەقینـی دەروونی دەکەن، واتـا دەوەسـتن و توانـای بەردەوامییـان نامێنێت، توانـای داهێنانیان نامێنێـت. بـەڵام پێچەوانـەی ئـەوەش هەیە، ئینسـانی سـاغ تووشـی چەقیـن نابێـت ئەگـەر وەقفـەش بـکات لـە ئەنجامـی ماندووبوون و ڕۆتیـن و واقیعبینییـە، بـەڵام هەمیشـە هێـز و وزەی گەشـەکردن و بەرەوپێشـەوەچوون و بیرکردنـەوەی تێـدا مـاوە و هەمیشـە توانای ڕۆیشـتن بـەرەو پێشـەوە و بیرکردنـەوەی ئیجابی و باشـی هەیە.

هەمـوو ئەو هەڵانەی لە ژیانی مرۆڤدا ڕوو دەدەن و دەبنە تەجرەبە، لەلایەکـەوە هەڵـە پێویسـتە، بـۆ ژیانـی کەسـی و کاری گشـتی. لـە هەڵەکـردن مـرۆڤ فێر دەبێـت و بەهێزتر دەبێت، بـەڵام ئەو هەڵانەی ئینسـان وێـران دەکـەن و کۆمەڵـگا تووشـی تەنگوچەڵەمـە دەکـەن، تووشـی جەنگ و نەخۆشـیی گەورە و مەرگ و مردنی ئینسـانەکانی دەکـەن، لە ڕاسـتیدا ئەوە هەمووی لە نەزانـی و نیگەرانی و هەبوونی نیـاز و بێتواناییی ئینسـانەکانەوە دێت. ئەمەش هەمـووی دەگەڕێتەوە بۆ پڕۆسـەی پەروەردە و ئەو چەقینە دەروونییەی تووشـیان دەبێت. ئـەو چەقینە لە کەسـە کاریگەرەکاندا لە ژیانـی کۆمەڵگادا ڕوو دەدەن، بـۆ نموونـە لە سـەرکردەکاندا یـان لـە فەرماندەکانی شـەڕدا یان لە سـەرۆک و ڕابـەری ئاییـن و عەشـیرەتەکاندا کە لە کۆنـدا دەوریان هەبووە و ئێسـتایش لە زۆر شـوێندا دەوریان هەیە. ئەمانە هەموویان ڕەگوڕیشـەی فەردییان هەیە، ئەو پڕۆسێسـە لە بەخێوکردندا هەبووە

دوایـی لە پڕۆسـەی پەروەردەکردن لە مێشـکدا بە شـێوەیەک تۆمار بـووە کـە لە قۆناغێکدا ئـاوا دادەمێنێت یان ئاوا دەسـت بە وێرانکردن دەکات.

لـە مێژووی مرۆڤ بۆ پـەروەردەدا، ترسـاندن و تەنبێکردنی منداڵ بـە شـێوەیەکی تایبەتـی وەکـو شـێوازێکی پەروەردەکردنـی بـاش زانـراوە بـەڵام ئـەوە باوەڕێکـی هەڵەیە. لـە منداڵدا تـرس هەیە بەڵام وەک میکانیزمێکـی خۆپاراسـتن و دابینکردنـی ئاسـایش بـە کاری دێنێـت، ئـەوە لـە مرۆڤـی تەمـەن گەورەشـدا دەمێنی و بەشـێکە لە پێکهاتەی سیسـتەمی عەسـەبی مرۆڤ. هەڵبەت لە ئاژەڵانیشـدا هەیە، بـەڵام بە شـێوەی جیاواز. لـە منداڵدا حەزی کەشـفکردن هەیە، ئەگەر مەجهـول هەبـوو بەدوایدا دەگەڕێـت، ترس لەلایەن دایـک و باوک و دەوروبـەرەوە لـەلای منـداڵ زۆر دەکرێت و دەبێتە مایەی شـڵەژانی. ترسـاندنی منـداڵ بە مانـای نەهێشـتنی ئاسایشـە، متمانەنەکردنە بە هیـچ کـەس، ئـەوە زۆر مەترسـیدارە، پڕۆسـەی تێکدانـی مێشـک و شـێوانی دەروون لـە منداڵـدا درووسـت دەکات. تەنبێکـردن جا چ بە قسـە بێـت یان بە لێدان بێت، دوورە لە سرووشـتی منـداڵ و هەرگیز تێینـاگات، تەنیا شـتێک کـە وەریدەگرێـت وا دەزانێ ئـەم دنیایەی کە ئـەو تێیدا دەژی ئـازاردەرە، ئەوانە حەز لە ئازاردانـی من دەکەن یان ئەوانـە خراپـن، یان وا بیر دەکاتـەوە دەڵێت من خراپـم. یان هەردوو لامـان بەیەکـەوە خراپیـن. کە لـە هەموو ئـەو دەرەنجامانـەی کە لە مێشـکدا ڕوو دەدات، تیپی شەخسـییەتی جیاجیای لێ هەڵدەکەوێت کە لـە گەورەییدا ئازاری خۆیـان و کۆمەڵگا و لەم زەمانـەدا هیی هەموو بەشـەریەت دەدەن. هەربۆیـەش ترسـاندن و زبـری و تەمبێکـردن و خشـوونەت بە هەر شـێوەیەک بێت دەگەڕێتەوە بـۆ باوەڕ و ڕەفتاری کـۆن و، ئەو منداڵە لە گەورەییەدا بۆ ڕەفتاری خەشـن و تۆڵەکردنەوە و ئازاردانـی دەوروبـەر ئامـادە دەکات. هـەر ئەوەشـە بیروباوەڕ و ڕەفتـاری زۆر زبـر و ئازاردەری لێ درووسـت دەبێـت، هەر لە لێدان و کوشـتنی خەڵکەوە، تا دەگاتە درووسـتکردنی جەنگ و شـەڕی زۆر

گـەورە یان ئـەو تەنگوچەڵەمانەی لەسـەر ئاسـتی وڵات و کۆمەڵگای نێودەوڵەتیشـدا، ڕابەرێک یان سیاسـەتمەدارێک درووسـتی دەکات.

هەموو ئەوانـە دەگەڕێنەوە بۆ مێژووی نەزانانـەی پەروەردەکردنی مـرۆڤ، بۆیـە نابێ لـەم زەمانـە بـە کار بێـن، ئەنجامەکەشـی ئەو جـۆرە کەسـانە دەبـن کـە وەکـو کۆنـن، بەڵام بـە سـیلاحی نوێ و ئامـرازی ئـەم زەمانـە زیـان بـە خۆیـان و کۆمەڵـگای مرۆڤایەتی و خێزانـی خۆیـان دەگەیەنـن. لێرەدایە کـە گرینگیی ڕوانگای زانسـتی بـۆ پـەروەردە دەردەکەوێـت. ئێمـە هیـچ ڕێگایەکمـان لە پێـش نییە ئیلـلا یـەک ڕێ هەیـە، هەموو کەسـێک کە منداڵ درووسـت دەکات، خـۆی ئامـادە بـکات، زانیاریی خۆی زیـاد بکات و، خـۆی ڕابێنێت بۆ پەروەردەیەکی باش. لەم زەمانەدا فێربوون زۆر ئاسـانە، پێشـکەوتنی تێکنۆلۆژیـا وایکـردووە کـە هەریەک لە ئێمـە بە ئەندازەی پێویسـت کـۆڕ و موحـازەرە و کتێبـی بە دەنگ و بـە خوێنـدن و دیکۆمێنت و فیلـم و بـە گێڕانـەوەی مێژووییمان گوێ لێ بێـت و ببینین، دەتوانین قسـەی زانایـان لـە خۆیان یان لەوانـەی باوەڕیان پێی هەیـە و زانان وەکـو ئـەوان، گوێمان لێ بێـت. دەتوانین ڕۆژانـە ئەنجامی موختەبەر و تاقیگەکانـی کۆمەڵایەتـی و دەروونـی و پزیشـکی بزانیـن. لـەو بوارەدا پێشـکەوتنی زۆر بەدەسـت دێت، بۆیە دایک و باوکانی ئەمڕۆ دەتوانـن لە دوێنـێ زۆر زاناتر و بەرهەمدارتر بن بۆ درووسـتکردنی ئینسـان. پێویسـتە مرۆڤی کامڵ درووسـت بکەین، تا سـبەی زۆر لە ئێمەومانـان کامڵتر و تێگەیشـتووتر بن بۆ درووسـتکردنی نەوەیەکی ئینسـانیی ئەوتـۆ کە کێشـەی نەبێت.

# بەشی پێنجەم

## منداڵ لە تەمەنی سێ ساڵی

### چەسپەندەیی و داڕێژانی بنەمای بیرکردنەوە

سـالّی یەکەمـی تەمەنی منـداڵ کۆرپەیە و لە سـکی دایکەوە داخیلی ئـەم دنیایـە دەبێت، کـە زۆر بارودۆخێکـی جیاوازە و ژیان سـەختە. لـە شـوێنی یەکەمی کە سـکی دایکە، لـە ژینگەیەکی ئـارام و ڕاحەت و بـێ جوولـە، کە خواردن لە ڕێـگای تایبەتییەوە دێـت، جەنین ناچار نییـە مامەڵە لەگەڵ هیچ شـتێکدا بـکات. کاتێک لەدایـک دەبێت هەموو ئـەو بارودۆخـە دەگۆڕدرێت و ناچـار دەبێت تواناییـە ژینێتیکییەکانی خـۆی کـە لە زاتـی کۆرپەدا هەیە بەگـەڕ بخات وەکـو: مژینی مەمک، گـەڕان بـەدوای مەمکی دایک، هەسـتڕاگرتن بەدوای دەنـگ و بۆن و ترپـەی دڵـی دایک، هەوڵدانی بێ مـەرج بەدوای خـواردن و ئارامی و خەوتن و ئاسـایش.

ئـەو قۆناغـە لـە سـاڵی یەکـەم و تۆزێـک دەبێتـە چـواردە مانگ، قۆناغـی یەکسـانییە و هەمسـانییە. واتـا کۆرپـە ناتوانێـت بـێ دایک بژیـەت، خـۆی لەگـەڵ دایکـی وەک یـەک دەزانێت، وجـوودی ئەو لە بەردەوامیـی دایکدایـە. کـە خۆی بە یەکسـان دەزانێت لەگـەڵ دایکی،

تواناکانـــی دایکی بە کار دێنێت بۆ ئەوەی ئەو بەشـــە لە گەشەســـەندن و کامڵبوونـــی وەکـــو بوونەوەرێکـــی زیندوو تـــەی بکات. ئـــەو قۆناغە ئاژەڵـــەکان لـــە نـــاو ســـکی دایکـدا تـــەواوی دەکـــەن، واتـــا پرۆســـەی گەشـــەکردن و هەمـــوو توانایيەکانـــی ژیـــان لـــە بەچکـــەی ئاژەڵەکاندا درووســـت دەبێـت. هەربۆیەش کاتێـک لەدایک دەبـــن، دوای کەمتر لە ســـەعاتێک هەڵدەستنە ســـەرپێ، بەدوای مەمکی دایکدا دەگەڕێن، لەگەڵ دایکـدا بـــە ڕێـگادا دەڕۆن و تەقریبـــەن ئامـــادەن لەگەڵ دایـک خۆیان بپارێـــزن، پێویســـتییەکانی دیکەی کـــە هەیانە بە شـــێوەیەکی غەریزی ئەنجامـــی دەدەن. منـــداڵ ئەمـــەی پـــێ ناکرێت و باســـمان کردن بۆچی پێـــی ناکرێت، ئەوە تایبەتمەندیی ئینســـانە کە لەســـەر دوو پا دەڕوات، ژن ناتوانێـــت منداڵ لە نـــۆ مانگ زیاتر ڕابگرێت، چونکە ئەوکات تاقەتی بـــە پێوەوەســـتانی نامێنێـت، لەوانەیـــە بارودۆخـــی دیکـــەی بایۆلۆژی و جەســـتەیی هەبـــن کـــەوا کاریگەرن بەســـەر جەســـتەدا، بۆیـــە بەپێی توانایيەکانی مێشـــکی مـــرۆڤ ڕێبەریکردن و مودیرییەتکردنی لەشـــی دایـک وا بەڕێـوە دەچێت کە جەنیـــن بێتە دنیاوە و بەشـــەکەی دیکەی پرۆســـەی کامڵکردنی خۆی لە دەرەوەی ســـکی دایکـــی جێبەجێ بکات، بـــەڵام بـــە هاوکاریی ڕاســـتەوخۆی دایک دەبـــێ هیچ بەدیلێـک قبووڵ نـــاکات. یانـــی هەردەبێ دایک بێت و کەســـی تر نەبێت. ئـــەو منداڵانەی لـــە دایک بێبـــەش دەبـــن، زەبریـــان بەردەکەوێـــت و بارودۆخیان زۆر ســـەخت دەبێـــت، بۆیە چواردە مانگـــی یەکەم پێـــی دەگوترێت: قۆناغی یەکســـانی یـــان هەمســـانی لە ژیانـــی کۆرپەدا کـــە تاوەکـــو پێش ئەوە پێیدەگوتـــرا جەنین.

کـــە کۆرپە بە توانایيەکانی دایکی گەشـــەی خۆی دەســـت پێ دەکات، تـــا چواردە مانگ قۆناغـــی یەکەمی ئامادەیی کە بریتییـــە لە کامڵبوونی بینیـــن و بیســـتن و گـــڕوگاڵ و ئـــەو دەنگانەی منداڵ وەکـــو کاردانەوە بـــۆ دەوروبـــەری خـــۆی بـــە کاری دێنێـــت، چ بـــۆ ئـــازار بێت یـــان بۆ خۆشـــی و ڕەزامەنـــدی بێت. لەو ســـاڵ و دوو مانگەدا مێشـــکی کۆرپە گەشـــە دەکات و دەبێ زەمینەی ئەو گەشـــەکردنەی بـــۆ دابین بکرێت،

ئەگــەر دایــک لە منــداڵ دوور کەوێتــەوە، منــداڵ لەوانەیــە بمرێت و، ئەگــەر یەکێکــی تر جێی دایک بگرێتــەوە یان ژنێکی تــر جێگەی دایک بگرێتــەوە یــان لە دایەنــگاکان گەورە بکرێت، دیســان ئەگــەری مردن یەکجــار زۆرە. هــەر بۆیــە ئــەو منداڵانــەی کە بــێ دایکــن، زۆر زوو دەکەونــە بــەر ئەگــەری مــردن یــان نەخۆشــیی جۆراوجــۆرەوە. بۆ نموونــە دایک بــەو درایڤەی تێیدایەتی، بەو کێشــە یان بەو ڕاکێشــانە نیمچــە غەریزییەی ناو ئینســان بــۆ دایک هەیەتی و بــۆ بەخێوکردنی منــداڵ و بۆ هەســتپێکردن و بۆ لەزەتبردن لــە پەروەردەکردنی، تەنیا لــە دایــک بــۆ کۆرپەکــەی هەیە، ئــەوە لــە ژنێکی تــردا بەرانبــەر بە کۆرپەکــە نییــە و نابیندرێــت. هەروەها لە کەســانی دیکەشــدا چ پیاو بــن یــان ژن بــن نابیندرێــت، بۆیــە کەموکوڕییەکــە هــەر درووســت دەبێــت. منــداڵ لە ســاڵی یەکەمدا جیا لــە خــواردن و بەخێوکردنێکی بــاش، پێویســتی بــە دەســتپێکردنی ڕاهێنانیــش هەیــە، ئــەو ڕاهێنانە لــە شووشــتن و بانگکــردن و لاواندنــەوەی بە دەنــگ و نازکردنی بە دەســتدایە. لــەو ســاڵەدا لەزەتــی منداڵ لــە لێویدایــە و لــە دەمیدایە، تەئمینی ژیان لەوێوە دەبێت، خۆشــییەکان لەوێوە هەســت پێ دەکات، ئــەم قۆناغــە قۆناغــی هەســتپێکردن یــان حســی ڕاســتەوخۆیە. بەو هەســتە دەوروبەری خۆی دەناســێتەوە کە ئایا باشــن یان خراپن، بە کەڵکی ژیــان دێن یــان نایەن.

جیا لەوە باسی گەشــەکردنی مێشک و پەرەســەندنی کۆنێکشنەکانم کــرد لــە منداڵــی یــەک ســاڵ و دوو مانگــەدا. هەڵبــەت لــە ئەزموونــی پزیشــکیدا هەیــە، ئــەو منداڵانــەی لــە دایەنــگا لێیــان غافــڵ بوونــە، شــیریان داونێ و ژینگەکــەش بــاش بووە، بــەڵام نەیانلاواندوونــەوە و بەجێیانهێشــتوون، ژمارەیەکی زۆر لەوانە کاتێک کە چوونەتە ســەریان دەبینن هەندێک لەوانە مــردوون. کاتێک کــە دەکەونــە پشــکنینیان هیچ کێشــەیەکی تەندرووســتییان نەبــووە، بەڵکــو پێداویســتیی ســایکۆلۆژی یــان پێداویســتیی دەروونییــان هەبــووە. پێداویســتییە دەروونییەکــە ئەوەیــە کــە دەبــوو ڕۆژی چەنــد کاتژمێــر دەســت بــە پشــت و ســەر و

دەموچاو و قاچیاندا بهێنرێت. دەبوایە بۆنی دایکیان بکەن و دەنگی دایکیان ببیستن، گەرمایی لەشی دایکیان هەست پێ بکەن. لەو قۆناغەدایە کە هەست بە ئەمانکردن درووست دەبێت و لەشی ئینسان توانای مانەوەی دەبێت. لەوەدا دەرکەوتووە کە منداڵ تەنیا بە خواردن و بە جێگەی گەرم و نەرم گەورە نابێت. هەر بەوەش ناژییێت، بەڵکو بە بایەخی دەروونی و پەروەردەکردنی دەروونییش دەتوانێت بەردەوام بێت، ئەوەی نەبێت ئەگەری هەیە توانای ژیانی نەمێنێت. ئینجا ئەگەر تێر بێ و لە گەرما و سەرمایشدا نەبێت، هەر ناتوانێت بژییێت. ئەو قۆناغە ئەگەر منداڵ لە باوەشی دایکدا بێت و پسپۆڕانی بواری پزیشکی دەروونی و پسپۆڕانی منداڵ و دایک، هەموویان لەو قۆناغەی ئێستادا لە ئەنجامی توێژینەوەکاندا بۆیان دەرکەوتووە کە کەسایەتیی منداڵ لە باوەڕبەخۆبوون و بەهێزبوون لە گەورەییدا لە ساڵی یەکەمدا دروست دەبێ.

ئەو منداڵانەی کە ڕاستەوخۆ لە باوەشی دایکدا بن و لە باوەشی دایکیشدا بە ڕووتی بووبن، واتا منداڵ پێویست ناکات جلوبەرگی زۆری لەبەر بکرێت، سینگی دایک نابێت جلوبەرگی لەسەر بێت، بۆ ئەوەی منداڵ بتوانێ پێوەی بنووسێت. هەربۆیەش ئێستا لە دنیادا ئەو دایکانەی دووگیانن ئامادە دەکرێن، شێوازی هەڵگرتن و لەباوەشگرتن و شیرپێدانیش ئێستا دیارە، دەتوانین لە ڤیدیۆکانی هەموو میللەتاندا ببینین. لە ئەفریقا خەڵکی ئۆگاندا هەر بە سرووشتی کولتووریی خێڵەکانیان، دایک کە منداڵی دەبێت، منداڵی خۆی بە ڕووتی لە پشتی خۆی دەکات، واتا دایک هەم پشتی ڕووتە، هەم سکی ڕووتە. ئەمە فەرهەنگی ئەفریقاییەکانە کار دەکات و دێت و دەشڕوات. هەربۆیە دەرکەوتووە خەڵکی ئۆگاندا کە گەورە دەبن، لە باوەڕبەخۆبوون و پشتبەخۆبەستن لە پێش هەموو خەڵکی دنیاوەن. هەڵبەت نابێت لێرەدا پاشکەوتنی قۆناغەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئەفریقایی لەبەرچاو نەگرین، بەڵام وەکو کەس، خەڵکانی

بەهێــزن. ئــەوە دەگەڕێتــەوە تەنیــا بۆ ئــەو شــێوازی بەخێوکردنەی دایکیان.

منداڵ کە دەگاتە ســێ ســاڵی، قۆناغی دوای ســاڵ و نیوی بۆ ســێ ســاڵ، پێــی دەگوترێت قۆناغــی پێوەنووســان. قۆناغی پێوەنووســان ئەوەیــە، ئەگــەر لە تەمەنی یەکســانی بــوو، واتا دایــک و کۆرپە یەکن و دوو نیــن، لە یەک ســاڵی تا ســێ ســاڵی، ئیتــر دایکی دەناســێتەوە و بــەدوای دەکەوێــت، پێویســتی پێیەتــی، ســاتێک ئەگەر لێــی دوور بێــت بە شــێوەیەک تــرس و بێ ئارامیی خــۆی پیشــان دەدات، کە بە هەمــوو وجوودییــەوە وا دەزانێت دایکی ڕۆییشــت و نەما. وا هەســت دەکا لــەو دنیایــەی دەوروبــەردا کەس نییــە ئاگای لەو بێــت، هەموو ئەوانــەی دیکــە بێگانــەن و ئــازاری پێدەگەیەنن و، ئەویــش دەمرێت. بۆیــە جۆری گریانی منداڵێکی یەک ســاڵە لە دووریــی دایک، گریانێکە ترس و ئازاری زۆری تێدایە. بۆیەشــە دەبێت تا تەمەنی ســێ ســاڵە، دایــک لــەلای منداڵەکــەی بێــت. تــا دوو ســاڵ بەبــێ هیچ پاســاوێک دەبــێ بــەردەوام لای دایــک بێت، بــەڵام ئەگــەر ناچار بێت لە ســاڵی دووەم بــۆ ســاڵی ســێیەم دایــک دەتوانێ هەندێــک کار بــکات، بەڵام دەبــێ ڕۆژانــە زوو بگەڕێتــەوە لای منداڵەکــەی. بۆیــە پێیدەڵێــن ئەم قۆناغــە قۆناغی پێوەنووســانە، واتــا ئەگەر منداڵ جیــا بکەیەوە، وەکو ئەوەیــە کە قوماشــێک لە ناوەڕاســتدا بدڕێنی، منداڵیش ئــاوا دەدڕێت و لەوانەیە دەمرێت یان شەخســیەتی وا تێک دەشــکێندرێت کە گەورە دەبێــت، تواناییــی بەردەوامبوونــی لە ژیانــدا نییە و بە شــێوەیەک لە شــێوەکانی، نەخۆشــیی دەروونی تێــدا دەردەکەوێت.

لــە قۆناغــی یــەک بــۆ ســێ ســاڵیدا لــە منــداڵ، جیــا لە حــس یان هەســت، دیــاردەی دیکــەی توانایــی دەردەکەون، وەکــو هۆش. هۆش ئــەو تواناییــە دەروونییــەی کۆرپەیــە کــە دەتوانێــت لــە ئەنجامــی هەســتەکانی خــۆی، دەرەنجامــی نــوێ وەربگرێت، ڕەفتــاری تایبەتی بــکات، بۆ پاراســتنی خۆی؛ وەکو گــەڕان بەدوای خــواردن، هەوڵدان

بـۆ ڕۆیشـتن، گەڕان بە دوای دایـک، گڕوگاڵ، هەوڵـدان بۆ دەربڕینی دەنـگ بـە شـێوەیەکی زیاتـر، پێکەنیـن و گریانەکانـی لـە ئەنجامـی ڕەزامەنـدی یـان تـرس و ناڕەزامەنـدی بـە کار دێنێـت. بۆیە هۆش بـە هەمەچەشـنەیی خۆگونجانـدن لەگـەڵ ژینگەدا وەسـف دەکرێ. دوای هۆش ئیحساسـی منداڵ درووسـت دەبێت، کـە کەمێک لە هۆش کامڵتـرە. واتـا بـە شـێوەیەکی زۆر سـادە و سـەرەتایی لە مێشـکی ئـەودا مانـا درووسـت دەبـن و ڕاسـتەوخۆ لە مێشـکدا دەچەسـپێن و دەبنـە بەشـێک لـە ئالیەتـی گەشەسـەندنی مێشـکی منـداڵ. بۆیـە ئەگـەر ئیحساسـەکان سـاغ و لـە دەرەنجامـی ژیانی باش بـن، ئەوا پێوەندیـی منداڵ لەگـەڵ دەرەوەی خۆی، پێوەندییەکی ئاسـایی دەبێت و لـە خزمەتـی گەشەسـەندنی ئـەودا دەبێـت و بـاش پێـدەگات. بـە پێچەوانـەوە بێـت، هەڵبـەت تێکشـان بۆ منـداڵ درووسـت دەبێت. لە دوای ئیحسـاس، هەیەجـان یـان هەڵچوونەکانـی منـداڵ وردە وردە خۆیـان نیشـان دەدەن. هەڵچوون یان هەیەجانیـش قۆناغێکی کامڵترە لـە ئیحسـاس، منداڵ دیسـان بۆ پەرەسـەندن و گەشەسـەندنی خۆی و لەشـی و خواسـتەکانی، دەتوانێـت دەربڕینـی دیکـە بـە کار بێنێت. بـەو دەربڕینانە بەرژەوەندییەکانی خۆی باشـتر دابیـن دەکات. وەکو پێکەنیـن، پێکەنینـی جیـاواز و دووردرێـژ کـە زۆر پێویسـتە منداڵ زۆر پێبکەنێـت، یان گریـان، بەکارهێنانی دەنگی ناڕەزایی بە شـێوەی جیاجیـا، هەڵپـە و خۆهەڵکوتـان و یاریکردن و هەوڵـدان بۆ ئەوەی لە گاگۆڵکەییـەوە بـەرەو پێگرتن بڕوات. ئەو شـێوازانەی کـە منداڵ لەو تەمەنـەدا بە کاری بهێنێت، بۆ ڕەزامەندی یـان بۆ ناڕازییێتیی خۆیەتی. قۆناغـی دوای ئـەوە دروسـتبوونی بنەمـای بـاوەڕ و بیرکردنەوەی منداڵە. بنەمایەکی سـاغی بیرکردنەوە بەسـتراوەتەوە بـە قۆناغەکانی پێـش خـۆی. لـەم تەمەنەدایە لـە قووڵاییی مێشـک بنەمـای باوەڕی واقیعبینـی یـان خوڕافی و وابەسـتەیی دروسـت دەبێت.

ئەگـەر ئـەم پڕۆسـەیە کـە ئێمـە تاوەکـو سـێ سـاڵی لەسـەری دەوەسـتین، بە باشی بەڕێوە بچێت، دەبێ وردە وردە یاریکردن لەگەڵ

منــداڵ، ئازادکردنــی، ڕێگاپێدانی بۆ ئەوەی بــە کەیفی خۆی بگەڕێت و کەشــف بکات و بدۆزێتــەوە، ئەو یارییانەی لــە دەوروبەریەتی لێکیان هەڵدەپچڕێــت، تێکیــان دەدات و بزریــان دەکات و دەیاندۆزێتــەوە، دەبــێ گەورەکان، دایک و بــاوکان و ئەوانەی لــە دەوروبەرن، حەزی خۆیــان بەســەر منداڵدا نەســەپێنن کــە دەبێ چۆن یاری بــکات، چۆن بخــوات، یان چــۆن بنوێت. بەداخەوە لە فەرهەنگی کۆنی کوردســتاندا، ئــەو ئەرکانــە بــۆ منداڵ دیــاری دەکــەن و بەســەریدا دەســەپێنن. لە هــەرە مەترســیدارتر خەتەنەکردنــی منداڵە، چ کچ بێــت و چ کوڕ بێت. ئــەوەی کچ کــە هەر زۆر کارێکی نائینســانییە، چونکە تــەواوی ژیانی کچەکــە دەگۆڕێت، خەتەنەکردن یان ســوننەتکردنی کوڕیش، ئازارێکی گەورەیە کە جاری وایە لەگەڵ لەدایکبوونیشــدا کەمتر لە یەک ســاڵدا، بەشــێک لــە جەســتەی هەســتیاری منــداڵ دەبڕن، کــە لــەو قۆناغەدا لەزەتــی منداڵ لە دەمــەوە، هەندێکی گواســتراوەتەوە بــۆ خوارەوەی لەشــی، واتا بــۆ کۆمی و ئەندامــی زاوزێکردنی، بــە تایبەتی بۆ کۆمی کــە مــەوادی زیادی لەشــی لێوە فــڕێ دەدات. ئــەو بڕینە، ئــەو ئازار و تۆبزێتییــە، زەبرێکــی زۆر لە مێشــکی منداڵ دەدات، بەشــێکی زۆر لــە کۆنێشکشــنەکانی دەکوژێنێتــەوە. دەرکەوتووە کە ئــەو ئازارە لای منــداڵ هیــچ تەفســیری نییە، بە شــێوەیەک ترســی لەلا زیــاد دەکات، شــڵەژانی لــەلا زیــاد دەکات (اضطــراب) و ئەگەر ئەو منداڵە کێشــەی پەروەردەکــردن و ئــازاری لــە تەمەنی یــەک ســاڵییەوە هەبووبێت تا ئەوکاتــەی ســوننەت دەکرێت، جا لــە کۆتایی یەک ســاڵیدا بێت یان لە کەمتــر لە یەک ســاڵیدا بێت، لەگەڵ کێشــەکانی تری یــەک دەگرێتەوە و چەمانــەوەی منــداڵ و خواروخێچبوونی دەروونــی زیاتر دەکات. لە سرووشــتدا بە هیچ شــێوەیەک سوننەتکردن پێویســت نییە بۆ کوڕ و خەتەنەی کچیــش تاوانە.

هەروەهــا لــە کوردەواریــدا، لانک درووســت دەکەن و بلــوور دێنن و دایــک لای لایــە دەکات، بــەڵام لەگــەڵ لای لایەکــە بــە دەنگی بەرز و خەشــن، دوایــی بــە دەنگــی بــەرز لــە دەســکی لانکەکــە دەدات و

جۆرێـک لە لـوورە لوور و گۆڕینی دەنگی لاواندنەوە و ترسـاندن، کە ئـەوە دەزانیـن زۆر جـار دەڵێـن دەبێ منـداڵ بە ترس بنوێـت. منداڵ کـە دەترسـێت واتـا دەوروبـەر و تەنانـەت دایکیـش بۆ ئـەو دەبێتە شـتێکی نائەمیـن. ئـەوە گومانی تێدا نییـە لە گەورەییـدا بێئۆقرەیی و متمانەنەبـوون، باوەڕنەکـردن بـە ئینسـانەکان یـان باوەڕنەکردن بە خۆ و شـێوازەکانی دیکەی کەموکوڕی لە ئینسـاندا درووسـت دەکات. ئـەو ڕەفتارانـەی بـاس کـران یان ئـەوەی دایـک لە باوەشـی خۆیدا منـداڵ دەبەسـتێتەوە و ناهێڵێـت گاگۆڵکە بـکات و ناهێڵێـت بڕوات و یـاری بـە دەسـت و پێی خـۆی بـکات و ناهێڵێـت بۆ نموونـە ئەگەر پێڵاوێکـی بچووکـی پـەڕۆی لە پێ بێـت، لە لاقی خـۆی دەری بێنێت، یـان بـۆ خـۆی هـەوڵ دات لـە پێی خـۆی بکاتـەوە، کە عادەتـەن لە تەمەنـی یەک سـاڵ بـەولاوە منـداڵ ئـەو هەولانـە دەدات. ناهێڵن بە دەسـتی خـۆی مەمکـی دایک یـان ئەگـەر مەمکۆڵەی شـیری غەیری دایـک بێـت دەیخەنە نـاو دەمی و ناهێڵن ئەو هیچ هـاوکاری لە گرتنی مەمکۆڵەکـەدا بـکات، کـە ئـەوە توانابیەکانـی منـداڵ دەکوژێنێتەوە و دەستەوەسـتان و بـێ ئیـرادە رایدێنێـت و، لـە پڕۆسـەی کامڵبوونی دەرەوەی سـکی دایـک، زەبرێکـی گـەورە لـە گەشەسـەندنی منـداڵ دەدات. یـان کاتێـک منـداڵ بـە گاگۆڵکێ بـۆ هەموو کـون و قوژبنێک دەچێت، نایەڵن، دەیترسـێنن، لێی دەدەن و لە پشـتی دەسـتی دەدەن، کارێکـی خراپە، چونکە منداڵ بە زەرورەتی مێشـک ئـەو کارە دەکات. ئـەو دنیایـەی کـە بۆ ئێمـە ناسـراوە، بۆ ئەو ناسـراو نییـە، واتا ئەو ڕوانگایـەی لـە کۆنـدا لـە کۆمەڵگای ئێمـەدا هەبوو کە منـداڵ لە یەک سـاڵەوە مێشـکی وەکو مێشـکی مرۆڤـی گەورەیە، بـەڵام بچووکە و قسـە ناکات، تێـدەگات بەڵام قسـە دەرنابڕێـت، لە حەقیقەتـدا هیچ وا نییـە. مێشـکی منـداڵ تا تەمەنی هەشـت سـاڵە لـە گەشەسـەندندایە، لـە هەشـت سـاڵدا دەبێتـە مێشـکێکی کامـڵ. بۆیـە زۆر لـەو مانا و جووڵـە و دەنـگ و لێـدان و ئەو شـتانەی پێـی دەگوترێـت، مانا یان بەرپەرچدانـەوە بـۆ منداڵ، زەبر لە پڕۆسـەی پەرەسـەندنی مێشـک

دەدات و سەرەنجام زیان بە جەستەی ئەو کەسە و دەروونی ئەو کەسە دەگەیەنێت، کاتێک کە گەورە دەبێت.

لە دیاریکردنی شێوەکانی یاریکردن، دایکان پێویستە فێر ببن چۆن یاری لەگەڵ منداڵەکانی خۆیان بکەن، یاری بەو ئاقارەی منداڵ دەیەوێت و زیاتر منداڵ بەرەو جووڵەکردن و گاگۆڵکێ و بە پێوە ڕۆیشتنی زیاتر و پێکەنینی زیاتر و گاڵەگاڵی زیاتر و جووڵەی دەست و لاق و سەر و لێو و هەموو ئەو شێوانەی منداڵ بە کاری دێنێت، بەو ئاقارە هاوکاریی کۆرپە بکات. چونکە ئەو ئاقارەیە کەوا بە ئازادیی تەواو مێشکی منداڵ گەشە دەسێنێت، کە مێشک گەشەی سەند، ئەندامەکانی لەش باشتر گەشە دەکەن و دەوری خۆیان دەبینن. سەرەنجام جەستەی کۆرپە وردە وردە بەرەو منداڵی و لە منداڵیشەوە بەرەو منداڵی کامڵ و لەوێیشەوە بەرەو مێرمنداڵی و دوایی بەرەو گەنجی دەڕوات. لێرەدایە دەبێ بزانین ئازادی بۆ منداڵ زۆر گرینگە. ئازادی ئەو شتانەیە کەوا من پێش ئێستا باسم کردن. دایک و باوک و دەوروبەر تەنیا ئەرکیان ئەوەیە ئاگایان لە منداڵەکە بێت، زیان نەبینێت و نەسووتێت و دەستی بریندار نەبێت و ژیانی پارێزراو بێت. بەڵام ئەگەر هەندێک جار لەو یارییانە و حەرەکانەی منداڵ، کەمێک ئازاریشی بەرکەوت، زۆر ئاساییە، ئازاری سادەی کە لە ئەنجامی هەستانەپێی پێی دەکەوێت، دەبێ لێیگەڕێی بە کەیفی خۆی چەندی بیەوێت هەستێتە سەر پێ و بکەوێتەوە. ئەو ماندووبوون و ئازارە خۆییەی منداڵ بۆ ئەو زۆر ئاساییە. کاتێک گاگۆڵکێ دەکات و لەسەر سک دەڕوات، بێگومان زۆر جار دەبینین دەگرییێت و ناتوانێت شتێکی نزیک لە خۆی ڕاکێشێت، دەبێ لێیگەڕێن ڕایکێشێت، لەم حاڵەتانەدا، لە کاتی هەوڵداندا بۆ گەیشتن بە شتێکی دیاریکراو، ئەگەر منداڵ ماندوویش بێت، ئەگەر منداڵ شەکەتیش بێت و کەمێک بشگرییێت، ئەو جۆری گریانەی بۆ هێنانەدی خواستەکانی خۆیەتی نەک بۆ ناڕەزایەتی و دەستەوەستان و دامان.

دەبـێ ئێمە گریانەکانی منداڵ و شـێوەکانی ناڕەزایەتیشـی تێبگەین، ئـەوەی کـەوا خۆی هەوڵـی بـۆ دەدات و پێیـەوە مانـدوو و ناڕازی دەبێـت، یارمەتیـی گەشەسـەندنی مێشـکی دەدات، بـەڵام ئەوانـەی دەوروبـەر ڕێـگای لـێ بگـرن و دایـک و بـاوک ڕێـگای لـێ بگرێ، خوشـک و برا ڕێـگای لێ بگرن، ئـەوە هەر بە جارێـک دەیڕووخێنن. لـەو قۆناغەدا نابـێ منداڵ بە غەیری دایک کەسـی دیکـە پەروەردەی بـکات. بـۆ نموونە نەدرێتە دەسـتی خوشـک و براکانی، یـان پووری یـان نەنکـی، یان بابی بـە تەنیا. بەڵکـو دەبێ دایک خـۆی بۆ تەرخان بکات. چونکە لە شـێوازی یارمەتیدانی گەشـەی دەرەوەی سـک تەنیا منـداڵ دایـک قبووڵ دەکات و تەنیا دایک هەسـتی پـێ دەکات. ئەوانی دیکـە دەبـێ هاوکاریـی دایکەکـە بکـەن. بەو مانایـە نییە بـاوک هیچ هـاوکاری و دەخالەت لە پەروەردەی منداڵدا نەکات، لە سـاڵی یەکەمدا ئەرکـی بـاوک ئەوەیە یارمەتیی دایک بـدات، زەمینەی بۆ خۆش بکات، هەمـوو ئـەو ئەرکانە بگێڕێت کە بۆ منداڵ پێویسـتن. جـا وردە وردە قۆناغـی ئـەوە دێت کـە لە نزیکەوە منـداڵ دوای دایکی بـە دەرەجەی دوو باوکی قبووڵ دەکات. بە شـەرتێک شـارەزایی و کارامەیی باوک بـە حەدێـک و بـە ئەندازەیەک پەرە بسـێنێت کە لە شـارەزاییی دایک نزیـک بکەوێتـەوە. بە ئامادەییی دایـک وردە وردە منداڵ ڕەنگ و ڕوو و بـۆن و دەنگـی بـاوک قبـووڵ دەکات. سـەرەنجام لە سـاڵی یەکەم بـەولاوە، کـە بـەرەو دوو سـاڵی دەڕۆن، لە سـێ سـاڵیدا منـداڵ لە غیابی دایکیشـیدا وجـوودی باوکی قبووڵ دەکات، بـەڵام تا ماوەیەکی دیاریکـراو. لـە ماوەیەکـی دیاریکـراو تێپـەڕی دیسـان بـۆ دایکـی دەگریـەت، بـە گریانێکـی توونـد داوای دایـک دەکات. ئەوەیـە ئەگەر دایک لە تەمەنی سـێ سـاڵی منداڵەکەیەوە لەسـەر کار بێت، پێویسـتە لـە چەنـد کاتژمێر زیاتـر نەبێـت و دەبێ زووتـر بگەڕێتـەوە. ئەگەر هـەر کارێکـی ناوماڵـی هەبـێ، دەبـێ بایەخی یەکـەم بـۆ منداڵەکەی بێـت. مەترسـی لەوەدایە کە منداڵ بدرێتە دەسـتی نەنـک و باپیر یان پـوور، کـە ئەوانە بەپێـی زەوق و حـەزی خۆیان بـۆ لەزەتی خۆیان

منـداڵ بەخێـو دەکـەن، بەخێوکردنەکـە پێچەوانەی ئـەوە دەبێت کەوا دایـک و بـاوک دەیکـەن. بۆیـە هەمیشـە ئـەو منداڵانەی کـە نەنک و باپیـر یـان پـوور و خاڵ و مام یـان برای گەورە و خوشـکی گەورە، بەخێویـان دەکـەن، زۆر جیـاوازە لـەو پێویسـتییەی منـداڵ هەیەتی، لـەو هەسـتپێکردنەی کـە دایـک بۆ منـداڵ دەیـکات. بۆیـە یارمەتیی گەشـەی دەرەوەی سـکی دایـک نـادەن. کەواتـا گەشـەکە لـە یەکەم مانگـەوە دەسـت پـێ دەکات، کامڵبوونـی منـداڵ لە دەرەوەی سـکی دایک شـتێکە و کەسـوکار حـەزەکان و مەحروومییـەت و ڕقەکانیان، شـێوازەکانی خۆیـان بـۆ ژیان، بەسـەر منداڵـی غەیری خۆیـان، جا بـا نەوەشـیان بێـت، یان برا و خوشـکیان بێت دەسـەپێنن. هەمیشـە ئـەو منداڵانـە زەبری قورسـی عاتفییـان بەردەکەوێـت و، هەموو ئەو شـتانەی کـەوا دەبێت دایک و بـاوک بۆیان دابین بکـەن، ئەگەر لەوێ بۆیشـیان دابیـن بکرێت، لـە ڕووی کامڵبوونـدا کاتێک گـەورە دەبن، لێیـان دەردەکەوێـت، لـە جـۆری شـڵەژان و ئیزتـراب و بێمتمانەیی و لەدەسـتدانی بەشـێکی زۆری کارامەیـی و توانسـتی مێشـکی کـە دەبـوو لەو قۆناغـەدا بە هاوکاریی دایک بەدەسـتی بهێنێت. شـڵەژان لـە ئەنجامـی گۆڕانـی بۆنـی دایک بـۆ بۆنی نەنـک، لـە دەرئەنجامی هەسـتنەکردنی نەنـک یـان باپیـر بـە پێویسـتییەکانی ئـەو منداڵـە و هەندێـک جار زیاد لە سـنوور منداڵەکە لە خواردن و باوەشـکردن وا لـێ دەکەن جەسـتە و حەزی خـۆی بە کار نەهێنێت. بۆیـە منداڵ زیاد لـە حـەد خواردنـی دەدەنێ، ناهێڵن خـۆی خۆی ماندوو بـکات، خۆی هـەوڵ بـدات و ئەوە لە ئەنجامـدا وا دەکات منداڵ زوو تێر بێت و زوو قەڵـەو بێت، هیچ جووڵەی نەبێت. یانی گەشـەی مێشـک ڕوو نەدات و لە هەمان کاتدا هۆش و ئیحسـاس و هەیەجانەکانی تووشـی شـێوان دەبـن، ئـەو شـێوانە ڕەنـگ و شـێوازی جیاجیـای هەیە، کـە بریتییە لـەو حاڵەتە دەروونییانەی کـە پێیاندەگوترێت نەخۆشـی و بێتواناییی دەروونـی، کە لە تەمەنی هەژدە سـاڵییەوە بە تـەواوی دەردەکەون و بـە درێژاییی تەمەن ئـازاری ئەو کەسـە دەدەن.

لــە تەمەنــی یــەک بــۆ ســێ ســاڵی ٪٣٠ی کەســایەتیی مــرۆڤ درووســت دەبێــت. یانــی کۆرپەیە لە ســاڵی یەکەم تا ســاڵی ســێیەم ٪٣٠ی کەســایەتیی داهاتــووی درووســت دەبێــت. تا دەگاتە هەشــت ســاڵە ٪٨٠ی کەســایەتی درووســت دەبێت، کەواتا لە هەشــت ســاڵە بــۆ تــەواوی ژیانــی، ٪٢٠ی دەمێنێتەوە، کە لــە باســەکانی دواییماندا دێینــە ســەری کــە ئەویــش دابەشــی چەنــد قۆناغێــک دەبێــت. بۆیە دەڵێــن کەســایەتیی مــرۆڤ لە هەشــت ســاڵیدا درووســت دەبێت، بە ئەزموونــی مرۆڤایەتییش وا دەرکەوتووە کاتێک تۆ دەتوانی کەســێکی ســاغ درووســت بکەی کە لە هەشــت ســاڵیدا بە ســاغی و بە زانایی درووســتت کردبێــت. کۆمەڵگایــەک وەختێــک دەبێتــە کۆمەڵگایەکــی ســاغ، زانا، زانســتپەروەر، عەلمانی کە ئــەو کۆمەڵگایــە منداڵەکانی تا تەمەنی هەشــت ســاڵە بە شــێوەیەکی ڕاســت و درووســت پەروەردە کردبێت. کە دەڵێین ٪٣٠ی کەســایەتیی منداڵ تا ســێ ساڵی درووست دەبێــت، مەبەســت ئەوەیە کەســایەتی بریتییە لەو ڕاهاتــن و ئینتباع و کاریگەرییــەی لــە ئەنجامی پەروەردە لەســەر مێشــکی منــداڵ نەقش بــووە، لەگــەڵ ئــەو حەز و بــاوەڕ و شــێوەی ڕەفتارەکانــی، ئینجا لە ئەنجامــدا ئــەو ڕوانگایەی بۆ ژیــان دەیبێت و، ئــەو دەورەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیــدا لــە شــوێنێکی دیاریکــراو، وەک کاراکتــەر وەئەســتۆی خــۆی دەگرێت، پێی دەگوترێت کەســایەتی. کەســایەتییەکان جیاوازن، دواتــر ئێمە باســی کەســایەتییەکانیش دەکەین.

لــە قۆناغــی یــەک بۆ ســێ ســاڵە، زۆر پێویســتە کە منــداڵ بە هیچ شــێوەیەک ڕوانــگای فیتــرەت (فیترەت بــەو مانایەی لــە بیروباوەڕی دینیــدا، یــان لە بیروبــاوەڕی فەرهەنگیی کۆمەڵگایەک، لە ســەرەتاکان بــە شــێوەی خورافــی هاتــووە و دوایی لــە مێــژووی فەرهەنگی ئەو وڵاتــە بووە بە کەتەلۆگێک و بە شــێوازێک بــۆ پەروەردەکردنی منداڵ و کەســایەتی پێدانــی) لەبەرچــاو نەگیرێــت، چونکــە لەســەر بنەمای زانســتی نییــە. ڕەگوڕیشــە و ئەنجامەکانــی فیترەت لەســەر ڕوانگای نیمچــە فەلســەفی و نیمچــە دینــی و نیمچــە خورافییــە، لــە قۆناغێکدا

کـە مرۆڤ تـازە هەندێک لە ئـاژەڵ دوور کەوتبۆوە و زانسـت نەبوو و ئینسـان بـاش خـۆی نەدەناسـی، مێشـکی مـرۆڤ بـە درێژاییـی مێـژوو وەکـو ئێسـتا پێـش نەکەوتبـوو. ئینسـان بەم شـێوەیە عاقڵ نەبـوو. ئینجـا فەلسـەفە دێت، نابێت بـە هیچ جۆرێک بەپێـی ڕوانگای فەلسـەفی و باوەڕەکانـی لـەم قۆناغـەدا لەگەڵ منداڵـدا ڕەفتار بکرێت و دەرخواردیشـی بدرێـت. ئینجـا دین، بـە مانای هەموو ئـەو داب و نەریـت و باوەڕانـەی کـەوا دینێکـی دیاریکـراو هەیەتی نابـێ منداڵی لەسـەر پـەروەردە بکـرێ. هەروەها سیاسـەتیش نابـێ دەرخواردی منـداڵ بدرێـت. مەبەسـتم جـۆری هەڵسـوکەوتی دایـک و بـاوک و نزیکەکانیانـە کـە بەپێی باوەڕی سیاسـی تەماشـای پەروەردەکردنی منداڵەکانیـان نەکـەن. ئێمە لـەم ڕۆژگارەدا ئەنجامی ئەو سـێ باوەڕە لـە خراپبارهێنانـی نەوەیەکـی نـوێ لـە کوردسـتان دەبینیـن. زیانی سیاسـەت ئەوەیـە کـە لـە تەمەنـی ٥-٨ سـاڵییەوە دایـک و باوک و دەوروبـەر هـەوڵ دەدەن شەخسـیەتی منـداڵ بـە هەندێـک ئامانج و ڕەفتـار ڕابێنـن و هەندێـک چەمکی لە مێشـکدا بۆ دووبـارە بکەنەوە کـە منداڵەکەیان گـەورە بوو پەیـڕەوی بکات. ئەمانـە هەموویان زۆر بە خراپی کاریگەری دەخەنە سـەر گەشـەی منداڵ لە دەرەوەی سکی دایکـدا. چونکـە منداڵ بە بیروبـاوەڕی هەڵە ڕادێنێ. ئینجـا بیروباوەڕ کاتێک هەڵە بوو لە مێشـکدا لەگەڵ پرۆسێسـی سرووشتی ناو مێشک دەکەوێتـە بەرەنـگاری و ناکۆکـی و ئـازاری سیسـتەمی نـاوەوەی مێشـکی منداڵ دەدات، ئـازاری عالەمی دەروونیی ئەو کەسـە دەدات، دژیەکیـی نـاوەوەی بۆ درووسـت دەکات.

لـە درووسـتکردنی کەسـایەتیدا، کۆمەڵێـک هـۆکاری کاریگـەر هەنـە، یەکێک لـەوان، هـۆکاری ژێنەتیکە، ئـەوەی دیکەیـان هۆکاری بۆماوەییە(وراثـي) کـە لـە دایـک و باوکـەوە بـۆ منـداڵ دەمێنێتەوە. هـۆکاری ژێنەتیـک بریتین لـەو تواناییانەی کە لە ڕێـی ژێنەکانەوە لە نـەژادی مرۆڤـدا دەگوازرێتـەوە بۆ منـداڵ. واتا لە پێوەندیی سـپێرم و هێلکـەی دایـک جەنین درووسـت دەبێـت، ئەمانە ژمارەیـەک ژێنی

دیاریکراون کە هەموو تواناییەکان و سیفاتەکانی نەژادی بەشەریان تێدا هەیە، لەوەدا یەک جۆراوجۆرن. هەندێک لەو ژینانە زۆر ساغن، هەندێکیان زۆر نەخۆشن. بۆیە نزیکەی سەدا بیستی ژێنەکانی ئێستا لە کۆمەڵگای بەشەریدا نەقڵ دەبن، ژێنی زۆر نەخۆشن و هەندێک لەوانە چارەسەریش ناکرێن و ئینسانی تاوانکاریشی لێ دروست دەبێت کە کۆمەڵگا دەبێت کۆنترۆڵیان بکات. هەندێک لەو تاوانبارانەی کە دوایی باسی دەکەم، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستی دەرکەوتووە سیستەم لە مێشکیاندا تاوان و ئازاردان و کوشتنی بە کۆمەڵ بە شێوەکانی دیکەش، لەزەتی لێ دەبینین، ئەو لەزەتە لە پرۆسەی نێو مێشکدا بەو ڕێگا ئاساییانەدا ناڕوات کە لە ئینسانی ساغ و ئاساییدا هەیە. یان وەکو ئینسانی پیدۆفیل دەردەچن، پیدۆفیلەکان لەو جۆرەن کە بۆ مومارەسەی سێکس منداڵی لە یەک ساڵە تا دەگاتە دە ساڵان بە پەسند دەزانن و، ئەوانە مەترسیدارن، پەلاماری منداڵ دەدەن و هەندێک جار پەلاماری منداڵی خۆیشیان دەدەن- لە ڕووی جنسییەوە. ئەوانە دەبێ کۆنترۆڵ بکرێن، چارەسەریشیان نییە، تەنیا بە کۆنترۆڵ و ڕۆشنبیری نەبێت.

کەواتا دوو هۆکار هەن، هۆکاری ژێنەتیکی و هۆکاری بۆماوەیی(ویراسی). بۆ ماوەیی ئەوەیە لە سیفەتی دایک و باوکەوە بۆ منداڵ دێن، واتا ئەو ژێنانەی کە بە شێوەی تایبەتی لە دایک و باوکدا پەنجا بە پەنجا وەردەگیرێن، جەنینێکی لێ دروست دەبێت کە دەبێتە منداڵ یان کۆرپەی داهاتوو و کەسایەتیی داهاتوو. لەم ویراسانەی کە لە دایک و باوکەوە بۆ منداڵ دێن، ئەگەر نەخۆشیی دەروونیی جیاجیا هەبووبێت، یان هەندێ توانایی ژێنەتیکی بۆ ئەو دایک و باوکە نەقڵ بووبێت، ئەگەری پەنجا بە پەنجا یان ئەگەر نەخۆشی بن ئەگەری لە پازدە تا سیوپێنج لە سەدا هەیە، نەقڵ بن بۆ منداڵەکە بە شێوەی ئاسایی. بەشێکی تری کەسایەتیی مرۆڤ جیا لەو دوانەی کە هەیە، لە پرۆسەی بەخێوکردندا دروست دەبێت، ئەوەی کە لە مانگی یەکەمەوە

هەتا ئێستا ئاماژەم پێی کردووە و پێویست بە دووبارەکردنەوەی ناکات. واتا ئەو بەشە بریتییە لە بەخێوکردن و ڕاهێنانی دەرەوەی سکی دایک، یارمەتیی ڕاستەوخۆی دایک و ئینجا باوک و جا دەوروبەرەکە، کەسایەتیی مرۆڤ لەوەوە دروست دەبێت. شتێک بە ناوی کەسایەتیی لەدایکبووی زگماک وجوودی نییە.

لە پێناوی سەلامەتیدا کۆرپە دەبێ زۆر یاریی لەگەڵ بکرێ، زۆر پێبکەنێت، زۆر جموجۆڵ بکات، زۆر گاڵتە بکات، زۆر گڕوگاڵ بکات و هەوڵ بدا قسە بکات. کاتێک دەکەوێتە سێ ساڵ و چوار ساڵ دەبێ یارمەتیی بدرێت هەموو ئەوانە دەربڕێت و بیانکات و ئەوپەڕی ئازادی پێ بدرێت. بۆیە ئازادی بەشێکی جیانەکراوەیە لە پڕۆسەی دروستبوونی مرۆڤ بۆخۆی. کاتێک بە ئازادی لە ساڵی یەکەمەوە ڕەفتاری لەگەڵ نەکرێت، شێواندن لە کەسایەتی دەست پێ دەکات و لە گەورەییشدا ڕەنگ دەداتەوە. منداڵەکان کە لەدایک دەبن بەم وەسفەی کەوا کردم لە یەکتری جیاوازن، هیچ منداڵێک وەکو ئەوەی دیکە نییە. لەوەدایە کە منداڵەکان جیاوازییەکەیان لە پڕۆسەی دەرەوەی سکی دایک وەکو کەسایەتی دروست دەبێت، ئەویش لەو سێ ڕەگەزەی کە باسم کرد. بۆیە کاتێک دەبینین منداڵەکان تەواو لێکتر جیاوازن، نهێنیی لێکجیاوازیی مرۆڤەکانمان بۆ دەردەکەوێ کە لە دنیادا هیچ مرۆڤێک وەک مرۆڤێکی دیکە نییە. فەردانییەت (تاکگەرایی) لەوەوە دێت، کەسێک بە پڕۆسەیەکی زۆر سرووشتی، بە تایبەتمەندیی خۆی، بە کەرەستەی تایبەتیی خۆی، بە پڕۆسەی بەخێوکردنی تایبەتیی خۆی، کە هەر ئەو لەوێدا ژیاوە، کەسی دی لەوێدا نەژیاوە، بەو ئەزموونانەی تووشی بووە و بەو بیروباوەڕانەی کە بۆی نەقڵ دەکرێت، جا زانستی بن یان نازانستی، کەسایەتییەکە دروست دەبێت. ئەو جیاوازییە وا دەکات منداڵەکان لە یاریکردن و شێوەی خواردن جیاواز بن، یەک جۆر خواردن ناخۆن و بایەخەکانیشیان لە یەک ساڵییەوە وردە وردە لە یاریکردن و خواستەکانیان تا سێ ساڵی دەردەکەوێت کە جۆری

یارییەکانیشــیان لێـک جیــاوازن. ئــەوە ئەگــەر منــداڵ کــوڕ بــن یان کــچ بــن، شــێوەی یارییەکانیــان و بــواری دەروونی و کەســایەتییان زۆر لێـک جیــاوازە. جیاوازیــی نێــوان کــچ و کــوڕی کۆرپــە، هەمان جیاوازیــی نێــوان ژن و پیــاوی داهاتــوو درووســت دەکات کــە دوو بنەمــای باشــی پەنجا بــە پەنجای درووســتکەری مرۆڤن، بــەڵام ئەو دوو پەنجــا بــە پەنجایــە واتــا ژن و پیاو، زۆر شــتیان لــە میکانیزمی مێشــکدا، فەرمانەکانــی جەســتە، فەرمانی زاووزێ، جــۆری کارکردن، هەروەهــا جــۆری پرۆســەی بایەخدانی مێشــک بــە دەرەوەی خۆی و بــاری ســایکۆلۆژییان، لێکــدی جیــاوازە و ئــەو جیاوازییــەش قەت کۆتایــی نایەت و، دەبێ وەکو خۆی بێــت. هیچ ئەفزەلییەتێکی یەکێکیان بەســەر ئــەوەی دیدا درووســت نــاکات. تەنانــەت ئــەو منداڵانەی کە دووانەشــن، وەکــو یەکــدی نیــن. لــەزۆر ڕووەوە وەکو یەکــن، بەڵام لــە تەجرەبــەی دەســتپێکردنی ژیان لە ســکی دایک، دیســان ئەوانیش جیــاوازن، هەریەک ئیحســاس و هــۆش و هەســت و هەیەجانی خۆی هەیــە و جۆری دانوســتانی لەگەڵ دەرەوە تایبەتیــی خۆیەتی. ناکرێت بڵێــی هەردووکیــان بە یەک ئەنــدازە کاریگەر دەبن بە فــڵان ڕەفتار و بە فڵان خۆشــی گەشــە دەکەن. بەڵێ گەشــە دەکەن بەڵام بە شــێوەی تایبەتیــی خۆیــان. بۆیــە جمکەکانیــش دوو کەســایەتیی زۆر لێکــدی جیــاوازن. بەمپێیە دەکــرێ بڵێین بەخێوکــردن بریتییە لــە یارمەتیدان و چاودێریکردنــی ئۆرگانیــزم یــان بوونــەوەری زینــدووی بچــووک کــە کۆرپەیــە، بۆ گەشەســەندنی ئاســایی لە دەرەوەی ســکی دایک تا هەموو قۆناغەکانی خۆی بە باشــی ببڕێــت و تواناییەکانی وەربگرێت. ئینجــا دوای بەخێوکــردن، فێرکــردن دێت کــە بریتییە لــە یارمەتیدانی کۆرپــە بۆ ئــەوەی بۆخۆی وەکــو ئــەوەی دەیەوێ جموجــۆڵ بکات، دوایــی هەندێــک جموجۆڵ و ڕەفتــاری فێر دەکرێــت. هەروەها کۆرپە کــە دەبێتــە منــداڵ، لە گڕوگاڵــەوە تا ئەوکاتەی توانســتی مێشــکی بۆ درووســتبوونی زمــان کامڵ دەبێــت، دەبێ یارمەتیــی بدرێت، پڕۆڤەی پــێ بکرێت تــا زمان فێــر بێت.

کاتێـک منـداڵ زمان فێر بوو، مێشـک ئیتر کەرەسـتەی دانوسـتانی لەگـەڵ دەرەوەی خۆی پێ دەدات کە بریتییە لە زمان و لێکدانەوەکانی مێشـک. ئەوکاتەیە کەوا ڕەفتاری ئاسـایی بە باشـتری فێـر دەکرێت. ئینجـا توانسـتی وەرگرتنی زانیارییشـی تێـدا درووسـت دەبێت. ئەم توانایيانـە لە هەرە سـادەوە دەسـت پـێ دەکات تا دەبێتە ئینسـانێکی ئاسـایی و دەتوانێ زۆر شـت وەربگرێت کە هەمیشـە ئەمە لە تەمەنی چـواردە سـاڵیدا لای کـوڕ و کەمێک زووتر لای کچ تـەواو دەبێت.

کەواتـا فێرکـردن بریتییـە لـە هاوکاریکردنی جـووڵان و فێرکردنی زمـان و یارمەتیدانـی ڕەفتـار و پێدانـی زانیاری و زانسـت بە منداڵ. بەڵام سـێیەمین ڕەگـەز پەروەردەکردنـە. پەروەردەکـردن بریتییە لە پێدانـی زانیاریـی پێویسـت و فێرکردنی منداڵ بە شـێوازی وەرگرتنی زانیـاری و گەڕان بەدوای زانیاریی درووسـتدا. ئـەوکات وردە وردە منـداڵ فێری بەها ڕاسـتەکان دەکەیـن، ئەو بەهايانەی کـەوا بەکەڵکی مرۆڤ و ژیانی ئاسـایی دێن و سـەلامەتیی دەپارێـزن. دوایی لە ڕێی بەهاکانـەوە، وردە وردە بنەماکانـی ئەخـلاق (ڕەوشـت) فێـری منداڵ دەکرێـت، ئـەوەی پێیدەگوترێت مۆراڵ. هەڵبەت دواتر باسـی زانایی و زانیـاری و بەهـاکان و ئەخـلاق بە شـێوەیەکی تایبەتی دەکەم.

دوایـی منـداڵ فێـری کارکـردن دەکرێـت، بـەو توانايیانـەی خۆی هەیەتـی. هەرکەسـێک توانـای تایبەتـی خـۆی و تێگەیشـتنی خـۆی هەیـە، ڕوانـگای تایبەتـی خۆی بـۆ کارکـردن دروسـت دەکات. ئەو کارکردنە شـێوازی بەشـداریکردنی ئەو لە کۆمەڵگادا دیاری دەکات و توانایيەکانی ئەو دەسـتەبەر دەکات بۆ ئەوەی خواسـتەکانی بەدەست بهێنێـت، بۆ ئـەوەی بتوانێت بژییـت و بەردەوام بێـت. لەوەدایە منداڵ فێـر دەکرێـت کە ئـەو لە خەڵکی دیکە جیاوازیشـە. واتا هیچ کەسـێک وەکـو هیچ کەسـێکی دیکە نییە. پێویسـتە ئەو جیاوازییـە وەربگیرێت بـە شـێوەی ئاسـایی مامەڵەی لەگـەڵ بکرێـت. جیاوازی دەبـێ ببێتە بەندێکـی سـەرەکی لە ڕوانـگای منداڵ بـۆ هەموو دنیا. هەرکەسـێک

پێویستە جیاوازییەکانی کەسێکی دیکە بە مەرجێک ئازاردەر و نەخۆش نەبن، زۆر بە ئاسایی وەربگرێت. جا جیاوازییەکان لە تواناییەکاندا بێت، لە بیروباوەڕەکانیدا بێت، یان لە فەرهەنگ و کولتووریدا بێت، یان لە شێوازی کاکردن و هێنانەدی ئامانجەکاندا بێت. ئەم پرۆسەیە لە تەمەنی یەک ساڵی دەست پێ دەکات تا دەگاتە هەژدە ساڵی، ئەوکاتەی دەچێتە زانکۆ.

پێویستە بزانین منداڵ لە قۆناغی جیاجیای تەمەنیدا توانا و تاقەتی تێگەیشتنی پەرە دەسێنێت، واتا لە هەموو قۆناغێکدا ناتوانێ هەموو شتێک تێبگات، چونکە مێشکی کامڵ نەبووە و هەموو بەشەکانی مێشک درووست نەبوون وهەموو پێوەندییەکانی ناوخۆی درووست نەکردووە. هەربۆیەش زانیاری و پەروەردە دەبێ بە ئەزموونی زانستی و بە واقیعبینی دیاری کرابن، ئەوەش لە دنیادا ئێستا هەروا کامڵ دەکرێت و دەرئەنجامی ئەزموونەکانمان پێدەگات. جا پێویستە ئاگادار بین لە هەرقۆناغی دیاریکراوی تەمەندا، ئەو بەشە لە زانیاری بدەینە منداڵ کە لەو تەمەنەدا وەریدەگرێت و پێویستیەتی، نەک زیاتر. ئەو بەشە لە ڕەفتار لە منداڵان چاوەڕوان بکرێ کە پێویستیەتی و لێی تێدەگات و گەر جێبەجێی بکات بە کەڵکی دێت. جا خراپیش نییە گەر ئەو سێ بەشەی کەسایەتیی مرۆڤی لێ درووست دەبێت واتا: ئاید و ئیگۆ و سوپەر ئیگۆ باس بکەم.

ئاید واتا خودی سرووشتی مرۆڤ یانی کۆرپە وەکو خۆی، کە دەگەڕێ بە دوای نیازەکانییەوە، ئەو نیازانەی کە هەیەتی و هەر ئەوەی پێ ڕاستە و هیچی دیکەی پێ ڕاست نییە. ئەو قۆناغە ئاستەمە پێویستە یارمەتیی کۆرپە بدرێت لە تەمەنی یەک ساڵییەوە تا سێ ساڵە. دوای ئەو قۆناغە تا دەگاتە تەمەنی حەوت ساڵە ئیگۆ درووست دەبێت. ئیگۆ واتا بنەمای کەسایەتیی ڕاستەقینەی خودی منداڵ کە زمانی بۆ درووست دەبێت و زانیاری وەردەگرێت، لەسەر

هێنانــەدی خواســتەکانی خــۆی بــەردەوام دەبێــت، بــەڵام بەپێی ئەو زانیارییانــە گۆڕانــکاری لە خواســتەکانیدا دەکات، تێدەگات چ شــتێک بــۆ ئــەو زیانی هەیە و چ شــتێک قازانجــە. هەندێک پڕۆســێس و مانا لە مێشــکیدا کامڵتر دەبن و توانای زمان و قســەکردنی باشــتر دەبێت. لــەو قۆناغەدایــە کە منــداڵ ئەتوانێ نیــازی خۆی دەرببڕێــت کە چیی دەوێت و چیی پێ خۆشــە. هەربۆیەش لە قۆناغی ئیگۆدایە کە لە ســێ ســاڵییەوە تا حەوت ســاڵی پێدەگات، دەبێ بە شــێوەی زۆر ئاســایی کامــڵ ببێــت و یارمەتی بدرێــت تا منداڵ خواســتەکانی خــۆی بەلاوە گرینــگ بێت، چونکە بەو خواســتانەیە دەژیێت. هەروەهــا باوەڕەکانی خــۆی بــەلاوە گرینــگ بێــت و بــاوەڕی بــەو خواســت و ئارەزووانە هەبێــت. لــە قۆناغــی ئاید و ئیگۆدا واتا لە یەک ســاڵی تا ســێ ســاڵی و لــە ســێ ســاڵییەوە تا حــەوت ســاڵی، منــداڵ ناتوانێ لــە بەهاکانی ئەخلاقــی تێبــگات، چونکــە نە پێــی لێک دەدرێتــەوە نە پێویســتی پێی هەیــە. بۆیــە نابــێ زۆر گوشــاری بــۆ بهێنرێــت. زۆر زانیــاری هەیە تێینــاگات کــە زیــاد لــە ســنووری خۆی لێــت بار کــرد، سیســتەمی مێشــکی خــۆی دەکوژێنێتــەوە و بێدەنــگ دەبێــت، وەڕەز دەبێت، یان بەرەنگاریــی دەکات. هەڵبەتــە دوایی لە تەمەنی هەشــت ســاڵی بەرەو ســەرەوە بــە تایبەتــی لــە دە بــەرەو ســەرەوەیە کە قۆناغی ســوپەر ئیگــۆ واتــا قۆناغــی زەمیــری کۆمەڵایەتــی دەســت پێــدەکات، لەوێ منــداڵ تێــدەگات کۆمەڵــگا چییــە و لەوێــدا هەندێ ئا و نــا و بەخێر و نەخێــر و دەتوانــی و ناتوانــی بــە شــێوەی دیکــە هەن کــە دەبێ ئەو کەســە خۆی لەگــەڵ بگونجێنێــت و بژاریان بکات. جا کەســەکە خۆی لــە بژارکردنیانــدا هەندێکیانــی قبووڵە و هەندێکیانیشــی قبــووڵ نییە، ســەرەنجام ئەو کاراکتەرە درووســت دەبێت کە پێی دەگوترێت کەس لــە کۆمەڵــگادا و کاری خۆی دەکات و ڕوانگای خــۆی و بیروباوەڕی خــۆی هەیە و لــە خەڵکانی دیکــەش جیاوازە.

لــە هەمــوو ئــەو پڕۆســەیەدا، میهرەبانــی و خۆشەویســتیی نێوان دایــک و باوک، بە تایبەتی ئەگەر عەشــق هەبێت، جــۆری ڕەفتاریان و

پێکەنیـن و یارمەتیدانی یەکتریان، کاردانـەوە و کاریگەرییەکی یەکجار زۆری دەبێـت لەسـەر پڕۆسـەی گەشـەی ئاسـایی ئـەو قۆناغانەی منداڵ. لە پەروەردەکردندا بە تایبەتی بۆ درووسـتکردنی کەسـایەتی و دەروونـی و، ڕەفتاری منداڵ خۆشەویسـتی نێـوان دایک و باوک زۆر دەور دەبینـێ. هەڵبـەت خۆشەویسـتیی نێوان ئەندامانـی خێزانەکەش گرینگـی خـۆی هەیـە و کار دەکاتـە سـەر منـداڵ. لـە تەمەنی سـێ سـاڵی بەولاوە منداڵ هەسـت دەکات خزمەکانیشـی دەناسێتەوە. بۆیە پێوەندیی زۆر ئاسـایی خزمەکانیشـی گرینگە. زۆر پێویسـتە دژایەتی و ناڕەزایەتـی و جیاوازییـەکان لای منداڵ باس نەکرێـت، منداڵ فێری ئـەو گێرمەوکێشـە نەکرێت، چونکە کاتێک کە فێـر دەکرێت ڕقی لە کێ دەبێتـەوە و کێـی خـۆش نەوێت و کێـی زۆر خۆش بوێـت، ئەرکێکی پـێ دەسـپێرین کـە مێشـکی ئـەو ناتوانـێ بیخوێنێتـەوە، جەسـتەی پێویسـتی نییە و لێی تێناگات، بۆیە تەپەسـەر و کەبتی بۆ درووسـت دەکات. جـا لـەو قۆناغانەدایـە کۆمەڵێـک نەخۆشـیی دەروونـی لـێ دەئاڵێـت کـە لە ئەنجامی دەستەوەسـتانی دایک و بـاوک و دەوروبەر بەسـەریدا دەسەپێنن و تێیدا دەڕسـکێنن. کەمبوونەوەی خۆشەویستی وەک بێبایەخـی بـە خێـزان و دژایەتیکردنی ڕەگەزێکـی مرۆڤی وەکو پیـاوان دژی ژنـان یـان منـداڵ، هەروەهـا نائومێدی و ڕەشـبینی لە ژیانـدا، نەخۆشـییەکانی دیکـەی دەروونیـن کە لـەو قۆناغانـەی ناو ماڵـدا منـداڵ تووشـیان دەبێـت. بـەڵام لـە پێچەوانەکەشـیدا ئەگـەر منـداڵ لـەو جیاوازییانـە بپارێزرێن، خۆشەویسـتی بەسـەردا ببارێ ئەگـەر لـە ڕەفتـاری نێوان دایک و باوک کێشـە نەبینێت یان هەسـتی پێنـەکات، لەگـەڵ خوشـک و براکانـی پێوەندییەکـی ئاسـایی و پڕ لە خۆشەویسـتی بـۆ دابین بکرێت، بـە تایبەتی لە نێـوان منداڵەکان. هەر منداڵـە لـە قۆناغی تەمەنی نـاو ماڵیـدا ڕەفتاری تایبەتیـی خۆی هەیە و بەرژەوەندیـی تایبەتـی دروسـت دەکات، دایک و بـاوک دەبێ لەوە وریـا بن، منداڵـەکان ئازاری یەکتـری نەدەن یان بـاوەڕی دەروونیی خۆیان کە پێی دەگوترێ لێکدانەوەی دەروونییان بۆ درووسـت نەبێت

کە ئەو تێگەیشتنە نەرێنییە بێت لە کەسایەتییاندا لە ئایندە رەنگ بداتەوە. دایک و باوک پێویستە بزانن مرۆڤ بریتییە لە یەک کەس، ئەو کەسە یەک جەستەی هەیە، یەک پرۆسەی زیندووبوونیشی هەیە، بۆیە دەبێ ئەو لەشی باش بەخێو بکرێت و ئەو ژیانە باش پەروەردە بکرێت و ئاگاداریی پێویستی لێ بکرێت و ئامادە بکرێت خۆشیی لەو ژیانە بەرێت و توانایی هەبێ پێ بنێتە ناو ژیانێکەوە کە پڕە لە دژەبەری و ئاستەنگ و ناخۆشی و ئازار و شکان و سەرکەوتن، منداڵ پێویستە ئەو تواناییانەی تێدا درووست بێت و بە ئاسایی وەریبگرێت. ئەوکاتەیە ئینسانێک دێتە مەیدان کە ژیانی پێ خۆشە بە هەموو ئێش و ئازار و سەرکەوتن و شکانەکانیەوە. هەمیشە هەوڵی زانین دەدات لە بوارێکی تایبەتی، ئەو زانینە بە شێوەیەکی تایبەتی بە کار بێنێت و کارێکی تایبەتی بکات. لەوحاڵ و کاتەدا دەکەوێتە کێبڕکێ لەناو کۆمەڵگا.

قسەکانم بە ناساندنی جەستەی دەروونی کۆتایی پێدێنم. منداڵ یەک جەستە و یەک ژیانی هەیە، لەم ڕێرەوەدا لە مانگی یەکەم تا دەگاتە هەژدە ساڵی، بە قۆناغی تەمەنیی جیاجیا شتێکی تر لای منداڵ درووست دەبێت کە پێی دەگوترێت «جەستەی دەروونی»، یان تەنی دەروونی. جەستەی دەروونی بریتییە لەو تەون و پەرژینە سۆزداری و هۆش و هەیەجانەی کە لە دەرئەنجامی ڕەفتاری دەوروبەر و جۆری بەخێوکردن و جۆری فێرکردن و پەروەردەکردن لای منداڵ لە دەروونیدا درووست دەبێت، ئەم جەستەیە وەکو پۆشاکی نەبینراوی هەر کەسایەتییەکی لێ دێت، ئەگەر بە باشی و بە ساغی بچێنرێت، ئینسانێکی بەهێز و واقیعبین و زانای لێ هەڵدەکەوێ و ئەگەر برینی تێبکەوێت ئەوا برینەکان تا کۆتاییی ژیان دەمێنن، بە زەحمەتەیش تیمار دەکرێن. هەربۆیەش لە گەورەییدا کەسانی زۆر هەستیار دەبینی کە بە وشەیەک هەڵدەچن، بە گوشارێکی کەم دادەمێنن، بە زیانێکی کەم دەشکێن، کەسانێکن توانای کێبڕکێیان نییە، توانای بیرکردنەوە لە پرۆژەی داهاتوویان

نییــە، لــە پێوەندییەکانیانــدا خشــوونەت بــە کار دێنن. ئــەو منداڵانەی باش بەخێــو ناکرێــن و بــاش فێــر ناکرێن، بە شــێوەیەکی زانســتی پــەروەردە ناکرێــن، جەســتەی دەروونییــان بــۆ درووســت نابێــت. ئــەو جــۆرە کەســانە وەکــو ئــەوە وان ئینســانێکت کــەوڵ کردبێت و پێســتی پێوە نەبێــت، بە کزەبایەک هەســت بە ئازارێکــی زۆر دەکات، فــووی لــێ بکــە هــاوار دەکات، دەســتی لــێ بــدە برینــداری دەکەی. ئەوانــە پێســتی دەروونییان نییە و وەک کەســێکی کەڵکــراو وان. ئەو ئنیســانە هەســتیارانە لە ژیانــدا بە هیــچ دەســکەوتێک ڕازی نابن، بە هیــچ تواناییــەک ئۆقــرە ناگــرن، بە هیــچ دەســتێک تیمار نابــن، ژیان بــە ئێــش و ئازارێکــی زۆر دەزانــن، بە پەلەنــە بۆ ئەوەی لــە کۆڵیان بێتــەوە و بەشــێک لەوانە بەرەو خۆکوشــتن و کوشــتنی خەڵکی دیکە دەچــن. ئەمەیــە ئاڵۆزی پڕۆســـەی درووســتبوونی ئینســان. جا دەبێ زۆر بە وریایی و زۆر بە ئاســتەمی و حەســاییەتەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەیــن، وەکــو وەزیفەیەکــی ئینســانی لە پڕۆســەی ژیانــدا بایەخ بە پەروەردەکــردن و بەخێوکردنــی منداڵــەکان بدەین.

# بەشی شەشەم

## تەمەنی سێ تا پێنج ساڵی(منداڵی و دەرچوون لە کۆرپەیی)

### خووپێگرتن و ترس

ئـەم بەشـە لـە تەمەنی سـێ تـا پێنـج سـاڵی دەگرێتە خـۆی. لەم قۆناغەی تەمەندا کۆرپەیی تـەواو دەبێت و دەچێتە قۆناغی منداڵییەوە. توانـای ڕۆیشـتنی دەردەکەوێـت و وردە وردە مەودایەکـی بـاش لە قسـەکردن دەبڕێـت. بـەڵام زۆر ئاسـاییە کە پیتەکان و وشـەکانی بە ڕێکوپێکی بۆ نەیەت، مانای وشـەکانی هەمیشـە لـە جێی خۆی بە کار نەهێنێـت. لە زمانی کوردیدا دابەشـکردنی تەمەنەکانی منداڵ هەمووی بـە کۆرپـە و منداڵ و باڵـغ دادەندرێت، کە ئـەوە هەڵەیە.

قۆناغـی سـێیەم(دوای جەنیـن و کۆرپەیـی) منداڵێتیی سـەرەتاییە. لـەو قۆناغـەدا مێشـک لـە گەشـەکردن بەردەوامـە، ئەگـەر منـداڵ کێشـەی تەندرووسـتی نەبێـت، زۆر بە ئاسـایی بەشـەکانی مێشـک لـە گەشـەکردنی خۆیاندا ئەرکەکانـی خۆیان وەردەگـرن، هەربۆیەش تواناییـی نوێ لـە منداڵـدا دەردەکەوێت. ئـەم تواناییانە لـە جموجۆڵ و قسـەکردن و جـۆری ڕەفتـار و وردە وردە لـە پرسـیار و گـەڕان بـەدوای کونوکەلەبەری ئەو شـتانەی کە نایاننـاسـێت و بۆیان دەچێت

تـا بیاندۆزێتەوە. بۆیە لەو قۆناغەدایە منداڵ دەسـت لە هەموو شـتێک وەردەدات. ئـەو قۆناغە پێشـی دەگوترێت "خوو پێگرتـن" یان ئیعتیاد و ئیدمـان. خوو بـە دایکەوە دەگرێـت، چونکە لە قۆناغی وابەسـتەیی یـان چەسـپان دەردەچـێ، دێتـە قۆناغێکـی دیکـە کـە لـە خەیاڵـی منداڵـدا دایک بـڕوات کاتییـە و دەگەڕێتـەوە لای. ئەگەر پێش ئێسـتا لـە قۆناغـی چەسـپان و دووران بـوو بە دایکـەوە مانـای وابوو هەر دوورکەوتنەوەیـەک واتـا دایـک کۆرپەکەی بە جێی هێشـت یان دایک مـرد، کۆرپە وا هەسـت دەکات کەواتـا منیش دەمرم یـان نابیبینمەوە. بۆیە منداڵ لە قۆناغی پێش سـێ سـاڵی توند بە دایکەوە نووسـاوە، هـەر جیابوونەوەیەکـی لە دایک دەبێتە مایەی شـێواندنی کەسـایەتیی دەروونیـی منـداڵ، هەروەهـا کار دەکاتە سـەر ڕاددەی گەشـەکردنی جەستەییشـی و ڕەنـگ دەداتەوە لـە ڕەفتار و بـواری دەروونیی ئەو منداڵەدا. لە تەمەنی سـێ سـاڵییەوە، لە ئەنجامی گەشەسەندنی مێشک و زیادبوونـی بەشـەکانی و بەگەڕکەوتنیان، منداڵ تێـدەگات کە دایک ئەگـەر لێیشـی دوور بێت، ناڕوات و دێتـەوە، نامرێت هەر ماوە. بەڵام بـۆ ئـەو وا خۆشـە و وا ڕاهاتـووە کـە دایکی هەمیشـە لە تەنیشـتی بێـت. لەو قۆناغەدایـە کە منداڵ توند بە دایکەوە دەنووسـێت، دامێنی دەگرێت و ناهێڵێت بڕواتا سـەر کار و لەگەڵ خەڵک قسـە بکات. ئەگەر منداڵـی دوای ئـەو (منداڵـی بچووک)یـان هەبێت، منـداڵ کاردانەوەی دەبێـت لەبەرامبـەر ڕەفتـاری دایـک بەرامبـەر کۆرپەی نـوێ. ئەگەر منداڵـی لە خـۆی گەورەتری هەبێـت، جۆری حەسـوودی و ڕەفتاری توند لە بەرامبەر بایەخدان بە منداڵی سـەرەوە نیشـان دەدات. بەڵام لـەو قۆناغـەدا کە هەسـت و ئیحسـاس و خەیاڵی منـداڵ زۆر فراوان دەبێـت، توانـای ئەوەی پێـدەدات کە لـە خەیاڵی خۆیدا ئـەو چیرۆکە بچنێـت کـە دایکـم ئەگـەر بـڕوات دەگەڕێتەوە، بـەس وا باشـە هەر لەلای مـن بێت.

لــەو حاڵەتەدایــە دەکــرێ وردە وردە پڕۆڤــە بــە منــداڵ بکرێــت تا تێبــگات دایــک کە دەچێتە ســەر کار، بە میهرەبانی و بــەردەوام تێری بکات و هەســت بکات لە شــوێنێکی ئەمین جێماوە کە باوک یان نەنک و باپیــر یان کەســوکاری زۆر نزیکــی وەک پوور و خــاڵ و ئەوانەی لــێ بــن. زۆریش باش نییە خزم و کەســی دوور منــداڵ بەخێو بکەن. لــە هەمــوو حاڵەتێکــدا ســەرەتای ئەوەشــە کــە هەندێک لــەو دایکانە منــداڵ دەبەنــە دایەنــگا، دەیانبەنە شــوێنی پەروەردەکردنــی منداڵ بۆ چەنــد ســەعاتێک تاوەکــو دەگەڕێتەوە. ئــەوە قۆناغێکی هەســتیارە و منــداڵ نابێ بــە تۆبزی بەجێ بهێڵرێــت، دەبــێ وردە وردە لەگەڵ ئەم چیرۆکــە گــەورە بکرێت: «کە ئــەوە من دەڕۆم، پــاش ماوەیەکی دیکە دێمــەوە" بــە ڕاســتییش دەبــێ لە مــاوەی دیاریکــراوی خۆیــدا دایک بگەڕێتــەوە وە دەبــێ دڵنیا بێت کاتێک منداڵ بەجــێ دەهێڵرێت، جۆری بەخێوکــردن و ڕەفتارکــردن لەگەڵــی کەمتــر نەبێــت لــەوەی دایک بە باشــی لەگەڵی دەیکات. مەبەســتم ڕەفتاری خراپی ئەو دایکانە نییە کە لە نەزانی و نەخۆشــی بە خشــوونەتەوە مامەڵە لەگەڵ منداڵدا دەکەن. مەبەســت ئەو دایکە باشــانەی کــە ئایدیالین، ئەو دایکــە نموونەییانەی کــە زانیارییان هەیە، باری تەندرووســتی تەواوە و، ڕەفتاری ئاســایی و زانایانــە لەگــەڵ منداڵی خۆی دەکات. ئەو کەســەی کە منداڵی خۆی لــەلای بەجــێ دێڵێــت دەبــێ تایبەتمەندییەکانــی منداڵەکەی پــێ بڵێت، جــۆری بەخێوکردنەکــەی پێبڵێت، تا دەشــتوانێت زانیاریی بداتێ چۆن ڕەفتــار لەگــەڵ منداڵەکــەی بکات، جا ئەوە خوشــکی بێت، یــان دایکی بێــت یــان بابی بێت، زۆرجــار باوک لای منــداڵ دەمێنێتــەوە. گومانی تێــدا نییە باوک بێت ئەو دەورە باشــتر دەبینێــت. دەرچوون لە قۆناغی خووگرتــن بۆ منــداڵ زۆر پێویســتە، چونکــە منداڵ فێــری خۆڕاگری دەکات. خۆڕاگــری تەحەممولێکی زۆر بە سیســتەمی مێشــکی منداڵ دەدات، باوەڕبەخۆبوونــی لــەلا زیاد دەکات، توانــای ڕەفتاری لە دوای دایکی پێدەبەخشــێت، ڕەفتــار دەکات لەگەڵ ئەوانەی لــە دەوروبەرین، هەروەهــا فێری دەکات پشــت بە خۆی ببەســتێت، یاری بــکات، وردە

ورده خواردنی خۆی بخوات، به شـێوەیەکی زۆر سـەرەتایی جلەکانی خـۆی بگۆڕێـت یـان فـڕێ بـدات. دەبـێ دەرفەتی پـێ بدرێـت، هەتا ئەگـەر نەشـتوانێت، با کاری خـۆی بکات و ماندوو بێـت تا ڕابێت. بۆ نموونـە گۆرەوی خـۆی بۆخۆی داکەنێت، یان کراسـی خۆی بۆخۆی دادەکەنێـت، یان پانتۆڵەکـەی داکەنێت، زۆر به زەحمـەت دایدەکەنێت، بـەڵام دەبێ لێیگەڕێن ئـەو کاره بـکات، تاوەکو ڕادێت.

بـە پاکوخاوێنی و خۆپاراسـتن ڕابهێنرێـت. لەم قۆناغانـەدا به هیچ شـێوەیەک بۆ ئـەم کارانه نابێت منداڵ بترسـێندرێت یـان لێی بدرێت، یـان بەسـەریدا هاوار بکـرێ. ئەو سـێ ڕەفتارانه هەرسـێکییان زەبر له مێشـک دەدەن، ئەرکەکانی لێ دەوەسـتێنن، مێشـک بەرەو سەقەتی دەبـەن، ڕەفتـار و تێگەیشـتنی منـداڵ بەلاڕێیەکـی خراپـدا دەبـەن. هەربۆیـە دەبـێ منـداڵ ورده ورده لـە خووگرتـن دوورکەوێتـەوە چونکـە ئـەو توانایه له منداڵـدا هەیه، به ماوەیەکی کـەم تەحەممولی دووریـی دایـک و بـاوک دەکات، بەڵام دەبـێ ئەو دوورییـە بۆ چەند کاتژمێرێـک بێـت لـە ڕۆژدا و نابـێ زیاتر بێـت. دایکانێک کـە منداڵی خۆیان بۆ سـەفەر یان کاری دوورودرێژ چەند ڕۆژ لای کەسـوکاری خۆیـان بەجێ دێڵـن، زەبرێکی بەهێـزی وێرانکەر له تەندرووسـتی و دەروونـی منداڵـی خۆیـان دەدەن. یەکێکی تـر لـە تواناییەکانی منداڵ ئەوەیـە توانایی ڕۆیشـتنی دەبێ کامڵ بووبێت، به شـێوەیەکی ئەوتۆ کـە پرۆسـەیەکی دیاریکـراو هەبێت هەسـتی پێ بکرێت. ڕۆیشـتن و جووڵـە و غاردانی ئاسـاییە و قۆنـاغ دوای قۆناغ پێشـکەوتنی تێدایە. ئەگەر کەموکوڕی له ڕۆیشـتنیدا هەبوو پێویسـتە سـەردانی دکتۆری تایبەتیـی منـداڵ بکرێت. هەر لـەو قۆناغەدایە کە توانایـی بینینی چاو لـە منداڵـدا زیاتـر دەبێـت، ئەگـەر کەموکوڕییـەک هەبێـت دەبێ لای دکتـۆر پشـکنینی بۆ بکرێـت، ئەگەر پێویسـتی به چارەسـەر هەبێت، دەبـێ وەریبگرێـت. هەروەها توانای بیسـتن لای منـداڵ کامڵ دەبێت، ئەگـەر لەوەشـدا کێشـەی هەبوو دەبێ پێـی ڕابگەن، چونکـە هەندێک منـداڵ ئەگـەر لـەو قۆناغەدا، له بینین و بیسـتن زەبریـان له جەنین و

سـکی دایکیانـدا بەرکەوتبێت یان لـە کۆرپەییدا لـە ئەنجامی ڕەفتاری خراپـدا ئـازار درابن، دەبێ لەو تەمەنی سـێ سـاڵییەدا بەهانای بگەن بـۆ ئـەوەی بتوانێت بە چارەسـەری پزیشـکی ببینێت و ببیسـتێت. بۆ ئەوەی بتوانێت پێشـکەوێت و مێشـکی گەشـە بکات.

تواناییەکـی دیکـەی منداڵ ئەوەیـە دەتوانێت وردە وردە قسـە بکات. قسـەکردن وەکـو ڕۆیشـتن و بیسـتن نییـە، بەڵکـو زۆر سـەرەتاییە، وشـەکانی تەواو پێ دەرنابـڕدرێ، هەندێک پیت خراپ دەکات، هەندێکی هـەر ناتوانێت بێنێـت. هەر منداڵە شـێوەی تایبەتی خـۆی هەیە. ئەگەر نائاسـایی بوو لە پڕۆسـەی قسـەکردن لە تەمەنی سێ سـاڵیدا، دیسان دەبێت سـەردانی دکتۆری ڕاوێژکاری تایبەتی منـداڵ بکرێت بۆ ئەوەی دەرکەوێـت کێشـەکانی لـە کام جـۆرن. لەم قۆناغـەدا واتا لە سـێ تا پێنـج سـاڵی بیرکردنەوەی منداڵ پێشـتر دەکەوێت، هەسـتی منداڵ یان (حـس) ئامـرازی سـەرەکییەتی لەگـەڵ دنیـای دەرەوەی خۆیـدا، ئەو هەسـتە خۆی فراوانتر دەنوێنێت، هەڵبەتە دوای ئەوە ئیحساسـی منداڵ فراوانتـر و ئەزموونـی بـۆ کـۆ دەبێتەوە، خەیاڵی دەسـت پێـدەکات و زمـان و تەجرەبـەی دێتە نـاو. ئەو زاکیرەیەی لە سـێ سـاڵدا هەیەتی بـە هانـای دەگات. هەروەها جۆری هەیەجان یـان ڕەفتار و هەڵچوونی منـداڵ بـۆ پێکەنین و توڕەبوون و تەنگاوی و ترسـان، ئەوانەش بەرەو پێشـەوە دێـن. سـەرەتای خەیاڵ و فانتازیـای منداڵ دەسـت پێدەکات، کـە وردە وردە هـەوڵ دەدات وەکو ئەوەی تێیگەیشـتووە و بینیویەتی بیگێڕێتـەوە، زیـاد و کەمی لە گێڕانـەوەدا دەکات، هەندێک جار هەندێک شـت هەر تێنـاگات و وەرینەگرتووە، چونکە دەبێ بە شـێوەی تایبەتی خـۆی وەریبگیرێـت. نابـێ وا بزانیـن کاتێـک شـتێک بـۆ منـداڵ باس دەکـرێ یـان دەیبینێت، هەمووی تۆمـار دەکات و هەمـووی لە بیرە و هەمـووی دەگێڕێتەوە. بۆیە ئەگەر کەموکوڕی تێخسـت یـان بەلاڕێیدا بـرد، نیشـانەی درۆکـردن و خراپەکاریی منـداڵ نییە بەڵکو نیشـانەی ئەوەیـە خەیاڵی ئەو بەمشـێوەیە ئەو واقیعەی وەرگرتووە، بە شـێوەی تایبەتـی خـۆی دادەڕێژێتـەوە و دەیڵێتـەوە. لێیگەڕێن ئـارام بێت تا بە

هەڵسوکەوت لەگەڵ واقیع لە بیستن و گوێگرتندا خەیاڵی لە واقیع نزیک دەکەوێتەوە.

لەو قۆناغەدایە منداڵ زۆر هەڵە دەکات، لە ڕۆیشتن ساتمە دەکات، لە کاتی کەشفکردنی شتە نەناسراوەکان سەرچیغ دەڕوات، پرسیاریش زۆر دەکات. لەوانەیە بکەوێت یان زوو زوو سەری خۆی لە دار و دیوار بدات، یان شان و سەر و لاقی بە دەرودیوار بکەوێت، کە هەموویان زۆر ئاساییین، نابێ زۆر بەداخەوە بین، ناشبێت بیترسێنین بڵێن: «نابێ تۆ وابکەی چونکە، شان و سەرت و قاچت دێشێت» بەڵکو دەبێ هانی بدەین بەردەوام بێت تاکو ڕێگای خۆی و سرووشتی خۆی لە ژیاندا بکاتەوە، فێر ببێت لەم دنیایە بە قاچی خۆی بڕوات و بە دەستی خۆی کار بکات، پێویستە هاوکاری بکرێ و گوێی لێ بێت و بە زمانی خۆی بڵێتەوە، بە خەیاڵ و ئیحساسات و هەیەجانی خۆیشی خۆی دەرببڕێت. وردە وردە ئەو شەخسییەتە بەهێزە بۆ منداڵ درووست بکات کە واقیعبین دەبێت، دنیا وەکو خۆی دەبینێت، باوەڕیشی بەخۆی دەبێت.

فێری تەحەممولکردن لە توانایی دووری لە دایک بۆ چەند کاتژمێرێک لە ڕۆژدا، وا دەکات سیستەمی مێشکی منداڵ بەهێزتر بێت، لە داهاتوودا ئینسانێکی واقیعبینتر و گەشبینتر بێت و پلانی هەبێت و باوەڕی بەخۆی هەبێت. لە کاتی بیرکردنەوەدا ساغ و سەلیمتر دەردەچێت. لە خوێندن و پڕۆژەی ژیانیشیدا هەمیشە کەسە سەرکەوتووەکان لەم جۆرە منداڵانەن.

ترس بە شێوەیەکی سەرەتایی و سرووشتی لای ئینسان هەیە، بەڵام منداڵ کەمتر هەستی پێدەکات. ترس بۆخۆی میکانیزمی بەرگریکردنە لە ئینسان و هەر لە کائینێکی زیندوو. ئەگەر ترس نەبێت هیچ کەسێک ناتوانێت لە ژیاندا بەردەوام بێت، چونکە هەست بە هەڕەشەکردن ناکات. بەڵام ئەگەر ترس لە سنووری خۆی تێپەڕی، دەبێتە نەخۆشی. بۆیە دەبێ منداڵ لە کاتی مەترسیدا بەس

هۆشـیار بکرێتەوە لەو شـتانەی ئازاری دەدەن و مەترسـی بۆ سـەر درووسـت دەکـەن وەک: «ئەمـە کارەبایـە، ئەمە چەقۆی تیـژە، ئەمە ئاگرە» و شـتی لەو بابەتـە ئازاردەرانە لە ماڵـدا زۆرن. منداڵ هەڵەی خـۆی هـەردەکات، بەڵام دەبێ ئەو کەسـەی لەلایەتـی یارمەتیی بدات تـا زەرەری پێ نەگات و دەسـتی بگرێت. نابێ مانـدوو بن لەوەی پێی بڵێـن ئەمە دەسـتت ئـازار دەدات، چەقۆ دەسـتت دەبڕێت و دێشـێت. نابـێ بـە جۆرێکـی ئەوتـۆ بترسـێنرێت کە هەرچـی لـە دەوروبەری خـۆی دەیبینێـت بـە هەڕەشـە و بـە ترس و هێـرش بۆ سـەر ژیانی خـۆی بزانێـت. منداڵ کاتێک هەڵـە دەکات لەو تەمەنـەدا نابێت بە هیچ شـێوەیەک سـزا بدرێت و لێی بدرێت و بەسەریدا هاوار بکرێت، نابێت بێیـەش بکرێت لە خواردن و خۆشەویسـتی، بـەڵام دەبێت هەوڵ بدەن بـە شـێوازی تایبەتی زمـان و قۆناغی خۆی ئـاگا بکرێتـەوە، چونکە منداڵ لە سـزا تێنـاگات. کاتێک لێی بدرێت و بەسـەریدا هاوار بکرێت، ئـەو وەکـو ئینسـانێکی دەستەوەسـتان تەماشـا دەکات و تێناگات تۆ بۆچـی هاوار دەکەی، بەڵام دەترسـێت و شـڵەژانی لـەلا زیاد دەکات، ترسـی دەبێتـە سـترێس و سـترێس لای منـداڵ سـەرەتا و بناغـەی شـڵەژانی کەسـایەتی درووسـت دەکات، کـە ئیتـر ئـەوە سـەرەتای نەخۆشـییەکان دەبێـت و، مـرۆڤ داخیلـی قۆناغێکی نـوێ دەبێت کە نابـێ ئاواتـی بۆ پـێ بخوازین بۆ هیـچ منداڵێک.

سـزادان و هـاوار و ڕەفتـاری زبر، وا لە منـداڵ دەکات بێدەنگ بێت بـەڵام فێری هیچ شـتێک نابێـت. بێدەنگییەکەی ترسـە، بێدەنگییەکەی تێنەگەیشـتنە، بێدەنگییەکـەی کوژاندنـەوەی سیسـتەمی مێشـکییەتی. کاتێـک کەسـێک بەسـەریدا هـاوار دەکات یـان لێـی دەدات، بـە هیچ شـێوەیەک لە دەربڕین و وشـە و هەڵچوونی و کەسـی تەمەن گەورە جـا دایـک و باوک بێت، بەو زمانە ئاڵۆزەی کە ئەو لە تەمەنی گەورەی سـەروو بیست سـاڵی قسـەی پێدەکات، منداڵ لە سـێ بۆ پێنج ساڵی بە هیچ شـێوەیەک نە لە وشـەکان دەگات، نە لە مەبەسـتی وشـەکان دەگات. چونکـە زمانـی بـەو شـێوەیە کامـڵ نەبووە و نە سیسـتەمی

مێشکیشــی بەو ئەندازەیە گەشــەی کــردووە تاوەکــو دەرەنجامی ئەو هەڵانــەی کــە کردوویەتی باش لێـک بداتەوە و ســەرەنجام بڕیارێکی مەنتیقــی بــدات. بۆیە منداڵ لــە بەرامبەر ئــەو دیــاردە خەتەرناکە کە هاوار بەســەرداکردنە یان لێدانە، سیســتەمی خۆی دەکوژێنێتەوە، یان بێدەنــگ دەبێت، دەترســێت و دەلەرزێت. ئەو سیســتەم کوژاندنەوەیە زەبرێکــی دیکــە لــە مێشــکی منــداڵ دەدات، چونکــە کاتێک سیســتەم دەکوژێنێتــەوە بەشــێکی زۆر لــە کۆنێکشــنەکانی بەشــە جیاجیاکانی مێشــکی لــە کار دەکەون، ئــەو لەکارکەوتنــە ژمارەیــەک توێژینەوەی زانســتی پزیشــکی پیشــانی داوە بــە ملیۆنــان خانــەی مێشــک لەناو دەبــات، ئەو ئەرکانەی کە دەبوایە بەشــەکانی مێشــک کــە پێوەندییان بەو کارەوە هەیە، پێی گەشــە بکەن و پێشــکەون، ئەوانە کاری خۆیان ئەنجــام نــادەن، دەکوژێنــەوە و، بــە مردوویــی لــە شــوێنی خۆیــان دەمێننــەوە. ئــەوە لــە تێگەیشــتن و ڕەفتــار و هەڵســوکەوتی منداڵــدا لاپێــک درووســت دەکات، یانــی شــوێنێکی بەتــاڵ، وەکــو ئەوەیە کە لە قوڵــی منداڵدا ســانتیمەترێک ببڕیەوە، دواتر پێکەوەی ببەســتییەوە. دەســتی شــکاوی بــڕاو نابێتەوە دەســت. ڕێک سیســتەمی مێشــکیش بەمشــێوەیەیە. ئەوەی دەڵێــن منداڵ هاوکاریی بکرێــت بە قاچی خۆی و چــاوی خــۆی و گوێــی خــۆی و خەیاڵی خــۆی گەورە ببێــت، نابێ لــە دەرەنجامــی تووڕەبوون و نەزانین و پەلەکــردن ڕەفتاری ئەوتۆی لەگــەڵ بکرێت کە وا حســێب بکرێــت لە کردەوەدا وەکــو ئەوەیە لاقی منــداڵ و دەســتی منــداڵ ببڕییــەوە، یــان زمانــی ببــڕی، یــان چاوی دەربێنــی. لــە کــردەوەدا نەتکــردووە بــەڵام بــە ڕەفتاری خەشــن لە مێشــکی ئــەودا ئەو کارانە ئەنجــام دراون، چونکە لــە دواییدا باوەڕی بە خــۆی نامێنێت.

لە ئەنجامی ئەو ڕەفتارانەدا کە سیســتەم دەکوژێتەوە، منداڵ هەستی هەیە، هەســت یەک ئەنجامی سادەی وەکو خۆی بۆ نەقڵ دەکات وەکو ئــەوەی: «مــن ئینســانێکی خراپم، خراپــم بۆیە وام لەگــەڵ دەکرێت». ئەگــەر بڵــێ من خراپــم، ناتوانێت لەگــەڵ ئەم سرووشــت و ئەم ژیانە

هەڵـکات، لــە گەورەییــدا ئەو هەســتەی لــێ دەردەکەوێت بــەوەی کە ئەو کەســە خەمۆکی هەیــە و هەروەها دامــاوی و باوەڕبەخۆنەبوون و شــێوەکانی دیکەی ئینزایەتی و شــڵەژانی کەســایەتی بۆ درووســت دەبێــت. بــەڵام لەوانەیــە بە پێچەوانەوەش هەســتی بۆ دروســت بێت: «مــن باشــم، تۆ خراپــی» بۆ ئــەوەی کــەوا ڕەفتاری لەگــەڵ دەکات. ئــەوە لــەو گەورەییــدا وا دەکات منــداڵ پتــر بــە لای ئــەوەدا بڕوات هەمیشــە خــۆی پێ ڕاســتە، واقیع وەکو خــۆی نابینێت، لــە ڕەفتاریدا خەشــن دەبێت، لەوانەشــە پاڵی پێوەبنێت بەرەو ســادیزم و ئازاردانی خەڵــک، یــان بــەرەو ئازاردانی خۆی. ئیحساســێکی تر هەیــە لەوانەیە بڵێــت: «ئەوانــە منیــان خۆش ناوێــت، من باشــم بەس منیــان خۆش ناوێــت» ئیحساســی دیکە بەدوایــدا دێت کە بڵێ منیــش ئەوانم خۆش ناوێت، ئەوانە لە شەخســییەتی منداڵدا باوەڕی خەتەرناک و ترســناک تۆمــار دەکات کــە لەوانەیــە بیگەیەنێت بــەو ئەنجامــەی وا بیرکاتەوە بڵێــت: «ئەوانــەی دەوروبــەرم هەموویــان خراپن، تەنیا من باشــم و زوڵمــم لــێ دەکرێت». لەســەر بنەمای ئەو هەســتانە کە بــۆی دەچن، خەیــاڵ و ئیحساســاتەکانی لــەو بابەتــەی بــۆ درووســت دەبێت، کە گــەورە دەبێت، نەخۆشــییەکانی وەکو خۆپەرســتی و ئازاردۆســتی و ســادیزم و هەروەهــا ئەو کەســانەی کەوا هەمیشــە بەدوای کەســبی خۆشەویســتیی خەڵکی تردا دەگەڕێن یان دەبنە شەخسیەتی وەسواس یــان کەســێتی دەســەڵاتخواز و فەرمانڕەواخواز و شــێوازەکانی تری شەخســیەت کــە هەموویــان لە ژیانــی کۆمەڵایەتی و شەخســیدا جگە لــە ئێش و ئازار هیچی دیکە درووســت ناکەن، هیچ ســەرکەوتنێک بە نســیبی ئەو کەســە ناکەن.

وەکــو دەبینیــن قۆناغێکــی نــوێ لــە نەخۆشــییەکانی دەروونــی و کەســایەتیی مرۆڤ لەو تەمەنەی منداڵدا دەســت پێدەکات واتا لە ســێ تــا پێنــج ســاڵی. هەروەها گەر بــە پێچەوانــەوە منداڵ بە شــێوەیەکی ئاســایی مامەڵــەی لەگــەڵ بکرێت، ســزا نەدرێــت، هاواری بەســەردا نەکرێــت و لێــی نەدرێت، خواردن و پێڕاگەیشــتنی ئاســایی بێت، ئەوا

ئینســانێکی بەهێــز دەردەچێت، ئەم دنیایە بــە واقیعی دەبینێت و هەوڵ دەدات لێــی تێبــگات، هــەوڵ دەدات ئەو واقیعە جارێکی تر لە مێشــکی خۆیــدا دارێژێتەوە. تێگەیشــتنێک لە دواییدا بە شــێوەی تایبەتی خۆی دادەڕێژێتــەوە و دەریدەبڕێــت کە پێــی دەگوترێت «حەقیقــەت». واتا دەبێتــە مرۆڤێکــی حەقیقەتدۆســت، بــەدوای حەقیقەتــدا دەگەڕێت، لە حەقیقەتــدا ئــەو کەســە هەر کێشــەیەکی هەبێــت، جاری یەکــەم لێکی دەداتــەوە دوایــی دەریدەبڕێــت. بۆیــە دەتوانێت کێشــەکە چارەســەر بــکات. لــەو قۆناغــەدا گرووپــی بــرادەر بۆ منــداڵ درووســت دەبن، وردە وردە لــە یــەک تــا دوو، هەندێــک جاریش لە نێــوان خێزانەکاندا منداڵــی هاوتەمەن کــوڕ یان کچ بەیەکەوە دەبێ کــۆ بکرێنەوە، پێکەوە ســەردانی یەکتر بکەن و ســەفەر بکــەن و یەکتر ببینــن. چونکە منداڵ لە تەمەنی ســێ تا پێنج ســاڵی توانای دوورکەوتنەوەی لە ماڵەوە نییە و لەوانەیــە خۆی نەتوانێــت منداڵ پەیدا بکات، بۆیە زۆر باشــە کاتێک کــە خێزانەکان کاتــێ منداڵی وەکو یەکتریان هەیــە، یەکتر دەدۆزنەوە، ســەردانی یەکتــر دەکەن یــان بەیەکــەوە دەرچن بۆ پاڕک و شــوێنی چالاکیــی منــداڵ، منداڵەکان ئازاد کــەن بۆ چەند کاتژمێــر یاری بکەن. منــداڵ بە هیچ شــێوەیەک لــەو قۆناغەدا نابێت تەنیــا بەتەمای ئایپاد و تەلەڤزیۆن بەجێ بهێشــترێت، بە تایبەتــی تەلەڤزیۆن و پەڕەی ئایپاد و مۆبایل، کاریگەریی خراپ دەخەنە ســەر مێشــک و چــاوی منداڵ. ئەو فۆتۆنانــەی لــە ڕووی ڕووناکییەوە لــەو شاشــانەوە دەردەچن، زیان بــە کۆننێکشــنەکانی منداڵ دەگەیەنن. لەم حاڵەتــەدا دەکرێت هاوکاریی منــداڵ بکرێت، کــە چۆن لەگــەڵ منداڵــەکان و هاویارییەکانــی ڕەفتار بــکات. دوو، ســێ، چوار، شــتێک زیاتر و کەمتر لــە منداڵی هاوتەمەن، ســاڵێک کەمتر یــان زیاتر پێکەوە کــۆ دەبنەوە، پێکەوە یــاری دەکەن. دەبێــت بە تــەواوی دۆخێکی ئــارام و ســەلامەتیان بۆ دابیــن بکرێت. گوشــاریان لەســەر نەبێت، بەپێی توانا کەرەســتەی یارییــان بۆ دابین بکرێــت، ئێســتا لــەم زەمانەی ئێمــەی تێدا دەژین، گەر لــە ماڵەوەش نەبێــت، شــوێنی تایبەتــی منــدالان هەیە، دایــک دەبێ هەمیشــە لەگەڵ

منداڵەکـەی بێت. جـاری وایش هەیـە دەکرێت باوک هــاوکاری بکات. واباشــە بـۆ منـداڵ جیا لــە دایـک، ئەگەر ناچـار بوون باوک کەســی تــر منداڵی ســێ بۆ پێنــج ســاڵە نەباتە نــاو گرووپــی هاوپارییەکانی، کــە جــاریێ نەبوونەتــە بــرادەر، پتــر هاوپارینە و ئاشــنا دەبــن. هەر دایک و باوکە باشــتر بــاری دەروونی و تایبەتمەنــدی و ڕەفتارەکانی منداڵەکانی خۆی دەناسـێت. لەم ڕووەوە دەکرێت یارمەتیی منداڵەکەی بــدات کە چــۆن یاری بــکات، یارمەتیی بدات نەک بــۆی دابنێت، منداڵ خــۆی بــە پێــی ویســتی دەروونــی و حــەزێ کە لــە مێشــکەوە بۆی دێت، جۆری یاری دەستنیشــان دەکات یان ئــەوەی کە پێی دەگوترێت بازیچــە یــان لەعابــە، ئەو دەستنیشــانی دەکات چیی دەوێــت. نابێ بە هیچ شــێوەیەک نــە لەعابە و نە شــێوازی یاریکردن بــۆ منداڵ دیاری بکرێت.

ئەگــەر منداڵ لە نەزانی و بێئەزموونی شــەرم بــکات، دەکرێت دایک لەگەڵــی بێــت تا شــەرمی دەشــکێت. ئەگەر ترســی هەبێــت لە جۆری یارییەکــە، دایک لەگەڵــی بێت تاوەکو تێبگات ئەوە هیچ هەڕەشــەی بۆ ســەر ئــەو نییــە. ئەگەر ڕەفتــاری زبر یان خەشــن بێت، جــاری وایە منــداڵ بەپێــی بارودۆخــی دەروونیی خۆی کە ئەویش هــۆکاری هەیە و نیشــانەی خۆشــحاڵی نییــە، لەوانەیــە زبــر بێت و خەشــن بێت، لە برادەرەکانــی بــدات و زیانیان پێ بگەیەنێت. لــەو حاڵەتەدایە کە دەبێت دایــک زۆر بە هێواشــی ڕێگە لــە بەکارهێنانی خشــوونەتی ئەو منداڵە بەســەر منداڵەکانــی تــردا بگرێت و هەوڵ بــدات تێیبگەیەنێــت کە ئەو جــۆرە ڕەفتارە زەرەرە، مەترســیدارە و نابێت، چەندی پێویســت بێت لەگەڵــی بێ تا مێشــک ئــەو ڕێگرییــە وەردەگرێت، ئیســتیعابی دەکات و پرۆسێســی دەکات، پرۆسێســیش ئەوەیە ئەوجارە ڕەفتاری خەشن بــە کار ناهێنێت.

هــەر لــەم قۆناغەدا لە ســێ تا پێنج ســاڵی دەبێ منــداڵ وردە وردە فێری ڕێکوپێکی بکرێت، فێری نەزم و ڕێکخســتن و تەرتیبکردنی خۆی

و دەوروبـــەری بکرێـــت. ئەوەش هەر لە ژووری نووســـتنەوە دەســـت پێـــدەکات، کـــە منـــداڵ ببینێـــت دایک یان ئـــەو کەســـەی ژوورەکەی بۆ ڕێـــک دەخاتەوە، بەپێی زەوقـــی ئەو ڕێکی دەخاتەوە، ئەویشـــی لەگەڵ بێت و ســـەرنجی ڕابکێشـــێت کە یارمەتیی دایکی بدات یان هیی باوکی بـــدات. بـــەوە فێـــر بێت کە چـــۆن ژوورەکە ڕێـــک بخـــات، تەوالێتەکەی چـــۆن خاوێن بکاتـــەوە، حەمامەکەی چـــۆن تەرتیـــب دەکات، جلەکانی ئـــەو چۆن قـــەد دەکرێـــت، لێیگەڕێن ئەویـــش بەپێی توانـــای خۆی بەو دەســـتە ســـادە و کەمتوانایـــە کە هەڵـــە زۆر دەکات بەشـــدار بێت. ئەو دیققـــەت و نەزمەیـــان لە منـــداڵ نەوێت کە دایک هەیەتـــی، بەڵکو کاری منـــداڵ تەنیـــا فێرکـــردن بـــێ، هەدەف ئـــەوە نییە کـــە ئیشـــەکە زۆر بە باشـــی بکات، لـــە گەورەییدا دەتوانێت ئەو ئیشـــە بە شـــێوەی تایبەتیی خۆی لە دایک و باوکیشـــی باشـــتر بکات، ئەویـــش تەنزیمکردنی ژیانی خۆیەتـــی. ئـــەو تەنزیمکردن و ڕێکوپێککردنەی ژیـــان منداڵ فێر دەکات لە مێشـــکیدا خانەبەندی یان ڕێکخســـتن لەســـەر بنەمای نـــەزم هەبێت و ئەو نەزمەش لەســـەر بنەمای پێویســـتییەکانی ژیانـــی منداڵەکە بێت. پێویســـتییەکانی ژیانـــی منداڵەکە ئەو پێویســـتییەیە کە بـــاری دەروونی و جەســـتەییی ئـــەو منداڵە بـــۆ گەشـــەکردن دەیەوێت، کەواتـــا دەکرێ لەگـــەڵ واقیعدا بگونجێ واتا مێشـــکی منداڵ ڕاســـتەوخۆ لەگەڵ واقیعی ژیـــان تەنزیـــم دەبێـــت و بەلاڕێـــدا نابرێت و ناشـــێوێندرێت. هەمیشـــە دەرکەوتـــووە کـــە ئـــەو منداڵـــەی دەبێ فێری خـــۆ ڕێکخســـتن و نەزم بێـــت، ئـــەو نەزمە تەنیا ڕەفتـــار نابێت بەڵکو دەبێتە نەزم و ڕێکخســـتن لە مێشـــکیدا. ئەوە ســـەرکەوتن و ســـەلامەتییەکی زۆری لـــۆ ئایندە بە نســـیب دەکات. لـــە بوارەکانـــی دیکەیـــش دەبـــێ هـــاوکاری بکرێت، بۆ نموونە لە کاتی خۆشووشـــتندا دایک کە دەیبات دەیشـــوات، پێویســـتە بـــەس دایـــک بیبـــات، ئـــەوە ئەگـــەر ناچـــار نەبن بـــاوک نەیبـــات. ئەوە دکتۆرەکانـــی دەروونناســـی و منداڵ دەزانن چ باشـــییەکی هەیە ئەگەر دایـــک بێـــت. ئەگەر باوک بێـــت لەوانەیە بـــەو پلەیە کە دایـــک لە منداڵ نزیکـــە و ئـــەو یەکپارچەیی و یەکســـانییەی کە لە نێـــوان دایک و منداڵ

هەیـــە، ئەوە لـــە نێوان باوک و منداڵدا نییە. بە هیچ شـــێوەیەک ڕاســـت نییـــە هەمیشـــە منـــداڵ لەلایـــەن خوشـــک یان پـــوور یان کەســـوکاری پلـــە دوو و ســـێ لـــە حەمام بشـــۆردرێت. دایـــک دەبێ ئـــەوە بزانیت و دەرەنجامـــە خـــراپ و باشـــەکانی لەبەرچاو بێت. منـــداڵ دەبێ لە کاتی توالێتـــدا بـــۆ ســـەر ئـــاو دیســـان ڕاهێنانی پـــێ بکرێت، دەکرێـــت دایک لەگـــەڵ خـــۆی ببات. لـــە تەمەنی ٣-٤ ســـاڵیدا ئەگەر کوڕ بـــوو دەکرێ باوکـــی جار جـــار لەگەڵ خۆی بیباتـــە توالێت. ئەزموون نیشـــانی داوە بـــە عەمەلـــی کاتێک بـــاوک پێویســـتی بە توالێـــت هەیـــە و منداڵەکەش پێویســـتی پێـــی هەیـــە، دەکـــرێ قاعیـــدەی منداڵەکە لەگەڵ خـــۆی بباتە ئـــەوێ و منـــداڵ بزانێـــت کە ئـــەوەی ئەو دەیـــکات باوکیشـــی دەیکات، ئـــەوەی ئەو دەیکات دایکیشـــی دەیکات. ئەو ڕەفتارانـــەی کە دایک یان بـــاوک بـــۆ خۆپاککردنەوە دەیکـــەن، ئەویش هـــەوڵ دەدات بیـــکات. لە حاڵەتـــی وادا دەبـــێ دایـــک و بـــاوک واقیعبین بن یەعنـــی لەبەر ئەوەی توالێتە دەســـتی منـــداڵ نەگرن کاتێ هەوڵی خـــۆ خاوێنکردنەوە دەدات، لەوانەیـــە زۆر هەڵەش بکات و دەســـتی بە پیســـایی خـــۆی ببێت و جل پیســـت بکات، بەڵام هەموو ئەوانە دەبێ ڕێی پێ بدرێت تا کاری خۆی بکات و ڕاســـت بێتەوە و دەســـتی خۆی بگرێـــت و لە مێشـــکدا جێگیر بێـــت و بچەســـپێت. ئەو سیســـتەمی ئاگالەخۆبوونـــە و ڕەفتارکردنە لە گەورەییـــدا بەهانـــای منداڵ دەگات. جیا لەوەی لە منداڵیشـــدا وا دەکات کە فێـــری خۆپاراســـتن و خۆپاکڕاگرتـــن و ئاگالەخۆبوونیش بێت.

هەر لەم تەمەنەدایە منداڵ زمانی دەبێتەوە، مێشـــکی کەمێک گەشـــەی کـــردووە و قســـە دەکات و دەپرســـێت. لەو تەمەنەدایە پێویســـتە دایک و بـــاوک باوەڕە باشـــەکانی کۆمەڵـــگای خۆیان ئەوەی پێـــی دەگوترێ بەهـــاکان یـــان کولتـــووری وڵاتەکەیـــان بـــە شـــێوەیەکی ســـادە بەپێی تەمەنـــی ئـــەو منداڵـــە وردە وردە لـــە منداڵەکـــە بگەیەنـــن. زۆر گرینگە لـــەو بـــوارەوە پشـــتیان بـــە زانســـت ببەســـتن، یانـــی پێویســـت ناکات هەمـــوو چیـــرۆک و بـــاوەڕە تەقلیدییەکان کـــە بەکەڵکی ژیـــان نایەن و ناکۆکـــن لەگەڵ سرووشـــت و ژیـــان و تەندرووســـتی و ناکۆکن لەگەڵ

پێوەندییەکانی مرۆڤایەتی ئەم ڕۆژگارە لە مێشکی منداڵ بئاخنن. چونکە ئەوانە کاتێک بە منداڵ دەگوترێت و فێر دەکرێت لێی تێناگات، کاتێک لێی تێناگات دژبەری لە مێشکدا درووست دەبێت و سیستەم وەریناگرێت، منداڵ دۆش دادەمێنێت. ئەو دۆشدامانە هەندێک جار سیستەم لە کار دەخات. کە دەڵێم لە کاری دەخات واتا لەو شوێنە کە لاپێک لە سیستەمی مێشک درووست دەبێت، لە جێی وەزیفەی ئەسڵی خۆی ڕەفتارێکی دیکە کە نەشازە و غەریبە و نامۆیە لای منداڵ یان باوەڕێکی غەریب و نامۆ لای منداڵ درووست دەبێت کە لە گەورەییدا ڕێ لە کارکردنی واقیعییانەی مێشک دەگرێت. ڕێگا لە واقیعبینی دەگرێت و بوار بە منداڵ نادات لە سرووشتدا لە بەرژەوەندیی ئینسان بەپێی مەنتیق بیر بکاتەوە. بۆیە لە فێرکردنی منداڵ پێویستە هەوڵ بدرێت ئەو بەهایانە یان ئەو باوەڕانەی کە دەگونجێن لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی فێری بکرێت. ئەوانەی کە بەکەڵک نایەن بەڵام دایک و باوک ڕۆژانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، منداڵ کاتێک کە خۆی گەورە دەبێت ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات، گرینگ ئەوەیە کە بۆ ئامادەکردن بنەماکەی واقیعبینیی زانستییانە و ساغ و سەلیم بێت، دوایی خۆی کە لە دوای تەمەنی ١٠ساڵە دێتە کۆمەڵگا وردە وردە دەتوانێت هەڵوێست لە ڕەفتارەکان و باوەڕەکانی وەربگرێت. ئەو باوەڕانە یان ئەو بەها کۆمەڵایەتییانە ڕەفتاری ئینسان تەنزیم دەکەن و بەشداریی کۆمەڵایەتی پێدەکەن. هەندێک لەو بەشدارییە کۆمەڵایەتییانە پێویستە، دەبێت منداڵ فێریان ببێت، لێی تێبگات. هەندێکیشیان بۆ گەورەکان بارێکی قورسە، هیچ مانایەکی تێدا نییە بەڵام ماوە. ئەو دژبەرییە گەورەکان لێی تێدەگەن بەڵام لای منداڵی ٣-٥ ساڵە دەبێتە گرفتی گەورە لە مێشکدا.

لەگەڵ منداڵ دەبێ ڕاستگۆ بین. ڕاستگۆیی چۆنە؟ بە شێوەی زۆر سادە ئەم بابەتە دەست پێ بکرێت. سادەییەکە لەوەدایە کاتێک منداڵ خواستێکی هەیە، کە پێی دەگوترێت بەڵێ بۆت جێبەجێ دەکەم، دەبێ بۆی جێبەجێ بکرێت. هیچ پاساوێک لای منداڵ نایخوات.

ئەگەر پێی گوترا دەمێکی تر ئەو خواردنە یان ئەو پسکویتەت دەدەینێ، یان بۆ فلان شوێنت دەبەین و بۆی نەکرێت یان نەیبەن یان کاتێک کە بە منداڵ دەگوترێت یەک پسکویتت دەدەمێ، پێی نەڵێن دە پسوکیتم پێت دا. منداڵ لەم حاڵەتەدا مێشکی بە شێوەیەکی زۆر ورد بیر دەکاتەوە، ئەوەی کە ئەو دەیبینێت، ئەو دەیژمێرێت، یەک ناکاتە دە، کاتێک کە پێی دەڵێ دە، دە نەبووە، ئەوە تووشی گرفتی دەکات. کاتێک یەکجار بانگت کردووە، نابێ بڵێی ئەوە سەد جار بانگم کردووی، کاتێک ئەو یەک جار بانگکردنە تێنەگەیشت، تۆ دەبێ سەد جار بۆی دووبارە بکەیەوە تا ئەو یەکجار تێی بگات. یانی ڕێک هاوکێشەکە بە پێچەوانەوە بێت. ئەو زیادەڕۆییەی ئێمە ڕۆژانە فێری بووین، یەک ئیشە و بە هەزار جاری دادەنێین، یەک خواستە و بە سەد جاری دادەنێین. یان کاتێک میوان دێت یان دەچێتە شوێنێک، دەبینێت سێ کەسن، کە دەڵێت کێ لێرەیە؟ تۆ مەڵێ چووزانم ئەوە دە کەس یان بیست کەسی لێیە، بەڵام میوانەکە سێ کەسن. دەزانێت کە دایک یان باوک ڕاستیان پێ نەگوت. بنەمای زیادەڕۆییکردن لە مێشکدا، دەگەڕێتەوە بۆ درۆکردن و نەقڵنەکردنی واقیع، ئەوە مێشک تووشی شێوان دەکات، سیستەم خوار دەکات. ئەوەیە کە منداڵ لەسەر واقیعییەوە دێتە سەر نەخۆشی، لەجیاتی ئەوەی سیستەمی مێشک لەزەت لە ڕەنگدانەوەی واقیع ببینێت، ژمارە بەقەد خۆی ببینێت، منداڵ فێر دەکرێت لەزەت لە زیادەڕۆیی ببینێت کە وا نییە و لە واقیعدا نییە. ئەو شێواندنە زیادەڕۆیی و درۆ فێری منداڵ دەکات. لەوانەیە هەر لێرەشەوە زەمینەی تێکدانی باری دەروونی منداڵ بەرەو ئینسانی درۆزنی ناڕاست ببات. درۆکردن لە گەورەییدا یەکێکە لەو ڕەفتارە نەخۆشانەی کە هەر کەسێک، ژن یان پیاو پێیەوە گرفتار بێت، لە ژیاندا سەرکەوتنی بە نسیب نابێت و دەوروبەری خۆیشی زۆر ئازار دەدات. ئەوانەی درۆ وەک ڕەفتارێکی مونەززەم دەکەن، ئەوانە نەخۆشییەکەیان وا دەردەکەوێت کە زیادەڕۆییکردن لە واقیعیەتدا بە شێوەی چیرۆکێک دەگێڕنەوە

کــە خۆیان لێی ڕازین و لەزەتی لێ دەبەن، یانی سیســتەم لە مێشــکدا بــەو شــێوە خەیاڵییە ناڕاســتەی کــە پیاوێک یان ژنێک لــە ڕووداوێک دەیگێڕێتــەوە، ڕازی دەکا و خۆشــیی لــێ دەبینــێ. ئــەوە ڕێــک وەک ئەوەیــە پیاوێک یان ژنێکی مودمین پێویســتی بە مــاددەی ئیدمان یان هۆشــبەر هەیە وەکــو خواردنــەوەی ئەلکهولی یان مەوادی هۆشــبەر و موخەدیــر، یــان هەندێک ڕەفتــاری وەسواســی و هەندێک گوفتاری وەسواســی کاتێک سیســتەم پێویســتی پێیە دەبێ دابینی بکات، کاتێک بــە کاری دێنێت ئارامش و ســەقامگیرییەکی ناڕاســت و نەخۆشــانەی پــێ دەدا. ئــەو جۆرە کەســانە هەمیشــە لەگەڵ واقیع و سرووشــت و کۆمەڵــگا و نزیکەکانیان لە نــاو ماڵ لە ناکۆکی و بەرەنگاربوونەوەدان، بۆیــە هیچ کاتێک ناتوانن ســەرکەوتوو بن لە ژیاندا و ئەو نەخۆشــییە ئازاریــان دەدات. ســەرەتای ئینســانی درۆزن لەو قۆناغەوە هەمیشــە درووســت دەبێــت، ئــەو قۆناغەیــە کە لە مــاوەی ٣-٥ ســاڵی خەیاڵی منــداڵ لەلایەن دایــک و باوکەوە بە ســەهو دەبردرێ.

دەگەڕێمەوە بۆ یەک ســاڵەیی کە منداڵ پشــتی بە حس یان هەســت دەبەســتێت، لــە ڕێی هەســتەوە دەزانێــت دنیای دەرەوەی ئــەو چییە، دوایــی هەســتەکانی دەکات بــە ئیحساســات و بــە خەیــاڵ. لــە پلەی ســێیەمدا دەیــکات بە هەیەجان و هەڵچوون، واتــا ڕەفتار. دوای ئەوانە تەســەور و جیهانبینیــی بنەڕەتی ناو کەســایەتیی خــۆی دادەڕێژێ کە پێیدەگوتــرێ سیســتەمی باوەڕەکانی. لە بەشــەکانی پێشــوو ئاماژەم پــێ کــرد، ئەگــەر بــە زانایانــە و بەپێــی سرووشــتی مێشــکی منداڵ ڕەفتــاری لەگــەڵ بکرێــت، واقیعبیــن و ڕاســتگۆ و ئــارام و بڕوابەخۆ و ســەقامگیر دەردەچێــت. ئەگــەر پێچەوانەی ئەوە بێت گوشــاری بۆ بێــت و زانیاریی ناڕاســتی بدرێتێ، بەرەوڕووی ناکۆکــی بکەنەوە، کە لەگەڵ سیســتەمی مێشــک یەک ناگرێتەوە، منداڵ تووشــی نەخۆشــی دەکات. ئەگــەر وا بــڕوات مامەڵەی منــداڵ لەگەڵ واقیع لــە گەورەییدا دەبێتــە مامەڵەیەکــی ناڕاســت و خەیاڵپەردازانــە، هەر ئەوەشــە ئێمە بینیومانــە کەســانی درۆزن بە مانــای درووســتکردنی خەیاڵی ئەوتۆ

کــە چیرۆکــی وا خەیــاڵ و بــێ بــاوەڕی بەرهــەم دێنێت، خــۆی پێی خۆشــە، خــۆی پێیوایــە لەزەتی لێ دەبات. لــە هەنــگاوی یەکەمدا ئەو کەســە پێی وایە ڕاســت دەکات، واقیعەکە وەک ئەو دەیگێڕێتەوە وایە، بــەڵام لــە ڕاســتیدا هیــچ وا نییــە، شــتێکی دیکە لــە واقیعــدا هەیە کە لەگــەڵ چیرۆکــی ئــەو کەســە کە بــە ئینســانی درۆزن یان ئینســانی ناڕاســتگۆ نــاو دەبرێت، یەک ناگرێتەوە، بۆیە دەبــێ لەگەڵ منداڵ زۆر ڕاســتگۆیانە و زۆر واقیعبینانــە و هێمنانە ڕەفتــار بکرێت، تاوەکو فێر بێت و سیســتەمی مێشــکی لەســەر ڕاستگۆیی ســەقام بگرێ.

زۆر گرینگــە لە قۆناغــی تردا دەرچوون هەبێت. ئــەو دەرچوونانەی منــداڵ پێــی خۆشــە، بــۆ نموونە دەرچــوون بۆ شــوێنی یــاری، جار جــار بۆ ئــەو بازاڕانەی منــداڵ حەزی لێیــە. ئینجا منداڵی ٣-٤ ســاڵە دەبــێ بــۆ ماڵــی خزم و کەســوکاری کــە لــێ ڕاحەتە و پێی خۆشــە ببردرێــت، کــە گفتــی پــێ درا بــۆی جێبەجــێ بکــرێ. لە بیریشــمان نەچێ، لە ســێ ســاڵیدا زەمەن یان کات لای منداڵ زۆر هێواشــە، هەر ســەعاتێکی لای منــداڵ لەوانەیە بەقەدەر دە ســەعات درێــژ بێت. بۆیە کاتێــک پێی دەڵێی ســبەی یان دوو ســبەی دەچینە ماڵــی پوورت یان ماڵــی نەنکــت، ئــەو جێیەی ئــەو پێیەی خۆشــە، یــان دەچینــە یاری، پەلەپــەل دەکات، زۆری دووبــارە دەکاتەوە، چونکە تێناگات، مێشــکی ئــەو بــەو پلەیە گەشــەی نەکردووە لە دابەشــکردنی زەمــان یان کات بــە مانــای دوو یــان ســێ ڕۆژی دیکە تێبــگات. بۆیە دەبێ بــە زمانی ســادە پێی بگوترێت. بــۆ نموونە جۆری ڕەفتاری کــە گونجاوە لەگەڵ ٣-٥ ســاڵی لــە دەروونناســیی منداڵانــدا زۆرە بەڵام مــن نموونەیەک بەلامــەوە شــیرینە دەیهێنمــەوە: ئەوەیــە کــە وا کاتێــک بــە منداڵێــک دەڵێــی دووســبەی دەتبەم بۆ ماڵــی خاڵت یان ماڵی پــوورت یان ماڵی نەنکــت یــان ئەو جێیــەی ئەو پێی خۆشــە، ئــەو دووســبەیە دەبێ لە مێشــکی خۆتــدا بیکەیــە دوو ڕۆژی ســادە، ئەم دوو ڕۆژی ســادەیە ئەوەیــە پێــی بڵێــی ئێمە شــەو دەنووین ســبەی کــە هەڵدەســتین نان دەخۆیــن، دووبــارە دەوەســتین تــا وەختــی خەوتن دێتەوە، دیســان

دەنووینــەوە، دوایــی هەڵدەســتینەوە ئینجا دەڕۆین بــۆ ماڵی خزمەکە. منــداڵ لــەوە تێــدەگات کە دووجــار نووســتن و دوو جار هەســتانی تێدایــە، نــەک دوو ڕۆژ کــە ٤٨ ســەعاتە. دوو ڕۆژ و ٤٨ ســەعات بــۆ ئەو نــە لێی تێــدەگات و نە تەحەممــوول دەکات. کەچــی لەوانەیە زۆر ڕازی بێــت کــە دوو جــار بنوێــت و دووجــار هەســتێتەوە. زۆر جــار هەندێــک منــداڵ هێنــدە پەلە دەکــەن، دەڵێن دە باشــە با ئێســتا بنویــن. ئامادەیــە هەر ئــەوکات بنوێت، بــۆ ئەوەی زووتــر بچێتە ئەو ســەفەرەی کە لەپێشــە. واتا دەبێ زمانی ســادە لەگــەڵ منداڵ زۆر بە واقیعبینــی بــە کار بهێنرێــت. هەندێــک جار ئــەو منداڵی پێنج ســاڵە و پێشــی پێنــج ســاڵەش لە گــەڕەک و لە شــوێنی یاریدا بەیەکــەوە داوا دەکــەن پێکــەوە دەربچن. لە ٥ ســاڵیدا ڕەفتاری منــداڵ لای هەر دایک و باوکێــک ناســراوە، چارەســەرکراوە، خەشــنە یان بــە ئاگالێبوونی دووربــەدوور دەکرێــت ڕێ بدرێت لەگــەڵ منداڵەکانی تــردا دەرچێت. بــە هیــچ شــێوەیەک ڕاســت نییە، منــداڵ لــە تەمەنی یەک ســاڵەوە تا دەگاتــە چــواردە ســاڵی لەگــەڵ هیــچ کەســێکی غەریــب، بــا خزم و کەســوکاریش بێــت، دەربچێت، یان پێی بســپێردرێت، یــان لای بەجێ بهێڵدرێــت. ئەوە کارەســاتی گەورە هەیە بەســەر منداڵاندا ڕوو دەدات و کەســیش نازانێــت و منــداڵ دەنگیش ناکات. ئینجا ئەو کەســانە پیاو یان ژن بن. هەڵبەتە زۆربەی دەســتدرێژییەکانی سێکســی و ڕەفتاری خەشــن لای پیاوانی کەســوکاری منداڵانــەوە ڕوو دەدات. منداڵان ئەو بوونــەوەرە هۆشــیار و بێدەســتەڵات و بێ زمانانەن کــە بە خراپترین شــێوەی تەجاوەز و خشــوونەتیان بەرانبەر بە کار دەهێنرێت، هەر لە تەجاوەزی جنســییەوە، تا دەگاتە خشــوونەت و ڕەفتاری کەلامی واتا قســەکردن و دەترسێن، سیســتەم دەکوژێننەوە. کاتێکیش دەگەڕێنەوە بــە دایــکان و بــاوکان ناڵێن، بــە درێژاییی تەمەنیان لەگەڵ ئەو ترســە دەژیەن و تووشــی گرفتی دەروونیــی زۆر وێرانکەر دەبن لە ئەنجامی ئــەو ڕەفتــارەی لەگەڵیــان کــراوە. خۆیــان بە مەغــدور دەزانــن و لە غەدرەکــە تێناگــەن. ئەو منداڵانەی دەســتدرێژیی سێکســییان دەکرێتە

سـەر و دەنگ ناکەن، هەمیشـە بیری لێ دەکەنـەوە، ئینجا لەوانەیە لە ئەنجامـی ترس تەسـلیمی ئەو کەسـە ببن، هەمیشـە بـۆ خۆیان وەکو قوربانـی دەچنـە بەردەمـی ئەو ئینسـانە دڕندەیـە، بۆیـەش دەبینین هەندێک منداڵ هەیە بە درێژاییی چەندین سـاڵ کەسـێک با بڵێین وەکو جنـس بەکاریان دەهێنن و کەسـیش نازانێت. ئـەو منداڵانە لەگەڵ ئەو دەسـتدرێژی و ترسـە بەردەوام دەژیەن و ڕەفتاریـان و بیرکردنەوە و بـاری دەروونییـان هەمـووی تێک دەشـکێت. هەڵبەتە ئەوە ئیشـی ئەم نووسـینە و منیش نییە، بەڵام دەروونناسـەکانی شـارەزا دەزانن کـە نزیکـەی هەژدە تا بیسـت ڕەفتـار و حاڵەت هەیە کە لە کەسـێکدا ئەگـەر هەبن، لە گەورەییشـدا دەکرێـت دیاری بکرێت کە ئەو کەسـە بـە منداڵـی تەجـاوەزی جنسـی کراوەتە سـەر یـان لەگەڵی خەشـن بوونـە یـان لێـی دراوە یان ڕەفتـاری هەڵـەی فێر کراوە و تووشـی کێشـەی گـەورە بـووە. بۆیـە دەبـێ دایکان و بـاوکان کـچ و کوڕی خۆیـان لەگـەڵ دایـک و باوکـی سـاغ و برا، بـەڵام دوورتـر نەنێرنە دەرەوە. ڕوویەکـی دیکـەی ئـەم کێشـەیە هەیە، ئەویـش نابێت منداڵ ناچـار بکرێـت ماچ و بـاوەش بداتە هەموو میوانێک. جارێ بە گشـتی منـداڵ جگـە لە دایک و باوک، پێویسـتیان بە باوەشـی هیچ کەسـێک نییـە. باوەشـی دایـک و باوک بۆ منـداڵ زۆر پێویسـتە، دەبێ ڕۆژانە زیاتـر لـە ١٥-٢٠ جـار منداڵ لە بـاوەش بکرێت، دەسـتی بەسـەردا بهێنرێت، بە قسـەی خۆشـی پڕ لـە میهرەبانـی وەڵام بدرێتەوە، دەبێ ڕۆژانـە زۆر بـە منداڵ بگوترێـت: زۆر تۆم خـۆش دەوێ. تۆ جوانی، تۆ باشـی، تۆ سـەرکەوتووی، تـۆ دەتوانی کارە باشـەکان بکەی. کچ لـە کـوڕ زیاتر پێویسـتی بە ڕەفتاری بـاوەش و دەستبەسـەرداهێنان و نازکـردن و قسـە لەگەڵکردنـە، ئەویش بۆ ئەو هـۆکارە دەگەڕێتەوە کـە هەر لـە جەنینییەوە توانا و خواسـتەکانی کچ لە کـوڕ زیاترە، کچ چونکە هەردوولای مێشـکی کار دەکات و پێکەوە لکاون، حەساسییەت و هەسـتپێکردن و چالاکـی مێشـکی چەندیـن بەرابـەری کـوڕە. ئەو نیازەش لـەوەوە دێت.

ڕەفتارێکـی دیکە کە پێویسـتە بکرێـت، ئەوەیە منـداڵ نابێت بە هیچ شـێوەیەک بـۆ میوانداریـیـەک ببردرێت کە دایک و بـاوک دەچن. گەر گوتـی نایـەم نابێ زۆری لێ بکرێت. کاتێک کـە میوان دێن، نابێ منداڵ ناچـار بکرێ بەخێرهاتنیـان بکات، یان داوای لێ بکـرێ وەرە ماچیان بدەیـە. چونکە منداڵ تەنیا پێویسـتی بە بـاوەش و بە میهرەبانیی دایک و باوکـی هەیە، بەڵێ قسـە و ڕەفتاری خۆشـی میوانیشـی پێویسـتە، بـەڵام بـێ ئـەوەی لێـی نزیک بێتـەوە. هەموو خواسـتی جەسـتەییی منـداڵ ئەوەیـە کـە هەمـوو کەسـێک بـە نزیک لـە خـۆی نازانێت و سیسـتەمی دەروونیـی ئەو پێویسـتی بـە لەمس لەگـەڵ هەموو کەس نییـە. جا ئەگـەر بیینە سـەر بوارێکی دیکـەش، گـەورەکان بۆخۆیان منـداڵ مـاچ دەکـەن لە پێنـاوی منداڵ نییـە. بە غەیری بـاوک و دایک خەڵکـی دیکـە بۆخۆیـان بـاوەش لـە منـداڵ دەدەن بـۆ منـداڵ نییە، بۆیـە حـەزی خۆیان و جەسـتە و لەمسـی خۆیـان تێر دەکـەن. لەو کارەدا منـداڵ ئـازار دەدەن و هەموو ئێمەومانان لەبیرمانە لە دەسـت ماچکردن و باوەشـلێدانی کەسـوکاری دوورو نزیکیشمان بیرەوەریی ناخۆشـمان هەیە کە لـە گەورەییـدا دەیگێڕینەوە، بـە ژن و پیاوەوە.

ئـەوە جیـا لـەوەی هەندێـک لـە گـەورەکان ژن بـن یان پیـاو، لە ڕووی جەسـتەییەوە لاسـارن و لادەرن و حەزیـان لـە ماچکـردن و بـاوەش لێـدان و هەڵگلۆفینی منداڵ هەیە. هەرکەسـێک لـە گەورەکان خەریکـی باوەشـلێدان و ماچکردنـی زیـاد لە سـنوور و هەڵگلۆفین و هەڵپەڕانـدن و یـان یاریی جەسـتەیی بێـت لەگەڵ منـداڵ، ئەوا حەزی سێکسـیی خـۆی تێـر دەکات، ئاگای لـێ بێت یـان ئاگای لـێ نەبێت. بۆیـە ڕەفتارەکانـی هەموویـان منداڵ دەشـێوێنن. لـەم ڕووەوە هەم دەبـێ زانیـاری بدەینە منداڵـەکان، هەم دایک و بـاوک ڕێ نەدەن هیچ کـەس یـاری بـە منداڵەکانیـان بکـەن. دەبێ منـداڵ فێر بکـەن کاتێک کـە ئـەوان لەوێ نیـن، ڕێ بە هیچ کەسـێک نەدەن لە ڕووی لەمسـی جەسـتەییەوە لێیـان نزیک بکەونـەوە، بەتایبەتی کـوڕ و کچ دەبێ فێر بکرێـن جگـە لـە دایـک ئینجا بـاوک، بـۆی نەبێـت لەمسـی ئامرازی

جنسییان بکات. چونکە منداڵ پێی نارەحەت دەبن و لێی تێناگەن و ئازار دەدرێن، ئینجا هەرکەسێکیش یاری بە ئامرازی جنسیی منداڵان بکات، لادەرێکی ئەخلاقییە کە ئامانجی قۆستنەوەی منداڵە لە ڕووی جنسییەوە جا هەر کێ بێت، نزیک بێت یان دوور بێت. دەبێ دایک و باوکی منداڵ لە دکتۆری دەروونیی منداڵ بپرسن، ئەم زەمانە سەرچاوەکانی زانیاری یەکجار زۆرن، هەزارەها ڤیدیۆ هەن بەو زمانەی لێی حاڵی دەبن، لەسەر شێوازی فێرکردنی منداڵ بە کوڕ یان بە کچ، چۆن خۆی بپارێزێت لە دەست خەڵکانی نامۆی بێگانە، بۆ ئەوەی بە سەلامەت دەرچێت. هەروەها هەندێک منداڵ هەن لە ماڵێکدان کە کرێکار تێیدا کار دەکات، کرێکار لەوانەیە ژن بێت، بۆ چەندین کاتژمێر و هەندێک دایکان منداڵەکانیان بەجێ دێڵن، دەرکەوتووە بەشێکی زۆر کرێکار یان کارەکەر لە ماڵاندا لە ڕووی جنسییەوە لادەرن و زۆر ئازاری کچ یان کوڕ دەدەن و لە ڕووی جەستەییشەوە ئازاریان دەدەن. ژمارەیەکی زۆر خەڵک هەن کە گەورە دەبن، لە بیری دێت چیی بەسەرهاتووە، بەڵام کاتێک دەزانێت چیی بەسەرهاتووە تووشی نەخۆشی و لادانی دەروونیی زۆر گەورە بووە کە ئازاری خۆی و دەوروبەریشی دەدات، پێویستی بە چارەسەری دەروونیی دورودرێژیش هەیە تا لە دەست ئەو ڕەفتارە سادیانەی لە منداڵیدا بەرامبەری کراوە لە گەورەیی بتوانێت ڕزگاری ببێت.

قۆناغێکی تر هەیە کە لە تەمەنی ٣-٥ ساڵی تەرتیبی منداڵەکان لە ماڵێکدا دیاری دەکات. هەر ماڵێک ژمارەی منداڵەکانی لە سێ زیاتر بێت، هەندێک لە منداڵەکانی دەشێوێن، چونکە هیچ دایک و باوکێک چەندە توانای ماددیشیان باش بێت ناتوانن بایەخی تایبەت و پێویست بە زیاتر لە سێ منداڵ بدەن. بۆیە زۆر گرینگە مرۆڤ لە دوو منداڵ بوەستێت و ئەگەر پێویستی بوو لە سێ تێنەپەڕێت. جا پێویستە زۆر باوەڕی واقیعییانە بێت کە ئەو سێ منداڵە کچ بن یان کوڕ بن فەرق ناکات، گرینگ ئەوەیە باوەڕیان بەوە بێت

هـەردووک ڕەگـەز بەرابـەرن. زۆر گرینگـە دایـک و بـاوک بـە هیچ شـێوەیەک ناسـنامەی کچبوون یـان کوڕبوونـی منداڵەکانـی خۆیان بـەرز نەکەنـەوە بـە ئەندازەیـەک کە کـچ وا تێبگات لە کـوڕ کەمترە، یـان کـوڕ تێبگات لـە کچ بە قیمەتتـرە. ئەوە زۆر خراپـە بۆ دەروونی خـودی منداڵەکـە، منداڵـی کـچ تێـک دەشـکێنێت، منداڵی کـوڕ زبرتر و خەشـنتر و لەسـەر بـاوەڕی تەجاوەزکارانە ڕادێنێـت. زۆر گرینگە کـە لەگـەڵ ئـەوەدا کـچ و کوڕ لـە ماڵدا پێـی بگوترێ کە تـۆ کچی و کچبـوون زۆرباشـە، بە کوڕەکـە بگوترێت تۆ کـوڕی، کوڕبوون زۆر باشـە و تێبگەیەندرێـت کە کـوڕ جیاوازییە جەسـتەییەکانی لەگەڵ کچ ئەمەیە بەڵام بەرابەرن، هەروەکو چۆن دایک باشـە و باوکیش باشـە. دایک شـتێکە و باوکیش شـتێکی دیکەیە. یانی ئەم جیاوازیی جسـم و جنسـی (جەنـدەری) بە مانای دوو ڕەگەز یـان جیاوازیی ڕەگەزی نێر و مـێ، لە ژن و پیـاودا دەبێ منداڵ بزانێت کە ئـەو کچە، ئەندامەکانی لەشـی زۆربەیان جیاوازن، زۆر ئیحساسـی و جیاوازە، حەزەکانیشی جیـاوازن. کوڕەکـەش هەروەهـا، جەسـتەیەکی تری هەیـە، بەڵام ئەم دووانە هیچیان بەسـەر ئەوەی دیکەدا باڵادەست نین و هیچیان لەوەی دیکەیـان باشـتر یان خراپتـر نین. ئەوە وەختێکـی زۆری دەوێت و لە ڕەفتـاری ڕۆژانەی نانخواردن و نووسـتن و دەرچوون و بایەخپێدان، دەبـێ وردە وردە هەردووکیـان لەسـەری ڕابهێنرێـن. ئیتـر ئەوەیـە کاتێـک منداڵـی دووەم لەدایـک دەبـێ، منداڵـی یەکەم زۆر حەسـاس دەبێـت، پێیوایـە کە جێی ئەو دەگرێتەوە، لـە بایەخەکانی ئەو دەگرێت. لـە تەبیعەتـی مەوجـوود یـان کائیناتی زینـدوودا هەیـە، بەچەکەکان پێکـەوە لەسـەر پێویسـتییەکانی ژیانیـان وەکو خواردن یـان باوەش و بایەخپێـدان و کات تەرخانکردنـی بـاوک و دایـک هەسـتیار دەبن، کێبڕکێـی یەکتـری دەکەن و یەکتـر بەلاوە دەنێـن. هەربۆیە کاتێک کە منداڵـی دووەم دەبێت، پێویسـتە پێـش لەدایکبوونـی منداڵەکە، منداڵی پێشـووتر ڕابهێنرێـت و پـێ ببگوترێـت هیچ مەترسـییەکی بۆ سـەر ئـەو نییـە، ئێمـە لە وەخت و خۆشەویسـتی بـۆ تۆ کـەم ناکەینەوە و

خۆشەویسـتیمان زیاتر دەبێت کەمتر نابێت. ڕێگا و شوێنی زانستییش هەیـە دەکرێـت دایک و باوک فێری بـن و ڕاوێژی دکتۆر وەربگرن کە چـۆن منـداڵ تێبگەیەنن تـا ئەو کۆرپەیـەی دێت قبووڵی بـکات، دایک و باوکیـش بـە ڕەفتاری خۆیان ئەو قسـانە فێر بن کـە منداڵی یەکەم لێـی تێ بگات، ئەو قسـە و ڕەفتارانـە منداڵەکەی یەکـەم لەگەڵ واقیع ڕابێنێـت، ئەو واقیعە مەترسـیی بۆ سـەر تـۆ نییە، یەکێـک زیاد بووە بـۆ ئەویش خۆشـتر دەبێت، چۆن خۆشـتر دەبێ؟ دەبـێ تێی بگەیەنن چیرۆکـی جیاجیـا لەو بابەتـەدا بگوترێ و دایک لەگـەڵ خۆی دایبنێت و کۆرپـەی دیکـەی هاتـووە دەبـێ بایەخەکـە دابەش بکات لـە نێوان هەردووکیـان و لـە زۆر ئەرکدا تکا لە منداڵی یەکـەم بکات و پرۆڤەی پـێ بـکات تا بەشـدار بێت لـە ئاگالێبوونـی کۆرپەکەیـان. ئاگالێبوون نـەک بـۆ کۆرپـە، ئاگالێبوون بـۆ ڕاهاتنـی دەروونیی منداڵـی یەکەم، بەشـدار بێـت تاکو وەریبگرێت. ئـەوە وەرگرتنێکی ئاسـایی بێت. لێرە وەخـت زۆر بـەوە ناکوژم چونکـە ئەوە پسـپۆڕیی دکتۆرەکانە، بەڵام سـایکۆلۆژیی منداڵی یەکەم جیاوازە لەگەڵ منداڵی دووەم و سـێیەمدا. جـۆری گەورەبـوون و ڕوانگایـان بـۆ ژیان لـە ماڵـەوە، کاری خۆی لـە هەموویـان دەکات و لـە ڕەفتاریانـدا دەردەکەوێـت. ئەگـەر وریا نەبـن، منداڵی ئاخیر (سـێیەم یـان منداڵی دووەم) زۆرجـار دەکەوێتە ژێـر زەبـر و شـێواندنی ڕەفتـار و گوفتاری نـاو ماڵ لەگـەڵ منداڵی پێشـوو. زۆرجاریـش هەیە بـە پێچەوانەیـە منداڵی یەکـەم فەرامۆش دەکرێت و پشـتگوێ دەخرێت، ئینجا ئەو پرۆسـەیە کە من مونافیسـم بـۆ پەیـدا بووە، من خۆشەویسـت نیـم، یەکێک هەیە هاتووە شـوێنی منـی گرتۆتـەوە، ئەمـە ڕەفتاری خەشـن و دۆشـدامان و هەسـت بە ئیهمالکـردن و بێئەمانـی و ئیسـتقراری و بـێ ئاسایشـی دەکات کـە لێـرەدا دووبارەی ناکەمەوە ئەگەر منداڵێک هەسـتی بە بێ ئاسایشـی کـرد چ زەبرێـک بـە مێشـکی دەکەوێت و چـۆن لە داهاتـوودا ڕەنگ دەداتەوە.

ئەگــەر خەشــنی و نەرمــی و نۆرماڵبوون یان گۆشــەگیری و زیاتر لــە حەد تەســلیمبوون لە ڕەفتاری منــداڵان لە کاتــی یاریکردندا لەناو مــاڵ یــان لــە دەرەوە تێبینی کــرا، دەبێت دایــک و باوک خێــرا منداڵ ببەنــە لای پزیشــیکی تایبەتــی بۆ ئەوەی کــە ڕێنوێنییان بــکات چۆن بەســەر ئەو کێشەیەدا ســەرکەون. چونکە ئەوە نیشــانەی پرۆسێسی نــاو مێشــکە و بەلاڕێداچوونی هاوکێشــەکانی ناو مێشــکی منداڵە، کە ئــازاری دەدات، ئەوەیە کە سیســتەمەکە واقیعەکە بــاش ناخوێنێتەوە، یــان بــاش تــێ نــاگات، یان گوشــاری بــۆ دێــت و پێــی تەحەممول ناکرێــت، بۆیــە ئــەم ڕەفتارانەی لــێ دەردەکەوێت وەکو گۆشــەگیری یــان زیــاد لە حــەد نەرمبوون یــان خەشــنبوون، بەڵام ئەگــەر منداڵ ئاســایی بــوو، ئەوا پێویســتە لێی گەڕێن و پێویســتی بە هیــچ ناکات. لــە هەمــوو حاڵەتەکاندا نابێت لە دکتۆری پســپۆڕ غافــڵ ببین لەبارەی منداڵەوە.

بابەتێکــی گرینــگ هەیە کە لە قۆناغی ٣-٥ ســاڵیدا پێویســتە دایک و بــاوک لێی شــارەزا بن و ڕەچاوی بکــەن. هەردووکیــان دەبێ پێگەی خۆیــان بەرامبــەر منــداڵ بپارێــزن. پێگەی دایــک هەرچەند لــە منداڵ زۆر نزیکە، لە یەکبوون و پێکەوە چەســپینەوە ئێســتا هاتوونەتە سەر خووپێگرتنــی منداڵ، ئەوەی لە ســێ ســاڵ بــەولاوە وردە وردە دایک دەبــێ بەســەریدا زاڵ بێــت و نەهێڵێت منداڵ بە چەســپین بە دایک یان بــە باوکــەوە ڕابێت و بــەردەوام بێت. لەو قۆناغەدا منــداڵ زۆر بابەت تێــدەگات، بۆیــە دایــک و بــاوک دەبــێ پێوەندییەکەیان زۆر ئاســایی و خۆشەویســتانە بێــت. لــە خێزانێکــدا ئەگــەر خۆشەویســتی نەبێت، منداڵ زۆر خەشــن ڕادێــت و هەموو گرفتە دەروونییــەکان ڕووی تێ دەکەن، هەموو ناخۆشــییەکان دەرگای بەســەر منداڵــدا کراوە دەبێت. جــا لــە گەورەییــدا دەردەکەوێــت منــداڵ بــەر چ زەبرێــک کەوتووە. بۆیــە زۆر گرینگــە کاتێک منــداڵ هەیە دایک و باوک پێکەوە کێشــە و ناکۆکییەکانیــان بە حــزووری منداڵەکــە باس نەکــەن، هەروەها دایک و بــاوک بــە تەنــێ لای منداڵــەکان بــە هیچ شــێوەیەک کێشــەکانیان

باس نەکەن و بە هیچ شێوەیە باوک یان دایک یەکدی تۆمەتبار نەکەن، بەڵکو بەردەوام متمانە و خۆشەویستی لای منداڵ باس بکەن و ڕاییبێنن لەسەر ئەوەی باوک و دایکی خۆی خۆش بوێت، برا و خوشکەکانی خۆی، خزم و کەسەکانی و جیرانەکانیشی خۆش بوێت بەڵام بە پلەیەکی دیکە. دەبێ منداڵ لەسەر خۆشەویستی ڕابهێنرێت و خۆشەویستییەکەش مانای بۆ ئەو هەبێت و بتوانێ لێی تێ بگات. خۆشەویستیی دایک و باوک کە بۆ ئەو پێویستە، جیایە لەو خۆشەویستییەی کە بۆ خزمەکان دەیبێت، یان لەو تێڕوانینە خۆشەویستییەی کە لە ڕەفتاریدا لەگەڵ جیرانەکان و هاوپۆلەکانی و خەڵکی لەم بابەتە دەیبێت. دەبێت لای منداڵ بە هیچ شێوەیەک ئەو گیروگرفت و کێشانەی لەگەڵ کەسوکار هەیە باس نەکرێت. خەتەرە ئەگەر منداڵ بکەونە مەجلیسی دایک و باوک ئەو کاتەی زەمبی خزمێک یان کەسێکی خۆیان دەکەن، یان کێشەکانیان باس دەکەن. ئەوە منداڵ دەخاتە ناو هاوکێشەیەکی کۆمەڵایەتی کە لێی حاڵی نابێت، لە ئەنجامدا تەنیا بێ ئارامی و بێ ئاسایشی لا دروست دەکات، ترس و سەرەنجام شڵەژان ڕووی دەکات.

بە هیچ کلۆجێک نابێ منداڵ لێی بدرێت و بەسەریدا هاوار بکرێت. لای منداڵ نابێت بەسەر منداڵێکی تریش یان کەسێکی تردا هاوار بکرێت، یان جنێو بدرێت و لێی بدرێت. زۆرجار ئەو منداڵانەی لە ئەنجامی بینینی لێدان و هاوارکردنی منداڵی دیکەدا تووشی نەخۆشیی دەروونی بوونە، هیچی کەمتر نەبووە لە خودی ئەو منداڵەی کە لێی دەدرێت یان بەسەریدا هاوار دەکرێت. ئەوە تایبەتمەندیی منداڵە و مێشکی کاردانەوەی دژبەیەکی دەرەوەی خۆی کە ستەم و ناواقیعێتی تێدا بێت وەرناگرێت و زۆر بە خێرایی لەسەری دەچەسپێت و سیستەمی مێشکی تووشی کێشە دەکات.

دایک و باوک دەبێ بەردەوام لە بیریان بێت، هەموو ڕۆژێک منداڵەکانیان پێویستیان بە دەست بەسەرداهێنان هەیە، واتا لە پشت

و سـەریان تا دەسـت و قاچیـان، بە میهرەبانی دەسـتیان پێـدا بێنن، لەگەڵ ئەوەدا قسـەی پڕ لە میهرەبانی و خۆشەویسـتی و متمانەپێدان و ڕەزامەنـدی بکرێـت. ئـەوە وا دەکات منـداڵ لـەو نائارامـی و بـێ قەراریيـەی کـە لە مـاوەی ٢٤ سـەعاتدا لـە ئەنجامی دیتنـی دەرەوە و نـاوەوەی ماڵ تووشـی بووە، بـەم ڕەفتارە هاوسـەنگیی دەروونی درووسـت بکات. بەمەش هاوسـەنگیی دەروونی لای منداڵ درووست دەبێـت، واتا هاوسـەنگیی فیزیایی، کیمیایی و موگناتیسـی درووسـت دەبێـت، لە کۆتاییدا هاوسـەنگییەکی زۆر باشـی دەروونی درووسـت دەکات. ئەمـە زۆر گرینگـە، دەستبەسـەرداهێنان، لـە گەورەییـش پێویسـتە، ئینجـا لـە منداڵیـدا هەر نابـێ فەرامـۆش بکرێـت. ئەمە لە ڕۆژی یەکەمـی لەدایکبوونـەوە دەسـتپێداهێنان و مەسـاج بـۆ منداڵ لـەلای دایکـەوە و دواتـر لای باوک پێویسـتە. ئـەو منداڵانـەی کەوا نازیـان نەدرێتێ و دەسـتیان بەسـەردا نەهێنرێـت هەندێکیان دەمرن، چونکـە ئـەوە بەشـێکە لـە پێویسـتیی فیزیایـی و دەروونیـی منداڵ. منـداڵ تەنیـا بـە خـواردن ناژییێـت، منـداڵ بـە ئارامش و ئاسایشـی مێشـکیش دەژییێـت، ئـەوەش کەرەسـتەی دابینکردنی ئەوەیـە. لەگەڵ ئـەوەدا هەڵبـەت باوەش هەیـە، ماچکردن هەیە، گەر پێـی خۆش بوو، بـەڵام دەبـێ دایـک و باوکیـش بزانـن، ماچکـردن قەت لە سـنووری پێویسـت زیاتـر نەبێت. دەسـت بەسـەرداهێنان دەبێ بـەردەوام بێت، قسـەی خـۆش، ئەگەر پێویسـت بـوو ماچکردنیـش هەبێت، بـەڵام لە سـنوورێکی دیاریکـراودا. لە تەمەنی ١-٣ سـاڵی زۆر پێویسـتە کاتی شـیرپێدان و ئاگالێبوونـی منـاڵ لەلایەن دایکەوە کۆرپـە ڕووت بێ و سـنگی دایکیش هـەر ڕووت بێ، ئەوە ئارامش و قوەتی نەفسـی زیاتر بـە منداڵەکە دەدات. زۆر پێویسـتە کاتێک بایەخ بـە کۆرپە دەدرێ یان کاتێـک دەلاوێندرێتـەوە یان نـازی دەدرێتـێ، چاو لە چـاوی ببڕێت، چـاو لـە چـاو تێبڕیـن پێوەندییەکـەی میهرەبانـی و پەیامـی ئەمن و ئاسـایش و خۆشەویسـتی لـە نێوان منـداڵ و دایک و بـاوک ئاڵوگۆڕ دەکات. لـە هەمـان کاتدا منـداڵ ڕادێنێت کە لە گەورەییدا کاتێک قسـە

دەکات یـان ڕەفتـار لەگـەڵ یەکێک دەکات چـاو لە ناو چـاوی بکات. کاتێـک دوو کـەس پێکـەوە دەپەیڤن، لە کاتی قسـەکردندا چـاو لە ناو چـاوی یەکتـری بکەن، تەواوی سـەرنجیان بۆ یەکتـر دەچێت و باش لێکدی حاڵی دەبن. لە هەمان کاتیشـدا ئەوە بارێکی دەروونیی سـاغە، بۆیـە ئەوانـەی لـە کاتی قسـەکردندا چاو شـۆڕ دەکەن یان سـەیری ئەندامەکانی جەسـتەی لایەنی بەرامبەر دەکەن یان خۆیان بە شـتێکی دەرەوەی هەردووکیـان سـەرقاڵ دەکەن، ئەوانە ئینسـانێکن کە نیازی خۆیـان پـێ دەرنابڕدرێـت، هێزی کەسـایەتییان زۆر نییە و قسـەیان بـە کار نییە، لـە هەمان کاتدا لێیـان دەردەکەوێت کە هەراسـان و بێ قـەرارن و ئارامشـییان تێـدا نییـە چونکـە هەسـت بە ئەمـان ناکەن. هەڵبەت لەو کارەدا کچ دە بەرابەری کوڕ پێویسـتی بەو ناز و نەوازش و میهرەبانـی هەیە. ئەگەر وا نەبێت و بـە پێچەوانەیەوە ڕەفتار بکرێ، منـداڵ بەو بێقەرارییە گەورە دەبێت دائیمـەن چاوەڕوان دەردەچێت و چـاوی لـەوە دەبێت خۆشەویسـتی پـێ بدرێت، جاری وایـە ڕەفتاری خەشـن و فێـڵاوی بـە کار دێنێـت بۆ ئەوەی خۆشەویسـتی کەسـب بـکات. هەڵبـەت خۆشەویسـتی هیـچ کاتێک لـە گەورەییدا بـە تۆبزی کەسـەکان کەسـب ناکرێت. ئەوە لە ڕەفتار و توانای هەرکەسـێکدا لە گـەڕان بـە دوای پێوەندیی باش لە نێـو ماڵ یان لـە دەرەوە، بایەخ و پێگـەی خـۆی دەدۆزێتەوە لای تەرەفـی بەرامبەر ئەوسـایە ڕەفتاری خۆشەویسـتییش دەدۆزێتـەوە. هەڵبـەت ئەگـەر منداڵ لـە میهرەبانی و نـاز و نـەوازش بێبەش بێت، نەخۆشـییەکانی دەروونـی ڕووی تێ دەکـەن و ڕەفتـاری و تیپـی کەسـایەتیی ناقـۆڵای تێدا دەچەسـپێت، لەبابـەت کۆتاییهێنان بە خۆشەویسـتی و خۆزاڵکردن بەسـەر لایەنی بەرامبـەردا، یان گۆشـەگیری و هەندێـک جار دژایەتیکردنی ئینسـان دەبێتـە ئاواتـی، یـان دژایەتیکردنی کۆمەڵـگای دەکات، بێبـاوەڕ دەبێ بـە لایەنـی بەرامبەر و لەوانەیە هەمیشـە ڕەفتاری زبر و قسـەی زبر بـە کار بهێنێت.

لــەم کوردەوارییــەی ئێمــەدا دایــکان و بــاوکان ڕانەهاتــوون و پــەروەردە نەکراون و بە شــێوەیەکی زانســتی پڕۆڤەیــان پێ نەکراوە تــا بزانــن چۆن منــداڵ بەخێو دەکــەن، بۆیە هــەر بێ ئامــادەکاری و خۆئامادەکــردن منداڵیــان دەبێــت و ئــەو قۆناغانــەی من باســم کرد ئیتــر هــەر کــەس بەپێی میــزاج و بــاری دەروونیــی خــۆی و بەپێی ئــەو خورافاتــەی بــۆی گوازراوەتەوە یــان نازانێت و ئێســتا بۆ خۆی شــتێک درووســت دەکات کــە هیــچ پێوەنــدی بــە ڕاســتییەوە نییــە، بێئــاگا بەشــدار دەبن لــە شــێواندنی منداڵەکانــی خۆیان. منــداڵ لە ٣ ســاڵی بەولاوە زۆر پێویســتی بــە چیرۆکە، چیرۆکــەکان دەبێ ئەوتۆ بــن کــە بگونجێت لەگــەڵ ڕەفتاری منــداڵ، خشــوونەتی تێــدا نەبێت، درۆی تێــدا نەبێــت، کوشــتنی تێــدا نەبێــت. بەڵکو هەمــووی پێوەندی و یاریکــردن و دەورێــک بێــت کــە حاجەتەکانی ئینســان بەجێ دێنن. پێویســتە ئاژەڵــی تێدا بێت، منــداڵ لەو تەمەنــەدا جیاوازییەک لە نێوان مــرۆڤ و ئــاژەڵ نابینێــت لــە دەور و لــە قســەکردندا، هەربۆیە ئەوە خەیاڵــی فڕینــی منداڵە لــەو قۆناغــەدا کە قســەکردن دەبەخشــێت بە دار و درەخــت و بــەرد و ئاژەڵەکانیــش، ئــەوەش زۆر زۆر ئاســاییە. وا باشــە دایــک و بــاوک چیرۆک بــۆ منــدالان بخوێننەوە کە پەســند کرابێــت لە ناوەندی پزیشــکی و دەروونی کە یارمەتیــی منداڵ دەدات. ئــەو چیرۆکانە، لــە زاری دایک و باوک لەوانەیــە ڕۆژانە چەندین جار پێیــان دووبارە بگێڕێتــەوە، هەندێک جار منداڵەکــە خۆی چیرۆکەکەی لەبــەرە. پێشــی دایک و باوک خــۆی کاراکتەرەکانی دیــاری دەکات و دەشــزانێت بــۆ کوێ دەچێــت، جاری وایــش هەیە پێــش دەکەوێتەوە. لــەو حاڵەتــەدا دایک یــان بــاوک دەبێ لەســەر چیرۆکەکە بــەردەوام بێــت. پێــی نەڵــێ ئەمانە خــۆت دەیزانی و خــۆت بیڵێ. نا، سیســتەمی مێشــکی منــداڵ وایــە لەزەتی لــێ دەبات. منــداڵ لە کاری باشــدا، لەو ڕەفتــار و کردارانەی کە دەگونجێن لەگەڵ دابینکردنی پێویســتییەکانی دەروونی و جەســتەییی ئەودا، حەزی لــە تیکرارە و ئەوەش یەکێکە لە خسووسیەتە پێچیدەکانی مێشــکە. ئەو تیکرارە ئەگەر ڕۆژی پێنجسەد

جاریــش بێــت هەتا لێی مانــدوو دەبێ بۆ منــداڵ هــەر قازانجی هەیە. ئینجـا لــەو تیکــرارەدا، ئەگــەر چیرۆکێــک هەڵــە بێت، یــان کارتۆنێک هەڵــە بێــت، یــان ئەو فیلمانــەی کە هیی منــداڵ نین نیشــانی بدرێت و تێــی ناگات، منداڵەکە تووشــی کێشــە دەکات.

دایک و باوک وەکو باخەوان وان، دەبێت لێگەڕێن منداڵەکەیان بە شێوەی تایبەتی خۆیان گەشە بکەن، بەڵام ئاگایان لێی بێت و زانیاری بدەنێ و تەندرووستی بپارێزن. چۆن باخەوانێک نەمامەکانی دەچێنێ، هەموو ڕۆژێک ئاگای لێیە بەس بۆ ئەوەی بارودۆخی گەشەکردنی نەمامەکە دابین بکات، بیپارێزێت لە دەست ئافات و ئاووهەوای نەگونجاو. بەڵام باخەوان ناتوانێ هەموو ڕۆژێک نەمامەکە هەڵکێشێت بزانێت ڕەگوڕیشەکەی ساغە یان نا، ئەوا دەیکوژێت وشکی دەکات. هەربۆیەش دایک و باوکیش وەکو باخەوانێک ناتوانن و نابێ ڕەفتاریان بە جۆرێک بێت کە منداڵ لە ڕەگوڕیشەوە هەڵکێشێت لەو واقیعەی کە تێیدا دەژییێت.

ئێستا چیرۆکەکان بوونەتە فیلمی کارتۆن، ئەو فیلم کارتۆنانەی کە گونجاون لەگەڵ خەیاڵی منداڵدا، دەبێ بۆی دابین بکرێت. نابێ منداڵ لەم زەمانەدا بەتەمای ئایپاد و تەلەفۆن بەجێ بهێڵرێت بۆخۆی یاری بکات. لەوانەیە تووشی تۆڕی پێوەندیی خراپ بێت و بیروباوەڕ و ڕەفتاری خراپیشی بۆ بگوازنەوە، کە لە گەورەییدا ببێتە مایەی کرداری خراپ. دەبێ هەمیشە دایک و باوک لە کاری فێرکردنی منداڵدا بەردەوام بن، فێرکردن واتای گواستنەوەی زانیاریی ڕاست و باوەڕپێکراو بە شێوەیەکی سادەی گونجاو لەگەڵ تەمەنی ئێستای ئەم منداڵە و لەگەڵ توانستی مێشکی بۆ وەرگرتن، بۆی بگوازرێتەوە. زانیارییەکان نابێ بە یەکجار بدرێت، وردە وردە هەر ڕۆژە و هەندێک بێت. پێویستە پرۆڤەشی لەگەڵ بکرێت بزانرێ لێی حاڵی بووە، خۆی چۆنی دەگێڕێتەوە، چەندی وەکو خۆی دەڵێتەوە، چەندی دەقاودەق دەڵێتەوە، چەندە زیاد و کەمی تێدا دەکات. دوای ئەم فێرکردنە ئینجا پەروەردەکردن دێت.

پەروەردەکردن بەشێکی مەشقپێکردنە، هەندێکی لە ڕەفتار و باوەڕەکان پێویستی بە کرداریش هەیە، دەبێت لەگەڵ منداڵ ئەو کردارانە ئەنجام بدرێن. ئینجا دەکرێ بە شێوەی یاری بێ، چونکە یاری بۆ منداڵ زۆر پێویستە. منداڵ دەبێ ڕۆژانە چەندین سەعات یاری بکات، لە یاریدا تا ماندوو دەبێت و دەخەوێت یان دادەنیشێت، نابێ ڕێی لێ بگیرێت. یاریکردن بە هەموو شێوازەکانی کە منداڵ خۆی هەڵیدەبژێرێت، بە تایبەتی ئەو یارییانەی کە جووڵەی جەستە و ڕاکردن و شت لێککردنەوە و یەکخستنەوەی تێدا هەبێت، زۆر یارمەتیی پەرەسەندن و گەشەسەندنی کۆنێکشنەکانی مێشکی منداڵ دەدات، گەشەی مێشک زیاتر دەکات و ئینسانێکی ساغتری لێ دەردەچێت. مێشک لە ئەنجامدانی وەزیفەکانی چالاکیی خۆی، چالاکتر و بەهێزتر دەبێت، لە کۆتاییدا سیستەمێکی عاقڵ و کارامە بەو ئینسانە دەبەخشێت. لە پەروەردەدا دەبێ هەمیشە خۆشەویستی فێری منداڵ بکرێت، خۆشەویستی یان ڕەفتاری ئارام و باوەڕکردن بە بەرامبەر، جا ئەمە دایکە یان خوشکە یان برایە، دوایی لەگەڵ هاویارییەکانی و کەسوکاری، ئەو خۆشەویستییە لە مێشکدا جێگەی هەیە، ئەگەر ڕەفتار کرا ئینجا لە مێشکدا جێی خۆی دەکاتەوە و دەستبەکار دەبێت. جا ئەوە ئینسانێک دەبێت لە گەورەییدا خۆشەویستی بنەمای ژیانی دەبێت.

یەکێکی دیکە لەو زەمینەیەی کە لە منداڵدا پێویستە درووست بکرێت عشقە. عاشقبوون لە ئینساندا زۆر پێویستە، هەرکەسێک لە گەورەییدا عاشق نەبێت ناتوانێت مەسیری ژیانی خۆی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و خێزانی و جنسیدا بە شێوەیەکی ڕاست و درووست و ڕەزایەتبەخش و، لە کۆتاییدا کامەرانی و خۆشبەخت دابین بکات. عەشق لەسەر بنەمای خۆشەویستی دێت کە فێری منداڵ دەکرێت، لە گەورەییدا زەمینەی بۆ خۆش دەکرێت تا ئەڤین ببێتە بنەمای دروستکردنی خێزان. هاوسەری بێ ئەڤین نابێتە ئامانجی و خێزانیش لەسەر بنەمای عشق دروست دەکات. ئەگەر منداڵ لەسەر

بنەمای خۆشەویستی گەورە بکرێت، هەمیشە مەیلی منداڵ دەبێت بەو لایەنەدا یارمەتی بدرێت و بەهێز بکرێت کە بەها باشەکان کە بە کەڵکی مرۆڤ دێن، زانستین، گەشە بە باری دەروونی منداڵ دەدەن، تواناییەکانی لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە کاتی یاریکردن، لە کاتی دابینکردنی خواردن، لەکاتی خوێندندا بەهێز دەکەن، بۆی ئاسان دەکەن، ئەو پێوەندییانە بە ئاسانی تێدەگات، بۆیە بەهێزەوە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکات. ئەم مەیلە لە پەروەردەکردندا لەسەر بنەمای خۆشەویستی، زەمینەیەکی واقیعی و عەمەلی لە مێشکی منداڵدا درووست دەکات، کاتێک گەورە دەبێت، زۆر بە ئاسانی توانایی عاشقبوونی تێدا دەبێت. نموونەیەک هەیە زۆر دەگوترێتەوە: «پەروەردەکردنی منداڵ وەکو ژوورێک وایە، کە خۆشەویستی و عەشق و لاواندنەوە و نەوازش دەبێتە کەف یان چینی خوارەوە، وەکو کەفی ژوورەکە کە تییدا دەژی، سەقفی ژوورەکە، ئەو نەزم و تەرتیب و ڕێکخستن و ڕێکوپێکییەیە کەوا فێری منداڵ دەکرێت، ئەوە ئارامی و باوەڕبەخۆبوون و قودرەتی فێربوون و ڕەفتارکردن بە منداڵ دەدات. ئینجا پرەنسیپی ماقووڵ، دەبێتە چوار دیوارەکەی ئەم ژوورە». ئینزبات یان زەبت و ڕەبت بریتییە لە منداڵێک کە ئەم سەقف و کەفەی هەبوو، ئینجا قودرەتی دەرککردن و تێگەیشتنی واقیعی دەرەوەی خۆی دەبێت، یانی واقیع کە لە سرووشت و ژیاندا هەیە، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە تێدەگات، کاتێک کە بۆی باس بکەن، یان کە خۆی بچێتە ناوی تێدەگات واقیعەکە چییە. ئەگەر واقیعەکە تێگەیشت ئینجا هەوڵ دەدا بەپێی واقیعەکە ژیانی خۆی لە نوێدا بەڕێوە ببات و نیازەکانی خۆی بە شێوەیەکی حەقیقی دابین و تەنزیم بکات. ئەم واقیعەی کە تێیگەیشتووە بەم ڕەفتارەی کە هەیەتی، توانایی کەشفکردنی حەقیقەت بە منداڵ دەدات. ئەم پڕۆسەیە لە مێشکدا شوێنی خۆی هەیە. واتا واقیع کاتێک کە هەیە، ئەگەر منداڵ تێی بگات، لە خەیاڵی خۆی لە مێشکی خۆیدا پڕۆسێسی دەکات و دەیڵێتەوە، ئەم گوتنەوەیە ڕێسا و ڕێوشوێنی

ڕەفتــاری بــۆ دادەنێــت. کە ئــەوە نیازەکانــی خۆی پێ دابیــن دەکات، بەمــە دەگوترێــت حەقیقەت یان ڕاســتی. یانی حەقیقەت کەشــفکردنی واقیعییەتــە. واقیــع هەیــە، کاتێک بە مێشــکێکی ســاغ منــداڵ ڕەفتاری لەگــەڵ بــکات، دەگاتــە حەقیقەت، حەقیقــەت ئەوەیە کە ڕێــی خۆی لە نێــو ئــەو واقیعــەدا دەبینێتــەوە و ژیانی خــۆی بەڕێوە دەبــات. بۆیە ئــەم ژوورە کــە کــەف و بنمیچــی خانو و چــوار دیوارەکانــی، وەکو نموونەیەکی ســادە دەهێنرێتەوە.

زۆر گرینگــە لــەو قۆناغەدا وردە وردە مەشــق یــان پڕۆڤە بە منداڵ بکرێــت تــا تێ بــگات واقیع چییە. وەکو چۆن لەســەر شــوێنێکی بەرز ناتوانێــت خــۆی فڕێداتە خــوارەوە، ناتوانێت دەســت بۆ ئاگــر بەرێت، ناتوانێــت دەســت بــۆ کارەبا بەرێــت، ناتوانێت دەســت بۆ شــتی تیژ بەرێــت، ئــەی چیــی بــکات بۆ ئــەوەی بتوانێــت چەقۆ بــە کار بێنێت؟ چیــی بــکات بۆ ئــەوەی بتوانێت لــە ئاینــدەدا کارەبا بــە کار بهێنێت؟ چیــی بــکات بــۆ ئــەوەی بتوانێت لە شــوێنی بــەرز تێپەڕێــت؟ ئەمانە دەرک و تێگەیشــتنی واقیعییەتەکەیــە، ئــەوە ڕێیــەی هەڵیدەبژێرێــت دەرەنجامی حەقیقەت و راســتەقینەکەیە کە پێی دەگات. ئەم پڕۆسێسە لــە ناو مێشــک دەبێــت وەکو خۆی مامەڵــەی لەگەڵدا بکرێــت تا منداڵ لــە گەورەییــدا بتوانــێ لــە هــەر واقیعێکی نوێــدا ســەرەدەری بکات، واتــا ڕێی خــۆی بدۆزێتەوە، خــۆی بپارێزێــت، خەڵکی تــر بپارێزێت، بەرژەوەندییەکانــی خــۆی بتوانێــت دابیــن بــکات و خاوەنــی بارێکی دەروونیــی ســاغ و ســەلیم و ئارام بێــت. ئەمە لەم تەمەنەوە دەســت پــێ دەکات، دەبــێ دایک و باوک بۆخۆیان ســاغ بن، تێبگــەن و بزانن منــداڵ بەوشــێوەیە ڕێنوێنی بکــەن. نابێ لە ئاشــناکردنی منداڵ لەگەڵ واقیعییــەت و یارمەتیدانــی بــۆ گەیشــتن بــە حەقیقەت دایــک و باوک موبالەغــە یــان زیادەڕۆیــی بکــەن. دەبــێ لەوێیشــدا واقیعبیــن بن و ڕاســتگۆیانە حەقیقــەت وەکو خۆی وەســف بکــەن و منداڵەکەیان تێ بگەیەنن.

زۆر پێویستە منداڵ ڕۆژانە پاداشتی بدرێتێ، ئەوەش لە ئەنجامی کاری باش، ئەو پاداشتە لەوانەیە ئافەرینێک بێت، پێکەنینێک بێت، لەباوەشکردنێک بێت، لەوانەیە خواردن یان شیرینییەک بێت کە ئەو حەزی لێیە، یان لەوانەیە یارییەک بێت. سیستەمی مێشکی منداڵ پێویستی بەوەیە کاتێک کە ئیشێکی ڕاست دەکات، هان بدرێت، واتا بەهێز بکرێت تا لە ژیانی عەمەلیدا ببینێت. بۆیە دەبێ پاداشتێکی لەسەر وەربگرێت، پاداشتەکە ئەوانە بن کە ئاماژەم پێ کردن. هەتا ئەمە لەگەڵ ئاژەڵەکانیشدا وایە، هیچ ئاژەڵێک بە لێدان و ئەشکەنجە لەلایەن مرۆڤەوە کەوی ناکرێت، بەڵکو کاتێک ڕەفتارێکیان لێ داوا دەکرێت وەکو ئەوەی لە سێرکدا یاری دەکەن یان ڕامیان دەکەن وەکو ئەسپ و سەگ و پشیلە کە لە ماڵدا دەمێننەوە، دەبێ لە ئەنجامی ڕەفتارێک کە لەسەری ڕادەهێنرێن خواردنێکیان بدرێتێ، دوای خواردن دەبێ دەستیشیان پیدا بهێنرێت، هەربۆیە دەست بەسەر ئەسپ و سەگ و پشیلەداهێنان ئارامی بە ئاژەڵەکە دەبەخشێت و ڕایدێنێت. لەو ڕاهاتنە بەردەوام دەبێت بەرژەوەندییەکەی کە دەستپێداهێنان و خواردنە دابین بکرێت، ئەویش بەردەوام ئەو ڕەفتارە دووبارە دەکاتەوە کە ئەو دوو شتەی بۆ دابین دەکات. ئەمە لە ئینسان و حەیواندا وەکو یەکە، هەربۆیەش منداڵ زۆر پێویستی بە پاداشتە، زۆر پێویستی بە هاندانی ڕاستەقینەیە و دەبێ ئەوە لێی ماندوو نەبین و بەردەوام دووبارە بکرێتەوە. ئەو کاتە مێشکێکی ئارام و ڕەفتارێکی مونەزەم و بارێکی دەروونیی لەسەرخۆ و بەهێز بە منداڵ دەبەخشێت. لەوکاتەدا منداڵ وردە وردە خۆی دەبینێتەوە، قیمەت و وجوودی خۆی دەبینێتەوە. ئەوە بەشێکی زۆر گرینگە لە پێویستییەکانی ئینسان، لە زانستی پزیشکیدا، بە تایبەتی لە هەڕەمی ماسلۆ باس کراوە.

زۆر پێویستە منداڵ هەر لەو قۆناغەدا فێری تەحەممووڵ بکرێت. بۆنموونە کاتێک کە شتێکی دەوێت، خواستەکەی ئەگەر حەقیقی بێت، دەبێ بڵێی باشە بۆت دەکەم بەڵام ئێستا ناتوانم، بۆنموونە

هەتـا ئەگـەر ئامـادەش بێـت، لەبەردەسـتیش بێـت، دەسـتەبەجێ نابـێ بیدرێتـێ. ئەمـە بـۆ منداڵی تەمـەن ٣–٥ سـاڵی. بـۆ نموونە کە یارییەکـی دەوێ، یـان خواردنێکـی دەوێـت و داوای دەکات، بۆیشـت ئامـادە کـردووە بڵێ تۆ لێرە بە، من ئیشـێکم هەیە لـە ژوورەکەی تر دەچـم و دێمـەوە بـۆت جێبەجێ دەکـەم. تۆیش لە شـوێنەکەی خۆت بمێنـەوە. ئەمـە لەوانەیە پێنـج دەقە یان دوو دەقە یـان زیاتری بوێت، بـەڵام زیاترەکـەی بۆ مێشـکی منـداڵ باش نییـە و تێی نـاگات. دەبێ تاخیرکردنەکـە بۆ منداڵ قابیلی تێگەیشـتن بێت، دەنـا ئەگەر زۆر بێت لێـی حاڵـی نابێـت. کەمێـک جێـی بهێڵـە و وەرەوە ئینجا ئەو شـتەی بـۆی دێنـی کـە خواردنە یـان یارییە یـان شـیرینییە بیـدەرێ. ئەوە پێویسـتە تا منداڵ فێری تەحەممول ببێ، لـە گەورەییدا تەحەممولی بێبەشـبوون (حیرمان) لە هەندێک شـت دەکات و، بیر دەکاتەوە چۆن بەدەسـتی بهێنێت. بـەڵام ئەگەر منداڵ هەرچیی ویسـتی بیدەیتێ، ئیتر مێشـکی لەسـەر ئـەوە ڕانایە کە لـەم دنیایەدا شـت زۆرە و من نیمە، مـن نامبێـت یـان دەکـرێ نەخشـەم هەبێـت و کار بکەم بـۆ ئەوەی بەدەسـتی بهێنم. تەحەممول نیشـانەی مێشـکی سـاغە، مێشکی ساغ بەپێـی قانوونی سرووشـت کار دەکات. هەر مێشـکێک بەپێی قانوونی سرووشـت کار بکات، مێشـکێکی ئـارام و بارێکی سـەقامگیری هەیە، ئـەو کەسـە پێسـتێکی دەروونیـی بەهێـز و متمانەپێکـراوی هەیە کە بـە هەمـوو شـتێک ناڕووخێت، بـە هەموو شـتێک ئیغـرا ناکرێت، بە هەموو ڕووداوێک و شکسـتێکیش دۆش دانامێنێت. ئەو منداڵانەی کە تەحەممولیـان زۆرە، دەرکەوتووە و چاودێـری کراون لە ماوەی ٢٥ سـاڵدا لـە زانکـۆ بەناووبانگەکانـی وەک یەیڵ و هارڤـارد و کامبریج، ئـەو منداڵانـەی لەسـەر تەحەممولکردنـی واقیعبینانـە ڕاهێنـراون. ئەوانـە خوێندنـی لە زانکـۆدا سـەرکەوتووتر بوون و ئینسـانی زۆر زانایـان لـێ دەرچـووە. ئـەو منداڵانـەی کـە تەحەممولیـان نەبووە نەیانتوانیـوە زانکـۆ تـەواو بکـەن، ئەگـەر تەواویشـیان کردبێت زۆر سـەرکەوتوو نەبوونـە. ئەو منداڵانـەی فێری تەحەممـوول کراون، لە

ژیانی داهاتوویاندا ســەرکەوتووتر بوونە و کاریگەرتر و بە بەرهەمتر بوونە. بەپێچەوانەش ئەوانی دیکە بێتەحەممووڵ بوونە ســەرکەوتنیان کــەم بەدەســت هێنــاوە، نائارامــی و شــڵەژانیان بۆ درووســت بووە، هەمیشــە بــە ئــازارەوە بۆ خۆیــان و دەوروبەر کاریان کــردووە. ئەو کەســەی کــەوا تەحەممووڵــی هەیە سترێســی نییە شڵەژانیشــی نییە، بــەڵام ئــەو کەســەی تەحەممووڵی نییە هەمیشــە لە سترێســدا دەژی، ســترێس ماندبووبوونێکی یەکجــار زۆرە کە کۆتاییەکەی بە شــڵەژان دێــت واتا نەخۆشــیی دەروونی.

دەبــێ منــداڵ فێــر بکرێــت کــە دەکــرێ هەمــوو ڕۆژێک لــە دوێنێ خۆشــتر بێــت و ئەمــڕۆ لــە دوێنێ زیاتــر بزانێــت، ئەمڕۆ لــە دوێنێ تەندرووســتتر بێت، سبەیش لەمڕۆ باشــتر دەبێت. سیستەمی ڕاهێنان و پاداشــت و ئاسایشــپێدان و تەحەممووڵکردن، منداڵ ئامادە دەکات بــۆ ئــەو جــۆرە ژیانــە، بۆ ئــەو شــێوە ژیانە کــە دەگونجێــت لەگەڵ واقیــع، دەگونجێــت لەگەڵ بــاری دەروونیی ئــەو، دەگونجێــت لەگەڵ ئەو ڕێســایەی کە مێشــکی منداڵەکەی لە سرووشــتدا لەسەر ڕۆنراوە. لە ئینســاندا پڕۆســەی ڕۆیشــتن بــەرەو کەمــاڵ و تێگەیشــتنی باڵا و باڵایــی هەیــە، ئەمــە لــە حەیوانــدا نییــە، واتــا ئــاژەڵ و درەخــت کە لەدایــک دەبــن ئــاژەڵ و درەختــن، بــەڵام بچووکــن و گــەورە دەبن. پڕۆســەکە تەنیــا ئاگالێبــوون و دابینکردنی خواردن و ســەلامەتییانە، بۆیــە ســەدا نــەوەدی ئــەو ئاژەڵانەی یان ئــەو درەختانــەی دەرفەتی ژیانیــان دەبێــت بێ هیــچ ماندووبوونێک بــە کەماڵی خۆیــان دەگەن؛ بەچکــەی مانــگا دەبێتــە گۆلــک و جوانــەگا و دواتر دەبێتــە مانگا یان دەبێتــە گا. درەختــی ســێو تۆوەکــەی لە شــوێنی گونجــاوی چاندندا دەبێتــە نەمــام و دواتــر دەبێتــە درەختــی ســێو و ســێو دەدات. هیچ پەروەردەیەکــی تــری پێویســت نییــە. لــە ئینســاندا هاوکێشــەکە بەپێچەوانەیــە. ئینســان وەکــو ئینســان لەدایــک نابێت. جــاری یەکەم وجــوودی ئــەو وەکــو مەوجوودێکی زینــدوو دێتە دنیا، بــەڵام وردە وردە توانایی ئینســانبوون وەردەگرێ و لە مێشــکیدا زەمینەکە هەیە،

پێویستی بە پەروەردە هەیە تا ئەم زەمینەیە دەبێتە واقیع. هەر بۆیە لە پڕۆسەی تەندرووستی و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵدا کردەوەی بە ئینسانیبوون دەست پێ دەکات، سەرباری ئەوەش لەسەدا دووی ئینسانەکان دەگەنە کەماڵی خۆیان، دەگەنە لووتکەی پێگەیشتن و تێگەیشتن و ڕەفتار و سەلامەتی و ئارامشی خۆیان، کە پێیان دەگوترێت ئینسانی کامڵ. بەپێچەوانەی ئاژەڵ کە سەدا نەوەدی دەگاتە قۆناغی خۆی کە هەمان ئاژەڵبوونە. ئەو پڕۆسە تێکدا و پێچیدەیە بۆ ئەو بارودۆخە دەروونییە دەگەڕێتەوە کە منداڵ لە لەدایکبوونیدا هەیبووە. ئەم پڕۆسەی بەئینسانیبوونە پڕۆسەیەکی حەقیقییە ئینسان پێویستیەتی، بۆیە دەڵێن ئینسان دروست دەکرێت، زانیاریی پێ دەدرێت، ئەو زانیارییەیە کە مرۆڤ وەکو هەواڵ وەریدەگرێت، دەیکات بە پڕۆسێسی ناوخۆ و وەکو هەواڵ دەریدەبڕێتەوە، کە دواتر لەسەر ئەو هەواڵە پتر ڕوونکردنەوە دەدەم. سیستەمی مێشک بەوە کار دەکات.

هەروەها پێویستە وردە وردە منداڵ فێری بکرێت هەندێک جار زیان دەکات، هەندێک جار شتی لە دەست دەچێ، زۆر ئاساییە دەتوانێ بەدەستی بهێنێتەوە، هەندێک جار شکست دێنێت و سەرناکەوێت، دەبێ شکستهێنان و زەرەرکردن، وردە وردە بۆی باس بکرێ تا تێبگات کە لەوانەیە بتوانێت قەرەبووی بکاتەوە. ئینسان بە زەرەرکردن و شکستهێنان بەهێزتر دەبێت، هەروەکو چۆن بە یاریکردن جسم و مێشکی بەهێزتر دەبێت، کاتێک کە دەکەوێتە پێوەندییەکانی خۆی لە دەوروبەری لە سێساڵی تا گەورە دەبێ، پێویستە تەحەممولی شکستەکانی خۆی بکات. دەبێ یارمەتیی بدرێ لێی حاڵی بێ بۆچی شکستی خواردووە، چۆن دەتوانێت هەستێتەوە، دنیا کۆتایی نایەت ئەگەر ئەو شکستی خوارد، دەکرێت سبەی لەمڕۆ سەرکەوتووتربێت. ئەگەر لەسەر ئەم ڕێسایەی تەحەممولکردنی شکست و زەرەر هەروەها بینینی ئازاری تر، منداڵ ڕانەهێنرێت و تێنەگەیەنرێت تا تێبگات و خۆی

پرۆسێســەکە جێبەجــێ بــکات، بەپێچەوانــەی ئــەوە دەبێتــە منداڵێکی لاســاییکەرەوە کــە هەمیشــە لەجیاتــی ئەوەی خــۆی ماندبــوو بکات، دەچــێ مۆدێلی ژیانی خەڵکــی دەوروبەری خۆی دووبــارە دەکاتەوە. ئــەو دووبارەکردنەوەیــە، ئەو مەکانەتــە کۆمەڵایەتییانەی پێ نادات کە لاســایی دەکاتەوە و خەڵکی دیکە هەیەتی. بۆیە کەسانی لاساییکەرەوە هەمیشــە زۆر ماندوو دەبن و زەرەر دەکەن و هەمیشــە دەبینرێت کە زۆر بــاش لــە بابەتەکە تێنەگەیشــتوون و کەســانی ســەرکەوتوویان لــێ درووســت نابێت. منــداڵ دەبێ هەر لە ســێ ســاڵییەوە فێر بکرێ کــە لە زۆربــەی کارەکانی خــۆی دەبێ ســەرکەوێ. پرســیار ئەوەیە ســەرکەوتنی منــداڵ لــە کوێیــە. دەبێ یارمەتیــی بدرێت ئــەو یاری و خــواردن و کارانــەی کە ئەو پێی شــاد دەبێت، پێی گەش و ئاســوودە دەبێــت، لەوانــەدا هاوکاریــی بکرێــت تــا لێی تــێ بــگات و دووبارەی بکاتــەوە. ئــەوە پێیدەگوترێــت ســەرکەوتن. نابــێ منــداڵ فێــر بکرێت بــە لێــدان و خشــوونەت و توندوتیــژی و موبالەغــە هەندێک شــت بەدەســت بهێنێــت. ئــەوە ڕێــک پێچەوانەی ئینســانی ســەرکەوتووە. بــۆ؟ چونکــە لە ژیانــی ئینســاندا ســەرکەوتن هەیە و بردنــەوە هەیە. بردنــەوە ئەوەیــە کــە لــە کارێکــی بازرگانیدا یــان لە سیاســەتدا یان لــە کاروباری پێوەندییەکانی ڕۆژانەدا کەســێک مونافەســەیەکی توند دەکات، پارەیەکی زۆر بەدەســت دێنێت، یان پلەیەک بەدەســت دێنێت، بەرژەوەندییەکــی دیکــە دابیــن دەکات کــە زۆر بــۆی مانــدوو بووە، بــەڵام کاتێــک کە بەدەستیشــی دێنێت، دڵشــاد و کامــەران نییە، باجی دەروونیــی خــۆی پــێ داوە، زۆر لــە بــاوەڕە بەهێزەکانــی خــۆی کە ئینســانینە ژێــر پێــی نــاوە، بەرژەوەندیــی کەســانی تری بــە ناحەق لەژێــر پێ نــاوە، لەوانەیە تاوانــی قبووڵ کردبێت یــان لەوانەیە تاوانی کردبێت، کاتێک کە دەگاتە شــوێنی بردنەوەکە، ئینســانێکی سترێســە، ئینســانێکە هەســت بە بەختەوەری ناکات، شــتی زۆر بە قیمەتتری لە ژیانــی خۆی لــە پێناوی ئەوەدا لەدەســت داوە. جا دەبێ ئینســان ئاوا فێــر نەکرێت، بەڵکو فێر بێت ســەرکەوتن بەدەســت بێنێ. ســەرکەوتن

success بە فارسی پێیدەڵێن موفقیت و النجاح لە عەرەبیدا، بریتییە لە ئەنجامدانی کارێک کە لێی دەزانێت، لەو زانایییەدا مەشقێکی زۆری کردووە، لەو مەشقەدا هەوڵێکی زۆری داوە، نەتیجەی ئەمانە بەرهەمێکە کە بۆخۆی پێی دەگات، زۆر پێی خۆشحاڵە، پێی شادە، کە بەدەستی دێنێ وەکو ئەوە وایە ئامانجێکی گەورەی بەدەست هێنابێت، بەوە مێشکی دەبوژێتەوە، هەست دەکات لە ڕووی جەستەییەوە سەلامەتترە، قوربانی بە کەسوکار و بەها ئینسانییەکانی خۆی نەداوە و زەرەری بە هیچ کەسێکی دیکە نەگەیاندووە. لەوانەیە لە ڕکابەرەکانی خۆی بردبێتەوە، بەڵام بردنەوەیەک کە دەرفەتی کاری لە ڕکابەرەکانی خۆیشی نەستاندۆتەوە. ئەمە لە تەمەنی سێ ساڵییەوە منداڵ بە کارە بچووکەکانی خۆی لەسەری ڕادەهێنرێت. هەمیشە منداڵ کە دەگاتە ئامانجەکانی خۆی زۆر شاد دەبێ، دەبێ لەو شادییەدا پشتیوانی بکرێت، لێی تێک نەدرێت، وا فێر بکرێت تا گەیشتە ئامانجێکی خۆی زۆر دڵخۆش بێت و زۆر لەزەتی لێ ببات، زۆر بە کەیف بێت، ئەوە لە ڕەفتاریدا و لە پێکەنیندا و لە ئارامشیدا دەردەکەوێت. کە لێی تێک بدرێت تووشی شڵەژان دەبێت. پێویستە لە سێ ساڵییەوە فێر بکرێت کە شتی جوانتر و هەدەفی زیاتر و خۆشتریش هەیە، ئەمە پێی دەگوترێت بەرەو کەماڵ ڕۆیشتن، بەرەو پێگەیشتنی زیاتر هەڵکشان. ئەم بەرەو کەماڵ و پێگەیشتنی زیاتر هەڵکشانە لە ناخی مرۆڤدا هەیە، تەنیا پێویستە بە گوورتر بکرێت و مەشقی پێ بکرێت تا ڕابێت. دەبێت زانیاریی باشی بدەنێ تا بزانێت چۆن پێی دەگات.

هەڵبەت ئەو هاندان و سەرکەوتنەی منداڵ نابێ لە سنووری ماقووڵی خۆی تێپەڕێت، چونکە ئەگەر سنووری خۆی بەزاند لێی دەبێتە نەخۆشی و خۆپەرستی و ڕەفتاری خەشن؛ لەو گەورەییدا ئەو کەسە لەناو ماڵدا هەموو خێزانەکە بۆخۆی و بۆ ئامانجی خۆی بە کار دێنێت، لە سیاسەتدا دەبێتە دیکتاتۆر، لە بازرگانیدا دەبێتە کەسێک کە بە هەموو فرت و فێڵێک سەرمایەی خەڵکی تر دێنێتە

ژێر دەسـتی خـۆی. تەنانەت ئەگـەر لە بواری زانستیشـدا زانای زۆر گـەورەی لـێ هەڵکەوتبێـت، ئەو زانایـە لە ژیانـی ڕۆژانەیـدا دەبینی بـۆ دەوروبەرەکـەی تەحەمموول ناکرێـت و ژیانێکی خۆشـی نابێت. بۆیـە پێویسـتە لەو ڕووەشـەوە دایـک و باوک وریا بـن و ئاگایان لە منداڵـی خۆیان بێـت. ئەمانـە هەموویان لـە سیسـتەمێکی مونەزەمی مێشـکدا وەردەگیرێن، ئەگەر بە زانایيـەوە ڕێنوێنی نەکرێن و زانیاری نەدرێتـێ، مێشـک و سیسـتەم وەریناگرێـت و جێی نابێتـەوە. کاتێک گوشـاری بـۆ بێنی، سیسـتەم بەشـێکی لـە کار دەکەوێـت، لێرەدایە گرفتی کەسـایەتی بـۆ منداڵ درووسـت دەبێت.

سیسـتەم لە مێشـکی ئینسـاندا چییە؟ سیسـتەم بریتییە لە کۆمەڵێک بـەش یـان ئەندامـی بچـووک و پێویسـتیی ناو مێشـکی ئینسـان کە پێوەندییـان بەیەکـەوە هەیە، کار دەکـەن، لە پڕۆسـەیەکدا هاوکاریی یەکتـری دەکەن، بـۆ ئـەوەی ئامانجێک یـان هەدەفێکـی دیاریکراوی ئەو کەسـە دابین بکەن. ئەمە پێی دەگوترێت سیسـتەم و کارەکەشـی بـە شـێوەیەکی مونـەزەم واتـا بـە شـێوەیەکی ئۆرگانیکـە. ئەمـە لە سرووشـتی ئینسـاندا هەیـە، لـە سرووشـتی زیندوودا هەیە، شـتێک نییـە کە درووسـت کرابێت. ئەگەر ئەوهـا لەبەرچاو بگیرێت ئینسـان فێـری نـەزم و تەرتیـب و ڕێکخسـتنی حەقیقـی دەبێـت، لەوەشـدا سـەلامەتییەکی زۆری زهنـی و فکـری بۆخۆی درووسـت دەکات و، دەتوانێـت لـە دنیای دەرەوە سـەرەدەری بـکات و خۆی پـێ بەڕێوە بچێت .

# بەشی حەوتەم

## منداڵ لە تەمەنی پێنج تا حەوتساڵیدا

### ترس و وابەستەیی

تەمەنـــی پێنج بۆ حەوت ســـاڵی ســـەرەتاکەی تێکەڵە لەگـەڵ تەمەنی ســێ بـــۆ پێنـــج ســـاڵەیی، هەربۆیـــە بـــە شـــێوەیەکی زۆر ڕوون ئـــەو قۆناغانـــە لێـک جیا ناکرێنـــەوە و لە تەمەنێکی دیاریکـــراودا جۆرێک لە تێکەڵبوونیشـــیان هەیە. بۆ نموونە لە تەمەنی پێنج ســـاڵیدا ئاســـەواری تایبەتمەندییەکانی ســـێ بۆ پێنج ســـاڵی هەیە کە منـــداڵ داخیلی قۆناغی منداڵیەتـــی بە مانا زانســـتییەکەی دەبێ و کۆرپەیـــی بەجێ دەهێڵێت. لە ســـێ بۆ پێنج ســـاڵ وەکو لە بەشـــی شەشـــەم باســـم کردووە قۆناغی خووگرتنـــە یـــان قۆناغـــی ئیدمانـــە، بەشـــێک لـــەوە بەردەوامـــە بۆ ناو قۆناغـــی نوێیـــش کـــە لـــە پێنجـــەوە بـــۆ حـــەوت ســـاڵە. لـــەم قۆناغەدا منـــداڵ بە مانای زانســـتی پزیشـــکی دەروونی و کامڵ دروســـت دەبێ، مێشـــکی لـــە دروســـتبوون بەردەوامـــە و دەگاتە ئاســـتێکی زۆر باڵا لە گەشـــەکردن، بەڵام تەواو کامڵ نەبووە چونکە تا هەشـــت ســـاڵی کامڵ نابـــێ. هەمـــوو ڕەفتار و جموجۆڵـــی منداڵ بە شـــێوەیەکی مامناوەندی تـــەواو دەبـــن، واتـــا دەتوانـــێ بڕوا غار بدات و قســـە بکات و بپرســـێ.

هەروەهــا گۆڕانکارییەکــی زۆریش لە مێشــکی منداڵــدا ڕوو دەدات کە مێشــک مەرکەزی فەرماندەیی و شیکردنەوەی دنیای دەرەوەیە لەگەڵ منداڵ. گۆڕانکاریی کیمیایی لە جســم و مێشــکی منداڵدا گۆڕانی گەورە دەکەن و داخیلی قۆناغی نوێی دەکەن و توانای فیزیایی منداڵیش زۆر بــەرەو پێــش دەچێت، هەروەها شــێوەیەکی نوێ لە بــواری دەروونی بــۆ منــداڵ دروســت دەبێــت. لــەو قۆناغەدایــە کە مێشــک توانســتی لێکۆڵینــەوەی زانســتی و زیاتــر توانای تێگەیشــتنی دنیــای دەرەوەی دەبێــت. لــە تەمەنی ســێ تا چوار و پێنج ســاڵیدا مێشــک لــە قۆناغی خووگرتنــەوە کــە قۆناغــی وابەســتەیی بوو بــە دایک و ترســان بوو لــەوەی کە ئەگەر دایــک نەبێ دەمرێ، دوای دایکیــش باوک، هەروەها منداڵ نەیدەتوانی پێویســتییەکانی خۆی باش دەرببڕێ، نەشــیدەتوانی بــە جموجۆڵی خۆی هەندەک لە پێویســتییەکانی خــۆی لە دەورووبەر بەجــێ بگەیەنــێ. بۆیە ترس لە قۆناغی خووگرتندا زۆرە و ئەو ترســە هەڕەشــەیە بۆ ســەر منداڵ، ئەگەر بە باشــی مامەڵەی لەگەڵ نەکرێ، وردە وردە بە ڕەفتاری دروســت لەگەڵ دەورووبەری خۆی شــارەزا نەکــرێ، هەروەهــا دڵنیا نەکــرێ لەوەی کە دایک نــاڕوا و باوکی جێی ناهێڵــێ و دەورووبــەر هیچ هەڕەشــەیەکی لێ ناکات زەبری قورســی بــە کەســایەتیی دەروونی دەکەون.

لە تەمەنی پێنج ســاڵی بەســەرەوە گۆڕانکارییەکانی مێشــک توانایی بــە منداڵی پێنج ســاڵی تــا حەوت ســاڵی دەدات تــا وردە وردە هەوڵ بــدات ئــەو دنیــا ســەختەی دەرەوەی خــۆی تێــی بــگات و توانایــی لەخۆیــدا دروســت بکات بۆ ئــەوەی بەرگــەی بگرێــت و وەک تاکێک بــە قاچــە وردیلەکانی خــۆی داخیلی ئەو دنیایە بێــت، هەروەها بتوانێ سەختییەکانیشــی تەحەممول بکات و بە گوێرەی بەرژەوەندیی خۆی ڕابەریــی ئەو ســەختیانە بکات. بۆیە لەو قۆناغــەدا ترس تا ڕاددەیەکی زۆر زیــاد دەبــێ، چونکە منداڵ زۆر پێویســتی بە پشــتیوانیی دایک و باوک هەیە، ترســی لەدەســتدانی دایک دوایی باوک لەلای یەکجار زۆر دەبێــت، ئــەو خەیاڵانە دەکات بــە چیرۆک کە زۆر جــار دەریدەبڕێ و

زۆرجاریش ترسـەکەی خۆی نیشـان دەدات. بۆیە ئەگـەر لە نزیکەوە هاوکاریـی نەکـرێ و دایک و باوک ئاگایان لێی نەبێ، ئەوا ئەو ترسـە دەبێتـە شـڵەژان. ڕەفتاری دروسـت پێویسـتە بۆ ئەوەی منـداڵ دڵنیا بـێ کـە دایکـی نامـرێ و نـاڕوات، باوکی نـاڕوات و نامـرێ و هیچ کات بـە تەنیا نامێنێتەوە چونکە ئەوان پشـتیوان و زانـا و میهرەبانن. هەروەهـا هەمیشـە مـاڵ بۆ ئـەو دەبـێ بکرێتـە مەکۆیەکـی ئەمن و ئـارام و جێـی متمانـە و خـواردن و یـاری و پشـوودان، هەروەهـا ئـەو جێیە بـێ کە خۆشەویسـترین کەسـەکانی لەوێـدا دەدۆزێتەوە، ئەویـش دایـک و باوک و خوشـک و براکانی یـان ئەندامانی دیکەیش هەبـێ زۆرجـار نەنـک و باپیر یـان پـووری تێدایە، کە لـەم زەمانەدا ئەمانە زۆر کـەم بوونەتەوە.

بۆیە پێدانی خۆشەویسـتی بـەردەوام و متمانەی زیاتر لەو قۆناغەدا یارمەتیـی منـداڵ دەدات کـە توانایـیەکـی زیاتـری هەبێـت، هێمنتر بێ و ڕەفتـاری منداڵانەی سـاغ و تەندروسـت بـکات. جموجۆڵـی منداڵ لـەم قۆناغـەدا زۆر دەبـێ، زۆر یـاری دەکات لەگـەڵ هاوپارییەکانی کـە دەبنە بـرادەری، هەروەها کاتێکـی زۆریان لەگەڵ بەسـەر دەبات چونکـە لـە کاتی یاریدایـە منداڵ دایـک و باوکی لە بیـر دەکات. ئەوە زۆر پێویسـتە بـۆ متمانـە بەخۆبوونـی و ئامادەیـە ڕۆژی چەندیـن سـەعات لـە ماڵـی خۆی یـان لە ماڵـی جیران یـان لە شـوێنی یاری خەریـک بێت، لـەو حاڵەتانەدایـە زۆرجار لـە کوردسـتان دایکی پێی وایـە کـە منداڵەکـەی دایکی لە بیـر نەماوە و بـە بیری دێننـەوە، یان بـە نەوعێکـی ئەوتـۆ سەرزەنشـتی منداڵەکـە دەکـەن وەک بیانەوێ پێـی بڵێـن ئێمـەش هەیـن دایـک و باوکتین. ئـەو ڕەفتـارەی دایک و بـاوک زۆر هەڵەیـە، هەرچەنـدی منداڵ سـەرقاڵ بێ بـە یاریکردنەوە ئەوەنـدە بۆ تەندروسـتیی منـداڵ باشـترە، چونکـە وەک قۆناغەکانی پێشـوو مێشک پێویسـتی بە گەشـەکردن هەیە کە ئەوەش تەجرەبەی تایبەتـی منداڵـە یارمەتیـی گەشەسـەندنی مێشـک دەدات لـە هەموو بوارەکانییەوە گەشـە دەکات.

منداڵ تا دەخەوێ چەندی یاری بکات یان چەند شێوازی یارییەکانی خۆی بگۆڕێ، چەند جموجۆڵی مەکانی بکات وەک ڕاکردن و هەڵبەز و دابەز یان یاریی خۆشارکێنێ و تۆپ و ئەو یاریانەی دیکە کە لە یاریگاکاندا هەنە ئەوە باشترە. ئەو یارییانە جووڵەی جەستەیی زۆریان تێدایە و کەمێک شارەزایی لە منداڵ دەوێ و ناچارە لەوێدا دیققەت بکات و خۆی بگرێ و ئاگای لەخۆی بێ. لەوەدا زۆرجار بەریش دەبێتەوە و شوێنیشی دێشێ و کەمێک دەشترسێ و تووشی هەیەجانیش دەبێ، هەموو ئەوانە پێویستن بۆ ئەوەی کە منداڵ باشتر لەگەڵ دەورووبەر ئاشنا بێ و باوەڕی زیاتر بە خۆی بێ و توانای بیرکردنەوە زیاتر بێت. ئەو منداڵانەی گۆشەگیرن و جووڵە ناکەن و ناترسن ئەوانەن کە لە ڕووی دەروونییەوە زەبریان پێ کەوتووە لە گەورەییشدا لێیان بەدەردەکەوێ.

منداڵ کاتێک کە لە یاریکردن تەواو دەبێ دیسان دێتەوە بیری کە پێویستە خۆشەویستییەکەی دابین بکاتەوە، بۆیە ئەگەر دایک و باوک سەرقاڵ بن هەوڵ دەدات سەرنجیان ڕابکێشێت. ئەم سەنجراکێشانە جاری وا هەیە بە پرسیارە و لەوانەیە پرسیارەکان هیچ مانادار نەبن یان هەندێ خواستە لەوانەیە خواستەکانیشی بەجێ نەبن، جاری وایش هەیە بەتایبەتی لە تەمەنی چوار بۆ پێنج ساڵی بە بیانووگرتن و گڕووگرتن و گریان بێ کە دیسان هەر بۆ سەرنجڕاکێشانە و، ئەو سەرنجڕاکێشانەش تەنیا یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە کە دڵنیا بێت لە ماڵدا ئەو خۆشەویستە و جێی بایەخە. ئەو هەستکردن بە خۆشەویستی و جێبایەخبوونە ئاسایشی مێشک و دەروون بۆ منداڵ دابین دەکات، بۆیە چەندی دەکرێ دەبێ لەو ڕووەوە خۆشەویستی بدرێتێ و لەباوەش بگیرێ و لێی بپرسرێ کە چیی دەوێ، ئەگەر پرسیارەکەی بێمانا بوو، لێیگەڕێن لەسەر پرسیاری خۆی بەردەوام بێ، ئەگەر یاریکردنێکی هەبوو ئەگەر زیانی پێ نەگەیەنێ ئەگەر زۆریش وەکوو یارییە کۆنەکانی نەبێ و کەمێک تێکچوونێ بێ لێی گەڕێن با ئەو یارییەش

بـکات. کاتێک گریا و گڕوویشـی گـرت، دەبێ لێیگەڕێـی و بەرانبەری دانیشـی و پێـی بڵێـی خۆشەویسـتەکەم فەرموو ئەگەر حـەز دەکەی بگرییەی ئەوا بگری و ئەگەر دەشـتەوێ بیانـوو بگری فەرموو بیگرە، ئەگەریش شـتێک هەیە تا بۆت بکەم، چونکە من هەمیشـە لە تەنیشـی تۆ و لە پشـتی تـۆ دەبم. لەو حاڵەتانەدا لەباوەشـگرتن و دەسـتلێدان زۆر زۆر منـداڵ ئارام دەکاتەوە. هەربۆیە سـەرەتای سـاڵی سـێ بۆ چـوار و هەتـا پێنجیـش سـاڵی تەنگژەدار و پەرەسـەندنی مێشـک و هەسـت و جموجـۆڵ و خەیـاڵ و هەیەجانی منداڵە. هـەروەک ئاماژەم پێی کرد، ئەمە سـەرەتای خۆئامادەکردنە بۆ دروسـتبوونی پڕۆسـەی واقیعبینـی لە مێشـکی منداڵدا.

منـداڵ بـە هیچ شـێوەیەک نابێ پشـتگوێ بخـرێ، دەبێ بـەردەوام گوێ بۆ پرسـیارەکانی بگیرێ و پرسـیارەکانی وەڵام بدرێتەوە. ئەگەر چەندبارەبوونـەوەش لـە پرسـیارەکاندا هەبـێ، دەبێ مانـدوو نەبن و دووبـارە بۆی باس بکەنـەوە. منداڵ لە یارییەکانـی خۆی لەگەڵ دایک و بـاوک و بـرا و خوشـک و ئەوانـی ماڵـەوە تێـر نابێـت، لەوانەیـە ڕۆژی سـەد جار یارییـەک دووبارە بکاتەوە و دەشـزانێ قۆناغەکانی یاریەکـە چۆنـە و تامی لـێ دەبا. ئـەو دووبارەکردنـەوەی یارییەکان جۆرێک لە لەزەتی پڕۆسـەی مێشـکی منداڵە و دەبـێ یارمەتیی بدرێ و لێـی مانـدوو نەبین و لە هەمـان کاتدا ڕێزیشـی بگرین.

کاتێـک منـداڵ هەڵـە دەکات نابـێ بشـکێندرێتەوە، نابـێ گاڵتەی پێ بکـرێ و پێـی پێبکەنن(شـکاندنەوە). لـەم قۆناغـەدا و بـە تایبەتی لە قۆناغـی چـوار سـاڵی بەسـەرەوە و پێنـج تـا حـەوت سـاڵان منداڵ هەسـت دەکات کـە هەموو نهێنییەکانـی لای دایکیەتی و هەندێکیشـی لای باوکیەتـی، چونکـە ئـەوە دایـک و باوکـن بەخێـوی دەکـەن و دەیشـۆن و لـە ڕووی تەندروسـتییەوە ئاگایـان لێی دەبـێ و ئاگایان لـە هەموو جەسـتەی ئەوە، ئاگایـان لە هەمـوو وردەکاریی دەروونی و جەسـتەییی ئـەوە. هەروەهـا هەموو شـکانەکانی لەکاتـی یاریدا کە

لەوانەیــە هەنــدێ جار شکســت بێنێ، دەبێ زۆر بە ئاســایی تەماشــا بکــرێ و لێــی لــە هــەڵا نــەدرێ و بــە بیــری نەهێندرێتــەوە، بەڵکوو پێــی بگوتــرێ کــە زۆر ئاســاییە و دەکــرێ چەندیــن جــاری دیکەش ئــەم یارییــە دووبــارە بکەیــەوە و دوایــی فێــر دەبی کــە دەبێ چۆن بیکــەی، چونکــە ئامانجی منداڵ تێگەیشــتن و فێربوونــە. کاتێک منداڵ هەڵە دەکات و شــتێک دەشــکێنێ یان بەر دەبێتــەوە و هاوتەمەنەکانی خــۆی بەردەداتــەوە بــە هیچ شــێوەیەک نابێ لێی بدرێ و قســەی پێ بگوتــرێ و جنێــوی پێ بدرێ، چونکە لــەو حاڵەتانە منــداڵ تێناگات و ســەرکوت دەکرێــت و تەپەســەر دەبێ، یــان ئەوەتا تۆمــار دەکات لە مێشــکیدا کە هەمان شــێواز دووبــارە دەکاتەوە لەناو یاریــدا. گومانی تێــدا نییە لــە گەورەییــدا لەگــەڵ منداڵەکانیــدا هەمان ڕەفتــاری دایک و باوکــی کــە لە منداڵیــدا لەگەڵی کراوە بەشــێکی زۆری بــە خەراپتر دووبــارە دەکاتەوە.

لــەو قۆناغــەدا منداڵ دەســت دەکات بــە دووبارەکردنــەوەی ڕۆڵی دەورووبــەری وەک دایــک و بــاوک و براکانــی، هەروەهــا ڕۆڵی ئەو کەســانەی کە لێیــەوە نزیکن، یان ئەوانەی کە لــە تەلەڤزیۆن دەیانبینێ و هەمــوو ئەوانــەی کــەوا لــە تۆڕەکانــی ئینتەرنێــت و کارتۆنەکانــدا دەیانبینێــ، ئــەو ڕۆڵانە لە کاتــی یاریکردندا و لە کاتی دانیشــتندا و لە کاتی قســەکردن لەگــەڵ دایک و باوکدا دووبــارە دەکاتەوە(ڕۆڵگێڕان). بۆیــە دەبــێ ئــەو ســیناریۆ و شــانۆگەریانەی کــە منداڵ دەیــکات بە جیــددی وەربگیرێــت، دایــک و بــاوک و دەورووبەر دەبــێ هاوکاری بکــەن، لەگەڵــی بەردەوام بــن و لێی ماندوو نەبن تا لــەو ڕۆڵدیتنە یان شــانۆگەرییانە ســارد نەبێتــەوە، چونکــە ئەمــە جۆرێکە لە پرۆســەی مێشــک کە ئامــادەی دەکات ئەو دەورانــە وەربگرێ، ئــەو دەورانە لە مێشــکدا شــوێنی خۆیان بکەنەوە، توانای فکری و خەیاڵ و جەستەیی و پێوەندییەکانــی منــداڵ بەهێــز دەکات. ئەمە درێژکــراوەی یارییە پڕ جموجۆڵەکانــی منداڵــە، ئەو یاریانەی کــەوا جووڵەی زۆریــان تێدایە. یــاری یــان شــانۆگەری تاکــە ئامــرازی پێگەیشــتنی مێشــکی منداڵن.

ئەگــەر ئەوانــە نەبــن هیــچ وەســیلەیەکی تــر نییە بــۆ ئــەوەی منداڵ پڕۆڤــەی بــە کردەوەیی پێگەیشــتنی خۆی بــکات، بۆیــە دەبێ چەندی دەکــرێ بــە زانایی یارمەتی ئــەوە بدرێ منداڵ زۆرتر یــاری بکات. با زۆرتر شــانۆگەری بــکات، زۆرتر خەیاڵەکانی خــۆی بچنێ و بیڵێتەوە و چیــرۆک دروســت بــکات. هەنــدێ جــار چیرۆکــەکان پێچەوانەن و ڕاســت نیــن، زۆر جار خۆی دەور و شەخســیەت دەدا بــە ئاژەڵەکان بــە گوڵ بــە دار بە بەرد، یــان بە کەرەســتەکانی یاری. هەرئەوەشــە دەبینین منداڵی ســێ ســاڵە و چوار ســاڵە و پێنج ســاڵە تا شــەش و حەوت ســاڵەش قســە لەگــەڵ یاریەکانــی خۆیان دەکەن، قســە لەگەڵ ئامرازەکانــی یاریکردنی خۆیان دەکەن، قســە لەگەڵ مێز و کورســیی خۆیان دەکەن، قســە لەگەڵ ســەگ و پشیلە و حەوشــە و داروبەردی ماڵەکەیــان دەکــەن. ئەوەش کەتەلۆگێکە لە مێشــکی مرۆڤدا هەیە، بۆیە دەبــێ لێــی تێبگەین و یارمەتییــان بدەین.

ئەگــەر خەیاڵەکانــی منــداڵ هەنــدێ جــار، نــەک هەندێــک بەڵکــو زۆر جــار خەیاڵــی دوور لــەو واقیعــەن کــە لــە دەوروبــەری منداڵدا هــەن، دەبــێ بە ســەیر وەرنەگیــرێ، بەڵکو بــە هەند و بــە بایەخەوە وەربگیــرێ، هەروەها بــە دیققەتەوە گوێی لێ بگــری و دوایی دەکرێ ئەگــەر هەڵەی زۆر گــەورەی تێدا بــوو، دەبێ زۆر بــە میهرەبانییەوە پێــی بڵێــی ئــەم کارە یــان ئەم ڕۆڵــە ئاوها نەبــێ بەڵکو بــە جۆرێکی دیکــە بــێ ئەوا جوانتــر و باشــترە، تۆیش ئاســوودە دەبــی. لەوانەیە ئەمــە چەندین جار پێویســت بکات بــۆی دووبارەی بکەیتــەوە و نابێ مانــدوو بین، چونکــە لەو قۆناغەدا خەیاڵ بەســەر هەموو بەشــەکانی منداڵــدا زاڵــە، خەیــاڵ ئامرازی یــاری پێکردن و بەهێزکردنی مێشــکە، ئامــرازی پەرەســەندنی پێوەندییەکانی مێشــکە، ئامــرازی کامڵکردن و کارکردنــی بەشــەکانی مێشــکە کە لــەو قۆناغەدا گەشــە دەکەن.

لــە تەمەنــی پێنج بۆ حەوت ســاڵیدا بــاری زهنیەتی منداڵ دروســت دەبێ، ئەویش لەو چیرۆک و ســیناریۆیانەدا دەریدەخات و ســەرەتای

باری دەروونیی منداڵ دەردەکەوێت. ئەگەر منداڵ لەم قۆناغەدا کێشەی هەبێ دەبێ لەگەڵ ڕاوێژکاری پزیشکی قسە بکرێت.

ئەم خەیاڵپڵاویەی لەم قۆناغەدا منداڵ بە کاری دەهێنێ، لە کۆتاییدا تەنیا یەک مانای هەیە، ئەویش ئەوەیە منداڵ ئامادە دەبێ لەم قۆناغەدا چیی دەخاتە ناو دنیای واقیعبینییەتی خۆی، بۆ ئەو واقیعبینییەی کە لە دەرەوەی ئەودایە خۆی ئامادە دەکات، تاقیی دەکاتەوە، شکست و سەرکەوتنەکانی خۆی دەبینێ و وردە وردە شەخسیەتی بۆ دروست دەبێ.

لەم قۆناغەدا منداڵ بەردەوام دەبێ لە وابەستەیی و خووگرتن بە دایک و باوکەوە، بەڵام حەزیشی لە یاری لەگەڵ هاوڕێکانیەتی، هەروەها حەزی لە جۆرەکانی دیکەی خۆسەرقاڵکردن هەیە، ئەگەر یارمەتیی بدرێ زۆر بە ئاسانی لەو وابەستەییەی بە دایک و باوک کەم دەبێتەوە، بەڵام کەمۆکەک هەر دەمێنێ، چونکە ئەوە سنووری دیاریکراوی خۆی هەیە، نەک باوکێک یان دایکێک پێیوابێ دەبێ منداڵ بە یەکجاری لێی دوور کەوێتەوە. هەندێک لە دایکان و باوکان حەز دەکەن منداڵ زوو بکەوێتە سەر پێی خۆی و وازیان لێ بێنێ نەترسێن و جێگای خۆیان هەبێ. ئەمە فکرێکی زۆر هەڵەی ئەو جۆرە دایک و باوکانەیە.

ئەگەر منداڵ ڕۆژی شەش سەعات خەریکی یاری بێ لە پڕێکدا دێتەوە بیری دایک و پاشان باوکی، بۆیە یاریەکەی بەجێ دەهێڵێ و بە ڕاکردن دێتەوە ماڵێ و خۆی لە باوەشیان دەهاوێ و بێ موناسەبە داوای شتێک دەکات. هەروەها شێوازەکانی سەرنجڕاکێشان بە کار دەهێنێ، بۆیە پێویستە لەو حاڵەتەدا باوەشی بۆ بکرێتەوە تا دڵنیا بێ سەرباری ئەوەی ئەو سەرقاڵ بووە بە یاریکردن و چەندین سەعات لە ماڵ نەبووە، بەڵام ئەو دایک باوکە بۆئەو هەر هەنە.

منــداڵ لــەو قۆناغــەدا ئەگەر خوشــک و بــرای هەبێ یــان هاوڕێی یاریــی هەبــێ، ئەوا شــوێنی خــۆی دیــاری دەکات لــە یاریکردندا، لە جموجــۆڵ و لە قســەکردندا و لــەو شــانۆگەریانەی کە دەیــکات، لەو ڕووەوە منــداڵ تووشــی کێبڕکــێ دەبێ هــەوڵ دەدات زۆرترین دەور بۆخــۆی دەســتەبەر بکات و خۆی بەهێز نیشــان بــدات. جاری وایش هەیــە لــەو قۆناغەدا ئــەو ڕکابەرییە دەبێتــە ڕقەبەری، واتــا ڕقەبەری لەگــەڵ یەکــێ یان ئــەوەی پێــی دەگوترێ ڕەقابــەت لەگــەڵ ناحەز و ڕەقیبــدا، ئــەوکات خۆی بــەراورد دەکات لەگەڵ ئەوانی کە شکســتیان زۆر دیــوە یــان ســەرکەوتنیان زۆر بینیــوە. لــەم حاڵەتــەدا دەبــێ پشــتیوانی منداڵ بکرێ کاتێک کێبڕکێ دەکات کارێکی ئاســانە، کێبڕکێ بە مانای پێشــبڕکێ، پێشــبڕکێ بۆ ســەرکەوتن و بۆ پتر یاریکردن و پتــر ڕۆڵگێــران و شــانۆگەری لە ژیان، بــەڵام ئامانجی یــاری ئەوەیە خۆشــیی ببینێ، شــاد بێت و بگات بە ئارامی و ســەلامەتیی پارێزراو بێ. هەدەف ئەوە نییە یەکێکی دیکە بشــکێنێ یان زاڵ بێ و بەســەریدا ســەرکەوێ. بۆیــە ڕقەکردن کــە هەمــان ڕەقابەتە یــان ڕکابەرایەتییە دەبــێ بە هێواشــی بە منداڵ بگوتــرێ و بۆی باس بکــرێ، پێی دەرک بکــرێ کە ئەوە پێویســت نییــە، زۆر گرینگ نییە و بە شــکانی یەکێکی دیکــە ئەو شــاد نابێ، بــە دەرکردنــی یەکێک لە هاوڕێکانــی باری ئەو بــەرز نابێتــەوە و زیرەکتــر نابێ، بەڵکــو دەبێ بزانێ ئــەو هاوڕێیەش پێویســتە. لەوەدا یارمەتی منداڵ دەدرێ کە بەراوردی خۆی هەمیشــە بــە شــێوەی واقیعبینانەی بە گوێرەی پێویســت بکات. لــەم قۆناغەدایە ئەگــەر منــداڵ بەم شــێوەیە یارمەتیی بــدرێ وا دەکات هاویارییەکانی خــۆی خۆش بوێــت، یارییەکانی خۆی خۆش بــوێ، دەورەکانی خۆی خــۆش بوێ، لە هەمــان کاتدا ســەرکەوتنی بۆ خۆیشــی بوێت.

لەو قۆناغەدایە لە مێشــکی منداڵدا دوو چەمک وردە وردە دروســت دەبــن، یەکێــک ئەوەیــە ئایــا چــاوی لــە ســەرکەوتنە؟ یان چــاوی لە بردنەوەیــە. لــە نێوان چەمکی ســەرکەوتن و بردنــەوەدا جیاوازییەکی زۆر هەیــە. منــداڵ دەبــێ فێــر بکــرێ یــاری بــکات، زۆر جموجــۆڵ

بـکات، کاتێـک کـە زۆر دەور دەبینێ و لـە شـانۆگەرییەکانی ژیانیدا بـەردەوام دەبێ، جـا سـەرکەوتنەکەی لەوەدایە کەوا شـادیی دەبینێ و ڕەزامەندیـی بـۆ دروسـت دەبـێ و مێشـکی گەشـە دەکات، ئێوارە کـە دەگەڕێتەوە ئاسـوودە و ڕازییە، ئەمە پێی دەگوترێ سـەرکەوتن. بـەڵام ئەگەر خەریکـی بەزاندن و لێبردنـەوەی هاوپارییەکانی بێ ئەوا دەبـێ پەنـا بەرێ بـۆ خشـوونەتی منداڵانە، پەنـا بەرێ بـۆ فرتوفێڵ، پەنـا بەرێ بـۆ درۆکردن و پاشـقۆڵگرتن کـە ئەمانە لە ڕاسـتیدا ڕێ لە پێشـکەوتنی مێشـکی دەگـرن، ڕێ لـە داهێنان دەگرن، ئێـوارە یان دوای چەنـد سـەعاتێک کـە دەگەڕێتـەوە ئەگـەر بەم شـێوەیە یاری بـکات منداڵ ماندووە و ڕازی نییە و تووڕەیـە، هەروەها بەراوردەکانی هەمـوو بـەراوردی خەشـنن، ئەگـەر هەمـوو هاوپارییەکانـی خـۆی بەزاندبـێ کەچی ئـەوەی کە شکسـتی خـواردووە خۆیەتی.

ئـەم دوو شەخسـیەتە لـە گەورەییـدا جیـاواز دەبن. ئـەوەی کەوا بـەدوای سـەرکەوتندا دەگـەڕێ بەرنامـەی بـۆ ژیانـی خـۆی دەبێ و هەدەفەکانـی خـۆی دیـاری دەکات، سـەرکەوتنی بۆخـۆی دەوێ بـەو مانایـەی کـە دەگات بـە ئامانجەکانـی و ئامانجەکانیشـی دیارن کـە سـەقامگیری و خۆشـی و شـادی و پێشـکەوتن بۆ خـۆی دابین دەکات، زانایی بۆ دەرەخسـێنی بێ ئەوەی هیچ کەسـێک بپڵیشێنێتەوە یـان هیچ کەسـێک لـە مەیدانەکە دەربـکات، یان بیری پاشـقۆڵگرتن و درۆکردنـی هەبێ. یان ئینسـانێکە یان پیاو یان ژنێکی ڕاسـتگۆ و زانا و باوەڕبەخـۆ کـە هاوکاریی لایەنی بەرانبەریشـی دەکات، دڵنیایشـە لـەوەی کـەوا هەدەفەکـەی خـۆی دیاری کـردووە، لێی تێگەیشـتووە و پلانـی بـۆ دانـاوە و لـە ڕیزبەندی بۆ هـەرە پێویسـتییەکانی خۆی کـردووە و دەزانـێ کـەی دەیگەیەنێتـە کۆتایـی، سـەرەنجام ئەوەی کـەوا بـەری ئـەم بەرنامەیەتـی پێـی دەگا، کاتێکیش کە پێـی دەگات زۆر دڵشـادە و زۆریـش لەخـۆی ڕازییـە، زۆر پێـی گـەش و بەهێز دەبێ، بێ ئەوەی کە هیچ کەسـێکی دیکەی پڵیشـاندبێتەوە. لە ڕاسـتیدا جەوهـەری بەختەوەرییـش هـەر لەوەدایە.

کەسایەتییەکەی دیکە کە بەدوای بردنەوەدا دەگەڕێ، ئەوانەن کە لە گەورەییشدا ژیانی خۆیان لەبیر نییە، هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لەبیر دەکەن یان دەیکەن بە بەردەباز بۆ هەدەفێکی دیاری کراو، لە دەرەوەی ژیانی خۆی هەموو هەوڵی خۆی و تەنانەت ژیانی خۆیشی دەخاتە سەر لەپی دەست، هیچ سڵ ناکاتەوە لە فیداکردنی کەسوکاری، ماڵ و منداڵی و فیداکردنی سامانی خۆی، هەروەها بەفیڕۆدانی وزەی مەعنەوی و مێشکی خۆی و پڵیشاندنەوەی خەڵکی دیکە و پاشقۆڵگرتن و پیلان گێڕان و درۆکردن، سەرەنجام بە ماندووبوونێکی زۆرەوە دەیباتەوە بەڵام شەکەتە، دەیباتەوە بەڵام مرۆڤێکی بێزارە، دەیباتەوە بەڵام شەو خەوی لێ ناکەوێ بۆیە گەش نییە، شاد نییە و بەهێز نییە. ئەم کەسایەتیانە کە لە ژیانی سیاسی و ئابووری و عەسکەریدا لە کۆمەڵگاکاندا جاری وا هەیە دەوری کاریگەر دەبینن و ئازاری یەکجار زۆر بە خۆیان و بە کۆمەڵگایش دەگەیەنن. دەتوانین سەددام حوسێن بەم جۆرە نموونانە بێنینەوە، کە کۆتاییەکەی گەیشتە ئەوپەڕی بردنەوە لە عێراقدا، بەڵام لەسەر خوێنی میللەت و هاوکارەکانی، بووە مایەی شەڕ لە هەموو ناوچەکە و سەرەنجام خۆی و منداڵ و نەوەکانی بە خەراپترین و بە ئازارترین شێوە کوژران.

ئەمە بەو مانایە نییە کە منداڵ لە تەمەنی پێنج بۆ حەوت ساڵی فێری زۆرانبازی نەکرێ، زۆرانبازی هەم لە یاریدا و هەم لە ڕۆڵگێڕاندا پێویستە. زۆرانبازی بە مانای هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، شاد بوون بەو حەزانەی کە لە یاریکردندا دەیەوێ هەیبێت، بگات بەو دەورەی کە لە شانۆگەرییەکانی ڕۆژانەیدا لە خەیاڵی خۆیدا نەخشاندوویەتی، بەڵام ئەم بە ئامانجگەیشتنە بەو شێوەیە بێ کە ئاماژەم پێ کرد، واتا بە ڕێگای واقیعی و داهێنان و خۆشەویستی و هاوکاری بێ کە لەگەڵ بنەماکانی عەقڵ و سیستەمی مێشک بگونجێ. دەبێ منداڵ هان نەدرێ کە ئەو هەوڵ و تەقەلا و زۆرانبازییەی کە دەیکات بیکا بە ئامراز بۆ بردنەوە،

بەڵکو بیکات بە ئامراز بۆ هێنانەدی خواستەکانی خۆی، ئەوەش هەر بە قسەکردن نابێ بەقەد ئەوەی دەبێ لە کاتی یاریدا زۆر جار کەسانێک جا دایک و باوک بێ یان بەخێوکەری شارەزا بن یارمەتیی منداڵ بدەن هێرش نەکەنە سەر مافی یەکدی و هەڤدو ئازار نەدەن، یان ڕۆڵی یەکدی بە تۆبزی زەوت نەکەن. هەڵبەت کاتێک کە منداڵ بە شێوەیەکی ساغ و سەلیم و یان بە کەمترین هەڵە ڕۆژانە یاری دەکات یان ئەو ڕۆڵانەی کە باسم کرد دەبینێ، لەوێ پێویستە هان بدرێ، هاندانێکی ئاسایی، پێی بڵێن ئەمڕۆ باش یاریت کرد، سەیرکە چەند ماندوو بووی، ماندو بوون باشە پێی تەندروست دەبی، خۆش بوو. باشە لە منداڵەکەت بپرسێ چەند لەزەتی بردووە لە یاری، چۆن خۆی بینیوە و چۆن هاوڕێ و هاویارییەکانی بینیوە، بە لایەنی باشەدا هان بدرێ، هاندان نەبێتە تەشویق بۆ ئەوەی توندوتیژی بە کار بهێنێ.

لە کاتی یاریکردن و شانۆگەریی منداڵانە و چیرۆکەکانیدا ئەگەر منداڵ ڕۆژانە سەرکەوتوو نەبوو و دۆڕاندی یان شکستی هێنابوو، نابێ بشکێندرێتەوە، نابێ هان بدرێ کە تۆ سبەی سەر بکەوی، چونکە ئەگەر شکێندرایەوە شەخسیەتی تێک دەشکێ و باوەڕی بە خۆی نامێنێ، جا خۆی ئامادە دەکات بۆ ڕۆژی دووەم بیر لە بردنەوە دەکاتەوە نەک لە سەرکەوتن، لە بردنەوەشدا پەنا بۆ توندوتیژی و پاشقۆڵ لێگرتن و فێڵ و درۆ ببات، تەنانەت کاتێک کە دەشگەڕێتەوە لە گێڕانەوەیدا درۆ و ڕاستی دەخاتە ناو چیرۆکەکانی خۆی بۆ ئەوەی دایک و باوکی ڕازی بکات، ئەوەیە ڕەزامەندی خۆی لە بیر دەچێ و ماندوو و زبر ڕادێت.

بە هیچ شێوەیەک نابێ دایک و باوک کە منداڵ بەیانیان دەچێتە دەرەوە پێی بڵێن ئێواری کە دەگەڕییەوە ماڵ، ئێمە هەدەفێکی دیاریکراومان لە تۆ دەوێ. هیچ هەدەفی تێدا نەبێ منداڵە و دەچێتەوە دەرەوە یاریی خۆی دەکات و دەگەڕێتەوە ماڵە ئارامەکەی دایک و

باوکـی. بێی بڵێن پێویسـتە یاری بکەی پێویسـتە لەگەڵ دۆسـتەکانت بـی، هەرچیی کە بۆ حەزی خۆت پێویسـتە بیکـەی تەنیا خۆت بپارێزە و هاوڕێکانـت بپارێـزە. ئێـواریٚ کە هاتەوە گرینگ ئەوەیە شـاد بێ و ئـارام بـێ و لە خۆی ڕازی بێت. لە ڕاسـتیدا هەدەفـی یاریی منداڵ تا دەگاتە هەشـت سـاڵی هەر ئەوەندەیە.

بە هیچ شـێوەیەک نابـێ بهێڵن کینە و ڕق و نیـازی جەنگی منداڵانە لـە لای منداڵەکەت دروسـت بێ بەرانبەر بە هیـچ کەس، بە پێچەوانەی ئـەوەوە ئەگـەر فێری بنەما یـان قاعیدەکانـی یاریکردنی دروسـت و ئامانجەکانـی یاری بکـرێ، هیچ کاتێک منـداڵ ڕق و کینە هەڵناگرێ و نە شـەڕ دەکات لەگەڵ دۆسـتەکانی و نە پاشـقۆڵیش دەگرێ.

منداڵ تەنیا لـە دەرەوە یـاری نـاکات، بەڵکو کـە دەگەڕێتـەوە لەگـەڵ دایک و بـاوک و خوشـک و براکانیشـی یـاری دەکات، یارییەکانی پاش ماوەیـەک دەردەکـەون چەنـدن و ڕۆژانـە دووبارەیـان دەکاتـەوە، وەک گوتـم زۆر ئاسـاییە ئـەو یارییانـە دەبێ دایک یـان بـاوک یارمەتییان بدەن. بە تایبەتـی ئەگـەر کوڕ بێت ئـەوا بـاوک، بۆ کچـی هـەروا، بـەڵام لـە قۆناغـی پێنـج سـاڵی بۆ سـەرەوە کوڕ زیاتـر یارییەکانی کوڕانەیـە و هیـی کچانیش زیاتـر کچانەیـە، بۆیـە شـێوازی یارییەکانیان جیاوازن. لـە هەمـوو حاڵەتێکدا بۆ هەردووکیان دەبێ یارمەتییان بدرێ و ئـەو یاریکردنـە بنەمایەکـی هەیـە، وردە وردە فێـر بکرێـن بـە ئارامـی و یارییـەکان لەسـەر ئەساسـی ئـەو بنەمایانـە بن خۆشـتر دەبێ، ئاسـانتر دەبێ و ئـەوان لەزەتـی زیاتـری لـێ دەبینـن. هەڵبـەت لەکاتـی یاریـدا ئەگـەر ئـەو بنەمایانەیـان تێک دا یان جاری وا هەیە خۆیـان دەیانـەوێ بنەمـاکان تێـک دەن و بـە شـێوەیەکی دیکـە هەدەفـی یارییەکـە بێننـە دی، نابێ لێیـان تـوڕە ببـن و لێیـان بدرێ بـە هیـچ شـێوەیەک، تەنیـا بـە هێواشـی پێیـان بگوتـرێ ئەگـەر پەیڕەوی لـە قاعیدەکـە بکرێ یارییەکـە خۆشـتر دەبـێ، هەروەهـا حەقیقەتـی ئـەو قاعیـدە و بنەمایانەیـان پـێ بگوتـرێ. ئـەو شـێوازە منداڵ فێـر دەکات یـەک: ئەگـەر لە ژیان و دنیای

واقیعیدا پەیڕەوی لـە قەواعید و بنەمـای واقیعی بکات سـەرکەوتووتر دەبێ و جووڵـەی ئاسانتر دەبێ و لەزەتی زیاتر دەبێ، ئەنجامیشـی بۆ وی زیاتـر و خێراتر دەبێ و خۆیشـی زیاتری پێ دەبەخشـێ. ئەمانـە هەموویـان مانایـان هەیە، لـە گەورەییشـدا ئـەو کەسـە بـە پرەنسـیپ دەبێ و هەڕەمەکی بەناو ژیان ناکەوێ، چاوبەسـتەکی بریار نادات، لەسـەر مەزاج ڕای خۆی لەسـەر دەورووبەر دروست ناکات، هەروەها دەتوانێ هـاوکار و هاویـاری و هاوبەرژەوەندیی خۆی و هاوسـەری ژیانیشـی بـە شـێوەیەکی واقیعیانـە هەڵبژێرێ.

زۆر جـار منـداڵ بەبـێ هـۆ یاریـی دەوێ، ئـەو یارییـەی لەنـاو ماڵەکەتـان نییە و تۆیش لە خواسـتی منداڵەکـەت تێناگەیت. بۆ ئەوەی بزانـی چیـی دەوێ؛ جـاری یەکەم هەوڵ بـدرێ کە تێی بگـەی، بەڵام بـە ئارامی و میهرەبانی پێی بگوترێ: چیی دەوێ؟ ئەگەر تێنەگەیشـت یان نەیویسـت قسـە بکات، دەبـێ منداڵەکـە بێنیتە بەرامبـەر خۆت و چـاو لەنـاو چـاوی ببـڕی بەبـێ توڕەیی نەک بـە زۆر، مەبەسـت بە جیددییەتێکـی متمانەپێکـراو کـە توڕەیـی تێـدا نییـە بەڵکـو هەوڵدانە بـۆ تێگەیشـتن، چـاو زەقکردنـەوە نییـە، بەڵکـو پەیامگەیاندنـە لـە چـاوەوە بۆ چـاوی منداڵ، ئـەو چاولێکدیکردنە بە جۆرێـک بێ منداڵ نەترسـێ، چونکـە نابێ لە چـاوی دایک یان باوکی بترسـێ، نابێ چاو زەقکردنـەوەی پڕ لە هەڕەشـە و چاوسـوورکردنەوە بـێ. منداڵەکەت بەرامبـەر بـە خـۆت دادەنێـی و بە دەنگـی کەمێک بەرزتر لـە جاران ڕاسـتییەکانی بۆ دووبـارە دەکەیەوە، جارێک دوو جار، پاشـان وازی لـێ دێنـی ئەگەر لە یاریـی خۆی بـەردەوام بوو ئەوا پشـتگوێی بخە. ئـەوە پێی دەگوترێ پشتگوێخسـتنی ئیجابی. دوایـی ڕوونکردنەوە بە زمانـی ئـەو، ئەگـەر توڕەیە یـان دەگریێ دەبـێ لێیگەڕێی تـا ماندوو دەبـێ یـا وەک خۆی دەخوازێ وا بکات. کە مانـدوو بوو بۆ دایک یان بـۆ بـاوک دەگەڕێتەوە، کە گەڕایەوە دەبێ بە میهرەبانی پێشـوازی لێ بکـرێ و هەمـان ڕاسـتییەکانی جارێکی دیکـە بۆ دووبـارە بکرێتەوە. ئـەوە منـداڵ فێـر دەکات کە لـە ژیاندا ئەو شـتانەی ڕاسـتی نین پێی

ناگات، ئەمە لەناو مێشــکدا لە شــوێنی خۆی دادەنیشــێت و دەچەسپێ، هەروەهــا فێــر دەبــێ کە سیســتەمێک لــە ژیانــدا هەیە، دنیــای واقیع دنیایەکــی سیســتەماتیکە و ناکــرێ بەبــێ سیســتەم ژیان بکــرێ، لە هەمــان کاتدا فێری دەکات کە خەتەر هەیە ئەگەر تێنەگات، پیشانیشــی دەدات چــۆن خەتــەر دوور دەخرێتەوە ئەگەر تێبگات و سیســتەماتیک هەڵســوکەوت بــکات. ئــا لێرەیە منــداڵ تێــدەگات کە لە ژیانــدا هاندان هەیــە، واتا تەشــویق هەیــە و ســزادانیش هەیــە، ئــەو ئیهمالکردنەی کــە ئامــاژەم پێــی کــرد جۆرێکە لە ســزادان، بــەڵام ســزادان نابێ بە شــێوازی کۆنــی کــوردەواری بێ کە ئێســتایش بەداخــەوە هەیە، هەر لــە لێدانــەوە تا هاوارکــردن و تا ڕەفتاری خەشــنانە ئەمانە هەموویان هەڵەن.

پێویســتە دوو جۆر ڕەفتارمــان بەرامبەر بە منــداڵ هەبێ، یەکێکیان ئەوەیــە کاتێک بەرنامەی بۆ دادەنێی و تێیدەگەیەنی جا دەبێ هانیشــی بــدەی. هاندانەکــە جــاری وا هەیــە باوەشــە و قســەی خۆشــە، یــان دیارییــە، ئــەم دیارییــە هەر لــە خواردنی ماڵەوە دەســت پێــدەکات تا خواردنەکانــی دەرەوە وەک شــیرینی یان ئامرازەکانــی یاری پێکردن یــان خواســتێکی دیکــەی بچووکــی ڕۆژانەیــە کــە منــداڵ دەیەوێت. ئەمانــەی بەیەکجار بــۆ دابین ناکرێ بەڵکو بەرامبەر ئەو خواســتانەی کــە بــۆ تەنزیمکردنــی یــاری و ڕەفتارەکانی کــە تۆ بۆت دانــاوە. ئەم دیارییانــە بۆی دەبنــە هاندان.

ســزادان چــۆن دەکــرێ؟ کاتێک کە منداڵ لە پێنج ســاڵ بەســەرەوە عینــادی دەکات و لەســەری بــەردەوام دەبێ، لەو حاڵەتەدا ســزا مانا پەیــدا دەکات، بــەڵام ســزا ســزایەکی ئیجابی بێ. ســزادان ئــەوە نییە کــە منــداڵ زیندانی بکرێ و لێی بدرێ و بەســەریدا هــاوار بکرێ یان بێبــەش بکرێ لــە خواردن و کڕین و لــە دیاری. ســزادان لەو تەمەنە ئەوەیــە هەنــدێ جــار بە ڕەفتــاری باوک یــان دایکەوە دیــارە کە لێی ڕازی نیــن. پێــش ماوەیەک بە میهرەبانی و خۆشــی ڕەفتــارت لەگەڵ

دەکرد، ئێستا بە تەماشاکردن و بە هاننەدان بەبێ دەنگی پەیامی بۆ دەنێری کە ئەم ڕەفتارەت هەڵەیە. دوایی چ خۆی ئەگەر هات یان وەختی هات بانگ دەکرێ و بۆی باس دەکرێ. شێوازەکانی سزادان لە پەروەردەکردنی منداڵ زۆرن. ئەگەر تۆ بۆ هاندان بۆ کارێک دوو ئامرازی یاریت بۆ دەکڕی، ئێستا پێی دەڵێی چونکە ئەمەت کردووە ناچارم یەکدانەت بۆ بکڕم، بەڵام ئەگەر تۆ باش ببیتەوە و پەیڕەوی لەوە بکەی کە بۆ تۆ باشە ئەوا یەکەکە دەکەمەوە دوو. جاری وا هەیە کاغەزێک هەڵدەواسن و دەیکەنە چەند خانەیەک ٢٠ یان ٣٠ خانە، ڕۆژانە منداڵ چەند ئامۆژگارییی وەرگرتبێ و پەیڕەوی کردبێ لە یارییەکانیدا و ڕەفتارەکانی بەوشێوەیە بوبێ کە لە بەرژەوەندیی ئەودان. پیشان دەدرێ کە ئەوە دەسکەوتی باشە بەدەستی هێناوە. دەبێ بە منداڵ بڵێی ئەگەر تۆ پێنج خانەت بە دەستکەوت پڕت کردنەوە فڵان شتت بۆ دەکڕم، ئەگەر دە دانە بوو ئەوا ئەو شتانەی کە ئەو دەیەوێ و بیری لێ دەکاتەوە و بۆی گرینگن دەکڕی، نەک دایک و باوک خۆیان بڕیار بدەن کە چ شتێک بۆ منداڵ گرینگە، دەکڕن. سزادان چییە، جاری وا هەیە دەڵێی لەو دە خانە دەسکەوتەی کە بەدەستت هێناوە لەسەر کاغەزەکە کە لە دیوار دراوە من دوویان کەم دەکەمەوە چونکە تۆ لێرە هەڵەیەکت کردووە. شێوازەکان نەرم و پەروەردەیین و دەبێ دایک و باوک هەوڵ بدەن فێری بن، بەو شێوەیە دایک و باوک دەبێ دوو گوێی بیسەر بن بۆ منداڵ، دوو دەم و چاوی ئاشنا و میهرەبان بن، دوو باوەشی ئەمین و پڕ لە ئاسایش و سەقامگیری بن بۆ منداڵ، هەموو ئەوانە دەبێ وا بکەن دایک و باوک منداڵ فێری ڕەفتاری باش بکەن، ڕەفتاری باشی تێدەگەیەنن. دایک و باوک تەنیا بریتی نین لە ڕێگریکردن لە ڕەفتاری خراپ و زیانبەخش، ئەگەر دایک و باوک هەر خەریکی دووبارەکردنەوەی تەعریفی ڕەفتاری زیانبەخشی منداڵ بن، ئەوا منداڵ ئەمانە لەبەر دەکات و لە مێشکی دەچەسپێن، بەڵام لە دەرەوەی دایک و باوکی

هــەر ئەوانە دووبارە دەکاتــەوە، واتا ڕەفتاری خــراپ دەکات. بۆیە لە جیاتــی ئەوەی دایــک و باوک هەر خەریک بن بــە منداڵەکەیان بڵێن وا مەکــە وامەکە، لەوانەیە جاری وا هەیە لە ســەد دانــە مەکە تێدەپەڕێ، هەمــوو ئەوانــە دەبــێ واز لێبێنــن و منــداڵ فێر بکەن کــە چیی بکات، یــان چــۆن ڕەفتــاری باش بــکات. دایک و بــاوک ئەرکیــان فێرکردنی ڕەفتــار و زانیاریــی باشــە، ئەگەر ڕەفتــار و زانیاریی بــاش بە منداڵ بــدرێ ئــەوا بە شــێوەیەکی ئۆتۆماتیکی خــۆی لە ڕەفتــارە خراپەکان دوور دەکەوێتــەوە. هەدەفــی دایــک و باوکیــش بۆ منــداڵ زیادکردنی زانیاری و شــتە باشــەکانە، ئەو شــتانەی کە منداڵ تێدەگات، بۆ منداڵ باشــە منــداڵ لەزەتی لــێ دەبــات. بۆیە دەڵێــن هانــدان و بەتینکردنی ڕەفتــاری منداڵ بــە دوو شــێوەی ئەرێنی(ئیجابی) و نەرێنی(ســەلبی) زۆر پێویستە.

شــێوازێکی دیکــە بــۆ پەروەردەکردنی منــداڵ تا جموجــۆڵ بکات و حــەزی لــە یــاری بــێ و لە هەمــان کاتیشــدا فێر ببــێ، واتــا بنەما و پرەنســیپ وەربگــرێ ئەوەیــە کــەم کــەم لە تەمەنــی پێنج ســاڵییەوە ڕا بێنــدرێ لــە مــاڵ هاوکاریــی بــکات. دەکــرێ منــداڵ بەشــدار بــێ لــە ڕێکوپێککردنــی ژوورەکــەی خــۆی، هەروەهــا فێــر بکــرێ چۆن کەرەســتەکانی یاریــی خۆی دەپارێزێ و لە شــوێنێک ڕێکیان بخات و هەرکاتێک ویســتی چۆن دەیاندۆزێتــەوە. زۆر جار دەکرێ کاری زۆر ســادە کــە لەزەتبەخــش و خۆش بێ بۆ منــداڵ بەشــداریی پێ بکرێ، وەک کاروبــاری چێشــتخانە و ناوماڵ، دایک یان بــاوک هەندێک ئیش بــە منداڵەکــەی بســپێرێ، ئــەوەش دەبێ بــۆ ڕاهێنانی منــداڵ بێت، بۆ فێرکردنــی بێــت و لە هەمــان کاتدا جۆرێــک لە یاریکردنیشــە بۆی تا لەزەتــی لــێ ببینــێ. نابێ بــە مەبەســتی پێســپاردنی کاری دیاریکراو بــێ، ئــەو کارەی کــە دایک یان بــاوک دەبــێ بیکەن هەر لە ئێســتاوە هەندێکی بخەنە ئەســتۆی تا منداڵ فێری ئیشــکردن ببێ، بەڵام ئیشەکە ئەوەنــدە قــورس و دووبــارە و ڕۆتیــن نەبێ کــە منداڵ لێی بترســێ. لــێ نەترســان کاریگەریــی زۆر زۆر خراپــی بەســەر منداڵەکە دەبێت

و هیچیشی لێ فێر نابێ. بۆیە سزادانی خەشن و کاری قورسی پڕ لە ماندوویێتی، ڕەفتاری بەدی دایک و باوک منداڵ فێری کار ناکات، فێری پابەندی ناکات، مێشکی فێری قاعیدە وەرگرتنی نیزام و سیستەماتیک ناکات، بە پێچەوانەوە فێری پازدان و خشوونەت و ڕەفتاری خراپی دەکات، کە ئەمە لە گەورەییشدا ئازاری خۆی دەدات.

هەمیشە پاداشتکردنی منداڵ بۆ کاری باش و سەرکەوتن لە لایەن دایک و باوکەوە ڕەفتاری باش لای منداڵ دەچەسپێنێ، نیزام لە مێشکیدا دروست دەکات، لە ناخوداگایدا جێی بۆ دەکاتەوە. بۆیە ئەوە باشترین شێوازی فێرکردن و پەروەردەکردنە کە دەبێتە بەشێک لە شەخسیەتی منداڵ لە بیرکردنەوە و سیستەمی کارکردنی مێشکیدا. لە کاتی دەرچوون و سەفەرکردن و سەردانی ماڵاندا دەبێ حەزی منداڵیش وەربگیرێت، پرسی پێ بکرێ، ئەگەر نەیویست بچێ نەیبەن، ئەگەریش ویستی ئەوا بە شێوەیەکی شادیبەخشانە بۆی ڕێک بخرێ. دەبێ لە تەمەنی پێنج بۆ حەوت ساڵیدا زۆرجار دایک و باوک و منداڵەکان کۆ ببنەوە و ڕاوێژ بە یەکدی بکەن بۆ کاروباری ناوماڵ و بۆ لێپێچانەوەی یەکتدی. لەو حاڵەتەدا دەبێ یادەوەریی شتە باشەکانی منداڵەکە بکرێ، هیچ منداڵیک لەبەر هەڵەکانی و لەبەر ئەو سزایانەی کەوا بە شێوەی مەعقوول دراون بە بیری نەهێندرێتەوە و نەشکێندرێ، منداڵێک لەبەرانبەر منداڵی دیکە بە زیاتر و بە کەمتر دانەندرێ یان سەرکەوتنەکانی منداڵێک نەکرێتە نموونە بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە گوایە چاوی لێ بکەن. کاتێک کە سەرکەوتنی منداڵێک زۆر باس بکرێ ئەوەی دیکە حەساسیەتی لا دروست دەبێ یان بیر لاسایی دەکاتەوە کە باسمان کرد، شەخسیەتی خراپ دروست دەکات و سەرکەوتوو نابێ یان ئەوەتا هەست بە کەمی و باوەڕ بەخۆنەبوون لە بەرامبەر لایەنەکەی دی دەکات. ئەدی چیی بکرێ؟ ئەو منداڵەی کە سەرکەوتووە دەبێ تەنیا سوپاسی بکرێ لە کاتی خۆیدا، لە دانیشتنی هەفتانەی خێزاندا بە میهرەبانییەوە سوپاسی

هەموویــان بکرێ، ئەوەشــی کەوا زۆرتر ســەرکەوتووە کەمێک زیاتر ســوپاس بکــرێ، هەمــوو ئەوکارانەش دەبــێ میهرەبانــی و عەدالەتی تێدا بــێ، دەبێ خۆشەویســتی بۆ هەموویــان تێدا بێت.

لەمەوەیــە منــداڵ کەم کــەم فێر دەبێ کــە نیزامێک لــە خێزاندا هەیە و دەور هەیــە، ســەرکەوتن هەیە، لە ســەرکەوتندا خۆشــی هەیە، هیچ ســەرکەوتنێک بێ ڕاوێــژکاری نابێ، هیچ ســەرکەوتنێک بێ هاوکاری نابێ، هەروەها هیچ ســەرکەوتنێک بەبێ عەدالەت ســەرناگرێ. چونکە عەدالــەت یان دادپەروەری لە منداڵییەوە لە مێشــک و ڕەفتاری منداڵدا بەم شــێوەیە دەچەسپێت و ئەنجامەکەشــی خۆشەویستی و هاوکاری دەبــێ کــە منداڵ لەســەری ڕادێت. لــە هەمــوو حاڵەتێکدا لــە کۆتاییی تەمەنــی حــەوت ســاڵیدا منــداڵ داخڵــی قۆناغێکــی نوێ دەبــێ کە لە بەشــی داهاتوودا باسی دەکەم.

# بەشی هەشتەم

## منداڵ لە هەشت تا دە ساڵی

## نیازمەندی و پشتیوانی

لە بەشــی پێشــوودا لە پێنج ســاڵەوە بۆ حەوت ساڵمان باس کرد. لە کۆتاییی ســاڵی حەوتەم قۆناغی هەشــتەم لە تەمەنی منداڵ دەســت پێ دەکات کــە لەوانەیە ســاڵێک یان دوو ســاڵ بێت چووبێتــە قوتابخانە. ئــەو قۆناغە بــە قۆناغی نیازمەندی یــان موحتاجێتیی منــداڵ بۆ دایک و باوک و دەوروبەر ناســراوە. جا لە درێژەی باســەکەدا دێمە ســەر ئەو نیازمەندییە.

هــەروەک ئامــاژەم پێــی کــرد، تەمەنــی حــەوت ســاڵی کــە تەواو دەبێت، لە ســەرەتای هەشــت ســاڵییەوە کەســایەتیی منداڵ لە ڕووی ســاختمان و بینای ناوخۆییی مێشک و جەســتەوە تەواو کامڵ دەبێت، گەشــەکردنی مێشــک بــە قۆناغێکی زۆر بــاڵا دەگات. لــەو تەمەنەدایە ئەگــەر منداڵ باش پــەروەردە کرابێــت هەموو ئــەو بارودۆخانەی بۆ دەســتەبەر کرابێــت کــە باســمان کــرد، ئــەوا منداڵێکی ســاغ دەبێت، منداڵێکــی نۆرمــاڵ دەبێت، یان لەوانەیە منداڵێکــی زۆر زیرەک و وەکو دەڵێــن مومتــاز و بلیمەتی لــێ دەرکەوێت. هەروەها لەوانەشــە ئەگەر

بارودۆخەکــە بــاش نەبووبێــت یان کەموکــوڕی لە ژێنەتیکــی دایک و باوکدا هەبووبێ یان لەو حەوت ســاڵەی پێشــوودا هەر کەموکوڕییەک لــە پەروەردە و خــواردن و تەندرووســتیی منداڵەکــەدا ڕووی دابێت. لەوانەیــە ئەوە کاری کردبێتە ســەر کەســایەتی و تواناییــی منداڵەکە، لەوکاتەدایــە لێــی دەردەکەوێــت منداڵێکە لــە خــوارەوەی نۆرماڵە، لە خــوارەوەی متەوەســتە. لەوانەیــە کێشــەی جەســتەیی هەبــێ، ئەگەر کێشــەی مێشــک یان کێشــەی کەمزیرەکی و درەنگ تێگەیشتنی هەبێ یــان تواناییــی گشــتی لە خوارەوەی پێویســت بــێ، هەتــا لەوانەیە لە زۆر بــواردا لە ڕووی مێشــکەوە کۆڵەوار بێت کە پێویســتە شــێوازی تایبەتــی لــە پەروەردەکردن و ئاگالێبــوون و خوێندنی بۆ دەســتەبەر بکرێت.

ئەمانــە باســی لێک جیــاوازن، بە گشــتی دێینە ســەر منداڵی تەمەن حەوت ســاڵە و ســەرەتای هەشــت ســاڵە کــە منداڵێکی نۆرمــاڵ بێت. لــەو تەمەنــەدا جارێکــی دیکــە پێویســتە ئامــاژە بــەوە بکەمــەوە کە جیــاوازی لــە نێوان کــچ و کوڕ بە تــەواوی دەردەکەوێت. لــە جەنیندا کــچ لــە کــوڕ بەتواناتــرە پێش ئــەوەی لەدایک ببــن. ئەگەر کــچ بێت، گەشــەکردنی مێشــک و ئەندامەکانی جەستەی لە ســکی دایکیدا باشتر دەبــێ و بەهێزتــر و خێراتــر و کارەکانی تری باشــتر ئەنجام دەدەن، هەربۆیــە کــچ دوو مانــگ زووتر لــە ســکی دایکیدا جموجۆڵــی زیاتر دەکات و پەنجــەی خــۆی دەمژێــت، کە لــە دایکیش دەبێــت چالاکتر و چاپووکتــرە لە مژینــی مەمک و گرتنی مەمک و گریــان و دۆزینەوەی دایکــی لــە ڕۆژانی یەکەمدا. لە هەمان قۆناغی ســکی دایکــدا، لەو پێنج مانگەدایــە کاتێــک کە تیستســترۆن زیاد دەبێت جەنینی کوڕ لە ســکی دایکیــدا زەبــری بەردەکەوێــت وە زەبرەکە لە مێشــکی دەدرێت. بۆیە جۆرێک لە پاشــکەوتن و گەشــە (هەڵبــەت بە ڕەهایی نا) وەســتانێکی ڕێژەیی لە ســکی دایکدا ڕوو دەدات، جموجــۆڵ و مژینی پەنجە، دوای لەدایکبــوون لــە مژینــی مەمک و ئــەو توانایانــەی کە کــچ لەخۆیدا لە ڕۆژانــی یەکەمدا نیشــانی دەدات، لای کوڕ زۆر کەمتــرە یان درەنگتر

درووســت دەبێــت. هەربۆیەش ئەمــە جیاوازیی سرووشــتییە لەنێوان کــوڕ و کچ لە ســکی دایکیدا. کــچ زیرەکترن، هەتا لە بلــوغ یان داخیل بــوون بــۆ نەوجەوانــی و هــەرزەکاری کچــان زووتــر داخیــل دەبن، بــەڵام لــە تەمەنی حەوت ســاڵیدا ئەو جیاوازییە بــە جۆرێکی تر خۆی پیشــان دەدات، ئەویش کوڕان هەنگاوێکی باش بەرەو پێشــەوە دەچن و دواکەوتوویی مێشــکیان و تواناییەکانیان بەشێکی زۆر پڕ دەکەنەوە. لــە تەمەنــی حــەوت ســاڵیدا کــوڕان توانــای لێکدانەوەی(ئیســتدلالی) عەقڵییان دەســت پێ دەکات کە زۆر بەهێزتــرە لە کچان. بۆیە دەتوانن ئەو پاشــکەوتووییە هۆشــەی لە بەرامبەر کچــان هەیانبووە بیگێڕنەوە و بیبەنەوە ئاســتێکی یەکســان. ئەم گەشــەکردنەی کوڕ تا تەمەنی ٢٢ ســاڵی بــەردەوام دەبێــت و لەو تەمەنەدا هاوســەنگی لە نێــوان کچ و کــوڕدا درووســت دەبێت. لە تەمەنی حــەوت ســاڵییەوە دەردەکەوێت کــە کوڕان لــە ماتماتیک زیرەکترن لــە کچان، یان بایەخ بــە ماتماتیک دەدەن، کچــان کەمتــر بایــەخ بــە ماتماتیــک دەدەن. بایەخ بــە بواری دیکەی زانســتی دەدەن.

ورده ورده لــە تەمەنــی حــەوت بەرەو ســەرەوە کە لــە نەوجەوانی و لــە گەنجیــدا دەبینیــن، دوای تەمەنــی ٢٢ ســاڵی زۆر بــە ڕوونــی دەردەکەوێــت کــە ژنــان یــان کچان زیاتــر لە کــوڕان قســە دەکەن. هەروەهــا لــە لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە کە بە شــێوەیەکی ناوەندی ژنــان ڕۆژی ٣٥ هەزار وشــە قســە دەکەن لە کاتێکدا پیــاو ١٥ هەزار وشــە قســە دەکەن. ژن بە ٣٥ هەزار وشــە ئیحساســات و خواســت و ویســتی خــۆی دەردەبڕێــت و پێوەندییەکانــی درووســت دەکات، پیــاو بــە ١٥ هەزار هەمــان کار دەکات، هەربۆیــەش بێدەنگی لای پیاو زیاترە و ڕامان و پشــووی مێشــکی لای پیاو زیاترە. پیاو یان کوڕان ماوەیەکــی زۆر دەتوانــن بە بێدەنگی دانیشــن بێ ئــەوەی بیر لە هیچ شــتێک بکەنــەوە. لەکاتێکــدا کچــان یــان ژنــان ئــەو تایبەتمەندییەیان بــە جۆرێکــی دیکــە هەیــە، چونکــە هــەردوو لای مێشــکیان پێکــەوە کار دەدات، توانــای هەســت و هەســتکردنی ژنان چەندیــن بەرابەری

پیاوانــە، هەربۆیــەش چالاکییان زیاتــرە و قســەکردنیان و جووڵەیان زیاتــرە، هەستپێکردنیشــیان زۆر بەهێزتــرە، ئەمــە لــە تەمەنی حەوت ســاڵییەوە خــۆی دەردەخات.

لــە تەمەنی حەوت ســاڵیدا پێویســتە دایــک و باوک منداڵــی خۆیان لــە باخچــەی ســاوایان تــەواو کردبێــت و داخیلــی پۆلــی یەکەمــی قوتابخانــەی بکــەن. لــە هەندێــک وڵاتدا لە تەمەنی شــەش ســاڵییەوە داخیلــی پۆلی یەکەمی ســەرەتایی دەکەن، لە هەندێــک وڵاتی دیکەدا لە تەمەنــی حەوت ســاڵیدا منداڵ داخیلــی قوتابخانە دەکــەن. ئەمە بەپێی بارودۆخــی جیۆگرافیــای وڵاتەکــە و فەرهەنگ و ئاســتی پێشــکەوتن و سیســتەمی خوێنــدن و هەروەهــا ئاســتی پێشــکەوتنی سیســتەمی کۆمەڵــگا بــەرەو زانســتی و هەنــگاو بڕیــن بەرەو زانســت لــە ژیانی کۆمەڵایەتیــدا، ئــەو قۆناغــەی خوێنــدن دیــاری دەکات. لە ســەرەتای تەمەنی هەشــت ســاڵییەوە پێویســتە ئــەوەی کە پێماندەگــوت نەزم و ڕێکخســتن و تەرتیــب لە کەســایەتیی منداڵدا دەربکەوێــت، جا چ کوڕ بێــت چ کــچ بێــت. لــەو قۆناغەدایــە لــە جــۆری چوونــە قوتابخانە و یاریکــردن و مەشــقکردنی لەگەڵ منــداڵان و ئــەو پێوەندییانەی لەگەڵ بــرا و خوشــکەکانی ئەگــەر برا و خوشــکی هەبێت، یــان لەگەڵ دایک و باوکــی دەردەکــەوێ. لــە تەمەنی حەوت ســاڵیدایە کە پێویســتە بۆ جارێکــی دیکە دایک و باوک لە تەندرووســتیی منداڵ بپێچنەوە و دڵنیا بــن کە ســەلامەتە. بۆیە پێویســتە جارێکــی دیکە ســەردانی دکتۆری تایبەتی بکــەن، ئەگەر کەموکوڕییــەک لە تەندرووســتیی منداڵەکەیاندا هەبێت، هەســتی پێ بکەن تا بتوانن یارمەتی بدەن. هەروەها یارمەتیی بدەن لە قوتابخانەش مامۆســتاکانی لەو کێشــەیە تێبگەیەنن و کە بە چ شــێوەیەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت یان دەرســی پێ بگوترێت. هەڵبەت ئەرکی قوتابخانەکانیشــە لە قوتابخانەی پێشــکەوتوودا مامۆستاکان و سیســتەمەکە میکانیزمی دیاریکردنی توانایــی منداڵەکانیان هەبێ و بە لای خۆیشــیانەوە کاری خۆیان بکەن بۆ بەرەوپێشبردن و هەماهەنگی لەگــەڵ دایــک و بــاوکان. بەداخــەوە سیســتەمی پەروەردەکردنــی

کوردستان زۆر لەپاشە، ئاستی مامۆستاکان لەو بوارەدا نییە کە بتوانن کێشەکانی منداڵ دیاری بکەن. هەروەها ژێربەنای ماددی و تەنکنیکیی قوتابخانەکان لە ئاستێکی زۆر نزمدایە کە هەندێک جار یارمەتیی پاراستنی تەندرووستیی منداڵانیش نادات. سیستەمی خوێندن و بابەتەکانی خوێندن یان ئەوەی پێی دەگوترێت ڕێباز یان مەنهەج تەواو زانستی نییە، لە بەینی زانست و خوارفە و دین و عورف و عاداتی کولتووری تێکەڵ کراوە. هەربۆیە سیستەمی پەروەردەی ئێمە بۆ خۆی سەرباری ئەوەی منداڵ فێری عیلم دەکات، لە هەمان کاتدا زەبریشی لێ دەدات، ناکۆک و دژیەکی لە مێشکیدا درووست دەکات، بەو دەرسە لێکجیاوازانەی بە منداڵ دەدرێت.

لەو تەمەنی حەوت بۆ دە ساڵی کە پێی دەگوترێ قۆناغی نیازمەندی، لەو قۆناغەدا منداڵ هەست دەکات پێویستییەکانی زۆرن، دەچێتە قوتابخانە، پێویستیی یاریی هەیە، پێویستی خواردن هەیە، پێویستیی گەڕانی هەیە بۆلای برادەرەکانی، ئەو کەرەستانەی لە ماڵەوە دەبێت بۆ وەخت گوزەراندن و خوێندن دابینیان بکات، هەموو ئەوانەی پێویستە و جۆرێک لە کێبڕکێشی لەگەڵ منداڵانی دیکەدا لە قوتابخانە و لە دەرەوە لەلا درووست دەبێت. ئەگەر تواناییەکی تێدا نەڕەخسابێت، چاوەڕێیە لە ماڵەوە دایک و باوک بۆی بکەن، یان ئەوانەی لەگەڵ دایک و باوکن بۆی بکەن. هەستی منداڵ لەو قۆناغەدا لە ئاستێکی بەرزدایە، لە کاتێکدا کە دەستنیشانی نیازمەندییەکانی دەکات، تواناییەکانی خۆیشی دەبینێت کە هیچ یەک لەوانەی پێ دابین ناکرێت. ئەگەر دایک و باوک هەموو شتی بۆ دابین نەکەن وا هەست دەکات بێ کەس و سەرپەنا دەمێنێتەوە، وا دەزانێ لەوانەیە بکەوێتە بەر هەڕەشە یان هەتا ژیانیشی نەمێنێت. بۆیە لەو قۆناغەدایە کە منداڵ هەست دەکات تەواو نیازمەندە، تەواو موحتاجە، موحتاجی دایک و باوکە، ئەوە دەبێتە بەشێک لە سیستەمی بیرکردنەوەی و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئەو نیازمەندییە ئاراستەی دایک و باوکی

دەکات ئــەوەش بــە مافی خۆی دەزانێــت. بۆیە لەو قۆناغــەدا دایک و بــاوک دەبێ لــە وەڵامدانەوەی نیازەکانی منــداڵ کەمترخەمی نەکەن و لــە شــێوازی دابینکردنی نیازەکانی منداڵ شــارەزا بــن. لەگەڵ ئەوەی هەســتی منــداڵ پــڕ دەکەنــەوە کە خواســتەکانی بــۆ دابیــن دەکەین، بــەڵام هەنــدێ خواســتی هەیە کاتــی نییــە، هەندێک خواســتی دیکەی هەیــە دەبێ منداڵ ســەبر بگرێ، هەندێکیشــی هەر ئێســتا بــۆت دابین دەکرێــت. ئەگــەر دایــک و بــاوک بتوانــن لــە بەینی ئەو ســێ جۆری خواســتانەدا لێــک بکەنــەوە بەبێ ئەوەی ســزادان و عینــادی و ڕەقی و لاملیــی دایــک و باوکــی تێدا بێت، بەڵکــو بە پێچەوانــەوە بێ، بەپێی پرەنســیپ و بەرنامــەی پەروەردەکــردن بێت، ئەوا منــداڵ دڵنیاییەکی باشــتری لا درووســت دەبێــت. بــەڵام ئەگەر دایک و بــاوک بە حەزی خۆیــان نیازمەندیــی منــداڵ دیاری نەکــەن یان پێی بڵێن بــۆت ناکەین یــان بــۆی بیکەنە ســزا و نەیکــەن و ســزایەکە زۆر دووورودرێژ بێت، ئەوە جۆرێکی ســەخت لە ترسان و هەســتی بێکەسی و بێهاوکاری لە بەرامبــەر دەرەوەی ماڵــە کــە نیازمەندییەکانی بۆ دابیــن ناکرێت، ئەو هەڕەشــانەی لەســەریەتی زیاتــر دەبێت، هەســت دەکات هەمیشــە لە مەترســیدایە و ئــەوەی پێی دەگوترێت ئاسایشــی دەروونیی منداڵ کە بەشــێکە لــە وجوودی ئەو، دەکەوێتە ژێر پرســیار و ژێــر خەتەرەوە. ئــەوەش بەشــێکی زۆر لە نەخۆشــییەکانی دەروونی لــە قۆناغی نوێدا درووســت دەکات. لــە قۆناغێکــی نوێــدا ســەرەتای درووســتبوونی خەمۆکــی و تــرس و باوەڕبەخۆنەبــوون و هەموو ئەو نەخۆشــیانەیە کــە ئێمە لە تەمەنی یەک بۆ حەوت ســاڵیدا باســمان کــردووە. لێرەش زەمینــەی درووســتبوونی ئەو نەخۆخشــیانە درووســت دەبــێ کە لە تەمەنێکــی دیاریکــراوەوە کە تەمەنی هەشــت بۆ دە ســاڵەیە تووشــی منداڵ  دەبن.

پێویســتە دایــک و بــاوک یارمەتیی منــداڵ بدەن مەشــقەکانی خۆی کــە لە قوتابخانــە دیتەوە ئەنجام بــدات. ئەو مەشــقانە نابێ وەختێکی زۆر لــە ڕۆژانــەی منداڵ ببەن و لە ســەعاتێک بۆ دوو ســەعات زیاتر

نەبــێ. دەبێ بەشــەکەی دیکــەی وەختی ڕۆژانەی منــداڵ بمێنێتەوە بۆ پشــوودان و یاریکــردن یان بۆ هەرشــێوەیەکی ئەو دەیــەوێ وەختی خــۆی پێ بگوزەرێنێت. بۆیە زۆر پێویســتە ماڵ شــوێنێکی زۆر ئارام بێت، ئارامترین شــوێنی ســەر گــۆی زەوی بێت کە منــداڵ لە هەندێک شــوێن ماندوو بوو یــان تەنگاو کرا، بۆ ئەو شــوێنە ئارامە بگەڕێتەوە و پەناگای دڵنیایی بێت. ئەگەر وا نەبێت، دیســان کێشــەی زۆر گەورە بــۆ منــداڵ درووســت دەبێــت. واتا ئەگــەر منداڵ هەســت بــە ئارامی نــەکات، بــاوک و دایــک تــوڕە بن، یــان نەزانن چــۆن مامەڵــە لەگەڵ منداڵەکانیــان بکــەن یــان چــۆن نیازمەندییەکانیــان بــۆ دابیــن بکەن. لــەو قۆناغەیــە منــداڵ ڕاپۆرتــی بارودۆخی خــۆی بە دایــک و باوکی دەگێڕێتــەوە، لــە قوتابخانــە لەوانەیــە باس لــە جۆری دەرســەکان و مامۆســتاکان و ئــەو کێشــانەی هەیەتــی و ئەو خۆشــیانەی دەیبینێت و ئــەو دەرســانەی لێــی دەزانێــت و ئەو کێشــانەی لە دەرســەکانیدا هەیەتــی، هەمــوو ئەوانــە حــەز دەکات ڕۆژانــە وەک چیــرۆک بــۆ دایــک و باوکــی بگێڕێتــەوە. لەوانەیە لــەو گێڕانەوەیــەدا کەمێک زیاد و کــەم بــڕوات یــان موبالەغــە بــکات، بۆیــە دەبــێ دایک یــان باوک بــە پشــوودرێژی گوێی بۆ بگــرن، بــەدرۆی نەخەنەوە، ســەرکوتی نەکــەن، ئەگەر کێشــەیەک لە منداڵەکەدا هەبوو، لــە توێی چیرۆکەکەیدا بتوانــن دەستنیشــانی بکــەن، پێوەندی بــە قوتابخانەوە بکــەن و دڵنیا بــن لــەوەی ئــەوە وایــە یان نــا، چەنــدە زێدەڕۆیــی تێدایــە و ئەگەر کێشــەیەک هەبوو لەگەڵ قوتابخانەکە و مامۆســتای دیاریکراو باســی بکــەن و ڕێگاچــارەی بۆ بدۆزنەوە، دڵنیا بــن منداڵەکە ڕۆژی دواتر کە گەڕایــەوە ئەو کێشــانەی بۆ چارەســەر کرابێ.

هەروەهــا پێویســتە ڕۆژانــە بــە شــێوەیەکی میهرەبانانــە بــەڵام بە دیققــەت و ڕێکوپێکی لە منداڵ بپرســرێت کە بارودۆخی قوتابخانەکەی چــۆن بــووە و مەشــقەکانی چۆن بــوون، دواکەوتن یان پێشــکەوتنی هەبووە؟ ئەمە بەبێ ئەوەی منداڵ هەســت بە ترســان بکات لەوەی کە ســزا بدرێت. پێویســتە منداڵ یارمەتیی بدرێت لەو تەمەنەدا لە ســاڵی

هەشــتەم و نۆیــەم و دەیــەم، واتا ســێ ســاڵ بزانێت ڕۆژانــە وەختی خــۆی دابــەش بــکات؛ چەندی بۆ مەشــقە، چەنــدی بــۆ یارییەکانە. لە یاریکردنیشــدا ئەم زەمانە جیا لە تەلەڤزیۆن و شــێوەکانی کۆمپیوتەر وەکــو مۆبایــل و ئایپــاد و ئامرازەکانــی ئەلیکترۆنــی هەیە بــۆ یاریی منــداڵ بۆ فێربوونیان، ئەوانە زۆر پێویســتن بەڵام پێویســتە کۆنترۆڵ بکرێــن. واتــا ئەوانــەی لــە ئاســتی فێربــوون و ئیســتعابی مێشــکی منداڵدایــە، بــۆی تەنزیــم بکرێــت و زیاتــر نەبێــت. منداڵ بــۆی نەبێت داخیلــی هــەر پڕۆگرامێــک بێت کــە لەنێو تــۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و ئینتەرنێتــدا هەیــە و، ئەوەی پێوەنــدی بە خشــوونەت و توونددوتیژی و شــێوەکانی ســێکس هەیــە، کــە منداڵ نەک لێــی تێنــاگات بەڵکو لێی دەترســێت و بۆی دەبێتە شــڵەژانێکی دەروونــی و کاریگەری دەخاتە ســەر ڕەفتــار و ئەو ڕوانگایــەی لەبارەی ژیان بۆی درووســت دەبێت.

کاتــێ کــە منــداڵ مەشــق دەنووســێتەوە، ئەگــەر بکرێــت دایک یان بــاوک ئەو ســەعات یان دوو ســەعاتە لە تەنیشــی بن، واتــا بۆخۆیان خەریکــی کارێک بــن و منداڵەکــەش خەریکی مەشــقەکانی خۆی بێت. ئەگــەر پرســیارێکی هەبــوو بتوانــرێ وەڵامــی بدەنــەوە، دەنــا منداڵ بــۆ خــۆی کاری خــۆی دەکات. بەتایبەتــی کە ئێســتا تەکنیــک هێندە پێشــکەوتووە ئەگەر کێشــەیەک لە دەرســەکەدا هەبوو دەکرێ لەڕێی ئینتەرنێتــەوە یارمەتــی بــۆ بدۆزرێتــەوە. لــەو قۆناغــەدا کــە دایک و بــاوک لــە مەشــقدا لە تەنیشــت منــداڵ بن، منداڵ هەســت بــە ئارامی و پشــتیوانی دەکات و لــەڕووی دەروونیــەوە بەهێزتــر و جیددیتر و بــە ڕێکخراوتــر کارەکانی خــۆی ڕادەپەڕێنێ. هەروەها پێویســتە ئەو ئامــرازە ئەلیکترۆنییانــە بــۆ منــداڵ دابین بکــرێ کە زمانــی بەهێزتر دەکــەن و زمانــی بیانی فێر دەکەن. جــاران ئەوە نەبوو، بەڵام ئێســتا ئامــرازی ئەلیکترۆنــی ڕۆڵــی ڕۆبــۆت دەبینــن، وەکو پڕۆگــرام لەناو ئایپاد و مۆبایل و کۆمپیوتەرەکاندا هەیە. بە شــێوەیەکی زۆر مونەزەم منــداڵ فێــری زمانــی بیانی دەکــەن، بە تایبەتــی زمانــی ئینگلیزی کە ئێســتا زمانــی زاڵ و زمانــی عیلــم و پێوەندییەکانی دنیایە. پێویســتە

منــداڵ لە تەمەنــی زوودا فێری ببێــت. ئەگەر زمانــی ئینگلیزی بزانێت زۆر بەخێرایــی داخیلــی جیهانی زانیاری و زانســت دەبێــت و دنیا بە ڕوویــدا دەکرێتــەوە. پێویســتە دڵنیا بین کــە زانینی زمانــی ئینگلیزی هەڕەشــە لــە زمانی دایــک (زمانی کــوردی) ناکات.

لە تەمەنی ٨ ساڵە بۆ سەرەوە، بەپێی توانای دایک و باوک، ئێستا پرۆگرام و ڕۆبۆتی جیاجیا هەنە کە دەکرێت منداڵ یارییان لەگەڵ بکات، دەکرێت وەختی خۆیانی پێ بگوزەرێنێت. ئەوەش کەتەلۆگ یان بەرنامەی خۆی هەیە کە نابێ لە سنووری خۆی تێپەڕێت و دەبێت وریا بن ئەگەر ئەو تواناییەی منداڵ دەستەبەر کرا، ئەوا نەبێتە شوێنگرەوەی برادەری یان هاویاری کە وەکو ئینسان هەیەتی، چونکە ڕۆبۆت یان پرۆگرامەکانی ناو کۆمپیوتەر چەندە سودبەخش بن و چەندە لە زیرەکییەوە یاریی بۆ منداڵ دابین بکەن، بەڵام شوێنی ئینسان ناگرنەوە و ئەو عاتیفە و هەست و ئیحساسەیان نییە، خەتەری ئەوە هەیە ئەگەر منداڵ هەر بەوانەوە ڕابێت خوو بە ڕەفتاری میکانیکی و وشک و برینگ بگرێت و دوور بکەوێتەوە لە ڕەفتار و عاتیفەی ئینسان کە ئەوەش دەرهاویشتەی دیکەی دەروونی و ڕەفتاری دەبێت لە منداڵدا. هەڵبەت پێویستە تەئکید بکەمەوە کە ئامرازە ئەلیکترۆنییە زیرەکەکان تەنیا لە تەمەنی چوار ساڵ بەسەرەوە بدرێتە دەست منداڵ و بە هیچ کلۆجێک نابێ کاتی یاری لەگەڵ هاوڕێکان و کەسوکاری ناو ماڵ و دایک و باوک و چالاکییە گشتییەکانی بگرێتەوە.

داک و باب دەبێ یار و یاوەری منداڵ بن نەک چاودێر و ترسێنەر و پۆلیس بن بەسەرییەوە. واتا کاتێک دایک لە منداڵ دەپێچێتەوە یان دەیەوێت هاوکاری بکات، لەگەڵی دەچێتە دەرەوە، دەبێ ئەو هەستە لای منداڵ درووست بووبێت کە ئەوە چاودێر نییە بەسەرییەوە، ئەوە ترس و لێدەر نییە، ئازاردەر نییە، دەوری پۆلیسیش نابینێ، بەڵکو میهرەبانترین کەسە کە یارمەتیی دەدات، زانیاریی دەداتێ و پشتیوانیی دەکات. کاتێک کە منداڵ مەشقەکانی دەنووسێتەوە یان کارێکی خۆی

ئەنجام دەدات یان ژوورەکەی خۆی ڕێک دەخاتەوە یان یارییەک بە باشی ئەنجام دەدات، پێویستە هان بدرێت، پێویستە تەشویق بکرێت، پێویستە پێی بگوترێت: «کارێکی زۆر باشت کرد، زۆر سەرکەوتوو بووی، تۆ مەهارەتێک و لێهاتووییەکی باشت پیشان دا، من زۆر شانازی بە تۆوە دەکەم. قسەی لەو بابەتە کە لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی مێشکی ئینسان دەگونجێت و پێی دەگوترێت پاداشت کە بۆ منداڵ زۆر زۆر پێویستە.

سەرباری ئەوانەی سەرەوە، دەبێ داک و باب هانی منداڵ بدەن کتێبەکان و ئامرازەکانی خوێندنی خۆی کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی کە بچنە قوتابخانە یان دەربچێت بۆ شوێنی دیکە. جا کەموکوڕی هەر دەمێنێت لە خۆکۆکردنەوەی منداڵەکە، بۆیە پێویستە دایک و باوک باشتر بۆی ڕێک بخەن، کتێبەکانی لەگەڵ کۆ بکەنەوە، جلەکانی لەگەڵ قەد بکەن و بۆی لە شوێنی دیاریکراو دابنێن، هەروەها یارمەتیی بدەن و ئاگایان لێی بێت بۆ ئەوەی کاتێک دەردەچێت هیچ شتێکی لە بیر نەکردبێ. پێویستە دایک و باوک لە ڕێی منداڵەکەیانەوە چاودێری و دڵنیایی لە ڕەفتار و جۆری بیروباوەڕی مامۆستاکان پەیدا بکەن. دڵنیا بن کە مامۆستایان توندخوو نین، ئەو مامۆستایانە نەخۆشیی دەروونییان نییە، ئەو مامۆستایانە منداڵ ئازار نادەن، ئەو مامۆستایانە پیدۆفیل نین واتا منداڵباز نین، هەروەها ئەو مامۆستایانە بیروباوەڕی خورافی و بیروباوەڕی کولتووریی تایبەتی خۆیان بە تۆبزی ناخەنە مێشکی منداڵ و بەسەریدا نایسەپێنن. چونکە ئەگەر جیا لەوە بێت، منداڵ تووشی کەموکورتی و گوشار دەبێت، گوشار و ترسی بەسەردا دەبارێ، بێدەنگی و ڕووخانی شەخسیەتی تێدا ڕوو دەدات. ئەگەر مامۆستایەک کێشەی لەگەڵ قوتابییەک هەبوو، دوای ئەوەی کە دایک و باوک تێ دەگەن، دەبێ بێ ئەوەی منداڵەکە بزانێت سەردانی قوتابخانە بکەن، لەگەڵ مامۆستا کێشەکە چارەسەر بکەن. زۆر گرینگە لەو پرۆسەیەدا دایک و باوک منداڵەکە ئاگادار نەکەن یان بە

منداڵەکـــە نەڵێن ئێمە دەچین پشـــتیوانیت دەکەین لەبەرامبەر مامۆســـتا و مامۆســـتاکەت بـــۆ دەبەزێنیـــن یـــان دەچیـــن لەگەڵی شـــەڕ دەکەین، یـــان شـــکایەتی لێ دەکەیـــن. چونکە ئـــەوە وا دەکات منـــداڵ دوایی کە گەڕایـــەوە لە مامۆســـتا بێمنەت بێت و ڕەفتاری هەڵە بکات، لەوانەشـــە ئـــەو ڕێککەوتنـــەی لەگەڵ مامۆســـتا کراوە تووشـــی گیروگرفت بێت لە ئەنجامـــی هەندێک ڕەفتـــاری هەڵـــەی منداڵەکەیان.

لـــەو ڕۆژانـــە و ئـــەو قۆناغەدا پێویســـتە هەمیشـــە وەختێکـــی بەتاڵ، وەختێکـــی زیـــادە بـــۆ منـــداڵ ســـەرباری هەمـــوو پڕۆگرامەکانـــی لـــە خوێنـــدن و یـــاری لەگـــەڵ منداڵان و یـــاری لەگەڵ ماڵـــەوە و کارەکانی دیکـــەی کە بـــۆ خۆســـەرقاڵکردن هەیەتی، پێویســـتە وەختێکـــی بەتاڵی بـــۆ بمێنێـــت لە ســـەعاتێک زیاتـــر بێت بۆ ئەوەی پشـــوویێکی مێشـــکی و جەســـتەیی بـــدات، وەختێـــک بـــە خۆی بـــدات بیـــر بکاتـــەوە، بیر لە کارەکانـــی و یارییەکانـــی و دۆســـتەکانی، بیـــر لـــە نـــەزم و تەرتیب و ڕێکخســـتەکانی خـــۆی بکاتـــەوە، هەروەهـــا لـــە بێدەنگی و لـــە تەنیایی لـــەزەت و خۆشـــی ببینێـــت. ئـــەوە وا دەکات کە لە گەورەییشـــدا منداڵ ئیشـــکردن و ســـەرکەوتنی یەک لەدوای یەک نەبێتە هەدەفی ســـەرەکی ئـــەو، ژیانی ئـــەو یەکپارچە نەبێتـــە ڕاکردن و ماندبـــوون، بەڵکو زانین و ئیشـــکردن و ســـەرکەوتنەکانی بـــە کار بێنێـــت بـــۆ خۆشبەخشـــی و ژیانێکـــی خـــۆش و تامبردن لە ژیـــان و دەوروبەرەکانی. چونکە ئەگەر ئـــاوا نەبـــێ، بەپێچەوانـــەوە ڕوو دەدات و منـــداڵ بـــەردەوام ڕا بـــکات بەدوای مەشـــق و یاری و بەدوا ڕێکخســـتنی ئەو شـــتانەی هەیەتی و ئینجا تەئکیدیشـــی لێ بکرێت لەســـەری ســـوور بن و لەسەری پۆلیس بن، لە گەورەییدا کەســـایەتییەکی ئەوتـــۆی لێ دەردەچێت کە بەردەوام خەریکـــی کارە، بـــەردەوام خەریکـــی ڕاکردنـــە، خەریکـــی بردنەوەیـــە، بـــەردەوام سترێســـە و، نازانێـــت ئیســـراحەت لە ژیاندا چییە و پشـــوو نـــادات بـــە دەوروبەرەکەشـــی. نازانێت پشـــوو چییە، لـــەزەت لە ژیان نابـــات، کاتێکیـــش ژیـــان تـــەواو دەبێ لە غەیـــری ماندووبـــوون هیچی دیکـــەی هەســـت پێ نەکردووە، ســـەباری ئـــەوەی لەوانەیـــە دارابییەکی

زۆر یــان پلە و پۆســتێکی زۆریشــی هەبێت.

ئەگــەر منــداڵ تەندرووســت و زۆر زیــرەک بــوو، پێویســتە لەگەڵ قوتابخانــە هەماهەنگــی بکرێــت، تەنزیمی ئــەو زیرەکییــە بکرێت. ئەو زیرەکییــە نەبێتــە لەخۆباییبــوون، نەبێتــە کێشــە لــە قوتابخانــە، واتا مامۆســتا و دەوروبــەری نەیشــکێننەوە بــۆ ئەوەی بیهێننەوە ئاســتی خــوارێ. شــێوازی تایبەتیــی زانســتی هەیە لــە قوتابخانــەکان دەبێ دایــک و بــاوک بیزانــن کــە مامەڵەی پێ لەگــەڵ قوتابی دەکــەن. زۆر لە زانایان و پســپۆڕانی بــواری دەروونیی منــداڵان، پێیانوایە منداڵانی زۆر زیــرەک یــان ئەوانــەی پێیــان دەگوتــرێ «بلیمــەت» نابــێ لــە قوتابخانەی ئاســایی لابدرێن و پێویســتە هەر لە قوتابخانەی ئاســایی بخوێنــن، بــەڵام لەبەرچــاو بگیرێــن کــە ئەوانــە تواناییەکــی دیکەیان هەیــە لــە مێشــکدا و ژیــان لەگــەڵ ئــەو سیســتەمە و پەروەردەیەی کەوا بۆ ئەو تەمەنە دانراوە وا دەکات گوشــار بۆ ســەر مێشــکی ئەو منداڵــە زیرەکە نەیەت، خــۆی بەجیا لە خەڵک نەزانێــت، ئەو جیاییە وا نەکات منداڵ گۆشــەگیر بێت، ئەو گۆشــەگیرییە وا نەکات یار و یاوەر پەیــدا نــەکات و ئــەوە وا نــەکات کــە لە دنیــادا خۆی بە تــاک و تەنیا بزانێــت و ئــەو تــاک و تەنیاییە وای لــێ دەکات ســەرەنجام نەتوانێت پێوەنــدی بکاتــەوە و تواناییەکانی خۆی باش بــە کار دێنێت. ئەمە ئەو مەترســییانەیە کــە ئەگەر وریــای منداڵی زیــرەک نەبن تووشــی دێت.

زۆر لــە پســپۆڕان پێیانوایــە قوتابخانــەی تایبەتــی بــۆ منداڵــە بەهــرەدارەکان کارێکــی هەڵەیــە، چونکــە ئەمانــە لــە کۆمەڵــگا جیــا دەکاتــەوە و گوشــارێکی زۆریشــیان دەخاتــە ســەر، بەپێــی ئــەو زیرەکییــە پڕۆگرامیــان بــۆ زیــاد و زیاتر دەکــەن، ئەوەیە کە ڕاســتە بــەرەو پێشــەوە دەچــن، بەڵام ئینســانی ســەرکەوتوو نابن لــە ژیانی تایبەتیــی خۆیانــدا.

ئەگـەر گرفتی تەندرووسـتیی جەسـتەیی، لە چاو یـان گوێ و زمان لـە دوای تەمەنی حەوت سـاڵیدا هەبوو، دەبێ زوو چارەسـەر بکرێت و پێـی ڕابگـەن. نابـێ پشـتگوێ بخرێـت، نەڵێـن ئـەوە تایبەتمەندیی منداڵـی ئێمەیـە و هەروایـش دەڕوات، چونکە ئەمە هەم ئاسـتەنگی بۆ درووسـت دەکات و لە پێشـکەوتن لەمپـەری بۆ دەنێتـەوە و دەیکاتە جێـی پەنجـە و ئامـاژەی دۆسـت و هاوەڵەکانی، ئـەوەش جۆرێک لە گوشـاری دەروونی و گۆشـەگیری تووش دەکات و هەسـت بە کەمی دەکات. هەروەهـا دەبـێ هەندێک لـەو تایبەتمەندییانەی کـە لە منداڵدا لەوانەیـە هەبێـت دەبـێ تەشـخیس بدرێـت، وەکـو هەندێ شـڵەژان هەیـە کە لـە لەدایکبوونەوە درووسـت دەبێت، لەوانەیـە درەنگ چاک بێـت، بـەڵام میکانیزمـی کۆنترۆڵ و مامەڵـە لەگەڵکردنـی هەیە. وەکو شـڵەژانی بـزۆزی و زۆر جموجۆڵـی و کەم سـەرنجدان هەبێت. ئەو منداڵـە هـەم بـزۆزە هەمیـش کۆنتـرۆڵ و تەرکیـزی زهنـی لا نییە، سـەرباری ئـەوەی کـە دەتوانێت قسـە بـکات و ببیسـتێت، دەتوانێت بخوێنێتـەوە، بـەڵام کێشـەی هەیە لـە خۆکۆنترۆڵکردن. ئەو کێشـانە دکتـۆری تایبـەت تەشخیسـی دەکات و شـێوازەکانی مامەڵەکردن لە ماڵ و قوتابخانەشـی بۆ دیـاری دەکات.

ئەگـەر منـداڵ پێویسـتی بـە مامۆسـتای تایبەتی هەبوو بـۆ ئەوەی باشـتر تـێ بـگات، کێشـەی لـە قوتابخانە هەبـوو دەبێ مامۆسـتای بـۆ بگیرێـت. ئەگـەر دایـک و بـاوک بتوانن دەرسـی پێ بڵێن باشـە، بـەڵام خوشـک و بـرا و ئامـۆزا و پوورزا لە خـۆی گەورەتـر نەهێنن دەرسـی پێ بڵێـن، چونکە ئـەوان شـێوازی دەرسـگوتنەوەکە نازانن ئینجـا لەوانەیـە لە ڕەفتاریـان خشـوونەت و زبری هەبێـت بەرانبەر بـە منداڵەکە و سـەرەنجام زەبری بەر مێشـک بکەوێـت. لەبۆ هەندێ پێشـنیاز دەکرێت لەو بوارە زانسـتییەدا قوتابییەکـی زانکۆ کە زیرەک بـێ و جێی باوەڕیش بێت بەکرێ بگیرێت، سـەعاتێک و دوو سـەعات لـە ڕۆژانەی خۆی لـە کاتی گونجاودا لـە ماڵەوە دەرس بـە منداڵەکە بڵێـت. بـۆ قوتابیانـی زانکۆیـش ئـەوە خێرێکـی هەیە لەبـەر ئەوەی

ئەوانــە دەرس دەخوێنــن لــە زانکۆ، پێویســتییان بە پــارە هەیە. بۆیە کارەکە بە باشــی ئەنجــام دەدەن.

ئەگــەر منــداڵ ســاڵێک لــە قوتابخانە کــەوت و مایەوە، وا پێشــنیاز دەکرێــت باشــترە ببرێت بــۆ قوتابخانەیەکی دیکە، بۆ ئەوەی هەســت بــە کەمی نەکات لەبەرانبــەر هاوڕێکانی پاریــدا، هەروەها جێی ئاماژە و پەنجــە بــۆ درێژکــردن و شــکاندنەوەش نەبێت. بــە پێچەوانەی ئەو مندالانەی دەمێننەوە کێشــەی درەنگ تێگەیشــتنیان هەیــە، منداڵ هەیە وەکو باســم کرد زۆر زیرەکــن و زیرەکەکان لە هەندێک قوتابخانەکان پازیــان پــێ دەدەن، ســاڵێک یــان دوو ســاڵ دەیانهێننــە پێشــەوە. تا پێــش تەمەنــی پــازدە ســاڵ دەرکەوتــووە نابــێ ڕێــگا بــە پازپێدانی منــداڵ بدرێــت، چونکە تووشــی کێشــەی دەکات لــە لەخۆباییبوون و لــەو گوشــارەی کە بــۆی دێت. ئەگەر لە کلاســێکی دیاریکــراوەوە بۆ دوو کلاســی بالاتر بڕوات، ئەو پرۆســەی دوو ســاڵەی تێنەپەڕاندووە بــەڵام تەجرەبەکەی نەبینیوە، مامۆســتاکانی نەبینیــوە، هاوڕێی قوتابی نەبــووە. ئــەو قۆناغە بــە قۆناغێکی بەتــاڵ دادەندرێت و ئــەو بەتاڵییە لەســەر مێشــکی منداڵ کاری نەرێنی خــۆی دەکات. بــەڵام لە تەمەنی پانــزدە ســاڵی بەســەرەوە کــە تەمەنــی مێرمنداڵییــە بــەرەو گەنجی، قۆناغێکــی دیکەیــە و دەتوانێ پــاز بدات.

پێویستە منداڵ لە تەمەنی هەشت ساڵ بەسەرەوە وردە وردە فێری خوێندنەوەی کتێب بکرێت، ئێستا لە پاڵ کتێب خوێندنەوە، خوێندنەوە لەسەر کۆمپیوتەر و ئایپاد و ئامرازەکانی دیکەش هەیە، ڕاپۆرتی ڤیدیۆیی و کتێبی دەنگی هەیە کە بۆی دەخوێنێتەوە بە دەنگێکی باش. کتێبەکە دەکرێت بە فیلم، دەکرێتە فیلمی کارتۆن، بە هەموو شێوەکان پێویستە، بەڵام دەبێ لەبیرمان بێت خوێندنەوە هەر تاجی سەری فێربوونە لە پرۆسەی پەروەردەدا و لە پرۆسەی فێربوونیشدا، بۆیە دەبێ بە هێواشی و بە هێمنی لەپاڵ هەموو ئامرازەکانی دیکەدا منداڵ فێری کتێب خوێندنەوەش بکرێت. هەروەها جیا لە قوتابخانە دەبێ لە ماڵەوەش

منداڵ فێر بکرێت و پەروەردە بکرێت لەسەر وەرزش. وەرزشەکانی تایبەتی خۆی کە هیی منداڵانە بیکات، زۆر پێویستە منداڵ لەگەڵ مۆسیقا ئاشنا بکرێت، وەرزش تەندرووستی بۆ دابین دەکات، هەموو ئەندامەکانی لەش بە شێوەی ئاسایی کاری خۆیان دەکەن، دوای وەرزش مۆسیقا یارمەتیی گەشەی مێشکی منداڵ و گەشانەوە و ڕازانەوەی هەست و عاتیفەی منداڵ دەدات، ئینسانێکی ڕووناک و خاوەن هەست بەرابەر بە دەوروبەر و سرووشت ڕادێنێت. بۆیە زۆر گرینگە مۆسیقا، یان موزیکی تایبەت بەو تەمەنە دابین بکرێت و لەگەڵ منداڵ گوێی لێ بگیرێت، دایک و باوک لەگەڵی بن، تا بۆخۆی وردە وردە ڕادێت.

لە تەمەنی حەوت بۆ سێزدە ساڵی وردە وردە گۆڕانکاری لە کچ و کوڕدا بە شێوەی جیاجیا دەردەکەوێت. پێویستە دایکان و باوکان لەوەشدا ئاگایان لە منداڵەکانی خۆیان بێت، دایکیان ئاگایان لە کچەکانی خۆیان بێت و باوکانیش بە تایبەتی ئاگایان لە کوڕەکان بێت. بەڵام ئەوە بەو واتایە نییە دایک ئاگای لە کوڕ نەبێت یان باوک هیچ ئاگای لە حاڵی کچ نەبێت. لە ڕووی بایۆلۆژییەوە هەندێک دەرکەوتەی نوێ هەن پێویستە دایک لە کچدا بیزانێت و یارمەتی بدات کە باوک ناتوانێت. لە کوڕیشدا باوک بیکات کە بۆ دایک نابێت. هەروەها بۆ پەروەردەشیان باشە. بۆ نموونە کچ لە تەمەنی هەشت بۆ سێزدە ساڵی لە قۆناغێکی دیاریکراودا مەسەلەی خوێن و گۆرانکاری سینگی دەست پێ دەکات، وردە وردە مەمک دەردەکەوێت و پتر لەو تەمەنەدا کچان شاییان بە خۆیان دەبێت و لەخۆیان ڕازی دەبن، چونکە تا ئەوکات هەستیان دەکرد شتێکیان کەمە لە بەرامبەر دایکیاندا، ئەویش مەمک و ڕازاندنەوەی پرچ و زۆر شێوازی دیکەی خۆدەرخستن و ژنانە بووە کە نەیاندەتوانی. ئەو ئیحساسە لە کچاندا هەیە، بۆ نموونە بەرامبەر بە کوڕانیش جاری وایە لە هەندێک ڕووەوە وەک کوڕان نییە، دەپرسێ کە بۆچی وا نینە. هەڵبەت لە کاتی خۆیدا دەبێ یارمەتییان بدرێت، کوڕ و کچ هەریەک ئەندامی جەستەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە

شـێوازی مامەڵـەی تایبەتیی خۆیشـی هەیە. هیی هەردووکیان باشـە، هیـی هەردووکیـان جێی شـانازییە، هیـی هەردووکیشـیان بۆخۆیان خۆشـە و دەبێـت هەریەکـە زانیاریی تایبەتـی پێ بدرێـت، بۆ ئەوەی شـانازی بـە خۆی بـکات و لە خـۆی ڕازی بێت.

هـەر لە تەمەنی هەشـت بۆ سـێزدە سـاڵیدا کوڕان پتـر ڕوویان لە دەرەوەدایە، شـت دەکڕن، شـت دەگۆڕن، خەرجییان زۆر دەبێت، پارە زۆر خـەرج دەکـەن، تواناییەکانـی خۆیـان تاقـی دەکەنەوە، شکسـت دێنـن و سـەردەکەون، پڕۆسـەی خۆدرووسـتکردنیان دەبێـت. بۆیە دەبـێ لـەو قۆناغـەدا هەردووکیان(کـوڕ و کچ) پشـتیوانی و ڕێنوێنی بکرێـن. منـداڵ کاتێـک کـە پـارەی دەدەرێتـێ نابـێ پێی بڵێـی چۆن سـەرفی بکـە، دەبێ لێی گەڕێی خۆی بەپێی خواسـتی مێشـکی خۆی سـەرفی بـکات، بـەڵام ئەگـەر بێسـەروبەری تێدابـوو و زەرەرێکـی زۆری تێـدا کـرد، دەکرێ بە بیری بێنییەوە و هـاوکاری بکەی کە لەو بـوارەدا سـەرفی بکات کـە خۆی پێویسـتیەتی. ئەوە بـەو مانایە نییە ئەگـەر کوڕان لەو قۆناغەدا پارە سـەرف دەکەن، کچـان تایبەتمەندیی خۆیـان نەبێت. ئەوانیش پارە سـەرف دەکەن، بـەڵام کەمتر لە کوڕان. کچـان زیاتـر بایەخ بـە خۆیـان دەدەن، دوو کچ و سـێ کـچ پێکەوە دادەنیشـن، قسـە دەکەن، باسـی کاروبـاری یەکدی دەکەن، وەسـفی یەکدی دەکەن، پێشـنیاز بـە یەکدی دەدەن. هەربۆیـە کچان بەیەکەوە دیالۆگیـان ڕاسـتەوخۆیە، سـەیری دەموچاوی یەکدی دەکەن و قسـە دەکـەن، دەچنە نێـو عالەمی تایبەتیی یەکدییـەوە. لەکاتێکدا ئەگەر دوو کوڕ یان سـێ کـوڕ پێکەوە دابنیشـن، بە ڕیز دائەنیشـن، وەکو ڕیزی قوتابخانـە بـە تەنیشـت یەکەوە، ڕوو لـە دوورەوە دەکـەن و ڕوو لە یەکـدی ناکەن، کەمتر باسـی یەکدی دەکەن. باسـی دەرەوە و خەڵکی دی دەکـەن. ئـەوە تایبەتمەندیی جیاوازی کچـان و کوڕانە.

هـەر لـەو قۆناغەدایـە منداڵ بە کـچ و کوڕەوە لە ڕووی هەسـتەوە داخیلـی قۆناغـی زهـن و قۆناغـی ئینتیزاع یـان ئەبسـتراکت دەبێت،

واتــا ئەگەر هەســت یــان حس لە مانگــی یەکەمەوە هەیــە، کە گوتمان ئیحساســات و خەیاڵــی لەســەر درووســت دەبێــت و دوایــی هــۆش درووســت دەبێت جا وردە وردە پرۆســەی عەقڵ دەســت پێ دەکات، لە تەمەنی حەوت ســاڵیدا زهن دەســت پێ دەکات، واتا ئەو توانایيەی مێشــک کــە لــە ڕێــی حــس و خەیــاڵ و ئیحساســاتەوە، دەرکێکــی دیاریکــراوی بۆخــۆی و بــۆ دەرەوە دەبێــت کــە دەتوانێ فێــر بێت و بپرســێ و یاری بکات و دەتوانێ هاوکاری بــکات، زۆر ڕەفتاری دیکە و دەشــتوانێ بە شــێوەی ئەبســتراکت یان بە شــێوەی موجەڕەد یان ئینتزاعــی بیــر بکاتــەوە. کاتێک بــۆ نموونە لــە تەمەنی ســێ بۆ پێنج ســاڵیدا منداڵ ناتوانــێ ڕەقەمێک لەبــەر بکات و ماتماتیــک بزانێت. بۆ نموونــە ناتوانــێ لە(٦-) تێ بگات یان بیرکردنــەوەی موجەڕەد ئەوەی پێوەنــدی بە بەها و قانوون و ڕەفتاری کۆمەڵایەتییەوە هەیە و ڕۆژانە بە شــێوەی مــاددی و مەلموس نابینرێن، بەڵکو بە شــێوەی پەروەردە بــۆی نەقــڵ دەبێت. ئــەوە لــە تەمەنی حەوت ســاڵی بەولاوە دەســت پــێ دەکات. بۆیــە دەبێ لەو قۆناغەدا دایک و باوک و مامۆســتاکانیش هەماهەنگیــی بکەن بۆ ئــەوەی هاوکاریــی منداڵەکە بکەن.

لــەو قۆناغەدایــە(٨-١٣) کە زیهنییــەت یان بیرکردنــەوەی ئینتیزاعی یــان ئــەوەی پێــی دەگوترێت ئەبســتراکت درووســت دەبێــت، منداڵ دەتوانــێ لــە گۆشــەی جیاجیــا، لــە دیتــی خۆیــەوە دنیــا ببینێــت. تایبەتمەندییــەکان ببینێــت، تایبەتمەندییەکانــی خۆیشــی دەستنیشــان بــکات. لەوکاتەدایــە کــە منــداڵ تێــدەگات ئــەو بەشــێکە لە گشــتێکی گــەورە، یــان جوزئێکــە لە کولێکــی گەورە. ئینجــا ئەوە چ لــە ماڵەوە بێــت تێــدەگات ئەو ئەندامێکــە لە خێزانێکدا کە ســێ کەســن یان پێنج کەســن. ئەندامێکــە لــە قوتابخانەیــەک کــە لەوانەیــە هــەزار قوتابــی بێــت. لــەوە کەمتــر ئەندامێکــە لــە پۆلێکــدا کــە لەوانەیە ٣٠ یــان ١٠ کــەس بــن. بەمشــێوەیە توانای لێکــدی جیاکردنــەوەی دەبێــت. ئەمە پرۆســەی گەشەســەندنی عەقڵیەتی. لەو قۆناغەدایە مێشــک دەتوانێت پێکچوانــدن بــکات، واتــا شــتێک لە شــتێکی تــر بچوێنێــت. دەتوانێت

نموونە درووســت بکات، دەتوانێت جیاوازیی نێــوان بوونەوەرەکان و چەمکەکانی موجەڕەد یان ئەبســتراکت دەستنیشــان بــکات. دەتوانێت ئەگــەر دوو شــت لێکدی جیــاواز بن، جیایــان بکاتەوە کە دوو شــتی ناکۆکــن، دەتوانێت وەســف بکات کە جیاوازی شــتێکە، بــەڵام ناکۆکی شــتێکی دیکەیــە، ناکۆکــی دەبــێ چارەســەر بکرێت، بــەڵام جیاوازی دەبــێ قبــووڵ بکرێــت. جیاوازییەکان ناســڕێنەوە چونکــە پێوەندی بە ماهیەتــی ئینســانەوە هەیــە، یــان بە ناســنامە و ماهیەتی شــتەکانەوە هەیــە، بــەڵام ناکۆکــی لە ئەنجامــی پرۆســەی بەرژەوەندییــەکان یان کار یــان ژیانیــان یــان نیازەکانــی دوو کــەس یــان دوو گرووپــە کە بەیەکــەوە هەڵناکــەن، دەکرێــت ڕێگاچارەیەکــی بۆ ببیندرێتــەوە. لەو تەمەنــەدا منــداڵ ڕابــردووی خــۆی هەندێک دێتــەوە بیر، لێــرە بەدوا تێــدەگات و دەتوانــێ ئەنجــام لــە ڕابــردووی خــۆی وەرگرێــت. لــە کێشــەکانی ناومــاڵ، لــە خۆشــییەکانی ناو مــاڵ، لە مامۆســتاکانی، لە قوتابخانەکانــی، لــە وانەکانی، لــەوەوە دەتوانێت نەتیجــە بگرێت ژیان خۆشــە یان ناخۆشــە، گوشــاری بۆ هاتووە یان لە ئیســراحەتدا بووە. بەمپێیــە لەم قۆناغــەدا کە قۆناغێکــە زیهنییەت پەیدا دەبێــت و توانای بیرکردنــەوە پەیدا دەبێت، منداڵ بەشــێکی وزەی خۆی لە مێشــکدا، لە بیرکردنــەوەدا ســەرف دەکات، بۆیە جیاوازە لە تەمەنی پێش هەشــت ســاڵی. لە تەمەنی هەشــت ســاڵەوە، لەلای منداڵان حەزی سزادان کەم دەبێتــەوە. پێشــی ئەوە کە لــە قۆناغی پێنــج بۆ حەوت ســاڵ قۆناغی ســزادان بوو، پاداشــت و ســزا بوو، هەر کەس لەبەرامبــەر کارێکی خــراپ دەبوا ســزا بدرێت، لەبەرامبــەر کارێکی باش دەبوا پاداشــتی بدرێتــێ، ئیــدی لــەو قۆناغەدا ســزادان لای منــداڵ مانــای نامێنێت و پتــر بــە عەقڵ بیــر دەکاتــەوە، بیــر لــە هــاوکاری دەکاتــەوە، بیر لە پەرەســەندنی خۆشەویســتی دەکەنەوە. لەو ڕووەشــەوە لێکۆڵینەوەی مەیدانــی و زانســتی جیاجیــا هــەن. بۆ نموونــە لە کۆمەڵێــک منداڵیان پرســی: دایکێک ســێ منداڵی پێ بوو، دۆندرمەی بۆ هەرسێکیان کڕی، منداڵــە هــەرە بچووکەکەیــان، دۆندرمەکەی خۆی لە دەســت کەوت و

پیـس و خەسـار بوو، پرسـیار ئەوەیـە ئایا ئێسـتا دایک بەشـێک لە دۆندرمـەی دوو منداڵەکـەی دیکـە بدات بـە منداڵـە بچووکەکەی، یان بـێ دۆندرمـە بمێنێتەوە؟ یان بـۆی بکڕێت؟ لە پێنج بۆ حەوت سـاڵیدا منداڵـەکان دەڵێـن مـادام دۆندرمـەی خـۆی خسـتووە و پیـس بووە حەقـی نییە نە بـۆی بکڕنەوە و نـە بیدەینێ. بەڵام لە تەمەنی هەشـت سـاڵ بۆ سـەرەوە کە هەمان پرسـیاریان لـێ کراوە، دەڵێـن ئامادەن بەشـێک لـە دۆندرمەکانیان بدەن بەو منداڵە کە دۆندرمەکەی خەسـار بـووە. هەڵبـەت تەحەممووڵ لای منداڵ زیاتر دەبێـت، بە مەرجێک ئەو تەحەمموولـە مانـای هەبێت. بۆ نموونـە تاقیکردنەوە کـراوە لە زانکۆ پێشـکەوتووەکانی دنیـا، بە کۆمەڵێک منداڵ دەڵێـن کە ئەمە هەریەکەی پاکەتێـک پسـکویتیان دەدەنـێ و دەڵێن ئەو پاکەتە پسـکویتە بۆ ئێوە، ئێمـە چارەگێـک لێـرە دەردەچین، تـا دێینـەوە ئەگەر نەیخـۆن، ئەوا ئێمـە پاداشـتتان دەکەیـن بە پسـکویتی زیاتر، بەڵام ئەگـەر بیخۆن ئـەوا هیـچ پاداشـتێکتان نادەینـێ. ئـەوە بـە کامیـرەی ڤیدیۆیـش چاودێـری کـراون. دەرکەوتووە بەشـێک لـە منداڵـەکان تەحەممووڵ دەکـەن، هەندێـک لـە منداڵـەکان کەمێکـی دەسـتکاری پسـکویتەکە دەکـەن و تەماشـای دەکـەن، هەندێکیان فێڵ دەکـەن، بنەکەی دەخۆن و سـەرەکەی دێڵنـەوە. هەندێکیشـیان هەمـووی دەخـۆن و بـەس کاغەزەکـەی دەهێڵنـەوە. کاتێک هەر ئەو منداڵانە لە ماوەی ٣٥ سـاڵدا لـە ژێر چاودێریـدا بوونە، دەرکەوتووە کاتێک لـە زانکۆ خوێندوویانە، ئەوانـەی کـە تەحەممووڵیـان هەبـووە، مونەزەمتر و سـەرکەوتووتر بوونـە، پێوەندییـان لەگـەڵ دەوروبەردا باشـتر بووە، شـڵەژانیش لە کەسـێتییاندا نەبووە. ئەوانەی کەوا هەموو پسـکویتەکانیان خواردووە، ئەوانـەن کە پێوەندییەکانیان خراپە، سـەرکەوتنیان لە زانکۆ کەم بووە و زۆر لەوانـە وازیان لە خوێندن هێناوە و ئینسـانی سـەرکەوتوویش نەبوونـە لـە ژیانـدا. جـا ئەمـە ئـەو ڕەفتارانانە لـە تەمەنـی حەوت سـاڵی بەرەو سـەرەوە دەبێ پەیـڕەو بکرێن و پێوەندی بە پڕۆسـەی پێگەیاندنـی منداڵی سـاغ و سـەلیمەوە هەیە.

لــە ئەنجامــی توێژنەوەی دیکــەی زانســتیدا دەرکەوتــووە منداڵ لە تەمەنــی دوو بــۆ چــوار ســاڵیدا کــە داوای لێ بکــرێ کارێکــی باش و راســت ئەنجامبــدات، ئەگەر پاداشــت بکرێت و بەهێمنــی ڕەفتاری لەگــەڵ بکرێت، دەیکات، بەڵام ئەگەر ســزا بدرێت نایــکات. هیچ کاتێک ســزادان، ســزادانی جەســتەیی یــان کەلامــی لای منــداڵ بــە غەیری کێشــە هیچی دیکە درووســتناکات. منــاڵ لە تەمەنی چــوار بۆ حەوت ســاڵی ئەگەر هەســت بکات ســزا نیە، ترس نیە، ئەوا زۆر بە ئاســانتر کارە باشــەکە ئەنجــام دەدات. هەڵبــەت لە تەمەنی حــەوت بۆ دوازدە ســاڵیدا هەروەکــو ئاماژەم پێکرد هــاوکاری و نیازمەندی و پەســندی کۆمەڵایەتــی، واتــا لای خەڵک پەســند بێت، هەروەهــا ڕەفتاری باش و ئــەوەی پێــی دەگوترێت ئابــڕوو یان حەیــای کۆمەڵایەتــی لای منداڵ مانــا پەیدا دەکات، چونکە لە مێشــکیدا قودرەتی بیرکردنەوەی مەنتیقی هەیــە و دەتوانــێ بەشــێوەیەکی ئەبســتراکت بیرکاتــەوە و زهنییەتی منداڵ درووســتکات.

لــە تەمەنــی پێــش دە ســاڵی، منــداڵ تایبەتمەندییەکی دیکــەی هەیە کــە خۆی بــە ســەنتەری دنیــا دەزانێت(خود ســەنتەری). ئــەو دنیایە بــە پێــی خواســت و نیازی خــۆی لە زهنــی خۆیدا بــە دەوری خۆیدا دەســووڕێنێتەوە، بۆیــە لــەو تەمەنەدا منداڵ بە باشــی لە ڕێوشــوێنی کۆمەڵایەتــی، ئــەوەی پێوەنــدی بــە بنەماکانــی ئەخلاقییــەوە هەبێت، بــاش تێناگات. مێشــکی ئەو قودرەتی باش تێگەیشــتنی نیــە، بۆیە لەو قۆناغــەدا تەنیــا ئاگالێبــوون گرینگە، نــەک چاوەڕێ بین ئــەو بۆخۆی فێربێــت یــان بــە نەســیحەت فێربێــت. نەســیحەت یــان ئامۆژگاریــی زیــاد لە ســنوور لــەو قۆناغــەدا تەنیا منــداڵ مانــدوو دەکات، بێزاری دەکات و زەبــری لــێ دەدات. لە جیاتی نەســیحەت، ڕێنوێنیی عەمەلی، پاداشــتکردن و هەنــگاو بە هەنگاو نیشــاندان و لێــی گەڕێی خۆی لە پڕۆســەی شــکان و ســەرکەوتندا فێــر بێ ئینجــا ڕێی نیشــان بدرێت بۆ ئــەوەی جارێکی دیکــە هەڵەیەک دووبــارە نەکاتەوە. هەربۆیەشــە لــە تەمەنــی حــەوت بــۆ دە ســاڵیدا منــداڵ ناتوانێ لــە بەینــی هێز و

عەدالەتـدا جیـاوازی بکات و بزانـێ کامیان دادپەروەرییـە و کیهەیان کوتەکـی هێـزە. هێز و عەدالـەت وەکو یەکتـر دەزانێت، هەربۆیەشـە پێـش تەمەنـی حەوت سـاڵە وا دەزانرێت منداڵ هەمیشـە سـزادان لە زهنـی خۆیـدا بە دابینکـەری عەدالـەت دەزانێـت. ئەوەی کـە یەکێک دۆندرمـەی خـۆی خەسـار کـرد، تـازە خەسـار بـوو، نابـێ بـۆی بکڕدرێتـەوە دەتوانـێ جارێکـی تـر وانەکات. لـەو تەمەنـەدا لە زهنی منداڵـدا عەدالـەت ئەوەیە ئەو کەسـەی تاوانبارە سـزا بدرێت. بۆیە لە قۆناغـی پێـش حـەوت سـاڵیدا وا دێتە بەرچـاو کە منـداڵ ئیحترام و ئیتاعـەت قەبـووڵ دەکات و پێی وایە ئیحتـرام و ئیتاعەت لە نەتیجەی سـزادان عەدالەتە و بەرابەرییە. بۆیەش لـەو قۆناغەدا ئامادەیی منداڵ بۆ ئەوە هەیە ئەگەر لەلایەن دایک و باوک و قوتابخانە جەخت لەسـەر سـزادان و گوشار بکرێت، شەخسـیەتێکی نائاسایی لێ دەردەچێت کە ئـەو کێشـانەی بۆ درووسـت دەبێت و دەبنە نەخۆشـی. پێش ئێسـتا ئاماژەیـان پێ کرا، ئەوە دوای هەشـت سـاڵەیە کەوا منـداڵ دەتوانێت وردە وردە فەرقێـک لـە نێـوان هێـز و عەدالـەت و قانوونـدا بکات و لێکیـان جیا بکاتەوە و لـە ڕوانگای خۆیشـییەوە ڕەخنەیان لێ بگرێت. یانـی لە تەمەنی هەشـت بەرەو سـەرەوە وردە وردە کاریگەریی سـزا کـەم دەبێتـەوە، فەهمـی بۆ هـاوکاری زیاتـر دەبێت، چونکە مێشـک گەشـە دەسـتێنێت و تواناییی لێکجیاکردنەوە یان جیاوازیی نێوان هێز یـان قـودرەت و عەدالـەت یان بەرابـەری تێدەگات. تێـدەگات قانوون چییـە و بۆچـی دانـراوە. پێیوایە ئەگەر ئـەو قانوونانـە کەموکوڕییان هەبێ باس لـە کەموکوڕیشـیان بکات.

لـەو قۆناغەدایە کە منداڵ توانای دەبێت لێبوردە ببێت، ڕاسـتگۆ بێت و هـاوکاری بـکات، هەڵەی کـرد داوای لێبوردن بکات. لـەو بوارانەدا دەبـێ پشـتیوانی بکرێـت و پاداشـت بکرێـت، واتا منداڵ پاداشـت بکرێـت، مـەدح بکرێت، لـە کار و ڕەفتـاری چاکدا پشـتیوانی بکرێت. کاتێـک دەڵـێ داوای لێبـوردن دەکەم، کاتێک کە بە ڕاسـتگۆیی کارێک دەکات یـان ڕووداوێـک نەقڵ دەکات، دەبـێ زۆر سوپاسـی بکرێت،

دەبێــت لــە بری ئــەوە یەکێک لــە نیازەکانی بــۆ دابین بکرێــت. دەبێت لــەلای برادەرەکانــی و خەڵکــی تــر مەدحــی بکرێــت. لێرەدایــە منداڵ پێداهەڵگوتــن و مەدحی کارە باشــەکانی پێویســتە، پێــی بەهێز دەبێت، شــانازی بە خــۆی دەکات و خــۆی دەبینێتــەوە. ئەوە بــە پێچەوانەی شــکاندنە، ئەگــەر کەموکــوڕی هەبێت لای دایک و بــاوک یان هەندێک شــتی تایبەتی لێ ڕوو دابێت، منداڵ پێویســتی بەوەیــە بۆی بپارێزیت. تەنیــا دایــک بزانێــت، ئەگەر پێویســت بــکات باوکیش نەزانێــت. بۆیە زۆربــەی نهێنییەکان لای دایکە، نەک لای بــاوک. بەڵام ئەگەر باوکیش زانــی یان خوشــک و بــرای گەورەی هەبــوو زانییان، دەبــێ وریا بن کــە کێشــە و کەموکوڕییەکانــی لای خەڵکی تر بــاس نەکرێت، چونکە منــداڵ پێی دەشــکێت، ئەو شــکانە بۆ ئــەو بنەمایە دەگەڕێتــەوە کە لە ســەرەوە باســم کرد. پێویســتە بزانن لەو تەمەنەدا لە نێوان عەدالەت و شــکاندندا منــداڵ تووشــی ســترێس دەبێــت. عەدالــەت ئەوەیــە کە لێبوردەیە، ڕاســتگۆیە، هــاوکاری دەکات، لە قانوون تێــدەگات، لە هێز تێــدەگات، کاری باشــتر دەکات، لــە خراپەکانی خــۆی داوای لێبوردن دەکات. ئەوانــە هەمــووی بــە چەمکــی عەدالــەت لێک دەداتــەوە، بۆیە کاتێــک کــە مەدحــی دەکرێت یان هــان دەدرێــت، بەهێزتــری دەکات. کەچــی کاتێک باســی کەموکوڕییەکانــی دەکرێت، ڕێک لــە عەدالەتەوە خلــۆر دەبێتــەوە بەرەو دۆڵێکــی هەڵدێر کە تێکی دەشــکێنێت، ئەویش تێکشــکاندنی کەســایەتییەتی و هەمــوو ئــەو شــتانەی کــە هەیبــوو لەدەســتی دەچێــت و خۆی بە ئینســانێکی نەزانی دامــاوی موحتاج و تێکشــکاو دەزانــێ و پێیوایە پەســندی کۆمەڵایەتییەکــەی دەوروبەری لەدەســت داوە، خەڵک بە ســووکی دەزانن و ئابــڕووی چووە، لەوەیە کە تووشــی سترێســێکی ســەخت دەبێــت. لــەو تەمەنەدایە کــە لە دە ســاڵ بەرەو ســەرەوەیە، منــداڵ بیر لــە پێگەیاندنی چەمکــی عەدالەت لە مێشــکی خۆیدا دەکاتەوە، لە ســزادانەوە وردە وردە بەجێیی دێڵێت و دەچێتە ســەر هاوکاریکردن و چاکســازی و باشکردن و خێرخوازی و بەهاناوەچوونــی دەوروبەر.

لــە قۆناغــی دە بــۆ چــواردە ســاڵیدا منــداڵ نابێ گوشــاری زۆری بــۆ بێــت، واتا پڕۆپاگەنــدەی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و ئەخلاقی یان کاری پڕۆپاگەندەی ئایدۆلۆژی و فێرکردنی دینی و گوشــاربۆهێنان تا بنەماکانــی ئەخلاقــی کە ئینســانی کامڵ تێــی دەگات، ئەویش هەمووی تێبــگات، ئەوانــە لــەو قۆناغــەدا بۆ منــداڵ زیانبەخشــن. یانــی منداڵ کــە بــەرەو مێرمنداڵــی دەڕوات، دەبــێ لــە گوشــار دوور بخرێتەوە، فەلســەفە و سیاســەت و ئایدۆلۆژیــا و دینــی لــێ دوور ڕابگیرێــت و بنەمــا ئەخلاقییەکانیشــی بەپێــی تواناییــی خــۆی بــۆ شــەرح بکرێت، چونکــە توانایــی تێدا هەیــە، مادام ئەو بیــر لە عەدالــەت و لێبوردەیی و بەرابــەری دەکاتــەوە، بنەماکانــی ئەخلاقی زۆر بە باشــی تێدەگات. ئێمــە دەزانیــن بنەما ئەخلاقییــەکان پێنجــن: ئــازادی و ئازادیخوازی، واقیعبینــی، زانســتی و زانســتپەروەری و بــە زانســتی بیرکردنــەوە، خۆشەویســتی، ئینجــا هەنگاونــان بەرەو لــە خۆشەویســتی زیاتر کە عەشــقە و، پێنجەمیشــیان حورمەتــی نەفــس یان عیززەتی نەفســە.

لەو قۆناغەدایە کە یەکســانیی نێوان مرۆڤەکان لای منداڵ دەچەســپێ و دژی زوڵــم دەبێت و تایبەتمەندییەکی دیکە لە دوای تەمەنی ســێزدە ســاڵی ئیســتعدادی مێرمنداڵــە لــە پێنــاوی چەســپاندنی عەدالەتــدا، ئامادەیــە پەنا بــۆ زەبروزەنــگ و خشــوونەتیش بەرێت کــە ئەمەیان ئەگــەر لــە منداڵدا بچەســپێت و لەو قۆناغــەدا بمێنێتەوە جــێ بمێنێت، لــە گەورەییــدا بــاوەڕی بــە زەبروزەنگــی شۆڕشــگێڕی دەبێــت. لەو قۆناغەدایــە کــە قانوون و کەســایەتییە بەناوبانگــەکان زۆر پیرۆزن، دەیانپەرســتن، دەیانکــەن بە ڕێنمای خۆیــان و زوڵمیش قبووڵ ناکەن. بەمپێیە دەبینین تەمەنی هەشــت بۆ دە ســاڵی تەمەنێکی ئاستەمە، زۆر کاریگەرە لە درووســتبوونی کەســایەتیی منداڵدا و، ئینســانی داهاتوو لەســەر ئــەوە دروســت دەکرێــت. هەربۆیــەش باوەڕێکی زانســتیی یەکلاکــەرەوە هەیــە کــە دەڵێت: کۆمەڵــگاکان کاتێک پێــش دەکەون و حاڵــی خراپیــان چــاک دەکرێت کە لە تەمەنی یەک بۆ هەشــت ســاڵی منــداڵ بە باشــی پــەروەردە و فێــر بکرێت. کاتێــک تۆ توانیــت منداڵ

لە تەمەنی هەشـــت ســالّی بە ســاغی بەرەو پێشــەوە بەریــت، دلّنیابە کەســایەتییەکی بــاش و بەهێــزی دەبێت لە داهاتــوودا. ئەگەر کۆمەلّگا ئــاوا منداڵەکان بەخێو بکــەن، لە جیلی دادێ ئــەو کۆمەلّگایە هەنگاوی گەورە بەرەو پێشــەوە دەهاوێ و حالّی خراپی کۆمەلّگا بەرەو باشــی دەچێت.

# بەشی نۆیەم

## منداڵی تەمەن دە تا دوازدە ساڵان

### یاسا و دادپەروەری

هەروەک لە بەشـــی پێشـــوودا ئاماژەم پێـــی دا، دوای تەمەنی حەوت ســـاڵە کۆمەڵێک گۆڕانکاریی نوێ لە مێشـــک و لـــە توانایی منداڵ کوڕ بـــێ یان کچ ســـەر هەڵدەدات. لەو تەمەنەدایە کـــەوا منداڵ وا لێ دەکات بەشـــێک لـــە کەموکوڕییەکانی پێـــش تەمەنی حەوت ســـاڵەی ئەگەر لە پەروەردەیـــدا هەبووبێت چارەســـەری بکات یان ئەگـــەر دواکەوتوویی هەبێت پێش بکەوێت، لە ڕووی نەخۆشییەکانیشـــەوە دەکرێ دەرکەون و ئەوانەی چارەســـەریان پێویســـتە دەکرێ چارەسەر بکرێن.

لـــە تەمەنـــی دە بـــۆ دوازدە ســـاڵان منـــداڵ لـــە قوتابخانـــە، لـــە پۆلی شەشـــەمەوە ئەگـــەر لـــە تەمەنی شـــەش ســـاڵیڕا چووبێتـــە قوتابخانە ئەوا لە تەمەنی دوازدە ســـاڵیدا دەبێتە پۆلی شەشـــی ســـەرەتایی، واتا قۆناغـــی یەکەمـــی خوێندنـــی بنەڕەتـــی تـــەواو دەکات. لـــەو قۆناغەدایە کـــە منـــداڵ خوێندەوارییەکـــی باشـــی هەیـــە و توانـــای دەربڕینی وشـــە و پیتەکانـــی زۆر باشـــە، ئامادەیـــی پەیـــدا کـــردووە لـــە خوێندنـــی بـــە دیققـــەت وردە وردە بێتـــە پێشـــەوە و تێبـــگات، بەتایبەتی لـــە خوێندنی

ماتماتیــك و فیزیــا و کیمیا و وانەکانی دیکەی زانســتی کە پێویســتی بــە بیرکردنــەوەی مجەڕەد یــان ئەبســتراکت هەیە.

لەو قۆناغەدایە منداڵ تا ڕاددەیەک باوەڕی بە سزادان لە بواری کۆمەڵایەتــی نــەک فەردیدا هەیــە، واتــا لادانــە کۆمەڵایەتییــەکان بــە ســزادان دەیانــەوێ چارەســەر بکــەن، بــە شــەرتێک ئــەم چارەســەرییە بیانگەیەنێتــە دادپــەروەری. هــەر منداڵێــک لــەو قۆناغــەدا جــێ بمێنــێ لــە مێشــکدا بچەقــێ، لــە گەورەییــدا بــاوەڕی بــە زەبروزەنگــی شــۆڕش دەبــێ یــان بــاوەڕی بــە زەبروزەنــگ دەبــێ بــۆ چارەکردنــی کێشــەکان. ئــەوە بنەمــای ئــەو بیروباوەڕەیــە یــان ئــەو عەقڵیەتەیــە کــە بزووتنــەوەی شۆڕشــگێڕی بــە زەبروزەنــگ واتــا بــە تۆبــزی دروســت دەکات و پێــی وایــە، گۆڕانکارییــەکان دەکرێ بە شــێوەیەکی دەســتکرد و ئایدۆلۆژیــا کۆمەڵــگا لــە قۆناغێکــەوە بــۆ قۆناغێکــی پێشــکەوتووتر ببــات و پێشــکەوتن بــە شــێوەیەکی شۆڕشــگێڕانە واتــا بــە پازدانێــک ڕوو بــدات.

مەبەســت لە بەجێمان یان چەقین چییە؟ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هــەر قۆناغێکــی تەمەن کە لە یەک ســاڵەوە تا دەگاتە دوازدە ســاڵان، یەکێــک یــان دوو لەو تایبەتمەندیانە لە مێشــکی منداڵدا بە شــێوەیەکی ئەوتۆ بچەســپێ کــە ڕێ لە تەجاوزکردن و پێشــکەوتنی ئــەو قۆناغە بگرێ و تەمەنیشــی ســەربکەوێ و زانیارییشــی زیاد دەبــێ، بەڵام لە ڕووی عەقڵیەتەوە مێشــک و ڕوانگای بە شێوەیەکی ئەوتۆ دادەڕێژرێ کــە لەو قۆناغــە تێناپەڕێ و بە درێژاییی ژیانــی بنەماکانی ئەو قۆناغە دەکاتــە بنەمــای ڕەفتاری ئەو کەســایەتییە. ئەوەش گرفتێکی شــایانی بــاس بــۆ ئــەو کەســە دروســت دەکات. بۆ نموونــە هەر لــەو بواری ســزاداندا و لــە پێوەندیــی کۆمەڵایەتیدا زەبروزەنگی شۆڕشــگێڕی لێ دەکەوێتــەوە و ئــەو کەســانەی کە لــەو قۆناغە دەوەســتن کاتێک کە گەورە دەبن، کەســانی شۆڕشــگێڕی بــە زەبروزەنگیان لێ دروســت دەبــێ و ئایدۆلۆژیــا دەکەنــە بنەمــای ژیانیــان. ئەوانــە لــە مێــژوودا

دەوری شـــایانی باســـیان هەبووە، هەروەها ئەوەی کەوا ئەم ڕۆژگارە بە لێکۆڵینەوەی زانســـتی و تەجرەبەی مێژوویـــی دەرکەوتووە، ئەوانە کۆمەڵگاکانیان ماندوو کردووە و ژیانی فەرد یان تاکەکەســـیان بەلاوە گرینـــگ نەبـــووە و زۆر باوەڕیان بـــە ئایدیۆلۆژیا هەبـــووە، لە پێناوی ئایدیۆلۆژیایشـــدا هەندێک لەوانە ئامادەبوونە تێکـــڕای کۆمەڵگا قەلاچۆ و کۆمەڵکوژیـــان بکـــەن. کە بـــەم ڕوانگایانەدا دەچینـــەوە دەردەکەوێ ئەمانـــە دەوری نەرێنییان لـــە ژیانی خۆیـــان و کەمەڵگاکانیاندا هەبووە.

لـــە تەمەنـــی دە بۆ دوازدە ســـاڵی توانایـــی ئەوە لە منداڵدا دروســـت دەبـــێ کـــە قانـــوون بەلایەوە زۆر گرینـــگ بێ و پێیوابێ کـــە قانوون و ئەو کەســـایەتییانەی کە قانوونەکانیان داناوە یـــان بیر و باوەڕەکانیان ســـیاغە کـــردووە زۆر جێـــی بایەخـــن و دەبـــێ گوێڕایەڵیـــان بیـــن و بیانپەرســـتن، بـــە شـــێوەیەکی ئەوتـــۆ کـــە نابێ ئـــەو قانوونانـــە لە بیر و باوەڕی ئەو کەســـایەتییانە تێپـــەڕێ. ئەوەش بنەمـــای ئایدیۆلۆژیایە لـــە ژیانی ئەو جۆرە کەســـانەدا. بەشـــی هـــەرە زۆری ئەو کەســـانەی کـــە ئامـــاژەم پێکرد لە سیســـتەمی گشـــتیی کۆمەڵایەتیدا حەساســـن و کاردانەوەیـــان دەبـــێ و باســـی دەکەن تا لـــە داهاتـــوودا دادپەروەری بێننە دی.

لـــەم قۆناغـــەدا هەســـتی مـــرۆڤ زۆر پەرە دەســـتێنێ و هۆشیشـــی زۆر دەوڵەمەنـــد دەبـــێ و دەگاتـــە ئاســـتێکی بـــەرز، هەروەهـــا خەیاڵ و هەڵچوونـــی ئـــەو کەســـە زۆر دەوڵەمەنـــد دەبـــن. لـــە هەمـــان کاتدا هەڵچوونەکانـــی زۆر دیـــار دەبـــن کـــە پێـــی دەگوتـــرێ کاردانـــەوە لە بەرامبـــەر هـــەر ڕووداوێـــک. توانســـتی بیرکردنـــەوە و کاری عەقڵییان پـــەرە دەســـتێنێ و دەتوانن بەیەکـــەوە کار بکەن، لێـــرەدا منداڵ داخیلی کاری بـــە کۆمـــەڵ و سیســـتەماتیک یـــان هـــاوکاری دەبێ.

لـــە قۆناغـــی دە بـــۆ دوازدە ســـاڵیدا پێویســـتە ئـــەو تایبەتمەندییانەی باســـم کـــردن لەبەرچاو بگیرێن، ناکـــرێ ئەو قۆناغە بســـڕێتەوە، بەڵام دەبـــێ هاوکاریی منداڵ بکەن کە ئەو قۆناغە بەپێی پێویســـت تێپەڕێنێ.

مێشک و هەست و بڕواکانی ئەو منداڵە بەپێی ئەو بنەمایانە گەشە دەستێنێ، هەروەها لە تەمەنی ئەو دوو تا سێ ساڵەشیدا هەوڵ دەدات لە ڕەفتار و گوفتاریشیدا دەرکەوێ. بەڵام ئەگەر زانیاریی پێ بدرێ و هاوکاریی بکرێ تا بە کردەوە ئەو زانیاری و بیروباوەڕانە لە ژیانی خۆیدا پڕۆڤە بکات، ئەوا وردە وردە لێیان تێدەپەڕێت و داخیلی قۆناغی دوایی دەبێ. بەم شێوەیە لە قۆناغی زەبروزەنگ و پەرستنی ئایدیۆلۆژییەکاندا ناچەقێت. بۆیە پێویستە دایک و باوک لەو قۆناغەدا بەردەوام بن لە پشتیوانیی منداڵەکانیان و لە تەنیشتیان بن، هەروەها ڕێگا بە منداڵ بدەن لە ماڵەوە دەرچێ و لەگەڵ برادەرەکانی وەختی خۆی بگوزەرێنێ. ئەگەر هاوڕێی قوتابخانەی هەبوو یان گرووپی دیکە هەبوون بە سەفەر بیانبەن، ئەو سەفەرانە لە وانەیە لە ڕۆژێکەوە تا هەفتەیەک و جاری وا هەیە تا مانگێکیش بخایەنێ. لەو سەفەرانەدایە کە منداڵ خۆی تاقی دەکاتەوە کە لە قۆناغی نیازمەندی دەرچووە، واتا ئەو قۆناغەی کە پێی وابوو هەموو پێداویستییەکانی دایک و باوک و دەوروبەرەکانی دەبێ بۆی دابین بکەن. ئەگەر بۆی دابین نەکەن ئەوا کەسێکی داماوی دەستەوستانە و لەم دنیایەدا بێکەس دەمێنێتەوە و ناتوانێ بخوێنێ و ناتوانێ خۆی بپارێزێت و ژیانی دەکەوێتە خەتەر.

هەر لەم قۆناغەدایە کە دەزانین منداڵ یان مرۆڤ بە گشتی زۆر بیر لە مردنی دایک و باوکی دەکاتەوە و لەو بوارەدا زۆر دەترسێ و لە هەر گۆڕانکارییەکی تەندروستیی دایک و باوک دەپرسێتەوە. لەوانەیە شەوانە خەوی لێ نەکەوێ، خەیاڵی ناخۆشی بۆ دێت، لە دایک و باوکی نزیک دەکەوێتەوە و باوەشیان لێ دەدات و پرسیاریان لێ دەکات تا دڵنیای بکەنەوە کە ئەوان تەندروستن. بۆیە لەو قۆناغەدا پێویستە دایک و باوک تەندروستیی خۆیان ئەگەر کەموکوڕییێکیشی تێدا بێ، بە هیچ شێوەیەک بۆ منداڵ بە خەراپی باس نەکەن. هەمیشە بە منداڵ بگوترێ ئێمە تەندروستیمان زۆر باشە و پێویست ناکات هیچ بترسێی، ئێمە بەردەوام بۆ تۆ دەمێنین

و بــەردەوام پشــتیوانیت دەکەیــن، هەروەهــا هیــچ هەڕەشــەیەک لەم دنیایــەدا نییە ئێخــە بگرێت و گیرۆدەمــان بکات.

ئــەو دایــک و باوکانــەی پێیــان وایــە بــە لاواندنــەوە و مینگەمینگ و گلەییکــردن لــە تەندروســتیی خۆیــان ســەرج و ســۆزی منداڵەکــە بۆخۆیــان ڕادەکێشــن و پێیان وابــێ کارێکی باش دەکــەن و منداڵ لە خۆیــان ڕازی دەکــەن، ئەمە زۆر هەڵەیــە. منداڵ لە بنەڕەتــدا لە دایک و بــاوک زۆر نزیکــە، ئەوەنــدە نزیکە کە دەبــێ دڵنیا بکرێنــەوە دایک و باوکــی ســەلامەتن. بۆیــە ئەو دایــک و باوکانەی بە خەراپی باســی تەندروســتیی خۆیــان دەکــەن، زەبرێکــی زۆر لــە بــاری دەروونیــی منداڵەکەیــان دەدەن. زەبرەکــەش ئەوەیە ترســی تێــدا بەهێز دەکەن و نیگەرانــی دەکــەن، لە داهاتــووی خــۆی بێئومێدی دەکــەن و باوەڕی بــە خــۆی نابێت. کاتێــک کە گــەورە دەبــێ لەوانەیە ئەو کەســایەتییە لــەو قۆناغــەدا هەندێــک بچەقــێ کاتێــک دەخوێنــێ و کار دەکات، لــە پێوەندییەکانیــدا ســەرکەوتوو نابــێ و بــۆ هیــچ کارێکــی جیــددی بــاوەڕی بــە خۆی نابــێ، دەبێتــە کەســێک کــە پێیوایــە ناتوانێ هیچ شــتێک بــکات. بەوپێیــە ئەوەی کــە پێــی دەگوتــرێ باوەڕبەخۆبوون، باوەڕبەخۆبوونێکــی ســەلبی(نەرێنی) لــەلا دروســت دەبــێ، دەڵێ من دەزانــم کــە ناتوانــم، ســەرباری ئــەوەی کە دەزانــم دیســان ناتوانم، مــن پێویســتم بــە خەڵکی دیکــە هەیــە کارەکانم بــۆ بــکات، ڕێنوێنی و پشــتیوانیم بــکات. ئــەو کەســانە کــە گــەورە دەبــن نــە لــە ژیانی خێزانیــدا و نە لــە ژیانی کۆمەڵایەتیــدا خاوەن بەرهەمی گــەورە نابن و بــەردەوام دەوروبــەری خۆیــان مانــدوو دەکــەن، چ لە مــاڵ بن چ لــە نــاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیدا بن هەمیشــە ســەربارن و مایــەی نیگەرانــی و قەلەقن.

بۆیــە ئەو ســەفەرانەی تەمەنی دە بۆ دوازدە ســاڵی زۆر پێویســتن کــە منــداڵ باوەڕبەخۆبوونــی تێدا دروســت دەبــێ و دەگاتــە ئەوەی کــە بەبــێ دایــک و باوکیــش دەتوانــێ بژیــێ، دەتوانێ بــەردەوام بێ

و دەتوانــێ فێــر ببێ. بــە پێچەوانــەوە لەوانەیــە بیر بکاتــەوە کە ئەو دەتوانــێ یارمەتیــی دایک و باوکــی بدات.

یەکێکــی دیکــە لــە دیاردەکان کــە لە تەمەنــی دە بۆ دوازدە ســاڵیدا دەردەکــەوێ، ڕەگوڕیشــەی ئــەو دیاردەیــە لــە تەمەنــی هەشــت ســاڵییەوە دەردەکــەوێ کــە منــداڵ بــەرەو جیابوونــەوە لــە دایک و بــاوک دەچــێ. جیابوونــەوە بــەو مانایــەی کــە لــە باوەشــی دایک و بــاوک دەردەچێ و پێویســت بەوە نــاکات بۆ هەموو شــتێک بۆ دایک و بــاوک بگەڕێتــەوە، خــۆی جلەکانی خــۆی ڕێک دەخــات، دەزانێ چ دەخــوات، خــۆی خۆی دەشــوات و هەر خۆیشــی دەرســەکانی خۆی دەخوێنــی و پێداویســتییەکانی خوێنــدن کتێــب و دەفتەر و کەرەســتە ئەلیکترۆنییەکانــی خــۆی دەپارێــزی و دەزانــێ چ دەرســێکی هەیە و دەیخوێنــێ. هەروەها توانســتی ئــەوەی دەبێ کاتەکانــی خۆی دابەش بــکات تــا بزانــێ ڕۆژانە چەنــد یاری بــکات و چەندیــش بخوێنێ، یان چەنــد دەچێتــە دەرەوە و چەندیــش لەگــەڵ دایک و باوکــی و خێزاندا بەســەر بــەرێ و هــەر پێشــنیازێکی هەبێ پێیــان بڵێ.

لــەو قۆناغەدایــە ئەگــەر منــداڵ پێویســتیی هەبن لە جیاتــی ئەوەی بترســێ خۆی شــیرین دەکات و دێتە پێشەوە و مەرایی دایک و باوکی دەکات و شــێوازێکی نوێ بە کار دەهێنێ بۆ ئەوەی پێداویســتییەکانی دابیــن بــکات. لێرەدا منداڵ ئەگــەر پێویســتییەکانی واقیعی بوون دەبێ بــۆی دابین بکرێ، لەگــەڵ ئەوەی کە بەردەوام پێویســتە پێی بگوترێ کــە هەندێ پێویســتی هەنــە بۆ ئێســتا نایەنە دی و هەندێکیشــی هەر ئێســتا بیانهێنینــە دی. لــەو قۆناغەدا دەبــێ پڕۆڤە پێکــردن بۆ ئەوەی منــداڵ فێــری تەحەممولکــردن ببــێ، بــەردەوام بــێ. هەروەهــا لــە هەمــان کاتیشــدا فێــری نەبوونییــش ببێ، هەندێ شــت ئــەو دەیەوێ بــەلام نایەتــە دی و نییــە، دایــک و بــاوک یــان ناتوانــن یــان هەر لە بەردەســتیان نییــە. منــداڵ لــەو قۆناغەدا دەبــێ باش تێبــگات کە نیاز و خواســت زۆرن بۆیــە دەبــێ بۆ ئــەو نیــاز و خواســتانە بەرنامەی

هەبێ، دەبێ کار بکات تا هەندێک لەو نیاز و خواستانە دێنە دی، هەندێکیان کەمێکی لێ دێتە دی و هەندێکیشی نایەتە دی، ئەگەریش شتێک نەهاتە دی، دنیا خراپ نابێ و ژیانی ئەو تێکناچێ و کاروانی پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو ناوەستێ.

کاتێک کە منداڵ هەڵەیەک دەکات، دەبێ هەڵەکەی زۆر بە هێمنی پێ بگوترێت نەک سەرەچەنگ و سزا بدرێ. ئەگەر پێی بگوترێ و لە هەمان کاتدا بە شێوەیەکی ڕوون و بە دیققەتەوە هەڵەکانی بۆ باس بکرێ، سەرنجی ڕابکێشرێ کە گوێ بگرێ، ئەوا توانای هەیە کە بەخۆیدا بچێتەوە و جارێکی دیکە ئەو هەڵەیە دووبارە نەکاتەوە. دەبێ پێی بگوترێ کاتێک کە هەڵە دەکات لە هەڵەکانی فێر ببێت، مەبەست لە فێربوون لە هەڵەکان ئەوەیە کە ئەو پڕۆسەیەی کە ئەو تێیدا هەڵەی کردووە، پێویستە کونوکەلەبەر و پێکهاتەکانی ئەو پڕۆسەیە هەمووی بزانێ و بشزانێ چۆن تێیدا کار دەکات، لە کوێیش هەڵەی کردووە جارێکی دیکە و دووبارە ئەو هەڵەیە نەکاتەوە و باشتر فێر ببێ، بۆیە لەوەدا فێر دەبێ کە شکست و کەوتن لە ژیاندا بەهێزتری دەکات و باوەڕبەخۆبوونی تێدا پتەوتر دەکات، مێشکی دەبوژێنێتەوە و دەگەشێنێتەوە تا لە پێشکەوتن و زانین و پەروەردە بەردەوام بێت.

لەو قۆناغەدا دەبێ یارمەتیی منداڵ بدرێ تا فێری هەڵبژاردنی دروست ببێ. مەبەست لە هەڵبژاردن ئەوەیە کاتێک پێویستییەکی هەیە بەپێی خواستی خۆی و بەپێی دەروونی خۆی و مێشکی خۆی هەڵبژێرێت، جا ئەو پێویستییە جلوبەرگ یان کەرەستەی یاری و خوێندن بێ، یان هەر کەرەستەیەکی دیکە کە لە ژیانی ئەودا پێویستە. دەبێ فێر بکرێ چاوی لە خۆی بێ و وەڵامی خواستی خۆی بداتەوە و لاسایی کەس نەکاتەوە. فێر بکرێ ئەگەر کەسێک شتێکی کڕیوە و سەرنجی ئەوی ڕاکێشاوە لەوانەیە ئەو شتە بە کەڵکی ئەو نەیەت و لە ژیانی ئەودا هیچ خۆشییەکی بۆ

دابیــن نــەکات، بۆیە بەلایەوە ئاســایی بێ کە خەڵک شــتەکانی خۆیان دەکــرن و ئەویــش ئــەو شــتانە دەکــڕێ کە خــۆی پێویســتی پێیەتی. بــەم شــێوەیە چاولێکــەری فێر نابێ، لــەم قۆناغەدایە کــە چاولێکەری یەکێکــە لــەو ســیفەتانەی ئەگەر وریــا نەبین منــداڵ فێــری دەبێ. جا مرۆڤــی چاولێکەر هەمیشــە بــەدوای مۆدێلی خەڵکــی دیکە دەکەوێ و بە مێشــکی خــۆی بیر ناکاتــەوە و تواناییەکانی خۆی گەشــە پێنادات، خــۆی خاوەنی هیچ پڕۆژەیــەک و ڕوانگایەکی بــۆ ژیانی خۆی نابێت، بۆیــە هەمیشــە بێبەرهەم دەبێ، هەمیشــە لە ڕاکەڕاکــە و ماندووبوون و ســووتاندنی وزە و توانســتی مێشــکی خــۆی دەبێ بــۆ کۆپیکردنی خەیاڵــی خەڵکــی دیکــە، خەیاڵــی دەورووبەرەکانــی کــە ئــەوەش لــە ڕاســتیدا جۆرێــک لــە مردنــی مرۆڤە کە لــە ژیاندایە.

لــەم قۆناغەدایــە کە منداڵ دەتوانێ خۆی لــە دەرەوەی خۆی ببینێت، واتــا توانســتی بیرکردنــەوەی موجــەڕەد ئــەوەی پــێ دەدا کە چۆن دەورووبەرەکانی و مامۆســتاکانی و هاوڕێیەکانی دەبینێ، ئەوهایش یەکێکــی دیکەش لەو نــاوە دەبینێ کە خۆیەتی. ئــەو خۆیەتییەی خۆی دەزانــێ چیــی پێویســتە و تواناییەکانــی چەنــدن، دەبێ چیــی بکات و دەبێ شــێوازی پێوەندییەکانی لەگەڵ دەورووبەر چۆن بن. لەمەشیاندا دەبــێ هاوکاریــی بکرێ کە زۆر بــە هێمنی و دوور لــە توندڕۆیی و لــە خەیاڵ فێــر ببێ کە لــە دەرەوەی خۆیەوە تەماشــای خــۆی بکات و باشــییەکانی خــۆی پەســەند بــکات و هــان بــدات، لە هەمــان کاتدا لــەو کەموکوڕییانــەی کــە هەیەتــی پاشــگەز ببێتــەوە و تواناییەکانی خــۆی لــەو بوارەی کــە کەموکــوڕی هەیە گەشــە پێبدات بــۆ ئەوەی پێــش بکەوێت. ئەم قۆناغــە منداڵ فێر دەکات بــە چاوێکی ڕەخنەگرانە ســەیری خۆی بکات، ئەگــەر یارمەتیی خۆی بدات وەکــو داینەمۆیەک گەشــە بە خــۆی بــدات. ئەگەر ئــەو تواناییــەی هەبێ ئــەوکات فێری گفتوگــۆ دەبــێ، واتا ڕوانگای خــۆی دەردەبڕێ و ئاگایشــی لێیە چیی دەردەبــڕێ، گوێیــش لــە ڕوانــگای لایەنــی بەرانبەر دەگــرێ و فێری دانوســتاندنی بیرکردنەوە دەبێ. ئــەوەش پێوەندییەکانی بیرکردنەوەی

و ئاڵوگـۆڕی بیرکردنـەوەی بەهێـز دەکات، ئەوەیـە کـە دەرگای بیرکردنـەوەی بەهێـزی داهێنـەری مێشـک دەکاتـەوە و دەکرێ ئەو قۆناغانـەی کـەوا لە پێشـییەتی بە ئەنـدازەی خۆی پرۆسـەیان بکات، واتـا ئەنجامیان بـدات و تێیدا بژیێـت و لێیان تێپـەڕێ. هەموو ئەوانە دەبنـە خشـتی بەهێز لە بینای کەسـایەتیی ئـەو منداڵە لـە داهاتوویدا.

لـەو قۆناغـی دە بـۆ دوازدە سـاڵیدا پێویسـتە دایـک و بـاوک و مامۆسـتاکانی و ئەو کەسـانەی کەوا لێیەوە نزیکن هاوکاریی منداڵەکە بکـەن، بەتایبەتـی دایک و باوک و مامۆسـتاکانی مەبەسـتی منە. ئەو منداڵـە لـە تەمەنـی یـەک بـۆ دوازدە سـاڵی لـە هەندێک وێسـتگەی ژیانـی خـۆی هەسـت دەکات کە گوناحکارە. مەبەسـت لـە گوناحکار ئەوەی کە هەسـت دەکات کـە ئەو کارێکی خراپی کـردووە، ئەو کارە خراپـە ئەو خـۆی لە زاتی خۆیـدا وا لێکی بداتەوە کـە کارەکە خراپە، بۆیـە کارێکـی بەدی کـردووە بۆیـە بـەدکارە. ئـەو کەموکورتیانەی کـەوا هەیبـووە لـە ناخی ئەودایـە و لێی دەربـاز نابێ، هەمیشـە لێی دەداتـەوە و ئـازاری پێ دەخـوات و وای لـێ دەکات وزەیەکی زۆری مێشـکی بـڕوات و هەمیشـە لـە شـوێنی خـۆی بچەقـێ. جـا لێرەدا پێویسـتە هاوکاریـی بکرێ تا بزانێ کـە جارێ ئەو مرۆڤـە، مرۆڤیش هەمیشـە هەڵـە دەکات و کەموکورتـی هەیـە و دەبـێ لێـی فێـر ببێ. مەبەسـت لـە کەموکـوڕی ئەوەیە کـە بەشـێکە لەم سرووشـتە و لە منداڵییـەوە دەسـت پـێ دەکات و هەڵـە دەکات. بۆیە دەبـێ فێر بکرێ و لـە فێربوونیشـدا هەڵەکردن هەیە. هەڵەکان جـاری وا هەیە لە بیری ئەو کەسـەدا لە مێشـکدا لە شـوێنێک خـەزن دەبن، هەنـدێ منداڵ لە ئەنجامـی بارودۆخی سـەخت گیرۆدەی ئەو هەڵانـەی خۆیان دەبن و وەکو گوناح و تەقسـیر لـە ژیانی خۆیاندا لێکی دەدەنـەوە. بۆیە دەبێ یارمەتیـی بـدرێ کە مرۆڤ دەتوانێ لەم جـۆرە بیرکردنەوانە تێپەڕێ، چونکـە هەمووکـەس ئـەو هەڵانـەی هەبـووە و هەڵـەش بـەردەوام دەبـێ تا ژیـان ماوە. هیچ کەسـێکیش بـە هەڵەکردن نابێتە کەسـێکی خـراپ، خراپـی لە ناخی ئـەودا نییە، لـە بنەڕەتدا ئەو کەسـێکی باش

و بەرهەمهێنــەر و زیرەکــە و دەتوانــێ لــە ژیانــدا لە خــۆی دڵنیا بێ کــە ســەدان و هــەزاران کاری باشــی پڕ بەرهــەم ئەنجــام دەدات کە ئــەو کەموکورِیانــەی ئەو کــە لە منداڵییــەوە گیرۆدەیان بــووە پاکیان دەکاتــەوە، لە شــوێنی ئــەودا درەختی گەشــی پڕ بەرهــەم دەچێنێت. لــەو قۆناغەیــە ئەگــەر ئــەوەی باســم کرد بکــرێ و یارمەتیــی بدرێ تــا ئــەو بەخۆداچوونەوەیــە ئــازاری نەدات، ئەوا ســەری خــۆی بڵند دەکات و هەمیشــە ســەیری داهاتــوو دەکات و فێــر دەبــێ ئەمڕۆ کار بکات بۆ ســبەینێ، نــەوەک ئەمڕۆ هەموو هــەوڵ و تەقەلای گیرۆدەی باســکردنی دوێنێ یان چەند ســاڵ بەر لە ئێســتا بێ کە بەشــی هەرە زۆری خەیاڵــە و نەخۆشــی دێنێ.

لەو قۆناغەدا زۆر بە ئاســانی دەکرێ لە خواســت و نیازەکانی منداڵ تێبگەیــن، ئەگــەر خواســتەکانیان ڕەوا بــن دەبێ بڵێین حەقــی تۆیە و هــەوڵ دەدەین بــۆت بێتە دی. ئەو هێنانەدییە لەوانەیە هەرلە ئێســتاوە دەســتی پێ بکەین، هەندێکی ســبەی دێتــە دی و هەندێکی دوو مانگی دی و ســاڵێکی دی. دەبــێ منداڵ فێــر بکرێ کە هیچ کەســێک ناتوانێ خواســتەکانی لە یــەک کاتدا بۆ دابیــن بکرێ. بۆ هێنانــەدی نیازەکانی هەنــدێ جــار منــداڵ لــە تەمەنــی دە بــۆ دوازدە ســاڵی کەمێک خۆی ئاڵــۆز دەکات و خەمبــار و نیگــەران و پەســت دەبــێ، هــەوڵ دەدات تواناکانــی مێشــکی خۆی بە کار بێنێ تا گوشــار بخاتە ســەر دایک و باوکــی بۆ ئەوەی خواســتەکانی هەر ئێســتا بێننە دی. لــەم حاڵەتانەیە کــە هــەوڵ دەدات ئامــرازی فێــڵ بە کار بێنێــت. ئامرازی فێــڵ ئەوەیە کارێــک دەکات یــان ڕەفتارێک دەنوێنێ کە کاریگەری لەســەر دایک و باوکــی هەبــێ بۆ ئــەوەی زوو خواســتەکانی بهێننە دی. لــە بەرامبەر فێڵــدا دەبێ دایک و بــاوک زۆر بە هێمنی یارمەتیــی منداڵەکەیان بدەن کــە جــارێ ئــەو ئاڵۆزییە لــە خــۆی دوور کاتــەوە. ئاڵۆزیــی ئەوەی کــە ئــەم خواســتانەی خۆی بەســتووەتەوە بــە مــان و نەمانی خۆی و خوێندنــی و هەمــوو کار و بەرنامــەی ژیانی خۆی بە ســەرەبەنێک دەبەســتێتەوە بــۆ ئیشــێک ئەگــەر ئــەوە نەبێ هیچیــان نابــن. لێرەدا

دەبــێ پێــی بڵێن نا، ئەم هەموو ســەرەبەنانە بپســێنە، چونکە هەریەک لــەم کارانــە لە کاتــی خۆیــدا ئەنجــام دەدرێ و هیچیــان پێوەندی بە ئــەوی دیکەیانــەوە نییە، ئــەو ئاڵۆزییە مێشــکی تۆ مانــدوو دەکات و بەرنامــەت تێــدا ناهێڵێتــەوە و ڕێ نادات نــەزم و تەرتیب لە مێشــکی تــۆدا هەبــێ، چونکە مێشــکی مرۆڤ سیســتەمێکی ڕێکخــراوە، کاری خــۆی لــە شــوێنی دیاریکــراو دەکات و لــەو شــوێنەوە پێوەندییەکی جۆراوجــۆری بــە بەشــەکانی دیکەوە هەیــە. تێکەڵی لە مێشــکدا نابێ دروســت ببێ، فرتوفێڵ و ئاڵۆزی وا دەکات ئەو سیســتەمە بوەســتێت و کاری خــۆی نــەکات و تێکــەڵ بێــت، کاتێکیــش تێکــەڵ بێــت منداڵ ماندوو دەکات.

دەبــێ ئــەوە بزانیــن لــەو قۆناغــەدا کاتێــک وەعدێــک یــان گفت بە منــداڵ دەدرێ لــە بیــری دەمێنێ و هــەوڵ دەدات ڕابوەســتێ تا کاتی خــۆی. ئەگــەر ڕاوەســتا تا کاتی خــۆی هات، ئــەوا دەبــێ بەڵێنەکەی پێــی دراوە بــۆی جێبەجــێ بکــرێ. زۆر ترســناک دەبێ ئەگــەر دایک و بــاوک درۆ لەگــەڵ منداڵەکەیــان بکــەن. درۆ وا دەکات متمانــەی بە خــۆی نەمێنــێ و وا تێبگات لەم دنیایەدا هەموو کەســەکان درۆ لەگەڵ یەکــدی دەکەن، بۆیــە دەکرێ متمانەت بە کەس نەبــێ، کە متمانە نەما ئــەوکات زەوینــەی هاوکارییش نامێنــێ، کە زەوینەی هــاوکاری نەما ئــەوکات مێشــکی گەشــە نــاکات و دیالۆگیش لــە نێوان ئــەو خەڵکدا دروســت نابێــت و ناتوانــێ خواســتەکانی خــۆی بخاتە پــڕۆژەوە. لە داهاتوویشــدا کە گــەورە دەبێ دەبێتە مرۆڤێکی بەدبین، یان ڕەشــبین، تەنانــەت لەوانەیــە ئەگــەر ناچار بێ ئەویش درۆ بــە کار بێنێت. ئەگەر لــەم قۆناغــەدا منــداڵ ناچــار بێ لەســەر درۆ بــڕوا و بــە درۆکردن خواســتەکانی بۆ بێننە دی، ئەگەر ئەم ئامرازی گوشــارەی سەر بگرێ ئەوا لە مێشــکی ئەودا سیســتەم بەوە ڕادێت، بە درۆ و بە فێڵ. ئەگەر سیســتەم لە مێشــکیدا بــەوە ڕاهات منــداڵ چێژی لــێ وەردەگرێ، کە چێــژی لێ وەرگرت دووبــارەی دەکاتەوە، ئەوەش خەتــەری هەیە کە منداڵ تووشــی نەخۆشــیی درۆکردن بــێ. کاتێک کە گــەورەش دەبێ

خەیاڵــی خــۆی دەهۆنێتەوە و لەزەت دەبات لەو خەیــاڵ هۆنینەوەیە و لە مێشــکی خۆیدا پێیوایە ئاوها ڕاســتە، بەڵام ئــەوەی کە دەیهۆنێتەوە خەیاڵێکــی نەخۆشــە و هیــچ پێوەندی بــە واقیعەوە نییــە. درۆ وەکوو نەخۆشــییەک دووبارە دەبێتــەوە لە ژیانی ڕۆژانەیدا، ئەو نەخۆشــییە دووری دەخاتــەوە لــە کار و لــە بەرهەمهێنــان و لە داهێنانی مێشــک و ناتوانــێ پێوەندییەکــی کۆمەڵایەتیی باشیشــی هەبێ. ئــەوەش دەبێ چارەســەر بکــرێ ئەگینا لــە گەورەییدا لە پەلوپــۆ دەکەوێ.

هــەر لەو قۆناغەدا(١٠-١٢) کە پڕۆســەیەکی بــەرزی تەمەنی منداڵییە و ســەرەتای دەســتپێکردنی نەوجەوانییە، ئیتر منــداڵ توانای تێدا دەبێ کە لاســایی نەکاتەوە، واتا ئەوەی کەســێکی تر دەیەوێ ئەویش ئەوەی نەوێ، واتا لاســایی و دووبارەبوونەوە کۆتایی پێ بێت. ئەو لاســایی و دووبارەیە زیاتر لە تەمەنی ســێ بۆ پێنج ســاڵیدا زەمینەی لە مێشــکی منداڵــی بچووکــدا بــۆ دروســت دەبــێ. لــەم قۆناغــەدا چونکــە منداڵ توانایــی هەیە لاســایی و دووبارەکردنەوە لە گوفتــار و بیرکردنەوەیدا بــۆ هێنانەدیی نیازەکانی بە کار بێنێ، دەتوانێ لێیشــی دوور کەوێتەوە. ئەگەر کەموکوڕییێکیشــی لەو بــوارەدا هەبێ، بە هاوکاریــی ڕاوێژکاری دەروونیــی منــداڵان دایک و بــاوک زانیاریی زیاتریان دەســت دەکەوێ تا ئەگەر ئاســەواریک لە تەمەنی ســێ بۆ پێنج ســاڵیدا مابێتــەوە، ئەوە بڕوات و پاکی بکەنەوە. دەکرێ منداڵ شــێوازێ نوێ لە جیاتی لاســایی و دووبارەکردنەوە بە کار بێنێ، ئەویش فێری لێکدانەوە و شــیکردنەوە بکرێت. لێکدانەوە و شــیکردنەوە ئەوەیە کە توانســتی مێشــکی منداڵ لە قۆناغی ئەبســتراکت یان موجــەڕەددا زۆر پێش دەکەوێ بە چەشــنێک دەتوانــێ دیاردەکانــی دەرەوەی خــۆی ببینــێ و پێوەندییەکانیــان لێک بداتــەوە. ئەو پڕۆســە مەنتیقییەی مێشــکی منداڵ فێری توانســتی نوێ دەکات ئەویش پێشــبینیکردنە. بەو شــێوازە مەنتیقییــە نوێیە منداڵ فێر دەبــێ چــۆن بەرژەوەندیــی خــۆی دیاری بکات و شــوێنی خــۆی لەو پڕۆســەیەدا بدۆزێتەوە. ئەم توانایيە نوێیە وا دەکات کەسێکی بڕوابەخۆ و ســەرکەوتووی لێ دروست ببێت.

منــداڵ چ کــچ یان کوڕ لــە ماوەی تەمەنی حەوت بۆ دوازدە ســاڵان، جنس(ســێکس) لە بیر دەکات. ئەو قســەیەی من بەو مانایەیە لە لایەک لە تەمەنی یەک بۆ حەوت ســاڵی منداڵ جنســیەتی خــۆی دەدۆزێتەوە و لە هەمان کاتدا هەســت بە لەزەتی جنســی خۆی دەکات لە ئامرازی جنســی خۆیــدا، بــەڵام لە لایەکــی دیکە ئــەم لەزەتە زۆر جیــاوازە لە لەزەتی جنســی گــەوران. هەڵبەت لە تەمەنی حەوت بۆ دوازدە ســاڵی مێشــک بە گشــتی بواری ئەو جنســییە لە بیر دەکات، چونکە تا حەوت ســاڵی منداڵ جنســیەتی خــۆی دەدۆزێتەوە و تێی دەگات و شــانازی پێــوە دەکات و ئەگــەر نەخۆشــی نەبێت لەســەری بــەردەوام دەبێت. بۆیــە منــداڵ لەو قۆناغــەدا زیاتر بە یــاری و هاویارییەکانی ســەرقاڵ دەبــێ، فێــری دروســتکردنی گرووپــی برادەرانــی خــۆی دەبــێ، ئەو برادەرانەش لەســەر خواســتەکانی خــۆی هەڵیاندەبژێــرێ و لەگەڵیان شــادە. بۆیــە شــادی و خۆشــی دەبێتە ســیمای ئەو قۆناغــەی منداڵ. دەبــێ ئەو شــادییەی منداڵ پشــتیوانی بکــرێ و تێک نەشــکێندرێ بە تایبەتــی کاتێــک پێدەکەنــێ، چەنــدی منــداڵ پێبکەنــێ و چەندی شــاد بــێ هەرچەندیــش جموجــۆڵ و یاریی شــادومانانە بــکات، دەبێ هان بدرێــت و لەگەڵــی شــاد بن بــۆ ئەوەی ئەم شــادی و خۆشــییە لەناو مێشــکی خۆیــدا بکات بە شــتێکی دەروونــی، واتا ببێت بە بەشــێک لە ناســنامەی ئەو، بەشــێک لە کەســایەتیی ئەو. ئەوکاتە شــادی هاوکاتە لەگــەڵ جموجــۆڵ و یاری و لاســاییکردنەوە و دەرهێنانی دەوری ئەم و ئــەو و پێکەنیــن، هەروەهــا بەکارهێنانــی زیرەکیی مێشــک. ئەمە وا دەکات کە مێشــکی گەشــە بکات، شەخســیەتی شــاد شەخسیەتێکە کە زۆر یارمەتیی گەشــەی ئاســاییی مێشک دەدات.

لــەو قۆناغەدا پێویســتە بە دیقەتتر و فراوانتر بــۆی باس بکەین کە شــکان و ســەرکەوتن لە ژیاندا مانــای چییە، هەروەهــا بردنەوە چیی دەگەیەنــێ. ئــەم چەمکانــەی بۆ باس بکــرێ تا تێیان بــگات و بیانکاتە پرۆســەی ناو مێشــکی خۆی. شکســت بریتییە لە کەمهێنــان و کەوتن لــە کاتــی کارێــک کە ئــەو دەیکات، جــا ئەوە یــاری بێ یــان کارێکی

دیکــەی ماڵ بێــت، یان پڕۆژەیەکــی بچووکی تایبەتی خــۆی بێ کە لە مــاڵ یــان لە خوێنــدن یان لــە دەرەوە دروســتی کــردووە. کاتێک کە شکســت دەهێنــێ بەومانایە نییە کــە توانایی نییە، بەڵکو بــەو مانایەیە کــەوا یەکەم لەوانەیە خۆی لە پڕۆســەکە تێنەگەیشــتبێ، دوو لەوانەیە هــۆکاری دەرەکــی لــە دەرەوەی ئیرادەی ئــەون ببنە ڕێگــر لەبەردەم پێشــکەوتنی ئەو. دەبێ تێبگات مرۆڤ بە دوو شــێواز شکست دەهێنێ، یــەک ئەوەیە کە خۆی بــاش ئامادە نەکردووە و باش تێنەگەیشــتووە، دوو لەوانەیــە ئەو خۆی ئامادە کردووە و تیگەیشــتووە بەڵام هێزێکی دیکــەی دەرەوەی ئــەو کارەکە تێــک دەدات. ئەو تێکدانــەش لە ژیاندا زۆر دووبــارە دەبێتەوە و لە سرووشتیشــدا هەیــە. لەوەوە فێر دەبێت کــە سرووشــت کە ئێمــە بەشــێکین لێــی، سرووشــتێکی نامونەزەمی تێکــدەری زاڵمــە. بــە کام مانــا؟ دەبــێ بــۆی ڕوون بکەینــەوە کە لە سرووشــتدا ڕووداوی وا دێنــە پێشــەوە کە مرۆڤ هیــچ گوناهی نییە یــان تێدەچــێ یــان شکســت دێنێ یــان ســەر و ماڵی تێدەچــێ. وەکو لافــاو وەکــو بومەلــەرزە و ئــەو باهۆزانــەی کە لــە هەندێ شــوێنی دنیــادا دەبیندرێــن، وەکو پەتای نەخۆشــی، زۆر هۆکاری دیکەش هەن کــە مــرۆڤ هیــچ گوناهــی نییــە و کەموکوڕی نییــە، بەڵام لــە پڕێکدا سرووشــت لێی تێک دەدات. ئەوە بە گشــتی لە سرووشــتدا هەیە و لە ژیانی شەخسیشــدا دەبێت. تەنیــا بە ســەرلەنوێ خۆئامادەکردنەوە و باشــتر زانین و باشــتر تێگەیشتن بۆ دەســتپێکردنەوەیە کە ئەو کەسە لە شکســت دەردەچــێ و داخیلی قۆناغی ســەرکەوتن دەبێ.

ســەرکەوتن چییە لە ژیانی مرۆڤدا؟ ســەرکەوتن ئــەو ئامانجەیە کە مــرۆڤ بــە زانین و بــە خۆبۆئامادەکــردن دەیهێنێتە دی. لەوەدا شــاد دەبــێ و خۆشــحاڵ دەبــێ و پێــی گەشــە دەکات. هەموو ئەو شــادی و گەشــەکردن و خۆشــحاڵییە دەدات بە دەورووبەریشــی. کاتێک ئەو ئامانجــە یان هەدەفە دیاریکــراوەی ژیانی هێنایە دی، ئــەوکات ئامانج و هەدەفــی نوێــی دوای ئەو دەســت پێدەکات.

سەرکەوتن بۆ نموونە لە خوێندندا، لە ساڵێکدا بۆ ساڵێکی دیکە لە پۆلێک بۆ پۆلێکی دیکە دەڕوات. دەبێ منداڵ فێر بکرێ کاتێک پۆلی دەی تەواو کرد شادی و خۆشی و جەژنی بۆ دەگیرێ، بەڵام دەبێ بزانێ پاشی چەند مانگێک پۆلی یازدە دەست پێ بکات. ناتوانێ لە پۆلی دە بچەقێ و بڵێ من هەر ئەوەندەم بەسە، چونکە خەڵکی دوای خۆی دێن و لەو تێدەپەڕن و دەیەکانی هاوتەمەنی ئەو دەگەنە زانکۆ و دەگەنە دکتۆرا و دەگەنە خاوەن کاری گەورە، ئەو هەر لە دە دەمێنێتەوە کە جیلەکانی دوایی دێن لەو بچووکترن. ئەگەر وا بکات ژیان لای ئەو ببێتە شتێکی سەیر و سەمەرەی ئەوتۆ کە بە کەڵکی سوودوەرگرتن نەیەت و پێی ناگوترێ ژیان. بەڵام ئەگەر قۆناغەکەی تەواو کرد و خۆی ئامادە کرد بۆ قۆناغی دوایی ئەوا لە ژیانیدا فێر دەبێ ئەو ئامانجانەی کە دەیانهێنێتە دی یەک لە یەکی گەورەتر بن، ئەو لووتکانەی کە لێی سەر دەکەوێ لە ژیانیدا هەموو مانایان دەبێ، لە هەر قۆناغێک کە دەگاتە لووتکە هەست دەکات کە بەتواناتر و بەهێزتر و تەندروستترە و خۆشحاڵترە، لە هەمان کاتدا دەوڵەمەندترە و بەرهەمیشی بۆ خۆی و بۆ خێزانەکەی زیاترە، هەروەها بۆ دەورووبەر و بۆ ئەوانەی لێی نزیکن، بەشداریکردنیشی لە کۆمەڵگادا کاریگەرتر دەبێت. ئەمە پێی دەگوترێ سەرکەوتن. سەکەوتن لەگەڵ سرووشتی مرۆڤ زۆر زۆر یەک دەگرێتەوە و مرۆڤ ناتوانێ ببێ بە بەرهەمهێن بەبێ ئەوەی سەرکەوتن لە ژیاندا بەدەست بێنێ.

ئەی بردنەوە مانای چییە؟ بردنەوە سەرکەوتن نییە، بردنەوە لەوانەیە لە کارێکی دیاریکراودا دوو کەس بەیەکەوە کێبڕکێ و پێشبڕکێ دەکەن، جا لەوانەیە یاری بێ یان لەوانەیە هێنانەدیی نیازێکی دیاریکراو بێ، لەوانەیە سەرنجڕاکێشان بێ. بردنەوە مانایەکی هەیە بەتایبەتی لە یاریدا جا چ یاری فوتباڵ بێ یان ڕاکردن یان هەر یارییەکی دی کەوا کێبڕکێی تێدا هەبێ، دەبێ منداڵ ئامادەیی هەبێت تێیدا بەشدار بێ و هەوڵ بدات بباتەوە. بەڵام

بردنەوە لەســەر ڕێچکەی شــکاندنی دەورووبەرەکــەی نەبێ، بردنەوە لەســەر بنەمــای تواناییەکانــی خۆی بێــت. کاتێک کە دەباتــەوە دەبێ بزانــێ بردنەوەکــەی بــە مانــای شــکاندنی ڕکابەرەکەی نییــە، بەڵکو ســاتێکە و لــە کارێکی دیاریکــراودا ئەو تواناییی خۆی بــە کار هێناوە و بردووتییــەوە. ئەگــەر فێــر ببــێ لەســەر ئەساســی فرتوفێــڵ و پێ بادانــی ئــەم و ئەوی دەورووبــەری بباتەوە، ئەوا نەقســێکی گەورە لە مێشــکی منداڵدا ڕوو دەدات و لــە ژیانی ئەودا ڕووبەڕووی خەتەرێکی ســامناک دەبێتەوە. ئەگەر لە مێشــکی ئەو کوڕە یان ئەو کچە بردنەوە وەک سیســتەم بچەســپێ، ئەوا لە داهێنان و باوەڕبەخۆبوون دووری دەخاتــەوە، وەک هەمیشــە هــەوڵ دەدات فێــری فرتوفێڵــی ئازاردانی ڕکابەرەکــەی ببــێ و خەڵکــی دیکــە بکاتــە پــردی خــۆی بــۆ ئەوەی بیباتــەوە، لــەو پێناوەشــدا ئــازاری دەروونیــی خــۆی دەدات، ئازاری کەســوکاری و هاوکارەکانــی دەدات و ڕەحــم بــە کــەس نــاکات. ئەو جــۆرە بردنەوانە لە گەورەییدا کەســانی زۆر ترســناک لــە کۆمەڵگادا دروســت دەکات، ئەوانــە ژیانــی خەڵکــی دی دەکەنە ســووتەمەنی بۆ ئــەوەی خۆیان بــە ئامانجێکی دیاریکراو بگەن. ئەگــەر من نموونەیەک بێنمــەوە لــە کاری سیاســەتدا یان لــە کاری بازرگانی لە کوردســتان، ئــەو جــۆرە کەســایەتییانە یەکجــار زۆرن و بەناووبانگــن، لە هەمان کاتــدا ئــازاردەرن و هیچ سوودێکیشــیان بۆ کۆمەڵگاکەیــان نییە. بۆیە دەبــێ منــداڵ فێر بکرێــن کە بردنــەوە لەحــزە و ســاتێکە تەنیا دەبێ شــادی بــەو ببەخشــێت و تواناکانــی گەشــە پــێ بــدات و ڕووح یان گیانــی هــاوکاری لەگــەڵ دەووروووبەری تێــدا بەهێزتر بــکات. ئەگەر لــە کێبڕکێیەکدا منداڵ نەشــیبردەوە پیرۆزبایی لە کەســە ڕکابەرەکەی بــکات کــە بردووەتییــەوە، دەبــێ تواناییــی دەروونیی ئــەوەی هەبێ پیرۆزبایــی لە بەرامبەرەکــەی بکات.

ئەگــەر منداڵ ئاوها پەروەردە بکەیــن، مرۆڤێکی بەهێزی باوەڕبەخۆی زانــای لــێ دروســت دەبێ. لــەو پرۆســەیەدا لــە کۆتاییدا کەســێکی بــە تەحەممولیــش بــار دێــت، واتــا کەســێکی بردبار دەبــێ و باری

خۆی لە کۆڵی خۆی هەڵدەدات و ئەگەر زۆر لە ئاواتاکانیشی هێشتا نەهاتوونە دی، تەنگەتاو نابێ و هەوڵ دەدات خۆی بۆ ئامادە بکات و تواناییەکانی خۆی تێدا گەشە پێ بدات و بتوانێ لە قۆناغێکی دیکەدا بگاتە ئاواتاکانی خۆی.

منداڵ لەو قۆناغەدا هیچ حەزی لە ئامۆژگاری نییە، ئامۆژگاری هیچ بە کەڵکی نایەت، بە تایبەتی ئەو دایک و باوکانەی کە بە سەعات منداڵ دادەنێن و قسەی بۆ دەکەن و قسەکانیش هەمووی دووبارەن، ئەوا مێشکی منداڵ زۆر ماندوو دەکات. زۆر جاریش ئەو فەرمانانەی کە دایک و باوک بۆ منداڵ دووبارەی دەکەنەوە ئەگەر زانا نەبن، حوکمی وا بەسەر منداڵدا دەسەپێنن کە هیی ژیانی خۆیان و شکستی خۆیانە. ئەو ژیان و شکستەی ئەوان بە هیچ جۆرێک لە ژیان و شکست و سەرکەوتنەکانی منداڵەکانیان ناچێ، بۆیە بەو شێوەیەیان منداڵ ماندوو دەکەن. منداڵەکانیان گوێ دەگرن، بەڵام وەک لە کوردەواریدا دەڵێن: لە گوێیەکەی دیکەی دەردەچێ. دووبارەکردنەوەی زۆر لەلایەن دایک و باوک لەو تەمەنەدا منداڵ زۆر ماندوو دەکات و زۆر بێزاری دەکات، لە کاتی دەگرێت و وزەیەکی زۆری لێ بەخەسار دەدات. بۆیە دەبێ لەو ڕووەوە دایک و باوک وەک مامۆستا لە قوتابخانە بزانن و زانا بن کە چ مامەڵەیەک لەگەڵ منداڵێکی تەمەن دە بۆ دوازدە ساڵی دەکەن.

هەر لە قۆناغی دە بۆ دوازدە ساڵیدا، ئابڕو و کەرامەتی کۆمەڵایەتی بۆ منداڵ زۆر زۆر گرینگە. ئابڕوو بریتییە لە چی؟ چونکە دەبێ ئابڕوو لە لای منداڵ تەعریفەکەی دیار بێ. ئابڕوو بریتییە لە نهێنییە تایبەتییەکانی ئەو کەسە بۆ خۆی و ئەو منداڵەی کە هەیەتی و لای داک و بابی دەیدرکێنێ، کە پێوەندی بە شکست و سەرکەوتنەکانی ئەو و حاڵەتی دەروونیی ئەوەوە هەیە، یان ئەو نشست و سەرکەوتن و هەڵانەی کە لە ژیانی ئەو ڕوویان داوە و بۆ منداڵەکە زۆر گرینگن و دەبێ بپارێزرێن. چونکە پێی

وایــە نابــێ خەڵکــی دیکە بیانزانــێ، ئەگــەر بیزانن ئــەو پێیوایە خەڵک بــە کەســێکی نــاو بەتاڵ و بــۆش و بێتوانــا و هیچ لەدەســتنەهاتووی دەزانــن و شــایانی ڕێزلێگرتن نییە. منداڵ وا بیــر دەکاتەوە بۆیە دەبێ ڕێــزی بیرکردنەوەکــەی بگیــردرێ. هــەر خۆیشــی هــەوڵ دەدات کە دێتــە دەرەوە کەموکوڕییەکانــی خــۆی بۆ خــۆی ڕابگــرێ، هەروەها کەســایەتیی دەرەوەی خــۆی بکاتە کەســایەتییکی قبووڵکراو یان جێی پەســەندی هەمــووان و خــۆی پێ گرینــگ دەبێ.

نابــێ چەمکــی ئابــڕو بــە تەنیــا بــە کار بهێنــدرێ، جــاری وا هەیە وشــەی حەیــا لەگــەڵ ئابــڕو بــە کار دەهێنــن؛ ئابــڕو و حەیــا. حەیا ئــەو پێگــە و متمانەیــە کە کەســێک لــەلای دەوروبــەر لــە کۆمەڵگادا هەیەتــی. حەیــا نابێ لەســەر منــداڵ زۆر گران بکرێ. جــاری وا هەیە بــاری بــاوەڕە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خێزانیشــی لێ بــار دەکەن، بۆیە ئەگــەر ئابــڕو و حەیــا لــە نهێنییەکانی تایبەتی ئــەو منداڵــە زیاتر بێ ئــەوا ئــەو بارەی پێ هەڵناگیــرێ بۆیە خەمی پێ دەخــوا، ئینجا ڕەفتار و کەســایەتی لــە دەرەوە لــێ دەشــێوێ، هەربۆیە ئەو کەســایەتییەی دەرەوەی خــۆی کە دەیەوێ دروســتی بــکات، دەبێتە کەســایەتییەکی مانــدووی ناکــۆک. لەبــەر ئــەو ئەنجامانەیە دەبــێ لەو بــوارەدا دایک و بــاوک زۆر وریــا بــن و زیاتــر لــە توانــای خــۆی لــە منداڵەکەیان بــار نەکــەن. لە حاڵەتــی ئاوهادا ئەگەر منداڵ بە شــێوەیەکی ئاســایی مامەڵــە لەگــەڵ دەرەوەی خۆیدا بــکات ئەوکاتە دەردەکــەوێ باوەڕی بــە خۆیەتــی، مادام بــاوەڕی بە خۆیەتــی، باوەڕی بە خەڵکیشــە و لە خۆی ناترســێ، لــە خەڵکیش و لە کۆمەڵگایش ناترســێ، ڕقی لە کەس نییــە و پێیشــی وا نییــە کــە خەڵک ڕقــی لێیەتی و خۆشەویســت نییە. ئــەو هەســتە لە منداڵــی دە بۆ دوازدە ســاڵ هەبــێ زۆر گرینگە. بۆیە دەبــێ لــە چاودێریکردنــی ئەو دۆخــەی منــداڵ وریا بیــن. بەداخەوە ئێمــە لە کۆمەڵگای کوردســتاندا لــەم ڕووەوە منداڵانمان زۆر زوڵمیان لــێ دەکرێ، ئەویــش لەبەر ئاســتی پاشــکەوتوویی خوێنــدەواری و نازانســتیی پەروەردە لە کوردســتاندا دایک و باوکان و قوتابخانەکان

ئـەو باڵانسـەی منداڵەکانیان پێ ڕاناگیرێ، بۆیـە زۆربەی منداڵەکان تا گـەورەش دەبن یا شـەرمنن کە شـەرمن بیش وەکوو دیـارە جۆرێکە لـە ترس و باوەڕبەخۆنەبوون، یان لاوازیی کەسـایەتییانە، کە گەورەش دەبـن دەچنـە مەجلیسـێک دەشـێوێن کـە چۆن سـڵاو بکـەن و چۆن وەڵامـی خەڵـک بدەنەوە یان چـۆن مامەڵە لەگەڵ کەسـانی دیکەدا بکەن.

یەکێکـی دیکـە لە سـیفەتە پێویسـتەکان کە منـداڵ لـەو تەمەنەدا بە ئاسـانی وەریدەگرێ و ئامادەیی تێدایە لە کەسـایەتیی خۆیدا جێگیری بـکات، ئەگـەر بـە شـێوەی پـەروەردەی بـاش پێـی بـدرێ، ئەویش هەبوونی کەسـایەتیی باشـە. کەسـی باش ئەوەیە کـە ڕەفتاری بەپێی نیـازە ئاسـاییەکانی خۆی بـێ، باوەڕەکانی بەپێی نیازە ئاسـاییەکانی بێ و لەسـەر بنەمـای ئەوەش کاری دروسـت بکات. کاری دروسـت ئەوەیـە ئەگـەر نیازێـک یـان خواسـتێکی هەیە و لـە پێناویـدا هەوڵ دەدات دەبـێ ڕێـگا و شـوێنی هەوڵدان بـۆ هێنانەدیی ئـەم نیازە فێر ببێـت. لـەوەدا زیاد نـەڕوات و کەمیش نـەڕوات. لـەو حاڵەتەدایە فێر دەبـێ لـە مێشـکی خۆیدا بـە بنەمـای ڕێکوپێـک کار بـکات. ڕێگا بە تێکـەڵ و پێکەڵـی نـەدات، بۆیە بە ئەندازەی پێویسـت ڕەفتـار دەکات، ڕەفتارەکانـی خۆی گەشـە پێدەدات و فێر دەبێ سـنوورەکانی هەموو کارێکی دروست دەستنیشـان بکات و لەو چوارچێوەیەدا بجووڵێتەوە. هـەر بۆیەش لـەو قۆناغەدا منـداڵ ئامادە دەبێ کە پێـی بگوترێ فڵان کارت هەڵـە بـووە و گـوێ دەگرێ، واتـا ڕەخنە قەبـووڵ دەکات و لە هەمـان کاتیشـدا ڕەخنە لـە لایەنی بەرامبەریـش دەگرێ.

هـەر لـەو قۆناغەدایـە کە دەگەنـە کۆتاییـی قۆناغی دوازدە سـاڵە، قۆناغی خامۆشـیی جنسی(سێکسـی) کۆتایی پێ دێت، بۆیە پێویستە لە قۆناغـی نوێـدا چاودێریی مێرمنداڵ بکرێ. ئیتر منـداڵ دەچێتە تەمەنی پێـش گەنجایەتـی، بۆیـە پێویسـتە کۆنترۆڵـی بەرنامـە بۆداڕێژراوی واقیعبینانـە بـۆ دابنـدرێ، بـە شـێوەیەکی ئەوتـۆ بێ کە هەسـت بە دەسـت و پـێ گرتـن نەکات، هەسـت بە شـکانی کەسـایەتیی نەکات.

بەڵکــو ئــەو کۆنتــرۆڵ یان چاودێرییــەی دایک و بــاوک وا لە لای ئەو تــەواو ببێ کە هــاوکاری و ڕێنوێنییە و مامۆســتایەتییەکی زیرەکانەیە بۆ منداڵ.

لــەو قۆناغەدایە کــە دەبێ دایکان زیاتر هاوکاریــی کچەکانیان بکەن، چونکــە بــەرەو مێرمنداڵــی دەچــن و لە هەمــوو ئــەو گۆڕانکاریانەی جەســتەیی کــە لــە ژیانــی کچــدا ڕوو دەدەن، دەبێ دایــک ڕێنوێنی و فێــری بــکات. لــەوە بــەدوا پێویســتە دایــک زیاتــر لەگەڵ کــچ بێ بۆ ئــەوەی لەگەڵ عالەمی ژنــان تێکەڵی بکات. ئەگەر لە تەمەنی پێشــویدا یاریکردنــی زۆرتر لەگەڵ بــرا و هاوڕێکانی کــوڕی بووبێ یان ئەگەر زۆر لــە باوکــی نزیــک بووبــێ و بایەخــی پێدابــێ و وای کردبــێ کە زیاتــر لــە خەیاڵــی ئــەودا بــاوک دەور ببینــێ، ئــەوا ئــەو کچانــە لە گەورەییدا کێشــەیان بۆ دروســت دەبێ و سیفەتی ژنانەیان تێدا کەمتر دەبێتــەوە و زیاتــر ڕەفتاری پیاوانــە دەکەن. ئەوەش مەترســیدارە بۆ ژیانــی خــۆی و بــۆ ئــەو خێزانەی کــە لە ئاینــدەدا دروســتی دەکات. بــۆ کوڕانیــش هەروایــە. دایــک بۆ کــوڕ لەو قۆناغــەدا تەنیا ســۆز و خۆشەویســتی بــدات، بەڵام بــاوک زیاتر ئــەو پرۆڤــە و تەجرەبانەی پــێ بکات کــە خۆئامادەکردنە بــۆ ژیان و تەمەنــی گەورەیی. باوکیش دەبــێ هاوکاریــی کوڕ بــکات بۆ هەموو ئــەو گۆڕانگارییە جەســتەیی و دەروونییــەی کــە لە ژیانــی کوڕەکــەدا ڕوو دەدەن. هەروەها باوک دەبــێ هــەوڵ بــدات کــوڕی خــۆی لەگــەڵ خــۆی بەرێتــە دەرەوە و بیگێڕێــت و خەڵکــی تر ببینێ و ببینن و بزانــێ ژیانی دەرەوەی باوک چۆنــە. ئەوەش وا دەکات کە ســەرباری ئەو باســانەی کردمان منداڵی کــوڕ ڕوانگایەکیشــی لەســەر ژیانی باوکی و لەســەر ژیانــی کۆمەڵگا هەبــێ. دایکیش دەبــێ کچەکەی خۆی لەگەڵ خــۆی بەرێتە دەرەوە بۆ نــاو ژنان و نــاو بۆنەکانی کۆمەڵایەتی، ئەمــەش زیاتر کچ دەکاتەوە و بــاوەڕی بە خۆی دەبێ شــانازی بــە کچایەتیی خــۆی دەکات.

لــەو قۆناغــەدا بــە دڵنیاییــەوە کچ و کــوڕ لەکاتی هاویاریدا جنســی

خۆیــان هەڵدەبژێرن، ئەگەر تاکو ئێســتا کچ و کــوڕ یارییان بەیەکەوە کردبــێ ئــەوا زیاتــر کچــان بەیەکــەوە و کوڕانیــش بەیەکــەوە یاری دەکــەن. هەروەها گرووپی هاوڕێکانیشــیان بەشــێکی زۆری و کوڕ و کــوڕ و کــچ و کچ دەبێ، بــەڵام ئەوە بــەو مانایە نییە کە لــە گرووپی کوڕانــدا کــچ نابــێ یــان لە هیــی کچاندا کــوڕ نابــێ. دەبێ، بــەڵام لە ژیانــی بەتەنێی ئەو کــوڕە یان ئەو کچەدا دەبێ جنســی خۆی زۆرینە بــێ. لــە هەمانکاتــدا لــەو قۆناغەدایە کە دەبــێ فێری مێرمنــداڵ بکرێ کــە هیــچ جیاوازییەک لە نێوان کــوڕ و کچدا نییە، جیــاوازی لە نێوان دایــک و باوکــدا نییە، لــە کۆمەڵگادا ژن و پیــاو وەک مرۆڤ بەرابەرن و باســی ئــەو بەرابەرییەی بە شــێوەیەکی واقیعیانە بــۆ بکرێ، دوور لــە هەمــوو بیروباوەڕێکــی تەقلیدی و خورافــی و کولتووریی وڵاتەکە کە پاشــکەوتووانە جیــاوازی لە نێوان ژن و پیــاودا دەکات.

دەبــێ لــەو قۆناغەدا منــداڵ تێبگات کە ژن لە پیــاو کەمتر نییە کچ لە کــوڕ کەمتــر نییە(بەرابەریــی ژن و پیــاو)، بەڵکو ئەمــە مرۆڤە بە دوو شــێوە و بە دوو ڕەگەز پێویســتە هەبێ، هەردوو ڕەگەز جێی شانازین و هەرکــەس بــە ڕەگــەزی خــۆی خۆشــی و شــادی و بەختــەوەری دەبینێــت. ئەگــەر لەو قۆناغەدا منداڵ لە دژی جنســی بەرامبەری خۆی کەمێــک زبــر ڕەفتــار بکات و خەشــن بێــت، دەبــێ یارمەتیــی بدرێ زبــری و خشــوونەتی نەمێنێ. بۆ نموونــە گاڵتەپێکردنی کوڕان هەندێ جــار وا دەکات کــە کــوڕ دژی کــچ بێــت، ئــەوەش ترســناکە و دەبێ یارمەتیــی بــدەن کــە ئــەو ڕەفتــارەی خۆی ڕاســت بکاتــەوە. چونکە ئــەوە وا دەکات کــچ لە ناخی خۆیدا دوورکەوتنەوە لە جنســی کوڕ لە باوەڕ و کەســایەتیدا پــەروەردە ببێ، بۆیە دەبێ بــە کچیش ڕابگەن و پێــی بڵێــن کە ئــەو بیرکردنەوە هەڵەیە. ئــەو پێڕاگەیشــتن بە هەردوو جنســەکە بۆچی باشــە؟ پرســیارەکە ئەوەیە، ئەگەر کوڕ لەو قۆناغەدا بچەقێــت ئەوا لــە گەورەییــدا زۆر دژی ڕەگەزی ژن دەبــێ و ناتوانێ پێوەندییەکــی باشــی لەگەڵ ژنان هەبــێ. ئەگەر خێزانیــش پێک بهێنێ خێزانێکــی پڕ لە کێشــەی دەبێت. ئەگەر کچیش لــەو تەمەنەدا بچەقێت

و بەوەی کەوا پیاوان خەراپن پەروەردە ببێ، ئەوا لە گەورەییدا ژنێکی دژەپیاو دەبێت، هەست و عەقڵیەتی لەو قۆناغەدا بەجێ ماوە کە کوڕەکانی پێ خراپ بووە، بۆیە لە گەورەییشدا پیاوەکانی پێ خراپە. ئەم تایبەتمەندییە لە مرۆڤدا هەیە دەبێ تێبیگەین، با نموونەکە بە شتێکی زۆر سادە بهێنمەوە؛ ئەگەر خشتی یەکەم و دووەمی بناغەی هەر خانوویەک پتەو نەبن ئەوا درز لە باڵاخانەی گەورەدا بە درێژاییی مێژووی ئەو باڵاخانەیە دەمێنێتەوە و ئەو درزە کاری سەلبیی خۆی لە وەزیفەی ئەم باڵاخانەیەدا دەکات. مرۆڤیش وایە، بینای شەخسیەتی مرۆڤ قۆناغ بە قۆناغ دادەندرێ، دەبێ قۆناغەکان بەپێی خۆیان پتەو و ڕێکوپێک و پڕ لە زانیاری و زۆر ساغ و سەلیم بن.

لەم قۆناغەدا سەرەڕای سوودوەرگرتن لە مۆبایل و ئایپاد و کەرەستەکانی دیکەی تەکنۆلۆژیای گەیاندن بۆ وەرگرتنی زانیاری، دەبێ بزانین کە هیچ هەڕەشەیەکی بۆ سەر ئەوان نییە تەنیا ئەوە نەبێ کە بۆ خوێندن و بۆ کارکردن وەختی خۆیان ڕێک بخەن، وەک دیارە ئێستا خوێندن کەوتۆتە سەر کۆمپیوتەر و لاپتۆپ و یان ئەو کەرەستانەی کەوا بەتایبەتی بۆ قوتابیان دروست دەکرێن، ئەوەش وا دەکات شارەزاییی منداڵان لەو تەمەنەدا لە ئای تی و تەکنۆلۆژیای گەیاندنی زانیاری و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان زیاد بکات. نابێ بەوە حەساس بن، هەڵبەتە ئەوە وا دەکات زانیارییەکی پێویست لە تەمەنی دە بۆ دوازدەساڵیدا بۆ ئەو منداڵانە هەبێت، زۆر شت دایک و باوک پێیان ناڵێن ئەوان بۆخۆیان دەیزانن. لەو ڤیدیۆ و فیلمانەی کەوا تەماشای دەکەن و لەو پەیامانەی کەوا بۆیان دێن، ئێستا نەک هەر گرووپی برادەرانی خۆیان هەیە، بەڵکو گرووپ و برادەریان لە سەرانسەری دنیادا هەیە و بڵاو بوونەتەوە و بیروڕا دەگۆڕنەوە و وێنە بۆ یەکدی دەنێرن، پاشان ئاشنا دەبن. بۆئەوەش تەنیا دەبێ هاوکاریی بکرێن کە ئەم گرووپانەی لە ڕێی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئینتێرنێتەوە پەیدای دەکەن، کەسانی فێڵبازی

خەراپـكار نەبن كـە منداڵەكان بەرەو كاری خراپ ڕابكێشـن یان زەبر لە تەندروسـتییان بدەن.

هـەر لـەو قۆناغەدایە بۆ كـچ و بۆ كـوڕ هەیە جارێكـی دیكە فێری دابونەرێتـی باشـی كۆمەڵـگای خۆیان بـە كولتووری خۆیـی بكرێن. نابـێ لـە قۆناغـە و لـە ماڵیش دایـك و بـاوك بەپێی حـەز و ئەوەی كـە خۆیان لێـی ڕاهاتـوون، قانوونـی دیاریكراوی سـەخت و قورس بـۆ منداڵـەكان دابێنن بەو نـاوەی گوایـە؛ ئەمە ڕێوڕەسـمی خێزانیی ئێمەیـە. بەڵێ ڕاسـتە هەندێك ڕێوڕەسـم لە خێزاندا هەیە و پێویسـتە هەندێـك نـەزم و تەرتیـب لە ژیانـدا هەبـێ و پێوەندییەكان ئاسـایی و سـاغ و سـەلیم بـن، دەبـێ شـادی و خۆشـی و هـاوكاری هەبێ، بـەلام هـەر منداڵـەش بۆخـۆی تایبەتمەندیی خۆی هەیـە و دەبێ ئەو تایبەتمەندیانـەی خـۆی نیشـان بـدات و پەیڕەویان بـكات. بۆیە دایك و بـاوك نابـێ زۆر وشـكوبرینگ بـن و منداڵەكانیـان لەسـەر جـل لەبەركـردن و جۆری یـاری و برادەرەكانیان (ئەگـەر برادەری خراپ نەبـن) و جـۆری برادەرەكانیان ئـازار بدەن.

لـەم قۆناغەدا زۆر پێویسـتە بەردەوام و بە شـێوەیەكی نەرم كچ و كـوڕ بە بیریان بهێندرێتەوە كە پێویسـتە ڕێكوپێك بـن. ڕێكوپێك بەو مانایـەی كە نـەزم و تەرتیب لـە كارەكانیانـدا هەبێ، لەسـەر بنەمای نـەزم و تەرتیبكردنـی مەعقوول خوێندن و جـل لەبەركردن و وەختی خۆیـان تەرخـان بكەن، فێر ببن كە مێشـكیان لەسـەر بنەمای نەزم و تەرتیب ڕابێت. ئەوەش هەر لە ئەساسـڕا تایبەتمەندیی مێشـكی مرۆڤە. ئەم شـێوازە لە ژیانی منداڵەكاندا سـەركەوتن و خۆشـی دەسـتەبەر دەكات، هەروەها ئارامی و ڕەزامەندی لە سیسـتەمی مێشـكدا دروست دەكات، منداڵیش هەمیشـە بەم شێوەیە سـەركەوتووتر دەبێت.

دەبـێ منـداڵ لـەو قۆناغـە فێر بكـرێ ئـەو خەرجییـەی دەیدرێتێ، جـا ڕۆژانـە یـان هەفتانـە و مانگانە بێ، بـەو ئەندازەیە خـەرج بكات كـە پێویسـتە و سەرفكردنەكەشـی بە حـەزی خۆی بێت و ئەو شـتە

بــێ کــەوا ئــەو دەیەوێ(کۆنترۆڵــی خۆمەســرەفی). دەبێ فێــر بکرێ کــە چــۆن ســەرف دەکات، خەرجییەکەش بەشــی خۆی بــێ، واتا ئەو خەرجییــە بــکات کە بۆی دانــدراوە. بــەڵام دایک و بــاوک بۆیان نییە لــە وردەکاریــی خەرجکردندا لەگــەڵ منداڵدا بن و فەرمانــی پێ بدەن؛ ئــەوە خــەرج بکــە و ئەوەیــان مەکــە، یــان منداڵ فێــر بکــەن و بڵێن پــارە هــەر ســەرف مەکــە و بۆخــۆت هەڵیبگرە. نــا ئــەو پارەیەی کە دەدرێ بــە منــداڵ بــۆ ئەوەیــە کــە خەرجــی بــکات، دەبێ پێــی بڵێی لــە یــەک ڕۆژدا خەرجی بــکات، ئەگــەر هەفتانەیە دەبێ پێــی بگوترێ لــە هەفتەیەکــدا ســەرفی بکات، ئەگــەر مانگانەیــە بەهەمان شــێوە لە مانگێکــدا ســەرفی بــکات. چۆنــی ســەرف دەکات بــا بیــکات، تەنیــا ئەوەیــە کــە بەفیــڕۆی نــەدات. لەوانەیــە لەو بــوارەدا هەڵــەش بکات، لــە هەڵەکاندا پێویســتە کەمێک تێبینــی بدرێتێ، بەو شــێوەیە زوو فێر دەبــێ نەزمێــک لــە خەرجیی خۆیــدا دروســت بــکات و مەعقولیەتێک لــە خەرجییەکانیــدا هەبێــت. لــە گەورەییشــدا باشــییەکەی ئەوەیە کە فێــر دەبــێ لە ڕێگای دروســت پــارە بەدەســت بهێنی، لە ڕێــگای کار و بەرهــەم و، بــۆ نیازەکانــی خــۆی خەرجــی بکاتەوە. ئــەوکات پارە وەک ئامــراز و وەســیلە وەردەگرێ نایکاتە هــەدەف. هەر منداڵێک فێر بکــرێ کە کۆکردنــەوەی پارە هەدەفی بێ، بــە تایبەتی ئەو دەخیلانەی کەوا دروســت دەکرێن بــۆ ئەوەی منداڵ پارەی خۆی ســەرف نەکات و بیخاتــە نــاو دەخیلەکــەی، ئــەوە زۆر خــراپ دەکەوێتــەوە، چونکە خــودی پارەکە بۆی دەبێتە هــەدەف و نیازەکانــی نایەنێتە دی. کاتێک گــەورەش بــوو، ماڵی دنیا بێ ئــەوەی بەکاری بهێنێ بــۆ بەختەوەری و خۆشــیی خۆی و خێزانەکەی، ئەوا بە پێچەوانەوە نەک خۆشــحاڵیان نــاکات بەڵکــو خۆی و خێزانەکــەی دەکاتە قوربانــی و دەیکاتە پرد بۆ زیادبوونــی پارەیەک کــە تەنیا ژمارە و کاغەزە، یــان تەنیا باڵاخانە و داراییەکانــی دیکەیەتــی، بەڵام لە ژیانــی ئەودا هیچ خۆشــییەکی نوێ دروســت نــاکات، پەیوەندیی نێوان خێــزان پتەو نــاکات و بەختەوەری ناداتــە خــۆی. ئەو هەبوونەش دەبێتە پارەپەرســتی، پارەپەرەســتییش

ســەرکەوتن نییە، بەڵکــو بردنەوەیە. بردنەوەیەک کــە ئازاری خۆی و خێزانەکــەی دەدات. بۆیــە دەبێ منداڵ لە تەمەنی دە بۆ دوازدە ســاڵی فێــر بکــرێ کە ئەو پــارەی بــۆی داندراوە ســەرفی بکات، لــە هەمان کاتــدا دەبــێ فێر بکرێ ئەو بــڕە پارەیە بۆ زەمانــی دیاریکراوی خۆی بەشــی بکات.

منــداڵ لــەو تەمەنــەدا دەبــێ فێر بکــرێ جــار جــار بەرنامەیەکیش بۆخــۆی دابنێ و بــە کارەکانی خۆیــدا بچێتەوە، هەڵیان بســەنگێنێ و بــە خۆشــییەکانی خۆیشــیدا بچێتەوە تــا بزانێ چۆن ئەو خۆشــیانەی دابیــن کــردووە، بــۆ ئــەوەی فێــر بــێ بــە هەمــوو نیازەکانــی خۆی ڕابگات(بەخۆداچوونــەوە). پێویســتە منــداڵ لــەو تەمەنــەدا فێر کرابێ کــە چۆن یاری بــکات، ئەو یاریانــەی بە لایەوە گرینگن و ئەوانەشــی کــە جووڵــەی زۆریــان تێدایــە. دەبــێ منــداڵ فێــر بکرێ خۆشــی لە موزیــک و هونــەر وەربگــرێ و هــان بــدرێ تــا ئامێــری موزیک بە کار بهێنــێ، فێری شــایی و ســەما بکــرێ، هەروەها منــداڵ فێر بکرێ فیلمەکانی تەمەنی خۆی تەماشــا بکات. هەروەهــا فێر بکرێ کە زمانی جەســتەی کامــڵ بــێ. زمانی جەســتە ئەوەیە کــە لە کاتی قســەکردن و دەربڕینــی نیــازەکان و خواســتەکانی خۆی دەســت و دەم و چاو و ئــەوەی کە پێی دەگوترێ ئاکار، بە شــێوەیەکی ئاســایی بــە کار بێنێ و تەعبیــر لە خواســتەکانی بکــەن، هەر منداڵیک فێر بکــرێ کە ئاکاری دەربڕی نیازەکانی بێ، دەبێتە کەســێکی شــیرین و کەســی بەرامبەری نــەک زۆر بە ئاســانی لێی تێدەگات، بەڵکو لێیشــی نزیــک دەکەوێتەوە بۆئــەوەی کــە هاوکاریــی بــکات. ئــەو ڕەفتــار و ســیفەتە دەبــێ لــە منداڵدا بچەســپێندرێ چونکە دەیکاتە کەســێکی شــیرین، لە گەورەییدا دەبێتــە کەســێکی ڕووحســووک، کەســێکی لەســەر دڵان شــیرین و خــۆش. ئــەوەش وا دەکات لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیدا بە ئاســانی هاوکاریــی بکــرێ و بە ئاســانی جێگەی خــۆی ببینێتــەوە. پێچەوانەی ئــەوە ئەگــەر هاوکاریــی نەکــرێ یان ســەرەچەنگ بــدرێ، دەچێتەوە ناوخــۆی و زمانــی جەســتەی واتــا ئــاکاری تەعبیر لە خواســتەکانی

نــاكات، تێكــەڵ و پێكــەڵ دەكات و دەبێتە كەســێكی مــۆن و مرچی لە خۆیــدا. ئەوەشــە كە لە گەورەییدا دەبێتە كەســێكی ڕەزاقورس، دەبێتە كەســێك كە ســەرباری ئــەوەی لەوانەیە توانایی هەبن، بــەڵام ناتوانێ ڕێــی خۆی لەناو كۆمەڵگادا بكاتەوە، شــوێنی خــۆی پێ دیاری ناكرێ، زۆر بــە ســەختی ئامانجەكانــی دێنێتــە دی و دەوروبەریشــی ماندوو دەكات. ئــەم ســیفەتانە لــەم تەمەنــەدا دەكرێ لە منداڵــدا بچێندرێ.

هــەر لــەو تەمەنەدایــە دەكرێ منــداڵ لــە گرێیەک یــان عوقدەیەک ڕزگار بكــرێ كــە پێــی دەگوتــرێ گرێــی خــۆ بەراوردكــردن. خــۆ بەراوردكــردن لــە چــی؟ خــۆ بەراوردكــردن بــە خەڵكی دیكــە. ئەم خۆبەراوردكردنــە لــە هەندێ ڕووداوی ســادەوە دەســت پێ دەكات، كاتێــک كــە جیرانەكەیــان دزی لــێ دەكــرێ، منــداڵ بە شــێوەیەكی ئۆتۆماتیــک دەترســێ دزی لەوانیــش بكرێ. پێویســتە پێــی بگوترێ ئەگەرچــی دزی لــە جیرانەكەمــان كــراوە، بــەڵام شــەرت نییــە لــە ئێمــەش بكــرێ، ئەو شــتەی لە ماڵــی جیرانەكــە هەبــوو لەوانەیە لە ماڵــی ئیمــە نەبــێ، ئەگەر هەشــبێ ئــەوان كەمتەرخەمییــان كردووە و ئێمــە كەمتەرخەمــی ناكەیــن. یان ئەگــەر یەكێک نەخــۆش بووە و یەكێک تووشــی كارەســات بووە یەكســەر وا نەزانێ ئەویش تووش دەبــێ. كــەی منداڵ ئەو ترســە یان ئەو گرێیەی تێدا دروســت دەبێ؟ كاتێــک كــەوا دایــک و باوک بــاس دەكــەن، كاتیک كــە دزی دەكرێ لــەلای منــداڵ دەڵێــن لەوانەیــە لــە ئێمەش بكــرێ و جــا خۆیان كۆ دەكەنــەوە و منــداڵ تێدەگەیەنــن كە وریــا بێ، یان كاتێــک كە منداڵی یەكێــک نەخۆش دەبــێ یان دوور بــێ دەمرێ، ئەوان یەكســەر خەم دایاندەگــرێ كــە لەوانەیــە منداڵــی ئەوانیــش هەمــان نەخۆشــی یان ڕووداوی تــووش ببــێ. ئــەوە نیگەرانــی و شــڵەژان لەنــاو منداڵەكە دروســت دەكات و هەمیشــە لــە گەورەییشــدا فێــر دەبــێ كــە خۆی بــەراورد بــكات. ئــەو خۆبەراوردكردنــە مانــدووی دەكات و وزەی بەهــەدەر دەدات و هیچیشــی بۆ دابین ناكات. دەبێ ئەو ســیفەتانەش لــە منداڵــدا بنبــڕ بكرێــن و پێــی بگوتــرێ ئەگــەر یەكێــک تووشــی

کارەساتیک دەبێ شەرت نییە ئێمە تووش بین، لەوانەیە تۆ هەر تووش نەبی، چونکە بارودۆخەکەت لەگەڵ ئەو جیاوازە.

لەو تەمەنەدا تەبایی ناو خێزان زۆر یارمەتیی منداڵ دەدات پێشکەوێت. ناکۆکیی نێوان دایک و باوک بەتایبەتی لەو قۆناغەدا منداڵ دەچەقێنێ و تووشی شڵەژان و نیگەرانیی دەکات، باوەڕبەخۆبوونی ناهێڵێت و لە دەرس و خوێندن ڕایدەگرێ. هەموو ئەو سیفەتانەی کە پێش ئێستا گوتمان، دەبێ باشەکانی تێیدا هەبن ئەگینا تووشی گرفت و نووشوستی دەکات. بۆیە زۆر گرینگە لەو قۆناغەدا دایک و باوک واقیعبین بن، ئەگەر گۆڕانکارییەکیش لە پێوەندیی خواردن و جنس و پێکەوەبوونی ئەواندا هەبێت کە ئەوە زۆر ئاساییە و لە ژیاندا ڕوو دەدات، ئەوا هەوڵ بدەن لە پێناوی خۆیان و منداڵەکانیان ئەو گۆڕانە گەورە نەکەن و تەفاهوم بکەن و خێزانێکی پڕ لە خۆشەویستی نیشانی منداڵەکانیان بدەن. خۆشەویستییەکی ڕاستگۆیانە بێ و ئەو ماڵەی کەوا ئەو منداڵانە تێیدا پەروەردە بوونە، تێیدا فێری نەزم و تەرتیب بوونە، فێری خۆشەویستی بوونە، بەردەوام بێ و نەیشکێنن.

لەو قۆناغەشدا دەبێ وەک هەمیشە هاوکار و پشتیوانی منداڵەکان بین کە پارێزراو بن لە پەلاماردانی جنسی یان سێکسی، بەهەر شێوەییێک بێ. لە تەشقەڵەپێکردنەوە کە هەندێ جار منداڵ دەبێتە قوربانیی جنسی بەتایبەتی کچان هەروەها کوڕانیش. ئەوە شەخسییەتیان دەڕووخێنی و تووشی نەخۆشیی زۆر گەورەیان دەکات و لە پرۆسەی ژیان ڕایاندەگرێ. کە دایک و باوک هەستیان پێ کرد دەبێ بە خێرایی بە پزیشک ڕابگەن بۆ ئەوەی چارەسەری تایبەتی بۆ بدۆزنەوە.

پێستێکی واقیعی لەسەر جسمی ئێمە هەیە و ئێمە دەپارێزێ لە هەموو نەخۆشییەکانی دەرەوە، ئەوا پێستێکی تریش هەیە پێی دەگوترێ پێستی دەروونی، ئەم پێستە سەلامەتیی دەروونی

مرۆڤـە. جـا بـۆ منـداڵ زۆر ژیانبەخشـە و دەبـێ ئـەو پێسـتەی بە ئاسـایی بـۆ دروسـت ببـێ و بپارێزرێـت. سـەلامەتیی دەروونـی بە هەمـوو ئـەو ڕێوشـوێنانە دەکرێ کە من باسـم کردن. هـەر منداڵێک لەهـەر قۆناغێکـدا بێ، لە یەک تا دوازدە سـاڵی کێشـەی بۆ دروسـت کرابـێ و ئـازار درابێ، لە شـوێنێک چەقیبێ و بـاوەڕی بەخۆی نەبێ، یـان یەکێک لە نەخۆشـییەکانی باسـمان کردن گرتبێتی، ئـەوا دەیکاتە منداڵێکـی حەسـاس، وەکـو ئەوەیـە کـەوا پێسـتی برینـدار بووبێـت یـان هـەر کـەوڵ کرابێت، بە هـەر قسـەیەک بریندار دەبـێ و بە هەر هەواڵێـک نیگەران دەبێ، بەهـەر هەڵسـوکەتێکی دەورووبەری تەنگاو دەبـێ و وا دەزانـێ مەبەسـت ئـەوە، پەیـام بـە هەڵـە وەردەگرێت و هەمیشـە کەسـێکی شـڵەژاو و بە سـترێس دەبێت. دەبێ وریا بین و نابـێ پێسـتی دەروونیـی منداڵی خۆمـان بدڕێنین و برینـداری بکەین یـان دایماڵیـن. جاری وا هەیە دایک و باوکی نەزان پێسـتی دەروونیی منداڵ دادەماڵن، بۆیە منداڵێکی وەسواسـی حەساسی باوەڕبەخۆنەبوو دێننـە مەیـدان کـە توانایشـی هەبـێ، نازانـێ تواناییەکانـی خۆی بە کار بخـات. لـەو قۆناغەدایـە منـداڵ ئامادەباشـییێکی زۆری دەبێت بۆ ئـەوەی وەسـواس بێت. وەسواسـیی دایـک و باوک لە ڕەفتـاردا یان لـە دەروونیـدا بە خێرایی بـۆ منداڵ دەگوازرێتـەوە. دایک و باوک لەم ڕووەوە دەبـێ وریـا بن هەم خۆیان چارەسـەر بکـەن و هەمیش ئەم بەڵایـە بۆ منداڵەکانـی خۆیان نەگوازنەوە. زیدەڕۆیـی لە خاوێنی و لە پیسـیدا نەکـەن، زیدەڕۆیـی لە دیققەت و لـە تەرتیبدا نەکـەن. نەزم و تەرتیـب پێویسـتە لە ئەندازەی خۆی، خاوێنی پێویسـتە بـە ئەندازەی خۆی، سـەرفکردن پێویسـتە بە ئەندازەی خۆی، هەروەها ئیقتیسـادی و سـەرفیش پێویسـتە بـە ئەندازە و سـنووری خۆی. هەموو شـتێک ئەندازەیەکـی هەیـە کـە ئـەو ئەندازەیـە بەپێـی بەرژەوەندیـی ژیان سـنووری خۆیـان هەیە. بۆیە ئەگـەر وا نەکەین بەتایبەتی وەسـواس لـەو بوارانەی کە باسـم کردن، سیسـتەمی مێشـکی مرۆڤ تووشـی دووبارەبوونەوە و کۆکردنەوە و پەنهانکردن دەکات. دووبارەکردنەوە

ئەوەیــە تۆ بەردەوام شــتێک هەر دەشــۆی و دەشــۆی پێتوایە خاوێن نابێتــەوە و پیســی یەخــەت بەرنادا، یــان دیققەت لــە تەنزیمکردندا بە ئەندازەیەکــە کــە مــرۆڤ و دەوروو‌بەریــش ئــازار دەدات. هەروەهــا بابەتــی پەنهانکــردن یــان شــاردنەوەی زۆر شــت لەناو دڵــی خۆتدا دەیڵێیــەوە و زیــادی دەکــەی بــێ ئــەوەی کــەوا بیڵێــی. کەچــی لــە ڕاســتیدا لــە دەرەوە هیچ وجوودێکــی واقیعییان نییــە. وەک ژماردنی دیاردەکانــی دەوروو‌بــەر لەنــاو ماڵدا هەیــە بێ ئەوەی پێویســت، بێ ئەمانە تووشــی منداڵ دەبن و وزەی منداڵ بــە فیڕۆ دەدەن و ئارامیی دەروونــی لــێ دەســتێننەوە. پێچەوانەکــەی ئەوەیە کە منداڵێکی ســاغ و پێســتێکی ئەســتووری دەروونــی هەیــە، وەک چۆن پێســتی خۆی لەدەســت میکرۆب و بەڵاکانی دەرەوە دەیپارێزێ، پێستی دەروونیشی لەدەســت هــەر پەیامێکی ناڕاســت وەکو خــۆی بەرگری لــە منداڵەکە دەکات، کەســێکی واقیعبیــن و ســاغی لێ دروست دەکات، کەســێکی باوەڕبەخۆبــووی لــێ دروســت دەکات، وەکــو دەڵێــن چلێــک نابێ بە هەموو بایــەک بلەرزێ.

# بەشی دەیەم

## مێرمنداڵ لە تەمەنی دوازدە تا چواردەساڵی

### قۆناغی یاسامەندی

ئـەم قۆناغە بە قۆناغی قانوون یان یاسـامەندی لـە ژیانی مێرمنداڵدا حیسـێب دەکرێـت. لـەو تەمەنـەدا گەشـەی خێـرا لـە کامڵبـوون و گەورەبوونـی جەسـتە دەبینیـن. توانای جموجـۆڵ و حەرەکەپێکردنی هەمـوو بەشـەکانی جەسـتەی مێرمنـداڵ تـەواو دەبێت. ئەگـەر کەموکوڕییـەک هەبێـت دەبـێ دایک و بـاوک سـەردانی دکتۆری پێ بکـەن، بـۆ ئەوەی بزانن کێشـەکەی لـە کوێوەیە. هەرلەو قۆناغەشـدا گەشەسـەندنی مێشـک بەردەوامـە، تایبەتمەندیـی نوێـی دەروونی و ڕەفتـاری بـۆ مێرمنـداڵ درووسـت دەبـن. منـداڵ قۆناغـی منداڵێتیی بـاڵای تێپەڕانـدووە و داخیلی قۆناغـی یەکەمی مێرمنداڵـی بووە. واتا هەندێـک لـە تایبەتمەنـدی و تواناییەکانـی گەنجێتی بە شـێوەی زۆر سـەرەتایی تیـا دەردەکەوێـت. مێرمنـداڵ جیایـە لـە ڕووی قامەت و قەڵافـەت، لـە ڕووی دەنگ و خواسـت و شـێوەکانی بـاری دەروونی کـە هەیەتـی، جیاوازە لـە منداڵ.

لەو تەمەنەدایە کە مێرمنداڵ گەشـەیەکی هەندێک جار ناهەماهەنگیش لــە جەسـتەیدا دەبینرێـت. بـۆ نموونە بـۆ ماوەیەکی زۆر بەشـێک لە

جەســتەی خێرا گەشــە دەکات، ماوەیەکی دیکە باڵانس وەردەگرێتەوە (تەعــادول درووســت دەبێــت). بۆیــە هەندێک جــار دەبینــی هەندێک ئەندامی بەشــی مێرمنداڵ کەمێــک گەورەتر لە بەشــەکانی دی دیارن، کــە لە ڕاســتیدا گــەورە بووە، گەشــەی کــردووە، بەڵام بە نائاســایی گــەورە نییە، چونکە پــاش ماوەیەکــی دیکە دەوروبەری ئــەو ئەندامە گەشــە دەکات و ئەو گەورەییە باڵانســی خــۆی وەردەگرێتەوە لەگەڵ تێکــڕای جەســتەی ئــەو کەســە ڕێــک دەکەوێتــەوە. لــە مێرمنداڵاندا زۆرجــار گەورەبوونی لــووت یــان گەورەبــوون و بچووکبوونەوەی چاو، درێژبوونی دەســت و لاق، سەرنج ڕادەکێشیت، بۆیە زۆر گرینگە لــەو قۆناغــەدا بە هیچ شــێوەیەک توانــج و تانە لە منــداڵ نەدرێ، یان هەتــا بــە شــێوەی خۆشەویســتانەش بێت باســی ئــەو گۆڕانکارییانە نەکرێــن کە بە شــێوەیەکی کاتییــە و تێدەپەڕێت. چونکــە لەو قۆناغەدا مێرمنداڵ زۆر هەســتیارە و خۆی خــۆی دەبینێت، لە خۆی زۆر ڕازی نییــە، لــە هەمــان کات هــەوڵ دەدات زۆر خــۆی جوان بــکات، خۆی جــوان بێنێتــە بــەر چــاو، پەســندێکی زیاتــر و مەقبوولێکــی زیاتر لە دەرەوەی مــاڵ وەربگرێت.

لەو تەمەنەدایە کە جۆرێک لە گۆشــەگیری و هەندێک جار وەڕســی بە مێرمنداڵەوە دیارە. ئەو گۆشــەگیرییە زۆر ئاساییە، ئەگەر مێرمنداڵ زۆر قســە نــەکات یان زۆر تێکەڵ نەبێت، هەوڵ بــدات هەندێک جار بە تەنیا بێت یان لەگەڵ برادەرەکانیەتی، کارێکی ئاســاییە.

لــە هەمــوو بارێکــدا ڕێــژەی مانــەوەی لە ناو مــاڵ و بەشــداری و وەختگوزەرانــی لەگــەڵ دایک و باوک و برا و خوشــکەکانی زۆر کەم دەبێتــەوە. لــەو قۆناغەدایــە مێرمنداڵ زۆر دەخەوێت، ئــەو خەوە زۆر پێویســتە و زۆر ئاســاییە. ئیلتزامی جاری وایە کەمێک کەم دەبێتەوە، بــەو مانایــەی کەی لە خــەو هەڵدەســتێت، لە وەختــی ڕۆژ کاتی خەو نییــە ئەو دەخەوێت، درەنگ هەڵدەســتێت. هەندێــک جار ئەو تەنزیمەی لــە نووســتن و هەســتان و کارکردندا هەیــە تێکەڵی دەکات. پێویســتە

بە هیچ شـێوەیەک سـەرەچنگ نەدرێـت، لێیگەڕێن تێـر بنوێت، ئەگەر پێویسـت بوو بە هێواشـی مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، لە کاتی پێویسـتدا لە خەو هەڵبسـتێنرێت.

ئەگـەر منـداڵ کەمـدوو بـوو، پێویسـتە گوشـاری بـۆ نەهێنرێـت، بـەڵام هەرکاتێـک خـۆی ویسـتی قسـە بـکات، دەکـرێ گوێـی بـۆ بگـرن، دەرگای بـۆ بکەنـەوە هەسـتێکی ئاوای بـۆ ڕەوانـە بکەن کە ئێـوە گوێـی بۆ دەگرن و قسـەکانی ئـەو گرینگن. لە کاتـی جموجۆڵدا وەکو ڕۆیشـتن و هەڵگرتنی شـتومەکدا یان قسـەکرندا هەڵەی لێ ڕوو دەدات، بـۆ نموونـە کاتێک بە ڕێـدا دەڕوات، لەوانەیە بـێ ئەوەی هیچ مەبەسـتێکی هەبێـت قاچی بە شـتێکی سـەر ڕێـگا بکەوێـت و دەنگ بـەرز بێتەوە یان شـتەکە بشـکێ، یـان تەرتیبی ئەو شـتە تێک بدات، یـان کاتێک دەیەوێت شـتێک بگرێت ئەو دیققەتـەی نەبێت و لە پڕێکدا بـە جێگایـەک بکەوێـت. دەنگی زڕ دەبێت، لـەو حاڵەتانەدایـە لەوانەیە لـەو دوو سـاڵەدا هەندێک جـار مێرمنداڵ بە سـەیر و سـەمەرە بێتە بەرچـاو، جـا چ کـچ بێت یان کوڕ. بە شـێوەیەکی زۆرتریـش ئەمە لە کوڕاندا دیارە، بۆیە لەو دوو سـاڵەدا زانایی دایک و باوک و کەسـانی دەوروبـەری زۆر پێویسـتە. لـەو قۆناغەدایـە کە مێرمنداڵ پەسـندیی خـۆی و مەقبوولییەتـی خۆی لە دەرەوە تاقی دەکاتەوە، پێویسـتە ئەو هەسـتەی پـێ بکرێ کە ئەو مرۆڤێکی پەسـندە، خەڵـک وەریدەگرن و ڕێـزی دەگرن، قسـەکانی نرخی هەیە و، ئـەو ئاکارانەی دەیکات کاری باشـن. هەڵبـەت تەنیـا ئەوکاتانـەی کاری هەڵـە دەکات، دەبێ زۆر بە هێمنی هەڵەکەی بۆ ڕاسـت بکرێتەوە نەک ئەوەی سەرزەنشـت بدرێت یـان پەلامـار بدرێت، یـان بێبەش بکرێـت. بەڵکو دەبێ هـەوڵ بدرێت تێبگەیەنرێـت. چونکە لەو قۆناغەدا مێرمنداڵ توانای تێگەیشـتنی هەیە، بـەڵام تێگەیاندنێکی مەنتیقـی بەپێی باری سـایکۆلۆژیی ئەو، دوور لە هەڵچـوون و پەلەکـردن، دوور لە ئیهانەکردن و بەکەمزانین. پێویسـتە دایـک و بـاوک و دەوروبەر هونەری ڕاکێشـانی سـەرنجی مێرمنداڵ فێـر بن تـا مێرمنـداڵ لـە کاتێکـی دیاریکـراوی ڕۆژدا یان لـە چەند

ڕۆژ جارێکـدا توانایـی لە خۆیدا درووسـت بکات بۆ ئـەوەی گوێ لە قسـەکانیان بگرێـت، گوێگرتن بـەو مانایە بـێ کە لێیـان وەردەگرێت و هـەوڵ دەدات ئیلتزامیـان پێـوە بـکات. ئـەوە باشـترین ڕێـگای پێوەندییـە لەگـەڵ مێرمنداڵ و، باشـترین شـێوازە بـۆ بەردەوامبوون لـە پەروەردەکردنیدا.

ئەگـەر لە ڕەفتـار و پابەندی یـان ئیلتزامەکانی مێرمنداڵـدا هەندێک ئیهمـال یـان کەمتەرخەمـی دەبینرێـت دیسـان زۆر ئاسـاییە، چونکە لەوانەیە بە ئەنقسەت وا نەکات، پرۆسەی گەشەسەندن و گەورەبوونی مێشـک هەروەکو چۆن لە ئەندامەکاندا ناهاوسەنگی درووست دەکات، لە مێشـک و چۆنیەتیی ڕژانی هۆرمۆنەکانیشدا ئەو زوو و زۆرە هەیە، واتـا ئەو هۆرمۆنانـە زوو بڕژێن یان زۆر بڕژێـن، کاریگەری دەخاتە سـەر ڕەفتاری مێرمنـداڵ. بۆیە لـەو قۆناغەدایە کە دەبـێ ئاماژەیەک بـە پەروەردەکردنـی تەقلیـدی یان سـوننەتیی کوردسـتان بدەین کە هەڵەی زۆر گـەورەی تێدایە.

لـەو قۆناغەدا لـە کۆمەڵگای کوردسـتان کاتێک مێرمنداڵ پێویسـتی بە نیشـاندانی خۆشەویسـتی و لێکنزیکبوونەوە و ڕێزگرتنە، هەروەها پاراستنی سـەربەخۆییەتی، سەربەخۆیی بەو مانایەی زۆربەی وەختی خـۆی لەگـەڵ دۆسـتەکانی یان بـە تەنیا یـان لەگـەڵ هاوڕێییەکانی دەگوزەرێنێـت، لەجێـی ئـەوەی ڕێزی ئەوانـە بگیرێت، هـەوڵ دەدەن کاری قورسـی پـێ بسـپێرن، کـە پێـی نەکرا ئـەو سـیفەتی حاڵۆری دەدەنـە بـەر. دەڵێن فلان بەرپێی خۆی نابینێت، دەسـت دەوەشـێنێت، قسـەی بێجێ دەکات، نـاو و ناتۆرەی جیاجیا بـە مێرمنداڵ دەدەن کە ئەوانـە هەموویـان مێرمنـداڵ چ کچ بێت، چ کوڕ بێـت زۆر بە توندی دەیشـکێنێتەوە، کەسـایەتی تێـک دەئاڵێت، ڕق و کینەی لا درووسـت دەکات، گۆشـەگیرییەکەی لا زیـاد دەکات. بۆیـە میرمنـداڵ بـە هیـچ شـێوەیەک ئـەو تێبینییانە وەرناگرێـت کە بە مەبەسـتی چاککردنی لە کاتـی ئـەو قسـانەدا پێیدەگوترێ. پرۆسـەی جیابوونـەوەی مێرمنداڵ

لــە دایــک و باوک لــەو تەمەنــەدا زیاتر و خێراتــر دەبێــت، مێرمندالَ قۆناغــی مندالَــی تــەواو کــردووە، بۆیــە پێویســتی بە باوەشــی دایک و بــاوک نییــە، پێویســتی بە قســە و ئــەرک و ڕەفتــاری مندالآنە نیە، بەلَکــو چــاوی لەوەیە زیاتر وەکو مێرمندالَێــک مامەلَەی لەگەلَ بکرێت، چــاوی لێیە لە جیاتی ئامــۆژگاری هاوکاری بکرێــت، زانیاری بدرێتێ، وە زۆرجاریــش دەبــێ لەگەلَــی هاوڕێ بین، یانی لەگەلَــی بن، لە کاتی کاری ڕۆژانــەدا وردە وردە تێبینییەکانــی بدەنــێ. پێویســتە مێرمندالَ بــۆی باس بکرێت کە حەقی خۆیەتی ئێســتا جودایــی تێدا زیاد دەبێت، ئەوە بەشــێکە لە سرووشــتی ئینسان.

ئەگەر مندالَ لە مندالَیدا پێویستی بە باوەش و لاواندنەوە و دەستبەسەرداهێنان و شوشتن و جل گۆڕین و ئەو شتانە هەبێت، لەو تەمەنەدا کە تەمەنی مێرمندالَییە هەندێکی هەر پێویست نییە. خۆی دەبێت جلوبەرگی خۆی لەبەرکات و ڕێکیان بخات. لە حالَەتی زۆر پێویستدا دایک یان باوک دەتوانن هاوکاری بکەن. ئەوەی دیکە کە پێیدەگوترێت (تەماسی جەستەیی) واتا باوەشلێدان و ماچکردن و دەستبەسەرداهێنان، لەکاتێکدا کە ئەو پێویستیەتی دەبێ بۆی بکرێت لەلایەن دایک یان باوکەوە، بەلاَم لە کاتێکدا کە ئەو ئاگای لێ نییە، هەر دەستلێدانێک یان سیخورمەلێدانێک تووڕەی دەکات و هاوار دەکات، جاری وا هەیە لەوانەیە بە هەلَە دەستیش بوەشێنێت. پێویستە لەو قۆناغە لێی تێبگەین کە ئەوە لە خراپیی مندالَەکە نییە، بەلَکو قۆناغی گەشەسەندنی هەست و هۆش و ئیحساسەکانی بە جۆرێک لە گوزەردایە واتا لە ئینتقالدایە. لەو قۆناغەدایە کە زۆر جار تەماسی جەستەیی ماندووی دەکات و حەواسی تێک دەدات و تەرکیزی لا ناهێلَێت یان هەستێکی زۆر ناخۆشی لا درووست دەکات، کە هەر خۆی دەتوانێت گوزارشتی لێ بکات. ڕێزگرتن بۆ مێرمندالَ لەو قۆناغەدا زۆر گرینگە و لە هەمان کاتدا پێویستە و گرینگە چونکە دەبێ پڕۆسەی کاملبوونی کەسایەتیی ئەو مێرمندالَە لە مندالَییەوە بۆ مێرمندالَی بەردەوام بێت و، بە شێوەیەکی مەنتیقی ئەگەر پێویستی بە

ڕەفتار و گوفتار و شێوازی مامەڵەکردنی نوێ هەبێت، دەبێ خۆمان بگۆڕین و لەگەڵی بگونجێین و کاری نوێ بکەین. لە هەمان کاتدا هەمیشە ئەو ئیحساسەی پێ بدەین کە ئەو ئینسانێکی خۆشەویستە و مەقبوولە، جێی تایبەتی خۆی هەیە و لە دەرەوەش خۆشیان دەوێت. موتابەعەی خوێندنی کە دەکەین دەبێت بە گرینگییەوە تێبینییەکانی بدرێتێ، نەشکێندرێتەوە، ئەگەر کەموکورییەکیش لەوێ هەبوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ مامۆستاکانی یان بە تەنیا بە جۆرێک ڕەفتار لەگەڵی چارەسەر بکرێت. هەر گوشارێک کە ئیحساسی مێرمنداڵ بەو لایەدا بەرێ کە ڕێزی لێ ناگیردرێ یان ئینسانێکی کەمە، زۆر تورەی دەکات و کاردانەوەی توندی دەبێت، لە هەمان کاتدا لە گۆشەگیری و لە خەمۆکی زیاد دەکات.

لە کوردستاندا لەو تەمەنەوە فێری مێرمنداڵ دەکرێ پابەند یان ئیتاعەی دایک و باوک بکات یان وەکو دەڵێن لە قوتابخانە ئیتاعەی مامۆستاکانی بکات و ئیتاعەی گەورەکان بکات. ئەو هەموو ئیتاعە و بەندەییە ناکرێ، بۆیە ئەوە زۆر هەڵەیە. جاری هەر چەمکی «ئیتاعەکردن» چەمکێکی هەڵەیە، چونکە دێرین و زۆر کۆنە و بۆ ئەو ڕۆژگارانە دەگەڕێتەوە کە منداڵ وەکو کۆیلە وەک بەشێک لە ملْک و ماڵی دایک و باوک حیسێب دەکرا، هەربۆیەش کۆیلەیەک چۆن ملکەچە، یان موتیعە بۆ خاوەنەکەی، منداڵیش بۆ دایک و باوکی دەبوا وابێ، ئەو نیاز و خواستەتەش زۆرجار بە بیروباوەڕی دینی و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و باوەڕی کولتووری پاساو دەدرا و دەبووە ماددەی پەروەردەکردنی منداڵ.

ملکەچی یان ئیتاعەکردنی دایک و باوک یان مامۆستا و هەرکەسێکی دیکە لە ڕاستیدا ئەوە پێچەوانەی ئەو ئازادییەیە کە منداڵ پێویستیەتی، بە پێچەوانەی چەمک و کرداری ڕێزگرتنە، چونکە هەر ڕەفتارێک و نیازێک مێرمنداڵ ناچار بکات لە ئازادیی خۆی و لە ڕێزی خۆی و کەرامەتی خۆی کەم بکاتەوە، بەبێ ئەوەی

هیچ ئیرادەیەک نیشـان بدات یان پرسـیار بکات لەبەرامبەر کەسـێکی دیکەدا سـەر دانەوێنێت، ئەوە لە گەورەییدا تووشـی تەناقوز و ناکۆکی دەکات لـە نـاو خۆیـدا، بە هیچ شـێوەیەک لەگەڵ سیسـتەمی مێشـک و تایبەتمەندییەکانـی ناگونجێت. هەمیشـە لە شـەڕانگێزی و ململانێدا دەبێـت لەگەڵ چەمکی ئازادی، کە ئازادی و ڕێز تایبەتمەندیی مێشـکی ئینسـانن. تایبەتمەندیـی عەقڵـی ئینسـانن کە لە پرۆسـەی مێشـکەوە بەرهـەم دەهێنرێـن، بۆیە بە هەموو شـێوەیەک دەبـێ چەمکی ئیتاعە و ملکەچیمـان لـە منداڵ نەوێت و بـە کار نەهێنین و داوای لێ نەکەین، پێویسـتە پێـی بڵێین تۆ لە هەر شـوێنێک پرسـیارت هەبـوو بیکە، کێ ئـازاری دایـت قەبووڵ مەکە، جا ئـەوە دایک بێت یان بـاوک بێت یان مامۆسـتایش بێـت، لە هەمـان کاتدا ڕێـزی خۆت بگرە، چـاوت لێبێت کـە لایەنەکانـی بەرامبەریش ڕێـزت بگرن. تۆش ئەگـەر بتەوێ ڕێزت بگـرن، دەبێـت ڕێـزی ئەو کەسـانە بگری کـە بایەخت پـێ دەدەن، لە ماڵـەوە تا دەگاتـە قوتابخانە و تـا دەگاتە دەرەوە.

لـەم پرۆسـەیەدا دەبێ منـداڵ لەگـەڵ واقیعبینی جارێکی تر ئاشـنا بکەینـەوە. واقیعبینـی ئەوەیـە تێبـگات ئـەو دنیایـەی کـە ئـەو تێیدا دەژییـت بریتییـە لەو هەموو سرووشـت و شـار و میللـەت و زمانی لێکجیـاواز و دینی لێکجیـاواز و ڕەنگی لێکجیـاواز و هەروەها توانای ئابـووری و کولتووری و زانسـتیی زۆر لێکجیـاواز، کە لە دنیادا هەن. کەواتا ئەو دنیایەی کە تێیدا دەژین دنیایەکی سـەختە سـاف و ئاسـان نییـە، ژیـان لەسـەر خوانچەیەکـی زێریـن پێشکەشـی ئـەو ناکرێت، بەڵکـو دەبـێ توانایەکانی خۆی گەشـە پێبدات، فێر ببێـت و بنەماکانی هەڵسـوکەوت یان ئەخلاقی ئینسـانی فێر ببێت. هەمیشـە لە کارەکانی خـۆی پەنـا بۆ عەقڵـی خۆی ببات، هەمیشـە بـە خۆشەویسـتی و بە نیەتـی پاکـەوە مامەڵـە لەگـەڵ ئینسـانەکان بـکات. لـە هەمـان کاتدا بزانێـت چیی دەوێـت، بەرژەوەندییەکانی خۆی باش پێناسـە بکات و، هەوڵ بـدات ڕێگای دۆزینەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستنیشـان بـکات بەبـێ ئـەوەی زیان لـە خەڵکـی دیکە بـدات. ئـەو واقیعەی کە

پێیدەگوترێت دنیای تاڵ تەنیا بە زانین و کارکردن شیرین دەبێت. نابێ بە مێرمنداڵ بگوترێت ئەو دنیایە پان و بەرینە بەهەشتێکە تۆ دەتوانی گۆشەیەکی داگیر کەی، چونکە لە ڕاستیدا نە دنیا بەهەشتە نە بەهەشت بەبێ کار و زانین دەست دەکەوێت.

بەشێکی دیکەی ژیانی مێرمنداڵان برادەرەکانیەتی، ئەوان وەختێکی زۆر لەگەڵ برادەرەکانی خۆیان دەگوزەرێنن. پێویستە دایک و باوک چاودێری بکەن برادەرەکانیان لە تەمەنی خۆیاندا بن، واتا ساڵێک بچووکتر یان گەورەتر یان هاوتەمەن بن. ئەمانە بە یەکەوە لە چوارچێوەی جیۆگرافیایەکی دیاریکراودا وەک گەڕەک و ماڵ یان ماڵی دیاریکراو بەیەکەوە دەبن و وەخت دەگوزەرێنن. لە شوێنی یاریکردندا یان زۆرجار هەیە لەگەڵ یەکێک لە کەسوکاریان سەردانی شوێنەکانی وەختگوزەرانی و فێربوون و خۆشی دەکەن، وەکو سینەما یان تیاتر یان باخچە گشتییەکان. لە هەموو حاڵەتێکدا دەبێ ڕێ بە منداڵ بدرێ پێوەندییەکانی خۆی بکاتەوە، بەڵام پێوەندییەکانی کۆنترۆڵ بکرێ، یانی برادەری بۆ دابین نەکرێت، بەڵکو تەمەنی برادەرەکان و ڕەفتاریان پێویستە لەلایەن دایک و باوکیان بزانن، بۆ ئەوەی سەلامەتی و بەردەوامیی منداڵەکەیان نەکەوێتە مەترسییەوە.

پێویستە جۆرێکی دیکە لە کۆنترۆڵی دووربەدوور بێ ئەوەی منداڵ بشکێ، هەبێت. بەڵام هەستی پێنەکات، ئەویش ئەوەیە لەم زەمانەدا کە پێوەندیکردن بە ئەنواعی شێوە لە کۆمپیوتەر و ئایپاد و شێوەکانی تری پێوەندییەوە هەیە و ئاسانە، مێرمنداڵ دەکرێ لەگەڵ خەڵکانی ئەوسەر تا ئەوسەری دنیا لە پێوەندیدا بێت، دایک و باوک پێویستە ئەو متمانەیە لای مێرمنداڵ درووست بکەن کە پێوەندیی ئەو کەسانە قەبووڵ نەکات کە نایانناسێت، کە لێی نزیک نین، یان ڕەفتاریان باش نەبێت. لە حاڵەتی وادا دەبێت متمانەی منداڵ وەربگیرێت، کە جار جار ڕێ بەوە بدات دایک و باوک بزانن

منــداڵ لــە چ ابرودۆخێکــدا پێوەندییەکانــی خۆی درووســت کردووە. لــەم حاڵەتــەدا نابــێ نــە زۆر بــە کار بهێنرێت، نــە ســەرەچنگدان بە کار بهێنرێــت نــە فێڵ. ئــەوەی کە زۆر ئاســانە، ئەگەر دایــک و باوک بزانــن، دەتوانــن زۆر بە ئاســانی متمانەی مێرمنداڵ دابیــن بکەن، لەو حاڵەتــەدا مێرمنــداڵ هەمــوو نهێنییەکانــی خۆی لای دایــک یان باوک دەدرکێنێت.

ئەگــەر بپرســین شــێوازی دابینکردنــی متمانــەی مێرمنــداڵ چۆنە؟ دایــک و بــاوک یــان ئەگــەر خوشــک و بــرای گــەورەی هەبــوون، ئەوانــە بزانــن پێویســتییەکانی مێرمنــداڵ چییــە و هیچ لارییــان نەبێ و بــۆی دابین بکــەن. هەورەهــا پارێــزەری نهێنییــە زۆر تایبەتەکانی مێرمنــداڵ بــن، کوڕ بن یان کچ بــێ. نهێنییەکانی بریتیــن لەو ڕووداوە بچووکانــەی ڕۆژانــە لە کاتــی خــواردن و شووشــتن و کارکردن لە ماڵــەوە یــان خوێندن و هەڵەکانیــدا یان لە کاتــی پێوەندییەکانیدا دایک یــان بــاوک دەیانبینێــت و دەیزانــن. ئــەوە بــە لای مێرمنداڵــەوە زۆر گرینگــە کە بــە غەیری دایک جــاری وا هەیە نابێت باوکیــش بیزانێت، بــە ڕاســتیش دەبێت دایک ئەوانــە بپارێزێت، هەتا ئەگــەر لەگەڵ باوک باســی کــرد دەبێ دڵنیــا بێت لــەوەی باوک هیــچ ئاماژەیەک لەســەر ئــەو بابەتــە بــە منداڵەکەی نــادات، چونکــە مێرمنــداڵ لــەو تەمەنەدا زۆر حیســاب لەســەر ئەوە دەکات کاتێــک نهێنییەکانــی لای دایکیەتی یــان لای باوکیەتــی لای کەســی تــر نادرکێنرێــت، تەنیــا یەکێــک لەو دووانــە دەیزانــن. ئــەوە دەکاتە پێوەر تــا باوەڕی لا درووســت ببێت. بــاوەڕی لــەلا درووســت بێت کــە دەکرێت لــەم دنیایەدا لــە نزیکەوە دەســت پــێ بکــەی و متمانە بە یەکێک بکــەی نهێنییەکانــی خۆتی لەلا باس دەکەی، ئەو کەســە نهێنییەکان نادرێکێنێ و ناتشــکێنێ و پشــتت بەرنــادا. ئــەو پشــت بەرنەدانە وا دەکات پشــتێکی بەهێــز و بەقووەت بــۆ خۆی هەســت پێ بکات، بــە ئیرادەیەکــی بەهێــزەوە داخیلی ژیان ببێــت. ئەگــەر دایــک و باوک بەم شــێوەیە لەگــەڵ مێرمنداڵــی خۆیان بــەردەوام بن و بە هەمان شــێوازی زەمانی منداڵــی لەگەڵی بەردەوام

بووبــن کــە نزیکترین کەســن، جێی متمانــەن و خۆشەوســتی دەدەنە منداڵەکەیــان، ئاگایــان لێیەتــی و نیازەکانــی لــە ســنووری مەعقوولدا بۆ دابیــن دەکەن، هەروەها پەروەردەیەکی باشــیان کــردووە، هەموو «ئــا» و «نا»ــیەکانیان لــە شــوێنی خــۆی بــووە. ئــەوە زەوینــەی متمانەپێکــردن لــەلای مێرمنــداڵ زۆر ئاســان دەکات، مێرمنــداڵ لــە بەخشــینی متمانــە بە دایــک و باوکی لــەزەت دەبات، چونکــە پێیوایە پشــتوپەنایەکی گــەورەی هەیــە، بارێکــی دەروونیــی گەورە لە ســەر ملــی خــۆی لا دەبات و پێیوایە شــوێنێک هەیە لە کاتــی ڕاوێژکردن و پشــتیوانی بۆی دەگەڕێتەوە. ئەو شــوێنە بەرامبەر هەموو ســەختی و گرفتەکانی دنیا پشــتی دەگرن و ڕێگای ســەرکەوتنی بۆ دابین دەکات. ئەگــەر لــەوە تێپەڕیــم، بێمەوە ســەر برادەرانــی کچ و کوڕ لــە ماڵەوە.

کــچ و کوڕ لــەو قۆناغەدا هەوڵ دەدەن برادەرەکانیان بەشــی زۆری لــە ڕەگــەزی خۆیان بێــت، واتا کچان دەستەخوشــک پەیــدا دەکەن و کــوڕان برادەر پەیدا دەکەن. ئینجا دەبن بە هاووازی و بەیەکەوە یاری دەکــەن، دەردەچــن و دەخوێنن، بەیەکــەوە لە تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێوەنــدی بەیەکــەوە دەگرن و لــە کاتی وەختگوزەرانــی و فێربوون و وەرزشــدا لای یەکــدی دەبــن. هەڵبــەت ئــەوە موتڵەق نییــە، جار جار لــە نێــو برادەرانی کچێکدا کــە ٥-٦ برادەری هەیــە، یەکێکیان لەوانەیە کوڕێکــی هاوتەمەنــی خۆیــان بێت یــان دوویــان و، لای کوڕەکانیش هەروەها. پێویســتە لــەو تەمەنەدا فێــری مێرمنداڵ بکرێــت کە برادەر لــە کچ بێــت یان لە کــوڕ بێت لــە ڕووی قیمەتــی ئینســانییەوە وەکو یەکــن، هیــچ جیاوازییەکیــان نییــە، جــۆری مامەڵەکردنیشــیان دەبێت مامەڵەکردنــی زۆر مەعقــوول و لەو ســنوورەدا بێت کەوا پێویســتە و بــەو ئەندازەیــە لێکدی نزیک بن و متمانە بە یەکتــر بکەن وەک برادەر و نابــێ لە ســنووری خۆی زیاتــر بێت. دایک و باوک پێویســتە ڕێزی برادەرەکانــی مێرمنــداڵ بگرن، ئەو ڕێزە هێزێکــی زۆر بە منداڵەکەیان دەدات، ئــەو منداڵە کە دەڕواتە دەرەوە هەســت دەکات ڕێزی دەگیرێ چونکــە لــە ماڵــەوە ڕێــزی دەگیرێت. هەربۆیــە لــە دەرەوەش هەم بە

ڕێــزەوە ڕەفتار دەکات هەم پشــتی بەهێزە کــە بێڕێزی قەبووڵ نەکات و ڕێگای خــۆی بدۆزێتەوە.

باســێکی دیکە پێوەندیــی بە جلوبەرگی مێرمنداڵــەوە هەیە. هەروەها پێوەندیــی بــەو مۆدانــەوە هەیــە کــە بــەردەوام لــە گۆڕانــدان. هەر مێرمنداڵــە لەو تەمەنەدا باری ســایکۆلۆژیی دیاریکــراوی خۆی هەیە، ئــەو ڕەنگانــەی کــەوا پێی خۆشــن، لێــی دەردەکــەون چ ڕەنگێکی پێ جوانــە و لەگــەڵ چ ڕەنگێکیش زۆر دۆســتایەتی نییــە، هەروەها هەوڵ دەدات ئــەو مۆدێلانــە لــە جل لەبــەر بکات کە ئــەو لە ناخــەوە پێیان شــادە. دەبــێ ئەوە بزانیــن مێرمنداڵ جل بۆ خۆی لەبــەر دەکات، نەک بــۆ دایــک و بــاوک یــان خەڵــک، بۆیــە دایک و بــاوک نابــێ ڕەنگ و مۆدێل بەســەر منداڵەکەیاندا بســەپێنن. لە کوردســتاندا دیســان دابێک یان ڕەســمێکی دیکــەی پەروەردەکردن هەیە کــە زۆر هەڵەیە. ئەویش دایــک و بــاوک بە پێی حەزی خۆیــان ڕەنگ و مۆدیل و ســتایلی پرچ و ڕازاندنــەوەی تایبەتــی بەســەر منداڵەکەیاندا دەســەپێنن جا کچ بێت یــان کوڕ بێــت. هەر ئەوەشــە دەبێتە مایــەی لێکــدی هەڵزەوقینەوە و موناقەشــە و هاتوهــاواری زۆرجــار لە نێــوان مێرمنداڵــی کچ و کوڕ لەگــەڵ دایــک یــان بــاوک. دایــک و بــاوک دەبــێ ئــەو زانیارییە لای خۆیــان تۆمــار بکەن کە ڕەنگ یەکێک لــە تایبەتمەندییەکانی ڕاحەتی و ڕەزامەندیی مێشــکە، بۆیە ڕەنگ بەســەر هیچ کەســێکدا ناســەپێنرێت. بــۆ نموونــە یەکێک ڕەنگی ســپی پێ جــوان نییە، بــەڵام یەکێکی دیکە پێــی ئاســوودەیە. یەکێک ڕەنگــی ڕەش بە ڕەنگی ماتەمینــی دەزانێت، بەڵام یەکی دیکە لەگەڵ ڕەنگی ڕەش زۆر شــادە. هەروەها ڕەنگەکانی دیکەیــش هــەروان. بۆیــە کــچ و کــوڕ و بەتایبەتتریش کــچ کە ڕەنگ زۆر بــە کار دێنێــت، دەبێ تــەواو ئازاد بێــت کە چ ڕەنگێکــی دەوێت، چ وەختێــک لەبــەری دەکات، چ وەختێــک لەبەری نــاکات. مۆدێلەکانی جلوبەرگیــش هەروەهــا. هــەر مۆدێلێــک بــە مەرجێــک بــۆ مێرمنداڵ بێــت، وەکــو ڕەنگــەکان جیــاواز و جیاجیــا و زوو زوو دەگۆڕدرێن، تەنیــا ئەوەیــە لــە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ســەلامەتیی منداڵەکە نەخەنە

مەترسییەوە. ئەگەر مۆدێل زۆر ناقۆلا بوو نەگونجا لەگەڵ تەمەنی، ئەوا لە ڕووی پەروەردەییەوە لەوانەیە کێشە بۆ منداڵ درووست بکات، دەکرێ بە مێرمنداڵ بگوترێت ئەو مۆدێلە بۆ ئەو نابێت. لە جۆری پرچ و خۆ ڕازاندنەوەدا دیسان دەبێ مێرمنداڵ تەواو ئازاد بێت، پرچی خۆی چۆن ڕەنگ دەکات یان ڕەنگی ناکات، درێژی دەکات یان کورتی دەکات بە دەست خۆی بێت و کام ستایلی هەڵبژارد دەبێت پێی بڵێن جوانە، لێت دێت، پیرۆزە، تا حەزت لێیە بیکە و گەر حەزت لێی نەبوو دەتوانی بیگۆڕی. ئەوە وا دەکات مێرمنداڵ قۆناغێکی هەستیار بەڵام هاوسەنگ لە پەرەسەندن و گەشەسەندنی جەستەیی و دەروونی تێبپەڕێنێت. لەزەتەکانی ڕەنگ و مۆدێل و نیشاندانی خۆی تاقی بکاتەوە، لێیان تێر بێت، ئامادەیی پەیدا بکات بۆ ئەوەی داخیلی قۆناغی دواتر بێت لە ژیانی خۆیدا.

ئەگەر جۆری ڕەنگ و مۆدێلەکان هەندێک جار زۆر هەماهەنگ نینە، زۆر لێک نایەن، نابێت لەماڵەوە یان لە دەرەوە گاڵتەیان پێ بکرێت یان تەنانەت نابێ زۆر تەماشا بکرێن بە چاوێکی ئەوتۆ کە هەست بکات بە شتێکی سەیر و سەمەرە دەزانرێت. بابەتێکی دیکە ئەوەیە لەو تەمەنەدا مێرمنداڵ جار حەز بە سەفەر دەکات، بەڵام ئەو سەفەرە پێویستە لەگەڵ دایک یان باوک بێت، یان لەگەڵ کەسوکارێکی زۆر نزیک و متمانەپێکراو بێت. بە هیچ شێوەیەک نابێت لە تەمەنی مێرمنداڵیدا بۆ ڕێگای دوور و شاری دوورتر و وڵاتی دیکە ڕێ بە مێرمنداڵ بدرێت بە تەنیا یان لەگەڵ برادەرانی خۆی سەفەر بکات. تەنیا ئەوکاتە نەبێت ئەو سەفەرە قوتابخانە ڕێکی دەخات و بەرپرسن لە پاراستنی سەلامەتیی منداڵەکان، چونکە هەموو قوتابخانەکە یان هەموو پۆلەکەیان لەگەڵدایە بۆیە مەترسیی نییە و دەکرێ ڕێی سەفەری پێ بدرێت. بەڵام ئەگەر ژمارەیەک برادەر پێکەوە کۆ بنەوە لەو تەمەنەدا مامۆستایەکیان هەبێت، بیانبات بۆ وڵاتێکی دیکە یان شارێکی دیکە، ئەگەر هەر چەند کەسێک بن، پێویستە دیققەتی تێدا بکرێت و ڕێ نەدرێت منداڵ

بــە تەنیا ســـەفەر بکات. هەڵبەتە ســـەفەر بۆ مێرمنداڵ پێویســـتە، بەڵام پێویســـتە ئەو ســـەفەرە لەگەڵ دایــک و باوک بــۆ دەرەوەی وڵات یان ناوخــۆی وڵات بێــت، وەکــو ئــەوەی دەچنە گونــد و لــە گوندەکانەوە ســـەردانی ناوچەی جیاجیا دەکەن و دنیا دەبینن و ئیحساســی خۆیان لە سرووشــتی ئــەو ناوچەیەدا تاقــی دەکەنەوە.

یەکێکــی دیکــە لە تایبەتمەندییەکانــی مێرمنداڵ ئەوەیە لــەو تەمەنەدا لەســـەر تۆڕەکانی ئینتەرنێت و سۆســیالمیدیا زۆر دەمێننەوە. شەوانە ئەگــەر لێیانگەڕێــی تاکــو بەیانی خەریکــی پێوەندیکــردن و یاریکردن و وەختگوزەرانیــن. پێویســتە دایــک و بــاوک بزانن بــەو ڕۆژگارە کە تێکنۆلۆژیــا و زانســت زۆر پێشــکەوتووە، دەتوانێــت لــە ژوورەکەی خۆیــەوە لەگــەڵ برادەرەکانی لەســـەر خەت بێــت، بیانبینێــت، پێکەوە قســە بکــەن و یــاری بکــەن و ســەما بکــەن و نوکتە بڵێــن و دەرس بخوێنــن. ئێســتا کــە ئــەو ماددەیە ئامــادە دەکــەم، بەشــێکی زۆر لە قوتابخانەکانــی دنیــا دەرس خوێندن و تاقیکردنەوەکانیشــیان دەخەنە ســەر تۆڕەکانی کۆمەڵایەتــی یان تۆڕەکانی ئینتەرنێت، بۆیە پێویســتە ئــەو بابەتە لای دایــک و باوک ڕوون بێت، کــە بەکارهێنانی تۆڕەکانی ئینتەرنێــت بــۆ مێرمنــداڵ قەدەغە نییە، بەڵام پێویســتە ڕێــک بخرێت. واتــا بــە شــێوەیەک بێــت زیــان بــە مێرمنــداڵ نەگەیەنێت، لــە کاتی خــەوی نەگرێــت. چــۆن متمانەی منــداڵ وەردەگیــرا بــۆ کارتێکردن، بــۆ بیروبــاوەڕ گواســتنەوە، هــەر هەمــان متمانــەش دەبێتــە زەوینە بــۆ ئــەوەی بــە مێرمنداڵــی خۆیان بڵێــن و ڕەزامەندیشــی بەدەســت بێنــن کــە دەبــێ لە کاتــی خــۆی و ڕۆژانــە لە وەختــی دیاریکــراودا یــان شــەوانە لــە وەختــی دیاریکــراودا تۆڕەکانــی ئینتەرنێــت بە کار بهێنێــت. ئەو پێگانەش کە لە ئینتەرنێتدا دێتە ســەریان، ڕاســتە هەموو زانیارییەکیــان پێویســـتە و دەتوانن هەموو زانیارییــەک وەرگرن. هەتا ئــەو زانیاریانــەش وەربگرن کە لــە زەمانەکانی پێشــوودا لەو تەمەندا منــداڵ نەیاندەزانــی. چونکــە خۆ ڕێگا لــە منداڵ ناگیرێت بچێتە ســەر ئینتەرنێــت بۆیــە دەتوانــێ هەمــوو بابەتێــک ببینێت، بــەڵام دەبێ بە

منــداڵ بگوترێــت بۆخــۆت ڕێ نــەدەی هەمــوو پێگەیەکــی ئینتەرنێت تەماشــا بکەی، هەموو ڕەفتارێکی ئینســـان تەماشــا نەکــەی و وەختی خۆتــی لەگەڵ نەبەیە ســەر.

لــەو قۆناغــەدا مێرمنــداڵ زانیارییەکــی زۆری دەبێــت، حەتمــەن زمانێــک فێردەبێــت، بەتایبەتــی لە کوردســـتان گەنجان هــەوڵ دەدەن زمانــی ئینگلیــزی فێر بــن. ئەوە جیا لــەوەی پێویســـتە زمانی عەرەبی و تورکــی و فارســی فێــر بــن، بــۆ ئــەوەی دەســتیان بکرێتــەوە و زانیارییــان زیاتــر دەســت بکەوێت و کاریــان لە داهاتوودا باشــتر بۆ بــڕوات و بــازاڕی کاریــان فراوانتــر بێت، پێویســـتە ئــەو زمانانە فێر بــن. بۆیــە ئــەو زانیاریانــەی مێرمنــداڵ هەیەتــی، هەندێک جــار زۆر زیاتــرە لــەو زانیاریانــەی دایــک و بــاوک هەیانە. بــە تایبەتــی تۆڕە کۆمەڵایەتییــەکان و ئــەو زمانانــەی دەیزانــن تواناییەکــی زۆریان پێ دەدات بەپێــی حــەز و خواســتی خۆیــان زانیارییەکانیــان ڕێک بخەن. گرینــگ ئەوەیــە یارمەتیــی مێرمنــداڵ بدرێت کــە ئــەم زانیارییە ڕێک بخــات و، بــە شــێوەیەکی ئەوتــۆ بــە کاری بهێنێت کە زیانــی بۆ ئەو نەبێــت، بەڵکــو ڕێــگای لەبەردەم ئاســان بــکات. زۆربوونــی زانیاری و ئاشــنابوون بــە ســتایلی ژیانــی مێرمنــداڵ و خەڵکانی دیکــەی دنیا کە ئێســتا زۆر بە ئاســانی دەســت مێرمنداڵ دەکەوێــت، وا دەکات کە مێرمنــداڵ بۆخۆی ســتایلی ژیانی خــۆی بێنێتە خەیــاڵ و هەوڵ بدات مومارەســەی بکات و لــە کرداردا بە کاری بهێنێــت. هەندێکی لەوانەیە واقیعبینــی تێــدا نەبێت، بۆیــە دەبێ بە هێمنی و متمانەوە موناقەشــەی لەگــەڵ بکرێــت و تێبگەیەنرێــت کە لە کوێــوە دەبێ هەمــواری ڕەفتار و ســتایلی مێرمنداڵانــەی خۆی بــکات. ئەگەر مێرمنداڵ لــەو تەمەنەدا لەگەڵ مامۆســتاکانی یان لەگەڵ سیســتەمی قوتابخانە کەوتە ناکۆکی، یــان جوابجەنگــی و گلەیــی و ڕەخنەگرتــن یــان هەندێک جــار پابەند نەبــوو بــە ڕێنوێنییەکانــی قوتابخانە، پێویســتە دایک و بــاوک زۆر بە هێمنــی گــوێ بــۆ مێرمنــداڵ بگرن، لە کێشــەکانی شــارەزا بــن، هەتا ئەگــەر جۆرێک لــە زیادەڕۆیی و موبالەغەش لــە گێڕانەوەکانیدا هەبن

هەمیشــە پێــی بڵێن ئێمە بــاوەڕت پــێ دەکەین، متمانەت پــێ دەکەین، حەتمــەن کێشــەیەک هەیە بۆیە تۆ لە قوتابخانــە زویر بووی. لەلایەکی دیکــەوە پێویســتە دایک یان باوک ســەردانی قوتابخانە و مامۆســتای دیاریکــراو بکات، لە کێشــەکەی تێبگات، ڕێگاچارە لەگەڵ مامۆســتاکە پێکــەوە بدۆزنــەوە. بــە تایبەتیش لــەم ڕۆژگارەی ئێمەی تێــدا دەژین بەشــێکی زۆر لە سیســتەمی قوتابخانەکان و مامۆســتاکان خەشــنن، زبــرن، سیســتەمی وانەگوتنەوەکەیان بەپێی ئــەو گۆڕانکارییە نییە کە لە ڕووی جەســتەیی و دەروونییەوە بەســەر مێرمنداڵدا دێت. هەندێک جــار بیروبــاوەڕی کولتووری و دینــی و نەتەوایەتیــی دیاریکراو لای مامۆســتا هەیــە کــە دەیســەپێنێت بەســەر قوتابیــدا. بۆیــە زۆرجــار تێبینییەکان و گلەییەکانی قوتابی ڕاســتن، بەڵام ڕاســتییەکەی ئەو کاتە دەبێتــە هەقیقەتێکــی فامکراو کە بە هەماهەنگی لەگــەڵ قوتابخانە و بە تەفاهومــی هاوبەش لــە بەرژەوەندیــی قوتابی گرفتەکانی چارەســەر بکرێت.

لــە نــاو ماڵ دیســان لەو تەمەنــەدا زۆرجــار نەگونجــان و میزاجی جیاجیــا (ئەگــەر ئــەو مێرمنداڵــە خوشــک و بــرای دیکــەی هەبێــت) درووســت دەبێــت یــان لەگەڵ ئــەو قانــوون و ڕێوڕەســمەی کەوا لە نــاو ماڵدا هەیــە. مێرمنداڵ جاری وایە بە ئاســانی لەگەڵ ڕێوڕەســمی ناوماڵــی دایــک و بــاوک هەڵناکــەن، گلەیی دەکــەن، پابەنــد نابن یان زویربوونــی خۆیــان پیشــان دەدەن. لــەو حاڵەتــەدا لەســەر دایــک و بــاوک پێویســتە زۆر بــە میهرەبانــی مامەڵــە لەگــەڵ منــداڵ بکەن، ئەگــەر ناکۆکــی لە نێــوان منداڵەکانیــان هەبوو هەوڵ بــدەن زەمینەی لێکحاڵێبــوون لــە تەمەنــی خۆیانــدا درووســت بکــەن، بەرژەوەندیــی هەموویــان دابیــن بکــەن، بــە میهرەبانــی و بــە ڕەفتــاری گونجاو وا بکــەن کە هەمــوو ڕۆژێک کاتێک کێشــە درووســت دەبێت، کێشــەکە چارەســەر ببێت، بەوەش لێکحاڵێبوون و دۆســتایەتیی نێوان منداڵەکان بــەردەوام بێــت. ســەبارەت بە ڕێوڕەســمی نــاو ماڵ هیچ یاســایەکی دیاریکــراوی یەکجارەکــی بۆ ناو مــاڵ دانەنێن، یانی کاتێــک مێرمنداڵ

لــەو تەمەنەدا جۆرێک لــە زووودرەنگی لە نانخــواردن و جلوبەرگ و کاتــی میوانداری و دەرچــوون و بۆنەکاندا کەمێک ســەربزێوی بکات، پێویســتە ڕێوڕەســمەکان هەمــوار بکرێــن، بــە جۆرێکــی ئەوتــۆ کە مێرمنداڵەکــە لە چوارچێــوەی ماڵ دەرنەچێــت و بتوانێت خۆی لەگەڵ ماڵ یەکانگیر بکاتەوە. پێویســت ناکات بە ڕێوڕەســمێکی وشکوبرینگ منداڵ تێک بشــکێندرێت، دەکرێ بە کەمێک نەرمییەوە ئەو ڕێوڕەســمە زوو یــان درەنــگ، کــەم و زۆر جێبەجــێ بکرێت و هەندێــک جاریش مێرمنــداڵ لەوانەیــە نەیــەوێ لە ڕێوڕەســمێکدا بەشــدار بێ یــان بێتە میوانداریــیــەک، یــان هەندێــک میــوان بەخێرهاتــن بکات. نــەک لەبەر ئــەوەی هەڵوێســتی خراپە، بەڵکو سرووشــت و تەبیعەتــی ئەو قۆناغە وایــە کە هەنــدێ جار تواناییــی مامەڵەکــردن لەگەڵ خەڵکــی زۆریان نییــە، یان لەگــەڵ خەڵکــی دەرەوەی ماڵیــان نییە، یان لەگــەڵ غەیری برادەرەکانیــان زمانــی گفتوگۆیان نییە. لەو حاڵەتەدایــە گرینگە کاتێک منــداڵ نایــەت بەخێرهاتنــی میــوان بــکات، لــە ژوورەکەی خــۆی بە تۆبــزی نەیهێننــە خــوارەوە، ناچاری نەکــەن بە تۆبزی بێــت خزمەتی میــوان بــکات. بــەڵام ئەوە بــەو مانایــە نییە بــە هێمنی هەمیشــە پێی نەگوترێــت چــۆن ڕەفتار لەگەڵ میــوان بکات، ڕەفتــاری باش و چۆن بەخێرهاتــن بــکات، بۆ خۆیشــی فێر بێــت کە لە دەرەوە چــۆن ڕەفتار لەگــەڵ خەڵکــی دەرەوەی ماڵــەوە بکات. بەڵام ئەو فێرکردنە پێویســتە بــە هێمنانە بێت، نــەک بە توونــدوتیژی بێت، نابێ لــە یەک ڕۆژ و یەک بۆنەدا یەکلایــی بکرێتەوە.

لــەو تەمەنــەدا پێویســتە تەندرووســتیی مێرمنــداڵ بپشــکندرێت، لە ڕاســتیدا پێویستە ســاڵانە منداڵ چێکئاپی بۆ بکرێت، واتا تەندرووستی لــە مەحەک بدرێــت، گەر گرفتی هەبوو چارەســەر بکرێــت. لە بواری یاریکــردن کە بوارێکــی گرینگی پێگەیاندنــی مێرمنداڵە، لــەو تەمەنەدا مێرمنــداڵ ئەگــەر کەمێــک تەمبەڵیــی گرتــی یــان دوور کەوتــەوە لە یاریکــردن، پێویســتە زۆر بــە میهرەبانــی هــان بدرێــت یــاری بکات، هــاوکاری بکرێــت، یارمەتییــش بدرێــت، ڕێنوێنــی بکرێت بــۆ ئەوەی

یاریـی گونجـاوی خۆی، ئەوەی لەگەڵ سرووشـتی خـۆی دەگونجێت بیـکات. ئینجـا ئەو یارییانە هەر لـە فوتبۆڵەوە بیگرە تـا دەگات بالە و ڕاکـردن. سـەبارەت بـە کچـان یاریی تایبەتیـی خۆیان هەیـە لە باڵێ و سـەما و مۆسـیقا و شـایی و شـێوەکانی دیکەی یاریی جەستەیی، هەموویان زۆر پێویسـتن.

مێرمنـداڵ ئەگەر لە یاری دانەبڕێت، بەشـێکی زۆری تەندرووسـتی دابین دەبێت و گەشـەی جەسـتەیی و مێشـکی زۆر خێراتر بەردەوام دەبێـت، فەعالیەتی مێشـکی زیاتر دەبێت. لە هەمـان کاتدا ئامادەیی بۆ ڕووبەڕووبوونـەوە لەگەڵ کار و ئـەرک و واقیعی ڕۆژانە زۆر نەرمتر و لەبارتـر دەبێت. ئینسـان لـە ڕێگای یارییەوەیە کـە کارامەییی خۆی و توانا جەسـتەیی و فکری و زمانیی خۆی ڕادێنێت، بەهێزیان دەکات، لـە ڕێـی یاریکردنەوەیـە کە مێشـک و عەقـڵ فەعالیەتـی زۆر دەبێت و، تواناییـی بەرەوڕووبوونـەوەی ڕووداوەکانی ژیانـی بە کارامەییتر دەبێـت. یـاری هـەر لـە منداڵییـەوە بۆ ئینسـان پێویسـتە تـا دەگاتە پیـری، بـەڵام لە مێرمنداڵیـدا بایەخی تایبەتیـی خۆی هەیە.

لـەم قۆناغەدا دیاردەیەکی دیکـە لە مێرمنداڵـدا دەردەکەوێ ئەویش بوژانـەوەی تواناییـی جنسـییە. ئەگەر لـە تەمەنی حەوت بـۆ دوازدە سـاڵ قۆناغی کوژاندنەوەی هەسـتی جنسـییە لە منداڵی کچ و کوڕدا، لـە تەمەنـی دوانـزە بۆ چواردە سـاڵ ئـەو حـەزە جارێکـی دیکە بە شـێوازێکی نـوێ دەبوژێتـەوە. لـەو قۆناغەدایـە کـەوا بلوغ دەسـت پێـدەکات. قۆناغـی بلـوغ بـە زیاتـر لە سـاڵێک کچـان پێشـی کوڕان دەسـت پێـدەکات. بلـوغ بەو مانایەیە کە مێرمنداڵ هەسـت بە جنسـی خـۆی دەکات کـوڕە یـان کچـە و لەزەتـی جنسـیی خـۆی هەسـت پێـدەکات. مێرمنـداڵ پێویسـتی بـە زانیارییەکـی زۆرە، پێویسـتی بە ڕێنوێنیـی دایـک هەیە، ئەگەر کـچ بێت، بە ڕێنوێنی بـاوک هەیە ئەگەر کـوڕ بێت. دەبێـت ئەو ڕێنوێنییە بـە متمانە و دۆسـتایەتیانە بێت. لەم ڕۆژگارەدا لـە لاپەڕەکانـی ئینتەرنێتـدا مێرمنداڵ ئـەو زانیارییانە زۆر

بە ئاسانی یان ڕاپۆرت و فیلمی پێویستی خۆی تا ئەندازەیەک بەدەست دێنێت، دەمێنێتەوە ئەوەی کە چەند زیاتر لەو پێویستە زانیاری و ڕووداو دەبینێت کە هەندێک لە هەست و مەیلەکانی بەلاڕێدا بەرێت یان ماندووی بکات. لەم ڕووەوە دەبێ دۆستانە دایک و باوک لەگەڵ مێرمنداڵەکانی خۆیان نزیک بکەونەوە. دەبێ پێیان سەیر نەبێت کە بوژانەوەی جنسی تیایاندا ڕوو دەدات، مەیلی جنسییان زیاد دەبێت و، زۆر ئاساییە کە مێرمنداڵ لەو تەمەنەدا چاو دەگێڕن، خۆیان جوان دەکەن، هەوڵ دەدەن سەرنجی جنسیی بەرانبەری خۆیان ڕابکێشن، هەبوونی دۆستەکانیان یان لە شوێنی یاری و قوتابخانەدا، دەبێ بە لای دایک و باوکانەوە ئاسایی بێت. کچەکانیان یان کوڕەکانیان وردە وردە دۆست پەیدا دەکەن، ئەو دۆست پەیداکردنە لە ئاستێکی خوێندن و یاری و متمانە بەیەکدیکردن و دەستی یەکترگرتنە، یان جۆرێک لە ڕەقس و پیاسە پێکەوەکردن دەبێ. لەو تەمەنەدا پێوەندیی سۆزداری لەوە تێناپەڕێت تەنیا لە مێرمنداڵێکدا بە تایبەتی لە کچاندا ئەگەر بەلاڕێدا ببردرێن، لەلایەن کەسانی نامۆ و لە خۆیان گەورەتر ڕایانبکێشن، تووشی کردەوەی جنسیی ناپێویست و زیانبار دەبن. بۆیە پێویستە لەو تەمەنەدا کوڕان و کچان بپارێزرێن لەدەست کەسانی لادەر و لاسار و زیانبەخش بە مێرمندالان کە حەتمەن لە تەمەندا لە وان گەورەتر دەبن. لەو ڕووەوە پێویستە چاودێرییەکی هێمن و لەسەرخۆ بۆ مێرمنداڵەکان بکرێت، لە کاتی پێویستدا بەهانایانەوە بچن.

ئەم قۆناغە بە قۆناغی یاسامەندی یان بە قۆناغی قانوونمەندی حیساب دەکرێت. لەو قۆناغەدایە کە مێرمنداڵ بەپێی گەشەی جەستەیی و دەروونیی خۆی، بەپێی زۆربوونی زانیارییەکانی پەرەسەندن و گەشەسەندنی سیستەمی عەقڵی، تەمەنێکی دیاریکراوی خۆی هەیە کە مێژوویێکی دیاریکراوی پرۆسەی هەست و هۆش و تەکوین یان کامڵبوون تەلاری دەروونییەکەی درووست بووە، مێژوویێکی دیاریکراوی هەیە، ڕووداوەکانی بەشی زۆری دێتەوە بیر،

ئـەو ڕووداوانە کاریگەرییان لەسـەر ئەو هەیە. توانسـتی واقیعبینی لە مێرمنداڵـدا زۆر دەبێت، تێـدەگات کە لەم دنیایەدا نـەزم هەیە، قانوون هەیـە، ئـەم دنیایە بەپێی قانوون بەڕێوە دەچێـت، ژیان بە پێی قانوون تەنزیـم دەکرێت. بۆیە لەو تەمەنەدا مێرمنداڵان زۆر لایەنگری قانوونن، قانوون زۆر بە شـێوەیەکی وشـکوبرینگ وەردەگرن، سەرەڕۆیی تێدا دەکـەن و موبالەغـەی تێـدا دەکـەن. هـەوڵ دەدەن لە هـەر بوارێکدا تەفسـیرێکی قانوونی ببیننـەوە، گەر کەموکوڕی هەبێـت بە بێقانوونی لـە قەڵەمـی بدەن، لە ئیحسـاس و هەسـتی خۆیاندا دەرببـڕن کە ئەو بارودۆخـە چـاک بکـەن، قانـوون بسـەپێنن، سـەرکردەکان بگـۆڕن و مودیـرەکان بگـۆڕن، یانـی لـە خەیاڵی خۆیانـدا یارییەکـی زۆر بە جێگۆڕکـێ و دەسـتکاریکردنی کۆمەڵایەتی دەکەن، سـەرەنجام هەوڵ دەدەن مۆدێلێـک لـە قانـوون و نـەزم پێشـنیاز بکـەن کـە دەگونجێ لەگـەڵ تەمەنـی ئەوانـی ئەوکاتەدا. بۆیـە دەبێ گوێیان بـۆ بگیرێت و هەمیشـە پشـتیوانی بکرێـن کە دەبێت یاسـا لە ژیاندا هەبێـت، دەبێت ڕێوڕەسـم هەبێـت، بـەڵام لـە کاتـی پێویستیشـدا بـە هێمنـی ئەگەر زیادەڕۆییـان کـرد، زانیارییـان بدرێتـێ چونکـە ئەگـەر لـەم قۆناغە بچەقـن، واتـا لە قۆناغی تەقدیسـی قانـوون و کەسـە قانوونییەکاندا، دەبنـە ئینسـانی زۆر وشـک و ئایدیۆلۆژی، جا ئایدیۆلۆژیی سیاسـی بێـت یـان دین یـان مەزهـەب بێت، یـان شـێوەکانی دیکـەی نەژادی بێـت. لـە گەورەییـدا لەوانەیـە وەک کەسـانی وشـک بـە هەڵکردنـی سـەخت (تەعامولی سـەخت) بێنە مەیـدان. لە هەمـوو حاڵەتێکدا ئەم قۆناغـە قۆناغێکـی گەلێـک گرینگە، قۆناغـی کامڵکردنی شەخسـیەتی مێرمنـداڵ و یارمەتیدانیەتـی بۆ ئەوەی داخیلی قۆناغـی گەنجی ببێت. هەروەها شەخسـیەتی زانسـتی و کۆمەڵایەتیی ئەویش لـەم قۆناغەدا پتـر دەردەکەوێت، پتـر دەردەکەوێت کە ئایا مەیلی بە لای مۆسـیقایە یـان بـە لای هونـەرە یان بەشـێک لـە زانسـتە پراکتیکییەکانـە، یان زانسـتە کۆمەڵایەتییـەکان. ئیهتمامەکانـی دیکەشـی وردە وردە لـەم تەمەنـەدا دەردەکەون، پێویسـتە بە هیچ شـێوەیەک مێرمنداڵ نەخرێتە

نــاو هیچ ئیجبارییــەک و ناچار نەکرێت بۆ هیــچ گۆڕانکارییەک، بەڵکو گوێــی بــۆ بگیرێت و ئەگەر پێویســتی بــە ڕێنوێنی هەبێت، بــە پێدانی زانیــاری و تێبینیــی دۆســتانە کامڵ بکرێت.

# بەشی یازدەیەم

## مێرمنداڵ لە تەمەنی چواردە تا هەژدە ساڵی

### دادخوازی

ئەو قۆناغە یاسامەندیی عادیلانەی پێ دەگوترێ. لەم قۆناغەدا مێرمنداڵ ساڵ بە ساڵ بەرەو مێرمنداڵێتیی کامڵ و باڵا دەچێت و لە سەرەتاکانی تەمەنی گەنجیی خۆی نزیک دەبێتەوە. گۆڕانکارییەکانی جەستەیی بە خێرایی بەرەوپێش دەچن. قەدوباڵای بە خێرایی بەرز دەبێتەوە و نزیک دەکەوێتەوە لە ئاستی دیاریکراوی خۆی، کە لە ڕووی ژێنیتیکییەوە دەتوانێ بەرز بێتەوە، لە هەژدە ساڵیدا گەشەسەندنی قەد و باڵا دەوەستێت. وردە وردە ڕیش و سمێڵ و تووک لە لەش و گیانیدا بەرەو زیادی دەچێ. جەستەی لە جاران بەهێزتر دەبێت. سەروسیما و کەسایەتیی بایۆلۆژی واتا لە ڕووی سیماوە چەندی لە کەسوکاری کۆنی دەکات لە دایک و باوکەوە تا نەنک و باپیرەکانی دەردەکەوێت. لەو قۆناغەدا تیپی شەخسیەتی مێرمنداڵ تەواو خۆی دەنوێنێت. دەکرێت دایک و باوک و دەوروبەری بزانن لە کام تیپی شەخسیەتە کە لە ئینساندا هەیە. ئایا لە کەسە ساغەکانە یان لە کەسایەتییە شڵەژاو و بە کەموکوڕییەکانە. لەو

قۆناغەدا زۆر گرینگە دایک و باوک کە هەســت بە کەموکوڕی لە تیپی شەخســیەتیدا بکەن، ســەردانی دکتۆری ڕاوێــژکاری دەروونی بکەن. بــۆ ئــەوەی ڕێنوێنــی وەربگرن و لــە دیققەتــی ســیفەتی منداڵەکەیان نزیــک بکەونــەوە و دڵنیا بن.

گەشەســەندنی مەیلــی سێکســی لــە مێرمنداڵــدا کە بــەرەو گەنجی دەچێــت زۆر بــە خێرایــی پەرە دەســێنێت. لەو قۆناغەدایــە لە ١٤-١٨ ســاڵی کچ یان کــوڕ بایەخی تایبەتی بە خۆی دەدات. ئەو کەســایەتییە بایۆلۆژییــەی کــە بــۆی گوســتراوەتەوە دەیڕازێنێتــەوە، جلوبەرگ و ڕەنگەکانــی جێ پەســندی هەڵدەبژێرێت و مۆدێلــی دڵخوازی خۆی لە جلوبــەرگ لەبــەر دەکات و برادەرەکانی دیــاری دەکات. لەم قۆناغەدا هەمیشــە جۆرێک لــە بەردەوامی و ســوبات لــە برادەرەکانیاندا هەیە. لــەو تەمەنــەدا بــرادەر بــۆ مێرمنداڵی کامڵ زۆر پێویســتە، بەشــێکی زۆری هەڵســوکەوتی لــە گەنجیــی نزیــک کەوتۆتەوە، بۆیە پێویســتە ئــەو ئازادییــەی بۆ مێرمنداڵ پێویســت بــوو لەو قۆناغــە وەکو خۆی بــەردەوام بێــت و بەپێی دیــاردەی نوێ لە کەســایەتیی مێرمنداڵدا ئەو ئازادییــە پەرەی پێ بدرێت. پێویســتە ڕێزی مێرمنداڵ بگیرێت، کچ بێت یــان کوڕ هەریەک بــە تایبەتمەندی و خسووســیەتی خۆیان. جیاوازی لــە نێــوان کــچ و کوڕ بــە هیچ شــێوەیەک نابێــت بکرێــت، وەکو یەک پێویســتە ئازادی و پشــتیوانی بکرێن. هەڵبەت هەردووکیان پێویستیان بــەوە دەبێــت لــە دوورەوە بــە ئەســپایی دایــک و بــاوک ڕێنوێنی و هاوکارییــان بکــەن بــۆ ئــەوەی لــە پێوەندییەکانیاندا خۆیــان بپارێزن و تووشــی کێشــە نەبــن. لــەم زەمانە پێویســتە ئــەو واقیعــە قەبووڵ بکەیــن کــە هەردووکیان پێوەندیــی ســۆزدارییان دەبێت، کــچ لەگەڵ کــوڕی پەســندی خــۆی و کوڕیــش لەگــەڵ ئــەو کچــەی برادەریەتی و خۆشــی دەوێ. لــەو تەمەنــەدا کاتێکــی دیاریکراو تەرخــان دەکەن بۆئــەوەی یەکتــر ببینن و پێکەوە بگەڕێن. هەمیشــە ئــەم یەکتربینین و دۆســتایەتییەی نێــوان کچ و کــوڕان زیاتر پیاســەکردن و دەرچوونە، دەســتی یەکدی گرتنە و یاریکردنە، بەیەکەوە لە شــوێنە گشــتییەکان،

خــواردن و وەخــت ڕابواردنە. هەروەهــا یارمەتیی یەکــدی دەدەن لە دەرس و ئەو گیروگرفتانەی هەیانە. هەر دەســتکاریکردن و گوشارێک لــەو قۆناغــەدا لــە دەرەوەی مەنتیــق و ڕێنوێنییەکانــی پــەروەردەی دەرەوەی منــداڵ دەبێتــە مایــەی ئــازار و شــڵەژان بۆ کــچ و بۆ کوڕ. بۆیــە پێویســتە دایکان و بــاوکان لەو قۆناغــەدا تینێــک و توانایيەکی زۆروەبــەر خۆیــان بــدەن، بەهای نــوێ وەرگرن، بڕوایان بــە ئازادی هەبێــت، ئــەوەی پێیدەگوترێت بەهــای کۆمەڵگای کــۆن و تەقلیدی لێی دوورکەونــەوە، بەهای نــوێ وەرگرن و باوەڕیان پێــی بێت، لە ڕیزی هــەرە پێشــەوەی ئــەو بەهایانــەش ئــازادی و ڕێزگرتــن و کەرامەتی گەنجەکانــی خۆیەتــی. لــەم زەمانــەدا عەیبەیــە ئەگەر پیاو یــان ژنێک لــە ماڵــەوە بییەوێــت منداڵەکانی بە شــێوەی تەقلیدی کۆنتــرۆڵ بکات.

لــەم تەمەنــەدا وەرزشــکردن دەبێتــە یەکێــک لــە پێویســتییەکانی مێرمنداڵــی بــەرەو گەنجــی. ئەگەر کوڕ یــان کچی هــەر ماڵێک خۆ لە وەرزش دوور بگرێت و گۆشــەگیر بێت، گومانــی تێدا نییە کار دەکاتە ســەر دۆخــی دەروونیی ئــەو مێرمنداڵــە، لــە توانایيــی تێکەڵبوون و پێوەندیی باش و دابینکردنی خواســتەکانی خۆی و دەستنیشــانکردنی دۆســتەکانی، ئەو دۆستانەی کەوا بە شــێوەیەکی درووست یارمەتیی پێشــکەوتنی ئەو دەدەن زۆر ســەرکەوتوو نابێت. بۆیــە وەرزش هەر لــە منداڵییــەوە واتــا لــە تەمەنی ســێ ســاڵییەوە وەکو پێویســتییەک فێــر بکرێــت و هــان بدرێــت و ببێتە بەشــێک لــە خۆشــگوزارەنی و وەختگوزەرانــی و کامەرانــی. جا لە هــەر قۆناغە بەپێــی تایبەتمەندیی خــۆی جۆرەکانــی وەرزشــیش گۆڕانی بەســەردا دێت. ئەگــەر ئەوها بێــت لە تەمەنــی ١٤ بۆ ١٨ مێرمنداڵی بــەرەو گەنجێتی بۆخۆی یەکێک لــە وەرزشــەکان دیــاری دەکات. پســپۆڕەکانی بــواری پــەروەردە و دەروونناســەکانی ئــەو بــوارەی منــداڵان و مێرمنــداڵ و گەنجــان بە تەجرەبــە و لێکۆڵینــەوەی باوەڕپێکراو دەڵێن، وەرزش پێویســتییە بۆ گەشــەکردنی تەندرووســتی و دەروونی و گەشــانەوەی توانایيەکانی مێرمنــداڵ. بۆیــە دەبێــت لــە منداڵییــەوە بکرێتە ســتایلی ژیانــی. هەر

ڕەفتارێـک و کردارێـک بـوو بـە سـتایلی ژیـان جـا گـەر بەکەڵکـی تەندرووسـتی هــات و خۆشــی و گەشــی دا بــە منداڵ، ئــەوا زۆر بە ئاسـانی لــە ژیانیـدا جێی خــۆی دەگرێــت و لە سیسـتەمی مێشـکدا قەبــووڵ دەکرێــت و پشــتیوانی دەکرێــت، بــە ئۆتۆماتیک لــە هەموو قۆناغەکان دووبارەی دەکاتەوە. پێویســتە وەرزش ئاوا ببێتە بەشـێک لــە ژیــان، مێرمنداڵی گەنج تێی بگات کە ســەلامەتی و گەشەســەندنی باشــی ئــەو، بەســتراوەتەوە بــە وەرزشــێکی بــاش کە خــۆی حەزی لێیەتــی بــە تایبەتــی ئەو وەرزشــانەی کــە جموجۆڵی زۆریــان تێدایە وەکــو یاریــی تۆپێن یان شــەبەکە یان ڤالیبــاڵ یان ڕاکــردن. هەڵبەت هەمــوو وەرزشــەکان سوودبەخشــن، بــەڵام ئەوانەی کــە جموجۆڵی زۆریــان تێدایــە و دەبێــت کەســەکە دیققــەت و تواناییــی زۆر بــۆ ڕابەرایەتــی جموجۆڵەکانی بــەرەو بردنەوە بە کار بێنێ و شــارەزایی پەیــدا بــکات، ئــەوە گەشــەیەکی زۆر بە توانســتی مێشــک دەدات لە تێگەیشــتنی واقیعیەتــی ئەم دنیایــە و گۆڕانکاری، هەروەها توانســتی لێکدانەوەی عەقڵ زیاد دەکات، ســەرەنجام تەندرووستییەکی دەروونی و عەقڵیــی بــاش بە نســیبی ئەو کەســە دەبێ.

بوارێکــی دیکــە خواردنــە. لــەو تەمەنــەدا مێرمنداڵی بــەرەو گەنج، خــواردن زۆر دەخــوات، لەوانەیــە هەندێــک جار لــە ڕەفتاریدا هەندێ داب و ڕەســمی ناوماڵ و هیی جەژن و داوەتەکان پێشــێل بکات و بە کەیفــی خــۆی خــواردن بخوات کە ئەو حــەزی لێیەتی. زۆر پێویســتە دایــک و بــاوک لــە ماڵــەوە بایەخ بــە خواردنــی گەنج بــدەن، ئازادی بکــەن چــۆن دەخــوات و لەســەر شــێوازی خواردنەکان ســەرچنگی نــەدەن، ناچــاری نەکــەن هەمیشــە پابەند بێــت بە جــۆری خواردنێک کــە لــە کۆنەوە لە ماڵــەوە لێ دەنــدرێ. هەڵبەتە ئەوە بــەو مانایە نییە یارمەتیــی مێرمنداڵ نەدرێت وردە وردە ڕێوڕەســمی کۆمەڵایەتیی باو بزانێــت و فێری بێت و لە شــوێنی پێویســتدا کــە کەموکوڕییەکی تێدا نییــە، دووبــارەی بکاتەوە بۆ ئــەوەی بتوانێــت لە کۆمەڵــگادا جێگەی خــۆی بکاتــەوە. هەڵبەتە زۆر داب و ڕەســم و نەریــت هەنە کە کۆنن

و گەنجــان بــە سرووشــتی ژیانی پەیــڕەوی لێ ناکەن، هەر ئەوەشــە دەبێتــە مایــەی گۆڕانــکاری لــە کۆمەڵــگادا. واتــا کاتێک کــە بەهاکان دەگۆڕێــن، ڕەفتاریــش دەگۆڕێــت، مۆدێــل و شــێوازەکانی ژیانیــش گۆڕانیــان بەســەردا دێت، لــە نیهایەتــدا بیروباوەڕەکانیــش گۆڕانیان بەســەردا دێــت. بۆیــە دەبێ لــە مەنتیقی ئــەو گۆڕانکارییــەی گەنجان لەگــەڵ خۆیــان دەیهێنن، تێبگەیــن. لە بواری خواردندا لە کوردســتاندا زۆر بــاوە دایــک و بــاوکان زۆر ســەرەچنگی منداڵەکانیــان دەدەن و ناچاریان دەکەن لەســەر ڕەســمی زۆر بەســیت و ســادە (کــە ئەگەر نەشــیکەن گرفتێکــی گەورە نییــە) منداڵەکانیــان توڕە دەکــەن و زۆر جــار مێرمنداڵــەکان ماوەیەکــی دوورودرێــژ خواردن بە شــێوەیەکی نابــەدڵ دەخــۆن و ڕەفتارێکــی زبــر و توەڕەییــش لە خۆیان پیشــان دەدەن.

بوارێکی دیکە جلوبەرگە. لەو تەمەنەدا مێرمنداڵی بەرەو گەنج، کچ یان کوڕ بە شێوەی تایبەتی خۆی، بەو مۆدێلانەی لەو دێت جل و ڕەنگ هەڵدەبژێرێت، هەوڵ دەدات لەگەڵ مۆدێلەکان بڕوات. بۆیە لەو کاتەدا زۆر ئاساییە ئەو مۆدێلەی دایک پۆشیویەتی ئێستا لە دەوروبەری نابینرێت بەسەر کچەکەیدا نەسەپێنێ، بە تایبەتی لەم دنیای ئێستادا کە ئەو پێوەندییە توندەی تێکنۆلۆژیای گەیاندن و ئینتەرنێت لە نێوان بەشەکانی دنیادا درووستی کردووە، هەموو ڕۆژێک گەنجان مۆدێلی میللەتان و کۆمەڵگاکانی دیکە دەبینن، هەوڵ دەدەن لە جلوبەرگی خۆیان هەندێکی لێ وەرگرن یان زۆری لێ وەرگرن. بۆیە کاتێک جل لەبەر دەکەن، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ جلوبەرگی دەوروبەر لێ دەردەکەوێت. لەو حاڵەتەشدا دەبێت زۆر بە دڵێکی فراوان لێیان قەبووڵ بکرێت، با تاقی بکاتەوە، لەوانەیە هەر جارێک تاقی بکاتەوە، دوایی وازی لێ بێنێت یان گۆڕانکاری تێ بخات، بەڵام کاتێک لەسەر جلوبەرگ یان خواردن یان وەرزش گەنج یان مێرمنداڵ ئازار بدرێت و بشکێندرێتەوە، یان بێبەش بکرێت، کاریگەرییەکی زۆری دەبێت لەسەر باری دەروونیی توانایی بۆ تێکەڵبوون و باوەڕبەخۆبوون بۆ گێڕانی

ئەو دەورەی کە لە نێو برادەرەکانی و قوتابخانە و شوێنەکانی یاریدا دەیگێڕێت. لەو حاڵەتەشدا کە دەوری سەرکردایەتیکردن یان بەشداریی کاریگەر لە ناو گەنجاندا لەو مێرمنداڵە گەنجە دەستێندرێتەوە، وەک ئەوەیە دەست و پێی ببەستن و باڵی ببەستن. لەو حاڵەتەدا خەمۆکی یان کەئابە ڕووی تێدەکات و لە دوای کەئابەش هەمیشە گۆشەگیری و ڕەفتاری زبر دەست پێ دەکات کە کۆتاییەکەی بە ناخۆشی دێت و ناخۆشییەکە ئەوەیە کە ئەو گەنجە لە پڕۆسەی پێگەیشتن دوا دەکەوێت.

ئەگەر ئەو ئازادی و هاوکاری و زەوینەخۆشکردنە بە مێرمنداڵی گەنج دەدەین، دەبێت لە هەمان کاتیشدا زۆر بە هێمنی داخیلی دیالۆگ یان گفتوگۆیەکی ئەوتۆ بکرێت کە ئەو حازر بێت گوێ بگرێت، یارمەتیی بدرێت کە هەمیشە ئەگەر پێیەکی لە پێشەوەی کۆمەڵگایە، پێیەکی تری لە هەماهەنگی و هاوکاری بێت لەگەڵ سیستەمی نوێی کۆمەڵگا، تا دانەبڕێت و ئازار نەبینێت. لە دروستکردنی زەوینەی ئەو گفتوگۆ و دانوستانە لەگەڵ مێرمنداڵ پێویستە وەکو قۆناغەکانی پێشوو میکانیزمی دامەزراندنی ئەو گفتوگۆیە بزانین، تاوەکو لەو دەرگایانەوە داخیلی بایەخی مێرمنداڵی بەرەو گەنج بین کە ئامادەیە گوێ بگرێت، حاڵی دەبێت و، لەگەڵ توانا و خواستی ئەو بێتەوە. بەڵام ئەگەر بە فەرمان و هەڵپەهەڵپ و هەڕەشە بێت، یان بێدەنگ دەبێت یان یاخی دەبێت، وە یاخیبوونی مێرمنداڵانی گەنجیش جگە لەوەی بارودۆخی ناوماڵ تێک دەدات، خودی گەنجەکەش تووشی شڵەژان دەکات.

دایک و باوک هەمیشە دەبێت پشتیوانیی مێرمنداڵی گەنج بن، پتر گوێیان بۆ بگرن و کەمتر قسە بکەن. ئەو کەمترقسەکردنە بەو مانایەیە دایک و باوکان منداڵی خۆیان باش دەناسن، دەبێت ئەو میکانیزمە باش شارەزا بن کاتێک دەیانەوێت منداڵەکانیان تێبگەیەنن، پێویستە میکانیزمێکی دوور لە خشوونەت و دوور لە توندوتیژی و دوور لە شکاندەوە بێت. لەو حاڵەتەدا دەکرێ دۆستانە لە ژیانی ڕۆژانەدا و

لــە کاتــی گەڕانەوەیاندا بــە هێمنی ئەو دانوســتانە بکرێــت؛ مێرمنداڵی بــەرەو گەنــج بزانێت کە دەبێ بەشــێک لە بەها و ڕەفتار و ڕەوشــتی کۆمەڵگاکــەی وەربگرێت، بەشــەکەی تــری ئەوەی کە نوێیە پێویســتە بــە جۆرێکی ئەوتــۆ بێ تا قەبــووڵ بکرێت و لە خزمەتی پێشــکەوتنی خــۆی و ئینســاندا بێــت. ئەگەر بگەڕێینــەوە بۆ ئــەو ئازادییەی دەبێت بــە گەنج و مێرمنداڵی گەنج بدرێت، لەو قۆناغەدا کچ و کوڕ دۆســتیان دەبێــت، وەکو لــە کوردەواریی خۆمانــدا بە «دڵداری» ناســراوە، ئەو ڕەفتارەشــیان دەبــێ و پێویســتە لێیــان قەبــووڵ بکــرێ چونکە زۆر بــۆ گەنجان پێویســتە، ئەوە پێشــان دەدات ئــەو مێرمنداڵــە لە ڕووی دەروونییــەوە ســاغە و هەســتەکانی چەنــدە بە شــێوەیەکی ئاســایی گەشــەیان کــردووە، یان لەوانەیــە بــە پێچەوانەوە بێــت، کەموکوڕی و کۆڵــەواری لــە هەســتەکانیدا هەبێت. لــە حاڵەتی دووەمدا پێویســتە بــە ڕاوێژکاریی پزیشــکی دەروونــی هاوکاریی بکرێت. پێویســتە ئەو کۆنترۆڵــە توونــدەی لە کۆمەڵگای تەقلیدیی کوردەواریدا هەیە لەســەر مێرمنداڵــی گەنــج هەڵبگیرێت بــۆ ئــەوەی بتوانێ لەگەڵ دۆســتەکانی و ئــەو کەســەی خۆشــی دەوێــت بە ئاســانی یەکتــر ببینن و پیاســە بکــەن و بخوێنــن و یــاری بکــەن و لە زۆر بۆنــەدا بەشــدار دەبن و، هاوکاریــی کۆمەڵایەتــی لــە چالاکییەکانیاندا دەردەکەوێــت. ئەوەی کە گرینگــە دایــک و باوک تــا تەمەنی هەژدە ســاڵە دەبــێ ڕێنوێنی کچ و کوڕەکانــی خۆیان بکەن، هەر دۆســتایەتییەکیان هەیە ئاســاییە، بەڵام بۆیــان بــاس بکەن کــە نابێ بگات بــە جنس یان سێکســکردن، چونکە بۆ ئەو تەمەنە زووە و پێویســت نییە و تەمەنەکیان هەســتیارە. ڕاستە لــە ڕووی جەســتەیی و ســۆزدارییەوە لە ١٤-١٨ بە شــێوەی جیاجیا مەیلی جنســی و توانایی جەســتەیی هەیە، بەڵام لــە ڕووی دەروونی و دەرهاویشــتەکانی، کاریگەریی خراپی لەســەر داهاتــووی مێرمنداڵە گەنجــەکان دەبێــت و باریــان گــران دەکات و لــە خوێنــدن دووریان دەخاتــەوە، تەندرووســتییان تێک دەدات. بەتایبەتی کچان هەڕەشــەی دووگیانبــوون و گرفتــی دیکەیان لەســەر دەبێ کە بە هیچ شــێوەیەک

ئـەو تەمەنــە بۆ ئـەو بـارە گرانە نــە ئامادەکـراوە نە تێـی دەگات و نــە گونجــاوە. هــەر گەنجێـک لــەو قۆناغەدا تــووش ببێــت، خوێندنی لەدەســت دەدات یــان دوا دەکەوێــت و بارێکــی گران بۆ ســەر خۆی درووســت دەکات و تەندرووســتیی خــۆی دەخاتــە مەترســییەوە، لە دابونەریتی کوردەواریشــدا کێشــەی کۆمەڵایەتیشــی بەدوادا دێت.

بەشـێک لــە گەنجــەکان هەندێک لە خواســتەکانیان بە شـێوەی زبر و زۆر و خێـرا پێشـنیاز دەکــەن کــە لەوانەیە لەگــەڵ بارودۆخی ئەو خێزانــە نەیەتــەوە یــان ئەســڵەن ئــەو مێرمنداڵــە گەنجە حەقــی ئەو خواســتەی نەبێت و ئەو خواســتە جێبەجێ نەکرێت. بۆیە پێویســتە زۆر بــە ڕاســتگۆیانە وەڵام بدرێتــەوە، کــە ئەگــەر حەقیەتــی بــۆی جێبەجــێ دەکرێــت بەپێــی توانایــی خێزانەکــە و پێــی بگوترێت کەی جێبەجــێ دەکرێــت؛ ئەگەر جێبەجێ ناکرێــت و لە توانــای خێزانەکەدا نییــە، پێــی بگوترێت بۆ لە توانــای خێزاندا نییە و کــەی توانای هەبوو بــۆی جێبەجــێ دەکرێــت. ئەگەر خواســتەکەی نــاڕەوا بــوو و بەجێ نەبــوو، دەبێ بــۆی باس بکرێت کە ئــەو خواســتەی مێرمنداڵە گەنجە جێــی نییە و ڕاســت نییــە و بەکەڵکی ئــەو نایە و زۆر بــە هێمنی پێی بگوتــرێ دەبێ دەســتی لــێ هەڵگیرێت و یارمەتیی بدرێــت تا تێ بگات دەســت لەو خواســتەی هەڵبگــرێ. لە حاڵەتێکــدا کــە مێرمنداڵی گەنج چ کــچ یــان کــوڕ پێداگــری کرد لەســەر ئــەوەی خواســتەکەی بەدی بێــت، یان ویســتی زبــری و بشـێوی لە مــاڵ بنێتەوە، پێویســتە زۆر بــە هێمنــی پشــتگوێ بخرێــت. واتا بــۆی بــاس کرێت بۆچــی دەبێت یــان نابێــت، کــە نابێت بۆچــی نابێــت، ئەگەر دەبێــت کەنگــێ دەبێت. پاشــی ئەوە ئەگەر بــە شـێوەیەکی نامەنتیقی پێداگری کرد و ســوور بوو لەســەر خواســتی توونــدی خۆی کــە دەبێت هەر ئێســتا بکرێت، یــان لاســاییکردنەوەی گەنجــی تردیکــەی تێــدا بێــت، لــەو حاڵەتــەدا پێویســتە دایــک و باوک خواســتەکەی پشــتگوێ بخەن. واتــا چەندی باســی خواســتەکەی دەکات تۆ نە تــوڕە دەبی و نە وەڵامــی بدەنەوە. ئەگــەر زۆر پێویســت بــوو جارێکــی تــر بــۆی بــاس کــەن، دەبێ بە

جـۆرێ تێـی بگەیەنی پێـی بڵێـی ئەگـەر ئامادەییت هەیە بـاش گوێ بگـری و هاوکاریمـان دەکـەی جارێکـی تر بـۆت باس دەکەیـن. ئەم جۆرە پشتگوێخســتنە یـان ئیهمالکردنە لە ناو بەرنامــەی پەروەردەدا هەیـە. وا دەکات مێرمنداڵـی گەنـج چاوی خـۆی لـە ڕووی واقیعەکە بکاتـەوە، ئەگـەر خواسـتەکەی نـاڕەوا بێـت تێـدەگات کـە ناڕەوایە، خـۆی فێـر دەکات تەحەممولـی هەبێـت و ددان بـە خۆیـدا بگرێت. ئـەو تەحەممولکردنـە لـە پێشتریشـدا باسـمان کرد، لە سیسـتەمی دەروونـی و ڕەفتاریـی ئینسـاندا لـە گەورەییـدا زۆر پێویسـتە و ئەوانـەی تەحەممولیـان هەیـە و تەحەممولێکـی مەنتیقـی دەکـەن، هەمیشـە سـەرکەوتوون و بەرنامەکانیـان لەگـەڵ واقیـع دەگونجێ و تواناییەکی زۆر لە خۆیاندا پیشـان دەدەن بۆ فێربوون و تێکەڵبوون و ڕێبەریکردنـی ژیانـی خۆیان. مێرمنداڵی گەنج دەبـێ خەریکی خوێندن بـێ، خەریکـی وەرزش بێ لە حاڵەتی زۆر تایبەتـدا دەکرێ فێر بکرێت هاوکارییەکـی سـادەی دایـک و باوک لە نـاو ماڵدا بـکات، بەڵام زۆر هەڵەیـە دایـک و باوک لە تەمەنـی ١٤ بـەولاوە چاوەڕوانیی مرۆڤێکی گـەورە لـە مێرمنداڵـی گەنـج بکـەن، چونکـە پێیانوایـە لـە قەڵافەتدا گـەورە بـووە دەبێـت کاری ئـەوان بکات.هەڵەیە وا بزانـن وەک دایک و بـاوک توانایـی لـە مودیریـەت و دەسـتپێوەگرتن و خەرجنەکردن و پاراسـتنی سـامانەکانی خێزانـدا هەبێت، یـان لە سـەرفکردنی ئەو بەشـە پـارەی بۆی تەرخـان دەکرێت یـان لە بەشـدارییەکانی دیکەی لـە نـاو خێزاندا وەکو کەسـێکی کامڵی باڵای عاقڵ ڕەفتـار بکات! ئەمە چاوەڕوانییەکـی زۆرە، مێرمنداڵـی گەنج ئەوەی پـێ ناکرێت، هەندێک جـار لێـی تـێ نـاگات، ئەگەر لێیشـی تێ بـگات، هیـچ ئامادەیـی تێدا نییـە لە ڕووی تەجرەبەی ژیـان و تێگەیشـتنەوە ئەنجامی بدات، بۆیە هەمیشـە لاملـی دەکات، تەنبەڵـی دەکات، گـوێ ناداتـێ، بێدەنگ دەبن یـان یاخی دەبـن. بۆ ئەوەی ئـەو حاڵەتانە ڕوو نەدەن کـە هەموویان ڕەفتاری سـەلبین و لە ئەنجامی لێکتێنەگەیشـتنی نێوان دایک و باوک و مێرمنداڵـی گەنـج ڕوو دەدات، پێویسـتە چاوەڕوانییـەکان لـە گەنج

کــەم بکرێتــەوە. چاوەڕوانــی ئەوەشــی لــێ بکرێت بــاش بخوێنێت و ئــاگای لە تەندرووســتیی خــۆی بێت، بــەو چاودێرییەی کــە دەکرێت پڕۆســەی پەروەردەکــردن و ڕاهاتنی بــەرەو گەنجێتی و ئینســانێکی گــەورە ئەو پڕۆســەیە بــەردەوام بێت و بــە هێمنی بــەردەوام بێ، بۆ ئــەوەی فێــر بێت و لــە سیســتەمی ڕەفتاری خۆیــدا جێی بــۆ بکاتەوە.

دەبــێ بــە لای دایــک و باوکانــەوە زۆر ئاســایی بێــت مێرمندالانی گەنــج حەزەکانــی خۆیان بێننە دی، لە خــواردن بێت یان وەرزش بێت یــان لــە جلوبەرگی مــۆدە بێت، یــان هەر شــێوەیەکی تــری پێوەندی بێــت کە زیانــی پێنەگەیەنێت. پێویســتە مێرمنداڵی گەنج لــەو هەوڵەیدا پشــتیوانیی بکرێــت و هــان بدرێت چۆن حەزەکانی خــۆی دەربڕێت و بــە حەزەکانــی خۆیدا بچێتــەوە چەندیان ڕاســتن، هەروەهــا فێر بێت هەمــوو حەزەکان بــە یەکجار نایەنــە دی. وردە وردە مێرمنداڵی گەنج لــەوە تێدەگات کە زۆر ئاســاییە ئینســان ئاواتی بــەرزی هەبێت، بەڵام تێــدەگات ئاواتاکان هەموویان نایەنە دی یــان هەموو وردەکارییەکانی ئاواتێــک نایەتــە دی، بەڵکــو بەشــێک لــە ئاواتــاکان دەبێتــە ئامانج و هــەدەف، دەکرێــت ئێســتا یــان لــە داهاتــوودا بێتــە دی، ســەرەنجام مێرمنداڵــی گەنــج ئامادەیــی تێــدا دەبێت ئــەم دنیــای دەرەوەی خۆی تــێ بــگات کە دنیایەکــی واقیعییە و ئەویش بەشــێکە لــەو واقیعە، دنیا ســەختە، ئینســان ئــازار دەدات، ژیــان ئەگــەر خۆشــی نەکــەی زۆر ماندووکــەر و کوشــندەیە. بۆیــە دەبــێ ئینســان ئامادەیــی تــەواو لە خۆیدا درووســت بکات بە زانایی و شــارەزایی لە کرداردا، بۆ ئەوەی دنیــای دەرەوە بگۆڕێــت و لــە کۆمەڵگادا پێوەندی درووســت بکات و ئامانجەکانــی دیاری بــکات و بۆ هێنانەدییان تێبکۆشــێت و یەک دوای یەکــی ئامانجەکانــی لە ژیانــدا بێنێتە دی. ســەرەنجام ئــەوەی بە لای منــەوە گرینگــە مێرمنداڵــی گەنــج تــا تەمەنی هــەژدە ســاڵە تێدەگات بــا ئاواتــی هەبــن، بــا ئاواتاکانی خــۆی بڕازێنێتــەوە و جــوان دەری ببڕێــت، کاریشــی بۆ بــکات، بــەس دەبــێ تێبگەیەنرێت کــە ئاواتاکان هیــچ کاتێــک نایەنــە دی، ئاواتاکان تەنیا حەزی ئینســان و خواســتی

ئینسـان دەردەبڕێـت و زەوینـە خۆش دەکـەن و ڕێـگا دەکەنەوە بۆ ئامانجـەکان. واتـا ئامانجـەکان ئـەو خواسـتە قۆناغبەندییەیـە کە لە ژیانـدا لـە ماوەی سـاڵێکدا و لـە کەمتر لە سـاڵ یان چەندین سـاڵدا دیـاری دەکـرێ، بـۆ ئەو کەسـە پێویسـتە و هـەوڵ دەدات بیانهێنێتە دی. سـەرکەوتنی مرۆڤیش لـە هێنانەدیی ئامانجەکانیـدا دەبێت. بەڵام ئەگەر کەسـێک بـەدوای ئاواتەکانـی بکەوێت، کەسـێکی خەیاڵپەروەر و ناواقیعبیـن دەبێـت، ناتواتێت لەسـەر ئـەرزی واقیـع جێگەی خۆی بکاتەوە.

پێویسـتە گەنـج یـان مێرمنداڵـی گەنـج بەپێـی توانایـی خێـزان مانگانـە ئەو مەسـرەف یـان ئـەو خەرجییەی بـۆی دابیـن دەکرێت، پێـی بگوترێـت و تێبگەیەنرێـت کـە خـۆی بـۆ ڕێـک بخات کـە ئەو خەرجییـە بەشـی مانگێکـی بـکات، بەڵام لـە چۆنیەتیـی خەرجکردندا پێویسـتە دایـک و باوک دەخالـەت نەکەن. چونکە ئـەو خەرجییەی بۆ مێرمنداڵـی گەنج دادەندرێـت دەبێ پێی بگوتـرێ دەتوانێت لە مانگێکدا خەرجـی بـکات. بەڵام نـەک کەمتر لـە مانگێک، خۆیشـی بەرنامەکەی وا دابنـێ کـە موحتـاج نەبێـت. ئەگـەر مێرمنداڵی گەنج ناچـار بکرێت پارەکـەی سـەرف نـەکات، کـە عادەتـە بـاوک و دایـک زۆربەیان وا لـە مێرمنداڵـی گەنـج دەگەیەنن، سـەرەنجام ڕەفتارێکی لا درووسـت دەبێـت کە پارەکە پێویسـتە بمێنێتەوە و خۆی بێبـەش دەکات. لەوێیە گەشـەی دەوەسـتێت، حەزەکانی دەوەسـتێت، لەو حاڵەتەدا دەچەقێت و، سـەرنجی تەنیـا بۆ زۆر کۆکردنـەوەی پارە دەچێت. پـارە لە جێی وەسـیلە و ئامـرازی بەڕێکردنـی ژیان دەبێتـە ئامانج؛ کاتێـک دەبێتە ئامانـج بەشـەکانی دیکـەی ژیانـی لـە بیر دەچێـت، بۆیە ئینسـانێکی خەسیسـی لـێ دەردەچێـت، واتـا ڕەزیـل. لـە ئاینـدەدا خـۆی و لـە داهاتـوودا خێزانەکەشـی لـە بیـر دەکات و هەموو سـتراتیژی ژیانی دەبێتە کۆکردنـەوەی پارە. کاتێک کۆکردنەوەی پارە ببێتە سـتراتیژی ژیان، ئەو کەسـە منداڵ و خێزان و هاوسـەر و دۆستەکانیشی دەکاتە وەسـیلەی گەیشـتن بـەو ئامانجە کە پارەیـە. کاتێک کـە دەگاتە پارە

دیســـان زیاتری دەوێت. بەڵێ پارە بەدەست دێنێت، بەڵام هیچ خۆشیی لــێ نابینێت، کامــەران و ســەرکەوتوو نابێت، بەختــەوەری تێدا نابێت و دەوروبــەری خــۆی وێــران دەکات بــۆ ئــەوەی ژمــارەی پارەکەی زیاتــر بــکات. ئــەوە ڕێــک پێچەوانــەی دەســتبڵاوی و وێڵخەرجییــە، ئــەو جــۆرەی کــە منــداڵ تێبگەیەنرێــت پارەپەرســت نەبێــت، پــارە پێویســتە. دەبــێ مێرمنداڵ تێبگات بەبێ ســامان و پــارە ژیان بەڕێوە ناچێــت، ســامان بــە کارکــردن و شــارەزایی و زانایی دێت، ســامان لــە دواییــدا خەرجی خۆشــییەکانی ژیان دەکرێــت، خەرجێکی مەنتیقی و واقیعبینانــە، بەپێــی بەرنامەیەکــی داڕێــژراو. ئەگــەر بەپێچەوانەی ئەوبێــت، پەیداکــردن و کۆکردنــەوەی پارە بــە هەموو وەســیلەیەک، خەرجکردنەکــە دەوەســتێنێت و خۆشــیی ژیــان دابیــن نــاکات، تەنیا وەکــو هەدەفێکە کە بتێک بۆ پەرســتن دەبێتە مایــەی ئازار و ئەزیەتی خــۆی و خێزانەکەی لــە داهاتوودا.

بۆیە پێویســتە دایکان و باوکان ئاگاداری ئەم باڵانسە بن، میکانیزمی دانوســتاندن لەگــەڵ مێرمنداڵــی گەنــج بــۆ ئــەو خەرجییــەی بــۆی دادەندرێــت، ئازادیــی ئــەو لە خەرجکردنیــدا و، جــۆری ڕەفتار لەگەڵ ســامان و پــارەدا، گفتوگــۆی ســەرکەوتوویان هەبێت، بە شــێوەیەک بێــت خزمەتــی گەشەســەندن و پەروەردەکردنــی بــاری دەروونی و ڕەفتــاری مێرمنداڵەکەیــان بــکات. لــەو تەمەنــەدا گرووپی بــرادەران بــۆ کچــان و کوڕانــی مێرمنداڵــی گەنــج زۆر گرینگــە، ئــەو قۆناغەیە کــە پڕۆڤــەی گەنجایەتــی دەکــەن، خۆیــان ئامــادە دەکەن تــا داخیلی زانکــۆ بــن، بــە هەنگاوێکی گــەورە داخیلی ژیانــی کۆمەڵگا بــن. بۆیە زۆریــی وەختی خۆیــان لەگــەڵ برادەرەکانیان دەبەنە ســەر. تەنانەت کاتێک دەگەڕێنەوە ماڵەوەش بەشــێکی کەمی ســەرنجی خۆیان لەسەر دایــک و بــاوک و خوشــک و برایانــە، بــە تایبەتــی لەم زەمەنــەدا لە ڕێــی مۆبایــل و ئایپــاد و ئینتەرنێتــەوە، لەوانەیە بەشــەکەی تریش بە زۆری هــەر لــە پێوەندیدا بن لەگــەڵ برادەرەکانیان. ئێمــە لەم زەمانە دەزانیــن کە بەیەکــەوە بیروڕا دەگۆڕنــەوە، نوکتە بۆ یەکتــر دەنێرن،

زانیـاری دەدەن بـە یەکتـر، راپۆرت بۆ یەکتر شـەیر دەکـەن، پێگەی نـوێ کـە بـۆ هەموویان گرینگـە بـە یەکتـر دەناسـێنن، ڕای خۆیان دەردەبـڕن. دەزانیـن کە تـۆڕە کۆمەڵایەتییـەکان و ئەپەکانی پێوەندی چ تواناییەکـی گـەورە دەدەن بـە گەنجـان. بۆیـە پێویسـتە دایکان و بـاوکان حەسـودی بەوە نەبەن کە منداڵەکانیـان زۆربەی کاتی خۆیان لەگـەڵ برادەرەکانیان دەبەنە سـەر. زۆر لە دایکان لەوەدا حەسـودی بـە منداڵەکانیان دەبەن، پەڵپیان پێ دەگرن و کێشـەیان بۆ درووسـت دەکـەن کە بۆچی ئێمەتان لە بیر نییە، یان باوکیش هەروا. لە ڕاسـتیدا دەبـێ بـە پێچەوانـەوە بـێ و منداڵ هـان بدرێـت پتر لە گـەورەکان لەگـەڵ هاوڕێکانی بێت، ڕێزی برادەرەکانـی و هاوڕێیەکانی بگیرێت، بـۆ ئـەوەی لەگەڵ یەکتـری بمێننـەوە و ئـەو مێرمنداڵییـە گەنجییەی هەیانـە زەوینـەی گەشەسـەندن و ڕاهاتنـی کۆمەڵایەتی بۆ خۆشـتر بکرێـت. دەبـێ بزانیـن لـەو قۆناغـەدا لە تەمەنـی ١٤- ١٨ سـاڵیدا لە ڕووی بـاری سایکۆلۆژیشـەوە لە پرۆسـەی ناو مێشکیشـدا قۆناغی سـەربەخۆییەکە زیاتـر دەبێت، ئیتر منداڵ پێویسـتی بە بـاوەش نییە، پێویسـتی بـە ماچکردنـی دایـک و بـاوک و کەسـوکاری نییـە، تەنیا لـە هەنـدێ بۆنـە و کاتـی دیاریکـراودا نەبێـت. هەروەهـا پێویسـتی بـە مانـەوە لە نـاو خێزانـدا نییە، بۆیـە ئەمە پرۆسـەیەکی ئاسـاییە. هەربۆیـەش دەبینیـن لە نێوانـی مێرمنداڵانی گەنج زۆرجـار کاتێک کە (بەتایبەتـی کـوڕان) دایکیـان ماچیـان دەکات و کـوڕەکان لێناگەڕێن، کێشـە درووسـت دەبێـت، یـان زۆر لـە بـاوکان گلەیی لە کـوڕەکان دەکـەن کـە ئێمەتـان لە بیر نییـە و خۆیان لـە بیر کـردووە. ئیتر ناو و ناتـۆرەی سـەیریان بـۆ درووسـت دەکەن. لـەو حاڵەتـەدا دایک و بـاوکان هەڵەن، پێویسـتە بزانـن ئەو قۆناغـە بۆیە قۆناغی گەشـەیە، گەشـە وا لە مێرمنداڵی گەنج دەکات چیی بۆخۆی پێویسـتە ئەوە داوا بـکات و ئـەوە بـکات، ئەوەی کـە لەزەتی پـێ دەدات ئەمەیـان بکات، لەمەیاندا پرۆسـەی گەشـەکردن واتا هەسـت و خواسـت و هەیەجان و ڕەفتـاری مێرمنداڵـی گەنج، هـەروا زیاد دەبێت، هـەروا دیوارەکەی

نێـوان خۆی و کەسـوکار بەرز دەکاتەوە، ئەدای باشــتر دەبێت، نابێت ڕێـی لـێ بگیرێت. ئـەو خواسـتانە لەوانەیـە دوای تەمەنی ٢٢ سـاڵی دایـکان و بـاوکان بتوانــن لە گەنجەکانــی خۆیان بگەیەنــن، ئەوکاتەی داخیلـی کۆمەڵـگا دەبن و وەکو ئینسـانی سـەربەخۆ دێنە نـاو ژیان. لە ڕاسـتیدا هــەر مێرمنداڵێکـی گەنج لــەو تەمەنەدا زۆربــەی وەختی خـۆی لــە باوەشــی دایـک و باوک بباتە سـەر و لـە مـاڵ بمێنێتەوە، ئـەوە پەروەردەیەکی هەڵەی هەبووە، لە ڕووی دەروونییەوە کێشـەی هەیـە، بـاوەڕی بە خـۆی نییە و باوەڕی بـەم دنیایە نییە، دەترسـێت لــە تێکەڵبــوون، لە هەمان کاتدا شـڵەژانی هەیە. بێگومــان کاتێک کە لە ڕاوێژکاری دەروونی بپرسـرێت نەخۆشـییەکانی دەستنیشـان دەکات و ڕێگاکانــی دەرچوونــی لــەو حاڵەتە بە دایک و باوک نیشــان دەدات. بۆیــە دەبــێ بزانین کاتێـک منداڵ لە دەرەوەیە زۆر سـاغە، پێویسـتە پشـتیوانیی ئەو سـاغی و سـەلامەتییەی بکرێت.

زۆرجــار گەنجــان و مێرمنــداڵ وەختێکــی زۆر بــۆ یــاری تەرخان دەکــەن. یاری مەبەســتم وەرزش نییە، یاری ئەو یارییانەیە کە ئێســتا لەســەر کۆمپیوتەر و ئایپاد و مۆبایلەکان هەن، پڕۆگرامی دیاریکراون و جۆرەهــا یاری هەنن، ئەو یارییانە وەختێکی زۆری گەنجان دەگرێت بەتایبەتــی شــەوانە کە دێنــەوە ماڵــەوە. دەبینیــن مێرمندالانــی گەنج هەندێـک جـار تـا درەنگانی شــەو بەخەبــەرن، هەندێک جار شــەو تا بەیانــی بەخەبــەرن کاتێک کە ڕۆژانی هەینی و شــەممە بێت. لەوەیاندا زۆرجــار دایــکان و بــاوکان تەنــگاو دەبــن، پێیانوایــە کارێکــی هەڵە دەکــەن. لە ڕاســتیدا کارەکەیــان هەڵە نییە، بــەڵام لەوانەیە زیادەڕۆیی بکــەن لە مانــەوەی شــەوانیاندا، لــە هەمــوو کاتێکدا حەزێکــە و ڕێی لــێ ناگیرێــت. تەنیــا لەپێناو ئەوەیــە کە دیســان دانوســتانیان لەگەڵ بکرێــت کــە ئەمە بەشــێک لــە خەویــان بۆ دابین بــکات، یانــی بنوون و ئاگایــان لــە دەرســەکانی خۆیــان بێــت، ئەگــەر هەندێــک ئەرکیان هەیــە لــە بیریــان نەچێت. لە ڕاســتیدا ئــەم یارییانــە لە نــاو خۆیاندا زانیاری و ڕاهێنانێکی زۆری تێدایە و یارمەتیی گەشــانەوەی مێشــکی

مێرمندالانــی گەنج دەدات، بە هیچ شــێوەیەک زەبریــان پێناگەیەنێت و تووشــی ڕەفتــاری خراپیــان ناکات. یارییــەکان هەروا پێــش دەکەون، مێرمندالــی گەنــج لەوانەیــە بــە تەنیا لــە ژوورەکــەی خــۆی بێت، لە ژوورێکــی تــر دایــک و بــاوک گوێیــان لێیــە کــە پێدەکەنێــت، هاوار دەکات یــان ســەما دەکات، یــان لــە نــاو یارییەکەدایە، وەکــو ئەوەیە لەســەر مێــز دانیشــتبێت یان لــە مەیدانی ئــەو یــاری و فیلمەدایە کە لــە پڕۆگرامەکــەدا ئــەوان پێکەوە ڕێبــەری دەکەن. ئەمەیان پێویســتە وەکــو خۆی تێبگەین ڕێیان لێ نەگیرێت، هیچ هەڕەشــەیەکی بۆ ســەر گەنــج نییــە، باشــتر پێیدەگەیەنێت، بــەس گرینگە ئــەو یارییانە ڕێگای خوێندنــی لێ نەگرێــت، هەروەها جێگــەی وەرزشــەکەیان نەگرێتەوە. ئــەوەش تەنیــا بــە گفتوگــۆ و زانیاریپێــدان دەبێــت. لــەو حاڵەتانــەدا پێویســتە دایــک و باوک زۆر کەم قســە بکەن، خواســتی خۆیان زۆر بــە ڕوونی بدەنــە مێرمندالی گەنج، زیاتر ڕێز لــە مێرمنداڵەکە بگرن و چاوەڕێــی ئەوە نەبــن لە یەک جار پێگوتندا بە قســەیان بــکات. بەڵکو پێویســتە چەندیــن جار بــە کورتــی و ڕوونــی و میهرەبانــی تێبینیی خۆیــان بــە کچ و کوڕەکانیــان بڵێنەوە. ئەگەر ئەمڕۆ نەیانکرد، ســبەی دووبــارەی بکەنــەوە، کاتێک بۆیــان دووبارە بکەنەوە کــە وەرس نین و بێــزار نین لــەو دووبارەکردنەوە و گوێی خۆیــان کردبێتەوە. ئەگەر ئــەوان قســەیان کرد زیاتــر گوێ لە قســەی مێرمندالی گەنــج بگرێت، کەمتــر دایــک و باوک قســە بکــەن. بەڵکو دایــک و بــاوک دەبێت پتر گــوێ بگــرن. هەربۆیەش دەڵێن دایــک و باوکی زانــا ئەوانەن کە دوو گوێــی کــراوەن نــەک زمانێکــی بە گــەڕی پڕ لە قســە و هەڕەشــە و ئامــۆژگاری، چونکــە مێرمندالی گەنــج وەریناگرێت.

لەوانەیــە لە دنیای ئەمڕۆدا کــە تێکەڵییەکــە زۆرە، کاتێک مێرمندالی گەنــج لــە ماڵــەوە دەردەچــن (بەتایبەتــی لە تەمەنی شــازدە ســاڵدا) دەردەچنــە کافێکانــی تایبــەت بــە خۆیــان و مەیدانەکانــی یــاری، ئێســتایش شــوێنی جیاجیــا هــەن بــۆ ئــەوەی تێیدا کــۆ ببنــەوە. لەم حاڵەتــەدا دەبینــی کــە لاڕێییــش ڕوو دەدات، هەندێــک جــار جگەرە

دەکێشن یان لەوانەیە دایک و باوک بزانن هەندێک لە کوڕەکان مەشروب دەخۆنەوە، بەداخەوە ژمارەیەک لەو گەنجانە کە دەکەونە داوی تۆڕەکانی مەوادی هۆشبەر، بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستە زۆر بە هێمنی ڕەفتاری گەنجەکانی خۆیان چاودێری بکەن. لە حاڵەتی جگەرەکێشاندا دەبێ بە هێمنی و مەنتیق تێیانبگەیەنن کە ئەوە تەندرووستییان دەخاتە مەترسییەوە، لەوانەیە زەوینەی ئیدمان (ئەدیکشن) برەخسێنێت و پاڵیان پێوە بنێت بەرەو ئالْودەبوون بەرەو ماددەی دیکە وەکو ماددەی هۆشبەر. مەشروب لەو تەمەنەدا گەر حاڵەتی وا ڕوو بدات دیسان وەک جگەرەکێشان زۆر بە خەم و زانایییەوە لە مێرمنداڵی گەنج بگەیەنرێت لەو تەمەنەدا زیان بە سیستەمی مێشک و سیستەمی عەسەب دەگەیەنێت، چونکە سیستەمی مێشک لە گەشەسەندندایە. لە هەر قۆناغێکی گەشەسەندندا ئەلکهول دەبێتە زەبرێکی کوشندە، توانایی و گەشە دەوەستێنێت و کەمی دەکاتەوە، جاری وایشە بەرەو لاڕێیشی خوار دەکاتەوە کە کەسایەتیی ئەو گەنجە لە زۆر توانایی بێبەش دەکات. بۆ ماددە هۆشبەرەکان هەرهەست پێ کرا دەبێ بە هاوکاریی قوتابخانە و ڕاوێژکاری دەروونی و پزیشک و گەر پێویست بوو بە هاوکاریی بەشێک لە هێزەکانی ئاسایش و ئەمنییەتی وڵاتەکە کە لەو بوارەدا کار دەکەن، هەوڵ بدرێت مێرمندالْی گەنج حەتمەن لە مەوادی هۆشبەر دوور بخرێتەوە، باوەڕیشی بۆ درووست بکرێت کە لە مەشروب(مەی) نزیک نەکەوێتەوە.

لەو قۆناغەدا ڕەفتارێکی دیکەی مێرمنداڵی گەنج ئەوەیە لە ناو خێزاندا دەیانەوێت ڕۆڵێک ببینن، حەز دەکەن بزانن دەوریان چییە، گوێیان بۆ دەگیرێت یان نا؟ قسە و پێشنیازیان وەردەگیرێت یان نا؟ کەسایەتییان دەخوێندرێتەوە و هەست بە ڕێزگرتن و خۆشەویستی دەکەن یان نا؟ هەڵبەت پێویستە دەوریان پێ بدرێت و گوێیان بۆ بگیرێت، هەستی خۆشەویستییان بۆ درووست بکرێت، بە کردەوە و بە گوفتاریش. بۆیە لە کاروباری ناوماڵ و کێشەکانی ناوماڵ،

پێویسـتە ڕاوێژیـان پـێ بکرێـت، لـە شـتێکی نـوێ کـە دەکرێدرێت، لـە سـەفەرێک یان لـە حاڵەتێکـی تایبەتدا، هـەر بـۆ پەروەردەکردن، مێرمنداڵـی گەنـج ئـاگادار بکرێـت و گوێ لـە بۆچوونـی بگیردرێت، ئەگـەر توانـی ڕۆڵێک بگێڕێت بەرەو باشـکردن و چاککـردن، ڕێی پێ بدرێـت ئەو ڕۆڵە بگێڕێت. ئەوە متمانـەی لە نێو خێزاندا زۆرتر دەکات و خۆشەویسـتیی زیاتـر دەبێت، توانای خۆیشـی تاقـی دەکاتەوە. بۆ نموونـە لە جۆری خواردن لە ماڵێ، لە کڕینی پێویسـتییەکی کەلوپەلی ناوماڵ، ڕێکخسـتنێکی سـەیران و سەفەرێک یان سـەردانی خزمان و بـرادەران. لـە هەموو ئەوانەدا پرسـی مێرمندالانی گەنـج بکرێت و لە هەندێکیانـدا ئەگـەر ڕایـان نەبوو گوشـاریان بـۆ نەهێنرێـت، گەر لە سـەفەر بەشـدار نەبـوون، بـە زۆر نەیانبـەن. کاتێک نەیانویسـت لە سـەردانی خزم و کەسـەکاندا لەگـەڵ دایک و باوکدا بچـن، بە تۆبزی نەیانبـەن. هەروەهـا کاتێـک میـوان دێـت جـاری وایـە مێرمندالانـی گەنـج بەشـداریی باش ناکـەن. لە خزمـەت و بەشـدارییپێکردنیان لەو حاڵەتەدا پێویسـتە سـەرنجیان ڕابکێشـرێت بە هێمنی فێر بکرێن چۆن بەخێرهاتنـی میـوان دەکەن، چـۆن ڕەفتـار لەگەڵ خەڵکـی دەرەوەی خێـزان دەکەن، بـەوە فێر دەبن کە لـە ئایندەدا چۆن ڕێوڕەسـمەکانی باشـی کۆمەڵـگای خۆیان بپارێـزن، یارمەتییـان دەدات ژیانیان بەرەو خۆشـی بـڕوات و تەفاهومیـان زیاتر بێت لەگـەڵ دەوروبەر.

لـەو تەمەنـەدا لە کوردسـتان، زۆرجار دەسـتگیران بۆ کـوڕ و کچ دەستنیشـان دەکرێـت و بەداخـەوە هەندێـک لە دایک و بـاوکان پێش ١٨ سـاڵ منداڵەکانیـان ناچار دەکەن هاوسـەرگیری بکـەن، واتا مارە بکـەن، یـان مـارە بکرێـن. بۆتـە باو کە بەشـێک لـە دایـک و باوک، ئەوانـەی کچیان لە زانکـۆکان دەخوێنن، بە ئیمتیازات و سـەرکەوتنی خۆیانـی دەزانـن کـە کچەکانیـان لـە زانکـۆ یەکەمیـن دۆسـتی کـە هەیەتـی هەڵیبژێرێـت و مارەی بـکات بۆ ئەوەی لۆمـەی کۆمەلایەتی لەسـەر کـەم بێتـەوە و کاتێـک خەڵـک دەیانبینـن، بڵێن ئـەوە لەگەڵ دەسـتگیرانی خۆیدایە. بەشـێکی زۆری گەنجـان غەدریان لێ دەکرێت

کاتێـک کـە مـارە دەکرێـن چونکە ئـەو تەمەنە هیـی مارەکـردن نییە و تەمەنـی بڕیاری هاوسـەرگیرییش نییـە. هەر هاوسـەرگیرییەکیش پێش ١٨ سـاڵ ڕوو بـدات یان لە ناو زانکۆیـش ڕوو بدات، زەواجێکی هەڵەیـە و لـە کاتـی خۆیـدا نییـە و کۆتاییەکـەی بە شکسـت و ئازار دێـت. پێوەندیی سـۆزداری حەتمییە، لە مێژوویشـدا هەبووە، لاوک و چیرۆک و ئەفسـانەکانی ئێمـە هێزی ئەو پێوەندییە پیشـان دەدەن کە هیچ هێزێک ناتوانێت پێشـی پێ بگرێت(خۆشەویسـتی). بۆیە پێویسـتە ڕێـی پـێ نەگیرێت و ڕێی بـۆ بکرێتەوە و هاوکاریـی بکرێت، ڕێنوێنی بکرێـن زیانیـان پـێ نەگەیەنرێت. دەبێ دایک و بـاوکان لەوە بگەن کە مێرمنداڵـە گەنجەکانیـان وردە وردە کە لە ١٨سـاڵی نزیک دەکەونەوە دەبنە گەنج، بەرەو گەنجێتی و سـەرەتای گەنجێتی و بڕینی سـاڵەکانی گەنجێتـی هەنگاو دەنێـن، کامڵ دەبـن، خواسـتەکانیان کامڵتر دەبێت، دوای ١٨سـاڵی داخیلی زانکۆ دەبن، ئەو لقە لە زانسـت هەڵدەبژێرن کە بۆخۆیـان حەزیان لێیە دەتوانن بیکەنە کاری سـەرەکی لە داهاتوودا و ڕۆڵـی کۆمەڵایەتیی خۆیانـی پێ بگێڕن و ژیانی خۆیشـیانی پێ دابین بکەن، بە کەرامەت و سـەرکەوتنەوە. بۆیە پێویسـتە کە لە ١٨ سـاڵیدا مێرمنداڵـی گەنج داخیلی گەنجی دەبێت و پۆلـی دوازدە تەواو دەکات، دایـک و باوک ناچاری نەکەن لە زانکۆ کام بەشـی زانسـتی بخوێنێت. پێویسـتە سـاڵێک پێش تەواوبوون پێی بڵێن بۆخۆت لە قوتابخانە کام وانـە بـۆ تـۆ زۆر خۆشـە و لەزەتی لێ دەبینـی، ئا لەوێـدا بیر بکەوە کـە زانکـۆت تەواو کـرد دەتوانی لەو بـوارەدا کارێکی سـەرکەوتوانە بکـەی و تێیـدا داهێنان بکـەی و بگەشـێیەوە، ژیانێکی بـاش بۆخۆت دابیـن بکـەی. بێگومان لە تەمەنی ١٨ سـاڵیدا، گەنجی تـازە هاتووەتە مەیـدان، ئـەو توانایەی دەبێت کە حەز و ئـارەزووی خۆی بۆ داهاتوو دەستنیشـان بکات بزانێ لە کام بواری زانسـتدا سـەرکەوتووە، دەبێ لـەوێ هـان بدرێـت. هەمـوو لقەکانـی خوێنـدن زانسـتن، هەموویان ڕاسـتن، هەموویـان لـە کۆمەڵگا بـواری کارکردنی هەیـە بەمەرجێک گەنـج بـە حەزی خـۆی و توانـای خـۆی هەڵیبژێرێت. لـەو قۆناغەدا

توانایییەکانــی گەنــج بە تــەواوی دەردەکــەون لە ئایندەدا لــە کام بوار دەتوانــێ ســەرکەوتوو بێــت و بخوێنێت و کار بۆ خــۆی بدۆزێتەوە.

هەندێــک لــە مێرمندالانــی گەنج کــە دەگەنە ١٨ ســاڵ و دەبنە گەنج، لــە ئەنجامــی هەندێک کێشــە کە بۆیان درووســت دەبێت لــە خوێندن دەوەســتن یــان تــەواوی ناکــەن. لــەو حاڵەتەدا پێویســتە دایــکان و بــاوکان بــە توونــدی و زبری مامەڵە لەگــەڵ مێرمندالــی گەنج نەکەن، بەڵکــو هــەوڵ بــدەن لێی تێبگــەن ئایــا توانای تێگەیشــتنی نییــە، یان کێشــەی دەروونــی هەیــە، یــان کێشــەی دەوروبــەرە یــان کێشــەی خێزانە وا دەکات ســەرنجی لەســەر خوێندن بڕوات، یان لەوانەیە هەر لــە بنەمــادا هەندێک کێشــەی تێگەیشــتن لــەو مێرمنداڵە هەبــێ. دەبێ ببردرێتە لای ڕاوێژکاری پزیشــک تاکو کێشــەکانی دەستنیشــان بکات و ڕێگای مامەڵکردن و چارەســەریش پێشــنیاز بکات. لەوانەیە هەندێک لــە گەنجان پۆلــی دوازدە تەواو نەکەن، ســاڵێک یان دوو ســاڵ دوای بخــەن، ئەگــەر دایــک و بــاوکان بــە یارمەتیــی ڕاوێژکاری پزیشــکی تێبگــەن بۆچی ئــەو گەنجە پۆلی دوازدەی تــەواو نەکردووە و داخیلی زانکــۆ نەبووە، ســەرباری ئەوەی کــە هەلی پــێ دەدەن تەحەممولی ئــەو دواکەوتــن و مەســرەفەش دەکەن کــە منداڵەکەیــان توانایی نییە و جــارێ چەقیــوە، مێرمندالــی گەنــج نابێ بشــکێندرێتەوە، پێویســتە ســەرنجی ڕابکێشــن بڵێن تۆ چاوت لە تەواوکردنی خوێندنەکەت بێت، بــەڵام نابــێ بێکاریش بیــت، دەبێ کارێک بکات. دایــک و باوک هاوکار بــن یــان ئــەو ناوەندانــەی کە کار بــۆ گەنجــان دەبیننەوە بــە کارێک ســەرقاڵی بکــەن. جــاری وا هەیــە گەنج پێویســتی بە ســاڵێک و دوو ســاڵ کار هەیە زیاتریش تەحەممــول دەکات، بەڵام لە پڕێکدا توانایی لــە خۆیــدا هەســت پێدەکاتەوە. کــە لە هەمــوو حاڵەتێکــدا دەبێ گەنج هــاوکاری بکرێــت بگەڕێتەوە بەر خوێندن، بچێتە زانکــۆ. لەم زەمانەدا قۆناغــی یەکەمــی زانکــۆ بــۆ پەروەردەکــردن و ئامادەکردنی مرۆڤ زۆر پێویســتە، ئەگینا بە جۆرێک لە کەمخوێندەواری حســێب دەکرێت کــە لــە هەمــوو شــوێن کاری دەســت ناکەوێــت، ناگاتە ئــەو پلەیە لە

داهــات کــە پێویســتیەتی. بە تایبەتــی ئێســتا پێشــکەوتنی تێکنۆلۆژیا و هێــزی زانســت بەســەر دەروونی ئینســان و تەونــی کۆمەڵایەتی و سرووشــتدا بــە ئەندازەیــەک زۆرە کــە تەنیا داخیلبوون لە پڕۆســەی زانابییــە کە توانایی بــە گەنجی داهاتــوو دەدات بتوانێت کێبڕکێ بکات و ســەرکەوێت و جێــی خــۆی لــە کۆمەڵــگادا بگرێت. لــەم ڕۆژگارەدا هۆشــی دەســتکرد و پێشــکەوتنی دیجیتاڵ بە ڕاددەیەکە بەشێکی زۆر لــە کارەکانــی مــرۆڤ ڕۆبــۆت و پڕۆگرامەکانی نــاو کۆمپیوتەرەکان دەیکەن. مرۆڤ دەبێت زۆر شــارەزا بێ تا بــۆی هەبێ لەو کێبڕکێیەدا کاری گونجــاوی خــۆی بدۆزێتــەوە، دەنا بێــکاری چاوەڕێی دەکات و نەزانــی نســیبی ئەو گەنجــە دەبێت. هەندێــک جاریش هەیــە لەوانەیە تــا ماوەییێکــی زۆر خوێندنەکــەی پــێ تــەواو نەکرێــت، ئەو ســەدمە و زەبــرەی پێیکەوتــووە، ئــەو کێشــە دەروونییــەی هەیەتی قورســە، ماوەیــەک چارەســەری دەوێت، پشــووی دەوێت، ئــەوەش وەک گوتم دەبــێ پزیشــکی دەروونی بڕیاری لەســەر بدات. لە هەمــوو حاڵەتێکدا دایــک و بــاوک پێویســتە بزانن کاتێک منــداڵ درووســت دەکەن، بەو مانایــە نییــە منداڵ کۆیلــەی ئەوانە، نابێ وا تێبگەن منــداڵ بۆ خزمەتی خۆیانــی درووســت دەکــەن. دایک و بــاوک دەبــێ توانایــی ئەوەیان هەبێــت خۆیــان ژیانــی خۆیان تا ســەر دابین بکــەن. منــداڵ بۆ ئەوە درووســت نەبــووە خزمەتــکار و کۆیلــەی ئــەوان بێــت و نابێت ئەو هەســتە لــە مێرمنداڵ و گەنجدا درووســت بکرێت کە بۆیە درووســت بــووە، چاکەکانی دایک و باوکی بداتــەوە. دایک و باوکی باش ئەوانەن کــە زۆر بــە باشــی و زانایــی و بــە نەرمونیانــی منداڵەکــەی خــۆی پــەروەردە بکــەن تــا دەبێتە گەنــج و داخیلــی ژیان دەبێت. کــە منداڵ داخیلــی ژیــان بــوو، ئەگەر توانــی ڕۆڵی خــۆی ببینێت، ئــەوا دایک و بــاوک لــە ڕۆڵ و ژیانی خۆیان بەردەوامــن، پێوەندییەکی پڕ لە متمانە و خۆشەویســتی لــە نێوانیاندا دەبێت. ئەو کاتەیــە دایک و باوک دەبێ زۆر بــە زانابییەوە ڕێگا بە ســەربەخۆیی و دوورکەوتنەوەی منداڵەکان بدەن، تەنیا خۆشەویســتی و ســۆزێکی بــەردەوام دەتوانێت تەئمینی

ئـەو نزیکییـە بـکات کە تـا دوێنێ منـداڵ لە باوەشـیاندا بـووە، بەڵام ئەمـڕۆ جیرانیانە یـان لەوانەیە لە شـارێکی دیکـە کار بکات.

دایـکان و بـاوکان جـاری وا هەیـە لـەوە تێناگـەن کـە هەندێک لە دۆسـتەکانی منداڵەکانیـان، بـۆ ئـەو زۆر خۆشەویسـتە، وەختێکـی زۆری لەگـەڵ دەباتـە سـەر، زۆر متمانەی پێ دەکات، ئەوە نیشـانەی گەشەسـەندن و سـاغێتیی ئـەم مێرمنداڵـە گەنجە یان ئـەو گەنجەیە، نیشـانەی ئەوەیـە کـە حەزی سـەربەخۆیی لـە نێو گەنجیـدا یەکجار زۆرە و هـەوڵ دەدات مومارەسـەی بـکات، ڕێـی بـۆ دەدۆزێتـەوە، هـاوکار بۆخـۆی دەدۆزێتـەوە. لـەم قۆناغـەدا کە لە ١٤-١٨ دەسـت پێدەکات، بە قۆناغی یاسـامەندیی عادیلانە ناسـراوە، واتا مێرمنداڵانی گەنـج وردە وردە باوەڕیـان بـەوە دەبێـت کە ئـەو دنیایـە دەبێت بە یاسـا و قانـوون تەنزیـم بکرێن، مـاف و دەوری مرۆڤەکان بە یاسـا دابیـن بکرێـت و تەنزیـم بکرێـت و بـە یاسـایش پشـتیوانی بکرێت. ئینجـا ئەگـەر ناعەدالەتـی و نابەرابـەری و ناواقیعبینی لە سیسـتەمدا هەبێـت، جا ئەو سیسـتەمە سیاسـی یان ئابـووری یـان کۆمەڵایەتی بێـت، مێرمنداڵانی گەنج یان گەنجانی ١٨ سـاڵە لەگـەڵ پابەندبوون بە یاسـا یان بـە قانوون داوای عەدالـەت و دادپـەروەری دەکەن، داوای یەکسـانی دەکەن. لەو حاڵەتـەدا مەیلێکی زۆریان بـە لای گۆڕانکاریدا هەیـە بـۆ ئەو یاسـایانەی عەدالـەت دابین ناکـەن، هەربۆیەش حەز و ئارەزووەکانـی خۆیـان بە شـێوەیەکی شۆڕشـگێرانە پیشـان دەدەن، زەبروزەنـگ زۆر بـە ئاسـانی وەردەگـرن و پێیانوایـە کـە دەبـێ بە زەبروزەنگی شۆڕشـگێرانە و گۆڕانکارییەکی گـەورە کۆمەڵگا بگۆڕن و یاسـاکانی سـەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە. هەڵبەت ئـەوە لە تەمەنی ١٢-١٤ش هەبـوو کـە یاسـا و کەسـایەتییە بەناووبانگەکان دەپەرسـتن. هەڵبـەت دەبێـت هـەم گوێیـان بـۆ بگیرێـت، هەمیـش زانیاریـان پێ بدرێـت و بخرێنـە دانوسـتان و گفتوگـۆ و ڕاهێنـان بـۆ ئـەوەی لەو قۆناغـەش تێپـەڕن. زۆر لـە مرۆڤـەکان لـە قۆناغی دادپـەروەری و یاسـامەندیدا دەچەقـن و دەمێننـەوە. مەبەسـت لـە چەقیـن و مانەوە

ئەوەیــە سیســتەمی هەســت و عاتیفەیــان لــە ڕەخنەگرتنــی توونـد و بیرکردنــەوە لــە ڕووخان و تێکدانی یاســا و داهێنانی یاســای نوێ و بەرقەرارکردنــی دادپەروەری بە شــێوەیەکی میکانیکــی و خێرا دەبێتە بنەمــای بیرکردنەوەیان. شۆڕشــگێڕان لە تەمەنی ســەرەوەی گەنجیدا و لــە گەنجیــدا ئەگەر پەیــدا ببن، لە نــاو بزووتنــەوەی کۆمەڵایەتی و سیاســیدا، ئەوانە لە ڕووی گەشەسەندنی کەســایەتیدا لە تەمەنی ١٣-١٨ چەقیــون. هەرکەســێک لــەو تەمەنــەدا بچەقێ و بمێنێتــەوە دەبێتە کەسێکی توندڕۆی چەپ یان ڕاست، لە کاری سیاسی و ئیداری و لە ڕوانــگای کۆمەڵایەتیدا. گــەر توندڕۆییش دەورێــک بگێڕێت لە ژیانی کۆمەڵایەتیــدا، بەهۆی ئەو توندییەوە هــەم خۆی ماندوو دەکات، هەم کۆمەڵگایــش. بەشــێکی زۆر لــە ســەرکردە توونــدڕۆ بەناووبانگەکان ئەوانــەن کە لــە تەمەنــی مێرمنداڵیــی گەنجێتیــدا ماونــەوە، چەقیون، هەســت و ئاواتاکانیان لەوێ لە گەشــە وەســتاوە. ســەرباری ئەوەی کە لەشــیان گەورە بــووە، خوێندنیان تەواو کــردووە و داخیلی ژیانی کۆمەڵایەتــی بوونــە، بــەڵام دەیانەوێت هەمــوو کێشــەکان و ئەوانەی ئــەوان پێیدەڵێــن نابەرابەری بە زەبروزەنگ چارەســەر بکــەن. بیر لە ڕێکاری واقیعیانــە ناکەنەوە.

ئــەم حاڵەتــی باوەڕبــوون بــە یاســامەندیی عادیلانــە تواناییەکانی گەنجان لە هەژدە ســاڵییەوە نیشان دەدات کە چەند بایەخ بە سیاسەت دەدەن، یان بە بوارەکانی زانســتە کۆمەڵایەتییەکان دەدەن. کام بواری بیرکردنــەوەی فەلســەفی بــۆ لای خــۆی ڕایدەکێشــێت، هەندێک جار بیروبــاوەڕی ئایینــی و ئایدۆلۆژیــای دینی لــەو گەنجانــە دەئاڵێن. لە هەموو حاڵەتێکدا ئاراســتە و ســەمتی بیرکردنــەوە و کارکردنی گەنج دەردەکەوێــت ئەگــەر توندڕۆیــی و ناواقیعبینــی تێدا بێت، پێویســتە هاوکاریــی بکرێــت تا زیاتر نەچەقێت و لێــی تێپەڕێت و لێی فێر بێت و پێــی بەهێز بێــت. زۆر گرینگە لەو قۆناغەدا وەکــو هەموو قۆناغەکانی دیکــە گفتی ناڕاســت و درۆ بە مێرمنــداڵ و گەنج نەدرێت، ئەگەر گفتی پــێ درا هــەوڵ بدرێ لــە کاتی خۆی بــۆی جێبەجێ بکرێــت و ئەگەر

جێبەجێ نەکرا، دەبێ زۆر ڕاستگۆیانە بۆی باس بکرێت کە لە توانادا نەبووە جێبەجێ بکرێت و لە کەنگێدا دەکرێت ئەو خواستەی بۆ بێننە دی. زۆرجار دایک و باوکان درۆی مەسەلەحەتی لای منداڵەکانیان دەکەن، یان درۆی مەسڵەحەتی پێدەکەن، هەردووکی هەڵەیە. درۆ یان ناڕاستگۆییکردن لەگەڵ سیستەمی مێشک، لەگەڵ دەوری سیستەمی عەسەبی مرۆڤ نایەتەوە، ئازاری دەدات و بە ڕەفتارێکی لادەرانە حسێب دەکرێت. ئەگەر لەسەری بەردەوام بن، درۆکردن دەبێتە لەزەت و ڕەفتاری مێرمنداڵی گەنج کە لە گەورەییدا گیرۆدەی دەکات. بۆیە درۆی مەسڵەحەتیش هەڵەیە، واقیع چۆنە دەبێ ئاوا لە مێرمنداڵ و گەنج بگەیەنرێت هەتا ئەگەر تاڵ بێت، جا کێشەی ناوماڵ یان کۆمەڵایەتی یان کێشەی خوێندن بێت یان هەر ڕووداوێک بێت. تەنانەت بگاتە لەدەستدانی کەسوکاری خۆی، یارمەتیی مێرمنداڵ و گەنج بدرێت کە زانیارییەکەیان هەبێت، ئاگایان لێ بێت. تەنیا شتێک ئەوەیە دەکرێ لەپشتیان بن بۆ ئەوەی زۆر لەژێر کاریگەریی ئەو ڕووداوە واقیعییانە نەچەمێنەوە. ئەمە گەنجان و مێرمنداڵی گەنج وا لێ دەکات کە هەمیشە لە واقیع نەترسن، حەقیقەت هەمیشە وەکو خۆی وەرگرن، گەر بیانەوێت گۆڕانکاری بکەن، گۆڕانکارییەکە لەسەر بنەمای ئەرزی واقیع بکەن. بە هەبوونی زانیاری و بەرنامە و پلانی ڕاستگۆیانەی واقیعیانە بچنە پێشەوە. لە هەموو حاڵەتێکدا ئەمە قۆناغی هەڵکشانی مێرمنداڵە بەرەو گەنجایەتی، واتا لە قوتابخانەی دواناوەندی تەواو دەبێت، دەچێتە زانکۆ، لە زانکۆ ئەو کادرە کەسایەتییە دێتە دەرەوە کە ئیتر یەکسەر بەدوای کاردا بگەڕێت و، ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی خۆی بگێڕێت.

تا ئێرە دایک و باوک دەبێ قۆناغێکی ١٨ ساڵەی ئامادەکردنی گەنجێکی(کچ یان کوڕیان) تەواو کردووە، گەنجێکی ساغ، باوەڕبەخۆبوو، بە توانستی مێشکیی دیاریکراوی خۆی، بەوپەڕی سەربەخۆییەوە داخیلی زانکۆ دەبێت و دایک و باوک پشتیوانی ئەو سەربەخۆییەن، پشتیوانی خواستەکانینی، پاڵی پێوە دەنێنن بۆ ئەوەی لە قۆناغی گەنجییەتیدا

کە زانکۆیە بەردەوام بێت. بەردەوامییەکەشی بە هەڵبژاردنی خۆی بێت. تا ئێستا مێرمنداڵ و مێرمنداڵی گەنج ئایندەی بۆی دیاری دەکرا، بەڵام ئێستا خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات. ئەوە نیشانەیە کە ئازادییەکی زۆری هەیە، سەربەخۆیی هەیە، توانای بڕیاردانیشی هەیە. دایک و باوک دەبێ باوەڕیان بە هەرسێک بنەماکە هەبێت: بە ئازادی، بە سەربەخۆیی و، بە تواناییی هەڵبژاردنی منداڵەکەیان.

# بەشی دوازدەیەم

## گەنج لە تەمەنی هەژدە تا بیستودوو ساڵی

## پێڕەویکردن لە بنەماکانی ئەخلاقی مرۆڤ

کاتێـک گەنـج پێ دەنێتـە قۆناغی یەکەمـی گەنجانە، لـە مێرمنداڵێتی دەردەچێت، ئەوکاتەیە کە تەمەنی بۆتە ١٨ سـاڵ. خوێندنی دواناوەندی تـەواو کـردووە (لە وڵاتی ئێمـەدا دەڵێن پۆلی ١٢ی بڕیوە) وە ئێسـتا داخیلـی قۆناغی باڵای خوێنـدن دەبێت کە قۆناغـی زانکۆییە. یەکەمین قۆناغـی زانکۆیـە بە نـاوی بەکالۆریـۆس و بریتییە لـە ئامادەکردنی گەنـج تـا بە توانـای تایبەتی خـۆی داخیلـی کۆمەڵگا ببێـت و ڕێگای خـۆی هەڵبژێرێ و دەوری خۆی ببینێت، بەرپرسـیارێتیی ژیانی خۆی بگرێتە ئەستۆ.

ئـەم قۆناغـە لـە ژیانـی هەمـوو خێزانێکـدا، بـۆ دایک و بـاوک بە سـەرکەوتن و شـانازییەکی گـەورە دادەنرێت. ئەگـەر بنەمای خێزان بـۆ بەردەوامبوونـی ژیـان و بەردەوامبوونـی وەچـە و پێگەیاندنـی نـەوەکان بێـت، پێگەیاندنـی یەکێک لـە منداڵەکانی ماڵ کـچ یان کوڕ، بـە پەروەردەیەکـی باش یـان مامناوەنـد، سـەرکەوتنێکی گەورەیە و

هێنانەدیـی ئامانجێکـی گەورەی ژیانە لـە تەمەنی دایـکان و باوکاندا. بۆیان هەیە بە شـانازییەوە پشـتیوانیی منداڵەکانیـان یان گەنجەکانیان بکـەن، پاڵـی پێوە بنێن بۆ قۆناغـی گەنجایەتی. هەڵبـەت پێچەوانەکەی جێـگای داخ دەبێـت، ئەویـش خێزانێـک سـەرکەوتوو نەبووبێـت لـە پەروەردەکـردن و پێگەیاندنی مێرمنداڵی خۆی، کەسـایەتییەکی سـاغ و نۆرماڵـی لـێ دەرنەچێـت، کەموکـوڕی هەبێـت لە بـاری دەروونی و ڕەفتـاری و باوەڕەکانیـدا، یـان لـە ڕووی تەندرووسـتییەوە بـە ئەندازەیـەک نەخـۆش بێت کـە نەتوانێت لـە خوێندن بـەردەوام بێت. ئەوە بۆ بەرپرسـیارێتیی خێـزان دەگەڕێتەوە. ئەمەیان بە شکسـتێکی گـەورە لـە ژیانـی دایکان و بـاوکان یان ئـەو خێزانـە دەژمێردرێت.

لـەو قۆناغـەدا گەنجـی ١٨ سـاڵە، گەشـەی جەسـتەیی و مێشـکی تـەواو دەبێـت. بـە مانای فیسـیۆلۆژی، قەد و قەبارە و دەسـت و قاچ و دەموچـاوی بـە شـێوەی مامناوەنـد جێگـەی خۆیان دەگـرن، ئیتر لـەوەودوا هیـچ کـەس لـەوە درێژتـر نابێت و زیاتر جسـمی گەشـە نـاکات، تەنیـا لە پەرەسـەندن و دەرکەوتـن و بەرەوپێشـەوەچوونی ئـەم هەیکـەل و قەڵافەتەدا ئێمـە گۆڕانـکاری دەبینین. مێشـکی گەنج لـە تەمەنی ١٨ سـاڵیدا هەموو بەشـەکانی گەشـەیان کـردووە، ئەگەر تووشـی سـەدمە یان زەبر لە ڕووی تەندرووسـتی و پەروەردەییەوە نەبووبێت، ئێسـتا ئامادەیـی هەیە کەوا باس و لێکۆڵینەوەی زانسـتیی زۆر ئاڵۆز و ئەبستراکت (موجەڕەد) تێبگات و بتوانێت تێیدا بیر کاتەوە و بیکاتە بەشـێک لە کار و کۆششـی مێشـکی خۆی. هەڵبەت ئەگەر لە تەمەنـی منداڵـی تا دەگاتە ١٨ سـاڵی کەموکوڕی لـە پەروەردەکردنی ئـەودا هەبووبێـت، ئێسـتا لـەو تەمەنەدا لێـی دەردەکەوێـت، ئەویش لـە تایبەتمەندییەکانی کەسـایەتیی ئـەو گەنجە بـە تەواوەتی دیارن و تواناکانی یان کەموکوڕییەکانی خۆیان دەردەخەن، تیپی کەسایەتیشـی دەردەکەوێـت. مەبەسـت لە تیپی کەسـایەتی ئەوەیە سـاغ و سـالمە، یـان نۆرماڵـە، لە نێـو نۆرماڵیشـدا کەسـایەتیی کام تیپی هەیـە. یانی کەسـێکی گۆشـەگیرە یان کەسـایەتییەکی عەسـەبی و تووڕەیە، سادی

و خەشــنە بەرامبەر بە مرۆڤ و کۆمەڵگا یان کەســایەتییەکی کراوەی گەشــبینە، یــان کەســایەتییەکەی وەکو دەڵێن ســواڵی خۆشەویســتی دەکات، یــان کەســایەتییەکی فەرمانــڕان و خۆســەپێنە، یــان تیپەکانی دیکــەی نۆرماڵــە؟ چونکــە نۆرماڵ ژمارەیــەک تیپی نۆرماڵــی دیکە لە نــاو خۆیــدا کۆ دەکاتــەوە کە هەموویان بە ئاســایی حســێب دەکرێن. لــە ســنووری کەســایەتی ســاغەوە تا دەگاتە ســنووری کەســایەتیی نەخۆش. کە لە نۆرمال تێپەرین، تیپی شەخســیەتی ئەو کەسە لەوانەیە نەخــۆش بێت لــە ڕووی دەروونییەوە، تیپەکانی نەخۆشــیی دەروونی کــە کەســایەتی لە پەلوپۆ دەخــەن زۆرن و جۆر و چارەسەرەکەشــی پزیشــکی تایبەتی دەتوانێت دیــاری بکات.

لــەم تەمەنەدایــە کە توانایيــە زانســتییەکانی گەنج دەردەکــەون، واتا ســەمتی بایەخپێدانــی زانســتیی ئــەو کچــە یان ئــەو کوڕە کە ئێســتا تەمەنی ١٨ ســاڵە دیارە. هەربۆیە لەســەر ئەو بنەمایەیە لقی زانســتیی خــۆی لە زانکــۆ هەڵدەبژێرێــت و دەچێتە کۆلیــژی تایبەت بــەو بوارە. هەروەهــا ســەرەتاکانی توانایــی و شــارەزایی لــێ بەدەردەکــەون. لە کۆلێــژ گەنــج داخیلــی فەزایەکی نوێ دەبێــت کە هەموو پێــوەرەکان و پێوەندییەکانیشی لەسەر بنەمای عەقڵ و نیزام و زانستە. بۆیە ئەو ژینگە نوێیەی گەنج دەچێتە ناوی لەســەر بنەمای ســەربەخۆیی کەسایەتییە، لەســەر بنەمای قەبووڵکردنی بەرپرسیارەتیی شەخسییە. وەکو قۆناغی پێــش ١٨ ســاڵی نییە کە خێزان یــان دایک و باوک بەشــدار بن لە گەڵ مامۆســتاکانی بۆ ئەوەی لە پــەروەردە و فێرکردنــدا بتوانێت بەردەوام بێــت. زانکۆ بە مانــای ددانپێدانانە بە ســەربەخۆیی ئەو کەســە و ئەو تاکــە لە تەمەنی ١٨ ســاڵییەوە. هەربۆیەش پێوەندییــەکان لە نێوان ئەو و زانکۆیــە و بەپێی یاســا ڕێک دەخرێت. لەو فەزایەدا گەنج هەســت بە پێشــکەوتنێکی زۆر دەکات، برادەرەکانی خۆی لە قوتابخانەکانی پێشوو بەجــێ دێڵێــت، دێتە ناو فەزایــەک کە لەوانەیە بە دەگمــەن برادەرەکانی پێشــووی لەوێ بن. پێوەندییەکانی ســەرلەنوێ دەســت پێ دەکاتەوە و بــرادەر و هاوکاری نــوێ هەڵدەبژێرێت.

هەڵبــەت برادەرە کۆنەکانیشــی دەپارێزێت و ئەو پێوەندییە بەردەوام دەبێت. زۆرجار برادەرەکانی زەمانی منداڵێتی بەشــێکی زۆریان وەکو بــرادەری تەمەن بەردەوام دەبن. لەم قۆناغەدا لە ڕووی تەمەنیشــەوە لــە ١٨ – ٢٢ گەنج ئامادەییەکی تەواوی تێدا هەیە بۆ ئەوەی بنەماکانی ئەخلاقی ئینســانی وەربگرێــت. بنەماکانی ئەخلاقی ئینســانی جێگیرن، پێویســتە هــەر مرۆڤێکی ســاغ هەموو ئــەو بنەمایانەی قەبــووڵ بێت و بــە شــێوەیەکی زۆر مەنتیقــی لــە ژیانی خۆیــدا بە کاریــان بێنێت. لەســەر ئــەو بنەمایانــە بژیێت و پێوەندی بــکات. بنەماکانــی ئەخلاقی بریتیــن لە واقیعبینــی و زانســتپەروەری و باوەڕبوون بــە حەقیقەت، خۆشەویســتیی ئینســان، لەناو خۆشەویستیشدا باوەڕبوون بە عەشق، ئــازادی و ئازادیخــوازی لە کەســێکەوە تا پێکهاتەیــەک و تا میللەتێک، هەروەهــا باوەڕبوون بە پاراســتنی کەرامەتی مرۆڤ.

هەرگەنجێــک ئــەم بنەمایانــەی قەبــووڵ نەبێــت، گومانی تێــدا نییە ناکەوێتــە تیپی کەســایەتیی ســاغ، ناکەوێتــە ناو تیپی نۆرمــاڵ، بەڵکو دەکەوێتــە نــاو تیپی کەســایەتیی نەخۆش و ســەلبی. بــەڵام لەوانەیە گەنجێــک ژمارەیەکــی زۆر لەوانــەی قەبــووڵ بێــت و هەندێکیانی پێ جێبەجــێ نەکرێت یان لەســەری پــەروەردە نەکرابێــت و باوەڕی پێی نەبێــت. بۆیــە دەکەوێتە جوغزی کەســایەتیی نۆرماڵ کە لە ســنووری ســاغەوە دەســت پێ دەکات تا ســنووری کەســایەتیی نەخۆش. گەنج لــەو قۆناغــەدا توانــای گفتوگۆکــردن و دەرخســتنی بیــروڕای خۆی دەبێت، ئیشــی لەســەر دەکات، دەخوێنێتەوە، زوو زوو توانای گۆڕینی بیروبــاوەڕی خــۆی بەرەو پێشــەوە دەبێت. تــەواو لــە بیرکردنەوەدا ســەربەخۆیە، لە هەڵبژاردنــی ئایندەی خۆیدا هەروەها ســەربەخۆییی خۆیشــی لە خێزانەکەیەوە دەســت پێ دەکات. هەرچەنــدە پێوەندی بە ماڵــی بــاوک و دایکییــەوە مابێت، بەڵام لــە ناخی ئەودا ئــەم مانەوەیە مانەوەیەکــی کاتییــە و دەزانێــت دەبێــت ژیانێکــی نــوێ درووســت بــکات کــە ژیانــی تایبەتیی ئــەوە. لــەو قۆناغــەدا گەنج پێویســتی بە پشــتیوانییە، پێویســتی بە ڕاگەیاندنی خۆشەویســتیی دایــک و باوکە،

بـەڵام وەکو پێش ١٨ سـاڵی چاوەڕوانـی لاواندنـەوە و ڕعایەتکردنی وەک منداڵـی نییـە، لە ڕووی دەروونی و لە ڕووی جەسـتەییەوە نەک هـەر پێویسـتی پێ نییـە، بەڵکو قەبووڵیشـی ناکات. ئـەو قۆناغەیە کە دایـک و بـاوکان هەسـت دەکەن کـوڕ و کچەکانیان تـەواو لێیان جیا بوونەتـەوە، تایبەتمەندیـی خۆی هەیە، دەبێ وەکو کەسـێکی گەورەی سـەربەخۆ مامەڵـەی لەگـەڵ بکـەن، بەرژەوەندییەکانـی بپارێـزن و بیروڕاکانـی لەبەرچـاو بگـرن و ڕێـزی بیروڕایشـی بگـرن. ئـەوە سـەرباری پشـتیوانی لێ کردنی.

هـەر لـەو قۆناغـەدا گەنـج بیر لـە لایەنـداری دەکاتەوە لەو پرسـە کۆمەڵایەتییانـەی لـە کۆمەڵـگا یان لـە دنیـا ڕوو دەدەن. زانیاری کۆ دەکاتـەوە، دەیـکات بـە بەشـێک لـە مەعریفیـەی خۆی، لەسـەر ئەم تێگەیشـتنەی بۆی درووسـت دەبێت، ڕا و ئاراستە و سەمتی خۆی لە پرسـە کۆمەڵایەتییەکانـدا دیاری دەکات. بۆیە بێلایـەن نامێنێت. کەواتا لە نێو کۆمەڵگایشـدا سـەربەخۆیی بیروڕا و ڕەفتـار و کرداری خۆی دەبێت. هەر لەو ڕووەیشـەوەیە توانایی دەبێ ڕێچکەی زانسـتیی خۆی لـە نـاو زانکـۆدا هەڵبژێرێـت، یان بیگۆڕێت و لەسـەری بـڕوات. هەر لـە تەمەنی ١٨ – ٢٢ سـاڵدا لە نـاو زانکۆ یـان دەرەوەی زانکۆ، گەنج جارێکـی دیکـە بۆ وابەسـتەییی دەروونیی خۆی دەگەڕێت. مەبەسـت لـەو وابەسـتەییە ئەوەیـە ئەگەر لـە منداڵی بۆ ١٨ سـاڵی، وردە وردە منـداڵ بـۆ مێرمنـداڵ لـە دایـک و باوکی خـۆی وەکو کەسـایەتییەک دوور دەکەوێتـەوە، ئـەو قۆناغانەی کە ئاماژەمـان پێکردن دەیانبڕێت. دەگاتە قۆناغێک کە پێویسـتی بە پاراسـتنی سـەربەخۆیی خۆی هەیە لـە ڕووی جەسـتەیی و دەروونی و ئەو بڕیارانـەی دەیدات. لەلایەکی دیکـەوە لـە ١٨ سـاڵی بـەولاوە ئەو کەسـە پێویسـتی بە هـاودەم و هۆگرێکـی دیکـە هەیە، کـە هەمیشـە لە ڕەگـەزی بەرامبـەری خۆی هەڵیدەبژێرێـت. ئەگـەر کوڕ بێت پتر کشـش و مەیلی بـە لای کچێکدا دەبێـت کـە لـە ڕووی دەروونـی و ناسـین و مەیلی جنسـییەوە بۆی پێویسـت و سـەلوا و مەقبـوول بێـت، دەڕوات. ئەگـەر کـچ بێـت بە

هەمـــان شـــێوە بەرەو کورێـــک کە جێی پەســـند و ئارامـــش بێت. بۆیە ئەگـــەر جاران کچ و کوڕ پێویســـتیان بە باوەشـــی دایـــک و باوک بوو، وردە وردە چەنـــد گـــەورە دەبن لەو باوەشـــە دادەبڕێن و پێویســـتیان پێـــی نامێنێت. لە ١٨ســـاڵی بـــەولاوە ئەو باوەشـــە دەگەڕێتـــەوە، بەڵام ئەمجارەیـــان بـــۆ کەســـێکی دەرەوەی خێزانەکەیـــە، بۆ کەســـێکە کە بە مەیـــل و حـــەز و ئـــارەزوو و گونجانـــی دەروونیی تازەوە، کەســـێکی باڵغ و کامڵـــەوە، هەڵدەبژێرێت.

بۆیـــە دایـــکان و بـــاوکان پێویســـتە ئامادەییـــی تەواویـــان تێـــدا بێت، کـــچ یـــان کوڕیان کاتێک لـــە زانکۆ دۆســـتی دەبێت بە ڕێـــزەوە مامەڵە لەگـــەڵ دۆســـتی گەنجەکانیـــان بکەن، پشـــتیوانیی گەنجەکانـــی خۆیان بـــن کـــە بەپێـــی بـــاری دەروونی و خواســـتی کەســـیی خۆیـــان و ئەو ناســـینەی کـــە هەیانە، دۆســـت و هۆگر و هاودەمی خۆیـــان هەڵبژێرن. هەڵبژاردنـــی ئـــەو دۆســـت و هۆگـــر و هاودەمانـــە بەو مانایـــە نییە کە دەبێتـــە هاوســـەرگیری یـــان زەواج. بە هیچ شـــێوەیەک لـــە زانکۆدا نە کـــچ و نە کـــوڕ ئامادەییی هاوســـەرگیری یـــان هەڵبژاردنی هاوبەشـــی داهاتـــووی ژیانی تێدا نییە. هەرچەندە لە ڕووی جنســـی و جســـمییەوە ئامادەیـــە، بـــەڵام لـــە ڕووی ئەزموونـــی عەقڵی و خۆناســـین و توانای درووســـتکردنی ژیان و بەردەوامیی لەســـەر بڕیـــاردان، هیچیان کامڵ نیـــن. لـــە تەمەنی ١٨-٢٢ بەردەوام گەنج لـــە ڕووی عەقڵی و توانایی و ناســـین و درووستکردنی کەســـایەتیی تازە، درووســـتکردنی ئامانج و ئاواتاکانـــی لـــە مێشـــکدا لە گۆڕاندایـــە، تەنانەت بەرامبەر بەو پرســـەی کـــە لە ئایندەدا شـــاڕێی ژیانـــی دەبێت.

ئـــەم بـــێ توانایییـــە لـــە بڕیاردانـــدا بـــەو مانایـــە نییـــە کـــە ئازادییـــە ئینســـانییەکانی گەنجـــان کەم بکرێتـــەوە. کاتێک گەنج لـــە تەمەنی ١٨-٢٢ ســـاڵی پێویســـت ناکات بیر لە هاوســـەرگیری بکاتەوە، بەڵام وەکو بـــاری دەروونـــی و مەیلـــی جنســـی، مەیلـــی دەروونی بـــۆ دابینکردنی ئارامـــش و هۆگـــری بۆ خـــۆی کە بەشـــێکە لـــە تایبەتمەندیـــی خێزان،

کەسـێک لـە ژیانـدا هەڵدەبژێرێت لەگەڵ ژمارەیەک دۆسـت. دۆسـت بـە مانـای بـرادەر لـە کوڕ و کـچ، بـەڵام لە نێـوان هەمـوو ئەوانەدا یەکێکیـان داخیلی ئەو ئەڵقە زۆر تەنگەی دەروونی و کەسـایەتیی ئەو کەسـە دەبێـت، ئەویش ئەو کەسـەیە لە جنسـی بەرامبەر کـە بۆ ئەو ئاشـنایە، پێویسـتیەتی، گونجـاوە لەگەڵ بـاری دەروونی خـۆی. لەم ڕووەوە دەبـێ ئـەم خسوسـیاتی گەنجانە و پێویسـتی گەشەسـەندن و کامڵبوونـی کەسـایەتیی دەروونیـی ئینسـانی گەنـج پشـتیوانی لێ بکرێـت و بـۆی دابیـن بکرێـت. هـەر ئەوەشـە لـە یاسـای دەوڵەتە مەدەنییەکاندا بە یاسـا ئازادیی ئینسـان بۆ دیاریکردنی چارەنووسـی خـۆی دەپارێزرێـت. لـە ڕووی کۆمەڵایەتییشـەوە پێویسـتە لـە نێـو خێـزان، دایکان و باوکان، هەروەها کەسـایەتیی نزیک وەکو خوشـک و بـرا باوەڕیـان بـەو ئازادییـە هەبێت، ئەگـەر نا ئینسـان دەچەقێت، تووشـی دژبەرییەکـی دەروونی دەبێت، تووشـی شـاردنەوەی ڕاز و نیـاز و کارەکانی خۆی دەبێت. ئینسـانێکی ڕاسـتگۆی لـێ دەرناچێت، لە بەرنامەی ژیانیدا هەمیشـە تووشـی هەڵەشـەیی و کاری لەناکاو و بێبەرنامەیـی دەبێـت. هەتـا ئەگەر لـە تەمەنـی ١٨-٢٢ش بێت.

گەنج کاتێک داخیلی زانکۆ دەبێت لە ١٨ سـاڵییەوە ئینسـانێکی کامڵ نییە، ڕاسـتە لـە ڕووی جەسـتەیی و قەوارەی مێشـکەوە کامڵ بووە، بـەڵام هێشـتا ئامادەییـی دەسـتپێکردنی قۆناغـی نوێ لـە پێگەیاندنی زانسـتی و پـەروەردەی نـوێ لە زانکۆ بـە مانای تەنزیمـی ڕەفتار و کـردار و درووسـتبوونی ئامانـج و ئاواتاکان وەکو دەڵێـن هەڵێنجانی ئامانـج بۆ خۆی نییە. ئەم پرۆسـەیە دەسـت پـێ. دەکات و لە ماوەی چـوار سـاڵدا تەواو هەسـتی پـێ دەکرێت کە بـەرەو کامـڵ دەڕوات. لـەو قۆناغەدا گەنج بە باشـی خۆی ناناسـێت، چونکە هەر پرۆسـەی گەنجایەتـی کـە دەسـت پـێ دەکات بـەو مانایـە نییـە کـە دەتوانێت زۆر بـە ئاسـانی داهاتـووی خۆی ببینێـت، جا لە ڕووی زانسـتییەوە ئامـادە نەکـراوە. هەروەهـا لـە ڕووی پێوەندییـە کۆمەڵایەتییەکانەوە خاوەنـی ئەزموونـی خۆی نییـە. لـە ڕووی کامڵبوونی کەسـایەتی و

ڕوونبوونـــەوەی ئـــەو داهاتووەی کـــە دەیەوێت، ناتوانێــت بڕیار بدات. ئـــەوە پێویســتی بـــە زەمانـــە تاوەکو زانیـــاری و ئەزموونـــی خۆی کۆ دەکاتـــەوە، لە کەناڵی کەســایەتیی خۆیدا پرۆسێســـی دەکات و دەگاتە قۆناغێــک کە دەتوانێــت بڕیار بدات. بۆیە لەو قۆناغەشــدا تواناییەکانی گەنــج لـــە گەشـــەکردندانە. گومانـــی تێـدا نییـــە قۆناغێکـی نـوێ لــە تاقیکردنەوەی عاتیفە و هەســت و خواســتی ئیحساســی و سۆزداری و جنســی و هەیەجانی لە کوڕ و کچ دەســت پێ دەکات، پێویســتی بە تاقیکردنـــەوە و زەمـــان و کۆکردنەوەی زانیاری و خیبرەی شەخســی هەیە و کەســایەتیی خۆی کامڵ دەکات، گۆڕانکاری بۆ ژیان درووست دەبێــت، بەرچـاوی خـۆی دەبینێت لە ئایندەدا چۆن ژیان دروســت بـــکات. لـــەم قۆناغەدایە کە گەنجـان وردە وردە بەپێی ئـــەو زانیاری و زانســتەی فێــری دەبن، پرۆســـەی بەشــداریی زانســتی و کۆمەڵایەتی کـــە لە زانکـــۆدا دەیکەن و ئەو بیروڕایانەی ســـەبارەت بە پرســـەکانی نـــاو کۆمەڵـــگا و پرســـە سیاســییەکان هەیانـــە، بۆ هـــەر بوارێک گەنج بیــروڕای خـــۆی درووســت دەکات. ئەگـــەر ئـــەو بیروڕایـــە لەســـەر بنەمـــای زانســـتی بێت و پشتبەســـت بێت بە ئەزموونـــی مێژوویی و بە ئەزموونـــی خـــودی ئەو کەســـە، ئینجـــا وردە وردە لـــەو بیروڕایانە لق بـــە لق درووســـت دەبـــن. ئەو لقانە بەشـــەکانی ئـــەو ئاڕمـــان یان ئەو ئایدیایانـــە پێـــک دێنن کە گەنج بـــۆ دنیابینی و ژیانی خـــۆی و تەنانەت بۆ ژیانـــی کۆمەڵگایش درووســـتی دەکات.

ئەگـــەر پشـــکی گەنجـــی کچ یـــان کـــوڕ لـــە درووســـتکردنی ئاڕمانی خـــۆی پشـــتی بـــە واقیـــع بەســـتبێت، لەســـەر بنەمـــای زانســـتی بیری کردبێتـــەوە، لـــەو ڕوانگایـــەوە هـــەوڵ بـــدات داهاتـــوو بـــۆ خـــۆی یان بـــۆ کۆمەڵـــگا ڕەســـم بـــکات، پێـــی دەگوترێت ئایدیـــا یان ئاڕمـــان. ئەو ئاڕمانـــە بەو شـــێوەیە قـــەت هەڵە نییە و ڕاســـتە، ڕاســـتی و هەڵەکەی ڕێژەییـــە. هەربۆیـــەش دەکرێت کەســـەکان چونکە لە یەکتـــر جیاوازن، ئاڕمانەکەشـــیان هەندێک لە یەکدی جیاواز بـــن. واتا ئایدیاکانیان وەکو یەکتـــر نەبێـــت، ئەوە جۆراوجـــۆری و ڕەنگاوڕەنگیـــی ڕوانگای مرۆڤی

زانا درووست دەکات، بۆیە دەڵێن هیچ کەسێک وەکوئەوی دی نییە، وەکو یەکتر بیر ناکەنەوە، لێک نزیکن بەڵام لێک جیاوازن، ئەو جیاوازییە بنەمای پێشکەوتنی مرۆڤایەتییە. لەم قۆناغەدا لە ڕووی عەقڵی و سیستەمی مێشکەوە گەنج توانستی بیرکردنەوەی عاقڵانەی دەبێت، دەتوانێت ئیستدلال(لێکدانەوە) بکات، ئەو بیرکردنەوە عاقڵانە و ئیستدلالییە لە گەشەکردندا دەبێت، بە وەرگرتنی زانیاریی نوێ، بە پەروەردەبوونی نوێ، بە پرۆسە و ئەزموونی بەردەوامیی خۆی هەر دەگەشێتەوە و بەم ڕێچکەیەدا کامڵتر دەبێت. هەربۆیەشە لە چالاکییەکانی کۆمەڵایەتیدا بەشدار دەبێت، بەرپرسیارەتی قەبووڵ دەکات، خاوەنی ڕای خۆی دەبێت. بۆیە زانکۆکانی دنیا لە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکاندا هەمیشە لە ڕیزی پێشەوەن.

هەروەها یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە ئەوەیە گەنج دەتوانێ بە تەنیا سەفەر بکات، کاتێک دەچێتە زانکۆ لەوانەیە لە شار و وڵاتێکی دیکە بێت. بۆ یەکەمجار ماڵی خۆی لە ماڵی دایک و باوک بە ناچاری جیا دەکاتەوە، تا زانکۆ تەواو دەکات بە تەنیا یان لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەی پێک دێت بەیەکەوە لە شوققە یان بەشە ناوخۆکاندا یان لە خانووی کرێدا دەژییێت. بۆیە لەم قۆناغەدا گەنج سەفەری دەرەوە دەکات، سەفەری ناوەوە دەکات، هیچ پێویستی بەوە نییە کە پرسی دایک و باوک بکات، بۆیان بگەڕێتەوە یان موافەقەتیان لێ وەرگرێت. لەسەر دایک و باوک پێویستە بەردەوام پشتیوانی دارایی و سۆزداری بۆ گەنجەکانی خۆیان بکەن. هەڵبەت لەو قۆناغەدا بەپێی پێشکەوتنی وڵاتەکە حکوومەت و دامودەزگای تایبەت بە خوێندنی باڵا، بەشێکی زۆر لە پێویستییەکانی خوێندنی باڵا دابین دەکەن. وەکو زانکۆکان و بەشەکانی ناوخۆیی یان یارمەتیدان بۆ سەفەری زانستی و ئەوەی پێی دەگوترێت پێوەندە بە پێگەیاندنی قوتابیانی زانکۆوە هەیە.

لەم قۆناغەدا گەنج کە ڕوانگای خۆی درووست دەکات، هەوڵ

دەدات کەپری ئایدیا یان کەپری ئاڕمانی خۆی پێک بێنێت، جا توندڕۆیی یان ڕادیکاڵی، یەکێک لە سیما تایبەتەکانی گەنجانە. وەکو پێشوو و زیاتر باوەڕی بە قانوون هەیە، پشتیوانی عەدالەتە، ئێستا زانست و زانیاری و پرۆسەی زانکۆییشی پێوەیە، بەڵام ئەزموونی تەمەن بە جۆرێکە کە پەلەکردن و یەکلاکردنەوەی خێرا و زووبڕیاردان بەشێکە لە سیمای گەنجایەتی. هەربۆیەش هەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لەو تەمەنەوە سەرچاوە بگرێت، بزووتنەوەی رادیکاڵی و توندڕۆیانە دەبێ. لەم تەمەنەدا لە ١٨ ساڵی بەرەو سەر بەتایبەتی تا ٢٢ساڵی، گەنج توانستی تیمارکردنی برینەکانی دەروونیی پێش گەنجایەتی خۆی دەبێت کە لە تەمەنی یەک ساڵی دەست پێ دەکات تا هەژدە ساڵی. ئەمەیان هەر بە ئاسانی و بە هەوەنتە لە دەستی نایەت کە خۆی تیمار بکات، بەڵکو بە هاوکاریی دۆستانی زانا یان بە شێوەی تایبەتی بە هاوکاری و ڕێنوێنیی پزیشکی دەروونناس، هەروەها بەو خوێندنەوە و زانستەی خۆی کۆی دەکاتەوە، دەتوانێ ژیانی خۆی شی بکاتەوە، ئەو زەبرانەی بەری کەوتوون، بیانزانێت، بیانناسێت، دەزانێت سەرچاوەکانی چیی بوونە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئینسان ئەوەیە کە بە زانست و لێکدانەوەی عەقڵی دەتوانێت قۆناغە ناخۆشەکانی ژیانی تێپەڕێنێت، چی دیکە لەوێدا نەچەقێت، لە بیریدا دەمێنن و لە ژیانی ئەمڕۆیدا هیچ کاریگەرییەکیان بۆ ناهێڵێتەوە. بڕیاری عاقڵانە دەدات، بۆیەش ئینسان لەو تەمەنەدا دەتوانێ زۆر لە ناخۆشییەکانی سەردەمی منداڵیتی و مێرمنداڵی یان کێشەکانی خێزانی و نێوان دایک و باوک و ئەو کارەساتانەی لە منداڵیدا بەسەری هاتوون تێیان بگات و چارەسەریان بکات و بۆ هەمیشە فەرامۆشیان بکات. چونکە ئەگەر بیرمان بێت لە سەرەتای ئەم باسەدا ئاماژەم بەوە کرد کە بەپێی لێکۆڵینەوەی زانستی، لە ساڵی یەکەم تا ساڵی هەشتەم زیاتر لە ٪٨٠ی بیرەوەری یان ئەوەی پێی دەگوترێت خەزێنەی مێشکی ئینسان پڕ دەبێتەوە بەو ڕووداوانەی

کــە دەیبینێــت. بۆیەش دەگوترێت شەخســیەتی ئینســان تــا تەمەنی ٨ ســاڵی بناغە ئەساســییەکەی دادەڕێژرێت. ٪٢٠ــەکەی تری تا تەمەنی ١٢ ســاڵی نیــوەی پــڕ دەبێتــەوە، لــە تەمەنــی ١٢ بــەولاوە واتا ٪١٠ بــە درێژاییــی تەمــەن لــە دەســتی ئینســاندا دەمێنێت بۆ ئــەوەی ئەو زاکیرەیە بە زانســت و پەروەردەی باش و خۆڕاهێنان و چارەســەری کەموکوڕییەکانــی خــۆی پــڕ بکاتــەوە. ئــەو توانایــە لە مرۆڤــدا هەیە بۆیــەش مــرۆڤ دەرگای لەبەردەمدا کراوەیە کە تــا زیندووە، تەنانەت ئەگــەر تەمەنــی لە ٨٠ ســاڵییش تێپەڕیبێت، دەتوانێت زانیاری لەســەر ژیانــی خۆی و دەوروبەری وەربگرێت، عاقڵانە بیر بکاتەوە. مەبەســت لــە عاقڵانــەش بیرکردنــەوەی مەنتیقیانەیە، دەتوانێت ئیســتدلالی باش بــکات و دەرەنجامــی واقیعیانــە هەڵێنجێــت، دەرەنجامــی واقیعیانەش هەمیشــە لــە خزمەتــی گەشەســەندنی شەخســیەتی دەروونــی و کەســایەتیی مرۆڤدایە. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت دەســتێکی درێژی هەبێت لــە چارەســەرکردنی بــاری دەروونیــی خۆی. هەمیشــە کەســایەتیی خــۆی بەرەوپێشــەوە بەرێت.

ئــەوەی پێوەنــدی بــە پــەروەردە لــە کوردســتان هەبێــت، زمانــی کــوردی زمانــی ســەرەکییە بە هــەردوو زاری کرمانجی و ســۆرانی، بــەڵام لەبــەر لاوازیی زمانەکــە، چونکە کــورد ئەزموونی زانســتی و خۆبەڕێوەبەریــی دەوڵەتــی نەبــووە، زمانــی کــوردی بەتەنیا بەشــی زمانــی زانســتی و زانکۆییــی گەنج ناکات. بۆیە زۆر پێویســتە لە پێش زانکــۆدا گەنــج فێری زمانــی ئینگلیــزی بووبێت کە زمانی زانســت و پێوەندییەکانــی ئەمڕۆیــە، زۆر گرینگــە بەپێی بارودۆخی کوردســتان گەنــج زمانی میللەتانی دەوروبەری خۆی کە کوردســتانیان بەســەردا دابــەش کــراوە بزانێــت، وەک عەرەبــی و فارســی و تورکــی، دوای ئەوانــەش هــەر زمانێکی زیندووی دنیــا کە وڵاتەکە پێشــکەوتوو بێت بزانێــت، توانســتی ئــەو گەنجە بــۆ بەرەوپێشــچوونی زانســتی زیاتر دەکات و ســەرکەوتنی زیاتــری بۆ دابیــن دەکات.

بارودۆخـی زانکۆکانی کوردسـتان زۆر لەو پێویسـتیانەی پێ دابین ناکرێـت بۆیـە نابـێ وا بزانیـن هەموو ئـەو پێویسـتیانەی لـە زانکۆ پێشـکەوتووەکانی دنیـادا هـەن لـە کوردسـتانیش هەیە، بـەڵام گەنج بـە هاوکاریـی خێزان و ئەو ژینگـەی تێیدا دەژییێت دەکرێت بەشـێکی زۆری ئـەو زانسـت و پەروەردەیـەی کـە پێویسـتە وەریگرتبێـت. هەرچەنـد کاریگەریـی زانکـۆی پێشـکەوتوو لەسـەر قوتابـی هـەر دەمێنێتـەوە، بـەڵام بوارێکـی زۆریش هەیـە بۆ ئەوەی کەسـی گەنج خـۆی پێگەیەنێـت و سـەرەنجام لـە تەمەنـی ٢٢ سـاڵیدا گەنجێکی بە تەمـەن تازە، بە زانسـت ئامـادە، بە شـارەزاییی تایبەتی لـە بوارێکی دیاریکـراودا بێتـە مەیـدان، داخیلـی ژیانـی کۆمەڵگا ببێت، دەسـت بە کار بـکات، بـەدوای کاردا بگەڕێت.

لێرە بەدواوە ئیدی قۆناغی دوای ٢٢ تا ٣٠ سـاڵی دەسـت پێ دەکات کە لە بەشـی داهاتوودا باسـی دەکـەم. تەمەنی ٢٢ سـاڵی کە قۆناغی زانکـۆ تـەواو دەکات، بـە هیـچ شـێوەیەک بـەو مانایە نییە کـە گەنج دەتوانێـت بەدوای هاوسـەردا بگەڕێت. لە تەمەنی ٢٢ساڵیشـدا چ کچ بێـت یـان کـوڕ بێت، بـە هیچ شـێوەیەک کەسـایەتیی کامـڵ نەبووە، تـەواو خۆی ناناسـێت، تەواو ئامادەیی تێدا نییە بە شـێوەیەکی جێگیر هاوسـەری بەردەوامـی خۆی هەڵبژێرێـت. بۆیە هەمیشـە بە گەنجان بگوترێـت دەتوانـن پێوەندیتان هەبێت، بـەڵام لە هاوسـەرگیریدا پەلە نەکـەن، کـوڕان و کچـان پێشـی ٢٧ تـا ٣٠ سـاڵی وا باشـە بیـر لە هاوسـەرگیری نەکەنـەوە، چونکە ئـەوە لە تەمەنی ٢٧ تا ٣٠ سـاڵییە، کـە کـچ یان کوڕ بە تـەواوی ئامادەیـی هەیە و ڕوانـگای زۆر ڕوونە بـۆ ژیانـی خـۆی، جـا دەزانێت چ کەسـێک لـە ژیانیـدا هەڵبژێرێت و لەگەڵـی بـەردەوام بێت. بۆیە ئـەوکات دەکرێ بڕیاری هاوسـەرگیری بدات.

# بەشی سێزدەیەم

## گەنج لە تەمەنی بیستودوو تا سی ساڵە

### کاراکتەرێکی باش

تەواوبوونی چوار ساڵەی یەکەمی زانکۆ لە قۆناغە گرینگەکانی ژیانی گەنجە. هەروەها دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ ئەو دایک و باوکەی کە ئەم گەنجەیان لە منداڵییەوە بەخێو کرد و دوایی ڕایانهێنا لەسەر ژیان و واقعبینی، ئینجا پەروەردەیان کرد و پشتیوانی سیستەمی پەروەردەی وڵاتیش بوون بۆ ئەوەی قۆناغی یەکەمی خوێندنی باڵا بە مانای بەکالۆریۆس تەواو بکات. کەسایەتیی تایبەتیی ئەو گەنجە کچ یان کوڕ ئێستا دیارە، دەکرێت بناسرێت و وەسف بکرێت، هەروەها شایەنی ئەوەیە پێشبینی بکرێت کە چ ڕۆڵێک لە ژیانی خۆی و کۆمەڵگادا دەبینێت.

دوای ئەوەی گەنج بەکالۆریۆس تەواو دەکات، پێویستە بیر لە کارکردن بکاتەوە چونکە ئێستا بەو ئەندازەیە پێگەیشتووە و شارەزایی زانستی هەیە کە بتوانێت ئەو کارەی لە ژیاندا دەیەوێت بیکات و پەیدای بکات. ئێمە لە بەشی پێشوودا باسی ئەوەمان کرد قوتابی کاتێک پۆلی دوازدە تەواو دەکات، زۆرجار لە دایک و

باوک و نزیکەکانی دەپرسێت بچم لە کام کۆلێژ بخوێنم، باشترین هاوکاری بۆ گەنج لەوکاتەدا ئەوەیە پێی بگوترێ بیر بکەوە لە دوارۆژدا دەتەوێ چ دەورێک بگێڕیت، چ کارێک بکەی کە هەم ژیانتی پێ دابین دەکەی، دەوری کۆمەڵایەتیتی پێ دەگێڕی و شادت دەکات، حەزت لەوکارەیە، بڕۆ ئەو کۆلێژە بخوێنە.

ڕەسمێکی زۆر هەڵە لە کوردستاندا هەیە زۆرجار باوک و دایکی نەخوێندەوار و نیوەخوێندەوار کچ و کوڕەکانیان ناچار دەکەن بچن لە کۆلێژێک بخوێنن کە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ توانایی و لێهاتوویی و شارەزایی ئەو گەنجە یەک ناگرێتەوە، بۆیە کاتێک کە تەواویشی دەکات لە دوو حاڵەت بەدەر نییە، یان بە لای ئەو پیشەیەوە ناچێت کە بۆی خوێندەوە یان کە بە لایشییەوە بچێت زۆر بە لاملی و نابەدڵی ئەنجامی دەدات، بۆیە هیچ داهێنانێکی تێدا ناکات(بۆ هەڵبژاردن). بۆیە پێویستە دایکان و باوکان ئەو بڕیارە بۆ گەنجان بێڵنەوە، ئەو خەیاڵەش لەسەری خۆیان بسڕنەوە کە تەنیا دکتۆربوون و موهەندیسبوون و موحامیبوون پیشەی پارەهێن و بەپێگەی کۆمەڵایەتین.

ئێستا لە تەمەنی ٢٢ ساڵی گەنج چیی خوێندووە پێویستە هان بدرێت بچێت کارێک لەو بوارەدا بدۆزێتەوە و هەنگاوی یەکەمی ژیانی خۆی بۆ سەربەخۆیی ماددیی خۆی بهاوێت. تەنانەت ئەگەر دایک و باوک دەوڵەمەندیش بن، ئەگەر پشتیوانی کچ و کوڕەکانی خۆیان دەکەن دەبێ بەو ئاقارە بێت کە پاڵیان پێوە بنێن بچن کار بکەن. پشتیوانیی دایک و باوک بۆ ئەوە بێ کار دەدۆزنەوە و تێیدا شارەزا دەبن، گوشارێکی زۆریان نەیەتە سەر. ئەگینا کارێکی زۆر ترسناک و ڕووخێنەرە بۆ گەنجی ٢٢ ساڵە کاتێک کە زانکۆ تەواو دەکات، بیر لە کار نەکاتەوە، وا بیر کاتەوە کە دەتوانێت بە سەرمایەی دایک و باوکی بەردەوام بێت یان ئیشی ئەوان بسووڕێنێت و بەهیچ شێوەیەک بەلای کاری خۆیەوە نەچێت کە

بـۆی ئامادە کراوە و خوێندوویەتی. سـالآنی یەکەمـی گەڕان بە دوای کاردا گەنـج مانـدوو دەکات، درەنگ لەوانەیە کاری دەسـت کەوێت بە تایبـەت لە ولآتـی ئێمە کە لە ڕووی ئابوورییەوە وابەسـتەیە بە نەوت و بـازاڕی ولآتانی دەوروبەر و جیهانی. ولآتێکی بەرهەمهێن نین، بۆیە کارگـە و کارخانـە و شـوێنی کارکردنی گەنجەکانـی زۆر کەم تێدایە، بۆیـە گەنجێـک مانـدوو دەبێـت تاوەکو کارێکـی خۆی پەیـدا دەکات و لـەو مـاوەی ماندووبووندا زۆر جـار بێئومێدی سەرشکانەوەشـی تـووش دەبێت. هەرئەوەشـە کە بەشـێک لە گەنجان لـەو تەمەنەدا بیر لـە جێهێشـتنی ولآت دەکەنـەوە، بۆ ئەوەی کار لە ولآتێکی سـەقامگیر بدۆزنەوە.

لەوانەیـە لـە تەمەنـی ٢٢ سـاڵیدا بـۆ یەکەمجـار گەنـج بکەوێتـە بەردەمـی دڵەڕاوکێیەکـی قـورس کـە لەمـەودوا دەبێ خـۆی داهاتی خـۆی دابیـن بکات و دەبـێ بتوانێـت ژیانێکی خۆش بۆ خـۆی پێکوە بنـێ و زۆر جـار پێویسـتە یارمەتیـی کەسوکاریشـی بـدات (دایـک و بـاوک). لـەو قۆناغەدایـە کـە گەنـج داخیلـی جیدیتریـن پڕۆڤەی ژیانـی دەبێـت، ئەو پڕۆڤەیە پشـتی بە بەخێوکردن سـاغ و سـەلیمی خێـزان، ڕاهێنانێکی باش، پەروەردەیەکی باشـی ڕەسـمی بەسـتووە. بۆیـە ئێسـتا دەبـێ هەمـوو ئـەو ئەزموونـەی ژیانـی بـە کار بێنێت بـۆ ئـەوەی داخیلـی پڕۆسـەی کار و پێوەندییەکانـی کۆمەڵایەتـی بە شـێوەیەکی جیـددی بێـت. لێـرەوە جارێکـی دیکە گەنجی کـچ و کوڕ هەسـت دەکـەن کە ژیـان کارێکی ئاسـان نییـە. ئەگەر لـە منداڵی لە ٢ سـاڵی بـەرەو سـەرەوە، منـداڵ لەگـەڵ واقیعبینـی ڕاهێنرابێـت کە ئێمـە لە بەشـی یەکەمدا باسـمان کرد و بە شـێوەیەکی بـاش بەخێو کرابێـت و ئـازار نەدرابێـت و نەخـۆش نەبووبێت، هەروەهـا دایک و بـاوک بـە شـارەزاییەوە بەخێویـان کردبێت. هـەر لە پێڕاگەیشـتن و پاکڕاگرتـن و سـەلامەتڕاگرتن و یاری لەگەڵکـردن و ڕاهێنان، تاوەکو مێشـکی ئـەو منداڵـە بە شـێوەیەکی باش گەشـە بکات و بەشـەکانی ببنەوە و کۆننێکشـنەکانی دەسـت بە کاری خۆیان بکـەن. منداڵ کە لە

سـکی دایکیدا لــە بەهەشــتێکی متمانەپێکراوەوە بـۆ دنیایەکی ناخۆش دەرچــوو کــە دەبــێ هەناســە بکێشــێت و نان بخــوات و پیســایی لە خــۆی دوور بخاتــەوە، پێویســتە لەگــەڵ دەنــگ ڕا بێت، لەگــەڵ بۆن ڕا بێــت، هەمــوو ئەندامەکانــی جەســتەی بــە کار بێنێــت تــا بتوانێت لــەو دنیایــەی لــە هەمــوو لایەکەوە گوشــاری بـۆ دێنێت، بــەردەوام بێــت. ئەم بەردەوامبوونە بە واســتەی دایک و باوکــەوە دەبێت. ئەگەر ئــەو گەشــەکردنەی دەرەوەی ســکی دایــک بــە شــێوەی زانســتی و شــارەزاییانە ئەنجــام درابێــت، ئــەو هەســتەی کە لە ڕێگای حســەوە منــداڵ لــە مێشــکیدا تۆمــاری دەکات، ئەوەیــە ئــەو دنیایــە دنیایەکی ئارامــە و متمانەپێکــراوە، وردە وردە لــە دوو ســاڵیدا هەســت دەکات خۆشــیان دەوێــت، کەواتــا دایــک و باوک منیــان خــۆش دەوێت، من خۆشەویســتم، منیش ئەوانم خۆش دەوێت. وردە وردە ئەو هەســتەی بــۆ دێــت دەوروبەری خــۆش دەوێــت، دەوروبەریــش ئەویان خۆش دەوێــت. دەتوانێــت پێوەندییان لەگــەڵ بکات، دەتوانێــت یارییان لەگەڵ بکات، داوایان لێ بخوازێت، دەتوانێت پشــتیان پێ ببەســتێت، دەتوانێت بۆخــۆی گاگۆلکــێ بکات، خواردن ڕاکێشــێت و بیخــوات، دەتوانێت بۆ خــۆی تەمەنــی ســاڵونیوێکە هەوڵــی داکەندنــی گۆرەوی یــان کڵاوی ســەری خۆی بــکات، لێی گەڕابــن ئــەو کارە بکات.

ئەمــە ڕاهاتنــی مێشــکی منداڵــە لەگــەڵ واقیــع، بۆیــە نائومێــدی لە سرووشــتی مرۆڤدا جێی نییە و بە نەخۆشــی دادەنرێ. لە تەمەنی ٢٢ ســاڵی جارێکی دیکە ئــەم پەروەردەیە بە هانای گەنــج دەگات، کە ئەم دنیایــەی ئێســتا بــۆی ئامادە کــراوە دەبێ تێیــدا بکەوێتە کار، پشــتی بــە خــۆی و زانســتی و شــارەزایی خــۆی ببەســتێت، ئــەو حاڵەتەیە کەوا ڕۆژانی بێئومێدی و شــکان و ســەرکەوتن تووشــی گەنج دەبێت. گەنجــان لــەو تەمەنــەدا تەجرەبەیەکــی زۆر دەکــەن و لــە زۆربــەی تەجرەبەکانــدا شکســتیان تــووش دەبێت، بەڵام ئەگەر گەنجێکی ســاغ و ســەلیم بێــت و لــە ڕووی دەروونییەوە کێشــەی کەم بێــت و باش پــەروەردە کرابێــت لــە قوتابخانــە و زانکــۆ، تێدەگات ئەو شکســت و

گلانانــەی کــە هەیــە دەبنە مایــەی پڕۆڤــە و بەهێزبوونی کەســایەتی و دەوڵەمەندبوونــی ئەزموونــی ئــەو، بۆ ئــەوەی بتوانێ هەڵســتێتەوە و بکەوێتــە کارێکــی ئەوتــۆ کە تێیــدا شــارەزایە و ســەرکەوتنی تێدا بەدەســت دێنێت.

ئەمــە قۆناغــی ناوەڕاســتی ژیانــی گەنجایەتییــە، بەڵــێ هــەم جحێڵە(گەنجــە)، هــەم گەنجە(خەزێنــە)، واتــا یەک دنیا توانــا و وزە و پاڵنــەری هەیە بۆ ئەوەی بژییێت، بەڵام زۆر شکســت و دواکەوتنیشــی تــووش دەبــن، کــە ئــەو گەنجــە لــە پــاڵ گەنجییێتییەکــەدا ڕەنــج و ئازارێکــی زۆریشــی بۆ دێــت. گەر گەنج لــە منداڵیدا بــاش پەروەردە کرابێــت تێــدەگات کــە ئــەم دنیایــە ســەختە، بە ئاســانی ژیانــی تێدا بــەردەوام نابێــت، ژیــان درووســت دەکرێــت، درووســتکردنیش بــە پەروەردەکــراوی و شــارەزاییی عیلمــی دەکرێت، بە بەشــداربوون لە پڕۆســەی بەرهەمهێنــان و ژیــان دەکرێت. ئەم دنیایە بــۆ خۆی وەکو سروشــتی خۆڕســک و کاڵ خۆش نییــە و هاوکاریی ئینســان ناکات. بــە پێچەوانەکــەی هەمیشــە هێزەکانی سرووشــت، ئینســان تەنگەتاو دەکــەن، هەڕەشــەی لێ دەکەن، لە سرووشــتدا بە هیچ شــێوەیەک نە بەرابــەری هەیــە، نــە عەدالەت هەیــە، نە ســۆز هەیە. ئەوە ئینســانی عاقڵــە سرووشــت بەربەســت دەکات، بە زانینی خــۆی بەرهەم دێنێت، بــە شــارەزاییی خــۆی ژیــان دەگەشــێنێتەوە، بــەو پلانــەی هەیەتــی ئاســایش و ئیســراحەت بۆ خــۆی و دەوروبەری دەســتەبەر دەکات، بــەو ســتراتیژەی کە لــە ژیانــدا کێشــاویەتی و هەمــوو تواناییەکانی خــۆی بۆ ئــەوە بەگــەڕ دەخات. بــەم شــێوەیە گەنج مانــدوو دەبێت، دەشــکێت بەڵام بێئومێد نابێت، هەڵبەت ئەگەر لــە ڕووی دەروونییەوە ســاغ بێت و بــاش پــەروەردە کرابێت.

بۆیــەش قۆناغی گەنجــی قۆناغێکە پــڕە لە ماندوویێتــی و دڵەڕاوکێ و پاشــگەزبوونەوە و پێشــکەوتن، گلان و ڕەنــج و ئــازاری زۆری تێدایــە، بــەڵام لە هەمان کاتیشــدا قۆناغێکــە پڕە لە توانایــی و وزە و

فێربـــوون، بەکارهێنانـــی ئەو زانســـتەی کە دەیزانێـــت و وزەیەکی زۆر بـــۆ کارکـــردن و پێوەندیـــی کۆمەڵایەتـــی. گرینگـــە گەنج لـــەو تەمەنەدا بۆ خۆیشـــی دەســـتی لە بیناکردنی کەســـایەتیی خۆیدا بێت، هەمیشـــە بگەڕێتـــەوە بـــۆ واقیعبینـــی، ئینجا بـــۆ تێگەیشـــتنی زانســـتی، ئینجا بۆ پەنابـــردن بـــۆ شـــارەزایی و ڕاهاتنی خۆی، بۆ ســـووربوون و پشـــتی کاربـــوون و نەڕووخـــان، فێربوونـــی بـــەردەوام، ئەویش بـــە هەبوونی پـــلان بۆ هەر کارێک، ئامانج لە کۆتاییی هەر کارێک، ئەو کارە شـــادی و خۆشـــی و ئارامـــی بـــۆ ژیانـــی خـــۆی و دەوروبـــەری دابیـــن بکات. بەمەیـــان دەگوترێـــت گەنجی بەتوانـــا کە هەنگاو بەرەو ســـەرکەوتن و خۆشـــبەختی دەهاوێت.

خاڵێکـــی دیکەی زۆر گرینگ ئەوەیە کە گەنج لەو تەمەنەدا بگەڕێتەوە ســـەری، ناوەندەکانـــی پێگەیاندنـــی جیهانی و چالاکیـــی کۆمەڵایەتی و سۆســـیال میدیایە، هەروەها ئێســـتا بـــە فەزڵ و چاکـــەی تێکنۆلۆژیای گەیانـــدن، دەکرێت بەرهەمی هەموو زانکۆ و ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و هەوڵ و تەقەلای ڕۆشـــنگەرە ئەکادیمییـــە گەورەکانی دنیا کە هەریەک لـــە بـــواری خـــۆی تەجرەبە نەقـــڵ دەکات و هـــەوڵ دەدات دەســـتی لە پەروەردەکردنـــی گەنجانـــدا هەبێـــت، هـــەر گەنجێـــک دەتوانێـــت لێیان بەهرەمەنـــد و بەرخـــوردار بێت و ســـوودیان لێ ببینێت و دەســـتی لە پێگەیاندنـــی خۆیـــدا بێت. لـــەو خۆپێگەیاندنـــەدا زۆر پێویســـتە گەنجی خوێندەوار بگەڕێتەوە بۆ چەســـپاندن و بەسەرکردنەوەی گەشەپێدانی بنەمـــا ئەخلاقییەکانـــی مرۆڤانـــە کـــە زۆر جێگیـــرن، هەروەهـــا ئـــەو بنەمایانەی لەســـەر بنەمـــا ئەخلاقییەکان هەڵچنـــراون و بەکەڵکی ژیان دێـــن، کۆنەپەرســـتانە نین، دەســـت و پێی ئینســـان ناگرێـــت، موزاحیم نابێـــت، پەڕوباڵی مرۆڤ دەکاتەوە بەرەو فڕین و پێشـــکەوتن و بەرەو کۆمەڵـــگای بەختەوەر.

مـــن لە بەشـــەکانی پێشـــوودا باســـی بنەمـــا ئەخلاقییەکانـــم کرد کە بریتی بوون لە: واقیعبینێتی، باوەڕبوون بە زانســـت و زانستپەروەری،

ئینجا ئازادیخوازی بۆ خۆی و ئازادیپەروەری بۆ دەوروبەر، خۆشەویستی بۆ خۆی و خۆشەویستی بۆ ئینسانەکان، ڕێزگرتنە لە کەرامەتی مرۆڤەکان. کەسێک خۆی خۆش نەوێت ناتوانێت ئینسانەکانیشی خۆش بوێت، خۆشەویستی بە پێناسەی زانستی واتا من هەم، من وجوودم ئیجابی و باشە، من کەسێکی باشم، باوەڕم بە خۆمە، من دەتوانم کار بکەم، من ئازاری کەس نادەم، من ئازاری کەس قەبووڵ ناکەم، من لە هیچ کەس زیاتر نیم، هیچ کەسیش لە من گەورەتر و زیاتر نییە، من لە شێوەی کەس نیم، کەس لە شێوەی من نییە، ئینسانەکان لێک جیاوازن، جیاوازی لە سرووشتی مرۆڤدایە. بەوپێیە کەسێکی واقیعبینی باوەڕپێکراوی لێ دروست دەبێت. ئەو بنەما ئەخلاقییە پێی دەڵێ ئەم دنیایە سەختە، دەکرێت کاری تێدا بکەی، دەکرێ لێی فێر بی، ئەم دنیایە هەموو مرۆڤەکانی خراپ نین، هەندێک مرۆڤی خراپی تێدایە، دەبێت ئینسان وا بکات بۆ خۆی یان بەهۆی یاسا و دامودەزگای ڕەسمییەوە خۆی بپارێزێت.

ئەو ئینسانە دەتوانێ لەسەر بنەمای خۆشەویستی لە ژیانی خۆیدا فێری عەشق یان ئەڤینێکی باڵا ببێت کە لە حەوت ملیار ئینسانی دنیا یەک کەس هەڵدەبژێرێت، ژن بێت یان پیاو بێت. دوایی بەتەنیایش باس لە چەمکی «عەشق» لە ژیانی ئینساندا دەکەم کە قۆناغێکی باڵای هەڵکشانی ئینسانییە، بنەمای واقیعی لە مێشکی ئینساندا هەیە، پێویستییە، دەرەنجامی عەقڵە، دەرەنجامی ئەزموون و پێکەوەژیانە، متانەپێکراوێکی زۆرە، زەروورەتێکی دەروونی و جنسییە، پێویستییەکی کۆمەڵایەتی و دەرەنجامی پێویستیی ئینسانە بۆ بوونی هۆگرێکی ئارامبەخشی ئاسایشبەخشی تەواوکەری یەکدی بە هەبوونی دوو کەسایەتیی تەواو لێکدی جیاواز بەو مانایەی باسم کرد. کەسێک ئاوا پەروەردە بێت لە قۆناغێکی دیاریکراودا، بە شێوەیەکی ئاوا واقیعبینیش عاشق دەبێت و کەسێک بۆ ژیانی هەڵدەبژێرێت.

ئینجـا ئەو کەســە پاشــی ئەوە بڕوای بــە کەرامەتی مــرۆڤ دەبێت، کــە مرۆڤەکان هەمــوو بەرابەرن، هەموو پێویســتە بپارێزرێن، ئازادی بــۆ هەمووانــە. هەر مرۆڤێــک خاوەنــی بڕوابەخۆبوونە، پشتبەســتنی بــە خۆیەتــی و متمانــەی بــە خۆیەتــی، پاراســتنی عیززەتی نەفســی هەرکەســێک بە خــودی خۆیشــییەوە بنەمایەکی بنەڕەتیــی ئەخلاقییە. لەســەر زەوینــەی ئــەو بنەمــا ئەخلاقیانــەن بەهــا کۆمەڵایەتییــەکان درووســت دەبن. بەهــا کۆمەڵایەتییەکانیش ئەو بــاوەڕ و پابەندییانەن کــە خەڵــک دەکــرێ زۆر یــان کــەم باوەڕیــان پێیــان هەبــن و دەبنە مایــەی هەڵوێســت و بەشــداریی کۆمەڵایەتــی. جــا ئەگــەر بەهــای پێشــکەوتوو بــن، خزمەتی پێشــکەوتنی کۆمەڵگا و خودی ئەو کەســە دەکــەن، ئەو بەهــا ئەخلاقیانە ئینســانێکی متمانەپێکراوی باشــی کامڵ لــەو گەنجە درووســت دەکات. هەڵبەت هەندێــک بەهای کۆمەڵایەتییش هــەن کۆنــن، هیی ئــەم زەمانە نیــن، بەڵام لــە ئەنجامــی تێکەڵبوونیان لەگەڵ ئایین و کولتوور و بەشــەکانی دیکەی ڕێوڕەســمی کۆمەڵایەتی تــا ئەمــڕۆ ماونــەوە، بەڵام کاتێــک کە باوەڕیــان پــێ دەهێنرێت و بە کار دەهێنرێــن، دەبنــە ســەنگەر دژی بنەمــا ئەخلاقییــەکان و خودی ئینســان و بەرەو پاشــەوەی دەبــەن. بۆیە دەبێ لــەم تەمەنەدا هەموو بەهایــەک لای گەنــج وەرنەگیرێت، بەها باڵــدار و واقیعییەکان ئەمانەی کــە خزمەتی ئینســان دەکەن، بەو بنەمــا ئەخلاقییانە وەریــان بگرێت. هــەر بەهایەکــی دیکە چەندی کۆنیش بێت، شــوێنی لەنــاو کولتووردا، گــەر پێچەوانــەی واقیعبینی و زانســت و ئازادیی مــرۆڤ بێت، دەبێت پەیــڕەوی لێ نەکات و دژیشــی بوەســتێت.

خاڵێکــی دیکــە هەیــە کــە گەنج لــەو تەمەنــەدا زۆر پێویســتە فێری بێت، بە شــارەزایی و بە زیادکردنی زانیاریی تایبەتی لەســەرمرۆڤ و دەروونــی ئینســان، کە ئەم زەمانە کارێکی ئاســانە، هەمیشــە لە کاتی پێویســتدا پیاســەیەک بە کەناڵی مێــژووی دەروونیی خۆیــدا بکاتەوە. ئەوەندەی کە لە بیری دێت، تا دەگاتەوە منداڵی، لە کوێ ئازاری بینیوە هــەوڵ بــدات هۆکارەکانی ئازار تێبــگات، ڕێگاکانی بەســەردازاڵبوونی

فێـر بێت، ئەگەر نەیتوانی سـەردانی پزیشـکی ڕاوێـژکاری دەروونی بـکات، بەم شـێوەیە بکەوێتە بژارکردن و هەراشـکردنی کەسـایەتیی دەروونیـی خـۆی تـا کەسـایەتییەکی بەهێـز و سـاغتر لـە جـاران درووسـت بـکات، بـە هیچ شـێوەیەک لـە ئـازار و چەمانـەوە نەبێت بەدەسـت ئەو زەبر و گوشـارانەی کە لە تەمەنی یـەک مانگەوە تا ٢٢ سـاڵی لـە ئەنجامی پـەروەردەی خێزانی و دەوروبـەر بەریکەوتوون. لـەم زەمانـەدا بەمە دەگوترێـت «حەمامی دەروونی»، یـان گەرماوی دەروونـی. وەکـو چۆن کە ئینسـان دەچێتـە حەمام خۆی دەشـوات، بـە وزەیەکـی زیاتر و لەشـێکی تەندرووسـتتر دێتـە دەرەوە و ئەوە هەمـوو ڕۆژێک پێویسـتە، لە تەمەنی ٢٢ساڵیشـدا پێویسـتە حەفتەی جارێـک گەنـج گەرماوێکـی دەروونی بۆ خۆی بـکات، چ پێوەندی بەو حەفتەیـەوە بێـت کە تێیدا ژیـاوە، چ پێوەندی بەو مێـژووە هەیە کەوا من باسـم کـرد. ئەوە زۆر پێویسـتە، تەنیـا گەنج خـۆی لەگەڵ خۆی دەتوانێـت بیـکات، ئەگەر پێویسـت بوو هاوکاریی پزیشـک وەرگرێت. ئێمـە دەبێ هەوڵ بدەیـن لە ژیانی گەنجاندا گەرمـاوی دەروونی ببێتە باو، باوێکی سـەردەم کە ئینسـانی سـاغ و شـاد و باوەڕبەخۆبوو و ڕزگاربـوو لە دەسـت مێژووی شەخسـی خۆی درووسـت دەکات.

ئەگـەر لەمـە تێپەڕیـن و بێینەوە سـەر کار، ئینجـا چەمکی کار لای گەنجـی ئـەم قۆناغـە دەبێتە مایەی شـانازی. کارکردن لـە کۆمەڵگای کوردسـتاندا و لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتیدا بە شـانازی حسێب ناکرێت، بۆیـە گەنجـان لـە منداڵییـەوە هـان دەدرێـن لەسـەر شـانی دایک و بـاوک و خێـزان بژیـن. لـە قۆناغـی ئێسـتای هەرێمی کوردسـتاندا گەنجـان هـان دەدرێـن لە جیاتـی پەنابردن بـۆ تواناییەکانـی خۆیان بـۆ کار، بـە پێچەوانـەوە بجوڵێنـەوە و لـە کار خۆیـان بدزنـەوە، بـەدوای تواناییەکانـی خۆیان نەکەون، خۆیان بە حیزبە سیاسـییەکان و دامودەسـتگای حکوومەتـی بـە شـێوەی ناڕاسـت و ناشـەرعی هەڵبواسـن، سـەرچاوەیەکی دارایی بە شێوەی ناشـەفاف و ناشەرعی بەدەسـت بێنـن کـە لە ڕاسـتیدا ئەگـەر نانێکیـش دابین بکـەن، بەڵام

ڕۆژانــە دەبێــت بە خــوار و خێچــی و ناڕاســتی بجوڵێنــەوە، ئەوە وا دەکات کەســایەتییان تێک بهاڕێــت و ئــەو پەروەردەیــەی کراویشــە لێیان تێــک بچێت.

بۆیــە پێویســتە لــە تەمەنی ۲۲–۳۰ ســاڵ گەنــج هەوڵ بــدات کاری خــۆش بوێــت، بــە تێگەیشــتنێکی زانســتی و پڕۆســەی ناو مێشــکی خــۆی و ئەزموونــی ژیانی و تێگەیشــتن لە واقیعی ئــەم دنیایە و ئەو نیازانــەی هەیەتــی شــارەزایی خۆی بــۆ کارکردن بــە کار بێنێت، کار مایــەی شــەرم نەبێت، مایەی شــانازی و خۆناســاندن بێــت. هەڵبەتە دەبــێ ئــەوەش بڵێیــن کار ســەرفکردنی وزە و ئینێرژییــە، ئینســان مانــدوو دەکات و وەخــت دەبــات، ماندووکردن ئینســان بێزار دەکات، لــەو ڕووەوە دەبــێ تێبگەین کــە چەندی کار بە زانایی و شــارەزاتری بێــت، بەرهەمــی زیاتــر و ماندووبوونــی کەمتــرە، کەواتا خۆشــی بۆ ئینســان زیاترە.

لــەم ڕووەوە کار دیاردەیەکــی نوێیە، دیاردەی ســەردەمی مۆدێرنە، چونکــە پێش ســەردەمی مۆدێرن و شۆڕشــی زانســتی و تێکنۆلۆژی، کار زۆر کــەم بــوو. کار پتــر لــە گونــدەکان و پیشــەی بچووکــی شــارەکان بــوو، پەروەردە هیــچ مانایەکــی نەبوو وەکو ئــەم زەمانە، زانســت پێشــکەوتوو نەبــوو، بۆیــە جیلــەکان کۆپیی یەکتــری بوون، شــەخس پشــتی بە خێزان دەبەســت و ژمارەیەک خێزان پشــتیان بە یەکتر دەبەســت؛ ژمارەیەک بەرەباب و عەشــیرەت دەبوونە پشتیوانی تاکەکــەس و ژیانــی فــەردی هیــچ قیمەتێکــی نەبوو، شــتێک بە ناوی بنەماکانــی ئەخلاقــی لە کۆمەڵــگای تەقلیدیــدا وجوودی نەبــوو. بۆیە لەگــەڵ پەیدابوونــی قۆناغــی زانســتی و تێکنۆلــۆژی ئیــش زۆر بوو، ئیشــەکان لێکتــر جیــا بوونــەوە، کار بوو بــە هەویەی نوێی ئینســانی.

گەنج لە ۲۲ ســاڵ بەرەو ســەر پێویســتە چەمکی کار بــە چەمکێکی مۆدێــرن و پێشــکەوتوو لەقەڵــەم بــدات کــە خــۆی تەرجەمەکــەر و ڕەنگــدەرەوەی ئینســانێکی مۆدێــرن بێــت. لەگــەڵ ئــەوەدا پێویســتە

بـەو بنەمــا ئەخلاقییانەی كە باسـمان كـرد و بــەو پەروەردەیەی كە گەنجــی ٢٢ ســاڵە لــە خۆیـدا بیـكات، دەبـێ هــەوڵ بـدات واقیعییانە تێبـگات كە ئینســانێكی خاكــەڕا و موتەوازیعــە. خاكەڕایــی و تەوازع مانــای ئەوەیــە كاتێـك بگەڕێتەوە بۆ بنەمــا ئەخلاقییەكانــی مرۆڤ و بە شـێوەی زانسـتی لەسـەری بخوێنێتەوە، بە بەرهەمــی زانكۆكان و ناوەندەكانــی لێكۆڵینــەوە و هــەوڵ و تەقەلای ڕۆشـنگەرە گەورەكانی دنیـا بەهرەمەنـد بێـت، تێـدەگات كـە ئینســانەكان بەرابـەرن، هــەر پیشــەیەكیان هەبــێ بەرابــەن، هیـچ كارێـك بچـووک و سـووک و بێنـرخ نینە، هەمــوو كارەكان پێكەوە شارسـتانیەت و قۆناغی بەرزی مرۆڤایەتــی درووســت دەكــەن. كاتێـك بەپێی ئـەو بنەمـا ئەخلاقییە ئینســانییانە كـە جێگیــرن و ناگۆڕێــن و لــە جاڕنامــەی گەردوونیــی مافــی مرۆڤدا لە دوای ســاڵی ١٩٤٨ تۆمار كـراون و هەموو پێوەندییە نێودەوڵەتییــەكان لەســەر ئــەو بنەمایــە دادەڕیژرێــن، كەوایــە گەنــج چەنــدی لە كاردا ســەركەوتووتر بێت، خۆی پێ لە ئینســانەكانی دیكە زیاتــر نابێــت، یان لە هەڵسـوكەوت و هەڵوێسـتەكانی دیكــەی هەوڵی چەوســاندنەوە و بەكەمزانینــی خەڵــک نــادات. چونكــە پێچەوانــەی ئینساندۆســتی و خاكەڕایــی هــەر ڕەفتارێک لەژێر هــەر ناوێک گەنج بیــكات، دەكەوێتــە خانــەی نەخۆشــیی دەروونییــەوە. ئەو كەســانەی خەڵكــی دیكــە دەچەوســێننەوە، كەســایەتییەكی ســاغ و ســەلیم و باوەڕبەخۆیــان نییــە. ئــەو كەســانەی خەڵكــی دیكــە بە كــەم دەزانن لەبەر هۆكاری نەتەوەیی و ئایینی و نەژاد و ڕەنگی پێســت، كەســانی نەژادپەرســتن، پەروەردەیان هەڵەیە، ئەو بیروبــاوەڕە ئایدۆلۆژییەیان وەرگرتــووە كــە بە هیچ شــێوەیەک لەگەڵ زانســت و واقیعبینیی ژیان ناگونجێــت. لەم زەمانەشــدا لە پێوەندییە پێشــكەوتووەكانی ئینســاندا جێگەیــان نابێتــەوە. ئەمەیە مانــای خاكەڕایــی و تەوازوع.

بەشــێكی دیكــە لــە بنەماكانی ئەخلاقی ئینســانی ئەم ســەردەمە كە دەبــێ گەنج لە خۆیدا درووســتی بكات ژینگەدۆســتییە. ژینگەدۆســتی واتا پاراســتنی ژینگە بــە دارودرەخت و دارســتانەكانیانەوە، لە چڵێک

یــان لــە پنجێــک گیــای وەرزی کــە لــە تەنیشــت ماڵەکەیەوە یــان لە باخچەکــەدا ســەوز دەبێت تــا دەگاتە دارســتانە گەورەکانــی دنیا، لە چۆلەکەیەکــی ســەربانەکەی خۆیەوە تا دەگاتە هەمــوو باڵندە و ئاژەڵ و زیندەوەرەکانی ناو دارســتانەکانی وڵاتی خــۆی و لە دنیادا دەژیین. دەبــێ لــە ڕووی ئەخلاقییــەوە خــۆی بە بەشــدار لــە پاراســتنی ئەو ژینگەیــە بزانێــت. ئێمــەی مــرۆڤ بەرهەمی ئــەو ژینگەیەیــن، ئەمڕۆ بــە لێکۆڵینــەوەی زانســتی، هەمــوو ڕۆژێک ئــەو حەقیقەتــە دووبارە دەبێتــەوە کە دەبێ ژینگە بــە هەموو پێکهاتەکانییەوە بمێنێت. ئەوەی لە ئەنجامی پێشــکەوتنی تێکنۆلۆژیای نــوێ و نەزانیی مرۆڤ و کێبڕکێی نائینســانانە وێــران بــووە، قەرەبوو و چــاک بکرێتــەوە، ئاژەڵەکان و زینــدەوەرەکان بپارێزرێن، ئەگەرنا خودی سیســتەمی ژیان دەکەوێتە لەنگــی و ســەرەنجام مــرۆڤ ناتوانــێ بــەردەوام بێــت. لەوانەیە ئێمە تــا ئێســتایش هەمووومــان پابەنــدی ئــەو بیروبــاوەڕە کولتــووری و ئایینــی و ڕێوڕەســمە کۆمەڵایەتیانــە بیــن کــە دار دەبڕیــن و لەزەت لــە ئازاردانی ئــاژەڵان دەبینین، بووە بــە باو، یەکێک لــە ڕەفتارەکانی مۆدێــرن زینــدەوەرەکان بە هەموو شــێوەیەک ئیبــادە دەکرێن. دەبێ ئــەو زانیارییەمــان هەبێــت گەر جۆرێک لــە زیندەوەر لــە ناوچەیەکدا نەمێنێــت لــەوێ گوڵ درووســت نابــن و بەرهەمی تۆ و میــوە نادات. ئێســتا لە حەقیقەتی زانستی دەرکەوتووە تەنانەت ئەو گوڵ و میوانەی لــە بیوتــی زوجاجی (ماڵی شووشــەیی) یــان لە گوڵخانــە گەورەکاندا پــەروەردە دەکرێن، ڕاســتە میوە و گوڵێکــی زۆر دێننە بازار، بەڵام نە تــام و نــە بۆنی وەکو گوڵی سرووشــتییە. ناڵێم ئەوانە پێویســت نینە، بــەڵام لێکۆڵینەوەی نــوێ هەیە دەڵێــت، دەبێت بە خێرایــی چارەیەکی تــر بدۆزینــەوە، ئەویش ئەوەیە لە هەرکوێ کشــتوکاڵ هەیە، لەوێندەر زینــدەوەر و باڵنــدەکان و ئاژەڵــەکان لەناو نەچــن و بمێنن و کارلێکی نێوان سیســتەمی ژینگە بەردەوام بێت. پاراســتنی ژینگە و پاراســتنی ئــاژەڵان و هەروەها پاراســتن و خۆشویســتنی باڵنــدە و لەناونەبردن و پاراســتنی زینــدەوەر لــەو ســنوورەی زیانیــان بۆ ئینســان نەبێت،

ئینسـان بەشـێوەیکی میهرەبانتر و متمانەتـر و لەخۆڕازیتر ڕا دێنێت، چونکـە بنەماکانی ژیـان دەپارێزێت. لە هەمان کاتیشـدا بەرژەوەندیی ئابووری و ژیانیش خۆشـتر دەکات. ئێسـتا سـەیر و سـەفەر ئەوەی پێـی دەگوترێ توریزم بەشـێکە لـە ژیانی ئینسـانەکان. ئینسـانەکان دەچنـە ئـەو وڵاتانە کـە ژینگە و دارسـتانی هەیـە و فێنکـە، دەریای هەیـە یان ژینگەکەی چـۆن بێت، وەک خۆی پارێزراوە. هیچ کەسـێک بـۆ وڵاتێـک ناچێت کە هەمـوو دارەکانی بڕدرابن، هەمـوو ئاژەڵەکانی کوژرابـن، کشـتوکاڵی تێـدا نەبێـت و گیـزە و خشـەی مێشـێک و حەشـەرەیەکی گوێ لـێ نەبێت. ژیان بەوە درووسـت نابێت. جا ئەوە پاراسـتنی سەروەت و سـامانی وڵاتیشە.

خاڵێکـی دیکـە هەیە دەبێ گەنج دەبێ لە ٢٢ سـاڵی بەرەو سـەرەوە فێـری بێـت، ئەویـش هیچ کاتێـک لە ئازادیـی خۆی نەیەتـە خوارەوە و هیـچ دەزگایـەک، هیـچ کەسـێک و دەوڵەتێکیـش نەتوانێـت ئەوەی کـە پێیدەگوترێـت کەرامەتی مرۆڤایەتیـی ئەو، بیشـکێنێت و لێی کەم بکاتەوە، یان سـەری پێ شـۆڕ بکات. هەر کەسـێک لـە ئازادیی خۆی چاوپۆشـی کـرد، لـە ئازادیـی خەڵکـی دیکەش چـاو دەپۆشـی. هەر ئەوەندەی ئینسـان لە ئازادیی خۆی خۆش بوو، مل دەداتە کۆیلایەتی، ئـەو بنەمـا سـەرەکییە لـە ئینسـانیبوونی خـۆی پێشـێل دەکات، یان ڕێگـە دەدات خەڵکی دیکە پێشـێلی بکات، کە ئەساسـی عەقڵ لەسـەر ئـەو بنەمایـە دارێژراوە، ئەویـش ئازادییە. لە لێکۆڵینەوەی زانسـتی و ئینسانناسـیدا بەتایبەتـی لـە بواری دەروونی و سیسـتەمی مێشـکدا، زۆر بـە ئاسـانی سـەلمێنراوە کە ئـازادی و عەقڵ بەرهەمـی یەکدین. هیچ مێشـکێک گەشـە ناکات لـە تەمەنی یـەک مانگەوە گـەر ئازادیی جموجـۆڵ و مـان و ئاسایشـی بۆ دابیـن نەکرێت. لە کوێ گوشـار و گوشـار یـان زەبر بـەر منداڵی سـاوا کەوتبێت، ئەو گوشـارە دەچێت بۆ مێشـک و بەشـێک لە مێشـک لە کار دەخات. هەربۆیە ئەو منداڵەی چانسـی پەروەردەیەکی باشـیان نییە ئازار زۆر دەبینن، کاتێک گەورە دەبـن تواناییـان تێک شـکاوە، کۆڵـەوارن، لـە ڕووی دەروونییەوە پڕ

لــە کەموکوڕ و نەخۆشــین، دەبنە بار بەســەر دەوروبەر و کۆمەڵگا و هیــچ تام لە ژیــان ناکەن.

کەواتا ئازادی تەنیا دیاردەیەکی مۆدێرن نییە پێوەندی بە دیموکراسی هەبێت، ئازادی پێوەندی بە مرۆڤی ساغ و زانا و عاقڵ و عەودالی پێشکەوتنەوە هەیە. بۆیە دەبێ گەنج زۆر بە باوەڕبەخۆیی و لێهاتوویی و زانایی، پاسەوانی ئازادی و پاراستنی کەرامەتی خۆی بێت. ئەو کەسە دەتوانێ بەشدارێکی باش بێت لە پاراستنی ئازادی لەناو کۆمەڵگا و جیهانی ئەمڕۆیشدا، هەروەها پاراستنی کەرامەتی مرۆڤایەتی لە وڵاتی خۆی و جیهانیشدا بکاتە بایەخێکی بنەڕەتی ژیانی خۆی. لە هەمان کاتدا ئەگەر ئینسانێکی ئازادیخواز ڕابێت، دەبێتە گەنجێک کە فێر دەبێ ڕێزی تایبەتمەندییەکانی ژیانی خۆی بگرێت. تایبەتمەندییەکانی ژیانی ئەو بریتین لە کۆی تایبەتمەندییەکانی دەوروبەری خودی ئەو کە مەرکەزییەتی، لە ڕەزامەندی و ئاسایشی دەروونییەوە دابین دەکرێت تا بەرژەوەندییەکان و پێوەندییە ئینسانییەکانی هەرە تایبەتی لە نێوان ئینسانێک و ئینسانێکی دیکەدا. ئەم جۆرەی گەنجی ئازادیخواز ڕێ نادات هیچ کەسێک بەبێ ئیجازەی ئەو ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو بکات. چونکە تایبەتمەندیی ژیانی هەر کەسێک گونجاوە لەگەڵ باری دەروونی و تواناییەکانی ئەو کەسە و ئەو لەزەت و خۆشیانەی ڕەوان و ئەو کەسە بە شێوەی تایبەتی بۆ خۆی دیاریی کردوون. مادام مرۆڤەکان لە یەکدی جیاوازن (متەفاوتن)، کەواتا تایبەتمەندییەکانیشیان یان حەریمی هەر تایبەتییان، ئەو زنجە بچووکە و ئەو دائیرە تەسکەی کە پێی دەگوترێ ژیانی شەخسی لەناو ماڵ و شەخسی خۆی لە هیی هەموو کەسێک جیاوازن. هیچ کەسێک ناکرێ بیروباوەڕی بۆ بنێردرێت و بەسەریدا بسەپێنرێت یان دەخالەتی تێدا بکرێت. چونکە هەر بیروباوەرێکی دەرەوە، ئەو سیستەمە تاکوتەنیایەی تایبەت بەو کەسەیە تێک دەدات و ئەزموون و باوەڕ و پێوەندییەکانی هیچ کەسێکیش بەکەڵکی کەسێکی دیکە نایەت. ئەو جیاوازییەی لە نێوان مرۆڤەکان هەیە لەسەر ئەو بنەمایەیە لە بەرهەمی ئازادیدا کە هەموو کەسەکان دەبێ

کەرامەتیان بپارێزرێت، لە ناو کەرامەتدا تایبەتمەندییەکانی ژیانیانە و کاتێک کەسێک ڕێ نەدات هیچ کەسێکی دیکە ئاماژە بە تایبەتمەندییەکانی ئەو بکات، خۆیشی ڕێ بە خۆی نادات بچێت وەختی خۆی تەرخانی تایبەتمەندییەکانی ژیانی خەڵکی دیکە بکات، یان تایبەتمەندیی ژیانی کەسێک کە لەگەڵ ئەو جیاوازە، بە سووک و نەزان و خراپ و جۆرێک لە هەڵوێستی سەلبی ڕووبەڕووی بێتەوە، قەت شتی وا ناکات، لە هەمان کاتیشدا وەختی خۆی بەو پووچییە سەرف ناکات. جا کەسێکی باشی لەم چەشنە هەوڵ دەدات ڕۆشنگەری بکات، ئینسانەکانی دەوروبەری وا فێر بن ئەوەی پێی دەگوترێ تایبەتمەندییەکانی تایبەتی خۆی، کە بریتین لە ئەزموون و باوەڕەکانی و پێوەندییەکانی، بپارێزرێت. ئەمە پێی دەگوترێ ئابڕوو و حەیای شەخسی. ئابڕوو و حەیای شەخسی ئەمەیە، شتێکی تر نییە، پێوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە، ئایدیۆلۆژیا و دین و بیروباوەڕ و دابونەریت نییە. ئەمە تایبەتمەندیی خۆیەتی. بۆیە ڕێزی ئابڕوو و تایبەتمەندیی شەخسیی ئینسانەکانی تریش دەگرێت، دەخالەت لە ژیانی کەسدا ناکات، بڕوای بە بڕیاری سەلیمی هەرکەسێک دەبێت هەتا ئەگەر زۆر لێی نزیک بێت، لەجیاتی هیچ کەسێک بڕیار بۆ ژیانی کەسێکی دیکە نادات، ڕێز لە ئەزموونەکانی ژیانی هەر کەسێک دەگرێت، بە هەمان ئەندازەش ڕێزی بۆ تەجرەبەکانی ژیانی خۆی هەیە. بەوپێیە کۆمەڵگایەک درووست دەبێت کە تەواو دوور دەکەوێتەوە لە ڕێوڕەسمی تەقلیدییەت، ئەو باوەڕە تەقلیدییەی کە فەرد یان کەس هیچ قیمەتێکی نییە، بەڵکو ئەوە خێزان و عەشیرەت و بەرەباب و شار و گەڕەکن کەوا بیروباوەڕ دادەڕێژن، دوایی دەیسەپێنن بەسەر فەرددا بێ ئەوەی بگونجێ لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی دەروونی و تەجرەبەکانی شەخسی و حەزەکانی ئەو کەسە. بۆیە لە کۆمەڵگای تەقلیدیدا شتێک بە ناوی فەرد نییە، جەمع و کۆمەڵ هەیە، کۆمەڵ تەنیا فەرد دەپلیشێنێتەوە، وەکو گاڕانێکە ئینسان لەژێر سمی خۆیدا ورد دەکات. بۆیە فەردییەت یان کەسێتیی هەر کەسێک و تایبەتمەندییەکانی دیاردەیەکی مۆدێرنە، هیی بەرهەمی زانست و پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا و

پێوەندییە کۆمەڵایەتییە نوێیەکانە، پێوەندییەکی توندوتۆڵی بە ئازادی و ئازادیخوازیی ئەو کەسەوە هەیە.

ئەگـەر وا بێـت، گەنج لـەو تەمەنەدا بە قادرمەی تێگەیشـتندا سـەر دەکەوێـت، لـە پێگەیاندنـی خـۆی دەگاتـە قۆناغێک کە قسـەی خەڵک هیـچ قیمەتێکـی بۆ ئـەو نامێنێت. پرسـیار ئەوەیە بە ڕاسـتی قسـەی خەڵـک قیمەتـی هەیـە؟ کـە کۆمەڵـگای ئێمـە پێـوەی تلاوەتـەوە؟ لە ڕاسـتیدا قیمەتـی قسـەی خەڵـک دابونەریتـی سـەردەمی تەقلیدییەت و نەزانییـە. خەڵکـی پێنەگەیشـتووی نـەزان بەشـێکی زۆری وەختی خۆیـان بـۆ دەخالـەت و باسـکردنی شـێوەی ژیانـی خەڵکـی تر کە دەیانناسـن سـەرف دەکـەن؛ هەروەهـا شـێوەی ژیانـی خۆیـان لـە ڕووکەشـی دەرەوەدا بـەو بەهـا و دابونەریتانـە تەنزیـم دەکـەن کە کۆمەڵـگای تەقلیـدی ئینسـانی تاکی پـێ دەپڵیشـێنێتەوە. هەربۆیەش هەمـوو لـە دەرەوە دەسـت بـە بەهایەکـی پووچەڵـی بێبەرهـەم بۆ ژیـان دەگـرن، وەکـو پەتێکی گـەورە هەمـوو هـەوڵ دەدەن خۆیانی پێـوە هەڵواسـن، لـەوێ دەم دەدەنـە دەمـی یەکدی و گوێـی یەکدی، ئـەوەی بـەردەوام پێـی دەڵێـن زەم و غەیبـەت و باسـکردنی ژیانی خەڵکـی دەبێتـە وەختگوزەرانییەکی بەردەوامیان، ئـەوە دەکەوێتە نێو سیسـتەمێکی کۆمەڵایەتـی- دەروونـی، کە کۆنترۆڵـی کۆمەڵایەتی پێ دەکرێـت و دەگاتـە قۆناغێـک ئەگەر فـەرد گوێی لێ بگرێـت، هەموو ژیانـی تایبەتی خۆی لـێ بەتـاڵ دەبێتـەوە، تایبەتمەندییەکانی نامێنن، دەبێـت هەمیشـە گوێیەکـی لە دەرەوە بێـت، چاوێکی لـە دەرەوە بێت کـە خەڵـک چ دەڵێن تا ڕازییان بـکات. ئەوەش بـە پێچەوانەی توانایی و بـواری دەروونـی و تەجرەبـەی شەخسـیی خۆیەتـی. ئـەم جۆرە کەسـە کەسـێکی بۆخەڵکژیـاوی لـێ درووسـت دەبێت، خەڵـک دیار نییـە چیـی دەوێت، بۆیە ئامانج لـە ژیانیدا نابێت، سـەرکەوتوو نابێت، وزە و توانـا و سـەروەتەکانی سـەرفی ئـەوە دەکات خەڵکی دەرەوە ڕازی بـکات، بەڵام ئـەو خەڵکە قەت ڕۆژێک نایەت قسـەیەکی باشـی بـۆ بـکات، ناتوانێـت تەجرەبەکـی بۆ نەقڵ بـکات، ناتوانێـت ژیانی بۆ

درووســت بکات، کاتێک لێی دەقەومێت ناتوانێت لەدەســت کارەســات دەربــازی بکات. لــە کاتی پێویســتیی ماڵیدا، ناتوانێت دیناریکیشــی بۆ دابیــن بــکات. بۆیە قســەی خەڵــک هیچ نرخێکــی نییە.

گەنجێــک کــە من باســی دەکەم ئــەو گەنجەیە کە دەبێ لــەم زەمانە بژییێــت، کە گەنجی ســەرکەوتووی ئینســانە، کە بە هیچ شــێوەیەک نە گــوێ بۆ خەڵک دەگرێــت، نە لە بۆڵەبۆڵی خەڵک بەشــدار دەبێت؛ باش تێــدەگات ئەوە ڕێورەســمێکی پاشــکەوتووی نەخۆشــە. کۆمەڵگاکانی تەقلیــدی کۆمەڵــگای نەخۆشــن و کۆمەڵگای ســاغ نیــن. کۆمەڵگایەک کــەوا فــەرد دەپلیشــێنێتەوە، ئینســان لەســەر بەهــا دەکوژێــت، بەرهەمهێنــان لەســەر بەها مەنــع دەکات. بۆ نموونە لــە کۆمەڵگاکانی شــەرقیدا کــە ســوودی نەتیجــەی کار بە حــەرام دەزانن، ئــەوەی کە نــاوە شــەرعییەکەی «ڕیبا»یــە. ئــەو چەمکــە بــە هیچ شــێوەیەک لە سیســتەمی دانوســتان و بــازاڕی ئازادیــی جیهاندا ناتوانێت بەشــدار بێــت، بۆیە هەمیشــە بە پاشــکەوتوویی دەمێنێتەوە و ئــەوە یەکێک لە بنەماکانــی پاشــکەوتنی کۆمەڵــگای ڕۆژهەڵاتییە.

بۆیە ئینســانی ئــەم ڕۆژگارە و گەنجی مۆدێــرن، زۆر بە خێرایی لە سیســتەمی کۆمەڵایەتــی و بەهاکانــی تەقلیدی خۆی جیــا دەکاتەوە و دەرگای بــە ڕوویــدا پێــوە دەدات، خەریکی زیادکردنــی تەجرەبەکانی خــۆی و گەشــانەوەی بــاری دەروونیــی خــۆی و پەرەپێدانــی ئــەو پێوەندییانــەی کــە ئــازاری کــەس نــاکات و ئــەو ســاغ و شــاد و سەرکەوتوو دەکات، لەســەریان بەردەوام دەبێت، سەرەنجام کەسێکی بەرهەمهێنی شــادی ســاغ دێتــە دەرەوە، کــە خەڵک ناچــار دەبن لێی فێــر بــن نەک پەیــڕەوی بن و بــەدوای کــەون. ئەم جۆرە کەســە کە قســەی خەڵکی پــێ هیچ نییە ڕای خەڵکیشــی لەســەر ژیانی خۆی پێ هیــچ نییە. کەســێک کە بۆ ئــەوە بژییێت چەند گەڕەک پەســندم دەکات، چەند شــار تەئیدم دەکات، چەند وڵات پەیڕەویم دەکات، ئەوە کەســێکە لەوانەیــە لــەم زەمانــەی مــن قســەی تێدا دەکــەم، لــە بزووتنەوەی

سیاسـیی بێبەرهەمـی وڵاتی ئێمـەدا جێیەک و پێگەیەکی نائاسـایی بۆ ئـەو کەسـە دابیـن بکات، بـەڵام کاتێـک لێی دەچییـە پێشـەوە، ئەمە ڕێـک دەکەوێتـە خانـەی بردنـەوە نـەک سـەرکەوتن. دەبینـی ئـەو کەسـە ڕاسـتە شـتێکی بردۆتەوە، بەڵام نە لە زانسـتدا پێشکەوتووە، نـە پێوەندییەکانی ئینسـانین، نە تەندروسـتیی دەروونـی تەواوە، نە توانیویەتـی خزمەتی خێزانەکەی خۆی بکات، نـە توانیویەتی مرۆڤێکی بـە بەرهـەم بێت، نـە ئازادیخـوازە، نە ئازادییشـی بۆ خـۆی دەوێت، تەنیا کەسـێکە لـە یەک ماراسـۆندا بردوویەتییەوە، بردنەوە هەمیشـە نیشانەی سـەرکەوتن نییە.

هەرکەسـێک لە ژیاندا هەدەفی تەنیا بردنەوە بێت، سەرەنجام لەسەر مەرگی کەسـوکار و لەسـەر مەرگی دەروونیی خـۆی هەڵدەپەڕێت و هیچـی دیکە نـاکات. گەنجی ئـەم زەمانە دەبێ لـەوە دوور کەوێتەوە. بـەو مانایە نییە سـبەی لـە دامودەسـتگا کۆمەڵایەتییەکانـی مۆدێرن بەشـدار نەبێت، دەکرێـت بە توانایی خۆی دوای خوێندن، لە شـوێنی خـۆی کار بکات، لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا چ سـەندیکا و یەکێتی و حیزبـەکان بـن ئەنـدام بێـت، بـە توانایی خـۆی، بـە پاکوخاوێنی خـۆی، بـە هەوڵ و تەقەلای خـۆی، خەڵک کاتێک ئەویان بۆ پۆسـتێک پێویسـت بێت، ئەویش توانای مودیرییەت و سـەرکردایەتیی تێدا بێت، ئەو بنەمایانەی لەسـەری پێگەیشـتووە و پێی پەروەردە کراوە، بە کار دێنێـت. بۆیە ئەوە خەڵکن پێویسـتیان بەو هەیە، ئەویشـە کە ئامادەیە خزمەتێکـی کۆمەڵایەتی بکات. ئەو یەکترگرتنەیە کەوا شـوێنێک داگیر دەکات بـۆ خزمەتـی زیاتری کۆمەڵگا جا با ببێتە سـەرۆکی وڵات یان سـەرۆکی حیـزب یـان ئەنـدام پەرلەمـان. هەمـوو ئەوانە لـە کاتێکدا قیمەتیان هەیە کە ئینسـانێکی سـاغ پێوەندیی دروست دەکات. بەوپێیـە گوێنـەدان و داخسـتنی پەنجـەرە بـە ڕووی قسـەی خەڵـک و بڕیـاری خەڵـک و بەهای پاشـکەوتووی کـە بەکەڵکی ئـەم زەمانە نایـەن بەو مانایـە نییە کە لەم زەمانەدا کەسـی مۆدێرن ڕای بەکەڵکی خەڵکـی پـێ هیچ بێ، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشـی پـێ پووچ بێ. نا

پێوەندییــە کۆمەڵایەتییــەکان بە شــێوەی نــوێ قیمەتی خۆیــان هەیە. پێوەندیــی کۆمەڵایەتیی نوێ، کەرامەتی ئینســان و ئازادی دەپارێزێت، لەســەر بنەمای سیســتەمە، بە یاســایە، لە پێنــاوی ڕاگرتنی کەرامەتی فەردی و گەشــانەوەی کۆمەڵایەتییە.

ئــەم جۆرە کەســە مۆدێرنــە کە بــاوەڕی بە خۆیەتــی، خۆی خۆش دەوێت، هەوڵ دەدات تەندرووســتییەکی باشــی هەبێــت، بۆیە وەرزش لــەم زەمانــەدا بووەتــە بەهایەکــی زۆر بــاڵا و ئەخلاقی مــرۆڤ. هیچ کەســێک ناتوانــێ ژیانێکــی ڕەحەتــی هەبێــت ئەگــەر تەندرووســت نەبێــت. ناتوانێت ســەرمایەکەی بپارێزێت ئەگەر تەندرووســت نەبێت. ناتوانێــت ســەرمایەی کۆمەڵایەتــی بپارێزێــت ئەگــەر تەندرووســت نەبێــت. تەندرووســتی پێوەندیــی ڕاســتەوخۆی بــەوەوە هەیــە چەند وەرزش دەکــەی. وەرزش تەنیــا کاری گەنجانــەی چەنــد ســاڵێک و بــۆ چەند کەســێک نییە. کۆمەڵــگای ئێمــە لــەم ڕووەوە کۆمەڵگایەکی نــەزان و پاشــکەوتووە. بۆیە دەبــێ وەک گوێ نادەینە قســەی خەڵک ئــەو ڕێوڕەســمەش بــە لاوە بنێیــن و ئاوڕی لــێ نەدەینــەوە کە پێی وایــە «نابــێ ئینســانی بەڕێــز جلی وەرزشــی لەبەردا بێت و بەســەر جــادەدە غار بــدات. پیــاو و ژنی بەڕێز نابێــت شــۆرتێکیان لەبەر بێت و خەریکــی پیاســە بن، ئینســانی بەڕێز نابێت ســەما و شــایی بکات، ئینســانی گــەورە نابێت لەبەر خۆیەوە زەمزەمە بــکات و گۆرانی بڵێت. ئینســانی بەڕێــز نابێت لــە ئالەتی مۆســیقا بزانێت». ئــەم نابێیانە هیچ قیەمەتیــان نییە. ئەمانە نابێی کوێخاپــەروەری نۆکەرپەروەری فەردی ئینســان پلێشــێنەرەوەی پاشکەوتووی ورگزل درووســت دەکەن. ئەم بەهایانــە دەبــێ بــە لاوە بنرێن. ئینســانی وەرزشــکار ئەو ئینســانەیە ســاغە، تەندرووســتە. وەرزش لــە منداڵییەوە تا گەورەیــی هاریکاریی گەشانەوەی مێشــک دەکات. مێشک چ لە ڕووی تەندرووستیی گەڕانی خوێنــەوە بگرە، لەو بەهێزتر مێشــک بە جووڵــەی خێرا و هونەری کە لە وەرزشــدا هەیە، هەمیشــە کۆنێکشــنەکانی دەبوژێنەوە، تەمرینێکی یاریکردن و ســیناریۆیی بنەمای کاری مێشــک چالاک دەکات. هەربۆیە

دوای هەر وەرزشـێک ئینسـان کـە دەگەڕێتەوە دەتوانێت باشـتر بیر کاتەوە، مێشـک پتر هاوکاریـی دەکات، چونکە مێشـک بەهێزتر بووە. کـەی مێشـکی ئینسـان زۆر بەهێزتر بـوو، عەقڵی ئینسـان چالاکترە، کـەی ئینسـان چالاکتر بوو ئینسـان لـە کارەکانی سـەرکەوتووترە و زاناتریشە.

ئینجـا لەگـەڵ وەرزشیشـدا دەبـێ گەنجی ئـەم زەمانە بیـری بێت خـۆی جـوان بـکات. ئینسـان بـە هەمـوو تیپەکانییـەوە جوانـە، بـە مەرجێـک قەڵـەو نەبێـت، بـە مەرجێـک ناقـۆڵا و لاپ نەبووبێـت لـە ئەنجامـی جووڵەنەکـردن و زۆرخواردن و هەندێـک دابونەریتی دیکە. خۆجوانکـردن بـە مانای ئـەوەی کە من ئینسـانێکم پێویسـتە هەموو ئەندامەکانـی جەسـتەی مـن وەکو ئەو تیپە بێت کە ئینسـانی لەسـەر درووسـت بـووە، نابێـت لەو خراپتـر بێـت، هـەوڵ دەدەم وەکو ئەو جـوان بێـت، جوانتریـش نەبێـت هـەر باشـە. لەبـەر ئـەوەی جوانی بەشـێکە لـە تایبەتمەندییەکانی عەقڵی ئینسـان. جوانی لە سرووشـتدا دەبینیـن، سرووشـت دەسـتکاری دەکەیـن، جوانتـری دەکەیـن، جلوبەرگـەکان ڕەنگیـان و مۆدێلیـان بـەردەوام دەگۆڕین تا مێشـک زیاتـر لەزەتیـان لێ بەرێت. لە هەموویان زیاتر لەپێشـەوە جەسـتەی ئینسـان خۆیەتی کە پێویسـتە لە ئەنجامی وەرزش و تەمرینی تایبەتی ببێتە جەسـتەیەکی تایبەتی و سـاغ و بەهێز، جەسـتەیەک کە جلی لێ دێت. جەسـتەیەک کە لە ناوەوە و دەرەوە بۆ خودی شـەخس پەسـند بێت. ئەگەر وا بێت ئەوا ئینسـانێکی باوەڕبەخۆی سـاغ و خوێندەواری گەنـج کـە دەڕواتـە دەرەوە کار دەکات، دەچێتە کافێیەک دادەنیشـێت، کاتێـک دەچێتـە شـایی و هەڵپەڕکێیـەک، کاتێـک گۆرانـی دەڵێت یان ڕا دەکات و وەرزش دەکات، ئەوکاتانـە بیـری لای خەڵـک نییە خەڵک بـە جوانـی دەزانن یـان نا. خەڵـک پێیان باشـە یان نا. ئـەو خۆی لە مێشـکی خۆیـدا بۆ خۆی، بـە توانایی خـۆی و بـە تایبەتمەندییەکانی جوانیناسـیی خۆی، خـۆی پێ قەبووڵە. ئەم بـاوەڕە گرینگە چونکە بـەم دەروونـەوە دەچێتە دەرەوە، لە بیری نییە خەڵک چۆن تەماشـای

دەکــەن، بە لایەوە گرینــگ نییە خەڵک چۆن ســەیری مۆدێلی جلەکەی دەکــەن، ڕەنگەکەیــان لا پەســندە یان نا.

بەم شــێوەیە گەنجــی ٢٢- ٣٠ ســاڵە دەبێ خۆی ڕابێنێت کەســێکی قەڵــەو نەبێــت، نەخۆش نەبێت، وەرزشــکار بێت، جا لەگەڵ وەرزشــدا دەبــێ زانیــاری و ڕۆشــنبیرییەکی نوێ لەســەر خواردن پەیــدا بکات. لــە پێــش شۆڕشــی زانســتی و تێکنۆلۆژیا خــواردن زۆر کــەم بووە، ئێمــە ئەوە لــە مێــژوودا دەخوێنینەوە. بۆیە ئینســان کاتێــک خۆراکی دەســتکەوتووە زۆری خــواردووە، هیچ بنەمایەکی زانســتییش نەبووە بــۆ خواردنــەکان، چونکــە گرینگ ئەوە بووە ســک تێر بێت. ســک بە ئاســانی تێر نەدەبــوو، هەربۆیە چەتــە و ڕێگــر کاروانەکانیان ڕووت دەکــردن و خواردن و کەلوپەلەکانیان لێ دەســەندن. لــەم ڕۆژگارەدا ئەگــەر ئێمە ئــەو دیاردەیە ببینین زۆر بە ســەیری دەزانین؛ ئینســان دەبــێ زۆر نەخــۆش و ئازاردەر بێت تاوەکــو بتوانێ خۆراک و دارایی خەڵکی دیکە داگیر بکات. بەوپێیەی ئێســتا تێکنۆلۆژیا پێشــکەوتووە و گرفتــی خواردن لە دنیادا چارەســەر بووە، خواردنــەکان بە ڕاددەیەک کالۆرییــان تێدایــە، هێنــدەی کەڵکی خۆراکــی بۆ ئینســان تێدایە کە وا دەخوازێــت ئینســان بــە هێندەی جاران نەخوات و ســک پــڕ نەکرێت، هــەر هێنــدەی پێویســتی شــەو و ڕۆژێــک خــواردن لــە جەســتەدا وەربگیرێت.

ئــەی دەبــێ چەنــد و چــۆن وەرزش بــکات؟ دەبــێ حیســابی بکات چەنــد جووڵــە بۆ ســەلامەتی و چەندیش بــۆ فرێدانــی کالۆریی زیادە پێویســتە، هێنــدە وەرزش بکات. بەوپێیە جســم ئەوەنــدە وەردەگرێت کەوا پێویســتیەتی. ئینســان بۆ خــۆی ئەگەر بەقەدەر خــۆی خواردن بخــوات، خواردنەکان بە شــێوەی ســاغ و ســەلیم کە لە سرووشــتدا بۆ ئەو پێویســتن و بــە تێکنۆلۆژیای نوێ ئامــادە دەکرێن بیخوات، نە قەڵــەو دەبێــت و نــە لاواز دەبێت. بەڵام کاتێک کە ئەو سیســتەمە تێک دەدەیــن و ســفرەی ڕەنگاوڕەنگ کە بــێ ژمار خواردنی لەســەر بێت

و هیــچ حیســاب بۆ کالــۆری و چەوری و شــیرینی و ســوێرییەکەی نەکرابێــت، هیــچ حیســابێک بــۆ زیــادی و کەمیــی ماددەکانــی ناوی نەکرابێت، لە پڕێکا دەبینین ئینســان وەکو شەڵتەیەک لێک دەکێشێتەوە، هیــچ شــێوەی مرۆڤانەی پێــوە ناهێڵێت، تەندرووســتی تێک دەکات.

بەداخــەوە لە کۆمەڵگای ئێمــە و کۆمەڵگا تەقلیدییەکانــدا قەڵەوبوون و غەبغەبــە هەبوون و زۆر خواردن و ســفرەی ڕەنگین و بەشــێک لە خواردن لە ناو زبڵدانیماڵکردن، نیشــانەی هەبوون و فەخرفرۆشــتن و خۆهەڵدانــەوەی کۆمەڵایەتییــە. ئەوەش جگە لە نەزانــی هیچی دیکە نییــە. بۆیــە گەنجی ئەم زەمانــە دەبێ تەنزیمێکی باشــی خواردنەکانی خۆی و خێزانەکەشــی بکات. ئێســتا دنیا هەموو بــەرەو ئەوە دەڕوات ئەگــەر ئێمــە ژینگــە و ئاژەڵــەکان بپارێزیــن، خۆمان ڕابێنین گۆشــت نەخۆین ئەوە گەڕانەوەیە بۆ تەندرووستی و پێویستییە سەرەکییەکانی مــرۆڤ. مرۆڤ لــە بنەڕەتەوە گۆشــتخۆر نییە. ئــەو لێکۆڵینەوانەی لە زانکۆکانــدا دەیکــەن ئــەوە دەســەلمێنن. نابێت باوەڕ بەو نووســین و قســەی هەندێک پزیشــکی نــەزان بکەین کــە هەر لە خۆیانــەوە دەڵێن ئینســان لە بنەڕەتەوە گۆشــتخۆر بووە. ئینســان گەر گۆشتخۆر بوایە دەیتوانــی بە دەمی خۆی گۆشــتی خاو بپچڕێــت، دەیتوانی بە غاردان نێچیرێــک بگرێت. مــرۆڤ هیچ یەکێک لەوانەی پــێ ناکرێت، ئەوەی بە هانای ئینســان گەیشــتووە تا لە پڕۆســەی تەکامولی سرووشتدا لەناو نەچێــت، بەکارهێنانــی دەنــگ بــووە، کــە زمانــی لێ درووســت بوو. دوای ئــەوە گەشەســەندنی مێشــکە لــە ئەنجامی قســە و خەزنکردنی مانــا و چەمکــەکان، ئینجا بەپێوە ڕۆیشــتن. دوایی بەشــەکانی دیکەی پێگەیشــتنی جەســتەی مــرۆڤ ڕوویانــداوە، ئینســان بووە ئینســانی ئێســتا. بەڵــێ لــە مێــژوودا ئینســان ئاژەڵیشــی کوشــتوونە، ئینکاری ناکرێــت، بــەڵام لە کام قۆناغدا ئینســان هاتە ســەر گۆشــت خواردن، ئەوەیــش مێژوویێکــی خــۆی هەیــە. ئایــا تــا پێــش قۆناغــی مۆدێرن کــە بــە تێکنۆلۆژیــا گۆشــت زیــاد کــراوە، ئینســانەکان هەمــوو ڕۆژ گۆشــتیان دەخــوارد یان ســاڵی چەند جارێــک دەیانخــوارد؟ بێگومان

هــەر لە نــەوەی ئێمــە بیرمانە لــە حەفتاكانی ســەدەی ڕابــردوودا لە گوندەكــەی ئێمــە مانگی جارێكیش گۆشــت نەدەخــورا، چونكە نەبوو. بەڵام ئینســان خواردنــی كافیی خۆی هەبوو، خواردنــەكان هەموویان بەروبوومــی كشــتوكاڵی بــوون، ئــەوەی كە پێــی دەگوتــرێ نەباتی. ســەرباری ئەوەش مــن نایكەمە فەرزێكــی حەتمی كە دەبێ ئینســانی ئــەم زەمانــە نەباتی یــان ڤێجیتریان بێــت، بەڵام چەنــدی دەكرێت ئەو مەبدەئــەی لا بێــت كە ئــاژەڵ نابێت بكوژرێــن، تەندرووســتیی خۆی پارێــزراو بێــت، ئەو خواردنــەی كە دەیخــوات بەپێی پێویســتییەكانی لەشــی ئینســان بێت. لەسەر بنەمای زانســتی نەک لەسەر پەروەردەی خراپی خێزانی و كۆمەڵایەتی. ئینســانێكی لەو جۆرە قادرمەیەكی دیكە ســەر دەكەوێت لە پێشــكەوتنی كەســایەتیی خۆی، دەبێتە ئینســانێكی ژیاندۆســتی جوانپــەروەری باوەڕبەخــۆی بەرهەمهێنەر، بەشــدارێكی باشــی كۆمەڵایەتی، ئینســانێكی شــیرین و بەكەڵكی لــێ دەردەچێت.

ئــەم كەســە عەقڵێكی چالاكی هەیە، لە عەقڵــی چالاكدا، لە تەمەنی ٢٥ بەسەرەوە دەكرێ وردە وردە بیر لە هاوسەر هەڵبژاردن بكاتەوە. ئەو قســەی من بەو مانایە نییە كە لە تەمەنی ١٨ ســاڵ ئیتر هیچ كەســێک كــچ یــان كوڕ ژن یان پیــاو بیر لە دڵداری ناكاتــەوە، نەخێر دڵداری و عەشــق درووست دەبێت، بەڵام پێویســتە نەگاتە هاوسەرگیری. بەپێی توێژینەوەكانــی ئەمــڕۆ لە بەرژەوەندیــی مرۆڤدایە كە كــچ تا تەمەنی ٢٧ ســاڵی بیــر لە هەڵبژاردنی هاوســەر نەكاتەوە. كوڕ تــا تەمەنی ٣٠ بــە هیچ شــێوەیەک بــە لای هاوســەرگیرییەوە نەچێــت، چونكە تا ئەو تەمەنەیە كــە گەنجەكان تواناییەكانیان دەبوژێتــەوە، كار پەیدا دەكەن، ژیــان بۆ خۆیان درووســت دەكەن، ئینجا خۆیان دەناســن.

خۆناســین ئەوەیــە پێكهاتــەی دەروونیــی خــۆی دەزانێــت. تیپــی كەســایەتیی خــۆی بۆ كەشــف دەبێــت. دەزانێت لەگەڵ چ ئینســانێكی دیكــە هــەڵ دەكات، چ جۆرە شەخســیەتێكی دیكە تەواوكــەری ژیانی ئــەو دەبێت و ئــەو دەتوانێــت هۆگــری بێــت، دەتوانێ ژیانــی لەگەڵ

دابەش بکات و هەبوونی ئەو لە تەنیشــتی خۆی ئارامش و ئاسایشــی پــێ دەبەخشــێت و دنیا بۆ ئەو خۆشــتر دەکات، ســەرکەوتن بەســەر ســەختییەکان ئاسان دەکات، ئینســانێکی بەهێزی لێ درووست دەکات. بۆیــە هەمــوو بەرهەمەکانــی ژیانــی لەگەڵ دابــەش دەکات. لــە کاتی پێویســتدا ئامادەیە فیداکارییشــی بۆ بکات، ئەمە پێی دەگوترێت عەشق یان ئەڤین. ئەڤین قۆناغی ســەرەوەی چالاکیی مێشــکی ئینســانە وەک هــەور یان بوخار، پلەیەک بۆ ســەرەوەی واقیع بــەرز دەبێتەوە، بۆیە عاشــقبوون جــاری وایە مرۆڤ لــە بیر خۆی دەباتــەوە. بەڵام بناغەی عەشــق لــە پڕۆســەی نــاو مێشــکدایە، بەرهەمــی ڕژان و کارکردنی هۆرمۆنی تێستوســترۆنە. ئەو کەســەی کە عاشقە هەرئەوکات مێشکی لــە ئێم ئــارِ ئای بــدەن، دەردەکەوێــت عاشــقە؛ عەشــق تایبەتمەندیی ئینســانی زانــای ســاغی عاقڵە. عەشــق بەرهەمی عەقڵــە. توێژینەوەی زانســتی دەریخســتووە ئینســانی عاقڵ لە ســەردەمی پێــش مۆدێرن زۆر کــەم بوونــە. کەمەکانیش ناقــس بوونە، کە بریتین لــە ئەدیبەکان و هەندێک لەو فەیلەســوفانەی کەوا بەشــێکن لــە کەلەپووری مێژووی مرۆڤایەتــی، هەڵبەت بە ئاســانی کەموکوڕییەکانیــان دەزانرێت. لەگەڵ ئەوەشــدا لە ســەردەمی تەقلیدییەتدا زاوزێ هەبــووە، دڵداری هەبووە، هاوســەرگیری هەبــووە، بەڵام لەســەر بنەمای عەشــق نەبــووە، ئەوە کۆمەڵــگا بوو بڕیــاری دەدا ژن بۆ کوڕەکانیان و مێــرد بۆ کچەکانیان بێنــن، بەبــێ ئــەوەی لێیــان بپرســن. ئینجــا هەمــوو هۆگربوونێکــی یەکتربوونــی ســادەش بریتی نییە لە عەشــق، بەڵکــو بریتییە لە مەیلی جنســی، کە دەرئەنجامی زەروورەتێکی کاتــی و زۆربوونی هۆرمۆنی دۆپیمیە لە مێشــکدا. ئەو چەشــنە مەیل و خواســتە هیــچ تەجرەبەی لەگــەڵ نییــە، پێکەوە هۆگربوون و تــەواوکاری لەگەڵــدا نییە. ئەمەیان باســێکی دیکەیە. ئینســانەکان لە قۆناغی کۆندا کەم ژیاون، گەنجایەتی زۆر کــەم بــووە، ئینســان چاوی کردۆتــەوە دەوری پیرانــی بینیوە و بڕیاریــان بۆ داوە، ئینســان لە دەوری ٤٠-٥٠ ســاڵێ دەمــرد، ئەوەی ئێســتا بە ناوەڕاســتی تەمەن هەژمــار دەکرێت.

بۆیە ئەم جۆرە کەسەی کە من وەسفم کرد گەنجی ٢٢-٣٠ ساڵی، توانای عاشقبوونێکی زۆر واقیعیانەی هەیە، دەبێت ڕێزی هەستەکانی خۆی بگرێت، بە بەشێک لە ئازادیی خۆی حیساب بکات، چونکە عەشق بەرهەمی ئازادییشە، بەرهەمی زانابییە، بەرهەمی عەقڵە، بەرهەمی کەشوهەوایەکی ڕێگاپێدەریشە. دەبێ هەموو ئەوانە دابین بکات، ئەو کەسەی دەبێتە هۆگری ژیانی، ڕێزی بگرێت، بیپارێزێت، دەبێ ژیانی لەگەڵ دابەش بکات. ئینجا ئەمە وەک ڕاسپاردەیە؛ لەوانەیە ئینسان لە ١٨ ساڵی عاشق بێت، لە ٢٥ -٢٧ مێرد بکات، ئەگەر کوڕە لە ٣٠ بەرەو سەرەوە هاوسەری خۆی هەڵببژێرێت.

باسێکی دیکەی گەنجی ئەم زەمانە تەحەممولکردنی بەرپرسیارەتییە، تەحەممولکردنی ئەنجامی بڕیارەکانی خۆیەتی، ئەویش لە واقیعبوونی ئەو کەسەوە دەگەڕێتەوە. گەنجی ئەم زەمانە دەبێ فێر بێت تەحەممولی بارودۆخی سەخت بکات. ڕووداوە کۆمەڵایەتی و سرووشتییەکان و ماڵی و سیستەمەکانی دیکەی ژیان لە پڕێکدا گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و بەرنامەی ئینسان تێک دەشکێنن. دەبێ گەنج کۆڵ نەدات، چۆک دانەدات، وا هەوڵ بدات بەسەر ئەو سەختییانەدا سەرکەوێت و ژیان بەردەوام بێت، لەو پێناوەدا بڕیاری جیاجیا دەدات، دەبێ بڕیارەکانی لە ئەنجامی بیرکردنەوە و تێگەیشتن بێت، بەکارهێنانی عەقڵی خۆی بێت، بەکارهێنانی زانیارییەکانی خۆی بێت، بەکارهێنانی ئەو زانیارییە بێت کە ئەو لە دەرەوە پێی باشە و پێی دەگات. ئینجا نەتیجەی تەجرەبەی خۆیشی بێت. تەجرەبە ئەوەیە لێی فێر بوویت، نەک گێڕانەوەی شکانەکانی ژیان بێت. ئەگەر ئەوها بێت، هەر بڕیارێکی بیدات پێویستە تەحەممولی ئەنجامەکەی بکات. ئەگەر شکانی بەدوادا هات، هەڵوێستەیەک بکات، لەوانەیە ئەو هەڵە نەبووبێت، بەڵام بارودۆخەکە سەخت بووە و تووشی شکانی کردووە. لەو حاڵەتەدا دەبێ لە خۆی ڕازی بێت و لە ناخەوە بڵێ من هەموو هەوڵی خۆمم دا، هەموو توانای خۆمم سەرف کرد، بەڵام هۆکاری

دەرەکـی منـی تێـک شـکاندووە، بۆیە من لە خـۆم ڕازیم، لـە هەوڵی خۆیشـم ڕازیم و بـەردەوام دەبم. ئەگەر هەڵەی کردبـوو، لە نەزانینی خـۆی شکسـتی هێنابوو، دەبێ شکسـتەکەی بکاتە تەجرەبـە، لێی فێر بێـت، نەک هەموو ڕۆژێـک پێی بتلێتەوە. لە دەرەنجامیشـدا سـزاکان و ئـەو زەرەر و زیانانەشـی بەسـەری دێـت، قەبووڵی بێـت و هەوڵ بـدات لـە قۆناغـی دیکەدا هەسـتێتەوە. ئەمـە پێی دەگوترێـت گەنجی واقیعبینـی زانا.

گەنـج لـەو ڕووەوە چیتـر لـە شـکان ناترسـێت، شـکان دەکات بە تەجرەبـە. ئینسـان کـە گاڵکۆکـە دەکات بـە کەوتـن و دەموچـاو بەخوێنداهاتـن و بە لاق و لەتەر ڕووشـان دەسـت پـێ دەکات، جاری وایشـە لە شـوێنی بەرزەوە دەکەوێت و ئەندامەکانی لەشـی دەشکێن، بەڵام کۆڵ نادات، هەر دەبێت فێری ڕۆیشـتن و قسـەکردن و ڕاکردن و یاریکـردن بێـت. ئەگـەر لەوکاتـی باش پـەروەردە کرابێـت، لە ٢٢ سـاڵی بەسـەرەوە گەنج لە شـکان ناترسـێت، دەزانێت گلان بەشـێکە لـە تەجرەبە، بەشـێکە لە شـارەزابوون لەو دنیایەی کـە ئێمە بەناوی دەکەوین، پێشـی بەناوکەوتن هیچ تەجرەبەیەکمـان لە قۆناغە نوێکانی نییە. زانیاریمان دەسـت کەوتووە، بەڵام فەرقی هەیە لەگەڵ تەجرەبەی عەمەلـی، کاتێـک دەکەوینە ناوی، تەجرەبەی عەمەلیی ئێمە درووسـت دەبێـت، کە بریتییە لـە هەنگاوی یەکەمی ئێمە. هەنـگاوی یەکەمی هەر ئینسـانێک لـە هـەر بوارێکـدا هەرچەند زانایانـە بێـت، کەموکوڕی و شکسـتی تێدایە، هەندێک جار گلانی گەورەشـی تێدایە. گلان پێویسـتە بـەڵام هەدەفـی ژیان نییە، ئینسـان لە شکسـت و گلانەکانـی خۆیەوە فێـر دەبێـت هەسـتێتەوە، بەهێزتر دەبێـت، هەمان ئەو شـتەیە کاتێک کـە فوتبـۆڵ یـان یارییەکانی دیکـە دەکات، دەکەوێت، چۆکـی بریندار دەبێـت، سـەربەقولاتە لـێ دەدات، بـەڵام ئێوارە کە دێتەوە ماڵ، سـاغ و سـەلیمتر و زاناترە و مێشـکی باشـتر کار دەکات.

لـەو تەمەنەدایە بەو تەجرەبەیەی کـە گوتم، گەنج ئایدیاکانی(ئارمان)

خۆی درووســت دەکات. مەبەست لە ئایدیا بریتییە لەو بیروباوەڕانەی کــە لــە ئەنجامی پەروەردەی باش و زانایی و زانســتی خوێندن و کار و بەشــداریی خــۆی لــە کۆمەڵــگادا بۆ باشــترکردنی ژیانــی خۆی و دەوروبەر، باوەڕێک دادەڕێژێت، کە هەڵە نییە. بریتییە لەو زانســتانەی کــە لە کۆمەڵگادا هەن. بریتییە لەو تەجرەبــە کۆمەڵایەتییانەی کۆمەڵگا هەیەتــی، بە گونجان لەگەڵ حــەزەکان و پێویســتییەکان و تەجرەبەی خــۆی، بە شــێوەیەکی تایبەتی بــۆ بەشــداریی خــۆی دایدەڕێژێتەوە، ئــەوە پێــی دەگوترێــت ئایدیــا. ئایدیــا یەک و دوو و ســێ نییــە، ئەم ئایدیایانــە ئەگــەر لەســەر بنەمــای ئایدیۆلۆژیا نەبێت، ڕاســتن. ئەگەر لەســەر بنەمای باوەڕی دینی و مەزهەبی نەبێت ڕاستن، ئەگەر لەسەر بنەمــای نەژادپەرســتی و بەکەمزانینی میللەتانی دیکە نەبێت، ڕاســتن. ئەگەر لەســەر بنەمــای وێرانکردنی ژینگە و ئــاژەڵ و زیندەوەرەکانی دیکــەی سرووشــت نەبێــت، ڕاســتن. یانــی هــەر ئایدیایــەک لەســەر بنەمــای ئایدیۆلۆژیــا بێــت، هەڵەیــە؛ چونکــە ئایدیۆلۆژیــا بریتییــە لە باوەڕێکی کەســێکی دیاریکــراو کە خەڵکانی دیکە بــە پیرۆزی دەزانن و بەبــێ دەســتکاریکردن تاقی دەکەنــەوە، ژیانی خۆیــان و کۆمەڵگای پــێ تێک دەدەن.

مێــژووی ئایدیۆلۆژیاکان لــە کۆمەڵگای مرۆڤدا مێژووی کارەســات و نەزانیــی مرۆڤــن. دینەکان شــوێنی تایبەتی لە ژیانــی خەڵکدا هەیە، دینــەکان زۆرن، یەک دیــن نییە، بیروباوەڕیی دینــەکان لێک جیاوازن، جــا بیروبــاوەڕەکان کۆنــن، هیــی هــەزاران ســاڵ بــەر لە ئێســتان، لەگــەڵ بارودۆخــی ئێســتا ناگونجێن. دەکرێت شــەخس لــە قەناعەتی خۆیــەوە تقوســی دینــی جێبەجــێ بــکات، بــەڵام ئایدیاکانی کــە پێی دەگوتــرێ ئامانج یان ئارمان، لەســەر بنەمای ئایینــی هەڵنابژێردرێت، بنەمــای دینــی ئەگەر باوەڕداری هەیە بۆ شەخســی خۆی و تقوســی دەروونیــی خۆیەتــی و بــۆ هیچــی دیکەی نییــە. بنەمــای مەزهەبی و نەژادپەرســتی نابێــت. ئەگــەر وا نەبێــت دەبێتــە ئینســانێکی ئارمانی، ئامانجدار، سیســتەمێکی دەبێت ئەو سیســتەمە دەکرێــت بۆی بکەوێتە

کار، تاقــی بکاتەوە، ئەگەر بەکەڵکی ژیانی هات پێی دەگەشــێتەوە، پێی پێــش دەکەوێت، پلــەی کۆمەڵایەتــی و دەوری کۆمەڵایەتــی پێ زیاتر دەبێــت. ئەگەر سیســتەمەکەی ئــەو مۆدێلێک بێت بۆ ژیــان، واقیعبینی بێــت، خەڵکــی دیکەش لێــی فێر دەبن، بــە کەمێک دەســتکارییەوە لێی وەردەگــرن، ئاڕمانــی ئــەو دەبێتە ئاڕمانێکــی کۆمەڵایەتــی، وەک ئەو مۆدێلانــەی لــە سیســتەمی بەڕێوەبردنــی حوکمدا، یان لە سیســتەمی پــەروەردە و بــازاڕ و ژینگــە و زۆر بواری دیکــەدا بە کار دێ.

ئەوانــە هەموویــان پێیــان دەگوتــرێ ئاڕمان(ئامانــج). ئاڕمانــەکان ڕاســتن، هــەر کەســێکی عاقــڵ دەتوانــێ ئینســانێکی ئاڕمانخــوازی ئاڕمــان درووســتکەر بێــت. ئــەم ئاڕمانــەش جێگای بــاوەڕی دینی و ئایدیۆلــۆژی و فەلســەفی دەگرێتــەوە. ئاڕمان هەمــوو ڕۆژێک قابیلی دەســتکارییە، بە پێی تەجرەبە و پێشــکەوتنی زانستی کە داهێنەرەکەی هەیەتــی. ئاڕمــان نەتیجەی عەقڵی ئیشــکەری ســاغ و پێشــکەوتووە. ئاڕمــان نەتیجەی عەقڵ و کاری ئینســانی عاقڵە. ئینســانی ئاڕمانخواز ئینســانێکە کــە جیاوازییەکانی لە دنیــادا قەبووڵە، ئــەوەی لە مەوپێش ئاماژەمــان پێ کرد، مامەڵــە لەگەڵ جیاوازییــەکان دەکا، مامەڵە لەگەڵ کەســە جیاوازەکان و پێکهاتە جیــاوازەکان دەکات، لەگەڵ دین و وڵات و ژینگــە لێکجیــاوازەکان دەکات، دەتوانێــت پەتــی هاوبــەش لە نێوان هەموویــان بدۆزێتــەوە. ئــەو دەتوانــێ ئینســانیەت بێنێتــە ســەرەوە، ئینســانەکان بەیەکــەوە شــاد و هاوکار بــن، بەبێ ئەوەی ناســنامەی یەکتر بســڕنەوە. ئینسانی ئاڕمانخواز ناسنامەی هیچ کەس ناسڕێتەوە، ژن بێــت یان پیــاو، یان لە میللەتێکــی دیکە بێت. ئینســانی ئاڕمانخواز ئینســانێکە ژیانــی خــۆش دەوێ، دەشــزانێت ژیــان ســەختە، ژیــان درووســت دەکرێــت، درووســتکردن بەرهەمی عیلمە، عیلــم بەرهەمی عەقڵــە، کەواتە ژیان بەرهەمی عەقڵە. ئینســانی عاقــڵ دەتوانێت ژیانی خــۆش بۆ خــۆی و کۆمەڵگا درووســت بکات. بۆیە شــتێک کە پێیەوە مانــدوو دەبێت، نەتیجەی پڕۆسێســی عەقڵیی خــۆی و کۆمەڵگایە، لای ئــەو بەقیمەتــە و بەڕێــزە و پلەیەکــی بــاڵای هەیــە بۆیە ژیاندۆســتە.

گەنجـی ٢٢ سـاڵ بـەرەو سـەرەوە دەبـێ گەنجێکی ژیاندۆسـت بێت بـە ڕوانگایەکـی زانسـتی. ژیان قیمەتـی هەیە، جارێکـە، ئەنجامی ئەو سرووشـتەیە، بەردەوام پێش دەکەوێت، پتر توانای زاڵبوونی بەسـەر سرووشـتی سـەخت و نابەرابـەر دەبێت، پتر ئینسـانی زانـا و عادل درووسـت دەکات، عەدالـەت و ئـازادی، بەرهەمی عەقڵی ئینسـانە.

ئینسانی ئاڕمانخواز و ژیاندۆست، تێدەگات کەوا سرووشت دادپەروەر نییە، بەڵکو غەددارە، تەبیعەتی غەددار دەبێ بناسرێت، بزانرێت، کۆنترۆڵ بکرێت، تەنزیم بکرێت، بێ ئەوەی تێک بدرێت. بۆیە بە زانست و عەقڵە کە پێش لە نابەرابەریی سرووشتی دەگیرێت. ئەو نابەرابەریی سرووشتییە هەر لە لافاو و بومەلەرزە و ئەو ڕووداوانەی لە سرووشت ڕوو دەدەن، هەروەها لەو بڵاوبوونەوەی پەتا و ڤایرۆسانەی (ئێستا کە من قسە دەکەم ڤایرۆسی کۆڕۆنا هەموو دنیای داخستووە) هیچ دادپەروەری و زەرورەتێکی تێدا نییە. کەواتا ئەمە سرووشتی نابەرابەر و ناعادل و کوێرە. تەنیا بە زانیاری و زانست، تەنیا بە واقیعبینی کۆنترۆڵ دەکرێت، ژیانی تێدا خۆش دەکرێت و پێش دەخرێت. بۆیە ژیان قیمەتی هەیە، ماناکەشی هەر لەوەدایە.

ئینسـانی واقیعبینـی ئاڕمانخـواز، دۆسـتەکانی خـۆی لـەو دنیایـە دەستنیشـان دەکات. ئینسـان دەکـرێ هەمـوو مرۆڤەکان بـە بەرابەر بزانێـت، هەمـوو مرۆڤەکانـی لا بەڕێـزە، جۆرێـک خۆشەویسـتی بۆ ئینسـان هەیـە، هەربۆیە کاتێک دەچێتە پیاسـە بۆ شـوێنێک ئینسـانی جوانی لێ بن، بە ژن و پیاو، جوانی بە مانای مەدەنییەت و شارستانی و پێشـکەوتوویی، ناچێتە شـوێنێک بە تاقی تەنێ چونکە پێویسـتی بە تێکەڵبوونـی کۆمەڵایەتییـە. لە نێو کۆمەڵگایەکدا مێشـکی ئێمە هەسـت بـە وجـوودی خـۆی دەکات و دەحەسـێتەوە، تەجرەبـە وەردەگرێت و بـاری خـۆی بەتـاڵ دەکات. جـا کاتێـک دەگەڕێتەوە ماڵ، هەسـت دەکات ئیسـتراحەتێکی کردووە و شـتێک فێر بووە. لەو دنیایە حەوت ملیاردییە، ئینسـان ناتوانێت هەموو کەسـەکان بناسـێت و هەموویانی

خۆش بوێت. ئینســان جارێ لە ڕووی ناســینەوە ناتوانێ لە چەندسەد کــەس زیاتر بناســێت و ناویــان بزانێــت و مێژووویانی بە بیــردا بێت. پاشــی ئــەوە لە حــەوت کەس زیاتــر، بە زەحمــەت دەگاتــە دە کەس دۆســتی نێزیکی ئەو بن. دۆســتەکان لە ژیانی ئینســاندا زۆر گرینگن. ئینســانی ســاغی ئاڕمانخــوازی ژیاندۆســت پێویســتە تەنیــا نەبێــت، ئینســانی گۆشەگیر نەبێت. ئینسانی گۆشــەگیر نە باوەڕی بە خۆیەتی، نــە خــۆی خۆش دەوێــت، نە ئینســانی خــۆش دەوێت، نــە کۆمەڵگای خۆش دەوێت، بۆیە باوەڕ بە کەس ناکات. گۆشــەگیر دۆستیشــی نییە یان دۆســتەکانی کاتین. ئینســانی ســاغ دۆستەکانی ســابتن، ئینسانی زۆر ســاغ دۆســتەکانی وا هەڵدەبژێرێت کە لەگەڵیان پەرە دەســێنێت، لــە حاڵەتــی زۆر پێویســت نەبێــت، تەرکیان نــاکات. ئەگــەر لە حەوت ملیــارددا من حەوت کەســم هەبێ دۆســتی من بن لــە ژن و پیاو، من ئینســانێکی ســەرکەوتووم و دنیام هەیە. ئینســان لەگەڵ دۆســتەکانی خۆی، تەجرەبەکانی خۆی ئاڵوگۆڕ دەکات، پێکەوە پڕۆســەی خۆشــی دەبینن. بەڵام دۆســت کەســێکی ســەربەخۆی دەرەوەی منە، بۆم نییە دەخاڵــەت لــە ژیانــی تایبەتیدا بکــەم، ڕێگە نــادەم ئەویــش دەخالەت لــە ژیانــی تایبەتیــی مندا بــکات. تەنیــا لــە دەرەوەی ماڵ و لــە کاتی پێویســتدا یەکتــر دەبینین، لە ســەفەردا، لە دەردەشــە و ڕاگۆڕینەوە.

ئینســانی باوەڕبەخــۆی خوێنــدەواری ئاڕماندۆســتی ژیاندۆســت، لــە خۆیــەوە دەســت پــێ دەکات. کەســێک خــۆی خــۆش نەوێــت، دەوروبەریشــی خــۆش ناوێــت، دۆستیشــی نابــن، لــە پڕۆســەی کۆمەڵایەتیشــدا ئــازاردەر دەبێــت. کــە دەڵێــم منداڵ کۆیلــەی دایک و بــاوک نییە، دایــک و باوک وەزیفەیانــە منداڵ گەورە بکــەن و ئاگایان لێــی بێت تا دەگاتە ٢٢ ســاڵی. بــەڵام ئەوەش بەو مانایە نییە ئینســان هیــچ پێوەندییەکــی بــە بــاوک و دایکییــەوە نەمێنێت. بــە پێچەوانەوە، ئینســان دەبێــت بە میهرەبانی ســەیری دایــک و باوکی بــکات، هەوڵ بــدات باریــان کەم بکاتــەوە، ئەویش ئەوەیــە من ژیانی ســەربەخۆی خــۆم دەســت پێ بکەم، جارێ بــا خۆم بەڕەی خۆم لە ئــاودا دەربێنم

و بــاری ئەوان کەم بکەمــەوە، دوایی دەتوانم هاوکاریی ئەوانیش بکەم. خۆشەویســتی تەنیــا پێوەندیــی ماددیی نییە، خۆشەویســتی بریتییە لە بەردەوامیــی ئەو مێژووە خێزانییەی کەوا هەبووە لە بەهاناگەیشــتن و خۆشــی پێــدان و لە تەنیشــت یەکتربــوون لە کاتی پێویســتدا.

ئینسانی ئارمانخوازی ژیاندۆســت دەبێت بەردەوام پەروەردەکردنی فەردییەت و کەسیەتیی خۆی و منداڵەکانی و دەوروبەریشی بە هەمان پــەروەردە ڕادێنێ. ئەو فەردییەتە بە مانای پاراســتنی خسووســییەتی جیــاوازی خۆیەتــی لــە هیــی هەموو دنیــا کە ئامــاژەم پێ کــردووە. ئــەوەش بــە پــەروەردە و زانســت دەگوازرێتــەوە. بەوپێیــە دەبێتــە کەســێکی ئینساندۆســت و بەهەڵوێســت. مەبەســت لە ئینساندۆســتی ئــەوەی بــۆ خۆی پێویســتە بــۆ هەموو دنیای بــە پێویســت دەزانێت، لایەنگیــری ئــەو یاســایانەیە کــە ئــەو پێویســتیانە دابیــن دەکات. لــە کاتــی پێشــێلکردنی مافــی خەڵکــی دیکە بێهەڵوێســت نابێــت. واتا لای ئاســایی نییــە لە تەنیشــت ئــەو، جیرانەکــەی ئاگــر لە ماڵــی بەربێت دەنــگ نــەکات، یــان یاســا پێشــێل بکرێــت دەنگ نــەکات. یــان تاوان ڕوو بــدات. هەمــوو ئــەو خواروخێچیانــەی لــە ژیانــدا دەیبینێت لێی بێهەڵوێســت نابێ. ئینســانێکی هاوکار دەبێت، چونکە بە هەڵوێســتە و ئینســانیەتی خــۆش دەوێت. هەڵوێســت ئەوەیــە لە کاتی پێشــێلکاریدا مــن زانیارییەکانی خۆم دەبەخشــم بــۆ ئەوەی ئەو پێشــێلکارییە ڕوو نــەدات، ئەگــەر ڕوویدا، پەنا بۆ نیزام و یاســا دەبەم بۆ ئەوەی خەڵکی دیکــە نەپڵیشــێتەوە. ئەمــە بــەو مانایەیــە کــە هاوکاریــی کۆمەڵایەتی (هەمبەســتەیی کۆمەڵایەتــی) بەشــێک دەبێت لــە ژیان و پێگەیشــتنی ئینســانی نوێ.

ئینســانی نــوێ ســەفەر و ســیاحەت بەشــێک لــە ژیانــی دەبێــت، ئیســراحەت و ڕابواردن بەشــێک لــە ژیانی دەبێت. مــرۆڤ بۆیە ئیش دەکات و پــارە و ســامان بەدەســت دێنێت، بۆ ئەوەی هەمیشــە خۆی ئەو ئاســایش و پشــوو و خۆشــییە دابین بکات کە پێویســتیەتی، بۆیە

ئینســان ڕانەهاتــووە بــەردەوام كار بــكات. دەبــێ كاتــی كاركردنــی دیــار بێــت، ئەوكاتانــەی دەگەڕێتەوە ماڵ و شــوێنی ژیانــی جیا بێت لــە كاتــی كاركردنــی. كاتــی ئیســراحەت بــۆ كاركــردن نییــە، كاتــی پێگەیاندنــی خۆی یــان خۆ تەرخانكــردن بۆ كەســوكاری دەبێت. ئەو دابەشــكارییە لــە ژیانــدا هەموویــان لێك جیــاواز بن، نابــێ تێكەڵیان بــكات. ئەگــەر پێچەوانە بجووڵێتەوە ئینســانێكی بە سترێســی تێكەڵی نامونەزەمــی لــێ درووســت دەبێت، كە ئــەوە دەگەڕێتەوە بــۆ منداڵی و فێــری نەزمــی نــاو مێشــك و تەحەممولكردن نەبــووە و متمانەی بــە خــۆی نییە، چونكــە نەزمی تێدا نییــە. متمانەی نییە بۆیە هەمیشــە كاری دەرەوە دێنێتــەوە ماڵــەوە تەنانــەت دەیهێنێتــە ناو جێگە، شــەو تــا بەیانــی لەگــەڵ تەلەفۆنەكەیەتی و خەریكــی معامەلەیە، تــا بەیانی خەریكــی بێنەوبەردەیــە، منداڵەكــەی و هاوســەرەكەشــی دەبێ زەقەی چاویــان بێت تەماشــای بكــەن كەنگێ بــە ئیســراحەتەوە چایەك یان نانێكیان لەگــەڵ دەخوات.

ئینســانی ئاڕمانخــوازی مۆدێــرن شــوێنەكانی ئیســراحەت لــە شــارەكەی و وڵاتەكــەی و لــە دنیــا بۆ ئــەو گرینگن، بەپێــی توانایی ماڵیــی خــۆی بەرنامــەی دەبێــت، لە حەفتــەدا لە شــارەكەی خۆی، لە مانگــدا لە وڵاتەكەی خۆیدا، لە ســاڵدا لە دنیا ســەفەر بــكات. هەربۆیە ئەمــڕۆ توریــزم بــووە بــە كولتوورێكــی پێشــكەوتووی یاریــدەدەر و ســنعەتێكی ئاســانكەر، كــە هەمــوو هێڵەكانــی پێوەندیی ســەریع و ســەفەری خێرا لە تەیارە و سەیارە و شــەمەندەفەر و كەشتییەكان لە خزمەتی ئینســاندان. ئینســان لای خۆیەوە دەتوانێ هەموو شوێنەكانی دنیــا ببینێــت و ســاڵانە خــۆی و خۆشەویســتەكەی و منداڵەكانی یان دۆســتەكانی ســەفەر بــۆ ئــەو شــوێنانە هەبێــت، لــە ســاڵدا مانگێك كەمتــر تەرخــان نــەكات بــۆ ســەفەری دوورودرێژ و دەبێ بەشــێك لــە ســەرمایەی بۆ ئــەوە تەرخان بــكات، تاوەكــو بەختــەوەری تاقی بكاتــەوە، تاكــو مێشــكی بگات بــەو پلەیە لە ســەقامگیری كە ڕاســتە ئاواتــە بــەرزەكان نایەنــە دی، بــەڵام ئامانجە خۆشیبەخشــەكان دێنە

دی. مــن دەچــم ئەو ئامانجــە خۆشیبەخشــانە تاقــی دەکەمەوە.

تاقیکردنەوە لە مێشــکی بەشــەردا لــە زاکیرە دەمێنێتــەوە، تەکامول بە شەخســیەتی ئینســان دەدات، پێی دەگەیەنێت، پەڕ و باڵی دەکاتەوە. کاتێــک کــە دەگەڕێتــەوە هەم ئیســراحەتی کــردووە، هەم لــە ڕووی دەروونییــەوە پارســەنگە، هەم لــە ڕووی دنیادیتنــەوە تەجرەبەیەکی دیکــەی هەیــە، تام لە پرۆســەی ژیــان لە ماڵ و وڵاتی خۆی خۆشــتر و زیاتــر دەبــات وەک لە پێش ســەفەر هەبووە. پێویســتە تەرفیهییەت یان خۆشــیگوزەراندن بەشــێک بێت لە ژیانی ئینســان. لــە ناو تەرفیە پێکەنیــن و جووڵە دەبێ زۆر بێت. هیچ ئینســانێکی ســاغ ڕۆژانە نابێ لــە دوو کاتژمێــر کەمتــر پێبکەنێت. مــەرج نییە بــەردەوام بێت، بەڵام ئەگــەر کــۆی بکاتــەوە دەبێ لــە ٢٤ ســەعاتدا ٢ ســەعاتی پێکەنیبێت. پێکەنیــن بــە پــەروەردە دەکرێت، خۆیشــی دەبێت لەســەری ڕاهاتبێ. کــە دەڵێیــن ژیان هونەرە، هونــەر یانی میکانیزمێکــی ئەوتۆی گونجاو لەگەڵ سرووشــتی مرۆڤ کە دەکرێ فێری بی و ژیانت خۆشتر بکات. کەواتــە پێکەنینیــش فێربوونە، دەبێ وەســیلەی پێکەنیــن، هۆکارەکانی موناســەباتی پێکەنیــن، لــە نوکتەیــە، لە جووڵەیــە، لــە گێڕانەوەیە، لە فیلــم بینینە، لــە چونە دەرەوەیە، جاری وایە ئینســان هــەر لەخۆیەوە پێدەکەنێــت، چونکــە ســاغە. پێکەنیــن ســیرایەت دەکات، تــۆ پێبکەنــە تەنیشتەکانیشــت بێ ئــەوەی بزانن چیی ڕوویــداوە پێدەکەنن. پێکەنین بریتییــە لــەو لەرزین و ڕەجەیەی مێشــکی ئینســان پێویســتیەتی، کە وەرزشــی پێدەکات، ئیســراحەتی پێــدەکات، باری پێ بەتــاڵ دەکاتەوە.

پێویســتە مــن وەکــو کوردێــک ئــەوە بڵێــم؛ گەنجــی ژیاندۆســتی مۆدێرنــی ئــەم زەمانە دەبێ وڵاتی خــۆی لە بیر بێــت، ئەوانەی گوتم هیچیــان نایەنــە دی ئەگەر تۆ وڵاتێکــت نەبێت، ئەو وڵاتــە دەوڵەتێکی نەبێت لەســەر بنەمایەکی پێشــکەوتوو بەرێوە نەچێــت، وڵاتێکی ئازاد و زانســتپەروەر و پەروەردەیەکــی باشــی تێــدا نەبێت. ئێمــە ناتوانین ئینســانی وا درووســت بکەیــن ئەگــەر ســەربەخۆ نەبیــن. ئێمــە کــە

میللەتێکـی چوار پارچە کراوین، پێویســتە مێژووی وڵاتی خۆمان باش بخوێنینەوە، مێژووی بزووتنەوەی تێکۆشــان و سیاسی بۆ ڕزگاریمان و کەســایەتییەکانمان بخوێنینــەوە، مێــژووی ئایینــەکان و نەتەوەکانی نــاو کوردســتان بخوێنینەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بەشــدارێکی باش بین لە ڕزگارکردن و پاراســتنی کوردســتان.

ئێمــە ناتوانین ئازادیخواز بین کاتێک کە داعش و حەشــدی شــەعبی و پاســداری ئێرانــی و ســوپای تورکیــا، هەر کامیان ویســتی ڕێی پێ بدرێ شــارەکانمان وێران بکات، ژن و منداڵەکانمان بەرن و خۆیشمان بکوژن. ئینســان کاتێک کەوتە بەر هەڕەشــە، هەنــگاوی یەکەم مانمان گرینگــە، ئێمــە نامێنیــن ئەگەر وڵاتێــک نەبێــت بمانپارێزێــت. ئەمە بە مانای ناســیۆنالیزمی بەرچاوتەنگانە نییە، بە مانای نیشتمانپەروەرییە. ئێمــە تەنیــا کــورد نیــن لــە کوردســتاندا دەژییــن، کوردســتان لــە دنیــادا لانکــەی ژمارەیەکــی زۆر دیــن و نەتــەوە و مەزهەبــی لێکدی جیــاوازە، هەمــوو دەبــێ بەیەکــەوە بژیەیــن، ناســیۆنالیزمی کوردی ناســیۆنالیزمێکی ڕەنگاوڕەنگــی ئینساندۆســتی نیشتماندۆســتانەیە، دەبێــت تێیدا بەشــدار بین، بەشــدارییەکی پاک، بەشــدارییەکی بەتوانا. ئەو بەشــدارییە لەســەر بنەمای دیــن و ئایدیۆلۆژیا و لەســەر بنەمای دژایەتیــی نەتەوەیەکی دیکە نەبێت، لەســەر بنەمای خۆشەویســتی بۆ نیشــتمان و پێکهاتەکانــی بێــت. هەڵبــەت لەســەر بنەمــای دابینکردنی بەرژەوەندیــی خــراپ و نامرۆڤانەی نایاســایی نەبێت. ئێســتا هەرێمی کوردســتان لەژێر بــاری تەجرەبەی گەندەڵی و بێیاســایی و نەبوونی سیســتەمێکی کارای بەرهەمهێندا ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو پاشــەوە دەچێت. دەبــێ بەرانبــەر بــەوە بــە زانایییەوە بوەســتین تــا بەرەو پێشــەوەی بەریــن. بۆیــە بەرامبەر بە چارەنووســی وڵات، ئینســانی نوێ ناتوانێ بێلایــەن بێت.

لــە وڵاتــی خۆماندا دەبــێ زۆر بە ئاســانی جیاوازییەکانــی ئایینی و نەتەوەیــی بــە ئاســایی وەرگرین و هیچ کەســێک لە هیــچ نەتەوەیەک

و دینێـک و مەزهەبێـک کەمتـر و زۆرتـر نەبێت لە ئینســانێکی دیکە. دەبێ زانســتپەروەر بین، ســەرباری ئەو ســەختیانەش لە پێشخستنی زانســتی خۆمــان و تواناییەکانمــان و ئــەو دامودەزگایانــەی کاری تێـدا دەکەین بەردەوام بین. پێویســتە هەمیشــە ئینســان هــەوڵ بدات شــارەزاییی خــۆی بەرەو پێشــەوە بەرێــت و لێهاتوویــی خۆی بەرز بکاتــەوە. ئینســانی ئاڕمانخوازی مۆدێـرن بەرژەوەندیی خۆی بە لاوە گرینگــە. هیچ کاتێـک بەرژەوەندییەکانی خۆی پێشــێل ناکات هەروەک چــۆن ئازادیی خۆی پێشــێل ناکات. ئەگەر ئازادیی خۆی پێشــێل کرد، ئازادیــی خەڵکــی دیکەی پــێ ناپارێزرێــت. بە هەمان شــێوەش ئەگەر بەرژەوەندیــی خــۆی بە شــێوەیەکی ماقووڵ و واقیعییانــە نەپارێزێت، ناتوانــێ بەرژەوەندیی کەســانی دی و وڵاتەکــەی بپارێزێت.

هەر کەســێک نەتوانــێ بەرژەوەندییەکانــی خۆی بپارێــزێ، ناتوانێ لــە ژیان بــەردەوام بێــت. بەرژەوەندییەکان بریتین لە پێویســتییەکانی بەردەوامیــی ژیــان، بۆیــە دەبێ لەوەدا ئینســانی نوێ فێــری جۆرێک لــە مودیرییــەت و بەڕێوەبردنــی واقیعبینانەی عیلمیانــەی خۆی بەپێی ئەزموونــی خــۆی ببێــت. بــۆ ئــەوەی بتوانێــت لــە شــوێنی ژیانی لە گۆڕانــی خۆی، بەرژەوەندییەکانی خۆی بناســێت، بەدییان بێنێت، بۆی بجووڵێــت، بــۆی کار بکات، ســەرەنجام بزانێت چــۆن دەیانپارێزێت.

بەشــێکی زۆری بەرژەوەندییەکان لە ســامان و پــارەدا دەردەکەون. ســامان بــۆ خۆشــیی ئینســان و خێزانەکــەی زۆر پێویســتە. پارەش پێویســتە، بەڵام ســامان و پارە نابێت ببنە ئامانجی ژیان. ئەگەر ئەوانە ببــن بە ئامانجی ژیان، هەموو خۆشــییەکانی ژیــان دەکەوێتە خزمەتی زۆرکردنــی ژمــارەی پــارە و زۆربوونی ســامان کــە دەگەڕێتەوە بۆ چەمکی بردنەوە. بۆیەش دەبینین بەشــێکی زۆر لەوانەی ســەرمایەدار و دەوڵەمەندن، هونەری ژیان نازانن، هەمیشــە مەشــغوڵ و سترێسن. یان بەشــێک لە ســەرکردە سیاســییەکانی ئێمە زۆر ســامانی وڵاتیان کەوتووەتە بەردەســت، پلەی گەورەی ئەم وڵاتە بەدەســت دێنن، بەڵام

کاتێک لێیان نزیک دەکەویەوە، ژیانێکی ناخۆش دەژین، ماندوو و سترێسن، هەمیشە لە کێشەدان، هەمیشە لە پیلانگێڕاندان و زوڵمی سامناک دەکەن، ئەو زوڵمانە وا دەکات دەروونیان ئارام نەبێت.

من دەتوانم نموونەیەک بێنمەوە: بەڕێز جەلال تاڵەبانی، تێکۆشەرێکی لە پێناوی کوردستان، سەرۆکی حیزبێکی گەورە، سەرۆککۆماری عێراق، بە حەددێک سەرقاڵ و خەریکی ڕاکەڕاک بوو تا نەگلا نەیزانی بحەسێتەوە. ئێمە ڕۆژێک نەمانبینی جەلال تاڵەبانی خەریکی ژیان بووبێت. باشە کەسێک نەزانێت بۆ خۆی ژیانێکی گچکە درووست بکات لە هیی ئینسانی ئاسایی بچێت، چۆن دەتوانێت ژیان بۆ وڵاتێک درووست بکات؟ هەربۆیەش نەبەردەکانی ژیانی جەلال تاڵەبانی هەمووی لە کێشە و بێنەوبەردەی سیاسیدا دەبینین، بەڵام پرۆژەیەکی بنیادنەر نابینی جەلال تاڵەبانی خۆی بۆ تەرخان کردبێت، پڕۆژەی وەک ئەوەی چەند زانکۆی کردۆتەوە، چەند باخ، چەند قوتابخانە، چەند نەخۆشخانەی گەورە، لە چەند سەفەردا مانگێکی بۆ ئیسراحەتی خۆی تەرخان کردووە؟ هیچ یەکێک لەوانە نابینییەوە. ئەمە بۆ کاروباری سیاسی و ئایدیۆلۆژی تەرخان دەکرێت و دەڵێن خۆی لە بیر نەبوو لەپێناوی میللەت. هیچ وا نییە، ئەمە خسووسیەتی فەردییە، زۆر کەس هەیە بەقەد ئەویش نییە، بەڵام وەکو ئەو هەتا نەکەوێ و نەگلێ و نەمرێ، بەهۆش نایەتەوە کە ژیانێک هەیە، ئەو لێی تێنەگەیشتبوو.

هەربۆیەش ئەوەم وەکو نموونە هێنایەوە پێویستە پلە و پایە و پارە و سامان هەدەف نەبن، وەسیلەی ژیان بن، باش مودیرییەت بکرێن بەڵام نەبنە بت کە ئینسان بیانپەرستێت. سەرکەوتن بریتییە لەو خۆشی و هەست بە کامەرانی و ئارامی و لەخۆڕازیبوونەی لە ئەنجامی بەرنامەیەکی دیاریکراو، ئینسانی خوێندەواری بە کاری ئارمانخواز دەیگاتێ. کە گەیشتێ هەست دەکات ئیسراحەتێکی تێدایە، ئارامشێکی تێدایە، سەقامگیریی تێدایە، مێشکی جێگیرترە،

دەروونی ئارامترە، خەوەکانی خۆشترە، سەفەری خۆشترە، باشتر بە دەوروبەری ڕادەگات، ئەندامەکانی خێزانی زیاتر لێی ڕازین. ئەم سەرکەوتنە لەسەر خوێن و تەندرووستی و لەباربردنی هیچ یەک لە منداڵەکانی و کەسوکاری خۆی و خەڵکی دیکە نییە. نەتیجەی هەوڵ و تەقەلای خۆیەتی. هەوڵ و تەقەلای داهێنەرانە خێری بۆ دەوروبەریش دەبێت. ئەمە پێی دەگوترێت سەرکەوتن.

بردنەوە بریتییە: دەکرێت هەدەفێکت هەبێت، ئەو هەدەفە پۆستێکی سیاسییە یان پارە یان هەر ئامانجێکی دیکە، گیانی خۆی بۆ فیدا دەکات، منداڵەکانی بۆ فیدا دەکات، دەوروبەری فیدا دەکات، بەسەر خوێنی خەڵکدا پاز دەدات تا دەیگاتێ. لەوێ لەوپەڕی ماندووبوون، دەروونێکی نائارام و مێشکێکی تێکەڵوپێکەڵی نامونەزەم، خەوێکی خراپ، بێ ئارامش، نە هاوسەری لەبیرە، نە منداڵەکانی لەبیرە، نە خۆشەویستەکانی لەبیرە، ماندووتر لە جاران، لەسەر چوارگۆشەی بردنەوە ڕادەوەستێت، بەڵام بە دەموچاوییەوە دیارە کە زۆر نائارامە، ئەم نائارامییە تەمەنی ئینسان کەم دەکاتەوە.

بۆیە بردنەوە تەنیا بۆ کاتی یاری پێویستە. بردنەوە تەنیا لە بەرنامەیەکی کۆمەڵایەتیی ئەوتۆدا پێویستە ئەگەر بردتەوە سەرکەوتنیش لەگەڵ خۆی بێنێت. هەر بردنەوەیەک سەرکەوتنی لەگەڵدا نەبێت، پێویستە ئینسانی ساغ لێی دوور کەوێتەوە. بۆیە خۆشبەخشی دروست دەکرێت، هەر لەخۆوە نایە، خۆشبەختی بە هەموو بردنەوەیەک دروست نابێت، خۆشبەختی بە بردنەوەیەکی بەرهەمهێنی کە سەقامگیریی دەروونی و مێشکی بەو کەسە دەدات دروست دەبێت. ئینسان بەهێزتر دەکات، مێشک کراوەتر دەکات، بەرهەمی زیاتر دەکات، لە هەمان کاتدا کە پاڵ دەداتەوە، پاڵدانەوەیەکی ئارامی دەبێت. ژیان بریتییە لەو قۆناغانەی کە بۆ خۆیان ئامانجن، بۆ ئەو ئامانجانە ئارمان و ئامانج هەبوون واتا بەرنامە، کە پێی دەگات دەزانێ هێنایە دی، ئارامی و ساغییەک و

بەردەوامییەکـی دیکـەی پـێ دەدات تـا بەرنامەیەکـی دی دابنێـت بۆ ژیانـی. هــەروا بــە بەرنامــە دەڕوات تا ئەوکاتــەی ژیانــی بەردەوامە.

بۆیە ئینســانی بەرنامەداری ئاڕمانخواز، سەرکەوتن بەدەست دێنێت، ســەرکەوتنەکان خۆشــبەختی و کامەرانــی بــۆ خــۆی و دەوروبەری دێنن. لە خۆشــبەختی و کامەرانیدا قادرمەیەکی دیکە ســەر دەکەوێت، دەبێتــە ئینســانێکی بنیاتنــەر. بنیاتنەر بــەو مانایە لــە ڕووی فکرییەوە پێش دەکەوێت و کەشــفێکی نوێ دەکات یــان خزمەتێکی نوێ دەکات، یان بینای شــتێک دەکات کە خۆی و کۆمەڵگاکە ئیستفادەی لێ دەکەن، یــان ڕێوشــوێنێک پێشــنیاز دەکات کــە خەڵک پێی بە خۆشــی دەژین. بەوە دەگوترێت ئینســانی بنیاتنەر. ئینســانی بنیاتنەر هەر قۆناغێک کە بەجێ بێڵێت یادگارییەک بۆ خێروخۆشــیی خەڵکی دیکە دەکاتە یادگار، ئــەم یادگارییــە لــە بینایەتی گــەورەوە بگــرە، لە ســەرمایەی زۆر کە بــۆ بــواری کۆمەڵایەتی تەرخانــی دەکات، تا دەگاتــە بیروباوەڕی جیا کــە کۆمەڵگای پێ تەنزیــم دەکرێت یان دەگاتە دابونەریتی شەخســیی خــۆی و ڕەفتارەکانــی کــە خەڵــک لێــی فێــر دەبێــت و بە شــیرین و ئیجابــی دەزانن. بــەوە دەگوترێت ئینســانی بنیاتنەری ژیان.

ئینســانی بنیاتنــەر، ئــەو ســەرکەوتنانە بــە تەنبەڵــی و فرتوفێــڵ و تەڵەکەبازی و دزی و گەندەڵی و بەدەستهێنانی پارەی بەلاش بەدەست ناهێنێــت. ئینســانی زانای باوەڕبەخۆی ســاغ، ئینســانێکی دەســتپاکی ئەمینــە، چونکــە بــاوەڕی بە خۆیەتــی. دەتوانێت ســامان درووســت بکات، پێویســتی بە دزینی ســامانی وڵاتەکەی یان دەســتگایەکەی یان کەسـێک نییە. بەرتیل وەرناگرێت، بەرتیل نادات، ســواڵکەر درووســت نــاکات، پــارە نادات بە ســواڵکەر، ســواڵکەر لــە دەســتگاکانیدا بەخێو دەکات تــا فێــری کار ببــێ و بــاش بژێێــت، یارمەتیــی پــەروەردەی وڵات دەدات، یارمەتیــی ئابووریــی وڵات دەدات، یارمەتیی سیســتەمی زانســتیی وڵات دەدات، بەپێــی توانای خۆی یارمەتیی بەها باشــەکانی وڵاتــی خــۆی دەدات، یارمەتییــەک دەدات کە لە سیســتەمی کۆمەڵگادا

بە باشی جێگای ببێتەوە و خەڵک هەست بکەن ئەوە ئینسانێکی ئیجابی و باش بووە.

ئینسانی لەم بابەتە جیاوازیی نێوان ژن و پیاو ناکات بە هیچ شێوەیەک، لە مافەکانیاندا لە ژیانی موستەقلدا، لە تەجربەکانیاندا، بەرابەریی ژن و پیاوی قەبووڵە. لەوانەیە ئەو کەسەی کە باوەڕی بە بەرابەریی ژن و پیاوە، لە ژیانی خۆیدا هەڵەی زۆر بکات، زۆر باش سەرکەوتوو نەبێت، یان چانس یاوەری نەبووبێت و بارودۆخ یاریدەدەری نەبووبێت، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە باوەڕەکانی باش نەبووبن. دەبێ باوەڕەکانی بەرابەری بێت لە نێوان ژن و پیاودا. دەبێ ژنی وەک ژن قەبووڵ بێت و پیاوی وەکو پیاو قەبووڵ بێت و لە بەرامبەر یاسا و تەجرەبەی ژیان وەکو یەک بن. دوایی دەبێ ئینسانێکی توونڕۆ نەبێت وەکو ئەمانەی دەمارگیرن لە دژی ژنان، ئازاردەری مرۆڤ و جنسی دیکەن، یان ئەوانەی کە دژی پیاون لە بزووتنەوەکانی فیمینێستدا، ئەمە توونڕۆیی لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆژیا و پەروەردەی خراپە. ژن نیوەی ئینسانییەتە، پیاو نیوەکەی دیکەیەتی. لە ڕووی جەستەوە جیاوازییان هەیە، لە ڕووی تواناوە، لە زۆر شت وەکو یەکن، لە زۆر شتیش هەر یەکە لە بوارێک تواناییان هەیە کە ئەویان تواناییی ئەمیانی نییە، هەردووکیان ژیان تەواو دەکەن، نەسلی مرۆڤ بەردەوام نابێت بەبێ ئازادی و بەردەوامیی ئەم دوو جنسە. بەوپێیە ئینسانی ئارمانخوازی ئیشکەری زانای ئینساندۆست، ئینسانێکە زۆر بە ئاسانی لە نیازەکانی خۆی، لە تایبەتمەندییەکانی نەفسیی خۆی تێدەگات، بۆیە لە ژیانیدا تواناییی عاشقبوونی هەیە. کەسێک هەڵدەبژێرێت ژن بێت یان پیاو، بە هەموو ئەو باسەی بۆ عەشق کردم، بە هەموو تەجرەبەی خۆی، بە هەموو نیازەکانی مێشکی و دەروونیی خۆی، بە هەموو ئەو ژینگە بچووکەی ئەو لە ژیانی پێویستیەتی دەگەڕێت، لە ئەنجامی تەجرەبە و هۆگربوون کە قەت نابێ لە ساڵێک کەمتر بێت، کەمتر بێت پێی ناگوترێت عەشق،

پێیدەگوتـرێ فرتوفێڵ و خۆتەسـلیمکردن بە هەندێک نیازی جنسـی و دەروونـی کـە دوایی شکسـتی بـەدوادا دێت.

عاشـقبوون و بەردەوامی لەسـەری ئەوە لە ئەنجامـی کاری عەقڵە، دەگاتە درووسـتکردنی خێـزان، بۆیە پرۆسـەیەکی واقیعیانەیە وعەقڵ پشـتیوانیەتی، تەجرەبەیەکی شەخسـییە و تەعەریف دەکرێت، دەکرێ نەقـڵ دەکرێـت. هەربۆیـە ڕاوێژکارانی دەروونـی، کاتێـک ئەوانی لە دۆخـی خۆشەویسـتیدان سـەردانیان دەکـەن زۆر بـە ئاسـانی لێیان تێدەگەن. بۆیە پێویسـتە ئینسـانی گەنجی سـەرکەوتوو کاتێک عاشق دەبێـت بـاوەڕی بـە خۆی بێـت. کاتێکیـش کـە بڕیـاری هەڵبژاردنی هاوسـەر دەدات سـەردانی ڕاوێژکارێکی دەروونی بکات، کە متمانەی پـێ دەکات. خـۆی و خۆشەویسـتەکەی ئەگـەر کەموکـوڕی هەبـوو لـە پێوەندییانـدا، ڕاوێـژکار هاوکارییـان دەکات. هەندێـک کەس زۆر یەکتریان خۆش دەوێت، ئێسـتا ئارام و سـەقامگیری بە یەکتر دەدەن، بـەڵام تیپـی کەسـایەتییان هەند لێکدی جیـاوازە، پـاش ماوەیەک ئەو حەزانـە و ئارامییـە دەبێتـە پێوەندییەکـی لێـڵ و ئاڵـۆز و دەگۆڕێـن بـۆ ناخۆشـی. ئەگـەر منداڵیان هەبێت کارەسـاتی لـێ دەکەوێتەوە. تا لـە ژیان مـاون، ئەسـیری هەندێک لەو هەڵوێسـتانەی خۆیـان دەبن. بـۆ ئـەوەی ئەم چارەنووسـە ناخۆشـە ڕوو نـەدات ئینسـانی عاقڵی عاشـق سـەردانی ڕاوێژکاریی پزیشـکی دەروونـی دەکات، زۆر جار ڕاوێـژکاری دەروونـی بـە دوو کـەس دەڵێـت ئێـوە بۆ یەکتـر نابن. بەیەکـەوە بمێننـەوە تـا دەتوانـن بـەڵام زەواج مەکـەن. ڕێنوێنیـی پێویسـتیان دەداتـێ تـا لەسـەر ئـەو بوارانـەی تایبەتـی دەروونی و ڕەفتاریـی خۆیـان ئیـش بکـەن، تا ناحـەز و تێکـدەری یەکتـر نەبن و، شەخسـیەتی یەکتریـش نەسـڕنەوە. سـەرەنجام دوو ئینسـانی موسـتەقلی عاشـق بتوانـن بەیەکـەوە ژیانێکی بەختـەوەر و کامەران پێکەوە ببەنە سـەر.

لـەم حاڵەتەدایـە کـەوا ئینسـانی پێگەیشـتووی ئەم زەمانـە دەڵێت

ئارمانــی من ئامانجی منــە. ئامانجی من، ڕابەری منە بــۆ بەختەوەری، بــۆ پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیــی باش و بە بەرهــەم. پێوەندییەک کە من تێیــدا بەختــەوەر بم تــا بتوانــم یارمەتیــی بەختەوەریــی خەڵکی دیکە بدەم. ئینســانی ســاغ بە ســەرکەوتنێکی بچووک ناڵێت من ســەرۆکم، مــن پەیامبەرم، من بۆیە لەدایکبووم تا بەشــەریەت بــەرەو ئامانجێکی دیاریکراو بەرم. ئەو جۆرە کەســانە کەســانی ئــازاردەرن، هەرچەند لە بزووتنەوەی سیاســیی ســەقەتی کوردســتاندا ڕێگایان بــۆ کراوەتەوە، ئــەو کەســانەن کــە دەگەنــە پۆســتەکانی بــاڵا. هەربۆیــەش حاڵــی بزووتنەوەی سیاســی و بەڕێوەبردنی کوردســتان لــە خراپەوە بەرەو خراپتــر دەچێــت، چونکە نوخبە یــان ئیلیتێکی کامڵ یــاری لە قاعیدە و بنەماکانــدا ناکات. هەر کەســێک گوتی من بۆ ســەرۆکایەتی نەهاتوومە ژیــان، مــن پەیامبەریش نیــم، من ئینســانێکی موتەوازیعی بــە توانایی خۆمــم، دەکــرێ تواناکانی خۆی زیاتر بــکات و توانایی ڕابەرایەتی تێدا بێــت، بــەڵام کــە ڕابەرایەتی کرد خەڵک ئــازار نادات. ڕابــەری بۆ ئەوە نــاکات ســەرکردایەتی لە ژیانــی خۆیدا خولاســە بکات و تــا دەمرێت هەر ڕابــەر بێت. ڕابــەری دەکات بۆ ئامانجێکی دیاریکراو، بەشــداریی خەڵک ڕادەکێشــێت و ڕابەری دیکە دێنێتە ناو پرۆســەکە. سیســتەمێک دادەنێت کە هەموو تێیدا بەشــدار بن و ســەرکەوتنەکە ســەرکەوتنێکی جەماعــی بێــت. لە کاتی پێویســتدا بەشــی خــۆی کار دەکات، لە کاتی پێویســتدا پاشەکشــە دەکات، هەربۆیــەش ئینســانە ڕابــەرە بــاش و بەکەڵکەکانــی دنیا لــە قۆناغێکی دیاریکراودا پاشەکشــەیان کردووە و وەکو ئینســانی ئاســایی ژیاون. بەڵام ژمارەیەک کە لە گەنجیدا خۆیان بــە ســەرۆک و ڕابــەر زانیــوە، لە پێنــاوی مانــەوەی خۆیانــدا خەڵکی خۆیان کوشــتار کردووە، یان بە حەددێک دۆخەکەیان بەرەو پشــێوی بردووە، کە خۆیان لەژێر دەســت و پێی میللەتی خۆیاندا پلیشــاونەتەوە و بە شــێوەیەکی شــەرمەزارانە مردوون. حەبیــب بورقەیبە(توونس) و ڕۆبێرت موگابێ(ئەفریقای ناوەڕاســت) و ئەردۆگان(تورکیا) و (نیکۆلای چاوشســکۆ) لــە ڕۆمانیا نموونــەی لەباری ئەم باســەی منن.

ئەمــە بــەو مانایــە نییــە کە ئینســانی گەنجی ئــەم زەمانــە بڵێت من لــە ڕۆڵی خۆم نازانم. ئینســانی عاقڵی شــارەزا دەزانێــت تواناییەکانی چــن، لــە کام بــواردا شــارەزایە، چ ئەرکێکی بۆ دیاریکراوە شــانە لەو ئەرکانــە خاڵــی ناکات، بــە زانایانە شــان دەداتە بەر بەرپرســیارەتیی کۆمەڵایەتیــی خــۆی. بــەڵام بــەردەوام دەڵــێ مــن پێغەمبــەر نیم، من ســەرۆک نیم، بــەو مانایەی کە هەمیشــە خەڵک دەبــێ لەژێر ڕابەریی مندا وەک من دەڵێم بجووڵێنەوە. باوەڕی بەوەیە کە ئینســانێکی ســادە و خاکەڕایــە، ژیانــی شەخســیی خۆی بــە لاوە گرینگە، پێی خۆشــە و کاتــی بۆ تەرخــان دەکات، تا لە ماڵ و ژینگەیەکی بچووکی ئینســانیی بەختــەوەردا، بە مێشــکێکی حەســاوە بێتــە دەرەوە، زانایــی خۆی بە کار بێنێــت بــۆ بەختەوەریــی خەڵکی وڵاتەکــەی. لــەم حاڵەتەدایە بەم تەکامــول و زانایییــە، دەکرێ گەنجی ســەرەوە لە ٢٢ ســاڵی تا دەگاتە ٣٠ ســاڵ بڵێت من ئامادەم بۆ درووســتکردنی خێزان، عاشــقی یەکێک ببێــت کە لــەو منداڵ درووســت بکات.

ئینســانی ســاغ نابێت لــە منــداڵ بترســێت. بەردەوامیی مــرۆڤ بە هەبوونــی منداڵــەوە بەندە، بــە مەرجێک بــەو چیرۆکەی لــەم کتێبەدا من باســم کرد، تەحەممولی بەرپرســیارەتی بکات بۆ درووستکردنی منــداڵ لەگەڵ لایەنی بەرامبــەر جا ژنە یان پیاو. ئەو پەروەردە باشــە دابیــن بــکات کە ئینســانی باشــی تێدا درووســت دەکرێت و لەســەر بنەمــای خۆشەویســتی منــداڵ گــەورە بکات، تــا کە منداڵەکــەی هاتە شــوێنی ئێســتای خۆی، ئینسانێکی ســەرکەوتووتر و پێشــکەوتووتر پێشکەشــی ژیــان کردبێت کە ئیمتــدادە بۆ ژیانی مەعنەویی خۆیشــی. ئەم کەســە هەقــی هەیە کە هاوســەرگیری بــکات و منداڵیشــی ببێت. ژمــارەی منــداڵ نابێ لە ســێ دانــە زیاتر بــن. ئەگەر بــوون بە چوار دانــە ئەگەری هەیــە یەکێک نەخۆش یان ســەقەت و بە جۆرێک نەنگی پێــوە دیــار بێــت. ئەوانــەی ٥ و ٦و ١٠منداڵیان هەیە، هیچ کەســێک لە مێژوودا، لە ســەرکردەکان و دەوڵەمەندەکانیشــدا، هەمــوو منداڵەکانی خــۆی بــاش پێ پــەروەردە نەکــراوە، هەمــووی بە ســاغی نەهێناون.

بۆیە ســێ منداڵ دەکرێت پێــی ڕابگەیت و بــاش پەروەردەیان بکەیت. هەڵبــەت ژمــارەی منــاڵ لە دوو کەمتــر نەبێت و لە ســێ زیاتر نەبێت تا بتوانــی پەروەردەیان بکەی، وەختیان بۆ تەرخان بکەی، خۆشــییان بدەیتــێ، بــاش بیانهێنییــە ناو ژیــان، ئەرکەکانــی خــۆت بەرامبەریان ئەنجــام بــدەی بە هاوکاریــی لایەنی بەرامبــەر کە باوکە یــان دایکە.

# بەشی چواردەیەم

## ئامانجی ئەم کتێبە

لـەم بەشـەدا باسـی ئامانجەکانـی خـۆم دەکـەم لە نووسـینی ئەم کتێبـە. بـە لامەوە گرینگە ئەگـەر هاووڵاتییەک ئەم کتێبـەی خوێندەوە و گەیشـتە کۆتایـی، حەتمـەن تێدەگا کە من مەبەسـتم لەم نووسـینە سەرنجڕاکێشـانی باوک و دایکانی کوردستان بە هەموو پێکهاتەکانەوە بۆ لای شـێوازی نوێی پەروەردەکـردن و بەخێوکردن و گەورەکردنی نـەوەی داهاتوومـان بووە. کە هەر کەسـە لە منداڵی خۆیەوە دەسـت پـێ دەکات و سـەرەنجام نەوەیەکـی سـاغ، ئامـادە بۆ پێشـکەوتن و زانین دێتـە مەیدان.

پێویسـتە چاوێک بە مێژووی پـەروەردە لە کۆمەڵگای کوردسـتاندا بگێڕینـەوە. بارودۆخـی جیۆگرافـی و کۆمەڵایەتـی و کاریگەریـی سیاسـیی ئیمپراتـۆر و دەوڵەتەکانـی دەوروبـەری کوردسـتان، بـە شـێوەیەکی یەکسـان بەسـەر پێکهاتەکانـی کوردسـتان و زۆرینـەی دانیشتوانەکەشـی کـوردن. هەربۆیـە شـێوازی پـەروەردەی تەقلیدی یـان پـەروەردەی کۆن شـێوازێک بـووە لەلایەن هەموو دانیشـتوانی کوردسـتانەوە پەیـڕەوی لـێ دەکـرا. ئەمـە لەگـەڵ لەبەرچاوگرتنـی تایبەتمەندییێتیـی ئاییـن و نەتـەوە جیاجیـاکان کـە بەپێـی بـاوەڕی کۆمەڵایەتـی و دینیـی خۆیـان، هەندێـک بنەمـا و ڕەگـەزی تایبەتیی

خۆیان دەخستە سەر پەروەردەکە، ئامانج لەوەدا بزرنەکردنی وەچە و پێکهاتەی ئیتنیکەکەی خۆیان بووە. کە دەڵێین پەروەردەی کۆن یان تەقلیدی، کە لە کوردیی ڕۆژهەڵاتدا پێی دەڵێن «پەروەردەی سوننەتی» ئەو پەروەردەیەیە لە پێش ڕۆژگاری نوێ یان ڕۆژگاری مۆدێرندا پەیڕەو دەکرا. ڕۆژگاری مۆدێرن ئەو ڕۆژگارەیە کە ئێمە ئێستا لە قۆناغێکی پێشکەوتوویدا دەژین. ٤٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا بە پێشکەوتنی زانست و تیکنۆلۆژیا و پەیدابوونی کەرەستەی بڵاوبوونەوەی زانیاری و زانست، ئاسانتربوونی هەوڵی ئینسان بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری دەستی پێکرد. پێشی هەندێ کتێب بە مانای ئەم ڕۆژگارە وجوودی نەبوو. دەقی نووسراو دەورێکی بچووکیشی لە پەروەردەکردنی ئینساندا نەبوو، چونکە سەنعەت یان پیشەسازیی بیرکردنەوە لەسەر کاغەز لەدەست مرۆڤدا نەبوو.

لە سێهەزار ساڵ بەر لە ئێستا کە بە شێوەیەکی گشتی ئەلف و بێ یان خەتی نووسین داهاتووە، میزۆپۆتامیا سەرزەمینی داهێنانی خەتە، ئەم خەتە هەنگاوی نوتفە و سەرەتایی بووە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بۆیە لە سەرەتادا وەک لە پاشماوەکانی مێژووییدا هەیە، ئەوەی پێی دەگوترێ ئاسار، لەسەر خشتی قوڕ هەندێک عیبارات دەنووسران، یان لەسەر چەرمی گا، یان لەو ناوچانەی کەوا درەختی گەورە و پەلک پان و بە توێکڵی ئەستوور هەبوویێت، لەسەر توێکڵی درەخت یان گەڵای گەورەی درەختان دەنووسران. بەشێکی زۆر لەوانە بە گۆڕانکاریی ژینگە و ئاو و هەوا لەناو دەچوون. ژمارەیەکی زۆر کەمیش لە مێژوودا ماونەوە. یان لەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و هەندێک لە دیوارەکانی ئەو باڵاخانە و خانووانەی بە شێوەیەکی سەرەتایی لە بەرد و مەوادی ئەوتۆ دروست دەکران کە بە ئاسانی دانەشۆرێن و هەڵنەوەرێن. ئەمە وایکردووە نووسین دەورێکی زۆری نەبێت، هەربۆیەش هەموو پێغەمبەرەکان تەقریبەن گوتوویانە ئێمە نەخوێندەوارین، چونکە

پشـــتیان بــە بیرکردنــەوەی ســەردەمی جاهیلیــی خۆیــان بەســتووە، جاهیلــی بــە مانای ئــەوەی خەت و خوێندنــەوەی تێدا نەبــووە، بەڵکو نەقــڵ و گێڕانەوەی تێــدا بووە.

لە یۆنانی کۆنەوە تا دەگاتە ســەردەمی نوێ یان سەردەمی مۆدێرن، فەیلەســووفەکانی یۆنــان و ڕۆمــا و دوایــی بیرمەنــد و ئەدیبەکانــی ڕۆژهەڵاتی مســوڵمانیش، هەوڵیانداوە بیروڕاکانی خۆیان بنووســنەوە، هەڵبــەت ئێســتا ئــەو بەرهەمانــە بەشــێکی زۆریــان لەبەردەســتدان. بــەڵام بــە درێژاییی مێــژووی ئەوکات، ئــەو بەرهەمانە کــە دەبوو بە دەســت بنووســرێنەوە (هەڵبــەت دوایی وردە وردە کاغــەز لە چینەوە دەگەیشــتە ڕۆژهــەڵات)، پەیداکردنــی کاغــەز و قەڵەمــی پەڕەمــووچ کارێکــی ئاســان نەبوو. لێــرەوە دەوەســتم بۆیە بەو شــێوەیە کاغەز و نووســین دەوریــان لــە گەیاندنی زانیاری و تێگەیشــتن لــە زانیاری کــە پێــی دەگوترێــت مەعریفە یان نۆڵــج نەبوو. هەربۆیــەش دەڵێن لە ڕۆژگاری کۆندا کەســانی زانا و عاقڵ زۆر کەم بوونە. بە شــێوەیەکی گشــتی گەر تەماشــای مێژوو بکەین، ئەو چەند کەســەی لــە مێژوودا لــێ دەربێنیــن، ئــەوەی تــر هەمــوو خەڵکانــی نەخوێنــدەوار و نەزان بوونــە، بــە مانــای ئــەم ڕۆژگارەش عاقــڵ نەبوونە. کەواتە ســەردەم ســەردەمی عەقڵ نەبووە. ســەردەمی عەقڵ ئەوکاتە دەســتی پێکرد کە مــرۆڤ دەیتوانــی بخوێنێتەوە، کتێبی لە دەســت دابێــت، بتوانێت بگاتە ســەرچاوەکان، ڕای خۆیشــی بــە گوتــن یان بــە نووســین بگەیەنێتە خەڵکانــی دیکە. ئەو شــێوازە دەبێ بە شــێوەیەکی ئەوەنــدە بەردەوام و زۆر بێــت کــە یارمەتیی گەشەســەندنی عەقڵ بدات. گەشەســەندنی عەقــڵ بە گەشەســەندنی مێشــکەوە دەبێــت، هەربۆیــەش لێکۆڵەرانی بواری زانســتی مرۆڤناســی، ئەمڕۆ لــە زانکۆ پێشــکەوتووەکانی دنیا بــاس لــەوە دەکەن کــە مێشــکی ئینســان لە ٥٠٠ ســاڵی ڕابــردوودا زیاتر گەشــەی ســەندووە و پتر بوژاوەتەوە. ئەمــەش دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغــی نوێ کە ســەرچاوەکانی زانیاری و نووســین و خوێندنەوە لە دەســتی مرۆڤدا بوونــە، بەتایبەتــی دوای پەیدابوونی ســەنعەتی چاپ.

سـەنعەتی چـاپ وایکـرد کتێب چـاپ بکرێـت، بگاتە هەمـوو کەس، ژمـارەی ئـەو کەسـانەی کتێب دەخوێننـەوە زۆر بن، بۆیـە ژمارەی ئەوانـەی ڕا دەدەن زۆر دەبـن. بـەو جیاوازییـەی لەم کتێبەدا باسـم کـردووە، هەرکەسـێک ژمارەیەکـی دیاریکـراو لەسـەر بابەتێک دەخوێنێتەوە، دواتر لە مێشـکی خۆیدا شـەنوکەوی دەکات، پڕۆسێسی دەکات، دواتـر بەپێی ئەو زانیاری و دیتـەی بۆ دنیای واقیعی هەیەتی، هـەوڵ دەدات بەشـدار بێ لـە پەرەپێدانی ئەو مەعریفەیـە. بۆیە چەند کـەس کـە بابەتێکیـان دیراسـە کردبێـت و خوێندبێتیانـەوە، کاتێک قسـەی لـێ دەکـەن، بـە وشـەگەل و زاویەی دیـت و دەقـی جیاجیا بابەتەکـە بـاس دەکەن، لـە هەندێک شـوێندا تێک دەکەنـەوە، لە زۆر جێـگای دیکە گفتوگـۆی یەکدی دەکەن. ئەمە سـەرەتای پێشـکەوتنی عەقڵـی مرۆڤـە، چونکـە پێشـکەوتنی عەقـڵ بـە لەبەرچاوگرتنـی جیاوازییـەکان دەبێـت. واتا بـە لەبەرچاوگرتنی مێشـکە جیاوازەکانی مـرۆڤ لـە سەرانسـەری دنیـادا. بە هیـچ شـێوەیەک زانسـت ئینجا دواتـر تێکنۆلۆژیـا و بوارەکانی دیکەی پێشـکەوتنی مرۆڤ بە تەنیا لە مێشـکی یەک کەس داناچۆڕێت، بە ژمارەیەکـی کەمی خەڵک جێبەجێ ناکرێـت، بەڵکـو ئەوە پڕۆسـەیەکە خەڵکانی زۆری خوێنـدەوار و زانا دێنـە مەیدان، بە مێشـکێکی زۆر و عەقڵێکی فراوانەوە دەسـت دەکەن بـە لێکۆڵینـەوە لـەو دنیایەی کە واقیعـە و لـە دەرەوەی ئێمە هەیە بۆ ئـەوەی تێی بگەن، بۆ ئەوەی بەسـەر سـەختییەکانیدا زاڵ ببن، ڕێگای ژیـان لەبەردەمی ئینسـاندا خۆشـتر بکەن.

پـەروەردە تـا ئـەوکات یانـی تـا داهاتنـی سـەردەمی مۆدێـرن، پەروەردەیەکـی تەقلیدی، یان پەروەردەیەکی سـوننەتی یان کۆن بوو. پـەروەردەی کـۆن ئەوەیـە کە هیچ کەسـێک بـۆ ڕۆژێکیـش زانیاری و زانسـتێکی تایبەتـی لەسـەر پـەروەردە وەرنەدەگرت. نـە جێگایەک هەبـوو لەسـەر پـەروەردە دایک و بـاوکان پێبگەیەنێت. نـە جێگایەک هەبـوو گرینگـی بـە پـەروەردە بـدات، هەربۆیـەش نـەوەکان وەکو نـەوەی پێشـوویان دووبـارە دەبوونـەوە هەڵبەت بـە گۆڕانکارییەکی

بچــووک. چــۆن دووبــارە دەبوونــەوە؟ هــەر باوکێــک و دایکێــک کە لــە نێو خێزانێکی گــەورەی بەیەکەوە بەســتراوی بەرەبابیــدا دەژیان، پشــتیان بــەو زانیــاری و ئــەو تەجرەبەیــە دەبەســت کــە لــە ژیانی خۆیانــدا لە نەســلی پێشــوو دیتبوویان، هەســتیان پێی کردبــوو، یان جــار جــار نەســیحەتێکیان گوێ لێ بــووە. هەموو ئەوانــە هەوڵی ئەو خێزانانە بووە بۆ ژیان و ســەرکەوتن بەســەر ســەختییەکانیاندا، بەبێ ئــەوەی هیــچ دەقێکی نووســراوەی تێدا هەبێت یــان دیققەتێکی زۆری تێــدا کرابێــت. هەربۆیــە پەرســتنی بــاو و باپیــر و ڕەفتــار و ئاکار و باوەڕەکانیــان زاڵ بــووە، باو بــووە لە نێو خێزانەکانــدا. ئەوەی ئەوان گوتبایــان بــۆ چەندین نەســل دووبارە دەبۆوە و کەس لێــی لا نەدەدا. ئەگــەر شــتێکی نــوێ هەبوایــە زۆر کەم بوو کــە لە پڕۆســەی ژیاندا بــە کاری پەروەردەکردنــی منداڵەوە ئیزافە دەکــرا. هەربۆیەش جۆری پەروەردەکە زیاتــر پەروەردەیەکی بایۆلۆژی یــان زیندەوەرزانی بوو واتــا نەوعێــک لە پەروەردەی بە مانای بەخێوکردن و مان، بەو شــێوە حەیوانییەی نەک هەر ئینســان بەڵکــو ئاژەڵەکانی تریش بۆ دابینکردنی خــواردن و ســەلامەتی دەیکەن. دوایی فێرکردنــی دابونەریتی باو یان بیروبــاوەڕ کە هەیانبووە بــە بیروباوەری دینی و کۆمەڵایەتییشــەوە. ئــەوەش لــە کۆمەڵگایەکــی نەخوێنــدەوارەوە کــراوە، بۆیــە زۆرجار ئــەم باوەڕانە بــە دیققەتەوە نەقــڵ نەدەکران. هەربۆیــەش گێڕانەوەی ئەفســانە و خورافــات و دابونەریت و شــێوەکانی دیکــەی فۆلکلۆریک لــە ژیانــی میللەتانــدا زاڵ بووە، کە ســنگ بە ســنگ و زار بــە زار بۆ یەکتــر دەگێڕدرێتەوە.

لــە قۆناغــی مۆدێرنــدا هەمــوو بوارەکانــی ژیــان کەوتنــە تاقیگای لێکۆڵینــەوە و زانیاریــی زیاتــر و پەیدابوونی تێکنۆلۆژیــا کە یارمەتیی ئینســان دەدات تــا زیاتر تێ بگات و خۆشــتر بژیێت. لــەم ڕۆژگارەی ئەمــڕۆ تێیدا دەژین، پێشــکەوتنی زانســت بە ئەندازەیەک گەیشــتووە کــە بەســەر زۆر تەگــەرەدا زاڵ بــووە. تــا دوو دەیــە لەمەوپێش واتا بیســت ســاڵ پێش ئێســتا، هەمــوو ناوەندەکانــی زانســتی لەبەرامبەر

پڕۆسەی ناوەوەی مێشکی مرۆڤ دادەمان، چونکە دەستپێگەیشتنی زۆر ئاسان نەبوو. بەڵام ئێستا بە فەزڵی تێکنۆلۆیای نوێ، هەموو پڕۆسێسەکانی ناو مێشکی مرۆڤ کەوتووەتە بن دەستی پزیشکان و زانایان، زۆر بە ئاسانی لێی تێدەگەن و باسی دەکەن. لە کاری تەندرووستی و دەروونیدا بەکاری دێنن. ئەم زانیارییە دەدەنە دەرەوەی خۆیان و دەبێتە بەشێک لە زانستی پەروەردەکردن. بۆیە لەم ڕۆژگارەدا دەرکەوتووە منداڵ لە ڕۆژی یەکەمی سکی دایکییەوە کە جەنین و نوتفەیە تا دەگاتە نۆ مانگ و لە دایک دەبێت، لەو کاتیشەوە تا دەگاتە هەشت ساڵ و دەگاتە هەژدە ساڵ، چ گۆڕانکارییەک بەسەر توانستی قسەکردن و بیرکردنەوە و هەستکردن و ئیحساس دەربڕین و عاتیفە و هەڵچوون و هەیەجانەکانیدا دێت و، ڕەفتاری دایک و باوک و ڕووداوەکانی دەوروبەری و ئەو سەختی و خۆشییانەی لە ژیانیاندا هەیە چۆن کەسایەتییان دروست دەکات و، بۆچی ئەو ڕووداو و هەڵوێست و شێوەی بەخێوکردنانە ئینسان دەکاتە ئەو ئینسانەی کە مەتڵوبە و چاوەڕێ دەکرێت. لەم ڕۆژگارەدا زۆر بە یەکلایی پزیشک و زاناکانی ئەم زەمانە پێیانوایە ئینسان دروست دەکرێت، ئینسان وەکو ئینسان لەدایک نابێت. کۆرپەی ئینسان کە لەدایک دەبێت بە هەموو تواناکانی جەستەیی و ئەوەی پێی دەگوترێت «شێوەی غەریزە» لە ئینساندا بە تایبەتی پاش ئەوەی کۆرپە دەگاتە بیرکردنەوەیەکی سنووردار، غەریزە دەبێتە مەیل، دەبێتە درایڤ، بەڵام وەک بەچکەی هەر حەیوانێکی دیکە هەوڵی خواردن و خۆپاراستن دەدات لە باوەش یان لە تەنیشت دایکی. بەشەکەی دیکەی بەچکەی مرۆڤ یان کۆرپەی مرۆڤ وەکو بەچکەی ئاژەڵان بە کاملی لەدایک نابێت، ئەوەش لە کتێبەکەدا باسم کردوە. بۆیە ئەگەر ئاگایان لێی نەبێ دەمرێت و ناتوانێ ببێتە ئینسان. ئەوە پەروەردەکردنی زانستیانەیە کە لەم کۆرپەیە ئینسانێکی عاقڵی بەتوانای بەرهەمهێنی خاوەن پێوەندیی باشی کۆمەڵایەتی و هەوڵدەرێک یان کارکەرێکی بواری ژیان و گەشبین بەرامبەر بە

ژیان درووســـت دەکات. کەواتە مرۆڤ درووســـت دەکرێت. مرۆڤ بە مرۆڤی لەدایــک نابێت.

هەربۆیــە بــە لای منــەوە گرینــگ بــوو کــە هــەوڵ بــدەم لــەم بارودۆخــی کۆمەڵایەتیــی خراپدا، لەو ژێردەســـتەییەی ســێ پارچەی نیشــتمانەکەمان تێیدا بەنــد کراوە و لە هەرێمی کوردستانیشــدا دوای ســی ســاڵ کاری بەخێوکردن و پەروەردەی نەوەی نوێ، ســەرباری ئەوەی پێشــکەوتنێکی شــایانی بــە خۆیەوە بینیوە، بــەڵام بەو ڕاددەیە نییــە دڵخۆشــکەر بێــت و مــرۆڤ لــە نیگەرانــی دەربچێــت. من وەک بەشــێک لە هەوڵی ڕۆشــنبیریی خۆم، دوای چەندین ســاڵ خوێندنەوە و توێژینــەوە لــەو بــوارە و، گوێگرتــن لــە پســپۆڕانی ئەکادیمــی بە ئەنــدازەی دەســت پێگەیشــتنم، هەوڵــم دا ئــەوەی من وەکــو باوکێک تێیگەیشــتووم و تەجرەبــەم لــە بەخێوکردنی ســێ منــداڵ و فێرکردن و پەروەردەکردنیــان هەیــە (ئێســتا بــە شــانازییەوە لێیــان دەڕوانم)، زانیارییەکانــم لــەم کتێبــەدا ڕێــک بخــەم و بیکەمە پێشکێشــی دایکان و بــاوکان. هەســت دەکــەم ســەرباری ئــەوەی بارودۆخی ســەختی کوردســتان هەندێــک شــتی لــە دەســتی مــن بردووەتــە دەرێ، دەنا دەمتوانــی کەســانی ســاغتر و ســەرکەوتووتریان لێ دروســت بکەم، ســەرباری ئــەوەش دەتوانــم بــە خۆشــی و ســەربەرزییەوە بڵێــم نموونەیەکــی ســەرکەوتوون بۆیــە منی هان دا ئــەو هیوایە بۆ هەموو دایــک و باوکێک بخــوازم کە بتوانن منداڵەکانیان باش و ســەردەمیانە بەخێــو بکەن.

ئــەوەی من لــەم کتێبەدا باســی دەکــەم تەجرەبەی شەخســی نییە، بەڵکــو نەقڵکردنی تەجرەبەی عیلمیــی زانکۆ بەناووبانگەکانی دنیایە. کە دەڵێــم زانکــۆ بــە ناووبانگەکانی دنیا، ئەو ســەرچاوانەی من ســوودم لــێ بینیون هەموویان پشــتیان بــە زانکۆی لە بابەتــی هارڤارد و یەیل و کامبریــج و ژمارەیەکــی زۆر لە زانکۆ و ناوەندە زانســتییەکان دیکە بەســتووە کە پســپۆڕی گەورەی تێــدا هەڵکەوتــوون و هەوڵیان داوە

بە نووسـین و موحازەرە، زانسـتی خۆیـان بگەیەننـە عەودالانی ئەو بابەتە.

وەک دیارە بایەخدان بە قۆناغی هەشـت سـاڵی یەکەمی ژیانی منداڵ کـە من بە درێژی لەسـەری وەسـتاوم، گەلێـک گرینگە، کەسـایەتیی هـەر مرۆڤێـک لەو هەشـت سـاڵەدا درووسـت دەبێت. دوایـی لە نێو هەیکەلـی ئـەو کەسـایەتییەدا پەرەسـەندنی زانیـاری و تواناییەکانی دەسـت پێ دەکەن و لە ئایندەدا دەبێتە کەسـێکی سـەرکەوتووی ژیر. مەبەسـت لـە کەسـایەتی بریتییە لە توانایی جەسـتەیی سـاغ و ئەو ڕەگەزە جیاجیایانەی پەروەردە و ڕاهێنان و تەجرەبەی شەخسـی ئەو کەسـە لـە بارودۆخێکی سـالمدا یـان لەوانەیە بارودۆخێکی سـەختدا بووبێـت، ئـەو زانیارییانـەی وەریاندەگرێـت و لای خـۆی دەیانـکات بـە مەعریفـە و لەگەڵـی دەژییـت و پەیڕەویان دەکات و لە پڕۆسـەی کارلێکـی کۆمەڵایەتیـدا دەیداتـەوە. لـە بارودۆخی دەروونیـی خۆیدا کـە هەسـت و ئیحسـاس و عەواتـف و هەڵچـوون و هەیەجانەکانـی خـۆی بـە کار دێنێـت و بـۆ خـۆی دەنوێنێـت، خـۆی دەردەبڕێت و ناسـنامەی ئەو دیاری دەکات. ئەمە سـەرەڕای ئەو بەشـە کاریگەرەی ژێنەتیـک لـە ژیانـی ئەو کەسـەدا هەروەها ئەو بەشـەی بە ویراسـە لـە دایـک و باوکـەوە وەریدەگرێت، مۆرکـی کۆمەڵگاکـەی خۆی واتا فەرهەنگـی وڵاتەکەی و ئەو شـێوازە پەروەردەیەی لـە قوتابخانە پێی دراوە و پێوەندییەکانی کۆمەڵایەتی و ئاسـتی پێشـکەوتن و کرانەوەی کۆمەڵگاکـە، هەمـوو ئەوانە دەبنـە ڕەگـەزی پێکهێنەری کەسـایەتیی دیاریکراوی هەر منداڵێک تا تەمەنی هەشـت سـاڵی و، بەردەوام دەبێ تـا دوایـی بـە شـێوەی دیاریکـراو واتـا تەمەنی هـەژدە سـاڵی و لە قۆناغەکانـی دیکەی تەمەنیشـیدا، بـواری بیرکردنـەوە و خۆگۆڕین و پێشـکەوتن هەر دەمێنێت.

ئـەوەی کە مـن لێرە دەمـەوێ سـەرنج ڕابکێشـم، دەوری دایک لە بەخێوکـردن و پێگەیاندنـی منداڵـدا کە دەوری یەکـەم و بێ بەدیلە. بە

هیــچ شــێوەیەک منــداڵ تەنیا پێویســتی بــە خــواردن و ئاگالێبوون و پاککردنــەوە نییە، بەڵکو پێویســتی بە هەســتکردن بە باوەشــی دایکە، بــە لەمــس و ســنگ و دەســتی دایکــە. بۆیــە ئێمــە دەبێ فێــر بین لە کوردســتاندا دایک دوو ســاڵی تەمەنــی خۆی بۆ دوو ســاڵی یەکەمی کۆرپەکــەی تەرخــان بکات تاکو لــە ڕووی دەروونییــەوە کۆرپەیەکی ســاغ و بەهێز و گەشــبین درووســت بێت. دەوری باوک دەبێ دەوری پیاوێکــی میهرەبانــی یارمەتیدەری دایک بێت لە نــاو ماڵدا. دواتر وردە وردە کــە کۆرپــە گەورەتــر دەبێــت لە نەوزادییــەوە داخیلــی قۆناغی منداڵێتــی دەبــێ، لــە ســێ ســاڵییەوە بــەولاوە دەوری باوکیــش دێتە پێشــەوە، هۆگربوونی باوک بە پلەی دووەم دەســت پێ دەکات. دەبێ فێــری ئــەم شــێوازانە بین کە شــێوازی زانســتین و بەکاریــان بێنین لــە ڕەفتــاری خۆمانــدا. شــێوازی کۆنی کــوردەواری کە پشــتی تەنیا بــە بەردەوامیی نەفەسکێشــانی منــداڵ و خــواردن و پاککردنەوەیەکی بەســیت بەســتوە و پێیانوابووە منداڵ بۆ خۆی پڕۆســەی پێگەیشــتنی خــۆی کامــڵ دەکات. تەنانەت دەکرێــت گەر دایک یان باوک ســەرقاڵ بــن بەســەریدا هاوار کــەن یــان ئیهمالی بکــەن و بە خەڵکــی دیکەی بســپێرن، هــەروەک لــە کوردەواریــدا لــە گوندەکەی ئێمــە دەیانگوت منــداڵ بــە چڵــم و لیکی خۆی گــەورە دەبێــت! ئەمە هیچ ڕاســت نییە، ئــاوا هاتوویــن بۆیە کۆمەڵگای ئێســتای کوردســتان زانــای تێدا زۆر کەمە، بەدەســت تەنگوچەڵەمەی تێنەگەیشــتن لە ژیان لــە ئازاردایــن و دەناڵێنیــن، زۆرجــار دەوری گــەورەی مێژووییمان پێ دەســپێردرێ، بەڵام تێیدا شکســت دێنین. ســەد ســاڵی ڕابردوو شــاهیدێکی بریندارە کــە کۆمەڵگای کوردســتان چونکە خاوەنــی پەروەردەیەکی باش نییە، کەســانی شــارەزا و زانــا و بەتوانــای لــە هیــچ یەکێک لە بــوارەکان نەهێناوەتــە مەیدان.

مــن کاری پــەروەردە لــە کوردســتان بــە کارێکــی ئاســان نازانم، چونکــە ئێمــە وڵاتێکیــن دابــەش کراویــن بەســەر چــوار وڵاتــی داگیرکــەردا، ســتەمێکی مێژووییمان لێ کراوە، ئــەو داگیرکارییە تەنیا

بـۆ ئـەوە نییـە ببینە چـوار بـەش. ئەگەر چوار بـەش بایـن و لەوێدا وەکـو هاووڵاتی مامەڵەمان لەگەڵـدا کرابوایە، پێشـکەوتن هەبوایە، بە بەرابـەری توانیبامـان پێش بکەوین، لەوانەبوو کێشـەکانمان کێشـەی ناسـنامەیی بوایـە، کۆمەڵـگای پێشـکەوتوو دەبوویـن. ئێسـتا وەکـو زۆر لـە کۆمەڵگاکانـی ئەورووپایـی کـە دەیانەوێـت لـە وڵاتەکە جیا ببنـەوە بـە هەڵبـژاردن و کاری مەدەنی دەمانتوانی ئـەو ڕۆڵە ببینین، بـەڵام لـە دەورەکانی دیکـە پێشـکەوتنێکی زۆرمان بەدەسـت دەهێنا. بەداخـەوە ئـەو دەرفەتە بە کورد نـەدراوە و ئەو سـتەمە بەردەوامە، بـە شـێوەیەکی کۆیلانە مامەڵـە لەگەڵ کورد دەکرێـت، بۆیە بەردەوام کـورد لـە تێکۆشـاندایە و بـەردەوام دەوڵەتەکانـی داگیرکـەری لـە شـەڕ و پاشـکەوتندا دەیهێڵنـەوە. پاشـکەوتن و جەنگی بـەردەوام وا دەکات کۆمەڵـگا بشـێوێت و نەخۆشـییەکانی نـاو کۆمەڵـگا لە زیادی بـکات، خوێندن کەم بێتەوە و بواری پێگەیشـتن زۆر بەرتەسـک بێت، بەمشـێوەیە ئەوەی پێی دەگوتـرێ ئامادەکردنی دایـکان و باوکان بۆ ئـەوەی منداڵەکانیـان بـاش پێبگەیەنن یـان هەبوونـی پەروەردەیەکی باش بۆ ئەوەی منداڵەکانیان پێبگەن و بگەنە زانکۆ و کەسـانی زانایان لـێ درووسـت بێـت، لە کوردسـتان کەمـە، زۆر کەمە. جـاری وایش هەیە بە دەسـتی ئەنقەسـت ناهێڵن ئینسـانی کورد و ئـەو پێکهاتانەی دیکەی لە کوردسـتان دەژیێن بۆ پێگەیشـتن ئەو فرسـەت و دەرفەتە مێژووییانەیـان هەبێت. بۆیـە کاری پەروەردە لە کوردسـتان کارێکی ئاسـان نییـە، ئەوە تێدەگـەم. بەڵام لـەم زەمانەدا کە زانیـاری دەگاتە هـەر دایـک و باوکێک، ئێسـتا هیـچ ژنێـک و پیاوێک نییـە مۆبایلێکی نەبێـت، زۆربەیـان کۆمپیوتەریـان هەیـە، شاشـەی تەلەڤزیـۆن یـان مۆنیتـەری تەلەڤزیـۆن بۆ خـۆی گۆڕاوە بـۆ کۆمپیوتەرێکـی گەورە و لـە ڕێـی ئینتەرنێتەوە بە هەموو سـەرچاوەکانی زانیـاری لە دنیادا ڕەبتـە، دایـکان و بـاوکان دەتوانـن لـەو بـوارەدا زانیارییەکـی زۆر بەدەسـت بێنن.

لەلایەکـی دیکـەوە پـەروەردە دەبـێ بـە مانـای بەخێوکـردن و

ئامادەکردنــی منــداڵ، ئامادەکردنی منـداڵ بۆ خوێندن بە شـێوەیەکی ئەوتـۆ بکەین کە هەر لە سـەرەتاوە مرۆڤەکان بە شـێوەی یەکسـانی و بەرابـەری ببینێـت. پێکهاتەکانـی کوردسـتان لـە دیـن و نەتەوەی جیـاوازن، ئـەو جیاوازییـە تەنیـا هەبوونـی جیـاوازی لە ناسـنامەدا دەبێـت، بـەڵام لـە ماف و لـە ئینسـانبووندا منداڵ فێر بکەیـن کە هیچ دژایەتـی و ناکۆکییـەک نییـە، ئینسـان بـە یەک شـێوە ببینێت.

لەلایەکـی دیکـەوە ژن و پیـاو وەکو یـەک ببینێت، ئـەو کولتوورەی ئێمـە ئێسـتا نەقڵـی دەکەیـن، کولتوورێکـی زەمانـی پاشـکەوتووی تەقلیدییەتـە کـە بـە کەڵکی ئەم زەمانـە نایەت. منداڵ فێـر دەکەن کوڕ لـە کچ گرینگتـرە، بە قیمەتترە، پلەی باڵاترە، کچ هەمیشـە بێبەشـترە، چ لـە شـەریعەتی دینیدا، چ لە عورفیدا، چ لـە قانووندا، ئەم جیاوازییانە هەنـە. دەکرێت دایکان و بـاوکان لە پەروەردەکردنـی منداڵی خۆیاندا، لـە ڕەفتارکـردن لەگـەڵ منداڵـی خۆیـان، ئـەم عـورف و عـادەت و شـەریعەتە و قانوونە پاشـکەوتووانە پێشـێل بکەن، منداڵەکانی خۆیان فێـری ئەوانـە نەکـەن. با ئێمـە جیلێـک بێنینە مەیـدان کە جیلـی زانا و باوەڕبەخـۆ بێـت. ئـەم جیلـی زانـا و باوەڕبەخۆیـە ئەگـەر ئێمـە لـە بارودۆخێکـی ژێردەستەییشـدا بمێنینـەوە، دەکـرێ کۆمەڵگایەکی پێشـکەوتوومان هەبێـت. ئەگـەر ئـەو ژێردەسـتەییە گرفتیشـمان بۆ بنێتـەوە، بـەڵام دەرفەتەکانـی ئـەم جیهانـە بـە ئەندازەیـەک فراوانە دەتوانین ژیان زۆر خۆشـتر بکەین، تواناکانی پێشـکەوتنی زانسـتی و ئابووریمـان بەهێزتر بکەین. ئینسـان لە زەمانی خۆیـدا ژیانێک بژیێت کـە تامـی هەبێت و بـە زاناییەوە هەسـت بە بەرپرسـیارێتی بکات و باری بەرپرسـیارێتیی خۆی بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەشـی لەسـەر شـانی خۆی بـار بکات.

مـن تێدەگـەم کە بـاوکان و دایکانـی هاوتەمەنی من یـان کەمێک بە تەمەنتـر یـان بچووکتـرن، لە ئەنجامی شـەڕ و کۆڕەو و جینۆسـایدا کارەسـاتی گەورەیان بەسـەردا هاتووە، کەس نییـە برینی تێدا نەبێت،

ئینسانە بریندارەکان، هەست و بیرکردنەوە و حەزیان بریندار دەبێت، پێویستیان بە بارودۆخی نوێ هەیە لەسەر بنەمای زانستیانە بە تواناییەکی ماددیی زۆرەوە یارمەتیی بدرێن تا هەستنەوە، خۆیان بگرنەوە، دەروونی خۆیان تیمار بکەن. ئەو ئاسانکارییانە لە کوردستان نین، بۆیە هەموومان برینداریین. سەرباری ئەوەش ئینسانی بریندار ئەگەر زانا بێت دەتوانێ یارمەتیی خۆی بدات و تا ڕادەیەکی زۆر باش خۆی تیمار بکات، وەکو دایک و باوکی لێزان منداڵەکانی خۆیان پەروەردە بکەن، چەپەرێکی بەهێز لەگەڵ ئەو ڕابردووەی ئێمە بینیومانە لەگەڵ ئەو نەوەی پەروەردەی دەکەین، دابنێین. دەبێ ئەو نەوە باش پەروەردەکراوەمان تێکەڵ نەکەین لەگەڵ ئەو ئازارانەی بینیومانە، بۆ ئەوەی نەوەیەکی ساغ دەربچێت. بەم شێوەیە ئێمە دەتوانین گۆڕانکارییەکی زۆر لە شێوازی تێکۆشان بۆ دروستکردنی وڵاتەکەمان و دەوڵەتەکەمان بێنینە گۆڕێ. شێوەی سیاسەت لە کوردستاندا بگۆڕین بۆ شێوەیەکی زانستیانە لە خزمەتی وڵاتەکە لە قۆناغی شەپڕێویی ئێستا دەربچین کە سیاسەت و تێکۆشان بووەتە زۆرانبازی و شەڕی بەردەوامی پێکهاتە سیاسییەکان بەرامبەر یەکدی و هۆکاری گەندەڵی و دەستبەسەرداگرتنی سامانی وڵاتەکە و ڕێگرتن لە گەشەکردنی ئابووری و پەروەردەی زانستی لە کوردستاندا.

ئەم بار و پەروەردە نەرێنییە بە داخەوە هاتووەتە ناو بەشێک لە پەروەردەی منداڵەکانیشمان. هەر لە مێرمنداڵییەوە حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان، مێرمنداڵەکانی ئێمە بانگ دەکەن و لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی خۆیان کە هیچ بنەمایەکی زانستی و واقیعی تێدا نییە، بەشی هەرەزۆری بەرژەوەندیی شەخسییە، منداڵەکانی ئێمە وا گۆش دەکەن کە پاش ماوەیەک وەختی منداڵەکان بەفیڕۆ دەدەن. کاریگەرییەکی خراپی لەسەر مێشکیان دەبێت بە مانای مێشک کە توانای بیرکردنەوەی هەبێت. مێژوویێکیان لە عەواتف و ئیحساس بۆ دروست دەکەن کە پاش ماوەیەک تێدەگەن جگە لە

ئیفلیجکردن و شــێواندن و بڵاوکردنەوەی دڕدۆنگی و شــەڕانگێزی لە نێــوان مرۆڤــەکان، هیچی دیکەی تێدا نەبــووە. دەبێت هەوڵ بدەین ئەم بەشــە لــە پــەروەردەی نــاو کۆمەڵگا کە لــە قوتابخانــە و گەڕەکەکان و شــوێنە گشــتییەکان منــداڵان تووشــی منداڵانــی ئێمــە دەکرێت، بە زانیارییەکــی زۆرەوە لــە ماڵــەوە منداڵەکانمــان وا بنێرینــە دەرەوە کــە بــە ئاســانی نەکەونە بــەر پەلامــاری ئــەم بارودۆخــە نابابەی لە کوردســتاندا هەیە.

دەبــێ فێــر بین ئێمــە ژینگەیەکــی ئەوتۆ لــە ماڵــەوە و دەوروبەردا بخوڵقێنیــن کــە منداڵ بتوانێت بە خۆشــی بژیێت، وەکــو خۆی بژیێت، وەک منــداڵ بژیێت، گوشــاری لەســەر نەبێت، برســی نەبێت، نەخۆش نەبێــت. لــەم زەمانەدا دەســتەبەرکردنی کەرەســتەی یــاری و لەگەڵ زۆربوونــی زانیــاری و تێکەڵبــوون لەگــەڵ دنیــای نــوێ بە شــێوەی پەروەردەیــی دەســتبەرە، لەدەســت هەمواندایــە، لێــرە کاتــی ئێوە بە شــەرحکردنی ناگرم. بۆیە ئێســتا ئێمە دایک و باوکانی زۆر بەهێزین، دەتوانیــن منداڵەکانمــان باش پــەروەردە بکەین.

لە قۆناغی مێرمنداڵی منداڵەکانماندا، ببینە دایک و باوکی ئەوتۆ کە ئاگامان لێیان بێت، ڕێگایان پێ نەگرین و پشتیوانیان بین. تاوەکو مێرمنداڵیی خۆیان بژین، ئازاد بن لە ژیانی مێرمنداڵانەی خۆیاندا. بەڵام ئێمە لە دوورونزیکەوە پاسەوانی جەستەیی و دەروونی و جنسییان بین. ئەوەی دیکە بۆ خۆیان بمێنێتەوە. هەروەها یارمەتیی گەنجان بدەین ژیانی گەنجانەی خۆیان بژیێن، باش ڕابێن، باش لە شێوازەکانی ژیانی ئەم زەمانە تێبگەن، هەست بە ئاسایش بکەن، لە دوو پشتیوانی گەورەی ژیانیان تێبگەن کە ئەویش دایک و باوکە. منداڵ بۆ ئەوە لەدایک نابێت ببێتە خزمەتکاری باوک یان دایک. منداڵ کچ یان کوڕ بۆ ئەوە لەدایک نابن ببنە مشوورخۆری داهاتووی دایکان و باوکان. ئەم باوەڕە زۆر هەڵەیە، دایکان و باوکان دەبێ خۆیان مشوورخۆری ژیانی خۆیان بن. کاتێک کە منداڵ لەدایک دەبێت ئەوە بە بڕیاری

دایک و باوکە نەک بە ئیرادەی خۆی. ئەوکات ئەوان وجوودێکیان نییە تا ئیرادەیەکیان هەبێت. بۆیە بەرپرسیارەتیی ئەخلاقی و ئینسانی و قانوونی و کۆمەڵایەتیی دایک و باوکە کە تا منداڵەکانیان دەگەنە گەنجی، بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک بەخێویان بکەن، پشتیوانییان بکەن، پەروەردەیان بکەن، هەمیشە لەگەڵیان بن، تا دەکەونە سەر پێ و داخیلی ژیان دەبن.

پێویستە منداڵەکانمان لە دەمارگیری و تەعەسسوبی سیاسی و نەتەوەیی و دینی دوور بخەینەوە، چونکە ئەم زەمانە زەمانی زانستە. هەموو ئەو بوارانەی ژیان کە پرسیاری لەسەر درووست دەبێ وەڵامی زانستی و واقیعی بۆ هەیە. بۆیە دەبێ منداڵەکانمان سەرقاڵ نەکەین بە بیروباوەڕی سیاسی و نەتەوەییی توندڕۆ و دینیی توندڕۆ، کە کاتێک چوونە دەرەوە ئامادەی شەڕانگێزی و کەڕهاندن و ڕقلێبوونەوە لە خەڵک بن. درووستکردنی نوقتەی بچووکی دژیایەتی و کەڕهاندن و بە بچووکزانینی خەڵکی دیکە، مەسیری مێشکی منداڵەکانمان بەلاڕێدا دەبات، تووشی کێشەی ناوخۆییان دەکات، ئێنێرژی و تواناییان کەم دەکاتەوە، ڕوانگایان بۆ ژیان تووشی شێواندن دەکات، بەشێکی زۆر لە ژیانی خۆیان خەریکی ئەوە دەبن خەڵکانێک کە ئەوان بە کەم و کافر و لاڕێیان دەزانن بۆ نەهێشتن و بەلاوەنانیان ئیش بکەن، ئەو باوەڕانە لەڕاستیدا هیچ حەقیقەتێکی بۆ نییە و نابێ ئینسان ئیشی وا بکات. ئەمە لەم زەمانە بە پێشێلکردن و پێچەوانەی مافەکانی مرۆڤ دادەندرێت. دەبێ یارمەتیی منداڵەکانمان بدەین لە منداڵییەوە وا پەروەردە بن کە لەو میراتە مێژووییە کۆمەڵایەتییەی کە لە ناوچەکەدا باپیرانی ئێمە هێناویانە بۆ ئەوانی نەگوازینەوە و ئەوانیش قەبووڵی نەکەن.

پێویستە منداڵەکانمان فێری ژیان بکەین، کاتێک گەورە دەبن بزانن ژیان بریتییە لە بەردەوامبوون لەم دنیایە. ئەم دنیایە خۆی گەر بە کاڵی جێی بێڵی، هیچ خۆش نییە و ئینسان دەخاتە هەڕەشەوە. وا

پەروەردەیان بکەین ئەم دنیا و ئەم سرووشتە وەکو خۆی ببینن و توانایی ناسینیان هەبێ. ئەویش بە بەخێوکردن و پەروەردەکردن تا دەگەنە قوتابخانە، لە قوتابخانە لەسەر بنەمای زانستی قۆناغی نوێی پەروەردەکردنیان دەست پێ دەکات. ئەوکاتە تێدەگەن کە ئینسان دەتوانێت ئەم دنیایە بگۆڕێت بە شێوەیەکی ئەوتۆ یارمەتیی مانەوەی مرۆڤ بدات، ڕێگا لەبەردەمی ژیان خۆش ببێت، ئینسانەکان بەیەکەوە بتوانن لە ئاسایشدا بژین. ژیان بریتییە لە تێگەیشتن لە یاسا و بنەماکانی ئەم دنیایە و گۆڕانکاری تێداکردنی بۆ بوارێکی نوێ کە خۆش بێت بۆ ژیانی مرۆڤ. ژیان هیچ مانایەکی دیکەی نییە تەنیا بە تێگەیشتنی دنیا و پەروەردەکردن و یارمەتیدانی مێشکی مرۆڤ کە بەو شێوە سرووشتییەی خۆی کار بکات و، پەیڕەوی ئەو نەزم و تەرتیبە بێت کە لە سرووشتدا هەیە. ئاسایش و ئارامی و ڕەزامەندیی ئینسانیش وەکو تاک ئەوکاتەیە کە مێشکی مرۆڤ یارمەتیی دراوە ئەو نەزم و تەرتیبەی دنیا تێ بگات، مێشک خۆی ئەو نەزم و تەرتیبە وەرگرێت و لە ڕەفتاری ئینساندا ڕەنگ بداتەوە. ئەوەیە هاوسەنگی بۆ ئینسان دەگەڕێنێتەوە. بەختەوەری بە شێوەیەکی ڕێژەیی بریتییە لە تەعادول و هاوسەنگی کە مرۆڤ بەردەوام سات بە سات و ڕۆژانە و ساڵانە لە ژیانی خۆیدا درووستی بکات. بەوە دەتوانێ بەردەوام بێت. دەبێ منداڵەکانمان وا ڕابێنین کە توانایی تێگەیشتن و کارکردنیان لەو بوارەدا هەبێت. ئەوەش پێشکەوتن و دابینکردنی مێشکێکی ساغ و عەقڵێکی کاریگەر و پشتبەستوو بە دەلیل و لێکدانەوە و زانستی بۆ درووست دەکات. بۆیە پەروەردەی نوێ پێویستە. پەروەردەی نوێ نەبێت منداڵەکانمان بە بیروباوەڕ و نەخۆشیی کۆنەوە خەریک دەبن و لەوانەیە لەدەستیان بدەین. هەروەک چۆن لە ژیانی خۆمان بینیمان لە ئەنجامی توندڕۆیی نەتەوەیی و ئایینیدا بەشێکی زۆری گەنجانی دەوروبەرمان وەک داعش و ئەنسار و قاعیدە و ئەو ئاراستە سیاسییانەی کە بە پارە و کاریگەریی دەوڵەتانی داگیرکەر لە کوردستان درووست دەبن. گەنجەکان دەبنە قوربانی، دەچن تاوان دەکەن، دەکوژرێن، یان لە تێکۆشان لە بەرامبەر

ئەوانەدا ژیانی خۆیان لەدەست دەدەن. لە هەموو حاڵەتێکدا نەوەی نوێ لەدەست دەدەین. بۆیە پەروەردەی نوێ وا دەکات ئێمە ئەو کێشانەمان زۆر کەم ببنەوە و نەوەکانی خۆمان و منداڵەکانمان بە پەروەردەی نوێ دەپارێزین و دایک و باوکان لە داخداریی لەدەستدانی منداڵەکانیان زیاتر دەپارێزین.

لە کۆتاییدا بە بیر خوێنەر دێنمەوە، دەبێ بەمشێوەیە نەوەیەک دروست بکەین کە بەخۆژیوی زانا و عاقڵ بێت، تا میللەتەکەمان داخیلی قۆناغێک بێت پێی بگوترێت میللەتی بەخۆژیو و زانا کە مشووری خۆی دەخوات، سەرباری ئەوەی بارودۆخەکەی زۆریش سەخت بێت. ئەوەیە دەتوانێ نەوەیەک بێت کۆمەڵگاکە بکاتە کۆمەڵگایەکی زانستی، سەنعەت و تێکنۆلۆژیا پێش بکەوێت، ژیان ئاسان بێت، میللەتێکی ئیشکەر و بەرهەمهێن بێت، میللەتێک بێت ڕەفتاری لەسەر بنەمای بیرکردنەوەی عەقڵی بێت، ڕوانگاکانی لە تێگەیشتنی زانستی بێت. لە ناوخۆماندا کۆمەڵگایەکی کراوە بێت، پەڕ و باڵی هەموو دانیشتووانی وڵاتەکە بکاتەوە لە ژن و پیاو و منداڵ و جیاوازیی دینی و نەتەوەیی نەمێنێت، هەموویان لە یەک ئاستدا بەرابەر بن، هەر کەس بەرپرسیار بێت لە ڕفتار و ژیانی خۆی تاکو پێوەندییەکانی لەسەر بنەمای ئازادی دروست ببن، کۆمەڵگایەکی ئازادی کراوە بێتە گۆڕێ. کۆمەڵگای ئازادی کراوە دەتوانێت زانست وەرگرێت و عەقڵی بە ئیش بخات. کۆمەڵگای عاقڵە دەتوانێ ببێتە کۆمەڵگای ئەوتۆی پێشکەوتوو کە لەم جیهانەدا بیانەوێ یان نەیانەوێ شوێنێک بۆ خۆی دیاری دەکات و دەورێک دەبینێت و خۆشی لە ژیانیش دەبینێت.

من بەو نیازە دوای تەجرەبەیەکی دوورودرێژ لە تەمەنی ٦٠ ساڵیدا ئەو کتێبەم نووسیوە، پێموایە جیا لە هاندانی دایکان و باوکان بۆ ئەوەی نەوەیەکی ساغ و سەلیم و زیرەک و عاقڵ پێشکەش بکەن، لە هەمان کاتدا میللەتێک دروست دەبێت کە توانای خۆبەڕێوەبردن و تێگەیشتن لە ژیانی دەبێت، زانست و تێکنۆلۆژیای خۆی، بە هەوڵ

و تەقەلای گەنجە زاناکانی باشتر لە جاران خۆی دەپارێزێت. بۆیە چاوەڕوانم هەرکەسێک ئەم کتێبەی پێ دەگات وەختێکی بۆ تەرخان بکات و بیخوێنێتەوە.

کۆتایی ٢٠٢٠/٥/٢٠ هەولێر

# نوایە


یادداشتی ١١١, ١٥٤
پشتیوانی ٧, ٤٦, ٥٢, ١١٦, ١٢٦, ١٣٧, ١٤٤, ١٥٢, ١٥٧, ١٧٣, ١٨٧, ١٩٩, ٢٠٨, ٢١١, ٢١٣, ٢٣٠, ٢٣٢, ٢٣٨, ٢٤٠, ٢٤٢, ٢٤٣, ٢٤٦, ٢٤٧, ٢٥٥, ٣٠١
پەروەردە ١, ٧, ١٠, ١٢, ١٨, ٢٣, ٣٨, ٣٩, ٤١, ٤٣, ٤٤, ٤٥, ٤٦, ٤٨, ٥٠, ٥١, ٥٢, ٥٣, ٥٤, ٥٦, ٦٨, ٦٩, ٧٤, ٧٧, ٧٨, ١٠٦, ١١٤, ١٣٧, ١٣٨, ١٥١, ١٥٣, ١٥٩, ١٦٧, ١٧٧, ١٧٩, ١٨١, ١٨٢, ١٨٧, ٢١٢, ٢٢٩, ٢٣٦, ٢٣٧, ٢٤٤, ٢٥٠, ٢٥٢, ٢٥٥, ٢٥٧, ٢٦٣, ٢٧١, ٢٧٣, ٢٧٦, ٢٧٨, ٢٨٧, ٢٨٩, ٢٩٢, ٢٩٦, ٢٩٧, ٢٩٨, ٣٠٠, ٣٠١, ٣٠٢
پەلاماردانی جنسی ١٨٧
پێستی دەروونییان ٧٨
پێکەنین ١٧٣
چاپ ١٧, ١٨, ٢٩١, ٢٩٢
چاولێکەری ١٦٨
چەسپەندەیی ٤١, ٥٧
چەقین ٢٣, ٥٤, ١٦٢, ٢٣٠
چیرۆک ١١٩, ١٢٤
ڕاستگۆیی ٩٢, ٩٥, ١٥٧
ڕوانگایەکی زانستی ٢٧٤
ڕێکوپێکی ٧٩
ڕێوڕەسمی ناوماڵی ٢٠٤
ژمارەی منداڵەکانی ٩٩
ژن و پیاو ٢٠, ٢٣, ٢٤, ٢٥, ٣٢, ٣٣, ٧٢, ١٨١, ٢٧٤, ٢٧٥, ٢٨٤, ٢٩٩, ٣٠٤
ژینگەدۆستی ٢٥٦
ژینەکانی ٢٧
کار ٤٢, ٧٦, ١٢٥, ١٢٩, ١٣٥, ١٥٧, ١٦٣, ١٦٥, ١٦٦, ١٦٧, ١٧٠, ١٧١, ١٧٢, ١٧٦, ١٧٨, ١٧٩, ١٨٤, ١٨٥, ١٨٨, ٢٥٥
کچ ٢٧, ١٥١, ١٥٢, ١٦١, ١٧٣, ١٨٠, ١٨١, ١٨٣
کەسایەتی ١٧٨
کوردەواری ١٣٢
کوڕ ٢٧, ١٣٠, ١٥٢, ١٦١, ١٧٣, ١٨٠, ١٨١, ١٨٣
کۆرپەیی ٧٩, ١١٨
کۆنترۆڵی خۆمەسرەفی ١٨٤
کینە و ڕق ١٣٠

گرفتی تەندرووستیی ١٤٩
گفتوگۆ ١٦٨, ٢١٥, ٢٢٤, ٢٣٠
گەنج ١٠, ٤١, ٢١٣, ٢١٤, ٢١٥, ٢١٦, ٢١٧, ٢١٨, ٢١٩, ٢٢٠, ٢٢١, ٢٢٢, ٢٢٣, ٢٢٤, ٢٢٥, ٢٢٦, ٢٢٧, ٢٢٨, ٢٢٩, ٢٣٠, ٢٣١, ٢٣٢, ٢٣٣, ٢٣٤, ٢٣٥, ٢٣٦, ٢٣٧, ٢٣٨, ٢٣٩, ٢٤٠, ٢٤١, ٢٤٢, ٢٤٣, ٢٤٤, ٢٤٥, ٢٤٦, ٢٤٧, ٢٤٨, ٢٤٩, ٢٥٠, ٢٥١, ٢٥٣, ٢٥٤, ٢٥٥, ٢٥٦, ٢٥٨, ٢٥٩, ٢٦١, ٢٦٥, ٢٧٠, ٢٧١
گەنجێکی ساغ ٢٣٢, ٢٤٩
گوناح ١٦٩
گۆشەگیری ١٠٢, ١٠٥, ١٤٩, ١٩١, ١٩٥, ٢١٥
یاریکردن ٦٢, ٦٥, ٧١, ٨٩, ١٠٦, ١٠٨, ١٠٩, ١١٤, ١٤٠, ١٤٣, ٢٠٢, ٢٠٥, ٢٠٦, ٢٦٤, ٢٧١
یاسامەندیی ٢١٠, ٢٣٠, ٢٣١
یاسامەندیی عادیلانە ٢٣٠, ٢٣١
یەکسانی ٣٨, ٤١

## ب

برادەرەکان ١٩٧
بردنەوە ١١٥, ١٢٨, ١٢٩, ١٧٣, ١٧٥, ١٧٦, ٢١٣, ٢٦٣, ٢٨٠, ٢٨٢
بنەما ئەخلاقییەکان ١٥٩, ٢٥١, ٢٥٣
بنەمای بیرکردنەوە ٥٧
بەختەوەری ١١٥, ١٨١, ١٨٤, ١٨٥, ٢٢١, ٢٧٧, ٢٨٦, ٣٠٣
بەخۆداچوونەوە ١٨٥
بەخێوکردن ١, ١٨, ٧٢
بەرابەریی ژن و پیاو ١٨١
بەرژەوەندی ٢٣
بەرنامەی ٢٩, ١٢٧, ١٣٢, ١٤٢, ١٤٥, ١٦٧, ١٧٠, ٢١٨, ٢٤٠, ٢٧٠, ٢٧٧
بەشداری ١٩١

## ت

تاکگەرایی ٧١
ترس ٤١, ٤٨, ٥٥, ٦١, ٦٢, ٦٤, ٧٩, ٨٤, ٨٥, ٩٧, ١٠٣, ١١٨, ١١٩, ١٤٢, ١٤٥, ١٥٦, ١٧٩
ترساندن ٥٥, ٦٤
تەباییی ناو خێزان ١٨٧
تەپەسەری ٥٢
تەحەمموول ٩٦, ١٠٢, ١١١, ١١٢, ١١٧, ١١٩, ١٥٥, ٢٢٨
تەرتیب ٩٠, ١٠٩, ١١٧, ١٤٠, ١٤٧, ١٧١, ١٨٣, ١٨٧, ١٨٨
تەکنۆلۆژیای گەیاندن ١٨٢
تووندوتیژی ١١٥, ١٢٩, ١٤٤, ٢٠٥, ٢١٥

## ج

جنس ٩٧, ١٧٣, ١٨٧, ٢١٦
جەستەی دەروونی ٧٧
جەنگی ١٣٠, ٢٩٨

جیابوونەوە لە دایک و باوک ١٦٦

## ح

حەزەکانی خۆیان بێننە ٢١٩
حەمامی دەروونی ٢٥٤
حەیا ١٧٨

## خ

خامۆشیی جنسی ١٧٩
خشوونەت ٥٥, ٧٨, ٩٦, ١١٥, ١٣٥, ١٤٤, ١٤٩, ٢١٥
خەیاڵ ٣٣, ٤٢, ٨٣, ٨٤, ٨٧, ٩٤, ٩٥, ١٢٢, ١٢٣, ١٢٤, ١٥٣, ١٦٣, ١٦٨, ١٧٢, ٢٠٣
خود سەنتەری ١٥٦
خوشک و براکانیشی ١٣٠
خوو پێگرتن ٨٠
خۆ بەراوردکردن ١٨٦
خۆپەرستی ٨٧, ١١٦
خۆسازکردن ٢٣
خۆشبەختی ٢٥١, ٢٨٢, ٢٨٣

## د

دادپەروەری ١٣٦, ١٦١, ١٦٢, ١٦٣, ٢٣٠, ٢٣١, ٢٧٤
دادخوازی ٢١٠
دامانی ٤٥
درایڤ ٥٠, ٥١, ٢٩٤
درۆ ٩٣, ١٢٩, ١٧١, ١٧٢, ٢٣١, ٢٣٢
دۆستی گەنجەکانیان ٢٣٩
دیالۆگ ٢١٥

## ز

زمانی ئینگلیزی ١٤٤, ١٤٥, ٢٠٣, ٢٤٤
زمانی کوردی ١٤٥, ٢٤٤
زمانێك فێر دەبێت ٢٠٣
زەبت و رەبت ١٠٩
زیان ٣٢, ٣٦, ٤٥, ٤٧, ٥٦, ٦٥, ٨٨, ١١٤, ١٩٧, ٢٠٢, ٢٢٥
زیهنییەت ١٥٣, ١٥٤

## س

سایقە ٥٠
سرووشت ١٠, ١١, ٤٦, ٨٦, ٩١, ٩٤, ١٠٩, ١١٢, ١٥١, ١٧٤, ١٩٦, ٢٠٥, ٢٥٠, ٢٦٥, ٢٧٢, ٢٧٤
سزاریان ٣٤

سزایەکی ئیجابی  ١٣٢
سەرکەوتن  ١٢٦, ١٢٧, ١٢٩, ١٣٥, ١٣٦, ١٧٣, ١٧٤, ١٧٥, ١٧٨, ١٨٣, ١٨٥
سوپەر ئیگۆ  ٧٤, ٧٥
سیستەمی  ١٥, ٤٥, ٥٥, ٦٩, ٧٥, ٨١, ٨٤, ٨٥, ٨٦, ٩١, ٩٢, ٩٣, ٩٤, ٩٥, ٩٨, ١٠٣, ١٠٦, ١١١, ١١٣, ١١٤, ١٢٨, ١٣٥, ١٤٠, ١٤١, ١٨٣, ١٨٩, ١٩٦, ٢٠٣, ٢٠٤, ٢٠٧, ٢١٣, ٢١٥, ٢١٨, ٢١٩, ٢٢٥, ٢٣١, ٢٣٢, ٢٤٢, ٢٤٦, ٢٥٧, ٢٥٨, ٢٦٢, ٢٧٣, ٢٨٣
سێکس  ٥٠, ٥١, ٧٠, ١٧٣

## ش

شانۆگەری  ١٢٣, ١٢٤, ١٢٦
شکان  ١٧٣
شکاندنەوە  ١٢٢
شکست  ١٢٣, ١٢٥, ١٦٧, ١٧٤, ١٧٧

## ع

عەشق  ٢٠, ٢١, ٢٢, ٢٣, ٥١, ٧٥, ١٠٨, ١٠٩, ٢٣٧, ٢٥٢, ٢٦٨, ٢٦٩, ٢٧٠, ٢٨٤
عەقڵ  ١١, ١٢, ٢٠, ٥٠, ١٢٨, ١٥٣, ١٥٤, ٢٠٦, ٢١٣, ٢٣٦, ٢٥٨, ٢٧٣, ٢٩١, ٢٩٢

## غ

غەریزە  ٤٠, ٥٠, ٢٩٤

## ف

فەردانییەت  ٧١
فەلسەفە  ١٦, ٦٩, ١٥٩
فەلسەفەی بەخێوکردن  ١٦
فیترەت  ٦٨

## ق

قانوونی سرووشت  ١١٢
قسەی خەڵك  ٢٦١, ٢٦٢, ٢٦٣, ٢٦٤
قەڵەوبوون  ٢٦٧
قۆناغی گەنجی  ٢٠٨, ٢٥٠

## ك

کبت  ٥٢
کتێب خوێندنەوە  ١٥٠
کۆنترۆڵی دووربەدوور  ١٩٧

## ل

لاسایی  ٢٤, ١١٥, ١٣٥, ١٧٢

لایەنداری ٢٣٨
لە خوێندن دەوەستن ٢٢٨
لێپێچانەوەی ١٣٥
لێدان ٤٥, ٥٥, ٥٦, ٦٤, ٩٨, ١٠٣, ١١١, ١١٥
لێکدانەوە ١٧٢, ٢٤٢, ٣٠٣

م

ماچکردن ٤٨, ٩٨, ١٠٤, ١٩٤
مامۆستای تایبەتی ١٤٩
متمانە ٤٠, ١٠٣, ١٢٠, ١٧١, ١٩٨, ١٩٩, ٢٠٧, ٢٢٩
مردن ٢٧, ٥٩
ملکەچی ١٠, ١١, ١٢, ٤٥, ١٩٥
مەشق ١٥, ١١٠, ١٤٤, ١٤٧
مەلۆتکە ٣٦
میهرەبانی ٤٩, ٧٥, ٨١, ٩٧, ١٠٤, ١٠٥, ١٣١, ١٣٢, ١٣٦, ٢٠٤, ٢٠٦, ٢٢٤, ٢٧٥, ٢٩٧
مێشکێکی ئارام ١١١, ١١٢
مێشکی ٢٢, ٩٢, ٩٥, ١١٨, ١١٩, ١٢٢, ١٢٣, ١٢٤, ١٢٦, ١٢٧, ١٢٨, ١٣٣, ١٣٥, ١٦٢, ١٦٧, ١٦٨, ١٦٩, ١٧٠, ١٧١, ١٧٢, ١٧٣, ١٧٤, ١٧٦, ١٧٧, ١٧٩, ١٨٣, ١٨٩, ٢٦٩
مێشکی مرۆڤدا ١٢٤

ن

ناخوداگایدا ١٣٥
نازکردن ٩٧
ناسنامەی ئینسانیی ٤٦, ٤٩
نەزم و ڕێکخستن ٨٩, ٩٠, ١٤٠
نەنک ١٢٠
نەوازش ١٥, ١٠٥, ١٠٩
نەوزاد ٢٦, ٢٧, ٣٤, ٣٥, ٣٦, ٤٠
نیازمەندی ١٣٧, ١٤١, ١٥٦, ١٦٤

هـ

هاوار ٤٥, ٧٨, ٨٢, ٨٥, ٨٦, ١٠٣, ١٣٢, ١٩٤, ٢٢٤, ٢٩٧
هاوڕێکانی ١٢٦, ١٨٠
هاوسەر ٢٢٠, ٢٦٨, ٢٨٥
هاوکاری ١٢٣, ١٢٨, ١٣٦, ١٦٣, ١٧١, ١٧٦, ١٨٠, ١٨٣
هاوکاریی کۆمەڵایەتی ٢٧٦
هەست ٣٣, ٣٩, ٤٠, ٤٣, ٥٢, ٥٩, ٦٠, ٦١, ٧٢, ٧٦, ٧٨, ٨٠, ٨١, ٨٤, ٨٦, ٩٤, ١٠١, ١٠٥, ١١٥, ١١٦, ١٢٢, ١٣٥, ١٤٠, ١٤١, ١٤٢, ١٤٣, ١٤٤, ١٤٥, ١٤٨, ١٤٩, ١٥٠, ١٥١, ١٥٣, ١٥٦, ١٦٤, ١٦٩, ١٧٣, ١٧٥, ١٨٠, ١٨٢, ١٩٤, ١٩٨, ٢٠٠, ٢٠١, ٢٠٦, ٢٠٧, ٢١١, ٢٢٢, ٢٢٥, ٢٢٨, ٢٣١, ٢٣٦, ٢٣٨, ٢٤١, ٢٤٨, ٢٤٩, ٢٧٤, ٢٨١, ٢٨٤, ٢٩٥, ٢٩٦, ٢٩٩, ٣٠٠, ٣٠١
هەڵبژاردن ١٦٧, ٢٣٣, ٢٣٧, ٢٣٩, ٢٦٨, ٢٨٥
هەڵبژاردنی ١٦٧, ٢٣٣, ٢٣٧, ٢٣٩, ٢٦٨, ٢٨٥

هەڵبژاردنی دروست ١٦٧
هەڵپەڕاندنەی ٤٨
هەڵچوون ٦٢, ٩٤, ١٩٢, ٢٩٤, ٢٩٦
هەڵە ٣٩, ٤٦, ٤٨, ٥٤, ٦٩, ٨٤, ٨٥, ٩٠, ١٠٧, ١٢٢, ١٢٣, ١٢٩, ١٤٧, ١٦٧, ١٦٩, ١٧٩, ١٨٨, ١٩٢, ١٩٤, ٢٢٣, ٢٤١, ٢٤٧, ٢٧٠, ٢٧٢
هەیەجان ٤٢, ٤٣, ٦٢, ٨٣, ٩٤, ٢٢٢
هۆش ٢٥, ٦١, ٦٢, ٦٧, ٧٢, ٧٧, ١٥٣, ١٩٤, ٢٠٧

## و

واقیعی بوون ١٦٦
و لانك و بلوێر ٣٧
وەرزش ١٥١, ٢١٢, ٢١٣, ٢١٤, ٢١٨, ٢١٩, ٢٢٣, ٢٦٤, ٢٦٥, ٢٦٦
وەک یەکدی ٣٨
ویراسی ٢٧, ٧٠

## ي

ئابڕوو ١٥٦, ١٧٧, ٢٦٠
ئازادییە ئینسانییەکانی گەنجان ٢٣٩
ئارمان ٢٤١, ٢٧١, ٢٧٢, ٢٧٣, ٢٨٢
ئامۆژگاری ١٧٧, ١٩٤, ٢٢٤
ئاید ٧٤, ٧٥
ئایدیۆلۆژیا ١٦٣, ٢٦٠, ٢٧٢, ٢٧٩, ٢٨٤
ئەبستراکت ١٦٢, ١٧٢
ئەخلاق ٧٣
ئەخلاقی مرۆڤ ٢٣٤, ٢٦٤
ئەڤین ٢١, ٥١, ١٠٨, ٢٦٩
ئیحساس ٤٢, ٦٢, ٦٧, ٧٢, ٨٠, ٢٠٨, ٢٩٤, ٢٩٦, ٣٠٠
ئیدمان (ئەدیکشن) ٢٢٥
ئیگۆ ٧٤, ٧٥
ئینتیزاع ١٥٢
ئینسانبوون ١١٣

Kitêbêk Bo DakuBaban

# Mirov Perwerde dekrê

# Le dayk nabê

## Sero Qadir



پەروەردە تا ئەوکات یانی تا داهاتنی سەردەمی مۆدێرن، پەروەردەیەکی تەقلیدی، یان پەروەردەیەکی سوننەتی یان کۆن بوو. پەروەردەی کۆن ئەوەیە کە هیچ کەسێك بۆ ڕۆژێکیش زانیاری و زانستێکی تایبەتی لەسەر پەروەردە وەرنەدەگرت. نە جێگایەك هەبوو لسەر پەروەردە دایك و باوکان پێبگەیەنێت. نە جێگایەك هەبوو گرنگی بە پەروەردە بدات، هەربۆیەش نەوەکان وەکو ئەوەی پێشوویان دووبارە دەبوونەوە هەڵبەت بە گۆڕانکارییەکی بچووك.

MUKIRYANI
MUKIRYANI HOUSE FOR PRINTING AND PUBLISHING
خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە
www.mukriyani.com
info@mukriyani.com
saro.qadir@gmail.com